# دیرۆکەکە ڤەشارتی



عەلی مونەزەمی

دیرۆکەکە ڤەشارتی

عەلی مونەزەمی

# DÎROKEKE VEŞARTÎ

DESIGNED BY: SERBEST URMIYE

ELÎ MUNEZEMÎ

# دیرۆکە ڤەشارتی



عەلی مونزەمی

# دیرۆکەکە ڤەشارتی

ناوو نیشانی کتێب: دیرۆکەکە ڤەشارتی
نووسینی: عەلی مونەزەمی
پێداچوونەوە: شەهاب خالیدی
دیزاین و بەرگ: سەربەست ئۆرمیە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠ی زایینی

# پێشکەشە بە

هەموو تێکۆشەران و وڵاتپارێزانی تینووی ئازادی و سەربەستیی کوردستان بە گشتی و خەڵکی خەباتگێڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

# سپاس و پێزانین

ئەم لێکۆڵینەوەیە نەیدەتوانی بە ئاکام بگات، ئەگەر زۆر هاوڕێ و هاوخەباتی دڵسۆز و خەباتگێڕ هاوکارییان لەگەڵ نەکردبام. لێرەدا وەک پێزانین خۆم بە ئەرکدار دەزانم کە سپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ئامادە بوون یارمەتیدەرم بن، هەڤپەیڤین بکەن و زانیارییەکانیان لەگەڵ من و لەو ڕیگەیەشەوە لەگەڵ ئێوە خوێنەرانی بەڕێز و هێژا بەش بکەن.

زۆر سپاسی هاوڕێیانی خەباتکار ئەنوەر کوهەنساڵ و سلێمان کەلەشی دەکەم کە لە ناساندنم بە ئینفۆرمانتەکانی دیکە و ڕاکێشانی متمانە و ڕازیکردنیان بە ئەنجامدانی هەڤپەیڤین، ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاویان گێڕا و پشتیوان و هاوکارم بوون.

هەروەها زۆر سپاسی هاوڕێیانی تێکۆشەڕ و خاوەن ئەزموون، تەیموور مورادی و ئەرشەد مورادی دەکەم کە زۆر زانیاریی بەکەڵکیان لەسەر ڕۆژنامەی ئارارات و زۆر ڕووداوی مێژوویی دیکە بە نامە و یان بە ئاخافتن لە گەڵم بەشیان کردەوە و بوونە هۆی پاراستنی ئەو مێژوویە پڕبایەخە.

سپاس بۆ بەڕێزان تەیموور موستەفایی، عەلی سمکۆ، هاشم ئیبراهیمزادە، سوڵتان خوسرەوی، حاجی جوندی، مەحموود دەشتی، نایب موشایخی، عسمەت عەبدی، زانیار و کاوە کناربەرۆژی و هاوڕێیانی دیکە کە بە هەر

هۆیەک نەمتوانیوە ڕاستەوخۆ ناویان بێنم، بەڵام لە ئافراندنی ئەم بەرهەمەدا وەک ئینفۆرمانت دەوریان هەبووە[1].

سپاس بۆ بەڕێزان مەجید حەقی و عەبدوڵلا حیجاب کە زەحمەتیان کێشا و ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم بەرهەمەیان خستە سەر شان، بۆ ئەوەی کە لە چوارچێوەی پێوەرە زانستیەکان نەچێتە دەر.

سپاس بۆ کاک شەهاب خالدی کە وەک ئێدیتۆری زمانەوانی پێداچوونەوەی ئەم بەرهەمەی کردووە.

سپاس بۆ بەڕێز مەجید جنیکانلوو کە ئارشیوەکەی لە سەر سەرهەڵدانی ئارارات بۆی بەڕێ کردم و، هەروەها سپاس بۆ هاوڕێی خەباتکار و خاوەن کەد ئاگری ئیسماعیلنژاد کە پەرتووکی "خاطرات نخستین سپهبد ایران احمد امیراحمدی"ی بە من ناساند.

سپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە بە ناردنی وێنە یان هەر بەڵگەیەک یارمەتیدەرم بوون و، سپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە نێوخۆی وڵات دەژین و یارمەتیدەرم بوون، بەڵام بە هۆکاری ئەمنیەتی ناتوانم ناویان ئاشکرا بکەم.

لە دواییدا سپاسێکی تایبەت بۆ هاوڕێی دەسترەنگین و دلۆڤان، سەربەست ئورمیە، کە ئەرکی دیزاینی ئەم بەرهەمەی قبووڵ کرد.

---

١ ئینفۆرمانت بەو کەسانە دەڵێن کە وتووێژیانن لە گەڵ کراوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

# پێڕست

پێشەکی ....................................................................................... ١١

شێوازی لێکۆڵینەوە
پرسیار و دیزاینی لێکۆڵینەوە ........................................................... ١٩
مێتۆد (شێوازی لێکۆڵینەوە) ............................................................. ٢٢
هەڤپەیڤینەکان/سەرچاوە زارەکیەکان ..................................................... ٢٣
شیکردنەوەی تێکست و بەڵگەکان .......................................................... ٢۶
نرخاندنی سەرچاوەکان / ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەکان ............................. ٢٨
بێ لایەنیی لێکۆڵەر ........................................................................ ٣٣
هێندێک کێماسی، کۆسپ و دژواری لە سەر ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوەیە ... ٣۵

تێئۆری
ناکۆکی لە ڕوانگەی تێئۆری و سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەییەوە ...................... ٣٨
قۆناغەکانی پەرەگرتنی ناکۆکیەکان ......................................................... ۴٣
ناکۆکیەکان پلە بە پلە ...................................................................... ۴۵
واتای هێز و دەسەڵات لە ناکۆکیەکانی ڕێکخراوەییدا ............................. ۴٧
بەبێگانەکردن ..... ................................................................... ۵٢
لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانییەکانی ناکۆکیەکان ......................................... ۵٣

شیکردنەوەیەکی کورت لە سەر ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەو چۆنیەتیی پرۆسەی بڕیاردان
لە حیزبی دێموکراتدا
ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە ......................................................................... ۵۵
ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە و فەلسەفەی ئەخلاق ......................................... ۵۶

ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە ڕوانگەی "هۆشی مین" و دوکتور قاسملوویەوە ... ............................................................................................ ٦٠
ڕاستگۆیی و شاردنەوەی نهێنیەکانی حیزبی و سڕی خەڵک وەک ئەرکێکی ئەخلاقی ................................................................................... ٦٨
وێکچوونی بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو و فەلسەفەی ئەخلاقیی "کانت" ..................................................................................... ٦٩
پرۆسەی بڕیاردان لە حیزبی دێموکراتدا ............................................. ٧١

کورتەیەک لە سەر عەردنیگاری و پاشخانی مێژوویی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان
عەردنیگاریی باکووری ڕۆژهەڵات ................................................ ٧٥
هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکیی باکووری ڕۆژهەڵات ..................................... ٧٩
پاشخانی مێژوویی باکووری ڕۆژهەڵات .............................................................. ٨١

باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی
چوونیەتیی پێوەستبوونی پۆلێک لە کەسانی خوێندەوار بە حیزبی دێموکراتەوەو گەشانەوەی تەشکیلاتی ئەو حیزبە لە باکووری ڕۆژهەڵات.......................... ٩٨
هێزی بەرگریی "سمکۆ" .......................................................................... ١٠٣
باسێک لە سەر چەند ڕووداوی گرینگ ............................................ ١٠٦
جیابوونەوە لە کۆمیتەی "ئارارات"دا ............................................................ ١١٤
ئالۆزتربوونی بارودۆخی باکووری ڕۆژهەڵات ........................................ ١١٨
هاتنی بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بۆ باکووری ڕۆژهەڵات و شڵەژاندنی زۆرتری ڕەوشی ئەو ناوچەیە ................................................. ١٢٠
هۆکاری دژایەتیی تاهیرخان لەگەڵ حیزب ........................................... ١٢٥
سەنار مامەدی لە نێو دووڕێیانێکی دژواردا ........................................... ١٢٧
کوژرانی ڕەحمان کەریمی ........................................................................ ١٢٩
گەڕانەوەی دووبارەی ئەو پێشمەرگانەی کە باکووری ڕۆژهەڵاتیان بەجێ هێشتبوو بۆ شوێنی تێکۆشانی خۆیان، دوای تەواوبوونی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب.................................................................................................... ١٣٣
هێرشی ڕێژیم بۆ سەر پێشمەرگەکان لە پاییزی ١٣٦٠دا ................. ١٣٧

چوونی شاندێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ سەردانی دەفتەری سیاسی
دوای گەڕانەوەی سەنار مامەدی و هاتنی هەیئەتێک لە دەفتەری سیاسییەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات ........................................................ ١٣٩
گوڤاری ئارارات .......................................................... ١٤٣
چەند نموونەیەک لە کۆمەڵکوژی و کاوڵکردنی گوندەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ................................ ١٤٥
پیلانی کوشتنی سەنار مامەدی لە لایەن ڕێژیمەوە ............................ ١٤٧
جیابوونەوەی دووبارەی سەنار مامەدی لە حیزبی دێموکرات و داگیرکرانی ناوچەی ئازاد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ........................................................................ ١٤٨

دەستپێبوونی خەباتی پارتیزانی
گیانبەختکردنی سێ پێشمەرگە ........................................................ ١٦٣
شەڕی جەتەر ............................................................................ ١٦٥
ناوەندی ئاگری دوای بەجێهێشتنی لە لایەن ئیسماعیلزادەوە ..... ١٦٨
دواکەوتنی یارمەتیی مانگانەی پێشمەرگەکان و قووڵتربوونی ناکۆکییەکانی نێوخۆیی ........................................................................ ١٧٠
کێشەی نێوان کۆمەلەو حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا .................... ١٧٧
کوژرانی پێشمەرگەیەکی حیزب بە دەستی کۆمەڵە لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا ........................................................................ ١٨٠
ئێعدامکردنی جەبری عەمەرزادە و فەرزندە ................................. ١٨٣
بڕیاری کوشتنی چوار پێشمەرگە ..................................................... ١٨٨
چوونەوە بەرەو دەفتەری سیاسی ...................................................... ٢٠٣
لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی .......................................................... ٢١٠
چوونەوەی ئیبراهیمزادە بۆ نێو کۆمەڵە ........................................... ٢١٧
شەڕی حیزب و کۆمەڵە لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ......... ........................................................................ ٢٢٣
کۆنگرەی حەوتەمی حیزب و سەرلەنوێ دارشتنەوەی قەوارەی هێزەکانی حیزب ........................................................................ ٢٢٨
هەڵەیەکی گەورە و ئاکامێکی خراپ ................................................ ٢٣١
مەڵبەندی شوماڵ دوای کۆنگرەی هەشت ........................................ ٢٣٥

پاسیڤبوون و سەرنەکەوتنی حدکا-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا ........ ٢٣٨

شیکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوخۆیی لە ناوەندی ئاگریدا
ناکۆکی لە شێوازی پێوەندییەکاندا ........ ٢٥٨
ناکۆکیەکان بە هۆی پێکدادانی نرخەکان ........ ٢٦٠
ناکۆکیەکان بە هۆی بەرژەوەندیی جیاواز و یان مەسەلەیەکی تایبەتەوە ........ ٢٦٣
قۆناغەکانی پەرەگرتن و گەشەکردنی ناکۆکی ........ ٢٦٥
ڕۆڵی دەسەڵات و پلەی ڕێکخراوەیی لە ناکۆکیەکەدا ........ ٢٧١
بەبێگانەکردن ........ ٢٧٥

پاشکۆ:
چەند بەڵگەیەکی مێژوویی ........ ٢٧٧
ژیاننامەی چەند کەسایەتیی باکووری ڕۆژهەڵات بە کورتی ........ ٢٨١

وێنەکان

# پێشەکی

کەیفخۆشم کە دوای چەند ساڵێک کار لە سەر بەشێک لە مێژووی هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (شوماڵ)، توانیم ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەکەمان لەو هەرێمە کە تەنیا بە شێوەی مێژووی زارەکی (oral history) هەبوون، بە نووسراوە ئامادە بکەم و بخەمە بەر دەست و دیدی ئۆگرانی مێژووی نەتەوەکەمان. نابێ لە بیرمان بچێ کە مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆی مێژووی هەموو هەرێمەکانی کوردستان پێک دێ. هیچ بوونەوەرێک بێ مێژوو نیە؛ چ مێژووییەکەی بە نووسراو بوونی هەبێ یان نە. بەڵام نووسینی مێژوو، هەم پێش بە چەواشەکاری و گۆڕینی ڕاستیەکان دەگرێ و هەمیش ڕاگواستنی لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی دیکە ئاسانتر دەکا.

هەمووومان بەردەوام گوێمان لێ دەبێ کە دەوترێ "ئێمەی کورد مێژووی خۆمان دووپات دەکەینەوە." ئەمە دەتوانێ زۆر هۆکاری هەبێ بەڵام سەرەکیترینیان ئەوەیە کە فیلسۆفی ئیسپانیایی، جۆرج سانتایانا، (١٨٦٣-١٩٥٢) ئاماژەی پێ داوە. ناوبراو دەڵێ: "ئەوانەی کە ناتوانن مێژوو بە بیر بێنن، مەحکوومن بە دووپاتکردنی[١]." ئەوە بەو مانایە دێت کە ئێمەی کورد شارەزای مێژووی خۆمان نین و یان لە مێژووی خۆمان دەرس وەرناگرین و بۆیە بەردەوام ڕووداوەکان بە هێندێک جیاوازی، بەڵام هەر بەو ئاکامەی پێشتر، دووبارەیان دەکەینەوە. ئەگەر ئۆبالی ئەمە هەمووی لە ئەستۆی ئێمەی کوردیش نەبێ و بە هۆی بندەستبوون و نەبوونی ئازادی، نەمانتوانیبێ بە شێوازێکی سیستماتیک و لە ڕێگای سیستمێکی پەروەردەیی نەتەوەییەوە ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواری فێری مێژووی نەتەوەیی بکەین، دیسانیش وەک ئەرک لە سەر شانمانە و پێویستە کە بە شکلێکی چڕوپڕ و پێداگر لێکۆڵینەوە لە سەر مێژووی خۆمان بکەین و تێبکۆشین لێی فێر بین. بە بێ ناسینی مێژووی خۆمان و بەکارهێنانی وەک ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانی هەڵسووکەوت و ڕەفتاری خۆمان، بۆ ئەوەی کە دەرفەتمان هەبێ کە خاڵە لاواز و بەهێزەکانمان بناسین و لێیان تێبگەین،

---

١ Hohn, Ervin (٢٠١٥)
https://antirasistisk.no/tale-ved-skammens-stein-٧-mai٢٠١٥-/

ناتوانین بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

سەرەڕای ئەوەی کە هێندێک کتێبی مێژوویی لە لایەن نووسەرانی کورد و بیانیەوە لە سەر بزاڤە نەتەوەییەکانی کورد نووسراون و هێندێک لە کەسایەتیەکانی بەشدار لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بیرەوەرییەکانی خۆیان چ وەک پەرتووک، نووسراوە و یان لە ڕێگای دەنگ و ڕەنگ و ...هتدەوە بڵاویان کردووتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر مێژووی هەرێمیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی یان نەکراوە و یان ئەگەریش کرابێ، ولامدەری مژارێکی وەها گرینگ و بەربڵاو نەبووە و لە زۆر بواردا ناتەواوە. خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە زۆر بە کەمی باسی کەموکۆڕییەکان و ناکۆکیە نێوخۆییەکانی خۆمان دەکەین و بە پەردەپۆشکردنیان مەجال بۆ دووبارەکردنەوەیان دەخوڵقێنین.

لە کۆمەڵی کۆردەواریدا لە بەر نەبوونی ئیمکانات، دەرفەت و نەخوێندەواری، زۆر ڕووداوی گرینگی مێژوویی تەنیا و تەنیا لە ڕێگای دەنگبێژەکان و هونەری دەنگبێژییەوە توانراوە لە لەنێوچوون بپارێزرێ و سینگ بە سینگ بهێنرێ تا دەگاتە دەستی نقشی ئەمڕۆ. بۆیە پاراستنی مێژوو و ڕاگواستنی داتا و ئینفۆرماسیۆنی مێژوویی لە سەرچاوەکانی دەستە یەکەوە بۆ نەوەکانی دوارۆژ وەک ئەرکێک لە سەر شانی خۆم هەست پێ دەکەم و ئەو هەست بە بەرپرسایەتیکردنە هاندەر بوو بۆ ئەوەی کە کار لە سەر مێژووی هەرێمی لە بەشێک لە پارێزگای ورمێ بکەم و ئەوەی کە ئێستا لە بەر دەستی ئێوەی خوشەویستدایە، یەکەمین بەرهەمی منە لەم بوارەدا، کە بێ شک بە دوور لە کەموکۆڕی و کێماسی نیە. ئەمە لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر بەشێکی بچووکی مێژووی بەشێک لە خەباتکارانی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەبێ بوترێ کە لەو بەرهەمەدا زۆرتر پرس و کێشە نێوخۆییەکان هێنراونەتەوە بەر باس و بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە چاو لە ڕووداوەکان کراوە و بە دەگمەن سەرنج دراوەتەوە خەبات و بەرخودانی پێشمەرگەکان و قارەمانەتی و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی و ڕۆڵی خەڵکی سڤیل لە خەباتدا. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێم وایە پێویستە ئێمە پێش لە هەموو شتێک خاڵە لاوازەکان و هۆکارەکانی ناکۆکیە نێوخۆییەکانی خۆمان بزانین و بناسین. ئێمە تا بە وردی و بە قووڵی خاڵە لاوازەکانی خۆمان نەناسین و هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدەین، پێشڤەچوون و سەرکەوتن بەزەحمەتتر و ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان پڕ هەورازتر و دوورتر دەبێ.

## چەند وتەیەکی پێویست
## لەگەڵ خوێنەرانی خۆشەویست

لەو پەرتووکەدا لە زۆر جێگا ڕەخنە لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراوە. ناکۆکیەکانی ئەوان مەسەلەیەکی نێوخۆیی-ڕێکخراوەیی بووە و بە هۆی ئەو ناکۆکیانە خەڵکی کورد بە گشتی و شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات زەرەرمەند بوونە. بەڵام ئەگەر لێرەدا وەک نموونە ئاماژە بە جیابوونەکانی سەنار مامەدی لە حیزبی دێموکرات کراوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو سێ جیابوونەوەی دیکە کە لە حیزبدا ڕوویان داوە، جیابوونەوەکانی مامەدی کەمترین زەرەری مادی، گیانی و سیاسیی هەبووە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە ڕوانگەی مەودای نێوان جیابوونەوەو یەکگرتنەوەی دووبارەی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، کورتترینیان بووە. بۆ نموونە، پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم کە بەشێک بوون لە حیزبی توودە، دوای جیابوونەوە، قەت دووبارە نەگەڕانەوە بۆ نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها ئەوانەی کە لە کۆنگرەی هەشتدا لە حیزب جیا بوونەوە، دوای زیاتر لە ٨ ساڵ گەڕانەوە و جارێکی دیکە لە کۆنگرەی ١٣داو ئەم جارە بە ژمارەیەکی زیاترەوە لە حیزب جیا بوونەوە. لە بواری سیاسی و ئابووریشەوە زەرەری ئەوان لە جیابوونەوەی سەنار مامەدی بۆ حیزب نەک زیاتر، بەڵکوو شایانی موقایسەش نین. ئامانج لە نووسینی هەموو کەموکۆڕییەکان و ڕەخنەکان ئەوەیە کە خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات کە لە هەموو کات و ساتێکدا وەک خەباتگێری پاک و سادق ناسراون و بە بێ بچووکترین چاوەڕوانی، هەموو توانای خۆیانیان خستووتەوە/دەخەنە خزمەتی شۆڕش، پێویستە کە نە تەنیا مێژوویەکەیان سادقانە بنووسرێ، بەڵکوو دەکرێ کەموکۆڕییەکانیشیان زۆر زەقتر و بەرچاوتر لە کارە ئەرێنیەکانیان نیشان بدرێن بۆ ئەوەی کە وەک دەرسێک لێیان فێربین و لە دووبارەکردنەوەیان خۆمان بە دوور بگرین.

کەسانی وەک سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە سەروەت و سامانی

ماددی و پێگەی کۆمەڵایەتی و خۆشییەکانی ژیانیان لە ڕێگای کوردایەتیدا فیدایان کردو کەسێکی وەک عەلی کاشفپوور، بێجگە لە هەموو سەرمایەی خۆی، گیانیشی لەو ڕێگایەدا بەخشی. کە واتە، لێرەدا نابێ و ناکرێ کە ڕەخنەکان بکرێنە هۆکار کە بە دیدێکی مەنفییەوە سەیری ئەو کەسانە بکرێ. چوونکە لێرەدا باسێکی ئەوتۆ لە کارە ئەرێنییەکانیان نەکراوە و ئەگەریش کرابێ، بە دەگمەن و تەنیا بە ئاماژەیەکی بچووک بووە.

هەروەها لە هێندێک جێگادا کە باس لە کۆمەڵگەی ٣٠-٤٠ ساڵ پێش ئێستای باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، دوو دیاردەی نەخوێندەواری و جەوی عەشیرەتی زۆر زەق و بەرچاون. هێندێک کەس کە بۆ خۆیان خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نین و شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە سەر ئەو هەرێمە نیە، زۆر جار سەرۆک عەشیرەت بوون و یان سەر بە بنەماڵەی ئاغا و دەرەبەگ بوون وەک خاڵێکی نیگاتیڤ بۆ کەسایەتیی سەنار مامەدی، جەهانگیر ئیسماعیلزادە و یان هەر کەسیکی دیکە بە کار دێنن. ئەوە لە کاتێکدایە کە بۆ خۆیان هەموو تێکۆشانیان لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا ئەوە بووە کە بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ناوچەگەرایی و زاراوە و ...هتد هەوڵ بدەن خەڵک لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و لە پلە و پایەی حیزبی بۆ گێڕانی ڕۆڵی سەرۆک عەشیرەت و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان و دەوروبەریان کەڵک وەربگرن. واتە بۆ ئەوان ئەو کارە نەک قەباحەت، بەڵکوو بە ڕەوا زانراوە. مەبەست ئەوەیە کە ڕووداوە مێژووییەکان، دەبێ بە پێوانەی سەردەمی خۆیان هەڵسەنگاندیان بۆ بکرێ و کاریگەریی کۆمەڵێک ڕووداو لە سەر یەک لێکدانەوەی بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین خوێندنەوەیەکی دروست و بێلایەنانەمان هەبێ لە سەریان.

## ناو و ستروکتووری ئەم پەرتووکە

لە بەر ئەوەی کە نێوەڕۆکی ئەم پەرتووکە باس لە مێژووی بەشێک لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا کە بە زاراوەی کورمانجیی سەروو دەپەیڤن، وا بە باش زانرا کە ئەگەر چی بەرهەمەکە بە زاراوەی کورمانجیی خواروو نووسراوە، بەڵام نێوەکەی هەر بە زاراوەی کورمانجیی سەروو بێ. "دیرۆکەکە ڤەشارتی" کە بە واتای "مێژوویەکی شاراوە"یە باس لە هێندێک ڕووداوی مێژوویی دەکا کە تا ئێستا باس نەکراون، یان زۆر بە کەمی باس کراون و یانیش لەو پێوەندەییەدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بێلایەنانە نەکراوە. "دیرۆکەکە ڤەشارتی" لە هەشت بەشی سەرەکی پێک هاتووە کە بریتین لە: پێشەکی، شێوازەکانی لێکۆڵینەوە، تیئۆری، شیکردنەوەیەکی کورت لە سەر ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە وچۆنیەتیی پرۆسەی بڕیاردان لە حیزبی دێموکراتدا، کۆرتەیەک لە سەر عەردنیگاری و پاشخانی مێژوویی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی، دەستپێبوونی خەباتی پارتیزانی و شرۆڤەی ناکۆکیە نێوخۆییەکان لە ناوەندی ئاگریدا.

هەروەها لە کۆتایی پەرتووکەکەدا پاشکۆیەک هاتووە کە هێندێک بەڵگەی مێژوویی، کورتە ژیاننامەی چەند پێشمەرگەیەک و وێنەی هێندێک لەو کەسانە لە خۆ دەگرێتەوە کە لەو پەرتووکەدا ناویان هاتووە.

بابەتە سەرەکیەکان لە بەشی دووهەمەوە دەست پێ دەکەن. بەشی دووهەم شێوازی لێکۆڵینەوە لە خۆ دەگرێ کە بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پێویست بۆ نووسینی ئەو پەرتووکە، مێتۆدی شیکردنەوەی ڕووداوەکان، باسی کەموکوڕییەکان و کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئەو لێکۆڵینەوەیە. ئەمە تێکەلاوێکە لە ڕێکار و مێتۆدەکانی زانستی و پراکتیزەکردنی ئەو مێتۆدانە لە هێندێک ڕەوتی کاری لێکۆڵینەوەدا. بایەخی وەها بەشێک لەوەدایەکە خوێنەران بزانن بە چ شێوەیەک ئەو زانیارییانە کۆ کراونەتەوە و لە سەر چ بنەمایەک ئاکامەکان وەرگیراون.

لە بەشی سێهەمدا کۆمەڵێک تێئۆری لە پێوەندی لەگەڵ ناکۆکیەکانی ڕێکخراوەیی، دەروونناسیی ڕێکخراوەیی و ئەوەی کە بە چ شێوازێک تاکەکان لەگەڵ بەرهەمەکانیان (کەد و دەسترەنجی خۆیان) بێگانە دەکرێن (کە تێئۆرییەکی مارکسیستیە)، باسیان لێ کراوە کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی ناکۆکیە نێوخۆییەکان کەڵکیان لێ وەرگیراوە.
بەشی چوارەم باسێکی شیکاری-فەلسەفییە لە سەر ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە کە تێیدا بیر و ئەندیشەی دوکتور قاسملوو لە سەر ئەخلاقی شۆڕشگێرانە لەگەڵ بیر و ئەندیشەکانی "هۆ شی مین" و "ئیمانۆئێل کانت" لەگەڵ یەک بەراورد کراون بۆ ئەوەی کە بۆ خوێنەر ڕوون و ئاشکرا بێ کە ئامانجی نووسەر لە پەیڤەکانی "شۆڕشگێڕ" و یان "ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە" چییە. هۆی هێنانەوەی ئەم باسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی ئینفۆرمانتەکان لە ڕەنگدێری (سیفەتی) "شۆڕشگێڕ" بۆ پێناسەکردنی کەسێک یان پێشمەرگەیەک کەڵکیان لێ وەرگرتووە و بۆیە پێویست بوو کە خوێنەران بتوانن لە نێوەڕۆکی ئەم ڕەنگدێرە شارەزا بن و بۆ خۆیان بڕیار بدەن کە گەلۆ ئەو ڕەنگدێرانە لە جێگای خۆیاندا بە کار هاتوون یان نە.
لە بەشی پێنجەمدا کورتەیەک لە سەر عەردنیگاری و مێژووی هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراوە. کاتێک کە باسی هەرێمێکی جۆغرافیایی دەکرێ، گرینگە کە پانتایی ئەو هەرێمە دەستنیشان بکرێ و دێموگرافی و سەرچاوە سروشتییەکانی بناسێندرێن. هەروەها گرینگە کە پاشخانی مێژوویی خەڵکی ئەو هەرێمە و جێگە و پێگەی لە خەریتەی خەباتی نەتەوەییدا دەستنیشان بکرێ. شایانی باسە کە لە بەر سنووداربوونی ئەم نووسینە، باسی مێژووی زۆر کۆن نەکراوە و بەڵکوو تەنیا و تەنیا باس لە هێندێک کەسایەتی و ڕووداوی گرینگی مێژوویی کراوە.
بەشی شەشەم باسێکی پچووکە لە ڕووداوە گرینگەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تا کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دووبارە داگیرکرانی هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە. لەو بەشەدا باسی کۆمەڵگای باکووری ڕۆژهەڵات، ڕۆڵ و دەوری هێندێک کەسایەتی لە خەبات و بەرخودانی نەتەوەییدا، دووجار جیابوونەوەی سەنار مامەدی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کوشتنی ڕەحمان کەریمی، هێزی بەرگریی سمکۆ و دژایەتی و هاوکاریی ناوە بە ناوەی ئەو هێزە لەگەڵ حیزبی دێموکرات و زۆر ڕووداوی مێژوویی دیکە کراوە.

بەشی حەوتەم درێژەی ڕووداوەکانی مێژوویی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٣یەوە تا ساڵی ١٣٦٨ لە خۆی دەگرێتەوە. لەو بەشەدا باسی چوونیەتی دەستپێکردنی خەباتی پارتیزانی، شەڕ و ململانێی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات و هەروەها کێشە نێوخۆییەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ئاگریدا کراوە.

بەشی هەشتەم شیکردنەوەی یەکێک لە ناکۆکیەکانی ڕێکخراوەییە لە سەر بنەمای ئەو تێئۆریانەی کە لە بەشی سێهەمدا هاتوون. باسەکانی ئەم بەشە بە شکلێکی ڕەخنەگرانە نووسراون و سەرنج بە خاڵەکانی نەرێنی و لاواز دراوە. هۆکاری پێشکەشکردنی باسەکان بەو شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەی کورد زۆر بە کەمی باسی خاڵە لاوازەکانی خۆمان دەکەین و ئەمە لەمەڕ خەڵکی باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان و پێشمەرگەکانی ناوەندی ئاگریدا ڕاستە. کەم کەس هەیە کە باسی قارەمانەتی و مێرخاسیی هێزی سەرگورد عەباسی، هێزی حاتەم و هێزی نحۆی گوێ لێ نەبووبێ و داستانەکانی نەبەردی و قارەمانیەتیی هێزی دوژمنبەزێنی ئاگری تا هەتایە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بۆیە لەو پەرتووکەدا تەنیا بۆ نموونە باسی هێندێک لەو شەڕ و بەرخودانانەی ئەوانمان کردووە.

به سپاسەوە،

عەلی مونەزەمی

٣٠ی نوڤەمبری ٢٠١٩، نورویژ

## شێوازی لێکۆڵینەوە

لەو بەشەدا باسێکی کورت لە سەر ئەو شێوازانە دەکرێ کە لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بۆ ئەم پرۆژەیە کەلکیان لێ وەرگیراوە. لە پێشدا باسی پرسیاری سەرەکی و دیزاینی لێکۆڵینەوەکە دەکرێ و پاشان دەچینە سەر ئەوەی کە لە کام یەک لە مێتۆدەکان کەڵک وەرگیراوە.. مێتۆدەکان بە گشتی لە سەر دوو دەستەی سەرەکی چەندایەتی (quantitative) و چوونایەتی (qualitative)دا دابەش دەکرێن. لەو لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا لە مێتۆدەکانی چوونایەتی کەڵک وەرگیراوە کە بریتین لە هەڤپەیڤین، شیکردنەوەی تێکستەکان و بەڵگەکان و نرخاندن/ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەکان. لە کۆتاییشدا بە کورتی ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگ دەکرێ کە بریتن لە: ئەو پرسگرێکانەی کە پێوەندیدارن بە بێلایەنیی لێکۆڵەر و کۆسپەکانی سەر ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان.

## پرسیار و دیزاینی لێکۆڵینەوە

هەر وەک کە لە دەستپێکدا ئاماژەم پێ داوە، هیچ کەسێک بە شێوازێکی سیستماتیک و زانستی لە سەر مێژووی هەرێمی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاری نەکردووە و یان ئەگەر کارێکیش کرابێ، ئەوەندە کەمە کە لە بەر چاو نایە. بۆیە زۆر زەحمەت بوو بتوانم بڕیار بدەم کە لە کوێوە دەست پێ بکەم و دەبێ پێشترێتی (ئەولەوییەت) بە کام دەورە لە مێژووی هەرێمی لەو ناوچەیەی ئاماژەپێکراو بدەم بۆ لێکۆڵینەوە. بۆ دانانی پلان و بەرنامەی کارێکی وەها تاقەتپرۆکێن و قورس ناچار بووم کە هەم بیرم لە دەرفەت و ئەو ئیمکاناتانەی کە لە بەردەستدا بوون، بکرێ و هەمیش ئەو زەحمەت و پرسگرێکانەی کە لە سەر ڕێگا هەبوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو پێشمەرجە، دەبوایە بە جۆرێک ڕێگاچارەی ژیرانە و مەنتقیم دۆزیبایەوە کە ئەگەر چی بێ کەموکۆڕیش نابێ، بەڵام لانی کەم هەنگاوێکی بچووک بێ لە پیناوی ئەرکێکی گەورە دا. بە تێگەیشتنێکی تەواو لە هەل مەرج و ناسیاوی لەگەڵ ئەو دیاردە ئالۆزەیە و شیان و توانای شەخسیی خۆم بڕیارم دا کە لە سەر بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵات لە قۆناغی نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٩٠دا لێکۆڵینەوە بکەم. لە بەر ئەوەی کە تا ڕادەیەک گوێم لە نێوی ئەکتەرە سەرەکیەکانی شوێندانەر لە سەر ڕووداوەکانی ئەم دەورەیە ببوو و دەستم بە هێندێک لەو کەسانە دەگەیشت بۆ ئەوەی کە وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەڵکیان لێ وەربگرم.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەم و هەرێمی ئاماژەپێکراودا لە لایەک پڕە لە مێرخاسی و بەرخودانی قارەمانانەی پێشمەرگەکان و دڵسۆزی و هاوکاریی خەڵک لە پێناو ئازادیی گەل و وڵاتدا و

له لایەکی دیکەش پڕە لە ناکۆکیی نێوخۆیی کە بێجگە لە زیان بۆ جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلەکەمان ئاکامێکی دیکەی نەبووە. ئەو ناکۆکیانە لە لایەک ڕەگ و ڕیشەیان هەبوو لە ناکۆکیەکانی پێوەندیدار بە قەوارەی جڤاکیی کۆمەڵگەی ئەو کات لە سەر بناغەی مەسەلەکانی پێوەندیدار بە پرسەکانی جڤاکی-ئابووری وناکۆکیەکانی عەشیرەیی و چینایەتی و لە لایەکی دیکە ناکۆکیەکانی نێوخۆیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هۆی دەسەڵاتخوازی و ستاتووی ڕێکخراوەییەوە لە پێناو سەپاندنی هژموونیی شەخسی لە نێو تەشکیلاتی ئەو حیزبەدا لە هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە نێو ئەو ناکۆکیانەدا، ناکۆکیی نێوان هێندێک لە ڕێبەرانی سیاسی لەگەڵ یەک لە لایەک و هێندێک لە ڕێبەرانی سیاسی و فەرماندەرە نیزامیەکان لە لایەکی دیکەوە لەو ناکۆکیە بەرچاوانەن کە کارتێکەریی نگاتیڤیان هەبووە لە سەر چەندایەتی بەشدارانی بزاڤەکە و چوونایەتیی کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات لەو هەرێمەدا. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو ناکۆکیانە، ناکۆکیی نێوان شاپوور شوجاعیفەر وەک ئەندامی ناوەندی ئاگری لەگەڵ زۆربەی فەرماندەرانی نیزامی و پێشمەرگەکان بوو، کە بەرچاوترینیان هاشم ئیبراهیمزادە، جێگری فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسی بوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیەش وەک هەموو سیستمێکی جڤاکی بۆ ئەوە پێک هاتبوو کە بتوانێ بەرگری لە خەڵک و خاکی کوردستان لە بەرامبەر هێرش و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بکا و پێشترێتی بە ئامانجی دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد بدات و لە ڕاستای ئەو ئامانجەدا ناکۆکیەکانی نێوخۆیی بە جۆرێک تەنزیم بکا کە یارمەتیدەر بێ بۆ دروستکردنی کولتوورێکی ڕێکخراوەیی کە ئەندامان بتوانن سەرەڕای بیروبۆچوونی جیاواز تەحەمولی یەکتر بکەن. بەڵام بە هۆی کەم خوێندەواریی زۆرینەی پێشمەرگەکان لەو سەردەمەدا، لاوازیی مودیرییەتی بەڕێوەبەران و نەبوونی شارەزایی لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوخۆییدا و... هتد، بە داخەوە نەک ناکۆکیەکانی ئاماژەپێکراو لەو لێکۆڵینەوەیەدا بە شێوازێکی ژیرانە چارەسەر نەکران، بەڵکوو بە زەرەری بزاڤەکەشمان تەواو بوو و خەساری پێ گەیاند.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە:

گەلۆ هۆکاری ئەو ناکۆکیانە چ بوون و چوون هەر یەک لە لایەنەکانی بەشدار لە ناکۆکیەکەدا هەوڵی چارەسەری و ڕزگاربوونیان لە دەستی ئەو

ناکۆکیانەیان داوە و، ئەو ناکۆکیە چ زیانێکی هەبوو بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی ئێمە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

ئەو پرسیارە سەرنجراکێشە بە هۆی ئەوەی کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی ئەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لەو ناکۆکیانەدا، لە سەر کار و بڕیارەکانی چەند شەڕڤانی ئازادی دەکۆڵێتەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لێیان دەڕوانێ و نزیکیان دەبێتەوە، کە ئەوان چۆن لە کاتێکدا کە پێکەوە لە یەک بەرەدا بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران جەنگاون، بەڵام پێوەندییەکانیان لە نێوخۆی ڕێکخراوەکەدا پڕ لە ئالۆزی و کێشە، بە هۆی بیروبۆچوونی جیاواز لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان و کار و کردەوەکانی یەکتر بووە. هەروەها هێژای ئاماژەپێدانە کە ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە نیشان بدرێ بە چ شێوازێک لایەنی ڕەوشەنبیری و بەها تاکەکەسیەکان لە سەر هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەو کاتی حیزب لەو هەرێمەدا کارتێکەریی هەبووە. لە بەر ئەوەی کە شێوازی هەستان و دانیشتنی ئەوان، ڕێرەوی بڕیاردانی ئەوانی دەستنیشان کردووە و کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە سەر ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە. هەر یەک لەو ڕووداوانەش بە نۆرەی خۆی بۆ چارەنووسی خەبات و هێندێک تاک لە هەرێمی ئاماژەپێکراودا واتای خۆی هەبووە. مەبەست ئەوەیە کە وێنایەک لە کەش و هەوای (ئەتموسفەری) نێوخۆی بزاڤەکە بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی تێگەیشتنێک لە چوونیەتیی پێوەندییە نێوخۆییەکان بە دەستەوە بێت.

بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر پرسێکی وا قووڵ کە پرسیاری لێکۆڵینەوەکە لە خۆی دەگرێ، بەرنامەیەکی قووڵی خوێندن و لێکۆڵینەوەم هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی کە بتوانم بچمە نێو قووڵایی مەسەلەکان و لە تێروانین و گۆشەنیگای جیاوازەوە لە مەسەلەکان بنوارم و بە تێگەیشتنەوە لێیان نزیک ببمەوە. بۆ تێگەیشتن لە هەر یەک لەو مەسەلانە هەم پێویستیم بە زانیاری و ئینفۆرماسیۆنێکی زۆر هەبوو و هەم ئەوەی کە دەستپێڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئەو زانیارییانە سەخت و کاتبەر و دژوار بوو. هەروەها بە هۆی هەلومەرج زۆر سەرچاوەی دیکەش هەن کە نەکەوتوونەتە بەر دەست.

دەبێ بوترێ کە کاتێک کە ئێمە باس لە ناوەندی ئاگری دەکەین و لە سەر دوو بەشی گشتیی سیاسی و چەکداریدا دابەشیان دەکەین، خەتە جیاکەرەوەکانی هەر دوو بەشی سیاسی و نیزامی لەو لێکۆڵینەوەیەدا زۆر ناروونن

و لە زۆر جێگادا یەکتر دادەپۆشن. لە بەر ئەوەی کە هەر دوو بەش سەربەخۆ لە جێگە و پێگە و ئەرکەکانی خۆیان، خاوەنی ستاتۆیەکی هاوبەش بوون بە نێوی "پێشـمەرگە" کە لە حاڵەتی خەبات و بەرخودانی چەکداریدا بوون بە دژی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران.

بەرنامەی ئەو کارە زۆر چروپڕ بوو بۆ سەرنجدان و تەرکیزکردن لە سەر مەسەلەیەک بە دیاردەیەکی دژوارەوە کە پێویستی بە ڕاکێشانی هەژمارێکی زۆر گوهەڕبار (variabel) هەبوو بۆ ئەوەی کە مەسەلەکان خوێندنەوەیان بۆ بکرێ (Hellevik, Ottar, ٢٠٠٦:٩٧ss).

## مێتۆد (شێوازی لێکۆڵینەوە)

بە وتەی ئووتار هێللێڤیک کە لە ڤیلهێلم ئوبێرتەوە نەقلی قۆل کردووە، "هەر مێتۆدێک شێوازێکی بەرەو پێشبردنە، کەرەستەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک و گەیشتن بە زانستی نوێ. هەر کەرەستەیەک کە لە خزمەتی ئەو فۆرموولەدا بێ، سەر بە کۆگای مێتۆدەکانە." (Hellevik, Ottar, ٢٠٠٦:١٢).

بۆ وڵامدانەوە بە پرسیاری سەرەکی لەو لێکۆڵینەوەیەدا، هەر وەک کە پێشتر باسم کرد، بەرنامەیەکی دژواری خوێندن و لێکۆڵینەوەم هەڵبژاردووە و لەو مێتۆدانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەو پرۆسەیەدا کەڵکم وەرگرتووە: ئا). هەڤپەیڤین لەگەڵ سەرچاوەکانی پلە یەک، یانی سەرچاوەکانی زارەکی کە شاهید و بەشداری ڕووداوەکان بوونە و ب). ئانالیزە و شرۆڤەکردنی تێکست و بەڵگەکان. لە نرخاندنی سەرچاوەکان/ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەکان (source criticism) کەڵک وەرگیراوە بۆ دەرهێنانی زانیارییەکان و ئانالیزەکردنیان.

## هەڤپەیڤینەکان

### سەرچاوە زارەکیەکان

زۆربەی زانیارییەکان لە ڕێگای هەڤپەیڤینی قووڵەوە کۆ کراونەتەوە. یەکێک لەو هەڤپەیڤینانە ڕووبەروو بووە، دوو هەڤپەیڤین لە ڕێگای مێسێنجێری فەیسبووکەوە بە نووسراو بووە و ئەوانی دیکە هەموویان لە ڕێگای تەلەفوون و ئەپپەکانی دەنگی وەک مێسێنجێر، واتس ئاپ، ئیمۆ و ...هتد و بە دەنگ بوون. پێنج لەو هەڤپەیڤینانە کە بە دەنگ و لە ڕێگای تەلەفوونەوە بوون، لە پاییزی ساڵی ٢٠١٥دا کراون، یەکێک لە ١٩ و ٢٢ی مانگی ئاگۆستی ٢٠١٨ و یەکێکی دیکە لە ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٨ و یەکێکی دیکەش لە ٧ی سپتەمبری ٢٠١٨ بووە. ئەوانەی کە لە ڕێگای مسنجێری فەیسبووکەوە کراون، یەکەمیان لە بەرواری ٢٧ی تیرمەهی ٢٠١٦ و ئەوی دیکەش لە ٨ی مانگی گوڵانی ٢٠١٧ دا. ئەو هەڤپەیڤینەی کە ڕووبەروو کراوە، لە نێوەراستی مانگی پووشپەڕی ٢٠١٨دا بووە. هەروەها لەم دواییانەدا پێویست بوو کە لەگەڵ سێ کەسی دیکەش هەڤپەیڤین بکەم کە یەکێکیان لە حەوتی سپتەمبری ٢٠١٨دا بوو و ئەوانی دیکەش لە بەروارەکانی ٢٧ی ژانویەی ٢٠١٩ و ١٣ی فوریەی ٢٠١٩ دا. هەموو ئەو کەسانەی کە هەڤپەیڤینیان لەگەڵ کراوە، بە زارەکی ڕازیبوونیان لە مەڕ تۆمارکردنی دەنگ و بەکارهێنانی هەڤپەیڤینەکان بۆ کاری لێکۆڵینەوە لە لایەن لێکۆڵەرەوە دەربڕیوە. یەکێک لەو ئینفۆرمانتانەی کە لە ڕێگەی سۆسیالمێدیاوە هەڤپەیڤینی لەگەڵ کراوە، پێشوەخت داوای کردبوو کە لێکۆڵەر پرسیارەکانی بە نووسراوە بۆی بنێرێ کە ئەو کارە کرا. بەڵام بۆ هەڤپەتقین لەگەڵ ئینفۆرمانتەکانی دیکە لە هەڤپەیڤینی نیوە قەوارەدار کەڵک وەرگیراوە. لەگەڵ یەکێک لە ئینفۆرمانتەکان (کوهەنساڵ) زیاتر لە یەک جار قسە کراوە. بەڵام تەنیا یەک جار دەنگەکەی ڕێکۆرد کراوە.

پێش دەستپێکردنی هەر یەک لەو هەڤپەیڤینانە، ئینفۆرمانتەکان لە ئامانجی لێکۆڵینەوە، ئەو خەت و مەشە ئەخلاقیەی کە دەبێ و پێویستە لێکۆڵەر بە کاری بێنێ و ئەرکی پاراستنی زانیارییەکان و دەنگەکانی تۆمارکراو لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، ئاگادار کراون و پێخۆشبوونیان وەرگیراوە.

له هەڤپەیڤینی نیوە چوارچێوەدار لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەڵک وەرگیراوە بۆ بەدەستخستنی زۆرترین زانیاریی دروست؛ شتێک کە بە قابل دەزانرێ لە لێکۆڵینەوەکانی چوونایەتیدا و بە گوێرەی "تۆڤە تاگۆر" ئەمە بە هەڤپەیڤین بۆ لێکۆڵینەوەی چوونایەتی (کڤالیتاتیڤ) لە وێژەی مێتۆدەکاندا دەناسرێ[1] .

له کاتی وتووێژەکاندا ئەو مژارانەی کە بە بۆچوونی من گرینگ بوون، بە نەگۆڕ (ثابت) ڕامگرتن و ئەوانەی دیکەم کە گوهەڕبارتر بوون، هەوڵم داوە کە پرسیارەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەر ئینفۆرمانتێک و مژارەکانی پێوەندیدار بەوانەوە بن. وەها خۆ نزیک کردنەوەیەک لە مەسەلەکان بە بۆچوونی تۆڤە تاگۆر زۆر گرینگە (سەرچاوەی پێشوو). لە هەڤپەیڤینەکاندا هەر جار و یەک مژار مەترەح دەکرا و دەخرایەوە بەر باس و هەر یەک لەو مژارانە بە ڕادەی پێویست کراوە بوون تا کو ئینفۆرمانتەکان ئازادیی تەواویان هەبێ لە خستنە ڕووی ئەو مەسەلانەی کە گرینگ بوون. کاتێک کە وڵامەکان ناروون بوون، تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبوو لە ڕێگای هێنانە گۆڕی پرسیاری نوێ و یان بە داواکردن لە ئینفۆرمانتەکان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بۆ ئەوەی کە وڵامەکانیان ڕوونتر بکەنەوە و یان زانیاریی زیاتر لەو پێوەندیەدا بخەنە ڕوو، هەوڵ دراوە. لە هەر جێگایەک کە پێویست بوایە، بە هاندان و یان پرسیاری زیادە ئینفۆرمانتەکان دەعوەت دەکران بۆ ئاخافتن لە سەر ئەو مەسەلانەی کە ناروون بوون و یان هەر بابەتێک کە سەرنجڕاکێش بوو (سەرچاوەی پێشوو، ڕ. ٨٦). لە بەشی دوایی هەر هەڤپەیڤینێکدا باسێکی ئازادمان هەبوو و لە ئینفۆرمانتەکان پرسیار دەکرا کە ئەگەر مژارێک هەیە کە گرینگە و دەیانەوێ باس بکەن و یان ئەگەر کەسێک ویستبای وڵامی پرسیارێک زۆرتر شی بکاتەوە کە لە ڕەوتی هەڤپەیڤیندا دەرفەت و مەجالی نەبوو، ئەو ئیمکانەش دەخرایە بەر دەستیان. لە سەر بناغەی ئەزموونی پێشوو ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو کە هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان دەتوانن زانیاریی زۆر گرینگ لە ئاخری هەڤپەیڤینەکاندا بخەنە ڕوو. بەو مەرجە کە داوایان لێ بکرێ کە بە سەربەست و ئازاد و بە بێ لە بەرچاوگرتنی کات قسەی خۆیان بکەن.

هەر بەو شکلەی کە تورید ڕودنە (Turid Rødne) بە ئاماژەدان بە وتەی ستەینار کڤالە (Steinar Kvale) (١٩٩٧) لە تێزی دوکتوراکەیدا (٢٠٠٩:١٤٣) نووسیویەتی، من وەک لێکۆڵەر بە زانایی، بە باشی شتەکانم

---

١ Thagaar, Tove, ٢٠٠٢:٨٥

فۆرموله دەکردن، به بەرنامه و چوارچێوه دیاریم دەکردن بۆ خستنه بەرباسی بابەتەکان، له ئاخافتندا بەبێ گرێ و پێچ و پەنا بووم و ڕاست و ڕەوان مەسەلەکانم دەهێنایەوه بەرباس و له لایەنی بەرامبەر به باشی تێ دەگەیشتم، پرسیارەکانم دەقیق بوون و هەڵسوکەوتێکی دۆستانەم هەبوو له ڕەوتی هەڤپەیڤینەکاندا. هۆی سەرەکیی ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی که زۆربەی ئینفۆرمانتەکانم پێشتر دەناسین و ناسیاویمان پێکەوه هەبوو و ئەوانەی که پێشتریش یەکترمان نەدیبوو، لانی کەم له یەک یان چەند ئینفۆرمانتی دیکه که یەکترمان دەناسی، له سەر من پرسیاریان کردبوو و تا ڕادەیەک زانیارییان له سەر من پەیدا کردبوو. پێویسته بوترێ که به تایبەتی دوو له ئینفۆرمانتەکانم، ئەنوەر کوهەنساڵ و سلێمان کەلەشی، به ڕاستی زەحمەتی زۆریان کێشا و زۆریش ماندوو بوون تا کو من به هێندێک لەو ئینفۆرمانتانه بناسێنن تا کو پێوەندی ساز بکرێ و بتوانم پێوەندییان پێوه بکەم و بیاندوێنم. له سەر مەترەحکردنی هێندێک له پرسیارەکان به شێوازێکی ڕاستەوخۆ له چەند ئینفۆرمانتێک، له هەڤپەیڤینەکاندا تووشی دوودڵی بووم. له بەر ئەوەی که پرسیارەکان کەمێک هەستیار بوون و به دەر لەوەی که ڕووداوەکان ڕووداوی ناخۆش بوون، پڕ بوون له هەست و، له وانەیه کاریگەرییان هەبوایه له سەر جەوی هەڤپەیڤینەکە. بۆیه ئەو پرسیارانەم به شێوەیێکی ڕاستەوخۆ مەترەح نەکردن و به هێنان و بردنی چەند پرسیارێکی لاوەکی، دوای بۆم دەرکەوت که ئەوان نایانەوێ بچنه سەر ئەو بابەتانه و بۆیه منیش پێداگر نەبووم. هەڵبەت کۆی پرسیاره گرینگەکان هەموو لەگەڵ ئینفۆرمانتەکان مەترەح کراون و ئەگەر به هۆیەک له سەر مەسەلەیەکی تایبەتی پرسیارێک لەگەڵ ئینفۆرمانتێک نەهاتبێته گۆڕێ، کارتێکەریی نابێ له سەر هیچ بەشێک له لێکۆڵینەوەکە. تەنیا له یەک مەسەلەدا که نەمتوانی له سەر ڕووداوێک، له سەر هەستی یەکێک له ئینفۆرمانتەکانم لێی پرسیار بکەم، له ئینفۆرمانتێکی دیکەم که زانیارییەکانی دەستی دووهەم بوون، زۆر زانیاریی هەستبزوێن و گرینگم گوێ لێ بوون بەڵام ئیزنی به کارهێنانیان به من نەدرا. له بەر ئەوەی که ئەگەر به شێوازی ناڕاستەوخۆش ئاماژەی پێ بکەم، قسەکان دەناسرێن و سەرچاوەکە ئاشکرا دەبێ. بۆیه ئەو شانسەم نیه که بتوانم لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەو شته بنووسم تا کو بخرێته بەر دەستی خوێنەران.

## شیکردنەوەی
## تێکست و بەڵگەکان

کنووت شێلدستادلی (Knut Kjeldstadli) دەڵێ کە مێژوونووسان دوو جۆر ژێدەری نووسراو لە یەکتر جیا دەکەنەوە: چاپکراو و چاپنەکراو[1]. کاتێک کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا باس لە شیکردنەوەی تێکست و بەڵگەکان دەکرێ، لە لایەک مەبەست تێکستە دابەزێندراوەکانی هەڤپەیڤینەکانە کە چاپ نەکراون و لە لایەکی دیکەش تێکست و سەرچاوەی دیکەن کە لە فۆرمی پەرتووک یان بە شێوازێکی دیکە چاپ و بڵاو کراونەتەوە. هەروەها لە هێندێک تێکستیش کە لە سەر تۆڕی ئینترنێت بڵاو کراون، بۆ ئانالیزەکردن یان زانیاریوەرگرتن کەڵک وەرگیراوە. ئەوەی کە لە تێکستی دابەزێندراوی ئەو هەڤپەیڤینانەی کە لەگەڵ ئینفۆرمانتەکانم بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان یان مژارەکان کەڵکم وەرگرتووە، شتێکی مێتۆدیکە و تۆڤە تاگۆر (٢٠٠٢) لەو بوارەدا دەڵێ کە لە لێکۆڵینەوەدا بۆ ئەو تێکستانەی کە لە سەر بناغەی هەڤپەیڤینەکانیشن، لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

کاتێک کە باس لە پەیڤی "بەڵگە" دەکرێ، مەبەست بەڵگەی ڕەسمی نیە. من لێرەدا لەو پێناسە و داناساندنە کەڵک وەردەگرم کە سکات (Scott) (١٩٩٠) لە پەیڤی "بەڵگە" کردوویەتی. بە گوێرەی سکات (١٩٩٠) نیشانەی "بەڵگە" بۆ هەموو ئەو سەرچاوە نووسراوانە بە کار دەبردرێ کە بۆ ئانالیزەی لێکۆڵەر لە بەردەستدان. لێرەدا جێگای ئاماژەپێکردنە کە هەموو ئەو بەڵگانەی کە من لەو بەرهەمەدا بەکاریانم هێناون، بۆ مەبەستی جیاوازتر لەوەی کە من وەک لێکۆڵەر بە کارم هێناون، نووسراون[2]. هەم ئەو سەرچاوانە و هەم ئەوانەی کە زانیاریمان پێ دەدەن لە پێوەندی لەگەڵ شتێک بێجگە لە وانەی کە لە ئەسڵدا بۆی ئامادە کراون، لە لایەن کنووت شێلدستادلییەوە (١٩٩٧) بە "شاهیدەکانی

١ Fossåskaret, Erik m.fl. (٢٠٨ :١٩٩٧)

٢ Thagaard (٢٠٠٢:٥٨)

نابەدڵ" ناودێر کراون، کە لەو لێکۆڵینەوەیەشدا هێندێک لەو شاهیدە نابەدڵانە هەن.

لە بەکارهێنانی شێوازی ئاناليزەکردنی تێکست و بەڵگەکان بۆ کاری لێکۆڵینەوە، پێویستە کە لێکۆڵەر هەم کار لە سەر ئەوە بکا کە مانای تێکستە ساکارەکان و هەم مەبەستە شاراوەکانی نێو تێکستەکە بکشێنێتەوە دەرەوە. ئەوە زۆر شتێکی تایبەت و پێوەندیدارە بە کاری لێکۆڵەرانی جڤاکی و مێژوو.

لێکۆڵەرێک دەبێ بۆ شیکردنەوەی تێکستێک ڕوانگە و تێروانینی جیاواز بەکار بێنێ. هێندێک لەو ڕوانگانە بریتین لە:

١ .تەفسیر و شرۆڤەی تێکست

٢ . سەرچاوەی سەرەکی/ کێ ئەو تێکستەی نووسیوە؟

٣ . کۆنتێکست و یان ئاناليزەکردنی هەلومەرج/ ئەوەی کە تێکستەکە لە چ هەلومەرجێکدا نووسراوە؟

مەبەست ئەوەیە کە لێکۆڵەر دەبێ مەرج و زەمینەی مێژوویی کە تێکستێک تێیدا نووسراوە، لە بەر چاو بگرێ و ئەوەی کە ئەو پەیڤ و وشانەی کە لە تێکستەکەدا و لە کاتی خۆیدا نووسراون، هەر ئەو مانا و مەفهوومەی ئێستایان هەیە یان نە. زۆر گرینگە کە کاتێک لێکۆڵەرێک شرۆڤەیەکی مێژوویی دەکات، ئەمەی بە ئەدەبیات و پەیڤی خۆی بکات. بەو شێوەیە خوێنەر دەتوانێ هەم ناوەرۆکی تێکستی سەرەکی ببینێ و هەمیش شرۆڤەی لێکۆڵەرەکە. هەروەها گرینگە کە ئاماژە بەوە بکرێ کە کێ و لە چ هەلومەرجێکدا نووسیویەتی[١].

من هەرسێی ئەو ڕوانگانەم لە شیکردنەوەی تێکستەکاندا بەرچاو گرتووە و لەو باوەڕەدام کە کەرەستەی وا زۆر یارمەتیدەرن بۆ بەدەستخستنی زانیاری لە تێکست و بەڵگەکان و خستنەی ڕووی ئەو زانیارییانە بۆ خوێنەران.

١ Mortensen, Gro-Anita
http://www.kildenett.no/portal/artikler/٢٠٠٧/kvalitativ.metode

## نرخاندنی سەرچاوەکان

## ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەکان

هەر وەک کە پێشتر باس کرا، لەو پرۆژەیەدا زۆرتر لە سەرچاوەکانی دەستە/ دەرەجە یەکەم کەڵک وەرگرتووە. هۆی ئەوەیە کە هەر وەک شێلدستادلی (١٩٩٧) ئاماژەی پێ داوە، "شتێک کە کەسێک بە چاوی خۆی دیبێ و بگێرێتەوە زۆرتر جێگای باوەڕە تا ئەوەی کە هەر هەمان شت دە جار دووبارە و دەستاودەست بێ تا گەیشتبێ".

ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتوون (هەم لە هەڤپەیڤینەکان و هەم لە دەقەکان/بەڵگەکان)، بە کەڵکوەرگرتن لە مێتۆدی نرخاندنی ژێدەرەکان شی دەکرێنەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی مەسەلەکان و ناساندنی ئەو ڕاستیانە بە باشترین شکلی مومکین بە خوێنەران.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڤپەیڤینەکاندا کنووت شێلدستادلی (١٩٩٤) باسی دوو تایبەتمەندیی سەرەکی دەکات. بە قسەی ئەو، بیرەوەرییەکان پێوەندییان لەگەڵ هەلومەرجێک هەیە کە لە ڕابردوودایە و "بۆیە دەتوانێ بە هۆی لەبیرچوونەوە و یان تێپەڕبوونی کات تووشی گۆڕینی هەڵە بێ." هەر یەک لەو ئینفۆرمانتانەی کە قسەم لە گەڵیان کردوون و دەیانناسم، بیر و هۆشێکی تیژیان هەیە. لە ڕێگەی لەبەریەکدانانی ئینفۆرماسیۆنەکانیان دەردەکەوێ کە ڕووداوەکانیان زۆر بە باشی لە هزر و بیری خۆیاندا ڕاگرتبوو. بەڵام زۆربەیان ئەوەی کە چی قەوماوە و چوونیەتیی ڕووداوەکانیان و جێی ڕووداوەکانیان زۆر باشتر لە بیر بوو تا ئەوەی کە دەقیق باس بکەن کە کەنگێ ئەوە ڕووی داوە (خودی ڕووداوەکانیان لە بیر بوو نەک ڕێکەوتی هەموو ڕووداوەکان).

گومان لەوەدا نیە کە حەق لەگەڵ "کنووت شێلدستادلی"یە کاتێک کە دەڵێ: " کاتێک کە ئێمە ئێلێمێنتەکانی ڕابردوومان لە تەنیشت یەکتر دادەنێین، ئێمە ناسنامەیەک ساز دەکەین کە دەتوانین بۆ خۆمان پێی بژین و بەخەڵکی دیکەش بناسێنین". زۆربەی ئینفۆرمانتەکانم پێشتر هێندێک لە بیرەوەریەکانیان بۆ من گێڕابوویەوە و تا ڕادەیەک ئاشنا بووم بە بیرەوەرییەکانیان و ئەوەی کە چ

وێنەیەکیان لە ڕەوشی ڕابردووی خۆیان دروست کردووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هیچ کامیان بە تەنیا لە ڕووداوێکدا بە تەنێ نەبوونە و هەموو کاتێک خەڵکانێکی دیکەش لە کاتی ڕووداوەکاندا حزووریان هەبووە، شانس و ئیمکانی ئەوەیان نیە کە دەست ببەن بۆ گۆڕینی ڕاستیی ڕووداوەکان. بەڵام ئەوە جێگای پەسەندە کە دوو کەس کە لە ڕووداوێکدا بەشدارییان هەبووە و یان بە چاوی خۆیان دیبێ، هەموو شتێک وەک یەک باس نەکەن. لە بەر ئەوەی کە ئیمکانی ئەوەی هەیە کە هەر یەک لە وانە بە گوێرەی هەڵکەوتی شوێنەکەیان، بەشێک لە ڕووداوەکەیان بە چاوی خۆیان دیبێ. لەو حاڵەتەدا دوو بۆچوونی جیاواز، پێش ئەوەی کە جیاواز و ناکۆک بن، دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن.

بۆ ئەوەی کە ڕاستیەکان پشتڕاست بکرێن، هەر یەک لە پرسیارەکان بە لانی کەمەوە لە چەند کەسێک لە ئینفۆرمانتەکان کراون بۆ ئەوەی کە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە ڕووداوەکان لێک بدرێن و وێنەیەکی تەواو لە ڕووداوەکان بکەوێتە بەر دەست. بەڵام زۆر زەحمەتە کە ئەگەر بڵێین ئینفۆرمانتێک پەیدا نەبێ کە بیرەوەرییەکانی خۆی بە گوێرەی نۆرم و داب و نەریتی ئەمڕۆیی عەیار نەکردبێ و یان بیروڕا و تێگەیشتنی خۆی لە ڕووداوەکان لە سەر بناغەی ئەزموونەکانی دوایی، ڕەنگ نەکردبێ؛ شتێکی وا بە وتەی کنووت شێلدستادلی ئیمکانی زۆرە کە ڕوو بدات[١].

تایبەتمەندیی دووهەم کە "شێلدستادلی" باسی لێوە کردووە، پێوەندیی نێوان ئەو کەسەیە کە هەڤپەڤینی لەگەڵ دەکرێ (ئینفۆرمانت) لەگەڵ شەخسی هەڤپەیڤینکەر لە کاتی هەڤپەیڤین و لە ژێر ئەتموسفەری هەڤپەیڤیندا. لە بەر ئەوەی کە نیگەرانیی ئەوە هەیە کە مومکنە بە هۆی ئینتێرئەکشنی نێوان ئینفۆرمانتەکان و هەڤپەیڤینکەر لە هەلومەرجی هەڤپەیڤیندا، نێوەرۆکی هەڤپەیڤینەکە ڕەنگ بکرێ. بە بڕوای دانەر ئەوە یەکێک لە گرینگترین و ئوسوولیترین نیگەرانیەکانە لە پێوەندی لەگەڵ سەرچاوە زارەکیەکاندا. هەموو ئینفۆرمانتەکانی من چالاکی سیاسیی خاوەنی ستاتۆیی بەرزن و ئەزموون و شارەزاییان هەبوو لە بواری هەڤپەیڤین و هەلومەرجی هەڤپەیڤینکردندا. بۆیە زۆر زەحمەت بوو و ئیمکانی نەبوو کە بتوانم وەک لێکۆڵەر لە پرسیاری ڕێنیشاندەر کەڵک وەربگرم بەو زێهنیەتەوە کە من بە مەبەستەوە بۆ وەدەستهێنانی ئەو

١ Kjeldstadli, knut (١٩٩۴: ١٨٧-١٨٩)

وەڵامانەی کە وەک لێکۆڵەر پێم خۆش بووبێ کە وەدەستیان بێنم، وەها پرسیارێک ئاراستەیان بکەم[1].

لە نێو ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن بنەماڵەی عەلی کاشفپوورەوە بڵاو کراون، بەشێک لە نامەیەک هەیە کە لە لایەن عەلی کاشفپوورەوە بۆ هاوڕێیەکی نێردراوە کە لە نموونەی بڵاوکراودا نێوی هاوڕێکەی لا براوە و بە شکلی بێ ناو (anonymous) بڵاو کراوەتەوە. شێلدستادلی (١٩٩٧) دەڵێ کە لە نێوان بەڵگەنامەکانی تایبەتیدا نامە یەکێک لەو بەڵگانەیە کە زۆر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر دەکرێ. ئەو شتەی کە لە پێوەندی لەگەڵ نامەکاندا جێگای پرسیاری جدییە، ڕادەی بڕواپێکردن لە نێوان نێرەر و وەرگر، و ڕادەی باندۆری تایبەتیبوون و فەرمیبوونی نامەکەیە.

ئەو نامەیەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ کرا، لە لایەن کەسوکاری نێرەرەوە لە هێندێک جێگادا شتەکان لا براون. بەڵام هەتا دوای لابردنی بەشێکی لە نامەکە، نێوەڕۆکەکەی جێگای بایەخە و زانیاریی بەکەڵکی تێدایە. نێوەڕۆکەکەی تایبەتیە و لە نێوەڕۆکەکەیەوە دیارە کە نێرەر و وەرگر بڕوایێکی زۆریان بە یەکتر هەبووە. نێرەر لەو نامەیەدا دەڵێ کە لە نامەیەکی دیکەدا زۆر وردەکاری لە سەر ئەو مەسەلەیەی کە لەو نامەیەدا نووسیویەتی، لەگەڵ وەرگرەکەدا باس دەکا؛ شتێک کە بە هۆی شک و گومان لەوەی کە نامەکە دەگاتە دەستی وەرگر یان نا، خۆی پاراستووە لە نووسینی وردەکارییەکان. دیارە کە نێرەر بە گومان بووە لە سیستمی پۆستیی تورکیە، ئەو جێگایەی کە نامەکەی بەڕێ کردووە. بۆ لێکۆڵەرێک گرینگە کە شارەزای شێوەی خوێندن بێ و بزانێ کە چوون دەتوانێ دەقەکان بخوێنێ.

شێلدستادلی دەڵێ مرۆڤ دەبێ لە بەڵگەیەک حالی بێ تا بتوانێ لە وڵامدانەوە بە پرسیارێکدا کەڵکی لێ وەربگرێ و بە کاری بێنێ. مرۆڤ دەبێ لە پێشدا لە باری زمانەوانیەوە ڕوونی بکاتەوە و پاشان بە دوای مانا قووڵەکەیدا بگەڕێ و لە ئاخردا دەبێ تێگەیشتنی خۆی لە نێوەرۆکەکەی بخاتە ڕوو[2] . ئەو بەڵگە و تێکستانەی کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا بە کار هاتوون، بە زمانی کوردی - هەر دوو

---

[1] Fossåskaret, Erik m.fl. (١٩٩٧: ss.١١٨)

دەقۆکی کورمانجی و سۆرانی- و زمانی فارسین کە زۆر ڕوون و ئاشکرا و بە زمانێکی ساکار نووسراون. نێوەڕۆک و داتاکانی ئەو بەڵگانە جێگای بەراوردکردنن لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگای هەڤپەیڤینەکانەوە کۆ کراونەتەوە و لەوە بۆ ئانالیزەکردن و شیکردنی داتاکان کەڵک وەردەگیردرێ.بۆ هەر بەڵگە یان دەقێک، لایەنەکانی ژێدەری (Referential sids) خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، لە بەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوە بۆ پرسیارێکی مێژووییە. بۆیە پێویستە و گرینگە کە دەقەکان هەموویان بە شکلی حکایەت و شرۆڤە (accounts) کە بە شکلێکی کۆنکرێت و موشەخەس پێمان بڵێن کە چی قەوماوە یان نەقەوماوە بە کار دەبردرێن. نەک ئەوەی کە بە شکلی پاشماوە (relics) کە وەک شتێکی بەجێماو لە ڕابردوو، لە سەر ئەوەی کێ دروستی کردووە، بە کاری چی هاتووە و لە سەر هەل ومەرجی دروستکردنیان زانیاریمان بدەنێ. ئەگەر چی هەموو سەرچاوەکانی مێژوویی بە جۆرێک بەجێماو لە ڕابردوون و هەر هەموویان وەک پاشماو حیسابیان بۆ دەکرێ. ئەوەی کە من لە فۆنکسیۆنی ژێدەری لە تێکستەکانی ژێدەر تێ گەیشتبم، هەر وەک کە "شێلدستادلی" دەڵێ: " واقعیەت، ئەو هەل ومەرجە یان ئەو کۆنتێکستە یان و بەرین و تەواوەیە کە تێکستەکە ئاماژەی پێ دەکات و نیشانی دەدات." کارێکی زارەکی کە گرێدراوە بە فۆنکسیۆنی ژێدەری لە تێکستەکانی ژێدەردا، گرێدراوە بە داناساندن و باسکردن لە سەر ئەوەی کە شتێک چوونە و یان چوون بووە[١].

هەر وەک لە سەرێدا باسی لێوە کرا، ژێدەرەکان و سەرچاوەکانی بەکارهێنراو لێرەدا بە شکلی accounts بەکار دەبردرێن. بەو مانایە کە ژێدەرەکان بۆ باسکردن لە سەر شتێک بە کار دەبردرێن کە لە دەرەوەی هەلومەرجی دروستبوونی ژێدەرەکان جێیان گرتووە. بۆ بەکار هێنانی سەرچاوەکان بەو شکلەی کە باس کرا، بە وتەی شێلدستادلی دەبێ خاوەنی هێندێک شەرت و مەرج بن: دەبێ ئەو سەرچاوانە (نووسین یان بەڵگە) مات و بێدەنگ نەبن، دەبێ هەڵگری پەیامێک بن کە شتێک لە سەر ڕووداوێک کە قەوماوە باس بکەن. سەرەڕای ئەوە، دەبێ سەرچاوەکان ڕاڤەی شتێک بکەن نەک ئەوەی کە نۆرماتیڤ بن. بەو مانایە کە دەبێ ئەوان ڕاڤەی ئەوە بکەن کە شتێک چوون بووە و یان ئاماژە بە شتێک بکەن کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە.

١ Fossåskaret, Erik m.fl. (١٩٩٧: ss.١٢١)

شێلدستادلی زیاتر لەو بارەوە دەڵێ کە تەنانەت ئەگەر سەرچاوەیەک ئەو مەرجانەش پڕ بکاتەوە، بەو مانایە نیە کە ئەو شرۆڤەیەی کە لێمان دەرکێشاوە، جێگای بڕوایە. پێویستە کە توانا و ویستی ئەو کەسەی کە شتەکەی نووسیوە، لە بەر چاو بگیردرێ[١].

گۆتووبێژ و گەنگەشە لە سەر ڕۆڵی تەفسیر و تەعبیرکردن لە مێتۆدەکانی چوونایەتی، بووە هۆی ئەوەی کە هێندێک کەس نیشانەی پرسیار لە سەر مەشرووع بوونی شێوازی کڤالیتاتیڤ دابنێن؛ بەو مانایە کە جێگای بڕوابوون (credibility)، قابلی گواستنەوەبوون (transferability) و پشتڕاستکردنن (confirmation) ئەو شتانەی کە پەیدا کراون (ئەو ئاکامانەی کە لێکۆڵەر پێی دەگات) بە تایبەتی زۆر گرینگن لە لێکۆڵینەوە بە شێوازی چوونایەتیدا. بڕوا و ئیعتبار ئاماژەیە بەوەی کە لێکۆڵینەوەکە بەو پەڕی بڕوا و ئێعتمادەوە ئەنجام دراوە، لە حالێکداکە تەئیید و پەژراندن بەستراوەتەوە بە کوڤالیتەی تەفسیر و شرۆڤە و، ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک شرۆڤەکە لە لایەن لێکۆڵینەوەی دیکەوە پشتڕاست و پشتگیریی لێ دەکرێ. قابلی گواستنەوەبوون نیشانەی ئەوەیە کە ئەو شتانەی کە لە لێکۆڵینەوەیەکدا پێی دەگەن، بتوانێ بۆ کۆنتێکستی دیکەش ببێ. ئەو پرسگرێکانە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و نووسیندا سەرنجیان پێ دراوە و بە گوێرەی پێویست چارەسەر کراون[٢].

تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە تێکستەکانی هەڤپەیڤینەکانەوە هەیە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە زۆربەی ئەو ئینفۆرمانتانەی کە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هەڤپەیڤین، تا ئەو ڕادەیە بەورە و ڤێرەک بوون کە بە ڕاشکاوی بیر و بۆچوونەکانی خۆیان لە سەر ئەو مەسەلانەی کە لێیان پرسیار کرا، بخەنە ڕوو و شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان بخەنە بەر تاقیکردنەوە. هەروەها لە هەر یەک لەو ئینفۆرمانتانە زۆر جار پرسیارم بۆ کونترۆڵی زانیارییەکانیان دووبارە و چەند بارە پرسیون و لە سەر هەر یەک لە ڕووداوەکان پرسیار لە چەندین کەس کراوە. بەو شکلە ئیمکانی ئەوەم هەبوو کە زانیارییەکانیان لە بەرامبەر یەک دابنێم و موقایسەیان بکەم.

١ Fossåskaret, Erik m.fl. (١٩٩٧: ss.١٣٠)

٢ Thagaard (٢٠٠٢, ss. ٢١-٢٠)

## بێ لایەنیی لێکۆڵەر

ئێل و عەشیرەگەرایی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەگەر چی لە چاو ٣٠-٤٠ ساڵی ڕابردووە لاوازتر بووە، بەڵام هەر بوونی هەیە و ئەو دیاردەیەش تەنیا تایبەت بەو هەرێمە نیە و لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ناوچە جۆراوجۆرەکان بوونی هەیە و کۆسپێکی سەرەکییە لە سەر ڕێگەی گەشەکردن و پێشڤەچوونی پرۆسەی نەتەوەسازی لە کوردستانداو زیان و زەرەرێکی زۆری هەبووە بۆ کۆمەڵگەکەمان و خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان. بە هۆی ئەوەی کە هێشتا عەشیرەگەری بوونی هەیە، لە وانەیە بۆ هێندێک کەس شک و گومان لە بێ لایەنیی مندا وەک لێکۆڵەر بکرێ و هێندێک کەسیش ئامانجدار مەسەلەیەکی وەها زەق بکەن بۆ ئەوەی کە نرخی ئەو لێکۆڵینەوەیە بهێننە خوار. لێکۆڵەر زۆر بەهێز و قورس و قایم ئیدیعا دەکا کە هەموو شرۆڤەکان، باسکردنەکان و ڕاڤە کردنەکان و هێنانی دەلیل و هۆکارەکان بە شێوازێکی بێلایەنانە و بە دوور لە هەستی بوغز و خۆشەویستی و ... هتد کراون و، لێکۆڵەر هیچ کاتێک ئامادە نیە کە پاشخانی ئاکادێمیکی خۆی بۆ هێندێک شتی بێ بەها و یان بۆ قازانج و مەسلەحەتی کەس یان کەسانێک بکاتە فیدا. هەروەها ئەو لێکۆڵینەوەیە قابلی گواستنەوە (transferability) یە و، هەر لێکۆڵەرێکی دیکەش کە بێلایەنانە و ئابژێکتیڤ لێکۆڵینەوە بکات، دەتوانێ هەر بەو ئاکامانە بکات، کە من پێیان گەیشتووم.

ئەگەر لە شێوازی شیکردنەوەی دەقێکدا جیاوازیی بۆچوون هەبوو، ئەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا شتێکی ئاساییە و هێندێک جار دەتوانێ ڕستەیەک یان تێکستێک تەفسیر و شرۆڤەی جیاوازی بۆ بکرێ. ئەگەر کەسێک لە سەر شێوازی تەفسیر کردن و لێکدانەوەکان لەو لێکۆڵینەوەیەدا بە جیاواز بیری

کردەوە، بەو مانایە نیە کە من هەڵەم کردبێ و یان ئابژێکتیڤ تەعاموڵم لەگەڵ مەسەلەکاندا نەکردبێ.

من وەک لێکۆڵەر خاوەنی هەستی مرۆڤیم وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە. بۆیە دەتوانم کەسێکم زیاتر خۆش بوێ یان ڕێزی زیاتری لێ بگرم. هەموو ئەو کەسانەی کە لە خەباتی نەتەوەییدا بەشداریان کردووە و زەحمەتیان کێشاوە، لای من جێگای ڕێز و حورمەتن. بەڵام کاتێک کە وەک لێکۆڵەر ئەرکێکێم لە سەر شانە، نەمهێشتووە کە هەست لە سەر ویژدانی ئاکادێمیکیی من و، لە سەر لێکۆڵینەوەکەم و ئەو شتانەی کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا پێی گەیشتووم، زاڵ بێ.

لە نێوان کاری زانستی و خەباتی سیاسیدا جیاوازی زۆرە. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هێشتا خەباتی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئاکام نەگەیشتووە، خۆم لە باسکردنی هەموو ئەو زانیاری و داتایانە دەبوێرم کە کاتی نەهاتووە و، دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی مەترسی لە سەر ژیانی کەسێک، یانیش دەرفەت ساز بکا بۆ "سووئیستفادە"ی ڕێژیم بە دژی بزاڤی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان.

## هێندێک کێماسی، کۆسپ و دژواری
## لە سەر ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوە

زۆر کەس کە خاوەنی زۆر زانیاریی مێژوویی بوون و هەوڵ درا کە وتووێژیان لەگەڵدا بکرێ، بەڵام بە هۆکارگەلێک کە بۆ خۆیان دەزانن، خۆیان لێ بوارد و ئامادە نەبوون کە قسە بکەن. هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژیاندان و ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەو ڕووداوانەی کە لێرەدا باسیان لێ کراوە ، هەم لە ڕێگای هاوڕێیانەوە و هەم بۆ خۆم قسەم لە گەڵیان کردووە. ئەگەر یەکێک لەو کەسانە کە بۆخۆیان ئامادە نەبوون بۆ قسەکردن گلەییەکیان هەبوو لە پێشەڕۆژ دا، لە پێشدا گلەییەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان.

دەستپێڕاگەیشتن بە بەڵگەکانی حکوومەتی داگیرکەری ئێران بۆ من کە ئەندامی پارتێکی کوردستانیم کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە قەدەغەکراوە، مومکن نیە. هەروەها دەستپێڕا گەیشتن بە ئارشیوی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێرانیش کە لە حاڵەتی خەباتدا، بە هۆی هەبوونی هەڕەشەی جۆراوجۆری ئەمنیەتی کە لە گەڵی بەرەوروون و یان ئەوەی کە کاتی ئاشکراکردنی زۆر نهێنی نەهاتووە، ئیمکانی ئەوە نیە کە ئارشیوی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە بخەنە بەر دەستی لێکۆڵەران و هێشتا کاتی نەهاتووە و کەڵکوەرنەگرتن لەو ئارشیوەش کێماسیەکی دیکە و دژواریەکی دیکەی سەر ڕێگای ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو.

بێجگە لە یەک هەڤپەیڤین، ئەوانی دیکە هەموو لە ڕێگای دوورەوە و بە دەنگ و یان بە تێکست لە ڕێگای مسنجێرەوە کراون. بە ڕای من ئەگەر هەڤپەیڤینەکان ڕووبەروو بوایەن، کوڤالیتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرزتر دەبوو؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئینفۆرمانتەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر دەژیان و تێچووی سەفەر بۆ ئەو هەموو وڵاتە لە توانای مندا نەبوو، ئەو کارە نەکرا.

## ژێدەرەکان


Systematikk og innlevelse. Bergen: .(2002) ,.Thagaard, T
Fagbokforlaget

Forskningsmetode i Sosiologi og .(200۶) ,Hellevik, Ottar
statsvitenskap. Oslo: Universitetsforlaget

Samfunnsvitenskapelige tenkemåter. .(200۵) Grimen, Harald
Oslo: Universitetsforlaget

Skapte .(2007) Aase, Halfdan, Tor & Fossåskaret, Erik
virkeligheter: Om produksjon og tolkning av kvalitative data.
Oslo: Universitetsforlaget

Kriterier for det vitskaplege ved kvalitativt .(2009) ,RØdne, Turid
orientert samfunnsforsking: Ein studie med grunnlag i kvalitativt
orienterte hovudfagsoppgåver og doktorgradsavhandlingar ved
norske universitet. A dissertation for the degree of Philosiphiae
.Doctor UNIVERSITY OF TROMSØ, Faculty of Social Sciences

Kjeldstadli, Knut: Å analysere skriftlige kilder. Artikkel i:
Metodisk feltarbeid. Oslo: :(1997) ,(.Fossåskaret, Erik m.fl. (red
Universitetsforlaget

Fortida er ikke hva den en gang var: :(199۴) ,Kjeldstadli, Knut

.en innfØring i historiefaget. Oslo: Universitetsforlaget
29۴dd۴7fbd۵70۶c28f81ecb/http://www.nb.no/nbsok/nb)
nbdigital?lang=no.3d8۴3۵002

Grunntrekk i historieforskningens :(1980) ,Dahl, Ottar
.metodelære. Oslo: Universitesforlaget
3ad۵۶۶9۶81b72873۶2380ac1087a1/http://www.nb.no/nbsok/nb)
nbdigital?lang=no.da۴

Mortensen, Gro-Anita: Kvalitativ Metode
kvalitativ.metode/2007/http://www.kildenett.no/portal/artikler

Wikipedia: Historiefaglige metoder
https://no.wikipedia.org/wiki/Historiefaglige_metoder

Retningslinjer for henvisning til kilder .(2008) HØyskulen i Volda
.i skriftlige arbeider
/http://www.hivolda.no/neted/upload/attachment/site/group19)
Retningslinjer_for_kildehenvisninger.pdf

ڕێکەوتی چاوپێداخشاندن بە هەموو سەرچاوەکانی ئینترنێتی: سەعات ۱۹:۰۰، ڕێکەوتی ۲۰۱۹.۱۲.۱۰

## تیئۆری

هەر ڕێکخراوێک لە کۆمەڵێک مرۆڤ بە تایبەتمەندیی جیاواز و ڕابردووی جیاوازەوە پێک دێ. ئەو جیاوازیانە دەتوانن ببنە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکەدا لە پێوەندی لەگەڵ زۆر مەسەلەی وەک چوونیەتیی دابەشکردن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکان، ئەوەی کە دەبێ ڕێکخراوەکە چ ئامانجێکی هەبێ و یان پێشتریتی (ئەولەوییەت) بە کام ئامانج بدرێ وکێ چ پۆزیسیۆنێکی هەبێ و ...هتد. یانی ڕێکخراوەکان وەک بوونەوەرێکی زیندوو، لە مرۆڤی جۆراوجۆر و گرووپگەلێکی خاوەن بەرژەوەندیی جیاواز پێک دێ کە لەبەریەککەوتن و پێکدادانی نرخەکان و بەرژەوەندیەکانیان شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نیە. لەو بەشەدا تێدەکۆشین باسێک لەو تێئۆرییانە بکەین کە وەک ئەمرازێک بە کاریان دەبەین بۆ شیکردنەوە و وڵامدانەوە بەو پرسیارە سەرەکییە کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا کاری لە سەر دەکرێ. ئەو بەشە تێئورییەکانی ناکۆکیە ڕێکخراوەییەکان، ڕێبەری و سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەیی لە خۆی دەگرێتەوە. لێرەدا فۆکووسی ئێمە لە سەر بەشی نێوخۆیی ڕێکخراو دەبێ. لە تێئۆریی ڕێکخراوەیی هەروەها باس لەوە کراوە کە چوون ڕەفتاری ڕێبەران دەتوانی ببێتە هۆی بێگانەبوونی ئەندامانی ڕێکخراوەکە. بۆ ئەوەی کە پەیڤی "بێگانەکردن" بە باشی شی بکرێ و کەڵکی لێ وەربگیرێ، لە تێئۆرییەکانی کارل مارکس و یووئاکیم ئیسرائیل کەڵک وەرگیراوە.

### ناکۆکی لە ڕوانگەی تێئۆری- و سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەییەوە

ناکۆکی کە بە واتای پێکدادانە، لە پێوەندیی نێوان کەسانی جۆراوجۆر و گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندیی جیاوازدا سەرهەڵدەدات و بەرە بەرە پەرە دەستێنێ و، لە جیاوازیەکی ساکار لە پێوەندی لەگەڵ تێکەلاویی تاکەکانەوە، دەبێتە ناکۆکیەکی گەورە لە جێیەکدا کە لایەنەکان دوولایەنە پێکەوە بەستراون

و پێویستیان بە یەک هەیە و تێروانینی جیاوازییان هەیە لە سەر ئەوەی کە پێشترێتی (ئەولەوییەت) بە چی بدرێ و، کێ چ ئەرکێک وەئەستۆ بگرێ و بەڕێوەی بەرێ و ... هتد. لە ڕێکخراوەکاندا، لە سەر دابەشکردنی سەرمایە (ف. منابع) و سەرچاوەی کەمیاب ناکۆکی سەرهەڵدەدات؛ لەو جێگایەدا کە بەرژەوەندییەکان، نرخەکان، کردەوەکان و هەڵوێستەکان لە ڕێگای پێکدادان لەگەڵ یەک، دەبنە هۆی ئەوەی کە لایەنەکان هەست بە بێهیوایی، بوونی کۆسپ و تەگەرە لە سەر ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانیان و یان توورەبوون بکەن، پێویست ناکا کە کێشەکان بەس بە هۆی جیاوازیی بۆچوون لە سەر شێوازی جێبەجێکردنی کارەکان بێ. بەڵکوو لە پێشدا کاتێک کە لایەنێک ئەوەی ناکا کە لایەنی دیکە چاوەڕوانیەتی و، یان ئەوەی دەکا کە لایەنی بەرامبەر پێی هەڵەیە، کێشە دەخوڵقێ[١].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسەیەی کە لە ناکۆکیەکان کرا و ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا باسیان لە سەر دەکەن (بە تایبەتی لە بەشی هەفتەمدا)، دەردەکەوێ کە ناکۆکیەکان کاتێک بە توندی خۆیان دەردەخەن کە ئەکتەرەکانی پێوەندیدار بەو ناکۆکیانە، دەکەونە پێوەندیەکی ڕۆژانەی کاری ڕێکخراوەیی لەگەڵ یەک و ئەرک و کارییان بە یەکترەوە گرێدراو بووە و پێکەوە لە سەر زۆر مەسەلە و بە تایبەتی هێندێک مەسەلەی هەستیار کە پێوەندییان بە چارەنووس و ژیانی چەند پێشمەرگەیەک و چەند کەسێکی سڤیلەوە هەبووە، ناکۆک بوون و وەک یەک بیریان نەکردووە و هەر لایەک هەوڵی بەرفراوانترکردنی هەژموونیی خۆی لە نێو ڕێکخراوەکەدا داوە، تا کو بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و یان ویستی خۆی پێش بخات.

ناکۆکیەکان لە سەر بنەمای جۆرەکانیان و لاوازی و بەهێزیانەوە بە سەر چەندین بەشی جیاوازدا دابەش دەکرێن. بۆ نموونە، یوسووند (Gjøsund) و هووسەبی (Huseby) چوار جۆرە ناکۆکیی نێوان تاکەکان و گرووپەکان لە یەکتر جیا دەکەنەوە کە بریتین لە: ناکۆکیەکان لە پێوەندی و "روابط"دا، ناکۆکی بە هۆی پێکدادانی بەهاکان، ناکۆکی بە هۆی بەرژەوەندییەکان و ناکۆکی لە سەر مژار و مەسەلەیەکی دیاریکراو.

---

١ Jacobsen og Thorsvik, ٢٠٠٨:١٦٧ & Gjøsund og Huseby, ٢٠١٥ :١٨٨-١٨٩

ناکۆکیەکان لە تێکەڵاوبوون و پێوەندییەکاندا: ئەو شێوەیە لە ناکۆکیەکان گرێدراوە بە ناسنامە و خۆناسینەوە (ئەو وێنایەی کە کەسێک لە خۆی هەیە کە کێیە ) کە لەگەڵ هەستدا تێکەڵاوە. لێرەدا مەبەستی یوسووند و هووسەبی لەو وێنایەی کە ئێمەمانان لە خۆمان هەیە (ئەوەی کە کەسێک یان گرووپێک پێیان وایە کە کێن و چین)، ئەوەیە کە ئەو شتە پێوەندیدارە بەو کەسانەی کە ئێمە لە گەڵیاندا سەروکار و تێکەڵاویمان هەیە و خۆمان پێی دەناسین و دەرک دەکەین. ئەو وێنایەی کە کەسێک لە خۆی هەیە، لە سێ بەش پێک دێ: ئێمە چوون لە خۆمان تێدەگەین، پێمان خۆشە کە چوون بین (وێنایەکی ئیدئاڵ لە خۆمان) و پێمان خۆشە کە چوون دەربکەوین و خوویا بین و یان خۆمان بە مرۆڤەکانی دیکە بناسێنین. کاتێک کە دوو یان چەند کەس لە ڕێکخراوێکدا نەتوانن پێکەوە هەڵ بکەن، کار و بیروبۆچوونی هەر یەک لەو دوو کەسە یان لایەنە دەتوانێ ببێتە هۆی تووڕەبوون و پێناخۆشبوونی کەس یان لایەنی دیکە. ئەمە دەتوانێ ببێتە هۆکاری خەوشدارکردنی ئەو وێنایە کە کەسێک یان لایەنێک لە خۆی هەیەتی.

ئاخافتن و قسەکردن یەکێک لە ڕێگاکانی پێوەندیگرتن بۆ گەیاندنی زانیاری بە یەکتر و دابەشکردنی ئەزموونە. بە گوێرەی یوسووند و هووسەبی، مید (Mead) دەڵێ کە تایبەتمەندییەکانی هەر مرۆڤێک لە ئاکامی کارێکدا دەردەکەوێ. کاتێک کە مرۆڤێک کارێک دەکا، ئەوە سەرنجی خەڵکی دیکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەوان کارەکە هەڵدەسەنگێنن و دژکردەوەیان دەبێ بە نسبەتی ئەو کارەوە لە ڕێگەی ووتنی شتێک، شێوەی تەماشا کردن و یان ڕەفتاری خۆیان. ئەو دژکردەوەیە یان ڕئاکسیۆنە جوابێک دەگەڕێنێتەوە بۆ شەخسی یەکەم کە کردەوەکەی ئەنجام داوە. ئەوە تێگەیشتنێک لە شێوازی دژکردەوە و کاری ئەوان دروست دەکا و وەک هەڵسەنگاندنێک و سیگناڵێک کە چوون هەڵسووکەوتی کردووە، وەردەگرێتەوە. لە بەر ئەوەی کە شێوازی ڕوانین و قسەکردنی هەر کەسێک، بەشێکی گرینگ لە وجوودی خۆیەتی. دژکردەوەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی پلەی بەرزن و یان گرینگ و خاوەن پلە و پێگەیەکی گرینگ و بەرچاون، بە گرینگ دادەنرێ. ئەوەی کە لەو بوارەدا تایبەتە بەو لێکۆڵینەوەیە و گرینگە کە باس بکرێ ئەوەیە کە هەر دوو لایەنی کێشەکە لە وانەیە ئەوەندە لاواز نەبن کە بە هۆی یەکترەوە زەبر لەو وێنایە بکەوێ کە هەر کامەیان نسبەت بە خۆیانەوە هەیانە. بەڵام کاتێک کە کەسانی دیکەی

خاوەن پلەی بەرزی ڕێکخراوەیی لە نێو جەمعێکدا پشتیوانی لە یەکێک لەو دوو لایەنە بکا، دەتوانێ شک و گومان لە لای لایەنی بەرامبەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وێنایەی کە لە خۆی یان ڕێکخراوەکە هەبووە تووشی شک و گومان بکا. لە ئاکامدا ئەو کارە دەتوانێ ببێتە هۆکار کە کێشەکە بە ئاقارێکی دیکەدا ببرێ و ئاکامێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە. هەروەها نابێ لە بیر بکرێ کە گۆڕینی شوێنی کار و تێکۆشانیش وەک فاکتۆری دەرەکی، دەتوانێ کاریگەریی هەبێ لە سەر پێوەندییە نێوخۆییەکانی ڕێکخراوێک کە ئەو شتەش لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەرچاوە.

ناکۆکیەکان بە هۆی پێکدادانەکانی نرخەکان: ئەو ناکۆکیە کاتێک سەرهەڵدەدات کە باوەڕە ئەخلاقیەکان، نرخ و بەها بنگەهینەکان و ئەو تێڕوانینانەی کە دوو کەس یان لایەن لە کارەکانیاندا بایەخی پێ دەدەن، لە بەر یەک دەکەوێ. لێرەدا مەبەست لە تێروانین یانی هیوا و حەزی تا ڕادەیەک نەگۆڕە بۆ ئەوەی کە دژکردەوەی تایبەت لە هەمبەر مرۆڤەکانی دیکە، شتێک، کارێک و یان بارودۆخێک کە لە گەڵیان بەرەورروو دەبێ، لە خۆی نیشان بدات. ئەوەی کە تایبەتە بەو لێکۆڵینەوەیە بە نیسبەت ناکۆکیەکان بە هۆی لە بەریەککەوتنی نرخ و بەهاکان لە ڕەوتی جێبەجێکردنی ئەرکەکان و یان ئەنجامدانی کردەوەیەک کە لایەنی بەرامبەر ئەو کردەوانە بە هەڵە دەزانێ. نموونەی زەق لەو لێکۆڵینەوەیەدا شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگەکانە لە لایەن بەرپرسانەوە کە هەر لایەنێک تێروانینێکی جیاوازی هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە و، ئەمە دەبێتە هۆی لە بەریەککەوتنی نرخ و بەهاکان و پێکهاتنی ناکۆکی. کاتێک کە لێرەدا باس لە نرخەکان دەکرێ، مەبەست نرخ و بەها کولتووری و ئۆلییە جیاوازەکان نیە؛ بەڵکوو زیاتر نرخە ئەخلاقی و تاکەکەسیەکانن.

ناکۆکیەکان بە هۆی بەرژەوەندییە جیاوازەکان: ئەگەر دوو لایەن پێکەوە بە هۆی بەرژەوەندیی جیاواز، پێویستیی جیاواز و یان ئارەزووکردنی شتی جیاواز هاوڕا نەبن و یان تووشی ناکۆکی بن، بە واتای ئەوەیە کە لە نێوانیان دا ناکۆکی بە هۆی بەرژەوەندیی جیاواز هەیە .ئەوەی کە تایبەتە بەو لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە کە کاتێک ئەکتەرێک کە لە خەباتی ئازادیخوازانەدا بەشدارە و خاوەنی پلە و پایەی بەرزی ڕێکخراوەیی بێ ونەتوانێ بە شێوازێکی

بێلایەن هەڵوێست بگرێ و هەڵوێست و بڕیارەکانی لە ژێر کاریگەریی نەزەر و بیروبۆچوونی کەسانی دیکەدا پاقژبوونی خۆیان لە دەست بدەن، دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی ڕەوا و دروستی گرووپی و تاکەکەسیی کەسانی بەشدار لە خەباتدا تووشی کۆسپ و تەنگ و چەڵەمە بکا و ببێتە هۆی لەبەریەککەوتن و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان. لە لایەکی دیکە، جیاوازیی لایەنەکان و هاوڕانەبوونیان لە سەر ئەوەی کە چ شتێک لە بەرژەوەندیی گشتیدایە، دەکرێ ببێتە هۆی قووڵبوونەوەی ناکۆکیەکان. هەروەها دابەشکردنی شتی مادی و مەعنەوی (وەک پۆستی ڕێکخراوەیی و شتی وەک ئەو) لە نێوان تاکەکان و پرسۆنێلی ڕێکخراوێکدا ئەگەر وا هەست بکرێ کە دادپەروەرانە نیە، دەتوانێ ببێتە هۆی خوڵقاندنی ناکۆکی. هەندێک کەس لە ئینفۆرمانتەکان ئەوەش بە هۆکارێک دەزانن بۆ ئەو ناکۆکیانەی کە لێرەدا باسیان لێ دەکرێ.

ناکۆکیەکانی کێیسی (دۆز) یان مژاری: ئەو ناکۆکیانەی کە لە سەرکێیس یان مژارێکی دیاریکراو کە پێوەندیی بە ئامانج و ڕێ و ڕێبازێکی دیاریکراو و کۆنکرێتەوە هەیە و گرێدراوە بە بەرژەوەندی و هەستی شەخسییەوە، کە لە ژێر ناوی ناکۆکیی دۆز یان مژاریدا پۆلێنبەندی دەکرێن. لە ڕاستیدا لەو جۆرە ناکۆکیەدا، ناکۆکی لە سەر ئامانج و یان ئاکامێک نیە؛ بەڵکوو لە سەر شێوازی گەیشتن بە ئامانجە کە کێشە دێتە پێش. یانی ئەو مێتۆدانەی کە بە کار دەبرێن بۆ گەیشتن بە ئامانج[١].

هەر یەک لەو جۆرە ناکۆکیانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێداون، بە شێوەیەک و لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەیەکی تایبەتیدا خۆیان نیشان دەدەن و هەر یەک لە ئینفۆرمانتەکان کە باس لە ناکۆکیەکی دیاریکراو دەکات، بە جۆرێک باسی دەکات کە هاوکات دەتوانێ لە ژێر یەک یان چەند دانە لەو کاتاگۆریانەی سەرەوەدا دەستەبەندی بکرێ.

١ Gjøsund og Huseby, ١٩١-١٨٩ & ٤٦-٢٠١٥:٤٢

## قۆناغەکانی پەرەگرتنی ناکۆکیەکان

یوسووند و هووسەبی هەر وەک یاکووبسێن (Jacobsen) و تووشڤیک (Thorsvik) دەڵێن کە ناکۆکیەکان بۆ پەرەگرتن و گەورەبوون چوار قۆناغ تێدەپەڕینن. بەڵام ئەو چوار قۆناغانەی کە ئەوان باسی دەکەن، هێندێک لەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە. لێرەدا لە پێشدا چاوێک بە سەر ئەو چوار قۆناغەی کە یوسووند و هووسەبی باسیان کردووە، دەخشێنین و دواتر دەچینە سەر ئەو چوار قۆناغەی کە یاکووبسێن و تووشڤیک باسیان لێ کردووە.

قۆناغی یەکەم سەرچاوەی ناکۆکیە، کە پێی دەڵێن مەرجی زاتیی ناکۆکیەکە. جیاوازیی پلە و پایە، پێویستیەکانی گرێدراو بە هەست، نرخەکان، بەرژەوەندییەکان و هەڵوێستەکان لە لای شەخسێک و یان گرووپێک لە کاتێکدا کە دەگاتە بەرژەوەندییەکان، هەڵوێست و نرخ و بەهاکانی تاک یان گرووپێکی دیکە، دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکیەکان و پەڤچوونەکان. ئەوە لە لایەن یاکووبسێن و تووشڤیکەوە بە ناکۆکیی شاراوە ناودێر کراوە.

قۆناغی دووهەم پەژراندنی هەبوونی ناکۆکیە. بەو مانایە کە ئەوەی کە لایەنێک تێدەگا و لە فکریدایە و پێی خۆشە، شتێکی بە تەواوی جیاوازە لەوەی کە لایەنەکەی دیکە پێی خۆشە و یان دەیەوێ. ئەوە لە لایەن یاکووبسێن و تووشڤیکەوە بە هاوڕا نەبوون ناودێر کراوە.

ئەو دوو قۆناغەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێ کرا، لەو لێکۆڵینەوەیەدا زۆر بەرچاو نین و بە جۆرێک مرۆڤ دەتوانێ هەست پێ بکا کە دەبێ ئەو دوو قۆناغە زۆر کورتخایەن بووبن لەو ناکۆکیەدا کە لێرەدا مەبەستمانە. بەڵام کە دەگاتە قۆناغی سێهەم، مەسەلەکە بە تەواوی زەق و بەرچاوە.

قۆناغی سێهەم شێوازی هەڵسووکەوت و ڕەفتارە لە ڕەوتی ناکۆکیەکاندا؛ لەو جێگایەوە کە ناکۆکیەک ڕوو دەبێ و بە ئاشکرا دەردەکەوێ. ئەوە لە لایەن یاکووبسێن و تووشڤیکەوە بە ناکۆکیی هەستبزوێن ناودێر کراوە. دوو فاکتۆر لە سەر ئەمە کاریگەری دادەنێن: ڕادەی حەز و ئیشتیا بۆ هاوکاری و ڕادەی خۆدەرخستنەوە. مەبەست لە حەز و ئیشتیا بۆ هاوکاری بەو مانایەیە کە تا چ ڕادەیەک لایەنێک حازرە مەیدان و ڕێگا بدات بە حەز و ویستی لایەنی دیکە. خۆدەرخستنەوەش بەو مانایەیە کە تا چ ڕادەیەک کەسێک سەرقاڵ و

مژوولی بەدەستهێنانی ویستەکانی خۆیەتی لە هەلومەرجی دەرکەوتنی ناکۆکیدا. یوسووند و هووسەبی لە سەر بنەمای ئەم دوو فاکتۆرە، پێنج شێواز لە ڕەفتار و هەڵسووکەوت لە کاتی ناکۆکیەکاندا لە یەکتر جیا دەکەنەوە کە بریتین: ڕقابەت/رکابەری، هاوکاری، دوورەپەرێزی، وازلێهێنان و سازان (ڕێککەوتن) لە هەلومەرجی ڕکابەریدا رەفتار پڕ دەبێ لە خۆدەرخستنەوە و نەبوون و لاوازیی ویستی هاوکاری. لەو شێوەیەدا هێز و زەخت و گوشار بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی پێویست و ناخۆش بە کار دەبردرێ. ئەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی بە پەلە و یان لە کاتێکدا کە کەڵکی خراپ لە ئازادی و یان متمانە وەردەگیرێ، بە کار دێت.

ڕەفتارێک دەرئەنجامی هاوکارییە کە لایەنەکان لە ڕێگای دیالۆگ و گەنگەشەوە ڕێگاچارە دەدۆزنەوە کە هەموو لایەک بتوانن پێی ڕازی بن.

ڕەفتاری لە ئاکامی دوورەپەرێزیدا بەو مانایەیە کە لایەنەکان پرسگرێکەکان لە ژێر بەڕەدا دەشارنەوە، لە کاتێکدا کە شک و گومان لە کێشەکاندا هەیە و، یان ئەوەی کە پرس یان گیروگرفتی دیکە دەبێ پێشترێتی (ئەولەوییەت)ی پێ بدرێت.

ڕەفتاری وازلێهێنان ئەوە لە خۆی دەگرێتەوە کە لایەنێک پێرەوی لە لایەن یان لایەنەکانی دیکە دەکا، بۆ ئەوەی کە ناکۆکیەکان کۆتاییان پێ بێت.

ڕەفتاری سازشکارانە واتە ئەوەی کە، لە ڕێگەی دانوستاندنەوە ڕێگاچارە و چارەسەرییەکی نێوەنجی بۆ مەسەلەکان بدۆزنەوە؛ بە شێوەیەک کە هەر یەک لە لایەنەکان شتێک دەدەن و شتێک وەردەگرنەوە.

قۆناغی کۆتایی نەتیجەی ناکۆکیەکانە کە یان ئەرێنین و یان نەرێنی؛ و ئەوەش بۆ خۆی بەستراوەتەوە بەو ڕەفتارەی کاتی ناکۆکیەکان کە گرووپەکە بە سەریدا کەوتووە[١].

لەو پرسەی کە لێرەدا مەبەستی لێکۆڵینەوەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ناکۆکیەکان و ئەو ڕەفتارەی کە زۆرتر نیشانەی ململانێ و ڕقابەت بووە، دەردەکەوێ کە ئاکامێکی نەرێنیان بووە هەم بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان و هەم بۆ ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییان بەو ناکۆکیەوە هەبووە. لە ڕەوتی شیکردنەوەدا ئەو ڕاستیە دەخرێتە بەر چاوی خوێنەران.

١ Gjøsund og Huseby, ٢٠١٥: PP. ١٩٧-١٩١

## ناکۆکیەکان پلە بە پلە

یاکووبسێن و تووشڤیک ناکۆکیەکان لە چوار پلەدا ڕیزبەندی دەکەن: ناکۆکیی شاراوە (latent conflict)، هاوڕا نەبوون (disagreement)، ناکۆکیی پڕ لە هەست (emotional conflict) و ناکۆکیی ئاشکرا (manifested conflict).

بەستراوەیی دوو لایەنە سەرچاوەیەکە بۆ ناکۆکی. بەستراوەیی کاتێک دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە لە نێوان دوو لایەندا کە ئەو دوو لایەنە نەتوانن ڕێگایەک بۆ هاوکاری لەگەڵ یەک بدۆزنەوە. بەو مانایە کە بەستراوەیی هۆکارێکی نووستووە بۆ ناکۆکی. کاتێک کە لایەنەکان نەزەر و ڕای جیاوازیان هەبێ و یان هاوڕا نەبن لە سەر ئەوەی کە ئامانج چیە بۆ وەدەستهێنان و یان بە چ شێوەیەک کارێک جێبەجێ بکرێ، ناکۆکیەکە پلەیەک دەچێتە بان و هۆکاری نووستوو وەخەبەر دێ. سەرەڕای ئەوە، هێندێک جار ئەگەری ئەوە هەیە کە لایەنێک هەست لەگەڵ هاوڕانەبوون تێکەڵ بکا و ڕەفتاری لایەنی بەرامبەر وەک هەڕەشە لێک بدات و ئەوە وای لێ بکا کە تووشی دڵەڕاوکێ بێ و، پەرە بە نەیاری و دژایەتی بدا. لە وەها ڕەوشێکدا ئەوە وای لێ دێت، کە لایەنەکانی پێکەوە ناکۆک ئەگەر چی لە سەر کێشە و گرفتەکانیش قسە دەکەن، بەڵام زۆرتر لە سەر یەکتر قسە دەکەن. لە پلەی ئاخردا، لایەنەکان بە ئاشکرا دژایەتیی یەکتر دەکەن و هەوڵ و ئامانجیان بۆ تێکشکاندنی لایەنی بەرامبەرە.

## دوو هۆکاری سەرەکی هەن کە کاریگەرییان هەیە بە سەر ڕادە و پلەی ناکۆکیەکان:

١.ئەوەی کە هەر لایەنێک چەندەی داناوە بۆ گەمە. ڕکەبەری لە سەر چەندە سەرمایە (ف. منابع) و یان سەرچاوەیە و هەر لایەنێک چەندە ویست، بەرژەوەندی و پریستیژی خۆیان لە نێو ناکۆکیەکەدا دادەنێن.

٢. ئەوەی کە بالانس یان بارودۆخی هێز (دەسەڵات) لە نێوان لایەنەکاندا بە

چ شێوازێکە. ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان زۆر بەهێز بێ، دەتوانێ ناکۆکیەکە بخاتە ژێر تەوژمی خۆی[1].

ناکۆکیەکان لە ڕێکخراوەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی، لە لایەن یاکووبسێن و تووشڤیکەوە لە سەر دوو دەستەی سەرەکیدا دابەش کراون: ناکۆکیی ڕۆڵ و ناکۆکیی نێوخۆیی پرسۆنێل.

ناکۆکیەکانی ڕۆڵ و یان ناکۆکی لە نێوان ناسنامەی جیاواز لە کاتێکدا دروست دەبێ کە کەسێک بە هۆی ئەو پۆست و پلەیەی کە لە ڕێکخراوێکدا هەیە، لەگەڵ ڕۆڵ و چاوەڕوانیی جیاواز بەرەوڕوو بێ، کە بەجێگەیاندنی یەکێک لەو ئەرک یان چاوەڕوانییانە ببێتە هۆی لەدەستچوونی ئەوانەی دیکە.

ناکۆکیەکانی نێوخۆیی پرسۆنێل بۆ خۆی لە سەر چەند ژێربەشی وەک ناکۆکیەکانی شەخسی و گرووپیدا دابەش دەبن. ناکۆکیەکانی شەخسی لە کاتێکدا سەرهەڵدەدەن کە تاکەکانی نێو ڕێکخراوەکان نەتوانن پێکەوە هاوکاری بکەن. ناکۆکیەکی ساکاری لەو شێوەیە گرێدراوەتەوە بە شەڕ و ڕقابەت لە سەر پۆستەکانی ڕێبەری. لە ڕێکخراوەکانی هەرەمیدا هەر چی کەسێک لە هیرەمی ڕێکخراوەییدا بەرەو سەر هەڵکشێ، ئەوەندە ژمارەی پۆستەکانی ڕێکخراوەیی کەمتر دەبێ. بۆیە دەبێتە ئالۆزی لە نێوان ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوەکەدا کە پێیان وایە شایانی پۆستێکی موشەخەسن و یان لە نێوان ئەو کەسانەی کە پۆستەکەیان بە دەستەوەیە و ئەوانەی کە خاوەنی پوتانسیێلی بەهێزن بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەو پۆستە.

ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکیەکانی گرووپی لە ڕێکخراوەکاندا لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ هەیکەلی فەرمیی ئەو ڕێکخراوانە. ئەو جۆرە ناکۆکیانە کاتێک سەرهەڵدەدەن کە کەسێک لەوەدا کە پێی وایە کار و ئەرکی لەو بەشەی کە کاری تێدا دەکا، لە کار و ئەرکی هاوکارانی گرینگترە و یان ئەو بەشەی کە هاوکاری تێدا دەکا لە بەشەکانی دیکەی ڕێکخراوەکە گرینگترە. و لە لایەکی دیکەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە بە هۆی کولتووری ڕێکخراوەیی، ناکۆکی بە هۆی سووب-کولتوورەکانەوە کە لە دەوروبەری هێندێک ئەرکی تایبەتی، لە ئاستە جیاوازەکانی هەرەمی ڕێکخراوەکە و بەشە سەرەکییەکانیدا سازدەبن، بێتە ئاراوە. هەموو ئەمانە دەتوانن ببنە هۆی پێکهاتنی ویست و بەرژەوەندیی جیاواز لە

١ Jacobsen og Thorsvik, ٢٠٠٨: PP.١٧٠-١٦٧

بەشە جیاوازەکان و لە ئاستە جیاوازەکاندا. مەبەست لە سووب-کولتوور لێرەدا لەتە-کولتووری ڕێکخراوەییە. بۆ نموونە: کاتێک کە شەڕی چەکداری وەک چەقی سەرەکیی خەبات دەهاتە ئەژمار، فەرماندەرانی هێزەکانی چەکداری، ئەرک و کاری خۆیان لە بەشی سیاسی پێ گرینگتر بوو و ئەوە بە جۆریک ببووە نەریت لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا.

جێگای ئاماژەیە کە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە ئینفۆرمانتەکانی سەرەکی وەرگیراون بۆ ئەم پرۆژەیە، دەردەکەوێ کە سەردەمی سەرهەڵدانی ناکۆکیەکە لە کاتێکدا بووە کە هێزی پێشـمەرگە لە شەڕیکی قورسدا بوون بۆ بەرگری بە دژی هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەو سەردەمەدا نەک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی دیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەموو ناوەندەکاندا ئەوە هێزی چەکداری بوو کە حیسابیان لە سەر دەکرا و خاوەنی قورسایی بوون و کارەکانیان بە گرینگ دادەنرا. ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەبووە هۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان بەشی سیاسی-تەشکیلاتی و بەشی چەکداری. بەڵام ئەو کێشەیە تەنیا کێشەیەکی گرووپی نەبووە. لە نێو ئینفۆرمانتەکاندا کەسانێک هەن کە قورسایی زانیارییەکانیان لە سەر کێشەی گرووپیە و کەسانێکیش هەن کە ئەو کێشەیە و یان بەشی زۆری ئەو ناکۆکیە گرێ دەدەنەوە بە کێشەی شەخسی و بە تایبەتی ڕقابەت لە سەر پۆستی ڕێکخراوەیی.

## واتای هێز و دەسەڵات لە ناکۆکیەکانی ڕێکخراوەییدا

بۆ یاکووبسێن و تووشڤیک هێز/دەسەڵات واتایەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە ناکۆکیەکان لە ڕێکخراوەکاندا. ئەوان دەڵێن کە "لە پشت هەر ناکۆکیەک دابەشکردنی دەسەڵات هەیە". مەبەست لە هێز یان دەسەڵات لێرەدا یانی توانایی و شیانی ئەکتەرێک بۆ سەرکەوتن بە سەر دژایەتی یان هەڤرکیدا بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێک یان ئاکامێک[١].

یاکووبسێن و تووشڤیک دوو جوورە بەکارهێنانی هێز لە یەکتر جیا دەکەنەوە: بە کارهێنانی هێزی ئاشکرا و شاراوە.

١ Jacobsen og Thorsvik, ٢٠٠٨:١٥٣

هێزی ئاشکرا دەتوانێ بە سێ شێوە بە کار ببردرێ: هێزی زۆرەملی، هێزی گۆڕینەوە و هێزی هاندان/"اقناع".

هێزی زۆرەملی بە واتای بەکارهێنانی هێزی سایکۆلۆژی یان فیزیکی بۆ بە زۆر ناچارکردنی کەسێک یان کەسانێکە بۆ ئەوەی کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان شتێک بکەن.

هێزی گۆڕینەوە بەو واتایەیە کە ئەکتەرێک کۆنترۆڵی هەبێ لە سەر ئەو مەنابع وسەرچاوانەدا کە ئەوانی دیکە پێیەوە بەستراونەتەوە و یان مەیل و ویستیان بۆی هەیە و دەیانەوێ وەدەستی بێنن. لێرەدا بە هۆی پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ڕادەی بەستراوەیی و ڕادەی هێز، ئەوە ڕادەی بەستراوەییە کە ڕادەی هێز دەستنیشان دەکا. لە ڕێکخراوەکانی نووژەن و مودێڕندا، هێزی گۆڕینەوە، واتە سەرچاوەکانی ماتریێل و خەڵاتەکان کە کەسێک کۆنترۆڵی بەسەردا هەیە و لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە لە ڕێکخراوێکدا ڕێبەرێک دەتوانێ لە قەوڵ و بەڵین بۆ پلە و پایە و ...هتد وەک خەڵات یان سزا/ئەستاندنەوەی خەڵات کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی کە فەرمانبەرەکان ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، یان ڕەچاوکردنی شێوە ڕەفتار و یان هەڵسووکەوتێکی دیاریکراو بکا.

هاندان گرێدراوەتەوە بە هێزی "استدلال" و هۆکار هێنانەوە. لە جێگایەک کە ئەکتەرێک لە ڕێگای بەکارهێنانی زانستی خۆی و هێزی ڕێتۆریک (هونەری ئاخافتن) بە چەشنێک کاریگەری لە سەر ئەکتەرەکانی دیکە دروست دەکا کە ئەوان هۆکارەکانی بە دروست و ماقووڵ حیساب بکەن و بۆیە پشتیوانی لە ئاکامگیرییەکەی بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مژارەی کە لێرەدا مەبەستمە شرۆڤەی بکەم، دەردەکەوێ کە لایەنی سیاسی کە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو لایەنە شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور بوون، لە هەر سێ شێوازی هێزی ئاشکرا کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی کە بە سەر لایەنی دیکەدا (واتە بە سەر کەسانی وەک هاشم ئیبراهیمزادە و حەسەن بازووکە و فرامەرز عوسمانی و چەند کەسێکی دیکە، کە لە ئەکتەرە سەرەکی و ناسراو و، لە فەرماندە نیزامیەکانی هێزی پێشمەرگە بوون) سەرکەون. ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە لایەنی دیکە بێجگە لە هێزی ئیقناع شتێکی دیکەیان لە بەر دەستدا نەبووە. بەو مانایە کە فەرماندە نیزامیەکان لە نێو هێزی پێشمەرگەدا سەرنجی زۆربەیانی بۆ لای

خۆیان ڕاکێشابوو و، زۆرینەی پێشمەرگەکان پشتیوانیان لە فەرماندەرانی خۆیان دەکرد تا بەشی ڕێبەریی ناوەند.

هێزی شاراوە بە دوو شێوە کاری پێ دەکرێ: سەپاندن و هێزی سیستماتیک. یاکووبسێن و تووشڤیک دەڵێن کە کاتێک مرۆڤەکان، هێزیان لە دژ بە کار دەهێندرێ، بە بێ ئەوەی کە خۆیان ئاگایان لێ بێ، یانیش ئیمکانی ناسینی ئەو کەسەیان نەبێ کە هێز بەکار دێنێ، ئەمە بە واتای "بەکارهێنانی شاراوەی هێزە". ئەوە دەتوانێ لە ڕێگای سەپاندن و یان ناڕاستەوخۆ/ بەکار هێنانی هێزی سیستماتیک بێ، لە ڕێگای کونترۆڵکردنی زمان، نۆرمەکان (عورف) و یان هەیکەلی ڕێکخراوەیی.

سەپاندن کە دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری هەبێ، بە نائەخلاقی و نایاسایی دادەنرێ. هێندێک لە ئەکتەرەکان دەتوانن "سوو ئستفادە" بکەن و شتێک بسەپێنن لە ڕێگای شاردنەوەی زانیاری و دۆسیەکان و، باسنەکردنی ئاشکرای زانیارییەکان و هەروەها باسنەکردنی هەموو هۆکارەکان و ... هتد.

هێندێک کەسیش دەتوانن هێز بەکار بێنن بۆ داڕشتنی هەیکەل یان کولتوورێکی ڕێکخراوەیی کە ئامانجیان ئەوە بێ کە خەڵکی دیکە بۆ بەرژەوەندیی ئەوان کار و تێکۆشان بکەن. و بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانی هێز شاراوەیە، خەڵک بە دژی ئەو جۆرە کارانە دژکردەوەیان نابێ. هەیکەلی ڕێکخراوەکان کە مایندە (ف. ثابت) و سیستماتێکن و بە دیسیپلین خۆیان دەنوێنن، ئیزن بە ناکۆکی نادەن و فەرمانبەرەکان چاوەڕوانیی جێگای پەسەندیان لێ هەیە کە لە نێو ئەو چوارچیوە فەرمییەدا جێ دەگرن (خۆیان پابەند بە پیادەکردنی هێز لە سەریان لە چوارچیوەی هەیکەلی ڕێکخراوەییدا دەزانن و دژایەتیی ناکەن). ئەگەر کەسێکیش شتێک بکا کە بچێتە دەرەوەی سنووری ئەو چوارچێوەیە، دەزانێ کە تووشی سزادان دەبێ.

کولتووری ڕێکخراوەیی کە لە یاسای نافەرمی پێک دێ و ڕێگا دەداتە هەڵسووکەوتی جێگای قبووڵ، هێزێکی زۆری کۆمەڵایەتی و نۆرماتیڤ دەداتە ئەو کەسانە کە وەها کولتوورێک پراکتیزە دەکەن، بۆ ئەوەی کە کاری بەڕێوەبەری بکەن. وەها کەسانێک وەک ڕێبەرانی نافەرمی لە ڕێکخراوەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن و هێزی ئەوان لە سەر بناغەی پێویستیی مرۆڤەکان بە گرێدراوبوون و پێویستیی خۆناساندن لەگەڵ کەسانی دیکەیە. کەسانێک کە ئەو یاسایە نافەرمیانە دەشکێنن، دەتوانن تووشی جەزای نافەرمی بن.

یاکووبسێن و تووشڤیک دەڵێن ئەوەی کە دەیەوێ بەهێز بێ، دەبێ بناغەیەکی هەبێ بۆ هێزی خۆی تا کو بتوانێ لە ئەوانەی دیکە بەهێزتر بێ. ئەوان باس لە حەوت بناغە دەکەن کە هەر یەک لە وان دەتوانێ ببێتە بناغەیەک بۆ هێز: ١. پلە و پایەی هرەمی (هێزی فەرمی)، ٢. کونترۆڵ بە سەر دەستووری کارەوە، ٣. کونترۆڵ بە سەر زانیارییەوە، ٤. کونترۆڵ بە سەر ئەرکەکانەوە، ٥. کونترۆڵ بە سەر پرۆسەکانی بەکۆمەڵایەتیکردن (socialization processes) یانی هێزی نۆرماتیڤ یان نافەرمی، ٦. سەرچاوە و توانایی شەخسی (زانست، دەست پێراگەیشتن بە زانیاری، توانایی و شیانی کۆمەڵایەتی، هونەری و توانای ئاخافتن)، ٧. هەڤگرتن و تۆڕی پێوەندییەکان[١].

لەو کێشەیەی کە مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە، ئەگەر چی بەکارهێنانی شاراوەی هێزیش هەبووە، بەڵام ئەکتەرەکان هەموویان ناسراو بوون. بۆیە ئەو بەشە کە باس لە بەکارهێنانی هێز دەکات بەو مەرجە کە کەسانی بەکارهێنەری هێز نەناسراو بن بۆ ئەو کەسانەی کە دەکەونە ژێر زەخت و گڤاشی هێز، نامۆیە. بەڵام ئەوەی کە باس لە سەپاندنی بڕیارەکان دەکرێ و یان بە کار هێنانی سیستماتیکی هێز، شتێکە کە لەگەڵ ئەو دۆزەدا دێتەوە و لە شرۆڤەکردندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بناغەیەی کە تووشڤیک و یاکووبسێن بۆ هێز دەکەن، لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەو خاڵانە لە دەستی لایەنێکدا کۆ کرابوون و ئەوان زۆر بە شێوازێکی ژیرانە کەڵکیان لەو هەموو دەرفەتانە وەرگرتووە کە لە بەر دەستیاندا بووە.

مەرج نیە کە هەر ڕێبەرێکی خاوەن هێز و دەسەڵات لە ڕێکخراوێکدا خاوەنی ئۆتۆریتەش بێ. ڕێبەرێک دەتوانێ خاوەنی دەسەڵات بێ بەڵام ئۆتۆریتە نا. لە بەر ئەوەی کە ڕێبەران ئۆتۆریتەکەیان لە ئەوانەی کە لە ژێر دەستیاندا کار دەکەن، وەردەگرن. کاتێک کە ڕێبەرێک هێز و دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر بە کار دێنێ بۆ سەپاندن و ناچارکردنی ئەوانەی کە ژێر بەرپرسایەتیەکەیدا کار دەکەن، دەتوانێ ئاکامێکی زۆر خراپ و نەرێنیی هەبێ و ئەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدان، بە بیانی حیساب بکرێن. لە وەها حالەتێکدا مرۆڤ لە ڕێکخراوەکە دوور دەکەوێتەوە و ئەو کارەی کە بڕیارە بکا، بۆ ئەو وەک هاندانێکی کەم و بارێکی قورسی دەروونی دەبێ و بە دڵ و گیان شان ناداتە بەر ئەرک و کار.

لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن ڕێبەرەوە بە دروستی دەرکی

١ سەرچاوەی پێشوو، ر. ١٥٣-١٦٢ف

پێ نەکرێ، دەتوانێ ببێتە هۆی دژکردەوە لە کاتی پرۆسەی جێبەجێکردنی کارەکاندا و لە نەتیجەدا ئوتۆریتەی ڕێبەر لاواز بێ. یاکووبسێن و تووشڤیک دەڵێن کە "ئوتۆریتە بەو مانایەیە کە لە سەر هەر بڕیارێک نیشانەی پرسیار دانەنرێ، و هەر بڕیارێک کە دژایەتیی لەگەڵ دەکرێ، لەگەڵ دژکردەوە بەرەوروو نەبێ[1] ."

بەکاربردنی دەسەڵات لە هەر ڕێکخراوێکدا کاتێک بە مەشرووع و ڕەوا دەزانرێ کە ڕێبەر و ئەوانەی کە لە ژێر فەرمانیدا خەبات دەکەن، بە نیسبەتی یەکتر خۆیان لە زۆنێکی جێگای قبووڵ یان سنوورێکی جێگای قبووڵدا ببینن و لە نێوانیاندا چ بە شێوەی فەرمی یان نافەرمی بالانسێک هەبێ بۆ سوودمەندبوون لە پاداشتەکاندا و، یان بالانسێک هەبێ لە نێوان ئەوەی کە مرۆڤ دەدات (ڕادەی کار و تێکۆشان ) و ئەوەی کە مرۆڤ وەریدەگرێ (پاداشت، پلە و پایە)[2].

ماکس وێبێر سێ جۆر ئوتۆریتە لە یەکتری جیا دەکاتەوە:

١. ئوتۆریتە کە لە ڕێگای سیستمێکی یاسایی ژیرانە کە بە شێوەیەکی گشتی جێگای پەسەند بێ، بەیان دەکرێ.

٢. ئوتۆریتە لە سەر بناغەی داب و نەریت و باوەڕی بەوەی کە سیستمەکانی بەڕێوەبەری، ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە لە قەدیمەوە بوونی هەبووە، بەو شێوەیەیە کە دەبێ ببێ.

٣.توتۆریتەی کاریزماتیک کە دەتوانێ لە ڕێز و حورمەتی بەهێز پێک بێ. یانی پێرەوی کردن لە ڕێبەرێک کە خاوەنی دیاریی تایبەتیە (وەک قەهرەمان و ...).

بێجگە لەو سێ شێوەیە لە ئوتۆریتە، کە "وێبێر" لە یەکتری جیا کردووتەوە، "یاکووبسێن" و "تووشڤیک" چوارمین جۆریشیان دەستنیشان کردووە کە بە ئوتۆریتەی پسپۆرانە (پرۆفێسیۆنال) دەناسرێ. ئوتۆریتەی پسپۆرانە بەو واتایەیە کە ئەو ئەکتەرەی کە هێزی کارگێڕی بە کار دێنێ، وەک کەسێکی خاوەن زانستی دروست دەژمێردرێ و بۆیە بەکارهێنانی هێز/دەسەڵات لە لایەن ئەوەوە بە دروست حیسابی بۆ دەکرێ لە لایەن ئەکتەرەکانی دیکەوە[3].

---

١ سەرچاوەی پێشوو ڕووپەری ١٦٣

٢ سەرچاوی پێشوو

٣ سەرچاوەی پێشوو، رووپەری ١٦٤ و وێبێر ٢٠٠٨، رووپەرەکانی ١٦٧-١٧٠

لە پێوەندی لەگەڵ ئوتۆریتەی ئەکتەرەکانی جێگای باس لەو بەرهەمەدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە. بەڵام بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی کۆکراو، دەردەکەوێ کە لایەنی فەرماندەرانی چەکداری خاوەنی ئوتۆریتەی زیاتر بوون لە پێوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکاندا. بەڵام ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک کەڵکیان لە ئوتۆریتەی خۆیان وەرگرتبێ بۆ ئەوەی کە بە لایەنی بەرامبەریان بسەلمێنن کە ئەوان خاوەنی وەها ئوتۆریتەیەکێن لە نێو پێشمەرگەکاندا و یان لەو ئوتۆریتەیە بۆ گۆڕینی کێشەکان هەم لە بەرژەوەندیی خۆیان و هەم لە بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکەدا کەڵکیان وەرگرتبێ، جێگای پرسیارە.

## بەبێگانەکردن

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە بەکارهێنانی بەردەوامی هێز و دەسەڵات دەتوانێ ببێتە هۆی بەبێگانەکردنی ئەندامان لە ڕێکخراوێکدا. لێرەدا لە ڕوانگەی مارکسیستیەوە بە کورتی "بەبێگانەکردن" شی دەکەینەوە.

لە ڕوانگەی یووئاکیم ئیسرائیل (Joachim Israel)وە ئانالایزی مارکس لە بە بێگانەکردن، سێ مێحوەر لە خۆی دەگرێ: بە بێگانەکردنی ئۆلی (دینی، مەزهەبی)، بە بێگانەکردنی سیاسی و بەبێگانەکردنی ئابووری[1].

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە سەرنج دەدەینە بە بێگانەکردنی ئابووری کە لە سەر بناغەی بە بێگانەکردن لە کەد و کار واتای ئەو پەیڤە دەخاتە بەر دەست. گرینگترین بەشی بێگانەکردنی ئابووری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە کەڵکوەرگرتن لە هەیکەلی جڤاکی شرۆڤە دەکرێ کە لەوێدا پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی جڤاکی بۆ خۆی بەشێکە لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتیانە، بۆ کێشانی خەریتەی بارودۆخی هێز/دەسەڵات و ملکە.

ئەگەر کەسێک کە شتێک بەرهەم دێنێ (بەرهەمهێنەر)، بە زۆر بەرهەمەکەی لێ زەوت بکرێ و بەو چەشنە کەسێکی دیکە کە هیچ کەدێکی بۆی نەداوە ببێتە خاوەنی بەرهەمەکە، پرۆسەی پێکەوە گۆڕینەوەی کەرەستەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا تووشی کێشە دەبێ. لە بەر ئەوەی کە کەسێک دەبێتە خاوەنی بەرهەمەکە کە بەرهەمهێنەری نەبووە و بۆ بەرهەمهێنانی کەدی نەداوە.

---

١ Israel Joachim, ١٩٧١: PP. ٣٣-٣٢

بەس بەرهەمەکە دەبێتە شتێکی بێگانە بۆ خاوەنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، بۆ کرێکاری مۆچەخۆر و ئەو هێزەی کە بە کار هاتووە بۆ بەرهەمهێنان. ئەمە بۆ پێوەندیی نێوان وەرزێرەکان و خاوەن ملکەکانیش هەر ڕاستە. ئەگەر کەسێک وەرزێری بکا بۆ کەسێکی دیکە بە هۆی ئەوەی کە بۆ خۆی خاوەنملک نیە، لە ڕێگای مافی خاوەندارێتیەوە زەوی دەبێتە هێز و شتێکی نامۆ و بێگانە کە زاڵ دەبێ بە سەر مرۆڤەکاندا. کەسێک شتێک یان بەرهەمێک بە هی خۆی نازانێ بەبێ خاوەندارێتی کردن. ئەمە بەو مانایەیە کە وەها پێوەندییەک، مرۆڤەکان لە خۆی، لە بەرهەمەکە، لە سرووشت و ڕەگەزی مرۆڤەکان بێگانە دەکا[1].

ئەوەی کە لە سەرەوەدا ئاماژە پێ کرا بۆ هەموو جۆرە زەحمەت و خەباتێک هەر ڕاستە. کاتێک کە کەسێک لە بزاڤ یان حیزبێکی سیاسیدا بەشدار بێ و کەد و خەبات و لێهاتوییەکەی لە بەر چاڤ نەگیردرێ و زەحمەتەکە ئەو بکێشێ و لە لایەن کەس یان کەسانێکی دیکەوە دەستی بە سەردا بگیردێ، دەبێتە هۆی بەبێگانەکردنی ئەو کەسە لەگەڵ ئەو ڕێکخراو یان هێزەی کە تێیدا ئەندامە و خەبات دەکات. بۆیە لێرەدا مەبەست لە کار و کەد و بەرهەم ئەوەیە کە بەرهەمی کارێک دەتوانێ لە شتێکی مادی و دەستکردda کۆ بکرێ کە زیاتر قابلی هەستپێکردنە و یان لە حاڵەتی کار و خەبات بۆ ئامانجێک کە شکلی مادیی نیە. شکلی مادی و یان غەیری مادیی بەرهەمەکە لە سەر ئەسلی فۆرموولەکە و پێوەندیی نێوان بەرهەمهێنەر و بەرهەمەکە و مافی خاوەندارێتی کاریگەریی نیە.

## لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ناکۆکیەکان

لە ڕێکخراوەکاندا ناکۆکیەکان دەتوانن ئەرێنی و یان نەرێنی بن. ئەوەش گرێدراوەتەوە بە شێوازی هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان لە چوونیەتیی بەرەورووبوون لەگەڵ ناکۆکیەکان و چوونیەتیی هەوڵدان بۆ چارەسەرییان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناکۆکیەک بە ئەرێنی یان نەرێنی بە ئەژمار بێ. ناکۆکیەکانی ئەرێنی کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی ڕێکخراوەکان، بە ناکۆکیی بە کەڵک و بە سوود (فانکشنال) دەناسرێن. بە پێچەوانەوە، ناکۆکیە نەرێنیەکان کە هەڵوەشێنەر و تێکدەرانەن و دەبنە هۆی زیان و زەرەر بۆ ڕێکخراوەکان، بە ناکۆکیی بێ کەڵک

[1] Birkeland Åsmund: ۴۳-۲۵ :۱۹۹۲, & Næs, Arne: ۲۵۸-۲۵۴ :۱۹۷۶, Israel, Joachim: ۱۹۷۲: PP. ۴۰-۳۲

(دیس فانکشنال) ناودێر کراون[1].

ژێدەرەکان:


١. Makt og byrakrati, Gyndeldal Norsk forlag AS ,(٢٠٠٨) :Weber, Max

٢. Om Makt, Teori og kritikk, AD Nomat Gyldendal ,(١٩٩٩) :Engelstad, Fredrik

٣. Hvordan organisasjoner fungerer, ,(٢٠٠٨) :Jacobsen, Dag Ingvar & Thorsiv, Jan

Bergen: Fagforlaget Vigmostad & Bjorke AS

To eller flere..., Basiskunnskap i ,(٢٠١٥) :Gjosund, Peik & Huseby, Roar

gruppepsykologi, Cappelen Dan AS

٥. Bîranina Elî Kasifpur ,(٢٠١۴) :Kashefpour Karim

http://www.elikasifpur.com/eli_book.pdf

۶. Fra Marx til moderne sosiologi, Pax forlag A/S, Oslo. Boken ,(١٩٧٢) :Israel, Joachim

٢٠١٢٠١١٩٠٨٠٧٥_er hentet online: https://www.nb.no/items/URN:NBN:no-nb_digibok

٧. Filosofiens historie, II. fra renessanse til va tid, ,(١٩٧۶) ,Naess, Arne

Universitetsforlaget, Oslo, Bergen, Tromso. Boken er hentet online:https://www.nb.no/

٢٠١٣٠١٢۴٠٧٢٥٣_items/URN:NBN:no-nb_digibok

٨. av Birkeland, Asmund. Arbeid, Kapital, fremmedgjoring, Falken (١٩٩٢) :Marx, Karl

:forlaget. Boken er hentet online

٢٠٠٧١٠٢۴٠٠٠٥۶_https://www.nb.no/items/URN:NBN:no-nb_digibok

٩..لە سەر سەرچاوە زارەکییەکان لە بەشی مێتۆدەدا بە وردی باسی ئینفۆرمانتەکان کراوە.


هەموو سەرچاوە ئینترنێتیەکان لە ڕێکەوتی ١٠. ١٢. ٢٠١٩ ، کاتژمێر ١٩ :٢٠ کونترۆڵ کراون.

---

١ Jacobsen og Thorsvik, ٢٠٠٨: PP.١٧٢-١٧٠

## شیکردنەوەیەکی کورت

### لە سەر ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە و چۆنییەتیی پرۆسەی بڕیاردان لە حیزبی دێموکراتدا

### ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە:

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا دەبێ دانەر ئەو چەمک و دەستەواژانەی کە گرینگن، خاوەنی نرخ و بەهای تایبەتین و یان دەبنە هۆی لێ تێگەیشتنی جیاواز، لە پێشدا شڕۆڤەیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی کە هەم بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە کە هەر یەک لەو چەمکانە چ واتایێکیان هەیە و، هەم پێش بە بەلاڕێداچوونەوەی مەبەستەکەی بگرێ. لەو لێکۆڵینەوەیەدا "ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە" یەکێک لەو چەمکە گرینگانەیە کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە.

هەر وەک کە لە بەرچاو و ئاشکرایە، ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە دوو وشەی ئەخلاق و شۆڕشگێڕانە پێک هاتووە. "جێیمز ڕاچێلز" بە کەڵک وەرگرتن لە وتەکانی "سوقرات" دەڵێ کە "ئەخلاق واتە ئێمە چۆن دەبێ بژین " بۆ خۆشی لێی زیاد دەکاتەوە کە "بۆ" دەبێ وا بژین[1]. ئێمە لەو نووسینەدا کە باسی ئەخلاق دەکەین، لەو پێناسەیەی "ڕاچێلز" کەڵک وەردەگرین. شۆڕشیش ئاماژەیەکە بۆ گۆڕینی گەورە و جێگای سەرنج[2]. کە وابوو، شۆڕشگێڕیش بەو کەسانە دەگوترێ کە خوازیاری گۆڕینی بنەڕەتی و جێگای سەرنجن. بەس بە کورتی و بە سەرنجدان بەو پێناسانە، ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە باس لەوە دەکا کە شۆڕشگێڕەکان دەبێ چۆن بژین و بۆ دەبێ بەو شێوازە بژین.

---

١ ڕاچێلز، جێیمز، ٢٠٠٧، ل. ١

٢ Larsen, Bård ( ١٥,١١,١٨.), Hva er revolusjon, Civita.no
https://www.civita.no/politisk-ordbok/hva-er-revolusjon

## ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە و فەلسەفەی ئەخلاق

ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانە لە خۆی دەگرێتەوە کە شۆڕشگێرێک دەبێ لە ژیانی خۆیدا پێرەوییان لێ بکا و هۆکارەکانی ئەوە کە بۆ دەبێ شۆڕشگێرێک وا بژی، ڕوون دەکاتەوە. لە بەر ئەوەی کە ئەخلاقی شۆڕشگێرانە حاڵەتی دەستووردان و فەرماندانی هەیە و نزیکە لە فەلسەفەی دێئۆنتۆلۆژیی (ئەرکگەرایی، دەروەستگەرایی) "ئیمانوئیل کانت"، دەتوانرێ لە ڕیزی تیئۆرییەکانی نۆرماتیڤی ئەخلاقدا پۆلێنبەندی بکرێ. کەسێکی شۆڕشگێڕیش هەر وەک چۆن کانت باسی ئەرکگەرایی مرۆڤەکان دەکا، خۆیان لە بەرامبەر مرۆڤایەتی و کۆمەڵگادا بە ئەرکدار دەزانن و ئەو خۆ بە ئەرکدار زانینە، گەورەترین هۆکار و هاندەرە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێگای ژیانیان.

فەلسەفەی ئەخلاقیی کانت کە لە سەر بنەمای ژیریی مرۆڤ داندراوە و بە ئەخلاقی عەقڵگەرا بە ناوبانگە، پێی وایە کە زانستی ڕاست و دروست لە ڕێگای هۆش و بیرەوە بە دەست دێ، نەک لە ڕێگەی هەستەوە. بە باوەڕی کانت، یاسا ئەخلاقییەکانیش هەر وەک بیروباوەڕ بە خوا و ئازادی و ...هتد، وەک بیر و هزری پاک و بێگەرد لە بیر و هۆشی ئێمەدا بوونیان هەیە کە لە ڕێگای هەست و ئەزموونەوە، پێشاندانیان مومکن نیە. ئەم یاسایە، گشتی و سرووشتیە و، لە هەر کاتێکدا و بۆ هەر بوونەوەرێکی خاوەن شعوور دەبێ. کانت ئەوەی بە "ئەمری موتلەق" ناودێری کردووە. کانت ئەو "ئەمری موتلەق"ە (categorical imperative) بە دوو شێوە فۆرموولە دەکا کە یەکەمیان باس لەوە دەکا کە یاسایەک چ فۆرمێکی هەیە و دووهەمیان باس لە ناوەڕۆکی یاساکە دەکا.

یەکەم فۆرموول ئەوەیە کە "بەو شێوەیە کارێک بکە کە شێوازی ویست و مەیلی تۆ هاوکات بتوانێ ببێتە پرەنسیپێکی گشتی بۆ یاسادانان."

کاتێک کە کانت باسی "ویست" دەکا، لە بەر ئەوەیە کە هەموو ویستەکان حاڵەتێکی شەخسی و سابژێکتیڤیان هەیە کە لە شعووری پراتیکەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوە لە کاتێک کە یاسا شتێکە کە وەک یاسایەکی سروشتی، بە شێوەیەکی موتلەق جێگای پەسەندە و شتێکی گەردوونییە. مەبەستی کانت لەو مەرجە ئەوەیە کە مرۆڤەکان تا ڕادەیەک ژیرانە بیر لە ویستی خۆیان بکەن و حەزیان لەوە بێ کە ویستیان ببێتە یاسایەکی گەردوونی و نەک ئەوەی کە بۆ خۆی لەگەڵ خۆیدا ناکۆک بێ.

له نێوان دووهەمین فۆرموولەکردنی ئەمری موتلەقدا کە بە فۆرموولەکردنی مرۆڤی دەناسرێ، یاسای ئەخلاقی دەبێتە خاوەنی نێوەرۆک. دووهەمین فۆرموولەکردن بەو شێوازەیە: "بەو شکڵە هەڵسووکەوت بکە (کارێک بکە) کە هەموو جارێ مرۆڤایەتی لە قالبی خۆت و هەر مرۆڤێکی دیکەدا بە کار ببەی و هەر لەو کاتەدا وەک ئامانجێک و نەک وەک تەنیا کەرەستەیەک."

ئەگەر چی یەکەمین فۆرموولەکردنی "ئەمری موتلەق" حالەتێکی نگاتیڤی هەیە و باس لەوە دەکا کە کام ویست دەتوانێ گەردوونی بێ یان نە، بەڵام فۆرموولەکردنی دووهەم، حالەتێکی لە ڕاستای سرووشتی مرۆڤدا هەیە و باس لەوە دەکا کە کام ئەرکی ئەرێنیمان لە سەر شانە لە بەرامبەر خۆمان و خەڵکی دیکەدا.

کاتێک کە باسی مرۆڤەکان دەکرێ لێرەدا، لە وانەیە تێگەیشتنێکی هەڵە ساز بێ. مەبەستی کانت لە چەندایەتیی مرۆڤەکان نیە. بەڵکوو مەبەست "تایبەتمەندیی مرۆڤەکانە." هەروەها کاتێک کە باس لەوە دەکرێ کە نابێ مرۆڤەکان وەک کەرەستە بە کار ببردرێن، ئەوە نیە کە بۆ هیچ کارێک کەڵک لە مرۆڤەکان وەرنەگیردرێ. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە تەنیا وەک کەرەستە کەڵکیان لێ وەرنەگیرێ.

کانت لە دەرئەنجامی دووهەمین فۆرموولەکردنی "ئەمری موتلەق"دا دوو ئاکامی سەرڕنجراکێش وەردەگرێ. یەکەم ئەوەی کە هەر مرۆڤێک یەکینەیەکی خودموختارە. بەو واتەیە کە هەر مرۆڤێک خاوەنی تێگەیشتنێکی ئەخلاقی و ویست و حەزی ئازادە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانێ یاساکانی ئەخلاقیی خۆی دارێژێ بۆ ئەوەی کە چۆن بژی. بە کورتی یانی هەر مرۆڤێک لە سەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییەی کە یەکینەیەکی ئەخلاقییە و بۆ خۆی لە خۆیدا ئامانجە، خاوەنی ماف و ئەرکە کە بگاتە ئەو یاسایانەی کە پێی وایە ڕاست و دروستن لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە ببنە یاسای گشتی. هەر ڕاست لە بەر ئەو هۆیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی سەربەخۆیە، خۆی لە خۆیدا بەنرخە.

دووهەم ئەوەی کە مرۆڤ کە خۆی لە خۆیدا ئامانجە لە بەر سرووشتی خۆی، دەبێ ئەمە وەک ئیدەیەکی پراتیکیی بەهێز فۆرموولە بکرێ. یانی کاتێک کە هەر مرۆڤێک توانای ئەوەی هەبێ کە ئامانجەکانی خۆی بکاتە ئەمری واقع، بەو واتەیەیە کە ئەو کات مرۆڤایەتی توانیویەتی ئامانجەکانی بکاتە ئەمری واقع.

کانت له سەر ئەو بڕوایەیە کە مرۆڤەکان دەبێ لە سەر بنەمای بە فەرمی ناسینی ئەرک کارەکانیان بکەن. یانی سەربەخۆ لە ئاکامی کارەکان، مرۆڤ ئەرکی لە سەر شانە کە کارێک بکا یان نەکات. بۆ نموونە، زۆر جار دوژمنانی کورد بۆ ئەوەی کە بە سەر کوردەکاندا زاڵ بن، بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە حەلاڵ دەزانن. بەڵام کانت لەو بڕوایە کە هەموو جارێ ئامانج ناتوانێ کەرەستە پیرۆز بکا. ئەو پێی وایە کە کارێکی باش ئاکامی ویستێکی باش و خودموختارە. هەر مرۆڤێک خاوەنی شعوور و تێگەیشتنێکی پراتیک و سنووردارە و بە دوورە لەوەی کە کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی شانسی هەڵبژێرێ. حەز و ویستی مرۆڤ هەم سنوور بۆ خۆی دادەنێ نەک وەک ئەمرێکی جێگای گومان، نە وەک مەرج بۆ هەڵسەنگاندنی دەستنیشانکردنی کەرەستە بۆ ئامانجێکی ئاڵۆز، بەڵکوو وەک ئەمری موتلەق. وەک داخوازێکی دڵنیا، بە بێ ئەوەی کە گرێدراو بێ بە ئەوەی کە ئاکام دەبێتە چی. ویست و حەز ئامانج و سەرچاوەی حسابە ئەخلاقیەکانە. ئەمری موتلەقیش توانا و شیانی ویستەکانە، نەک بۆ دەرکێشانی زانست و نرخەکان. کاتێک کە کارێکی هەڵە و خراپ لە کەسێک سەرهەڵبدات، واتە بەکارهێنانی هەڵە لە ویستی ژیرانە. کاری باش لە ویستێکی ئازاد و باش کە لە گیانێکی باشدا جێگایان گرتووە، سەرچاوە دەگرێ. ئەرک باشترین دەرهاوێشتە و دوایین هەڵبژاردنی شێوازی ئەنجامدانی کردەوەیەکە. یانی تا چ ڕادەیەک کەرەستەکانی هەڵبژێردراو بۆ جێبەجێکردنی کارێک شیاوی بەرگری لێکردنن. بەو واتەیە کە مرۆڤەکان بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک دەبێ ئەنجامی کردەوەکانیان هەڵسەنگێنن، کردەوەکە هەڵبژێرن و وێنای بکەن و لە دواییدا ئەوە ئەرکە کە داخوازی تەواو دێنێتە گۆرێ کە ئەو کارە بە چ شێوەیەک ئەنجام بدرێ. بەڵام ئاخرین خاڵ کە ئاماژەی پێ کرا، هیچ کاتێک نابێ دابەزێندرێ بۆ ئاستی ئەو دوو خاڵەی دیکە. یانی شێوازی ئەنجامدانی ئەرک گرینگیی تایبەتیی خۆی هەیە. لێرەدا ئەگەر مانەوێ ئەوەی وەک بەشێک لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لێکی بدەینەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەگەر چی ئەرکی پێشمەرگە و کادر و ئەندامی حیزبی دێموکرات ئازادکردنی خەڵک و خاکی کوردستانە، بەڵام ئەمە ئیزنی ئەوەیان پێ نادات کە لە پێناوی ئەو ئامانجەدا هەر کارێک بکەن. بۆ نموونە حیزبی دێموکرات لە شەڕی جبهەیی و کلاسیک وازی هێنا و شەڕی پارتیزانیی هەڵبژارد، لە بەر ئەوەی کە شار و گوندەکان و

خەڵکی سڤیل تووشی زیان نەبن، لەو پرەنسیپەوە سەرچاوە گرتووە.

کاتێک کە کانت باس لە ئەرک دەکا، لە نێوان ئەرکی تەواو و ئەرکی ناتەواودا جیاوازی دادەنێ. ئەرکی تەواو ئەو ئەرکەیە کە لە هەموو کات و ساتێکدا و بۆ هەموو مرۆڤەکان وەک یەکە. بەڵام ئەرکی ناتەواو گرێدراوە بە کات و جێگا. بۆ نموونە، ئەوەی کە مرۆڤەکان نابێ هیچ کاتێک درۆ بکەن، ئەرکێکی تەواوە؛ بەڵام مرۆڤێک هەموو جارێ ئەرکی سەرشانی نیە کە یارمەتیی خەڵک بکا. دوکتور قاسملوو لە سەر ئەو مەسەلەیە لە وتارێکدا بە نێوی " باسێک لە سەر مودیرییەت" باسی ئەرکی گرینگ و گرینگتر و یان گرینگترین دەکا. ئەو لێکدانەوەی دوکتور قاسملوو لە سەر ئەرک زۆر لە پێناسەی کانت بۆ ئەرکی تەواو و ناتەواو نزیکە. مەبەست ئەوەیە کە بۆ شۆڕشگێڕێک هەر چەند ئەرکێک گرینگتر بێ، لە بواری ئەخلاقییەوە ئەنجامدانی پێویستترە.

## ئەخلاقی شۆڕشگێرانە لە ڕوانگەی
## "هۆ شی مین" و 'دوکتور قاسملوو"یەوە

هۆ شی مین (Ho Chi Minh)، ڕێبەر و خەباتکاری ڤییێتنامی، دەربازبوون لە کۆمەڵگای کۆن کە بناخەی لە سەر تاکگەرایی(ئندیڤیدۆئالیزم) داندراوە و پێوەستبوون بە هێزی گشتی (کۆلێکتیڤیزم) بە شۆڕش ناو دەبا و لە سەر ئەو بڕوایەیە کە کەسانێک دەتوانن وەها کارێک بکەن کە خاوەنی بناغەیێکی پتەوی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بن. ناوبراو لە سەر ئەو بڕوایەیە کە تاکگەرایی خاڵێکی دژبەری ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەیە و جوانیەکانی شۆڕش بێکاریگەر دەکات و دەبێتە هۆکار کە بە دڵ و گیان کار بۆ شۆڕش نەکرێ، و ئەمە دەبێتە کۆسپ لە سەر ڕێگای پێشکەوتن و مرۆڤ بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە. لەو خاڵەدا دوکتور قاسملوو کە وەک تئۆریسیەن و مێعماری بیر و ئەندیشەکان لە حیزبی دیموکراتدا دەناسرێ، لەگەڵ هۆ شی مین هاوڕایە و بەڵگەی زۆر لە بەر دەست دان کە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە دوکتور قاسملوو بۆ بەڕێوەبردن و بڕیاردان لە نێو حیزبی دێموکراتدا دژی فەردپەرەستی و لایەنگری بڕیاری بەکۆمەڵ بووە و لەو بڕوایەدا بووە کە کارەکان بە بڕیاری بەکۆمەڵ باشتر بەڕێوە دەچن و دەبێ بەرژەوەندیی تاکەکەسی بکرێتە فیدای بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی حیزب بکرێتە فیدای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.

"هۆ شی مین" دەڵێ کە بۆ لەناوبردنی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی کۆن و گەشەپێدان و پەروەردەکردنی باشیەکانی شۆڕشگێڕی، دەبێ بەردەوام بخوێنین (موتالعە بکەین). بەڵام خوێندن بەو واتەیە نیە کە تەنیا کەسێک بچێتە قۆتابخانە، بەڵکوو لە ڕەوتی تێکۆشانیشدا مرۆڤ دەتوانێ هەوڵی خۆپێگەیاندن بدات. لەو خاڵەشدا بیروبۆچوونی دوکتور قاسملوو و هۆ شی مین وەک یەکە و لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا و لە باسێک لە سەر مودیرییەتدا کە لە لایەن دوکتور قاسملوویەوە پێشکەش کراوە، خۆپێگەیاندن، بردنەسەری پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەندامانی حیزب و ئامووزش وەک ئەرکی ئەندامان دەستینیشان کراوە.

خاڵێکی دیکە کە هۆ شی مین لە سەر شۆڕشگێڕەکان باس دەکا، ئەوەیە کە

ئەوانەی کە خاوەنی جوانییەکانی شۆڕشگێڕین، نە لە دژواری و سەختیەکان و تێکشکانەکان دەترسن، نە تووشی شک و دوودڵی دەبنەوە و نە هەنگاو بەرەو دواوە هەڵدەگرن. بەڵکوو کەسێکی شۆڕشگێڕ دەبێ لە پێناوی حیزب، نەتەوە و مرۆڤایەتیدا بەرژەوەندییەکانی خۆی فیدا بکا و ئەگەر پێویست بێ، گیانیشی ببەخشێ. هەروەها شۆڕشگێڕەکان لە دوای سەرکەوتنیش جوانییەکانی شۆڕشگێڕیان دەپارێزن و سادە و ساکار دەمێننەوە و لە هەموو کەس زیاتر لە بیری کار و چالاکی دان و حازرن زیاتر لەگەڵ سەختی و ناخۆشی بەرەوروو بن. ئەوان لە پێشدا لە بیری کار دان و ئینجا لە بیری سوودوەرگرتن. ئەو خاڵەش پێوەرێکی هاوبەشە لە نێوان دوکتور قاسملوو و "هۆ شی مین" لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی شۆڕشگێڕدا. دوکتور قاسملوو دەڵێ کە "ئەوانەی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەن تەنانەت ئەگەر دەیان جار مردنیشیان لە پێش بێ، تا سەرکەوتن دەست لە خەبات هەڵناگرن[١]."

بە کورتی پرەنسیپەکانی ئەخلاقی شۆڕشگێرانە کە "هۆ شی مین" باسیان لێوە دەکا، ئەمانەن:

- .. تێکۆشان بۆ حیزب و ڕەچاوکردنی دیسیپلینی حیزبی و بەجێگەیاندنی ڕاسپێردراوەکانی حیزبی
- .. دانانی بەرژەوەندیی حیزبی و گشتی لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسی
- .. خزمەت بە خەڵک بە دڵ و گیان
- .. خوێندن (لێرەدا مەبەستی زانستی مارکسیستی-لێنینیستیە)
- .. ڕەخنەگرتن و ڕەخنە لە خۆ گرتن
- .. دەروەستبوون لە بەرامبەر حیزب و خەڵکدا
- .. خەباتی بێوچان بە دژی دوژمنان (مەبەستی "هۆ شی مین" لە دوژمن: سەرمایەدارەکان، دابونەریتی کۆن و تاکگەراییە) [٢]

لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە "هۆ شی مین" دەستنیشانی کردوون بۆ ئەوەی کە کەسێکی شۆڕشگێڕ دەبێ چوون بێ و نەچۆینەوە سەر باس لە هۆکارەکان. لە بەر ئەوەی کە ئەو هۆکارانەی کە "هۆ شی مین" بۆ شیکردنەوەی

١ Tishktv, وتە بەرنرخەکانی قاسملوو

لە خولەکی ٣٧ تا ٣٨ https://www.youtube.com/watch?v=٩٩YZO٥fNdRc

٢ ج، نوائی، (١٣٥٨)، با هوشی مین در تاریخ، ل. ٤٥-٦١

ئەو خاڵانە کەڵکی لێ وەرگرتوون، تایبەتن بە حیزب، وڵات و فەلسەفەی سیاسیی خۆیان. لە نێوان بیروبۆچوونی "هۆ شی مین" و "دوکتور قاسملوو"دا خاڵی هاوبەش زۆرن. بۆ باسکردن لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە حیزبی دێموکراتدا پێویستە شیکردنەوە بۆ هەردوو بەشی ئەو چەمکە بکرێتەوە. یانی لە پێشدا دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە لە سەر بنەمای کام پێوانە حیزبی دێموکرات (یان ئەوانەی کە ئەندامی حیزبی دێموکراتن) بە شۆڕشگێڕ دادەنرێ و پرەنسیپەکانی ئەخلاقیی مەبەست لەو حیزبەدا کامانەن تا دەرفەتی ئەوەمان هەبێ کە کردەوەیەک کە لە لایەن ئەندامێکی ئەو حیزبەوە ڕووی داوە، هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین کە گەلۆ شۆڕشگێرانە بووە یان نە.

پێشتر باس لەوە کرا شۆڕشگێڕ کەسێکە کە تێدەکۆشێ بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگادا. ئەگەر ئاورێک لە بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدەین، دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات بۆ سێ ئامانجی سەرەکیی دێموکراسی، دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی خەبات دەکا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدەستهێنانی هەر یەک لەو سێ ئامانجە بە تەنیا توانای پێکهێنانی گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا هەیە. کە واتە، ئەوانەی کە بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشن، کەسانێکی شۆڕشگێڕن. لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشت، هاتووە کە کەسێک دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزب کە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی قبووڵ بێ[1]. یانی ئەوانەی کە کادر، پێشمەرگە یان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن، ئەو پرەنسیپەیان قبووڵ بووە و بۆ ئەو سێ ئامانجە سەرەکییە کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێ کرا خەباتیان کردووە و پێناسەی شۆڕشگێڕ ئەوان دەگرێتەوە.

بەڵام کاتێک کە باس لە ئەخلاق دەکرێ، مەسەلەکە جیاوازە. ئەخلاق لە ڕاست و دروستی یان هەڵەبوونی هەڵسووکەوت و کردەوەی تاکەکان دەدوێ. دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکراتی کوردستانێ ئێران وەک یەکەمین حیزبی ئێرانی پێناسە دەکا کە ئەخلاقی هێناوەتەوە نێو سیاسەت و لەو بوارەوە دەڵێ "ئێمە بێئوسووڵی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە و بۆ جێگیر

---

١ برنامە و اساسنامە حزب دمکرات کردستان ایران، ل. ٥٤، مادە دوم عضویت حزب (بە داخەوە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا پەسەندکراوی کۆنگرەی ٦ و حەوت دەست نەکەوت).

کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و ئێمە یەکەم ڕێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردووە[1]."

دوکتور قاسملوو باش ئاگادار و شارەزای ئەو ڕاستیە بووە کە حیزبێکی خاوەن ئەخلاق، دەبێ لە ئەندامانی خاوەن ئەخلاق پێکهاتبێ. بۆیە هەوڵ دەدات چوارچێوەیەک بۆ کادرەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات دیاری بکا تا کو ئەوان بتوانن بە گوێرەی ئەو چاوەڕوانییانەی کە حیزب لێیان هەیە، هەوڵی خۆ پێگەیاندن بدەن. دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەوەی کە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بۆ ئەندامانی حیزبی دیاری دەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆی گرینگە کە ئەندامانی حیزبی بۆ خۆشیان بیر لە کار و تێکۆشان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو تێکۆشانە وەک کەسانێکی سەربەخۆ و بڕیاردەر بکەن. بۆیە دەڵێ: "بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرینگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کاتێک شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیدعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتووە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی[2]." ناوبراو هەروەها باس لەو مەرجانە دەکا کە حیزب دەستنیشانی کردوون و دەڵێ کە ئەندامانی حیزب بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژانەیان پێویستیان بە دوو مەرجی سەرەکی هەیە:

١. مەرجی سیاسی، و ٢. مەرجی تایبەتی. مەبەست لە مەرجی سیاسی "سیمای دێموکراتە" کە مەرجی سیاسی بۆ کادرێکی حیزبیە. بەڵام مەرجی تایبەتی "بریتیە لە هێندێک تایبەتمەندیی ئەخلاقی کە لە پێرەوی نێوخۆدا هاتووە[3]." یانی لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ لە کادرێکی حیزبی، لەگەڵ ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ لە ئەندامێکی ئاسایی یان پێشمەرگەیەک جیاوازە. بەو واتەیە کە کادرەکانی حیزبی بێجگە لەو پرەنسیپە ئەخلاقییانەی کە لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا هاتوون، دەبێ مەرجی سیاسیش کە پرەنسیپەکانی لە "سیمای دێموکرات"دا فۆرموولەکراون، پێرەوی بکەن. سیمای دێموکرات لە کۆنگرەی پێنجەمی حدکادا پەسەند کراوە و خاڵە گرینگەکانی بریتین لە:

- .. "دێموکرات: باوەڕی بە ڕەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

١ بەهرامی، کاوە (١٣٨٢)، دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، ل. ٨١

٢ بەهرامی، کاوە (١٣٨٢)، دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، ل. ٨٩

٣ بەهرامی، کاوە (٢٠٠٨)، تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکم، چاپی دووهەم، ل. ٢٦٧-٢٦٨

ئێران هەیە و ئەم حیزبە بە ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی خەڵکی کوردستان دەزانێ [لێرەدا مەبەست ڕۆژهەڵاتی کوردستانە]

•.. دێموکرات: بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی قبووڵە و لە تێکۆشانی سیاسی خۆیدا لە سیاسەت و ڕێنوینیەکانی ئەم حیزبە پێرەوی دەکا و بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم سیاسەتە لە هیچ چەشنە فیداکارییەک خۆنابوێرێ.

•.. دێموکرات: بە حەق شانازی دەکا کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامی حیزبی پێشەوا قازی محەمەد و هەزاران شەهیدی سەربەرزە کە گیانیان لە پێناوی ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێراندا بەخت کردووە.

•.. دێموکرات: لە بەستراوەیی بێزارە و هەر بۆیە دەیەوێ حیزبەکەی سەر بە هیچ دەستە و لایەنێک نەبێ و لە بڕیارداندا ئازاد و سەربەخۆیی تەواوی هەبێ.

•.. دێموکرات: لایەنگری ئازادی و دێموکراسیە، پڕ بە دڵ باوەڕیی بە دێموکراسی هەیە و لە ڕەفتاری خۆیدا لەگەڵ هێزە سیاسیەکان و کۆمەلانی خەڵک لەم ئەسلە پێرەوی دەکا.

•دێموکرات: بۆ لەناوبردنی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکا. دابین کردنی ئەم ئامانجە بۆ گەلی کورد لەوەدا دەبینێ کە گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە شێوەی خودموختاری وەدەست بێنێ.

•دێموکرات: ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ نییە. ڕێز لە دۆستایەتی نێوان گەلان دەگرێ و حورمەتی بۆ مافی هەموو نەتەوەیەکی هەیە.

•.. دێموکرات: پارێزەری مافی زەحمەتکێشانە و بە دژی هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەکی ئینسان بە دەستی ئینسان خەبات دەکا.

•.. دێموکرات: بەشەردۆستە و بۆ دۆستایەتیی نێوان ئینسانەکان، بە بێ لە بەرچاو گرتنی ڕەگەز و مەزهەب نرخێکی زۆر دادەنێ و هەر چەشنە ڕەگەزپەرەستی و فاشیزم و خۆبەزلزانیەک مەحکووم دەکا[1]."

ئەو تایبەتمەندییە ئەخلاقییانەی کە لە پێرەوی نێوخۆی حیزبدا هاتوون، بریتین لە:

---

١ Tishktv,قاسملوو، سیمای دێموکرات

https://www.youtube.com/watch?v=PJsn٣-OwzjA&list=PLCF۴۴F٨٠CB٠٨١DAFB&index=٢٠

https://www.youtube.com/watch?v=QSr٨QCLAcXE

•.. ئەندامی حیزب دەبێ وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز بناسرێ
•.. بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی قبووڵ بێ و بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە تێبکۆشێ
•.. بۆ یەکێتی هزری و تەشکیلاتیی حیزب تێبکۆشێ
•.. بە گوێرەی پێرەوی حیزب، دیسیپلینی حیزبی بەڕێوەبەرێ
•.. نهێنیەکانی حیزب بپارێزێ
•.. ڕادەی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بباتە سەرێ (خۆ پێگەیاندن و ئامووزش)
•.. سیاسەتەکانی حیزب بباتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندییەکانی نێوان حیزب و خەڵک بەهێز بکا
•.. ئەو ئەندامانەی کە ئەرکەکانی خۆیان بە جێ نەگەیەنن و یان بە پێچەوانەی پێرەوی حیزب ڕەفتار بکەن، و یان تووشی کردەوەیەک بن کە زەربە لە پێگەی حیزب بدات، بە گوێرەی ئەو کردەوەیە سزا دەدرێ. سزای حیزبی بریتین لە:
-.. سەرکۆنە بە دەم
-.. سەرکۆنە بە نووسراوە
-.. لێ وەرگرتنی بەرپرسایەتی
-.. سڕکردنەوەی ئەندامەتی
-.. دابەزاندنی ئەندامەتی بۆ لایەنگری تەشکیلاتی
-.. دەرکردن لە حیزب
-.. بۆ سزادانی ئەندامانی حیزب لە هەر ئۆرگانێکدا، دەبێ زۆرینەی بەرپرسانی ئۆرگان دەنگ بدەن بۆ ئەو سزادانە

هەروەها لە پێرەوی نێوخۆدا هاتووە کە:
•.. ئۆرگانی حیزبی لە سەر تێکۆشانی خۆی دەبێ هەم بۆ ئۆرگانی سەرووەتر و هەم بۆ ئەندامەکانی وڵامدەر بێ.
•.. بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر دەبێ جێ بەجێ بکرێ

•.. بڕیارەکان بە کۆمەڵن و تاکرەوی و تاکپەرەستی مەحکوومە[1]

دوای باس لە سەر ئەو پرەنسیپ و کاراکتێرانە، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ، کە گەلۆ بۆ دەبێ کادر یان ئەندامێکی حیزبی دێموکرات وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ، پێڕەوی لەو خاڵە ئەخلاقیانە بکا؟ دوکتور قاسملوو لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "باسێک لە سەر مودیریيەت[2]"، هۆکاری پێڕەوی کردن لەو پرەنسیپانە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشمەرگەکان بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە باشی بە جێ بگەیەنن و لە بەرامبەر دوژمندا نەک زەربە نەخۆن، بەڵکوو زەربەش لە دوژمن بوەشێنن. کە واتە، بەجێ گەیاندنی ئەرک لە حیزبێکی شۆڕشگێڕدا بە شێوەیەکی دروست، وەک کردەوەیەکی ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە ئەژمار دەکرێ. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کەسێك پرەنسیپەکانی ئەخلاقی لە حیزبێکی شۆڕشگێڕدا پێشێل بکا و خۆی لە جێبەجێکردنیان لا بدات، ئەوە وەک کردەوەی نائەخلاقی و ناشۆڕشگێڕی ئەژمار دەکرێ.

دوکتور قاسملوو هەر لەو باسەیدا کە لە سەر مودیریيەت کردوویەتی، چەند تایبەتمەندی و ئەرکێک بۆ بەرپرسانی حیزبی دەستنیشان کردووە کە بریتین لە:

-.. شێوەی مودیریيەت لە حدکادا بە گشتی لە سەر بناغەی پێوەندیی زیندوو، ڕێنوینی و ئیقناعە. یانی بەرپرسی حیزبی دەبێ بڕیارەکان بۆ نەفەراتی خۆی شی بکاتەوە و ئەوان قانیع بکا

-.. ئەوەی کە بەرپرسایەتیی دەدرێتێ، بە قەدەر خۆی سەلاحییەتیشی دەدرێتێ

-.. ئەرکی بەرپرسی حیزبییە کە هاوئاهەنگی لە نێو هاوکارانیدا پێک بێنێ

-.. دەبێ شێوەی هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەفرادی خوارەوە بە نەرم، هێدی و ئوسوولی و لەگەڵ سەرەوەش بە ئیحترام و بە دوور لە چاپلووسی بێ

-.. هەروەها ئەندامانی حیزبی دەبێ بتوانن ڕەخنە بگرن و ڕەخنە لە خۆیان بگرن

دوکتور قاسملوو لە بەشێک لە قسەکانیدا کە لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا پێشکەشی بەشدارانی کۆنگرەی کردووە، شێوەی هەڵسووکەوتی پێشمەرگەکان لەگەڵ خەڵک ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: "پێویستە پارتیزانەکان بە بەرزکردنەوەی

١ ئەو خاڵانە لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەمداهاتوون کە بە زمانی فارسی نووسراون. ل. ٥٣-٦١

٢ بەهرامی کاوە، (٢٠٠٨)، تاڤگەی هەقیقەت بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم، ل ٢٦٧

پلەی تێگەیشتنی سیاسیی خۆیان و نزیکبوونەوە لە کۆمەڵانی خەڵک و ڕەفتاری باش و ئاکاری جوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر جێگای خۆیان لە نێو ئەواندا بکەنەوە و پتر پشتیوانی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن[1]." هەر لەو کۆنگرەیەدا لە لایەن دوکتور قاسملووییەوە پێشنیار کراوە کە "ڕێوشوێن و ئوسوولێکی ڕوون بۆ تەشویق و سزادانی پێشمەرگە دیاری بکرێ تا کوو ئەوانەی لێوەشاوەیی زیاتر لە خۆیان نیشان دەدەن، ڕێزیان لی بگیرێ و کەسانێکیش کە ئەرکی خۆیان بە جێ ناگەیەنن، سزا بدرێن [2]." مەبەست لە سزادان لێرەدا ئەو سزایانەن کە لە پێرەوی نێوخۆی حیزبدا هاتوون و لە سەرەوەدا ئاماژە پێ کراوە.

دوکتور قاسملوو لە سەر پێشمەرگە وەک هێمای تەواو و بێ کەموکۆڕیی کەسێکی شۆڕشگێڕ قامک دەخاتە سەر زۆر ڕەنگدێری (سیفەتی) گرینگ کە بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ پێویستن و دەڵێ "پێشمەرگە ئەو ئینسانە واقعیەیە کە لە پێناوی بەختیاری و ڕزگاری گەل و نیشتیمانیدا لە هەموو خۆشی و ئاسوودەییەکی ژیان گوزەراوە و لە زستانی سارد و هاوینی گەرمدا دوور لە ماڵ و منداڵ و کەسوکاری لە سەنگەری شەڕەف و پیاوەتیدا ژیان بەسەر دەبا. پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە بەئەمەگەی خەڵکە کە هەموو سەرمایەی ژیانی بە سەخاوەتەوە لە خزمەتی ئامانجەکانی گەلدا وەکار خستوە، بێ ئەوەی لەو ڕێگەیەدا چاوی لە حقووق و پاداش و تەناتەت سپاسێکیش بێ[3]."

هەروەها دوکتور قاسملوو کاراکتێرەکانی کادرێکی حیزبی و هۆکارەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ " ئێمە کادرێکمان دەوێ کە لە پێش هەموو شتێک ئینسانێکی بە بیروباوەڕ نیشتمانپەروەر بێ، ئەمجار لە سیاسەت و ستراتێژی و تاکتیکی حیزب باش شارەزا بێ، لە فیداکاری و لە خۆبردووییدا بۆ ئەندامانی دیکەی حیزب نموونە بێ، بەشێک بێ لە خەڵک، لەگەڵ ئەوان و وەک ئەوان بژی و لە دەرد و مەرگی ئەوان باش تێ بگا، لە کاتی تەنگانەدا دەست و پێی خۆی لێ ون نەبێ، بتوانێ بەربەرەکانێی دوژمن بکا و لە کاتی لێقەوماندا ڕێکخراوەکانی حیزب لە پەلاماری دوژمن بپارێزێ. لە هەلومەرجی ئێستادا کە حیزبەکەمان

١ بەهرامی، کاوە (١٣٨٤) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم، ل. ٢٥٧
٢ سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٦٣
٣ بەهرامی، کاوە (١٣٨٤) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم، ل. ٢٥٥

خەباتی چەکدارانەی بە سەردا سەپاوە، ئینسانێکی ئازا بێ و لە کاتی شەڕ و پەلاماری دوژمندا ورە بەرنەدا و لە ئاکامدا بتوانێ لە کاتی پێویستدا سەربەخۆ بڕیار بدا."

## راستگۆیی و شاردنەوەی نهێنییەکانی
### حیزبی و سڕی خەڵک وەک ئەرکێکی ئەخلاقی

دوکتور قاسملوو لەو بوارەدا دەڵێ "حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕوای ئەوە نیە کە سیاسەت واتە درۆ. بەپێچەوانەوە، سیاسەت یەعنی ڕاستی و ڕاستگۆیی. بۆیە لە ڕۆژی ئەوەڵەوە بە تایبەتی لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک تەرەف بووین، هەموو وەختێک ڕاستیمان بە خەڵک گوتوە. هیچمان لە خەڵک نەشاردۆتەوە، ئێستاش ئەگەر حیزبی ئێمە شتێکی شاراوە هەبێ، مەگەر بوارێکی نیزامی بێ، مەگەر بوارێکی وا هەبێ کە مەربوت بە تەرەفێکی دیکەش بێ. وەکوو ئەوەیە ئەگەر ئینسانێکیش سڕی شەخسی لە لای بێ، شەخسەکە کە خۆی پێی خۆش نەبێ، نابێ سڕەکە باس بکرێ. ئێمەش ئەگەر سڕی کەسێکی دیکە لە لای ئێمە نەبێ و ئەگەر مەسەلەکە نیزامی نەبێ، ئێمە سڕێکمان نیە[٢] ."

١ بەهرامی، کاوە ( ١٣٨٤ ) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم، ل. ٢٦٨ ١

٢ بەهرامی، کاوە (١٣٨٦) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی سێهەم، ل. ٨٣

٢

هەر وەک کە باس کرا، کانت لە فۆرموولەکردنی یەکەمی ئەمری موتلەقدا دەڵێ کە هەر کەسێک دەبێ بەو شێوەیە کار بکا کە شێوازی ویست و حەزی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ببێتە پرەنسیپێکی گشتی بۆ یاسادانان. یانی دەبێ کارەکان بە شێوازێک بکرێن کە هەر کەسێک بەو شێوەیە هەڵسووکەوتی کرد یان کارێکی ئەنجامدا، کارەکە بە دروست بژمێردرێ. دۆکتۆر قاسملووش هەر وەک کانت بیر دەکاتەوە و بۆیە هەم لە پرەنسیپەکانی سیمای دێموکراتدا و هەم لە بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبدا ئاماژە بەو یەکە کراوە کە کادرەکان و ئەندامانی حیزب دەبێ بە چ شێوازێک هەڵسووکەوت بکەن و لە کام پرەنسیپ پێرەوی بکەن. بڕوا بە بەرنامەکانی حیزب، خاوەنی کەسایەتیی دێموکراتیک بوون، نیشتمانپەروەری، هەوڵدان بۆ بردنەسەری ڕادەی زانیاری، هەڵسووکەوتی دروست لەگەڵ خەڵک و بەرپرسانی حیزبی و یان ئەوانەی کە لە ژێر بەرپرسایەتیی کەسێکدان، سزادانی ئەوانەی کە ئەرکی خۆیان بە جێ ناگەیەنن (لە سەر بنەمای ئەو سزایانەی کە لە ئەساسنامە یان ئاییننامەکانی حیزبیدا هاتوون) و یان پاداش و تەشویقی ئەوانەی کە ئەرکی خۆیان بە چاکی بە جێ دەگەیەنن و... هتد، ئەو ویست و حەزانەن کە وەک یاسای گشتی یان "ماکسیم" دەستنیشان کراون.

دووهەمین فۆموولەکردنی ئەمری موتلەقیش لەگەڵ پرەنسیپەکانی جێگای بڕوای حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوودا دێتەوە. بە کار هێنانی مرۆڤەکان وەک کەرەستە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوویەوە شتێکی ڕێگە پێنەدراوە. بەڵکوو لە لای ئەوان مرۆڤ خۆی لە خۆیدا ئامانجە و بۆیە هەموو تێکۆشانی حیزب لە پێناوی بەختیاری و پێشکەوتنی مرۆڤەکان. بۆ نموونە پرەنسیپەکانی چوونیەتیی هەڵسووکەوتی پێشمەرگەکان لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، دووری لە تیرۆریزم و فیداکاری و لەخۆبردوویی لە پێناوی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی گەلدا بۆ ئەوە بووە کە مرۆڤی کورد بە ئازادی بگات. دوکتور قاسملوو ئازادی بە بەرزترین و بەنرخترین نیعمەت دەزانێ کە "کەرامەت و

شەخسیەت دەدات بە ئینسان و ڕێگا نادات بکرێ و بەمۆرە."

کاتێک کە دوکتور قاسملوو دەڵێ کە بناغەی مودیرییەت لە حیزبی دێموکرات لە سەر پێوەندیی زیندوو و لە ئاکامدا ئیقناع داندراوە، یانی ئەندامانی حیزب خاوەنی خودموختاریی تاکەکەسیی خۆیانن و دەبێ بە تێگەیشتنەوە بڕیار بدەن کە ئەرکێک جێبەجێ دەکەن یان نە. هەر ڕاست وەک ئەوەی کە کانت ئاماژەی پێ داوە کە هەر مرۆڤێک یەکینەیەکی خودمختارە، ئەندامانی حیزبی دێموکراتیش بۆ ئەنجامدانی کار و ئەرکە حیزبییەکان ئازادن و ئەرکی خۆیان دەناسن. کاتێک کە مرۆڤەکان ئەرکی خۆیان بە فەرمی ناسی، ئەو کات دەتوانن بە بێ لە بەر چاوگرتنی ئاکامی کارەکان، ئەرکی خۆیان بە جێ بگەیەنێنن. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کەسێکی شۆڕشگێر و خاوەنی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە حیزبی دێموکراتدا کەسێکی ئازاد و خودموختارە؛ بەڵام هەر لەو کاتەدا کەسێکی بەرپرسیاریشە و ئەرکی خۆی دەناسێ. ئەرک و ئازادیی کەسێکی دێموکرات لە یەکتر جیانەکراوە.

ئەوەی کە مەبەستە لێرەدا ئاماژەیان پێ بدرێ و پێوەندیی بەو نووسینەوە هەیە ئەوەیە کە کردەوەی ئەکتەرەکانی جێگای باس دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی ئەو پرەنسیپ و یاسا و ڕێسایانە لێک بدرێنەوە کە لە حیزبی دێموکراتدا ڕێگەپێدراو بوون و بنەمای ئەخلاقی شۆڕشگێرانە لەو حیزبەدان.

سزادانی خەڵک و ئەندامانی حیزبی بە دەر لە پرەنسیپە حیزبیەکان، هەڵسووکەوتی خراپ، کوشتنی خەڵک بە بێ هۆ، بەجێنەگەیاندنی ئەرک، خاوەندارێتی نەکردن لە بەرپرسایەتیی و ... هتد دەبێ وەک کردەوەی بە دوور لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕێ ئەژمار بکرێن و هەر وەک کانت دەڵێ بەکارهێنانی هەڵەی ویستی ژیرانەیە.

# پرۆسەی بڕیاردان لە حیزبی دێموکراتدا

چۆنیەتیی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی ئەرکەکان لە هەر ڕێکخراوێکدا پرسێکی مودیرییەتییە. دوکتور قاسملوو لە وتاری "باسێک لە سەر مودیرییەت"دا سێ بەش لە مودیرییەت لە حیزبی دێموکراتدا لە یەکتر جیا دەکاتەوە:

١.ئەو بەشەی کە سیاسەتە گشتیەکان دادەنێ، ٢. ئەو بەشەی کە ئەو سیاسەتانە دەکا بە ئەرک ٣. بەشی ئیجرایی و جێبەجێکردنی ئەرکەکان. قاسملوو دەڵێ "کۆنگرە سیاسەتە گشتیەکانی حیزب دادەڕێژێ، کۆمیتەی ناوەندی (ڕێبەری) ئەو سیاسەتانە دەکا بە ئەرک و بۆ جێبەجێکردن دەدات بە ئۆرگانەکانی حیزبی وەک دەفتەری سیاسی و کۆمیسیۆنەکان و مەڵبەندەکان و ...[١]"

دوکتور قاسملوو لە وتاری ئاماژەپێکراودا و لە بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبدا باسی سانترالیزمی دێموکراتیک دەکەن کە بناخەی هەیکەڵی حیزب لە سەری داڕێژراوە. بەو واتەیە کە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ بە هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێن، هەر ئۆرگانێک لە بەرامبەر ئەوانەی کە هەڵیانبژاردووە و ئۆرگانی سەرەوەتردا جوابگۆیە، ئەندام دەبێ پێرەوی لە ئۆرگان و کەمینە دەبێ پێرەوی لە بڕیاری زۆرینە بکا. باس و بڕیاردان لە خوارترین ئۆرگانەوە تا بەرزترین ئۆرگان دەبێ دەستەجەمعی بێ[٢].

هەروەها دوکتور قاسملوو لە سەر ئەو بڕوایە نەبووە کە بڕیارەکان دەبێ بسەپێندرێن. بەڵکوو پێی وابووە کە بەرپرسانی حیزبی دەبێ لە ڕێگای پێوەندیی زیندوو لەگەڵ ئەندامانی ئۆرگانەکانی خۆیان، هەوڵی بە قەناعەت گەیاندن و

١ بەهرامی، کاوە (١٣٨٤) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم، ل. ٢٦٨

٢ ٢ سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٨-٢٦٩ و بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – پەسەندکراوی کۆنگرەی ٨، فارسی، ل. ٦٠

ڕێنوینیکردنی ئەندامان بدەن[1].

لە بەرنامە و پێرەوی نێوخۆدا هاتووە کە ئەندامان مافی ئەوەیان هەیە کە لە هەر ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرن، لە ڕێگای ڕێکخراوەییەوە بە هەر ئۆرگانێک پێشنیار بدەن و یان ڕای خۆیان لەگەڵ بهێننە بەر باس و یان پرسیاریان لێ بکەن. هەروەها ئەندامانی حیزبی مافی خۆیانە کە لە هەر ئۆرگانێک بە ئۆرگانێکی سەرەوەتر شکایەت بکەن[2].

هێنانە بەرباسی ئەو خاڵانە زۆر گرینگین کاتێک کە لەو پەرتووکەدا باسی پێوەندییەکانی ڕێکخراوەیی بەرپرسان، کادر و پێشمەرگەکانی ناوەندی ئاگری لەگەڵ یەک و لەگەڵ ئۆرگانەکانی سەرەوەتردا دەکرێ. لە زۆر جێگادا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە بەرپرسان و بڕیاربەدەستان لە زۆر شوێن و لە زۆر ڕووداودا بە ئاشکرا پێرەوی نێوخۆی حیزبیان پێشێل کردووە و یان لە بەرامبەر ئەرکی خۆیاندا کەمتەرخەمییان هەبووە. بۆیە پێویستە ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر کەسێک هەم لە کاری باش و ئەرێنی و هەمیش لە کاری نەباش و نەرێنیدا حەقی خۆی بدرێتێ.

لە زۆر جێگاشدا بە هۆی ڕەفیق و ڕەفیقبازی و یان بە هۆی خۆشەویستی و خۆشنەویستن، مێعیارەکانی حیزبی بۆ دانانی بەرپرس کە گەلۆ ئەو کەسەی کە وەک بەرپرس دادەنێن "کادرێکی باشە، خاوەن ئەزموونە، لە کاری خۆیدا شارەزایی هەیە، پسپۆڕە، وەفادارە بە حیزب و تایبەتمەندیی کادرێکی باشی حیزبیی هەیە یان نە"[3] لە بەرچاو نەگیراوە. ئەوەش زەعفێکی مودیرییەتی بووە کە ببووە هۆی پێکهاتنی گیروگرفت و لە ئاکامدا زیان پێگەیاندن بە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ژێدەرەکان:


1 Rachels, James (2007), The Elements of Moral Philosophy, Mc Graw-Hill International edition

2.Nyeng, Frode (200۶), Etiske teorier, 3. Opplag, Fagforlaget, Bergen


١ سەرچاوەی پێشوو

٢ بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – پەسەندکراوی کۆنگرەی ٨، فارسی، ل. ٥٧

٣ بەهرامی، کاوە (١٣٨٤) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم، ل. ٢٧٧-٢٧٨

3 . Marcia W. Baron, Philip Pettit og Michael Slote, Blackwell (1997), Three Methods Of Ethics, Wiley-Blackwell; 1 edition

۴ . ج، نوائی، (۱۳۵۸)، با هوشی مین در تاریخ، انتشارات نگاه،
http://www.k-en.com/ken200/k37/Hosi20%min.pdf

۵ . برنامه و اساسنامه حزب دمکرات کردستان ایران، مصوبه کنگره هشتم، ۱۳٦٦

۶. بەهرامی، کاوە (۱۳۸۲)، دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات

7. بەهرامی، کاوە (۲۰۰۸)، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم

8. بەهرامی، کاوە (۱۳۸٤) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم

9. بەهرامی، کاوە (۱۳۸٦) سلێمانی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی سێهەم

10. قاسملوو، عەبدولرەحمان، سیمای دێموکرات، تیشک تی ڤی
https://www.youtube.com/watch?v=99YZO۵fNdRc

11. قاسملوو، عەبدولرەحمان، سیمای دێموکرات، تیشک تی ڤی
https://www.youtube.com/watch?v=PJsn3-OwzjA&list=PLCF۴۴F80CB081DAFB&index=20

12. قاسملوو، عەبدولرەحمان، سیمای دێموکرات، تیشک تی ڤی
https://www.youtube.com/watch?v=QSr8QCLAcXE

13. ........................................Wikipedia: Utilitarianism
http://en.wikipedia.org/wiki/Utilitarianism

1۴ ...................................Wikipedia: Alasdair MacIntry
http://en.wikipedia.org/wiki/Alasdair_MacIntyre

1۵ ........................................Wikipedia: Immanuel Kant
http://en.wikipedia.org/wiki/Immanuel_Kant

1۶ ........................Wikipedia: Det kategoriske imperativ

http://no.wikipedia.org/wiki/Det_kategoriske_imperativ
17 ............................................Wikipedia: Virtue ethics
http://en.wikipedia.org/wiki/Virtue_ethics

18 ................................... Wikipedia: Intellectual virtue
http://en.wikipedia.org/wiki/Intellectual_virtue

19 ................................................. Wikipedia: Phronesis
http://en.wikipedia.org/wiki/Phronesis

20 ....... Larsen, Bård ( 1۵,11,18.), Hva er revolusjon
https://www.civita.no/politisk-ordbok/hva-er-revolusjon

## کورتەیەک لە سەر
## عەردنیگاری و پاشخانی مێژووی
## باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە وێژە و ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەو بەشە لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە شارستانی ورمێ بەرەو سەر، (ئەو زۆنەی لە شارستانی ورمێ تا شارستانی ماکۆ) باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بە کورتی باکوور (شوماڵ) دەوترێ. ئەو پەیڤە لە لایەن زۆربەی ڕۆناکبیران، خەباتکاران و هەموو ئەو کەسانەوە کە بە جۆرێک تێکەڵاوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە کار دەبردرێ و بە تەواوی جێ خۆی گرتووە. ئەو ناوچەیە هەم لە بواری عەردنیگاریی سیاسی (ژێئۆپۆلیتیک) و هەم لە ڕەوتی مێژووی نەتەوەیی گەلی کورددا جێگای تایبەتی و گرینگی خۆی هەیە. کوردەکانی ئەو ناوچەیە بە زاراوەی کورمانجیی سەروو دئاخڤن و بۆیە پردی پێکەوەگرێدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ گەلی کورد لە پارەچەکانی دیکەی کوردستان بە گشتی و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتییە.

## عەردنیگاریی باکووری ڕۆژهەڵات

پانتایی باکووری ڕۆژهەڵاتی کورردستان ٢٣٨٤٧ کیلۆمێتری چوارگۆشەیە[١]و لە ٨ شارستان پێک هاتووە کە بریتین لە ورمێ، سەڵماس، خۆی، ماکۆ، چاڤشار(چایپارە)، شووت، چالدران و پولدەشت. دانیشتوانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کورستان لە نەتەوەکانی کورد، تورکی ئازەری، ئاشووری و ئەرمەنی پێک هاتووە. پێشتر جهوو (جوولەکە)ش لە ورمێ هەبوون، بەڵام دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە زێدی خۆیان کۆچپەر بوون.

---

ورمێ ٥٣١٢، شووت ٩٣١، پولدەشت ٢٢٤٩، چالدران ١٩٧٥، سەلماس ٢٥٤٤، چاڤشار ٩٤٠، خۆی ٥٥٦١ و ماکۆ ٤٣٣٥ کیلۆمێتری چوارگۆشەیە کە ئەوە بەبێ ئەژمارکردنی پانتایی گۆلی ورمێ یە.

•.. شارستانی ورمێ کە شارەکانی ورمێ، قوچی (قۆشچی)، کارخانە قەند (نۆشین شار) و شارووچکەکانی سیلوانە (سلیڤانا) و سێرۆ و هەرێمەکانی ناوەندی (دەوروبەری ورمێ)، ئەنزەل، نازلوو (نازی)، سیلوانە، کناربەرۆژ، سۆما و برادۆست لە خۆی دەگرێتەوە، ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٥ هەتاوی نزیکەی ١٠٤٠٠٠٠ کەسە. شارستانی ورمێ گرینگترین جەمسەری کشتوکاڵ لە ئێراندا دێتە ئەژمار و لە بەرهەمهێنانی هەنگوین، گەنم، نۆک، سێو، ترێ و سەوزەکاندا جێگایەکی تایبەتیی هەیە و لە ئاستی جیهانیدا لە بواری بەرهەمهێنانی سێودا لە پلەی سێهەم دایە.

خاڵی سنووریی سێرۆ کە لە نێوان ئێران و تورکیە (باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەڵکەوتووە و دەورێکی گرینگی لە بواری بازرگانیدا هەیە، لە سنووری شارستانی "ورمێ"دا هەڵکەوتووە.

لە لیستی کانگاکاندا کە لە سایتەکانی ئێراندا بڵاو کراوەتەوە، باس لە ٩٢ کانگا لە شارستانی "ورمێ"دا دەکرێ کە دەوڵەتی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن، پۆمیس (پووکەی مەعدەنی)، ئاهەک و بەردی ئاهەک، گەچ، خاکی سوور، خاکی مارن (کەربوناتی کەلسیۆم)، خوێ، خوێی شین، موزاییک، بەردی لاشە و مالۆن، خیز و چەو، بەردەکانی جوانکاری وەک مەرمەڕ، دۆلۆمیت، سیلیس، ئاندزیت، میکا، تەراورتەن، گرانیت و گابروو دیپۆریت [١].

•.. شارستانی سەڵماس لە شارەکانی سەڵماس (دیلەمان) و تازەشار و هەرێمەکانی دەوروبەری سەڵماس و کۆهسار (شپیران، شنەتاڵ و چاری) پێک هاتووە. ژمارەی دانیشتوانی شارستانی سەڵماس بە گوێرەی ستاتیستیکی ساڵی ١٣٩٥، نزیکەی ١٩٠هەزار کەسە. شاری سەڵماس لە ساڵی ١٣١٩دا بە هۆی عەردهەژەوە وێران ببوو. دواتر شارێکی نوێ لە تەنشتی ئەم شارە دروست کرا. سەڵماس یەکەمین شارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە بە شێوازی شەترەنجی دروست کراوە. قەڵای چاری کە ناوەندی دەسەڵاتی سمکۆی شکاک بوو، لە نزیک سەڵماس هەڵکەوتووە.

لە شارستانی سەڵماسدا لە ٢٤ کانگا کەڵک وەردەگیرێ بۆ بەرهەمهێنانی

١ سازمان نظام مهندسی ایران، لیست معادن ایران

http://www.ime.org.ir/idminelist/?os=٢

بەردی گەچ، موزاییک، بەردی بیناسازی، مەرمەر، تەراورتەن، بەردی ئاسن، بازالت، دۆلۆمیت، پۆمیس (پووکەی مەعدەنی) و بەردی چینی.

•.. شارستانی خۆی (کەلا خویێ) شارەکانی خۆی، فیرورق، دیزج دێر، قوتوور (کۆتۆل) و زۆرئاوا و چوار هەرێمی ناوەندیی دەوروبەری خۆی، ئەیۆغلی، سەفائییە و کۆتۆل لە خۆی دەگرێ و ڕادەی دانیشتوانی بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٥ نزیکەی ٣٤٨هەزار کەسە. بە هۆی بەرهەمهێنانی زۆری گولەبەڕۆژە، خۆی بە شاری گولەبەڕۆژە بەناوبانگە و جەمسەری سەرەکیی بەرهەمهێنانی تۆی گولەبەڕۆژە و کەدۆ لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دێتە ئەژمار. هەروەها شاری فیرۆرق لە بەرهەمهێنانی گێلاسدا نموونەیە.

خۆی بە هۆی ئەوەی کە لە سەر ڕێگای جادەی ئەبریشەم هەڵکەوتووە، ناوچەیەکی گرینگی مێژووییە. ئەمرۆش ئەو شارستانە خاوەنی ناوچەی بازرگانیی نێوان ئێران و تورکیەیە و خاڵی سنووریی ڕازی و هێلی شەمەندەفەری نێوان ئێران و تورکیە کە هێلی شەمەندەفەری ئێران بە هێلی شەمەندەفەری تورکیە دەبەستێتەوە، لەو شارستانەوە تێپەڕ دەبێ.

لە شارستانی خۆی لە ٦٧ کانگا بۆ بەرهەمهێنانی گرافیت، بەردی خوێ، بەردی خوێی سەنعەتی، سیلیس، شیست، کرومیت، مارن و خاکی سوور، بەردی ئاسن، بەردی کوارتزیت، بەردی گەچ، ئاهەک، خیز و چەو، مەرمەر، مەرمەری سوور، خاکی ئاهەکی، بەردی لاشە و مالۆن، میکا و تالک کەڵک وەردەگیرێ.

•.. شارستانی ماکۆ لە هەر دوو شاری ماکۆ و بازرگان و هەرێمەکانی دەوروبەری ئەم دوو شارە پێک دێ کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٩٤ هەزار کەسە. پردی بەنێوبانگی بازرگان کە هێلی شەمەندەفەری نێوان ئێران و تورکیە بە یەکەوە دەبەستێ، لەو شارستانەدا هەڵکەوتووە. ناوچەی بازرگانیی ماکۆ دووهەمین ناوچەی ئازادی بازرگانی لە ئاستی جیهاندا بە ئەژمار دێ[١].

چۆمی زەنگمار کە لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیە سەرچاوە

١ Wikipedia: شهرستان ماکو https://fa.wikipedia.org/wiki/شهرستان_ماکو

دەگرێ، لە ناوەڕاستی شاری "ماکۆ"دا تێدەپەڕێ و لە شارستانی "پولدەشت"دا تێکەڵ بە چۆمی ئاراز دەبێتەوە.

لە شارستانی ماکۆ ئێستا لە ٣٣ کانگا بۆ دەرخستنی تەراوەرتەن، مەرمەر، سیلیس، سفر (مس)، بازالت، مەنییەزیت (مەگنەزیت)، خاکی سوور، بەردی لاشە، گەچ و تەراوەرتەنی لیمۆیی بەرهەمهێنان دەکرێ.

•.. شارستانی "چاڤشار" کە لە شاری قەرە زیادین هەرێمەکانی حاجیلار و دەوروبەری قەرەزیادین پێک هاتووە، ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٣٩٥ نزیکەی ٤٧ هەزار کەسە.

لە بواری کشتوکاڵییەوە شارستانی چاڤشار بە هۆی هەبوونی دەشتێکی بەرفراوان و چۆمی ئاغ چای، ناوچەیەکی لە بارە و لەو شارستانەدا دانەوێڵە، گولەبەڕۆژە، کەدۆ، تووتن و نۆک و ماش و ...هتد بەرهەم دێنین.

لە شارستانی چاڤشار لە ٢٨ کانگادا کار دەکرێ بۆ دەرخستنی مەرمەر، گەچ، لاشەی ئاهەکی و تەراوەرتەن.

•.. شارستانی شووت لە شارەکانی مەرگەنلەر، شووت و یۆلاگەلدی هەرێمەکانی قەرەقوویوون و دەوروبەرەکانی ئەم شارانە پێک هاتووە و ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٣٩٥ نزیکەی ٥٥ هەزار کەسە. خەڵکی ئەم شارستانە زۆرتر خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کاری بارزگانین.

لە شارستانی شووت ٢ کانگا هەیە بۆ بەرهەمهێنانی تەراوەرتەن و بەرد و چەوی شاخی.

•.. شارستانی پولدەشت لە شارەکانی پولدەشت و نازوکی سەروو و هەرێمەکانی ئاراز و دەوروبەری ئەم دوو شارە پێک هاتووە و ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٣٩٥ نزیکەی ٤٢ هەزار کەسە.

بە هۆی هاوسنووری شارستانی پولدەشت لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، ئەو شارستانە بووە دەروازەیەکی سنووری و ناوچەیەکی بازرگانی.

لە شارستانی پولدەشتدا لە حەوت کانگا کەڵک وەردەگیرێ بۆ بەرهەمهێنانی گەچ، بەرد و وردە بەرد، تەراوەرتەن و مەرمەری ڕەش.

•.. شارستانی چالدران لە شارەکانی سیەچشمە و ئاواجیق و ناوچەکانی

دەوروەری ئەو دوو شارە لە خۆی دەگرێتەوە و ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٣٩٥ نزیکەی ٤٥ هەزار کەسە.

لە شارستانی چالدراندا لە ٨ کانگا کەڵک وەردەگیرێ بۆ بەرهەمهێنانی بەردی لاشە و مالۆن، پرلیت، ئاسن و پۆمیس.

## هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکی باکووری ڕۆژهەڵات

ژمارەی دانیشتوانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٨٦٠٠٠٠ کەسە. ئەو ناوچەیە بە هۆی هەبوونی سەدان کانگای سەرزەوی و ژێرزەوی، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە.

باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی جۆگرافیایی و پێکهاتەی نەتەوەیی جۆراوجۆر یەکێک لە ناوچە گرینگەکانی کوردستانی گەورە بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیە. ئەو ناوچەیە لە سەر ڕێگای نێوان ئێران، قەفقاسیا، ئەرمەنستان، ئاسیای بچووک و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەلکەوتووە. یەکێک لە گرینگترین ڕێگاکانی ترانزیتیی نێوان ئاسیا و ئورووپایە و هێڵی شەمەندەفەری نێوان ئێران و تورکیە لەو ناوچەیەوە تێپەڕ دەبێ.

کوردەکان لە مێژینەترین گەلی نێشتەجێی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. دوای تێکشانی سەرهڵدانی قەڵای دمدم، شاە عەباسی سەفەوی لە ساڵی ١٦٢٥ی زایینیدا بڕیاری دا کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بۆ خوراسان بگوازنەوە و لە شوێنی ئەوان ئێلی ئەفشار کە ئێلێکی ئازەرین، نێشتەجێ بکا[١]. بەو چەشنەیە دێموگرافیی ئەو ناوچەیە تا ڕادەیەکی زۆر شوێندرا. ئێستا لە نێوان هەر دوو نەتەوەی کورد و ئازەریدا لە سەر کوردستانیبوونی باکووری ڕۆژهەڵات ناکۆکیەکی قووڵ هەیە. ئازەرییەکان بە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانیی حکوومەتی ناوەندی، هەوڵ دەدەن کە پێش لە بەشداریی کوردەکان لە کاروباری سیاسیی شارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن و یان تا ڕادەی پێویست ئەو بەشدارییە

١ نۆشیروان مستەفا (١٩٩١)، کرد و عجم (ترجمه به فارسی: عبدالله ابراهیمی، ٢٠٠١)، ل. ٢١

کەمڕەنگ بکەنەوە. بێجگە لەوەی کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و جاروباریش بە ڕاشکاوی پێش لە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی شۆڕای شار و یان پارلەماندا دەگرن، چەند ساڵێکە ئازەرییەکان بیرۆکەیەکێکیان هێناوە ئاراوە و هێندێک کوردی سەر بە حکوومەتی ئێرانیش پشتگرییان دەکەن بۆ ئەوەی کە ناوچەی موکوریان لە پارێزگای ورمێ داببڕن و بەو شکڵە چارەنووسی کوردستانیبوونی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەک چارەنووسی کەرکووک بەرەو دواڕۆژێکی نادیار بەرن.

دەوڵەتی ناوەندیی ئێران هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە و هەر بۆیەش لە نێوەڕاستی "گۆلی ورمێ"دا بە ڕشتنی خاک و بەرد، ڕێگایەکیان ساز کردووە کە بووە هۆیە دووکەرتکردنی گۆلی ورمێ کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە سەر وشکبوونی قەبارەی ئاوی گۆلی ورمێ.

باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای کۆماری کوردستانەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ زۆرتر ناوچەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک تاکە حیزبی کوردی بوو. پێشتر کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ هەوڵی خۆیانیان دابوو کە شوینی خۆیان لەو ناوچەیەدا بکەنەوە، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ١٩٩٧ەوە بە هۆی بارودۆخی باشووری کوردستان، لە ناردنی هێز بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوور خرایەوە، شانسی ئەوەی بۆ پەکەکە و پەژاک خولقاند کە لەو کەلێنە کەڵک وەربگرن و هەوڵی نفووزی خۆیان بدەن بۆ نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوان بە هۆی هاوسنووریی باکووری کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوزاراوەبوون، سەرنجی هێندێک کەسیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی عەردنیگاری، دێموگرافیی هێترۆژن و ڕکەبەریی نێوان هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و دەستێوەردانی هێزەکانی کوردیی پارچەکانی تری کوردستان، ناوچەیەکی ئالۆز و پڕ کێشەیە.

## پاشخانی مێژوویی باکووری ڕۆژهەڵات

باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم زۆر جار بووە بە مەیدانی ململانێ و پێکدادانەکانی سوپای ئیمپراتۆرەکان لەگەڵ یەک و هەم مەیدانی خەبات و سەرهەڵدانی کوردەکان بە دژی دوژمنانی گەلی کورد و داگیرکەرانی کوردستان. کێو و دەشتەکانی ئەو هەرێمە شاهدی دەیان ڕووداوی گرینگی مێژوویین و هەزاران بەڵگەیان لە سەر ئەو ڕووداوانە لە سینگی خۆیدا تۆمار کردوە. زۆر یەک لەو ڕووداوانە چ لە کاتی خۆیدا و چ دواتر و بگرە تا ئێستاش کاریگەرییان بە سەر چارەنووسی گەلی کوردەوە دیارە. ئەو ناوچەیە، جێگای لەدایکبوونی چەندین ڕێبەر و کەسایەتی و شێرە ژن و شێرە پیاوی نەتەوەیی گەورەیە کە دەور و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، هەم لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا و هەم لە پرۆسەی نەتەوەسازیی کورد لە هەموو کوردستاندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە تایبەتی.

یەکەمین و گەورەترین شەڕی نێوان دوو ئیمپراتووریی ئێرانی سەفەوی و تورکی عوسمانی لە دەشتی چالدران و لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئاگۆستی ١٥١٤ی زایینی ڕووی داوە کە بەشێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. شایانی ئاماژە پێکردنە کە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپراتوورییە هەر بەو شەڕە کۆتایی پێ نەهاتووە و هەر درێژەیان کێشاوە تا لە ١٧ی مانگی مەیی ١٦٣٩ بە ئیمزاکردنی پەیماننامەی زەهاو کۆتاییان بەو شەڕە هێناوە. تا ڕادەیەک هاوتەریب لەگەڵ شەڕی نیوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییە، لە ئورووپاش کە شەڕی سی ساڵەی ئۆلی لە نێوان ساڵانی ١٦١٨ تا ١٦٤٨ ڕووی داوە، بە ڕێککەوتنی وێستفالیا کۆتایی پێ هاتووە. شتێک کە جێگای سەڕنجە و دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، نەک هاوکات بوونی ململانێی نێوان ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانی و وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ یەکە؛ بەڵکوو ئەمە ئاکامی ئەو دوو ململانێیەیە کە مرۆڤ ناچار بە بیرکردنەوە دەکا؛ دوو شەڕ لە دوو ناوچەی جیاواز و بە دوو ئاکامی بە تەواوی جیاوازەوە. ڕێککەوتنی نێوان ئێران و عوسمانی لە سەر بنەمای هێز بووە و هێز فاکتۆری یەکلاکەرەوەی دەستنیشان کردنی سنووری نێوان ئەوان بووە. بە واتایەکی دیکە، سنووری هەر یەک لەو دوو ئیمپراتوورییە

تا ئەو جێگایە بووە کە هێزیان بڕ کردووە. سنووریک کە لە سەر بنەمای هێزی فیزیکی بووە تا هێزی ژیربێژی و مەنتق. ئەمە بووە بە مێتۆدی دامەزراندی وڵاتانی دیکەی بەناو سەربەخۆ و یان بەناو دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تا لە دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیش. لە کاتێکدا کە پەیماننامەی وێستفالیا دەرهاوێشتی تێگەیشتنی ئوروپاییەکانە لە شەڕ و ئەوەی کە بە مەنتق و لۆژیک و ڕێزدانان بۆ مافی بەرامبەر کە توانی ببێتە هۆی مسۆگەر کردنی خۆشی و سەکەوتن بۆ هەموو لایەکیان و بناغەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی دیکە وەک جڤاکی نێونەتەوەیی یان نەتەوەیە یەکگرتووەکان.

لێرەدا ئێمە دەبێ لە مێژووی شەڕی چاڵدران وانەیەک فێر بین کە ئەویش ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا ڕێئال پۆلیتیک شێوەی باوی سیاسەتکردنە و گەلی ئێمەش تەنیا بە لەبەرچاوگرتن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە سەر بناغەی ئەو شێوەیە لە سیاسەتە کە دەتوانێ بە مافەکانی بگات.

لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ڕاپەرینی دم دم بە ڕێبەرایەتیی ئەمیرخانی لەپزێڕین یەکێک لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی نەتەوەیی کورد بە گشتییە. ئەمیرخانی لەپزێڕین بە دژی ئێرانی سەفەوی ڕاپەری و هەوڵی دا، کە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەو ڕاپەرینە لە ساڵی ١٦٠٩دا ڕووی دا. ئەگەر ئەو ڕاپەرینە بە هۆی خیانەتی کوردێکی خۆفرۆش بە نێوی ئەحمەد لێتانیەوە تووشی شکەست نەهاتبایە، دەیتوانی ببێتە بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی. بەو واتەیە کە لەو سەردەمەی کە ڕاپەرینی "دم دم" سەری هەڵدا، هێشتا سەردەمی بیر و هزری دەوڵەت-نەتەوە بوونی نەبوو و یەکینەکانی دەسەڵاتداری بە جیاکردنەوەی "قلمرو"ی حکوومەتی پاشا و ئیمپراتۆرەکان لە یەکتر جیا دەکران.

یەکێکی دیکە لە ڕاپەرینەکانی نەتەوەیی کورد کە پێوەندیی بە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ڕاپەرینی یەزدانشێرە. لە کتێبی کوردستان و کورددا دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکات کە لە سەرهەڵدانی یەزدانشێر کە لە نێوان سالانی ١٨٥٣ تا ١٨٥٦ بووە، توانیویەتی هەموو ناوچەکانی نێوان هەر دوو گۆلی ورمێ و وان ڕزگار بکا. ئەوە بەو مانایەیە کە سەرهەڵدانی یەزدانشێر ئەگەر چی لە باکووری کوردستان سەری هەڵداوە، بەڵام توانیویەتی پەل بهاوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش و، بە تایبەتی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بخاتە

ژێر چەتری خۆیەوە.

هەروەها سەرهەڵدانی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری کە لە ساڵی ١٨٨٠ لە باکووری کوردستانەوە دەستی پێ کردبوو، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پەلی هاوێشتبوو و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕاپەرینە کەوتبوون و تێیدا بەشدار بوون. یەکێک لە بەرەکانی شەڕی کوردەکان بە دژی ئێران لە کاتی ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵلادا، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە لە "ورمێ"یەوە بووە. ئەگەر چی ئەو سەرهەڵدانە بە هاوکاریی هەر دوو دوژمنی کورد، واتە ئێران و عوسمانی، تێک شکێندرا بەڵام کاریگەریی خۆی لە سەر پێوەندی و هاوکاریی نێوان گەلی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتدا بە میرات بە جێ هێشت و خەڵکی باکووری کوردستانیش لە سەرهەڵدانی سمکۆدا بوونە پاڵپشتی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی لەو سەردەمەدا گێڕا.

سەرهەڵدانی سمکۆی شکاک دەستپێکی وشیاربوونەوەی بیر و ئەندیشەی نەتەوەپەروەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو کە مەیدانی سەرەکیی تێکۆشانی، باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ئەو سەرهەڵدانە کە زۆر لە پێش شەڕی جیهانیی یەکەمدا دەستی پێ کردبوو، تا ساڵی ١٩٣٠ درێژەی هەبووە کە بە داخەوە بە کوژرانی سمکۆ کۆتایی پێ هاتووە. سمکۆ بە دژی هەر دوو داگیرکەری تورک و ئێران شەڕی کردووە و زۆر جار سەرکەوتنی گەورەشی لەو شەڕانەدا بە دەست هێناوە. ئەو کارە نووژەنانەی کە سمکۆ لە کاتی ڕاپەریندا کردوویەتی، هەم بۆ سەردەمی خۆی و هەم بۆ ئێستا زۆر کاری دەگمەن و کەم وێنەن کە تەنیا دەتوانێ لە بیر و هزرێکی مودێرن و پێشکەوتووەوە سەرچاوەیان گرتبێ. بۆ نموونە، گرێدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە یەکتر لە ڕێگای تێلگرافەوە، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردی، نرخ و گرینگیدان بە هونەر ( سمکۆ لەو کەسانە بووە کە لە قەڵای چاریدا ئەو سەردەمە پیانۆی هەبووە)، دانانی بنکەی هاوکاری بۆ کەسانی فەقیر و هەژار بە نێوی "داروڵمەساکین" لە ورمێ کە خەڵکی هەژار بتوانن بە بێ بەرامبەر خواردن بخۆن و برسی نەمێنن[1]، هاوکاری لەگەڵ ڕاپەرینی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە بێ دەستێوەردان

---

١ لە سمینارێکدا کە بە بۆنەی ساڵیادی سمکۆ لە ئوسلۆ گیرا، عەبدوڵلا حیجاب ئەوەی وەک سیستمی سۆسیال لە سەردەمی سمکۆدا ناودێر کرد.

له کاروباری نێوخۆییاندا، خەبات بۆ وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی و دانانی قوتابخانەی کوردی لە شاری خۆی و زۆر نموونەی دیکە. سەرهەڵدانی سمکۆ لە سەردەمی خۆیدا ناو و ناوبانگێکی زۆری لە دونیادا بڵاو کردبوو و لە ڕۆژنامە ئورووپاییەکانیشدا باسی ئەو سەرکردەیە گەورەیە کراوە[1].

بە داخەوە سەرهەڵدانی سمکۆ بەو شێوەیەی کە دەبوو لە لایەن لێکۆڵەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بایەخی پێویستی پێ نەدراوە و زۆر جاریش شێوێندراوە. ئەوە لە کاتێکدا کە سەرهەڵدانی سمکۆ بەهێزترین بەڵگەی کوردستانیبوونی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی شاری "ورمێ"یە و، هەر ئەوەش وای کردووە کە دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کورد ڕقێکی زۆریان لەو سەرکردەیە بێ؛ سەرکردەیەک کە تا ئێستاش وەک سەربازێکی ون، شوێنی مەزەلەکەی (گۆڕەکەی) دیار نیە.

سمکۆ سەرەڕای ئەوەی کە ڕێبەرێکی تێگەیشتوو بوو، بەڵام وەک زۆربەی سەرکردەکانی کورد بێ هەڵەش نەبوو. ئەگەر چی هێندێک کەس کوشتنی مارشیموون بە دەستی سمکۆ بە هەڵە دەزانن، بەڵام بەڵگەکان وا دەری دەخەن کە ئەرمەنییەکان لە ژێر ڕێبەریی مارشیمووندا کە لە دەستی عوسمانیەکان هەڵاتبوون و ڕوویان لە باکووری ڕۆژهەڵات بە تایبەتی شاری ورمێ کردبوو و لە لایەن ڕووسەکان و ئەفسەرە ئینگلیزیەکانەوە پشتیوانی کرابوون و چەک و چۆڵیان پێ درابوو، ئەوان چاو دەبڕنەوە ورمێ و ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە وتەی سوورما مارشیموون (خووشکی پاتریاک مارشیموون) ئەو هەرێمە هاوسنووری ئەرمەنیستان بوو. ئەمە لە نێو ئەو وتانەی سوورما مارشیموون لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە یەکی مانگی جوولای ١٩٢٠دا لەگەڵ هەواڵنیرێکی ڕۆژنامەی ئافتێن پۆستنی نورویژی بە نێوی هۆکۆن ئوڤرلاند کردوویەتی، کە وەک وەفدی ئەرمەنییەکانی تورکیە سەردانی لەندەنی کردبوو

---

١ بۆ نموونە لە لاپەڕەی یەکمی ڕۆژنامەی سۆسیال دێموکراتن، لە میدداگس ئاڤیسێن لاپەڕەی( ٤)، بەرگێنس تیدێندە لاپەڕەی ٦، فورشــتە مای لاپەرەی ٢، ژمارەی ٢٨٢ی ڕۆژنامەی ستاڤانگێر ئافتێن بلاد، ئافتێن پۆستن لاپەڕەی یەکم هەموویان ڕۆژی سێشەممە، ڕیکەوتی ١٧ی نوڤەمبری ١٩١٤ بڵاو کراونەتەوە، باســـی شەڕی سمکۆ شان بە شانی هێزەکانی رووسیە بە دژی سوپای عوسمانی دەکەن.

بۆ داکۆکی لە مافی خەڵکەکەی لە دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەرکێشراوە[1].

دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی ڕزاخاندا کە لە بەرامبەر سەرهەڵدانی سمکۆدا دەستەوەستان مابوو، ئەویان بۆ وتووێژ بانگهێشتی شاری شنۆ کرد. بەڵام ئەو بەناو وتووێژە پیلانێکی دوژمنانی کورد بوو بۆ لەداوخستن و کوشتنی سمکۆ. بەوەش بزاڤی سەربەخۆییخوازیی کورد بە سەرکردایەتیی سمکۆ کۆتایی پێ هات. سمکۆ یەکێک لە سەرکردە هەرە ناودارەکانی کوردە کە شوێنی بەخاکسپێردرانی نادیارە و گۆڕەکەی، گۆڕی سەربازێکی ونی کوردستانە.

لە ساڵی ١٩٣٠دا لە هەرێمی ئاگری بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری پاشا خەباتێکی چەکداری سەری هەڵدا و بۆ یەکەمین جار لە سەر بەشێک لە خاکی کوردستان دەسەڵاتێکی کۆماری بە نێوی کۆماری ئاراراتی ڕاگەیاند کە ئەو کۆمارە لە لایەن خۆیبوونەوە پشتیوانیی لێ کرا. لە ڕاپەڕینی "شێخ سەعیدی پیران"دا "براهیم پاشای حەسکێ تێلی" و "فەرزندە بەگ"یش بەشدار بوون کە دوای تێکچوونی ئەو بزاڤە، ئەوانیش ڕوویان لە چیای ئاگری و ناوچەکانی دەوروبەری کردبوو و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش پێشوازییان لێ کردبوو. ئەوان بە پشتیوانیی عەشیرەتەکانی دەوروبەری ماکۆ (بە تایبەتی عەشیرەتی جەلالی) دەستیان بە سەرهەڵدان کرد. ئیحسان نووری پاشا بۆ دامەزراندنی کۆماری ئارارات پێوەندیی لەگەڵ براهیم پاشا (برۆ)دا گرتبوو و داوای لێ کردبوو کە ئەوانیش پێوەست بن بە کۆماری ئاراراتەوە و لەگەڵ ئەوان خەبات بکەن. براهیم پاشا لە کۆماری ئاراراتدا ببوو سەرۆکوەزیر. فەرزندە بەگیش دوای تێکچوونی سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران ڕووی لە ناوچەکانی دەوروبەری ئاگری کردبوو و لەگەڵ ئەو شەڕڤانانەی کە لە گەڵی بوون، پێوەست بە کۆماری ئارات ببوون. فەرزندە بەگ سێهەمین کەسایەتیی بەنێوبانگی کۆماری ئارارات بوو کە دوای تێکچوونی ئەو کۆمارە، لە لایەن پارسەکانەوە دەستبەسەر و دواتر لە زیندانی قەسری قەجەردا ژەهرخوارد و شەهید کرا.

براهیم پاشاش لە شەڕدا شەهید بوو و ژن و منداڵەکانی بە تێکرا لە

[1] ئەو هەڤپەیڤینە لە لاپەرەی ٣ی ڕۆژنامەی ئافتێن پۆستندا لە ڕیکەوتی ١٧ی جوولایی ١٩٢٠ بڵاو کراوەتەوە. لە بەر ئەوەی کە نووسینەکە درێژ نەبێ، خۆم لە وەرگێرانی هەموو وتووێژەکە لێرەدا بواردووە.
https://www.nb.no/items/٣٩٤٨afb٠٧٩٤٠٥٥d٧٦٢٧c٠٦٣٦٣e٥٧c٠ee?page=١&searchText=simko

لایەن تورکەکانەوە کۆمەڵکوژ کران. گەورەترین کۆمەڵکوژیی ئەو سەردەمە کە بە دەستی تورکەکان کرا، کۆمەڵکوژیی گەلیێ زیلان لە نزیک گۆلی وان لە باکووری وڵات بوو کە تێیدا زیاتر لە ١٧٠٠٠ ژن و پیاو و مناڵ کۆمەڵکوژ کران. ئیحسان نووری پاشا کە لە ئێران وەک پەنابەر وەرگیرابوو و لە تاران نیشتەجێ کرابوو، لە ساڵی ١٩٧٦دا لە تاران لە ڕووداوێکی گوماناویدا، بە مۆتۆرسیکلێتێک تووشی ڕووداوی هاتوچوو بوو و، دواتر هەر بەو هۆیەوە ژیانی خۆی لە دەست دا[١].

دوژمنانی گەلی کورد بۆ تێکشکاندنی کۆماری ئارارات زۆر پیلانگێڕییان کردبوو و هەر دوو



حکوومەتی فارسەکان و تورکەکان لەو بارەوە دوای ئاڵۆزی و ناکۆکیی نێوانیان ڕازی ببوون کە لە بەرامبەر کوردەکاندا هاوکاریی یەکتر بکەن. حکوومەتی ئێران کە بۆ خۆی نە لە بواری لەشکەری و نەش لە بواری ئابووریدا توانای بەرەنگاری هەبوو، ئیزنی بە سوپای تورکدا کە لە

١ Wikipedia: Republic of Ararat: https://en.wikipedia.org/wiki/Republic_of_Ararat

ڕێگای باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هێرش بکەنە سەر ئەو بزاڤە. ئەوە لە کاتێکدا بوو لە دەستپێکدا کە هێزەکانی تورکیا چووبوونەوە نێو خاکی کوردستانی بندەستی پارس، پارسەکان زۆر بە توندی هەڵوێستیان گرتبوو و خەریک بوو لە نێوانیاندا شەڕ دەرکەوێ. ئەو هەلوێستانەیان لە ڕۆژنامەکانی بیانیشدا کاتی خۆی دەنگی هەبووە.

هۆکارێکی تێکشکانی کۆماری ئارارات ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئەو سەرهەڵدانە لە هندێک خۆفرۆشی کوردیش کەڵکی وەرگرتبوو. بۆ نموونە سەرۆک عەشیرەتی وا هەبوو لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە ڕاسپێردرابوو کە لە نێو عەشیرەتەکانی کورددا چەکدار کۆ بکاتەوە بۆ بەشداری لە سەرکووتی هێزەکانی برۆ ئێ حەسکێ تێلی و فەرزندە بەگدا و ئەویش هەر وەک چوون لە دژی سەرهەڵدانی سمکۆ هاوکاریی حکوومەتی تارانی کردبوو، ئەم جارەش بە دژی سەرهەڵدانی ئارارات ئەوەی لە دەستی هاتبوو، درێغی نەکردبوو. هەر بۆیە لە نێو کوردەکاندا ئەو کەسە وەک کەسێکی بەدناو لە مێژوودا ناسراوە.

دوکتۆر قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەبداتدا نووسیویەتی کە ڕاپەرینی ئارارات لە ساڵی ١٩٣١ بە هاوکاریی دوو حکوومەتی داگیرکەری تورک و ئێران سەرکووت کرا.

لە ساڵی ١٩٤٦دا گەلی کورد لە دوای تێکچوونی کۆماری ئارارات دیسان کۆمارێکی نوێیان دامەزراند کە لە مێژوودا بە کۆماری کوردستان ناسراوە. سەرەڕای ئەوەی کە باکووری ڕۆژهەڵات بە فەرمی نەکەوتبووە بن حوکمی کۆماری کوردستان، بەڵام خەڵکی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان چالاکانە لەو کۆمارەدا بەشدار بوون. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا سەرەڕای هاوکاری و پێوەندیی دۆستانەی نێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، حکوومەتی کۆماری کوردستان هیچ کاتێک بەڵگە یان خاڵێکی ئەوتۆیان واژوو نەکردووە کە زەرەری هەبێ بۆ جۆغرافیای کوردستان بە گشتی و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

دوای ڕۆخانی کۆماری کوردستان، چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەک ناوچەکانی دیکە هەبووە کە لە

خەباتکارانی ئەم سەردەمە بێجگە لە دوکتور قاسملوو، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە نحۆ شکاک، سەنار مامەدی و ئیسماعیل قاسملوو و عەبدوڵلا عزەتپوور بکەین.

باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکەمین ناوچەکان بوو کە کەوتە بەر هێرشی ڕێژیمی خومەینی. بە هۆی ئەوەی کە هەر دوو ڕێگای سەرەکیی ترانزیتیی نێوان وڵاتە داگیرکەرەکانی ئێران و تورکیا (خاڵی سنوورییەکانی سێرۆ و بازرگان) لەو ناوچەیە هەڵکەوتبوون کە گرینگیی تایبەتیی خۆیان هەبوون بۆ هەر دووی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە. لە کتێبێکدا کە مەهدی چەمران لە سەر برا خوێنڕێژەکەی – مصطفی چمران- نووسیویەتی، ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات کە شەڕی سوپای پاسداران لە حساری ناوچەی کناربەڕۆژی ورمێ (گێدووکا حسارێ) لە ڕێکەوتی ١٣٥٨.٠٧.٢٠ی هەتاوی، لە ژێر فەرمان و بە بەشداریی خودی چەمران کراوە[1]. مەلا حەسەن شێوەسەڵی لە فایلێکی دەنگیدا باسی ئەو شەڕەی کردووە. ئەو شەڕە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بووە لە خەباتی چەکداریی گەلی کورد لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. لەو سەردەمەدا، سەنار مامدیش لە ناوچەی بازرگان و ماکۆ (کۆتۆل) بە دژی داگیرکەران جبهەیەکی گەورەی کردبووەوە. بە وتەی چەمران، ئەو هێزانەی کە لەگەڵ سەنار بوون، ٦ پایگای ژاندارمریان لە کۆتۆل چەک کردبوو[2]. باس لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران بە دژی ڕێژیمی داگیرکەری پاشایەتی و بە دەسەڵات گەییشتنی ڕێژیمی داگیرکەر و تیرۆریستپەروەری خومەینی لە بەشەکانی دیکەدا درێژەیان دەدەین.

## ژێدەرەکان:

١. قاسملوو، عەبدولرەحمان: کوردستان و کورد (لە لایەن حەسەن زادە، عەبدوڵلا وەرگێراوەتەوە بۆ سەر زمانی کورد): (٢٠٠٧)، ڕۆژهەڵات، هەولێر

٢. قاسملوو، عەبدولرەحمان & حەسەن زادە عەبدوڵلا: (٢٠٠٢)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆیە

٣.کۆچێرا کریس: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، (و. بۆ سەر کوردی:

١ چەمران، ١٣٩٤، لاپەڕی ٢٥

٢ سەرچاوەی پێشوو

حەمە کەریم عارف)، (٢٠٠٧)، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر
٤. نەوشیروان مستەفا (صالح محمد امین ): کرد و عجم، (ترجمە : عبدالله ابراهیمي)، چاپ اول ٢٠٠١ .آدلاید استرالیا
٥. سعید بدل (صادق شرفكندي ): تاریخچەی جنبش های ملی کرد (١٣٦٠)، کومیسیونی چاپەمەنیی حدکا: شیوەجو
٦. منظمی، علی: اندیشە هاي قاسملو دربارە دمکراسي براي ایران کثیرالملله، (ترجمە: یوسفی، کیهان)، (١٣٩٢)، اتحادیە دانشجویان دمکرات کردستان ایران، اربیل
٧. گادانی، جەلیل: ٥٠ ساڵ خەبات - بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم (٢٠٠٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک
٨. گادانی، جەلیل: ٥٠ ساڵ خەبات - بەرگی دووهەم، چاپی سێهەم (٢٠٠٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک
٩. مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات: چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک : حزب دموکرات کردستان - جلد اول، (١٣٧٨)، تهران
١٠. زرگری‌نژاد، غلامحسین: خاطرات نخستین سپهبد ایران احمد امیراحمدی، (١٣٧٣)، موسسە پژوهش و مطالعات فرهنگی، تهران
١١. چمران، مصطفی: کردستان، (١٣٩٤) (توسط مهدی چمران منتشر شدە است)، دفتر نشر فرهنگ اسلامی

١٢.ڕۆژنامەی نوروێژیی Demokraten Sosial، لاپەڕەی یەکەم، ژمارە ٢٦٨، کە لە ڕێکەوتی ١٧ی نوامبری ١٩١٤دا لە کریستیانیا (ئوسلۆ) دەرچووە.
https://www.nb.no/items/۱۴d۳۹۶e۳۵bb۶۳be۵۸۷b۸۵b۸bfa۷۸۸۵۵۱?page=۰&searchText=simko

١٣.ڕۆژنامەی ئافتنپۆستنی نوروێژی کە لە ڕێکەوتی ٢٢ی ئاگۆستی ١٩٣٣ لە ئوسلۆ دەرچووە
https://www.nb.no/items/URN:NBN:no-nb_digavis_aftenposten_null_null_۲_۴۱۸_۷۴_۱۹۳۳۰۸۲۲

١٤. ڕۆژنامەی ئافتنپۆستن، ژمارە ٣٥٠، لاپەڕەی ٣ کە لە ڕیکەوتی ١٧ی جوولای ساڵی ١٩٢٠ لە

نوروێژ دەرچووە.
https://www.nb.no/items/۴۹۴۸afb۰۷۹۴۰۵۵d۷۶۲۷c۰۶۳۶۳e۵۷c۰ee?page=۱&searchText=simko

۱۵. ڕۆژنامەی میدداگس ئاڤیسن، ژمارە ٢٦٨ کە لە ڕێکەوتی ١٧ی نوامبری ١٩١٤دا لە نوروێژ دەرچووە.
https://www.nb.no/items/۱۶۱۸۱۸۸۶۵b۴f۲۸۸۹a۶f۶۵۱۲۶ce۸۷۸۸۶a?page=۳&searchText=simko

۱۶. پایگاه خبری تحلیلی هاژه، آمار جمعیتی آذربایجان غربی به تفکیک شهرها اعلام شد. سەشنبە ٢٤ اسفند ١٣٩٥
http://www.haje.ir/NewsDetails.aspx?itemid=۲۳۰۴

۱۷. .................... ویکیپیدیای فارسی، شهرستان ارومیه
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D%۸B%۴D%۸۷%۹D%۸B%۱D%۸B%۳D%۸AA%D%۸A%۷D%۸۶%۹_%D%۸A%۷D%۸B%۱D%۸۸%۹D%۸۵%۹DB%۸C%D%۸۷%۹

۱۸.ویکیپیدیای فارسی، فهرست شهرستانهای استان آذربایجان غربی
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D%۸۱%۹D%۸۷%۹D%۸B%۱D%۸B%۳D%۸AA_%D%۸B%۴D%۸۷%۹D%۸B%۱D%۸۷%۹D%۸A%۷DB%۸C_%D%۸A%۷D%۸B%۳D%۸AA%D%۸A%۷D%۸۶%۹_%D%۸A%۲D%۸B%۰D%۸B%۱D%۸A%۸D%۸A%۷DB%۸C%D%۸AC%D%۸A%۷D%۸۶%۹_%D%۸BA%D%۸B%۱D%۸A%۸DB%۸C

۱۹. ....................درس ششم : تقسیمات سیاسی استان
http://chap.sch.ir/sites/default/files/books/-۰۵۵-۰۲۷/۱۶۰/۹۳-۹۲C۳-۲۳۷.pdf.

۲۰. ........سالنامه آماري استان آذربایجان غربي – ۱۳۹۴
https://azgharbi.mporg.ir/FileSystem/View/File.aspx?FileId=۰۲۸a۵f۸d-f۰bc-۹۷۲-۴۵۹۵e-a۶۰۲۷۳۲۶۲ae۲

٢١. سایت سازمان برنامه و بودجه کشور، اینفوگرافی وضعیت باسوادی استان در سال ١٣٩٥

https://azgharbi.mporg.ir/FileSystem/View/File.aspx?FileId=٨c٦٣٤٧cb٨-cb٤-٩d٦f٨٢-bb٣٩-c١٥٦٥a١ca٣

٢٢. ڕۆژنامەی نورویژیی بەرگنس تیدێندە، ژمارە ٣١١ کە لە ڕێکەوتی ١٧ی نوامبری ١٩١٤ دەرچووە.

https://www.nb.no/items/a٨f٣١٨٤٥٨c٤٧٣b٦٧٠٣٨٠f١٥٨f٥c٥٣٢٧e?page=٥&searchText=simko

٢٣. سایتی ڕۆژەڤا کورد، ئیحسان نووری پاشا، ٢٥.٠٣.٢٠١٧

https://rojevakurd.com/٢٥e-adar/

٢٤. ............ ویکیپیدیای ئینگلیزی، Republic of Ararat

https://en.wikipedia.org/wiki/Republic_of_Ararat

٢٥. سایتی سازمان نظام مهندسی معدن ایران، معادن استان آذربایجان غربی

http://www.ime.org.ir/idminelist/?os=٢

٢٦. ...................... ویکیپیدیای فارسی، شهرستان ماکو

https://fa.wikipedia.org/wiki/شهرستان_ماکو

سەرچاوە ئینترنێتیەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩.١٢.١٠، کاتژمێر ٢١:٥٢ کونترۆڵ کراون.

## باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان
### دوای ڕووخانی ڕیژیمی پەهلەوی

لەو بەشەدا هەوڵ دەدرێ کە ڕووداوە گرینگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تا هاوینی ساڵی ١٣٦٣ بە کورتی بخرێتە بەر چاو. لە ئاکامی ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی  لە زۆر شوێن بۆشایی دەسەڵات هاتبوو ئاراوە. بۆ پڕکردنی ئەم بۆشاییە، خەڵک لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی بە مافی نەتەوەییدا خاوەنی دوو ئەزموونی گرینگی مێژوویی بوون تا کو بتوانن لەو سەردەمەدا کەڵکی لێوەربگرین: ئەزموونی سەرهەڵدانی سمکۆی شکاک و ئەزموونی بەشداری لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا. بۆیە هاوکات لەگەڵ ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی، زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان زوو وەخۆ کەوتن و هەر کامیان خەڵکانێکیان کە زۆربەیان سەر بە عەشیرەتی خۆیان بوون، لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە و وەک هێزی چەکدار بە کاریان هێنا بۆ ئەو ئامانجە کە بتوانن لە ناوچەکانی ژێر نفووزی خۆیاندا ببن بە حوکومدار و دەسەڵات بگرنە دەست خۆیان؛ هەر وەک چۆن حاجی جوندی دەڵێ کە هەر یەک لەو سەرۆک عەشیرەتانە/دەرەبەگانە بە جۆرێک لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە ناوچەی ژێر نفووزی خۆیدا ببن بە حاکمێک.

سەنار مامەدی کە لە سەردەمی ڕاپەرینی ٤٦-١٣٤٧دا لە لایەن هێزێکی کوردییەوە دەستبەسەر و ڕادەستی ڕێژیمی پاشایەتی کرابوو، تا دوای ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەر لە زینداندا بوو.  کاتێک کە سەنار مامەدی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زیندان ئازاد کرا، خەڵکی ڕیش سپی و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە بە بۆنەی ئازادبوونی لە زیندان، سەردانی ناوبراو دەکەن و ئەویش لە دەرفەت کەڵک وەردەگرێ و داوا لە خەڵکەکە دەکا کە لەگەڵ حیزب هاوکاری بکەن ببن بە حیزبی. دوای دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەشەمەی ١٣٥٧دا،

هەر بە مەبەستی هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە خەباتی نەتەوەییدا دوکتور قاسملوو و سەرگورد عەباسی بە جیا جیا سەردانی باکووری ڕۆژهەڵات دەکەن و لەگەڵ خەڵک و سەرۆک عەشیرەتەکان دەئاخڤن. زۆربەی نزیک بە تەواوی سەرۆک عەشیرەتەکان ئەو داوایەی دوکتور قاسملوو قەبووڵ دەکەن و دەبن بە بەشێک لە هێزی بەرگریی مللی و یان لقێک لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوای ئەوەی کە سەنار مامەدی بە هاوکاریی خەڵک توانی هێزی قەهرەمان سازمان بدا، سەرگورد عەباسی و مەلا حەسەن شێوەسەڵی سەردانی باکووری ڕۆژهەڵاتیان کرد بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی ئەم هەرێمە. بە وتەی مەلاحەسەن شیوەسەڵی، کاتێک کە ڕێژیم لە هەوڵ و تێکۆشان و حزووری سەرگود عەباسی لە باکووری ڕۆژهەڵات ئاگادار دەبێ، بە پلانی دارِێژراو، بە هێزێکی چەکداری و هێلیکوپتێر هێرش دەکاتە سەریان و ئەوان بە زەحمەتێکی زۆر و شەڕێکی قورس و نابەرامبەر دەتوانن لەو پیلانە خۆیان ڕزگار و بە سلامەت دەرباز کەن.

ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتیش دوای بە دەسەڵات گەییشتنی ڕێژیمی خۆمەینی، کەوتە بەر پەلاماری بەسیجەکانی ئەم ڕێژیمە تازەیە. هێزەکانی ئێران بە فەرماندەریی پاسدارمستەفا چەمران، لە ورمێ ڕا هێرشیان کردبووە سەر ناوچەکانی کناربەڕۆژ، ئەنزەل، سۆما و برادۆست وهتد ... بۆ ئەوەی کە خۆیان بگەیێننە خاڵی سنووری سێرۆ کە ئەو کات یەکێک لە گریگترین خاڵەکانی سنووری دەهاتە ئەژمار. ئەوان لە گێدووکی حساردا بەرەورووی بەرەنگاریەکی توندی هێزی پێشمەرگە و بەرگریی میللی دەبن و ڕادەوەستێندرێن. لەم شەڕەدا کە لە ڕێکەوتی ٢٠.٠٧.١٣٥٨ی هەتاویدا رووی داوە، ماموّستا حەسەن شیوەسەلیش بەشدار بووە.[١]

هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان هەر ماوەیەکی کورت دوای دەستپێبوونەوەی شەڕی ڕێژیمی خومەینی بە دژی گەلی کورد، بەرەی خۆیان

١ لەم شەڕەدا چەندین کوژراو و بریندار هەبوون کە نێوی پێنج کەس لەوانەی کە گیانیان لە دەستدابوو، بریتین لە: مووسا عەمەرپوور خەڵکی گۆلەگەنی، خالەر بەشیری خەڵکی گوندی سیناوا، عەلی، ناسراو بە عەلی خەلۆ خەڵکی باکووری کوردستان، عەلی خەڵکی گوندی کانی شڕک و ئیلخانی سەعیدیان خەڵکی گوندی حەوتساران.
شایانی ئاماژەیە کە مامی مووسا عەمەرپوور بە نێوی جەهانگیر، لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆ دا، لە نزیک مەهاباد لە شەڕێک لە گەڵ عەجەمەکاندا کوژرابوو، باوکی ناوبراو بە نێوی سولتان، پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوو کە لە سەردەمی کۆماردالە مەهاباددا کۆچی دوایی کردبوو و دایکیشی بە نێوی مەمیخان، لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا بە دەستی جاش و پاسدارەکان لە گوندی گۆلەگەنی شەهید کرا.

گۆڕی و لەوەی کە ڕۆژگارێک خەونیان بەوەوە دەبینی کە هەر کامەیان بۆ خۆیان بن بە سمکۆیەک، زوو لەو ئامانجەیان وازیان هێنا و بەرەی خۆیان گۆڕی. هۆی سەرەکیی ئەوەی کە زۆربەیان لە دەستپێکەوە لەگەڵ بزاڤی نەتەوەیی کەوتبوون بە دەر لە هێندێک هەستی لاوازی کوردایەتی، لە ڕاستیدا بۆ ئەوە بوو کە زەوی و زاری جووتیاران کە لە سەردەمی ئیسلاحاتی ئەرازیی ڕێژیمی پەهلەویدا لە ئەربابەکان وەرگیرابوو و درابوو بە جووتیاران، لە دەستی جووتیاران دەربێنن. بەڵام کاتێک ئەوان لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات تێگەییشتن کە حیزب دەڵێ " زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لە سەر دەکەن"، زوو بەرەی خۆیان گۆڕی و ڕێژیمیش بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی ناڕوون، لە هەر دوو لا (هەم ئەربابەکان و هەم هێندێک لە جووتیاران) کەڵکی وەرگرت. لە سەر ئەم سیاسەتەی حیزب، دەفتەری سیاسی بە ئیمزای دوکتور قاسملوو نامەی بۆ زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکانی باکووری ڕۆژهەڵات ناردبوو کە لە ڕێگەی مەلاحەسەن شیوەسەڵی بە دەستیانی گەییشتبوو. نموونەی یەکێک لەو نامانە کە لە لایەن شیوەسەڵییەوە بڵاو کراوەتەوە، لێرەدا دەخرێتە بەر چاو ودیدی ئێوە:



کارێک کە لە لایەن هێندێک سەرۆک عەشیرەت و ئەربابەکانەوە لە باکووری کوردستاندا کرابوو، ئەوە بوو کە هێندێکیان زەوی و زاریان لە وەرزێرەکان وەرگرتبوو و ئەوانیان ناچار کردبوو کە گوندەکانیان بە جێ بێڵن و ڕوو بکەنە دەوروبەری ورمێ و شارەکانی دیکە و ئەوە دەرفەتی دا بە دەستی حکوومەتی ئێران کە لە چەند کەسێک لەو جووتیارانە بە دژی تێکۆشانی گەلی کورد کەڵک وەربگرێ و چەکداریان بکا. پاسدارەکانی ئێران بۆ ئەم مەبەستە لە هێندێک شوێن دەفتەرییان دانابوو و خەڵکیان ناونووس کردبوو. بە وتەی کوهەنساڵ کە ئەو کات گەنجێکی تازە پێگەییشتوو بووە، بۆ جۆتیارانی ناوچەکانی سۆما، برادۆست، ئەنزەل، کناربەرۆژ و ... ڕێژیم بنەماڵەیەکی جاش-توودەییان کە خەڵکی گوندی باوان لە ناوچەی سۆمای ورمێ بوون، بۆ ناونووس کردنی خەڵک بۆ جاشایەتی ڕاسپێردرابوون و ئەرکدار کرابوون. بە وتەی کۆهەنساڵ، ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دەفتەرێکیان لە گەرەکێکی هەژارنشینی ورمێ بە نێوی گرەجهوو دانابوو بۆ ناونووسکردنی خەڵک. کەمتر شەڕێکی پاسدارانی ئێران بە دژی هێزەکانی کوردستانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا هەبووە کە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە ڕۆڵێکی سەرەکیان تێیدا نەبووبێ. بە تایبەتی شەڕەکانی گوندی پیرانجوق و گێچە و کوورەی سەروو کە خەڵکی ئاسایی تێیدا کۆمەڵکوژ کران. ئەوان تا ئێستاش لە ڕیزەکانی سەپای پاسداران دان و منداڵانیان بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتی دەوڵەتی، لە پرۆژەکانی سوپای پاسداران بۆ دەرهێنانی کانگا ژێرزەوییەکانی کوردستاندا ڕۆڵ دەگێڕن. یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە ماوەیەکی کورت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران پەریوەی دەرەوەی وڵات بووە، بەرپرسایەتیەکی باڵای ڕێکخراوەیی هەیە لە نێو گرووپێکی کوردیدا لە دەرەوەی وڵات.

لە سەر دەرکردنی جووتیاران لە لایەن دەرەبەگەکانەوە، هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە "تەنیا بنەماڵەی ئەوان بوون کە ڕەعیەتی خۆیانیان وەردەرنەناوە و هێندێکیشیان کە بۆ خۆیان ماڵ و ملکی خۆیان بە جێ هێشتبوو و ڕوویيشتبوون، لە لایەن ئیرەج ئیبراهیمزادەوە[1] دیسان وەریانگێرابووە سەر زەوی و ماڵ و

١ ئیرەج ئیبراهیمزادە خەڵکی گوندی گونبەد و سەرۆکی عەشیرەتی نیسانی بوو کە لە دەستپێکی چالاکیەکانی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ حیزب کەوتەوە و جێگری فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسی بوو. بەڵام دواتر لە ساڵی ٦٢دا دەستی لە حیزبایەتی هەڵگرت و گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی و دوای گرتنی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەڕایەوە و تەسلیم بوو و تا کاتی کۆچکردنی لە شاری ورمێ ژیا.

حاڵی خۆیان."[1] کوهەنساڵ ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە کە بنەماڵەی ئیبراهیمزادە وەرزێرەکانیان دەرنەکردبوو و هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێوەندیی ئیرەج ئیبراهیمزادە بە حیزبی دێموکراتەوە و کارتێکەریی ئەو پێوەندییە لە سەر ئەو هەڵوێستە. مورادی دەڵێ کە زۆر بنەماڵەی دیکەی خاوەن ملکیش، وەک نموونە بنەماڵەی حاجی شێرۆ ئیسماعیلزادە، تاهیرخان سمکۆ، باباخان سمکۆ و سەنار مامەدی هەبوون کە زەوییەکانیان لە جووتیاران وەرنەگرتبووەوە. بە وتەی مورادی، کاتێک کە عەلی پزاخا (مامی جەهانگیر ئیسماعیلزادە) دەرکردنی جووتیارانی دەستپێکرد، جەهانگیر ئیسماعیلزادە بۆ خۆی و تیمێکی پێشمەرگەوە چوو و پێشی پێ گرت و نەیهێشت کە دەریان بکا.

هێندێک لە کردەوەکانی ئەو دەرەبەگانە ئەوەندە دوو لە ڕەوشتی مرۆڤایەتین کە دەبێ بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە سەر ئەوان بۆ نەسلەکانی داهاتوو، لە مێژوودا تۆمار بکرێن. بۆ نموونە، دەرەبەگێک کە ئەربابی گوندی ئیشکەسۆ و سەرۆکی یەکێک لە عەشیرەتەکانە لە ناوچەی برادۆست و کناربەرۆژی شاری ورمێ، کەسێک کە کوڕە جۆتیارێکی فەقیر بوو، دەگرێ و دوای چەندین ڕۆژ دەستبەسەرکردن و ئیشکەنجە و لێدان، ناوبراو بە کەرەستەیەک کە بۆ خەساندنی ئەسپ و حەیوان کەڵکی لێ وەردەگرن، ئەو پیاوەی خەساندبوو. گرینگە کە ئێمە باسی دڵرەقیی ئەوان جۆرە کەسانە بکەین تا قیزەونیی کرداری ئەو نامرۆڤە وەک پەڵەیەکی ڕەش تا هەتایە بە نێو چاوانیەوە بمێنێتەوە.

حاجی جوندی هەڵسووکەوتی دەرەبەگ و ئاغاکان لەو سەردەمەدا بە جۆرێک وەک چاولێکەری پێناسە دەکا. ناوبراو ئەو کاتەی بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ناوچەی ئەنزەل بووە، لەو بارەوە نموونەیەک باس دەکا و دەڵێ:

" مام ناسر خەڵکی گوندی مێشک کە لە گوندی مسکینیش ڕەعیەتی هەبوو کە خووشک و زاڤای خۆی بوون. ئەوانی گرتبوو و لە زیندان کردبوون. ئەو دەم حیزبیش بڕیاری دەرکردبوو کە هەر کەس ڕەعیەتەکەی دەربکا، سزا دەدرێ. لە نێو خەڵکیشدا وایان بڵاو کردبوو کە هەر کەس ئەو کارە بکا،

[1] لیستەیەکی ئەو جووتیارانەی کە لە لایەن ئەربابەکانیانەوە لە گوندەکان دەرکرابوون، بە زانیاریی ورد لە لایەن ڕێکخراوی پێیکارەوە بەلاو کراوەتەوە کە لەو لیستەیەدا نێوی بنەماڵەی ئیرەج ئیبراهیمزادە نەهاتووە و ئەوە دەتوانێ بەڵگەیەک بێ بۆ سەلماندنی راستیی قسەکانی هاشم. ئەوە لە کاتێک لە نێوی گوندی خۆم (دانەر) تێیدا هاتووە. لینک:
https://www.iranarchive.com/sites/default/files/sanad/Urumiye.pdf

[2] ڕێکخراوی پەیکار، بانەمەڕی ١٣٥٨ی هەتاوی، لاپەڕی ٢٨
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/Urumiye.pdf

حیزب ئێعدامی دەکا. منیش چووم و لە مام ناسرم پرسی کە بۆ وای کردووە و مەگەر گوێی لێ نەبووە کە حیزب لە سەر ئەوە سزای دەدا!؟ ناوبراویش وتی: با دەمزانی کە حیزب بڕیاری دەرکردووە. بەڵام ترسام کە بەیانی لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان باسی بکەن و بڵاو بکرێ کە <<حاجی شێرۆ کشته شد، طاهر خان کشته شد، حاجی سامی کشته شد>>، با هەما لە ژێریدا بنووسن کە <<ناسر مێشکی ژی کشته شد>>."

ئەوە بەو مانایەیە کە ناوبراو حازر بووە کە بمرێ، بەڵام لەوانەی دیکە کەمتر نەبێ.

## چوونیەتی پێوەستبوونی پۆلێک لە کەسانی خوێندەوار بە حیزبی دێموکراتەوە و گەشانەوەی تەشکیلاتی ئەو حیزبە لە باکووری ڕۆژهەڵات

شیاوی ئاماژەپێکردنە کە یەکەمین هێزی پێشمەرگەی کوردستان (پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات) کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهاتبوو، هێزی "قەهرەمان" بوو کە هەموو ناوچەکانی ئەنزەل، کناربەڕۆژ، سۆما و برادۆست، شپیران و دەوروبەری سەڵماس و خۆی و ماکۆ لە خۆی دەگرتەوە. تێموور مورادی کە بۆ خۆی یەکێک لە بەرپرسانی ئەو کاتی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و لە سەر و بەندی شۆڕشدا دیپلۆمی وەرگرتبوو، دەڵێ کە کاتێک کە شەڕی گێدووکی حسار دەستپێ بوو، ئەوان بە هۆی شەڕەوە نەیانتوانی بچنەوە بۆ ورمێ و خۆیان بۆ بەشداری لە کۆنکۆری سەرانسەریی زانکۆ ناونووس بکەن. بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان هۆڤەسین (هۆڤەسن، هۆڤەسنە) و لەوێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکار و خوێندەوار دەست بە چالاکیی سیاسی دەکەن و لەگەڵ شاڵاوی چالاکییە نەتەوەییەکان کە دەستیان پێ کردبوو، دەکەون. بە وتەی مورادی ئەو کەسانەی کە لە دەوری یەکتر کۆ بببوونەوە بۆ چالاکیی حیزبی و سیاسی، بریتی بوون لە عەلی کاشفپوور، جەهانگیر ئیسماعیلزادە، موزەفەر بەگزادە، تێموور مورادی، ئەرشەد مورادی[1]،

[1] ئەرشەد مورادی لە ساڵی ١٣٣٣ لە گوندی هۆڤەسین لە دایک بووە و لەو کاتەداکە لە سەردەمی شاهدا"سپاه دانش" بۆ خوێندەوارکردنی خەڵک دەســت بە کار بوو، ئەرشــەد توانی بچێتە قوتابخانە. دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی، بۆ خوێندنی ناوەندی و دوا ناوەندی دەچێتە شاری ورمێ و لە ساڵی ١٣٥٢داکۆتایی بە خوێندنی دواناوەندی دێنێ. دواتر بۆ ماوەی شەش مانگ دەچێتە سەربازی و لە سەربازی

شاپوور شوجاعیفەرد، نحۆ حەمۆزادە و حوسێن کەریمی کە هەموویان خەڵکی گوندی هۆڤەسین بوون.

١



به هۆی نەخۆشیی گورچیلەکانی معاف دەبێ. دوو ساڵ خەریکی کاری مامۆستایەتی دەبێ لە گوندی کوڕانەی ناوچەی برادۆست و لە ساڵی ١٣٥٤که دەچێتە زانکۆی تەورێز و لە بواری وەرزێری، بەشی (ergonomi)دا وەردەگیرێ و لە زانکۆ دەست بە خەباتی سیاسی دەکا و لە گەڵ گرووپی "پیشگام" کە لایەنگری ریکخراوی چریکە فەداییەکانی خەلکی ئێران بووە، کاری کردووە.

له خەبات دژی ڕێژیمی پاشـایەتیدا جاریک بریندار و دوو جار دەستبەسـەر دەکرێ کە بە زەمانەت ئازاد دەکرێ. ئەو لە خۆپێشاندانەکانی خەڵک لە ورمێ بە دژی ڕێژیمی شادا بەشداری دەکا. ئەرشەد دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بەڵگەکانی پێوەندیدار بە دەستبەسەرکرانی خۆی لە پاسگای گورهانی گوندی سێرۆدا دەدۆزێتەوە. ئەگەر چی بۆ خۆی دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەندامی حدکا نەبووە، بەڵام لە بواری ڕێکخستنی و پەیداکردنی خەڵکی خوێندەوار بۆ پێوەستبوون بە حیزب لە گەڵ جەهانگیر ئیسماعیلزادە هاوکاری دەکا. سەرەڕای جیاوازیی بیر و ڕا، هاوڕێیەکی نزیکی عەلی کاشفپوور بووە. عەلی کاشفپوور لە سەرەتادا ئۆلییەکی توند بووە کە دواتر ئالوگۆڕ بە سەر بیر و ئەندیشەکانیدا دێ و دەبێتە کەسێکی سۆسیال دێموکرات. دوای دابەشبوونی چریکە فەداییەکان، لەوان جیا دەبێتەوە و دەبێتە ئەندامی حدکا بۆ ئەوەی کە هەموو کاتی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی گەلەکەی کەڵک وەربگرێ. ئەرشەد مورادی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە بواری ڕێکخستن، ئامووزشی کادرەکان، کارەکانی پێوەندیدار بە پرسە کۆمەڵایەتیان و مرۆڤی و هەروەها وەشاندنی گۆڤاری ئاراراتدا کاری کردووە. ئەرشەد ئەگەر چی پێشمەرگە بووە، بەڵام خۆی بە نیزامیکار نازانێ. ئەو زانیاریانە لە ڕێگای نامەوە لە بەرواری ٢٠ ی دسامبری ٢٠١٨ لە لایەن ئەرشەد مورادییەوە بۆ دانەر نێردراوە. ئەو زانیاریانە لە لایەن زۆر یەک لە ئینفۆرمانتەکانمەوە پشتڕاست کراون و لە پێوەندی لە گەڵ زۆر ڕووداودا باسیان لێکراوە. بە تایبەتی لە گفتگۆ لە گەڵ ئەنوەر کوهەنساڵ و تێموور مورادی دا.

١ ئەم وێنەیە لە گوندی هۆڤەسین گیراوە.

ئەوان خانوویەک کە پێشتر دوکانی گوندەکە بووە، بۆ خۆیان دەکەنە بنکەی چالاکیەکانیان. هەر ئەو دەستەیە، دواتر بۆ چالاکی بە شێوازی ڕێکخراوەیی لە ڕەفی حیزبی دێموکراتدا پێوەندی بە ئیرەج ئیبراهیمزادەوە دەگرن. موراد دەڵی:

"کاتێک کە سەنار مامەدی لە زیندان ئازاد کرا و خەڵک سەردانیان دەکرد، ئەو داوا لە خەڵک دەکا کە پێوەست بن بە ڕەفەکانی حیزبی دیموکراتەوە. ئەو کات ئیرەج ئیبراهیمزادەش یەکێک لەو کەسانە بوو کە سەردانی سەنار کردبوو و لە لایەن ئەوەوە دەعوەت کرابوو بۆ چالاکی لە حیزبی دێموکراتدا. هەروەها ئەو کات ئیرەج هات و چووی مەهابادیشی دەکرد و چاڤی بە دوکتور قاسملووش کەوتبوو. بۆ ئەوەی کە ئێمە تەشکیلات لە هۆڤەسین دابنێین، پێوەندیمان بە ئیرەجەوە گرت. هاشم ئیبراهیمزادەش (برای ئیرەج ئیبراهیمزادە) یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەو کات لەگەڵ ئیرەجدا بوو و پێشمەرگە بوو." زانیار (ناوێکی خوازراوە) کە پێشمەرگەیەکی سەردەمی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بووە، لە سەر ئەوەی کە چوون بووە بە پێشمەرگە، وتەکانی تێموور مورادی پشتڕاست دەکاتەوە کە لە کاتی ئینقلابدا تێکەڵاوی چالاکییەکان بووە. کاتێک کە شۆڕش سەردەکەوێ و ڕێژیمی شا دەرۆخێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە چالاکی دەکا و خەباتەکەی نێوی کورتی دەکەوێتە سەر، بۆ ئەوانیش سەرنجڕاکێش دەبێ و دەبی ئۆگری و لەگەڵ کورتیدا دەکەون. بە وتەی زانیار، لە شوماڵی کوردستاندا تا دوای کۆنگرەی چوارەم، ڕێکخراوەکانی حیزبی خاوەنی قەوارە و هەیکەلێکی ڕێکخراوەیی ڕێکوپێک نەبوون و هەر کەسێک لە ناوچەی خۆیدا بەرپرس بوو و چالاکیی دەکرد.

عەلی کاشفپوور یەکێک لەو کەسانە بووە کە دەورێکی گرینگی لە بەرەوپیشبردنی کار و چالاکیەکانی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات گێراوە. مورادی لە سەر ڕۆڵ و دەوری عەلی کاشفپوور دەڵێ: "عەلی کاشفپوور کەسێکی ئۆرگانیزاتۆر بوو کە دەیتوانی هەموو شتێک ڕێکوپێک بکا. عەلی هەم دەیتوانی کاری ڕێکخستنی بکا، هەم لەگەڵ خەڵک قسە بکا و هەم لە کاری بێسیم و شتی وادا پسپۆر بوو و لێی دەزانی. عەلی کاشفپوور و ئەرشەد مورادی هاوکاری یەکتر بوون بۆ نووسین و وەشاندنی گۆڤاری ئارارات کە ئەو کات زۆر حیزبی سیاسی نەیاندەتوانی وەها کارێک بکەن."

کاتێک کە کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەسترا، نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشداری کۆنگرەی چوارەمی حیزب ببوون کە لە ١٩ی فوریەی ١٩٨٠دا لە مەهاباد بەڕێوە چووبوو و بە وتەی عەبدوللا حەسەن زادە، هەر ٢٠٠ ئەندامی حیزب یەک نوێنەرانیان هەبوو بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا. لەو کۆنگرەیەدا جەهانگیر ئیسماعیلزادە و سەنار مامەدی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوون[1].

دروستکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبی بە شێوازێکی ڕێکوپێکتر، دوای کۆنگرەی چوارەم بووە. زانیار لەو بارەوە دەڵێ کە کاتێک کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە و سەنار مامەدی لە کۆنگرە گەڕانەوە، ئەوان هاتن و سازماندەییان کرد. لەو سازماندەییەدا ئیسماعیلزادە وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب ببوو بە بەرپرسی سیاسی و چەکداری لە ناوچەکانی سۆما، برادۆست و تا نزیکی سەڵماس. کاشفپوور ئەو کات وەک کادرێکی حیزبی تێکۆشانی هەبوو.

لە ناوچەکانی خۆی، ماکۆ و دۆڵی "کۆتۆل"دا هێندێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات چالاکیان هەبوو. حاجی جوندی کە فەرماندەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە باکووری کوردستانەوە، دوای کوودەتای سەربازیی ١٩٨٠ لە شاری ئاگرییەوە کە دەکەوێتە بەر ڕاووەدوونانی ژاندارمی تورکیە، دەست لە کاری مامۆستایەتی هەڵگرتبوو و پەریوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوو. ناوبراو لە سەرەتاوە دێ بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ماکۆ و لەوێ لەگەڵ حەسەن حەسەنزادە[2] و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ئاشنا دەبێ. حاجی جوندی دەڵێ کە ئەو دەم "زاهیر بەدری"ش [کە بە "بەبری کوێستان" ناسراوە] لە مەنتەقەی کۆتۆل بوو. حاجی جوندی حزووری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ماکۆ و دەورووبەری بە لاواز هەڵدەسەنگێنێ. مەلا حەسەن شیوەسەلی لە زنجیرە وتارێکدا کە لەو ساڵانەدا بە دەنگ لە ژێر ناوی "کورتە یادێک لە هاوزنجیران و هاوسەنگەران"دا بڵاوی کردوونەتەوە، باسی

١ قاسملوو و حەسەنزادە، ١٣٨١، ( کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چل ساڵ خەبات + نیو سەدە تێکۆشان)، ل. ١٨٠-١٨١.

٢ حەسەنی حاجی عەزۆ یەکێک لە فەرماندەرە چنگ ئاگرینەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم فەرماندەری هێز و هەم بەرپرسی کۆمیتە شارستانی ماکۆ بوو کە چەند ساڵ لە مەوبەر لە وڵاتی فینلاند کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان ناردەوە ماکۆ. ڕێژیم دواتر تەرمی ناوبراوی دزی و بۆ شوێنێکی بێ ناو نیشان گواستەوە کە هیچ زانیاریەک لە سەر شوێنی ئەسپێردەکردنی لە بەر دەستدا نیە و ئەویش وەک زۆر شەهیدی سەربەزی دۆزی ئازادیی کورد و کوردستان، بووە یەکێک لە سەربازانی ونی کوردستان.

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمیتە شارستانی ماکۆ دەکا کە توانیویانە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩دا چەندین عەمەلیاتی چەکداریی سەرکەوتووانە ئەنجام بدەن. هەروەها مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەلی باسی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی سڤیل لە لایەن فرۆکە شەڕکەرەکان و تۆپبارانەوە لە لایەن چەکدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەکا کە گوندی یارم قیە یەکێک لەو گوندانە بووە کە تێیدا خەڵکی سڤیل لە لایەن ڕێژیمەوە کۆمەڵکوژ کراوە.

سەنار مامەدی هەر زوو ڕوو لە ناوچەکانی ماکوو و لە سەڵماسەوە بەرەوسەر کردبوو و قورسایی هێزی خۆی خستبووە سەر کار و خەبات لە باکووریترین ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کەلا خویێ (خۆی) و ماکۆ بە هاوکاریی شۆڕشگێرانێکی وەک زاهیر بەدری و حەسەن حەسەنزادە توانیبوویان بەرەیەکی بەهێز بە دژی پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و ئەرکی خەبات لە ناوچەکانی سۆما، برادۆست و کناربەرۆژ بەرەو ورمێ بۆ هێزەکانی دیکە کە تێکەلاوێک بوون لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و "هێزەکانی بەرگریی میللی" بە جێ هێشتبوو. لەو بوارەوە زانیار دەڵێ کە موهەندیس جەهانگیر ئیسماعیلزادە ئەو کات بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەڵماس بوو و سەنار مامەدی بەرپرسی کۆمیتە شارستانی ماکۆ و کۆتۆل بوو. ئەو کات زۆر شەڕی گەورە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر مودیرییەتی "موهەندیس جەهانگیر ئیسماعیلزادە" و "سەنار مامەدی"دا بە دژی هێزەکانی ئێران بەڕێوە چوون.

شیاوی ئاماژەپێکردنە کە هێزی قەهرەمان لە دوای تیرۆرکرانی سەرگورد عەباسی، نێوی گۆردرا بە هێزی سەرگورد عەباسی. سەرگورد عەباسی کەسایەتی و ڕێبەرێکی ناودار بوو لە نێو خەلکی کورد بە گشتی و خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە تایبەتی. ناوبراو لە ڕێکەوتی ٣١ی خەزەلوەری ١٣٥٩ (٢٤ی ئاگۆستی ١٩٨٠)دا بە دەستی نفووزییەکی ئێرانی لە شاری مەهابادا تیرۆر کرا.

## هێزی بەرگریی سمکۆ

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی خومەینی، هێزی بەرگریی سمکۆ لە لایەن تاهیرخانی سمکۆوە دامەزرابوو. بە وتەی عەلی سمکۆ، کە بۆ خۆی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو هێزە و کوڕی تاهیرخانی سمکۆیە، ئامانجیان ئەوە بووە کە حیزبێکی سیاسی دامەزرێنن، بەڵام بە هۆی دەستپێکردنی شەڕ و هەلومەرجی ئەو کات فریا نەکەوتن کە ئەو کارە بکەن. بە وتەی ناوبراو، نێوی هێزەکەش "هێزی سمکۆ" بووە و نەک هێزی بەرگریی سمکۆ. بەڵام کاتێک کە حیزبی دێموکرات عەمەلیاتەکانی ئەوان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستاندا بە نێوی هێزی بەرگریی سمکۆ بڵاو دەکا، ئەوانیش دژکردەوە نیشان نادەن و بەو شکڵە بەو نێوە ناسراون. بە وتەی مورادی و هێندێک لە ئینفۆرمانتەکانی دیکە، لە کاتی سەفەری دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ئاخافتن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان و ڕیشسپییەکانی دەڤەری باکووری ڕۆژهەڵات، چاوی بە تاهیرخانی سمکۆش کەوتبوو و داوای لێ کردبوو کە ئەویش پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بێ. تاهیرخان سمکۆ ئەو پێشنیارەی دوکتور قاسملوو قبووڵ دەکا و بۆ ئەم مەبەستە، کوڕی خۆی بە نێوی عەبدوڵلا سمکۆ کە کەسێکی خوێندەوار بووە، دەنێرێت بۆ لای تەشکیلاتی حیزب کە لە گەڵیاندا کار بکا. هاتنی عەبدوڵلا سمکۆ بە دڵی هێندێک لە هاوڕێیانی کادر و بەرپرسی تەشکیلاتی ئەو کاتی حیزب، وەک عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد، نەبووە. کاتێک کە تاهیرخان بەو مەسەلەیە دەزانێ، داوا لە عەبدوڵلای کوڕی کردبوو کە بگەڕێتەوە و بەو شکڵە پێوەندیی ئەو و حیزب پچرابوو. شایانی ئاماژەیە کە عەبدوڵلا یەکێک لە بەربژێرەکان بۆ یەکەمین پارلەمانی ئێران (مەجلسی شۆرای ئیسلامی) لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بوو کە بۆ نوێنەرایەتیی خەڵک لە ورمێ خۆی کاندید کردبوو و لە لایەن حیزبی دێموکراتیشەوە پشتیوانیی لێ کرابوو. تێموور مورادی کە ڕووداوەکانی ئەو کاتی چاک لە بیرە، لەو بارەوە دەڵێ: " کاتێک کە هێشتا سەنار لە ناوچەی کۆتۆل بوو، دوکتور قاسملوو هاتبوو و چاڤی بە جەهانگیر ئیسماعیلزادە و تاهیرخان سمکۆ و زۆر کەسی دیکە کەوتبوو. دوکتور قاسملوو پێشنیاری کردبوو کە تاهیرخان لەگەڵ حیزب کار بکا و ببێتە حیزبی. بۆ خۆی نابێتە حیزبی بەڵام لە سەر ئەوەی کە چوون کار بکا،

تاهیرخان دەڵێ کە عەبدوڵلای کوڕی با لەگەڵ حیزب کار بکا کە کەسێکی خوێندەواریشە (خوێندکار بوو). ئەو کات بنکەی تەشکیلاتمان لە ئاخچەقەڵ بوو. کاتێک کە هاتن و پێشنیارییان دا، هەمووومان قبووڵمان کرد. بەڵام شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور قبووڵیان نەکرد. جیا بوونەوە. هەر کامەیان خۆیان لەگەڵ ٢٠-٣٠ پێشمەرگەیەک کردبوو بە ڕەفیق و ئەو پێشمەرگانەیان لەگەڵ خۆی هەڵگرت و چوون بۆ گوندی کەینێسی. بە شێوازێک بۆ خۆیان جیابوونەوە و بوون بە فراکسیۆنێک. مەسەلە گەورە بوو و تاهیرخان پێی زانی. جەهانگیر ئیسماعیلزادە چەند پێشمەرگەیەکی نارد و ئەوانیان چەک کرد و جارێکی دیکە گەڕاندیانەوە بۆ ئاخچەقەڵ. تاهیرخانیش وتی کە مادەم وایە، من عەبدوڵلا نانێرم بۆ نێو تەشکیلات. ناکۆکیەکی بەو شێوەیە لە نێوان عەلی کاشفپوور و ئەوان لەگەڵ تاهیرخاندا هەبوو."تاهیرخان لە جەرەیانی جیابوونەوەی سەنار مامەدی لە حیزب لە دەستپێکی بەهاری ١٣٦١دا، هەندێک ناکۆکیی لەگەڵ حیزبدا پەیدا کرد و دەستیدادژایەتیکردن لەگەڵ حیزب و هەروەها لە جەرەیانی شەڕی "قیادەی مۆوەقەت" لەگەڵ حیزب، بە هۆی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی مەرحووم بارزانیدا پشتی "قیادەی مۆوەقەت"ی گرت و پێشمەرگەکانی ئەوانی هێنابووە لای خۆی کە شەڕی حیزبیان دەکرد. لەدواییدا کە سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە پەشیمان بوونەوە و دیسان گەڕانەوە بۆ نێو حیزب، تاهیرخانیش جارێکی دیکە لە ڕووی لە ڕێژیم گەڕاندەوە. کاتێک کە لە نەورۆزی ١٣٦١دا ڕێژیم هێرشی کرد بۆ سەر ناوچەی سۆما، لە گوندی جۆهنی، هێزی بەرگریی سمکۆ بە سەرکردایەتیی تاهیرخانیش کەوتە بەر هێرشی ڕێژیم؛ سەرەڕای ئەوەی کە تا ئەو کاتیش لایەنگری ڕیژیم بوون. بەڵام نابێ لە بیر بکرێ کە باباخانی کوڕی سمکۆی شکاک، یەکێک لەو کەسانە بوو کە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و ئەمە لە لایەن مامۆستا حەسەن شیوەسەلییەوە لە زنجیرە وتارێکدا کە لە ژێر ناوی "کورتە یادێک لە هاوزنجیران و هاوسەنگەران"دا کە بە دەنگ بڵاوکراوەتەوە، پشتڕاست کراوە. عەلی سمکۆ لە سەر هۆکاری هێنانی پێشمەرگەکانی "قیادەی مۆوەقەت" بۆ لای خۆیان و هاتوچووی مێهدی باکری بۆ جۆهنی بۆ لای مەرحووم تاهیرخان سمکۆ، دەڵێ کاتێک کە پێشمەرگەکان بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ سەنار مامەدی ناوچەکەیان چۆڵ کرد، ئەوان بە تەنیا نەیانتوانیبوو بەرگری بکەن و بۆ ئەوەی کە نەکەونە بەر هێرشی ڕێژیم، پێوەندییان بە "قیادەی مۆوەقەت"ەوە گرتبوو تا

ئەوان هێزی خۆیان بنێرنە لای ئەوان و بەو شێوەیە وا بە ڕێژیم نیشان بدەن کە ئەوان لەگەڵ "قیادەی مۆوەقەت" دان تا بزانن ڕەوشەکە بەرەو کوێ دەچێ. کاتێک کە پرسگرێکی سەنار مامەدی و پێشـمەرگەکان خلاس بوو و دیسان پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناوچە، هێزی بەرگریی سمکۆش دیسان تێکۆشانی خۆی بە دژی ڕێژیم دەستپێ کردەوە و بۆیە کەوتینە بەر هێرشی ڕێژیم.

لە شەڕی پردی جۆهنی کە لە ڕێکەوتی ٣ی خاکەلێوەی ١٣٦١ ڕووی دا، چەند پێشمەرگەیەکی حیزب گیانیان لەدەستدا کە لە نێویاندا فەرماندەری بە نێوبانگ، مەلا داوودی خەسمی[١]، هەبوو. هاشم ئیبراهیمزادە کە بە وتەی خۆی یەکەمین ئەزموونەکانی شەڕ بە دژی حکوومەتی تاران بە بەشداری لە چەند عەمەلیاتێکدا بە فەرماندەریی مەڵا داوود خەسمی وەدەست خستبوو و لە عەمەلیاتەکانی کەمینی سەر ڕێگای نازلوو، کەمینی سەر پردی گوندی گۆلەگەنی و چەندین عەمەلیاتی دیکەدا لەگەڵ مەڵا داوود خەسمی بەشدار ببوو و لە کاتی کوژرانی مەڵە داوود خەسمی لە شەڕی پردی جۆهنیشدا حزووری هەبووە، دەڵێ: " بڕیار وابوو کە پێشمەرگەکانی ناوچەی شپیران بە شەو و ئێمەش بە ڕۆژ جادەی هەشتیان کونترۆڵ کەین و نەهێڵین پاسدارەکان ئەو ڕێگایە بگرن. هەروەها بڕیار وابوو کە لە پادگانی هەشتیان بدەین. کاتێک کە ئێمە چووین بۆ هەشتیان کە جێگۆڕکێ لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی شپیراندا بکەین، چاومان لێ کرد کە ئەوان لە پاسگای هەشتیانیان نەداوە و هەموویان لە نیو ماڵاندا دانیشتوون. لەوێوە ئێمە چووین بۆ گوندی هۆڤەسین و مەسەلەکەمان لەگەڵ جەهانگیر ئیسماعیلزادە باس کرد و تا گەڕاینەوە بەرەو جۆهنی، پاسدارەکان هێرشیان هێنابوو بۆ لای هەشتیان و بە تەما بوون بەرەو جۆهنی بچن. ئێمە بەرەو مەیدانی شەڕ چووین و کاتێک کە گەیشتینە ئەوێ، مەڵا داوود خەسمی و ئەوان شەڕیان دەکرد و بانگی ئێمەیان کرد کە لە خوارترەوە بەرەو ئەوان و مەیدانی شەڕ بچین. محەمەد سلێمانی و عیسا کە خەڵکی گوندی گێچە بوون، ئەوانیش هەر لەو شەڕەدا شەهید بوون و تفەنگی منیش گیر کرد و بە سووکی بریندار بووم."

١ مەڵا داوود خەسمی یەکێک لە فەرماندەرە بەنێوبانگەکانی حیزبی دێموکرات بوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ســاڵی ١٣٣٦دا لە گوندی قزڵکەندی سەلماس لە دایک ببوو. ناوبراو لە نەورۆزی ١٣٦١دا لە شەڕی پردی جۆهنی لە دژی داگیرکەرانی کوردستاندا شەهید کرا.

دوای ئەوەی کە لە کۆنگرەی چوارەمدا جەهانگیر ئیسماعیلزادە و سەنار مامەدی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوون، بۆ جێبەجێ کردن و بەڕێوەبردنی کار و باری حیزبی کۆمیتەیەک بە نێوی کۆمیتەی ئارارات دامەزراندبوو کە ناوچەکانی دەوروبەری ورمێ وەک نازلوو، ئەنزەل و کناربەڕۆژەوە هەتا کەلا خوێ (خۆی) و ماکۆ وەک مەیدانی چالاکییەکانی خۆی دەستنیشان کردبوو. ناوچەکانی سەڵماس بەرەو خوارەوە ئیسماعیلزادە بەرپرسی بوو و لە سەڵماس بەرەو سەر، سەنار مامەدی.

حکوومەتی ئێران لە بەر گرینگبوونی ناوچەکانی خۆی و ماکۆ کە ڕێگای شەمەندەفەری تاران- تورکیە لەوێوە تێدەپەڕێ و ڕێگایەکی ترانزیتیی گرینگە بۆ بازرگانیی ئێران لەگەڵ تورکیە و وڵاتانی ئورووپایی، هەر زوو هێرشەکانی خۆیان بۆ داگیرکردنی ئەو دەڤەرە دەست پێ کردبوو. هێزەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ سەرخستنی پیلانەکانیان زۆر پێداگر بوون و هەتا فەرمانداری خۆی بە نێوی قوربانعەلی کۆچەری و عەسگەر ڕەحیمی فەرماندەی عەمەلیاتیی سوپای پاسدارانی خۆی، بۆ خۆیان حزووریان هەبوو لە بەرەکانی شەڕ و عەمەلیاتەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و شناسایی و ...هتد لە دژی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان. ئەوان لە کاتی ئەم جۆرە چالاکیانەدا لە لایەن پێشمەرگەکانەوە لە نزیک شاری خۆی کوژران.

ڕێژیم ڕێکەوتی کوژرانی ئەوانی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ ڕاگەیاندووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەوان لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ەوە بێسەروشوێن ببوون. دەوڵەتی ئێران پێش ئەوەی کە بتوانێ دەست بە سەر ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرێ، لە مێتۆدەکانی شەڕی نادادپەروەرانە بە دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کەڵکی وەرگرتبوو. بۆ نموونە بێجان عەلیزادە، ناسراو بە بێجان شکاک کە یەکێک لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لە باکووری ڕۆژهەڵات، کاتێک کە لە گوندی هۆدەری سەڵماس دەمایەوە، لە لایەن سیخۆرانەوە ڕاپۆرتی لە سەر دەدرێ و سوپای داگیرکەری

ئێران بە هێزیکی گەورە و هێلیکوپتێری شەڕکەر هێرش دەکەنە سەری و لە ١٤ی خەزەلوەری ١٣٥٨داشەهیدی دەکەن[1]. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو شەڕەدا چ لە بواری چەک و تەقەمەنی و چ هەژماری چەکدارانەوە، زۆر لە چاو سوپای داگیرکەری ئێران نابەرامبەر و لاوازتر بوون.

لە سەر شەهیدبوونی بێجان عەلیزادە، ئەنوەر کوهەنساڵ کە ئەو کات لە تاران بووە و هێشتا نەبووە پێشـمەرگە، دەڵێ کە هەواڵی شەهیدبوونی بێجان عەلیزادە سەردێڕی یەکەمی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی ئێران بوو. هەروەها لە ڕۆژنامەکاندا نووسرابوو کە دوای شەهیدبوونی بێجان عەلیزادە، لە گیرفانیدا حەبی سیانۆر دۆزراونەتەوە. ئەمە لە لایەن بنەماڵەی عەلیزادەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە ناوبراو حەبی سیانۆری پێ بووە بۆ ئەوەی کە قەت ئیزن نەدات کە بە دیل بکەوێتە دەستی دوژمنانی. کوهەنساڵ هەروەها ئاماژەی بەوەی کرد کە ئەوانەی تاوانبار کرابوون کە گۆیا دەستیان لە ئاشکراکردنی شوێنی مانەوەی "بێجان"دا هەبووە، لە لایەن پێشمەرگەکانەوە سزا دران. بەڵام بەڵگە ڕوون نیە کە ئەو کەسانە بە ڕاستی دەستیان هەبووە لەو کارەدا یان نە. بە گوێرەی هێندێک سەرچاوەی سوپای پاسدارانی ئێران، ١٦ ڕۆژ دوای کوژرانی ئەو پێشمەرگەیە، واتە لە ٣٠ی خەزەلوەری ١٣٥٨ دا، پێشمەرگەکان بە فەرمانی سەنار مامەدی چەند کەسێکیان لە گوندی هۆدەری سەڵماس بە تاوانی تێوەگلان لە مەسەلەی کوژرانی بێجان عەلیزادەدا ئێعدام کردووە[2].

شایانی باسە کە عەلیزادە کەسێکی ئاکادێمیسیەن و خاوەنی بڕوانامەی بەرزی سەربازی و زمانەوانی لە زانکۆکانی ڕووسیە بوو کە لە کاتی چوونەوەی مەرحووم مەلا مستەفا، ڕێبەری ناوداری کورد بۆ سۆڤیەت، ئەویش وەک بەڵەدی ڕێگا لە گەڵیان چووبوو بۆ سوڤیەت و لەوێ درێژەی بە خوێندن دابوو. ئەو هەروەها لە زانکۆی بەغداد، لە کۆلێجی زمانە بەرزەکاندا کاری ئاکادێمیکی کردبوو و هەر لەو زانکۆیەدا لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا ببوو و ببووە یەکێک لە هاوڕێیانی نزیک و خۆشەویستی دوکتور قاسملوو و هەر لە

١ ڕۆژنامەی کەیهان، ١٤.٠٨.١٩٥٨
http://www.habilian.ir/fa/index.php?option=com_icagenda&view=event&id=1523&Itemid=768

٢ ڕۆژنامەی اطلاعات، ٣٠.٠٨.1a٣٥٨
http://www.habilian.ir/fa/index.php?option=com_icagenda&view=event&id=1۶۵۴&Itemid=768

لایەن دوکتور قاسملوویەوە پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، دەعوەت کرابوو کە پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ و لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتدا خەبات بکا. ئەو زانیارییانە هەم لە لایەن بنەماڵەی بێجان عەلیزادە کە بە تەلەفۆن لە ڕێکەوتی ١٨.١٢. ٢٠١٨ لە گەڵیان دواوم و هەم لە ڕاگەیاندنی حیزب (تیشک تی ڤی) پشتڕاست کراوەتەوە[١].

نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١٢٠ی کتێبی "پەنجەکان یەکتر دەشکێنن"دا کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە برلین چاپ کراوەتەوە، ئەوەی پشتڕاست دەکا کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٩دا لە گوندی سەناری مامەدی [ کە دەبێ مەبەستی گوندی سیاوان بێ] تووشی بێجان شکاک دەبێ و کاتێک کە لێی دەپرسێ کە لەوێ چ دەکا، بێجان عەلیزادە پێی دەڵێ کە خەڵکی ئەو ناوچەیەیە و کاتی خۆی لە بەر کوردایەتی لەگەڵ مەلا مستەفا پەریوەی سوڤیەت بووە و دواتر لە گەڵیدا گەڕاوەتەوە عێراق وئێستاش جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ نێو خزم و کەسوکاری خۆی.لە ناوچەکانی خۆی و ماکۆ حیزبی دێموکرات توانیبوو زوو جێگای خۆی لە نێو خەڵکدا بکاتەوە و ئەوان بۆ بەرگری ڕێکبخا؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە سەردەمی تێکشکانی شۆڕشی ئاراراتدا خەڵکی ئەم ناوچانە زۆر تووشی نەهامتی و چارەڕەشی بوون، ترسی زۆریان لە بەشداریی بەرین و چالاکانە لە خەباتدا هەبووە. سەرەڕای شەڕ و بەرخودانێکی بێوێنەی پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی خۆی و ماکۆ، بەڵام بە هۆی هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر خەڵکی سڤیل، کۆمەڵکوژی و دەستبەسەر کردنی خەڵکێکی زۆر و نابەرامبەریی هێز (دەوڵەت لە تۆپ و تانک و فرۆکە و هەر ئیمکاناتێکی کە لە بەر دەستی سوپای داگیرکەردا بوو، بۆ لێدانی خەڵکی کورد کەڵکی لێ وەرگرتبوو) حکوومەتی تاران زوو توانی دەست بە سەر خۆی و "ماکۆ"دا بگرێ.بۆیە لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠دا هێزی پێشمەرگە لە خۆی و ماکۆ پاشەکشەیان کرد بوو بۆ ناوچەکانی دەوروبەری سەڵماس. شایانی ئاماژە پێکردنە کە بە وتەی خودی کاربەدەستانی ئەو کاتی دەوڵەتی ئێران (وەک سەباغیان)، حکوومەتی تاران بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی تورکیە توانیبوو بەشێک لە هێزەکانی خۆیان بە هەموو ئیمکاناتی نیزامییەوە لە ڕێگای

---

١ تیشک تی‌ڤی، بەرنامەی ڕێگایەک بەرەو خۆر، ڕیکەوتی ٩.١١.٢٠١٣
https://www.youtube.com/watch?v=cjaiLvqA19s

تورکیه و باکووری کوردستانی گەورەوە دەربازی مەنتەقەی کۆتۆل بکا و لەوێ هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێک بشکێنێ[1]. ئەوە دەرخەری ئەم ڕاستیەیە کە ئەگەر چی دوژمنانی گەلی کورد زۆرترین ناکۆکیشیان لەگەڵ یەکتردا هەبێ، بەڵام لە سەر مەسەلەی کورد و دژایەتیی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، هەموو کاتێک حازرن کە پشتیوان و هاوکاری یەکتر بن و ئەوەی لە سەرەوەدا باس کرا، هەشتێکە لە مشتێک.بێجگە لەو ڕووداوانەی کە لە سەرەوەدا باس کران، ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرینگ کە لە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕوویان دابوو و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لە سەر هێندێک ڕووداوی مێژوویی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێویستە:

١. رەحمان کەریمی کە لە کۆنگرەی چوارەمدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، بە هۆی ئەوەی کە پێوەندیی بە حیزبی توودە و ڕێژیمەوە هەبووە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەڕی ڕێژیم لەگەڵ پێشمەرگەکان لە پیرانشار بە قازانجی دوژمن تەواو بێ. دوای ئەوەی کە بە نووسراوە دان بەوە دادەنێ و داوای لێبوردن دەکا، لە لایەن حیزبەوە بۆ کۆمیتەی ورمێ نەقل دەکرێ[2].

ناردنی ڕەحمان کەریمی بۆ کۆمیتەی ورمێ، بێجگە لە دوورخستنەوەی ناوبراو لە پیرانشار، مەبەستێکی دیکەش لە پشت بووە و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هات و ڕێژیم داوای دان و ستانی کرد لەگەڵ حیزب، کە هەموو کاربەدەستانی ڕیژیمیش هەر لە ورمێ بوون، ڕەحمان کەریمی بتوانێ ئەو ئەرکانە بە جێ بگەیەنێ. ڕەحمان کەریمی لە کۆمیتەی "ورمێ"شدا هەر درێژە بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕێژێم دابوو. لە لایەکی دیکەشەوە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ مامەدی و ئیسماعیلزادە لە باکووری ڕۆژهەڵات پێک هێنابوو. ئەنوەر کۆهەنساڵ دەڵێ کە ناردنی ڕەحمان کەریمی بۆ کۆمیتەی ورمێ لە بەر ئەوە بووە کە حیزب لە پێوەندییەکانی ڕەحمان کەریمی لەگەڵ ڕێژیم تا ڕادەیەک ئاگادار بووە و ویستوویانە کە ئەگەر هات و ڕێژیم ویستی بۆ وتووێژ پێوەندی بگرێ، حیزب لە کانالی ڕەحمان کەریمیەوە ئەو کارە جێبەجێ بکا.

بەڵام بۆ ئەوەی کە حیزب باشتر ئاگاداری کردەوەکانی ڕەحمان کەریمی بێ، دوکتور سادق شەڕەفکەندی، جێگری ڕەحمان کەریمی بە نێوی (ق. ش)

---

١ چشم انداز ایران - دومین ویژه نامه کردستان - پاییز 138۴

٢ http://www.meisami.net/cheshm/special/kordestan0۶/02.htm

گادانی، ٢٠٠٨، لاپەری ٢٩١-٢٩٢

ئاگادار و ئەرکدار دەکا کە دەبێ ئاگای لە هەموو کارەکانی ڕەحمان کەریمی بێ و هەر کاتێک ناوبراو کە لەگەڵ ڕێژیم دانیشتن دەکا، دەبێ ئەویش حزووری هەبێ و لە دانیشتنەکاندا و گوێ بۆ هەموو باسەکان ڕابگرێ. بەڵام هەموو جارێ کە کاتی دانیشتنەکانی لەگەڵ ڕێژیم دێ، ڕەحمان کەریمی بە هۆی ئەوەی کە پلە و بەرپرسایەتییەکەی لە پلە و بەرپرسایەتیی (ق.ش) لە سەرتر بووە، ناوبراو هەر جارێ دەنێرێت بۆ مەئموورییەتێک و بە شێوەیێک بەرنامەڕێژی دەکات، کە ئەو قەت دەرفەتی ئەوەی نەبێ کە بەشداری دانیشتنەکان بێ. بە وتەی بەڕێز کوهەنساڵ، (ق.ش) بەس یەک جار دەتوانێ لایەنی دانیشتنەکان ببینێ و بە قسەی ئەو، لایەنی ئێرانی کە پێوەندیی بە ڕەحمان کەریمیەوە هەبووە، هەر ئەو جەعفەر سەحراروودییە بووە کە لە دواییدا دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە "ڤییەن"دا شەهید کرد. ئەوە خاڵێکی زۆر جێگای سەرنجە. چوونکە ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیەکە دەوڵەتی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە، هەوڵی دابوو کە لە ڕادەی هەرە سەرەوەی حیزبدا نفووز بکا تا کو بتوانێ پیلانەکانی خۆی جێبەجێ بکا و زەبری گەورە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی گەلی کورد بوەشێنێ. ئەو ڕاستیە لە سەر هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ زەربەلێدان لە دژبەرانی خۆی، زۆر بە باشی لە زاری عەلی فەلاحیان دانی پێ نراوە و لە بەڵگەکانی دادگای میکۆنۆسدا بۆ مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران پشتی پێ بەستراوە[1].

١ دەستمالچی، ٢٠١٣، ل ٤٥٨،

https://books.google.no/books?id=9KHBAgAAQBAJ&pg=PT۴۶9&dq=%D%81 %9D%8۴%9D%8A%7D%8AD%DB8%C%D%8A%7D%8۶%9D8%8C+%D%8۶%9D%81%9D%88%9D%8B%+0D%8AF%D%8B%+1D%8AD%D%8B%2D%8A+8%D%8AF%D%8۵%9DA%A%9D%8B%1D%8A%7D%8AA&hl=no&sa=X&ved=0ahUKEwiH۵sbK0۵HfAhXFWywKHXvzDr8Q۶AEIKTAA#v=onepage&q=%D%81 %9D%8۴%9D%8A%7D%8AD%DB8%C%D%8A%7D%8۶%9D8%8C-%%20D%8۶%9D%81%9D%88%9D%8B%20%0D%8AF%D%8B%20%1D%8AD%D%8B%2D%8A%20%8D%8AF%D%8۵%9DA%A%9D%8B%1D%8A%7D%8AA&f=false



١

٢. پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە ژێر سەرپەرەستیی غەنی بلووریان، لە ٢٥ ی جوزەردانی ١٣٥٩دا لە حیزب جیا بوونەوە[٢]. بەڵام ڕەحمان کەریمی تا ماوەیەک دواتریش هەر لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا مابوو و کاری کردبوو و لەو ماوەیەشدا هەم لەگەڵ ڕێژیم و هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەمدا پێوەندیی هەبووە. لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەوان بە "تاقمی حەوت کەسی" بە نێوبانگن. تێموور مورادی لە سەر پێوەندییەکانی مامەدی و ڕەحمان کەریمی دەڵێ کە کاتێک کە پێشمەرگەکان لە ژێر بەرپرسایەتیی "سەنار مامەدی" دا لە هەمبەر هێرشەکانی ڕێژیمدا لە کۆتۆل تێک شکان و پاشەکشەیان کرد، تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیان گرت کە ڕەحمان کەریمیش تێیدا بەشدار بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر نێوی کۆمیتەی ئارارات بەیاننامەیەکی نێوخۆیی بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب دەنووسن و لە سەر کەموکۆڕییەکان، هاوکاری نەکردن و نەناردنی پێداویستیەکان و

١ ئەو وێنەیە لە لایەن کاووس عەزیزییەوە بۆ من نێردراوە و ئەوە کەسەی لە پێشەوە لە گەڵ دوکتۆر قاسملوو ڕاوەستاوە، ڕەحمان کەریمی یە. سەید ڕەسووڵ سەید ئەحمەدی و محەمەد خراپە پشتراستیان کردووە کە وێنەی ڕەحمان کەریمی یە.

٢ قاسملوو و حەسەنزادە، ١٣٨١، ( کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چل ساڵ خەبات + نیو سەدە تێکۆشان)، ل. ١٩٢. & گادانی، ٢٠٠٨، لاپەری ٢٨١

بە تایبەتی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو پێشمەرگەکانەی کە لە بەرەی شەڕ لە کۆتۆلدا بەشدار بوون و... هتد، گلەیی و گازندە لە ڕێبەرایەتیی حیزب دەکەن. ئەو نووسراوەیە لە لایەن ڕەحمان کەریمییەوە دزە دەکاتەوە بۆ دەرەوە و لە بڵاوکراوەکانی حیزبی توودەدا سەر دەردێنێ و بڵاو دەکرێ و ئەوەش گرژی لە نێوان سەنار مامەدی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی دروست دەکا. بە قسەی ئەنوەر کوهەنساڵ و پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسانە بە سەرچاوەکانی دیکە و لە خودی نووسراوەکانی سەر بە دەوڵەتی ئێران (بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی کەیهان، ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٦٠، ئاماژەیان پێ کراوە)، کاتێک کە گرووپی ٧ کەسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا بوونەوە و دواتر ڕۆڵی ڕەحمان کەریمیش ئاشکرا بوو، ڕەحمان کەریمی هەڵات و خۆی گەیاندە هێزەکانی دەوڵەتی ئێران. بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی نحۆش لەگەڵ ناوبراو ڕۆیشتبوون کە دوایی هێندێکیان پەشیمان ببوون و دیسان گەڕابوونەوە بۆ نێو حیزب. ئەوانەی کە لە ژێر نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە حیزب جیا ببوونەوە، لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە سەر بە حیزبی توودە بوون و بیر و باوەڕی مارکسیستیشیان بەهێز بوو.

ئەوان لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٠دا هێندێک لە دەرەبەگەکانی دەوروبەری ورمێ و ناوچەکانی برادۆست و کناربەڕۆژ- وەک حاجی سامی هنارە، ئەمیر خان، ڕزا هنارە خەڵکی گوندی هنگروان، حاجی محمد خانی چیان، مەجید ڕەشیدی، فارس دری و ...هتد- کە زۆربەشیان پێوەندی و هاوکاریشیان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران هەبوو و چەکیشیان بە دژی هێزەکانی کوردی هەڵگرتبوو، دەگرن و لە زیندانی دەکەن. هەروەها ئەوان لە کەمینێکدا عسمەت دری، برای جەهانگیر ئاغای دری، لە ڕیکەوتی ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٦٠دا دەکوژن[١]. حەسەن شیوەسەلی لە ئاخافتنەکانیدا لە سەر ڕووداوەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند جارێک ئاماژە بە ڕۆڵی عسمەت دری و جەهانگیر

---

١ امین‌آبادی، روح‌الله، (١٢.١٢.١٣٩٣)

https://www.farsnews.com/news/١٣٩٣١٢١١٠٠١٧٧٢/٪D ٪٨A ٪٨DB٨ ٪C٪E٨ ٪٨٠ ٪٢C٪D ٪٨B ٪٣D ٪٨A ٪٧D ٪٨A ٪٨D ٪٨٢ ٪٩D ٪٨٧ ٪٩E٨ ٪٨٠ ٪٢C٪D ٪٨AA٪D ٪٨B ٪١DB٨ ٪C٪D ٪-٨٦ ٪٩D ٪٨A ٪٧D ٪٨٢ ٪٩D ٪٨AF٪D ٪٨A ٪٧D -٨٥ ٪٩٪D ٪٨AF٪D ٪٨B ٪-١D ٪٨B ٪٧D ٪٨٨ ٪٩D ٪-٨۴ ٪٩D ٪٨AA٪D ٪٨A ٪٧D ٪٨B ٪١DB٨ ٪C٪D ٪٨AE-٪D ٪٨AC٪D ٪٨٦ ٪٩DA٪AF٪E٨٪٨٠٪٢C٪D٪٨٧٪٩D٪٨A٧

روزشمار جنگ ایران و عراق، صفحه ١٠٤٨ -١٠٤٩، آماده شده توسط علیرضا لطف الله‌زادگان

ئاغای دری دەکا کە چەندین جار هاوکاری و یارمەتیی پێشمەرگەکانیان داوە. بەڵام ناکرێ ئاماژە بەوە نەکرێ کە ئەوانیش چەکی ڕێژیمیان پێ بوو و، بە وتەی زۆر کەس لەگەڵ سەڵەتنەتەلەبەکانیش تێکەڵاوییان هەبوو.

ئەنوەر کوهەنسال دەڵێ کە قاتڵی عسمەت دری لە شەڕێکی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای پاسداران، بە دەستی پێشمەرگەیێک بە نێوی جەمشید کامران کوژرا.

چەند کەسێک لەو ئاغا و سەرۆک عەشیرەتانە بە هۆی پێوەندییەکانی عەشیرەیی و یان دۆستایەتی و خزمایەتی، جار و بار پێوەندییان لەگەڵ هێندێک بەرپرسی حیزبی وەک جەهانگیر ئیسماعیلزادە، سەنار مامەدی و ئیرەج ئیبراهیمزادەدا هەبووە و لەو ڕێگەیەوە جاروباریش چەک و تەقەمەنیشیان دابووە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە کولتووری کوردەواریدا ئەوانەی کە چەک بۆ دوژمنایەتیی هێزەکانی کوردی و پشتیوانی لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەڵدەگرن، پێیان دەوترێ جاش کە واتایەکی زۆر نگاتیڤی هەیە. خەڵک بە گشتی بە چاوێکی سووک تەماشای ئەم جۆرە کەسانە دەکەن. کاتێک کە چەند سەرۆک عەشیرەتێک پشتیوانییان لە هێزەکانی دەوڵەتی کرد و هەوڵیان دا کە هێزی چەکدار بۆ هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دروست بکەن، قوبحی خیانەت و جاشایەتیان کەمڕەنگ کرد و ئەوەش زەربەیەکی گەورە بوو لە بیر و هزری نەتەوەیی و ئازادیخوازی دەکەوت و، کاریگەریی نەرێنیی هەبوو لە سەر خەباتی خەڵکی کورد لە پێناوی مافەکانیاندا.

عسمەت عەبدی کە یەکێک لە کادرەکانی باڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە سەر مەسەلەی جیابوونەوەی سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە لە حیزب دەڵێ کە کاتێک کە ناکۆکیەکان توند بوون، عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد ڕۆیشتن بۆ مەقەری گوندی بەردێزی و لەگەڵ حیزب پێوەندی گیرا و هەیئەتێکی دەفتەرسی سیاسی کە پێکهاتبوو لە حەسەن ڕەستگار، مستەفا هیجری و سەرهەنگ قادری، هاتن بۆ باکووری ڕۆژهەڵات و لەگەڵ سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە گفتگۆیان کرد بۆ ئەوەی کە لە گەڵیان ڕێک بکەون تا کو لەگەڵ پێرەوانی کۆنگرەی چوار نەکەون. بەڵام ئەوان قبووڵیان نەکرد و لە سەر هەڵوێستی خۆیان مانەوە. دوای هاتنی هەیئەتەکە، مەقەر لە گوندی بەردێزیەوە ڕاگوێزرا بۆ گوندی هەشتیان.

تێموور موڕادی ئەو کات یەکێک لە بەرپرسانی پایەبەرزی حیزب بوو لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و پێوەندیەکی باشی لەگەڵ سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادەدا هەبوو. ئەو ئاگاداری زۆر یەک لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە بە دوو هۆی ئەوەی کە ناوبراو هەم بەرپرسێکی حیزبی بوو کە پلەی بەرزی ڕێکخراوەیی هەبوو و هەم دۆستایەتی و خزمایەتیی لەگەڵ هەر دوو ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادەدا هەبوو. بەڵام موڕادی سەرەڕای ئەو پێوەندییە خزمایەتی و دۆستایەتیانە، لە باری بیر و باوەڕەوە قەت لەگەڵ ئەوان نەکەوت هەر لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا مایەوە. موڕادی داستانی چوونیەتیی جیابوونەوەی سەنار مامەدی و جەهانگیرئیسماعیلزادە لە حیزب و هاوکاریان لەگەڵ ڕەحمان کەریمی، کە موڕادی پێی وایە کە ڕەحمان کەریمی کڵاوی لە سەری سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە دانابوو، زۆر سەرنجڕاکێش و دەگمەنە. ئەو بەو شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

" لە ڕاستیدا سەنار هیچ کاتێک لەگەڵ پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم نەکەوت و نە بڕوای بە وان هەبوو و نە هیچ نەقشێکیشی هەبوو لە جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسیدا لە حیزب. ناکۆکیەکانی سەنار لەگەڵ حیزب دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک مەسەلە و داستانی پێشتر. کاتێک کە سەنار دەستی کرد بە سازکردنی

ڕێکخراوەکانی حیزبی لە باکووری ڕۆژهەڵات کە لە دواییدا بوو بە هێزی سەرگورد عەباسی، سەنار پێوەندیی لەگەڵ ناوەندی حیزب گرت. دواتر ڕێژیم شەڕی پیرۆز [ف. جهاد]ی بە دژی کورد ڕاگەیاند و بەنی سەدر وتی کە نابێ سەربازەکان/ئەرتێش بەندی پۆتنەکانیان بکەنەوە تا سنوور لە دژبەران پاک نەکەنەوە. ڕێژیم هێرشی کرد و شەر دەستی پێ کرد. سەنار نزیکەی ساڵێک تا ساڵ و نیوێک لە لای کۆتۆل شەڕی کرد. بە هۆی ئاکامی ئەو شەڕەوە بوو کە سەنار مامەدی ناکۆکیی لەگەڵ حیزب پەیدا کرد. لە بەر ئەوەی کە سەنار داوای چەک و تەقەمەنیی لە حیزب کردبوو، بەڵام ڕێبەریی حیزب ئەو چەک و تەقەمەنیانەی دابین نەکردبوو و سەنار ئەوەی بە یەکێک لە هۆکارەکانی تێکشکانی هێزی پێشمەرگە لە کۆتۆل دەزانی. هەروەها لە سەردەمی کۆنەوە کێبرکێیەکیش (رقابەتێکیش) لە نێوان دوکتور قاسملوو و سەناردا هەر هەبوو. ڕەحمان کەریمی و ئەوانەی کە گرێدراوی پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم بوون، لەو مەسەلەیە [ناکۆکیە] کەڵکیان وەرگرت. چوونیەتیی پێوەندی گرتنی ڕەحمان کەریمی و سەنار مامەدی بەو شێوەیە بوو:

من لەگەڵ هاوڕێیەک بە نێوی سلێمان خەڵکی گوندی ئاخچەقەڵ کە بۆ وەرگرتنی یارمەتیی پێشمەرگەکان چووبووین بۆ سەردەشت، لە سەفەر دەگەڕامەوە. بە هۆی ئەوەی کە ئەو کات مەئمووریيەت زۆر دەچووم و ئەو کاتیش ڕێگا خۆش بوون و هەر بە ماشین هاتوچوومان دەکرد، لە چوارڕێی سێرۆ بینیم کە ماشینەکانی سەنار و جەهانگیر و ئەوانەی دیکە ڕاوەستاون. پرسیارم کرد کە ئەوە خێرە و ئێوە بۆ لێرەن!؟ وتیان کە دەچن بۆ ڕاژان و هەیئەتی دەفتەری سیاسی دێ و بڕیارە کە ئێمە لەگەڵ ئێران دانیشتنمان هەبێ. پرسیارم کرد کە کێیە شاندی دەفتەری سیاسی؟

وتیان کە مستەفا شەڵماشی و مستەفا هیجری ئەوە هاتوون و، ئەوانەی دیکەش بڕیارە بێنەوە. پێم سەیر بوو، لە بەر ئەوەی کە هەردووکیشیان لە سەردەشت بوون و قەت ئاگایان لەو مەسەلەیە نەبوو. بە جەهانگیرم وت کە شتێکی وا نیە. نەڵێی کە ڕەحمان کەریمی درۆیان لەگەڵ دەکا و بۆ خۆی ئەوانە دەباتەوە بۆ ڕاژان و بارزانیش لەوێ بووە و پاسدارەکانیش دێن و ئەوان پێکەوە دانیشتن دەکەن. ئەوە یەکەمین چاوپێکەوتنی سەنار و ئەوانەی دیکە، لەگەڵ ڕەحمان کەریمی و پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم بوو. مەسەلەکە لەوێوە دەست پێ بوو. لەو دانیشتنەدا سەنار لە سەر مافی کورد، کە ئەو کات

خودموختاری مەترەح بوو، قسە دەکا و، ئەوانیش دەڵێن کە دوایی وڵامتان دەدەینەوە. هەر دوای ئەو دانیشتنە، ڕۆڵی ڕەحمان کەریمی بە تەواوی ئاشکرا بوو. ئەو دانیشتنە بوو بە هۆکاری قووڵتربوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان سەنار و دەفتەری سیاسی."دوو بەڵگە قسەکانی مورادی پشتڕاست دەکەنەوە.

یەکەم ئەوەیە کە حیزب لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا کە لە ١٦ تا ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٠ بەڕێوە چووە، بڕیاری دەرکردنی سەنار مامەدی و ڕەحمان کەریمی لە حیزب هاوکات دەردەکا. گادانی لە کتێبی پەنجا ساڵ خەبات بەرگی یەکەمدا، لە لاپەڕەی ٢٩١-٢٩٢دا ئاماژە بەو مەسەلەیە دەکا و لە خاڵی شەشدا دەنووسێ: " ا. ڕەحمان کریمی بە تاوانی پیلانگێڕی دژی حیزب، خیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جاسووسی بۆ هێزی حاکم وەک بڵاوکردنەوەی نهێنیەکانی حیزب، پێوەندی گرتن لەگەڵ سوپای پاسداران و ئەرتەش بە بێ ئیزنی حیزب، ئەنجام و تەواو کردنی عەمەلیاتی پیرانشار بە سوودی دوژمن ( لە سەر دانپێدانانی خۆی بەم تاوانە بە نووسراوە) پیلانگێری لە نێو حیزبدا بۆ تێکدانی ڕیزەکانی حیزب، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و بوختان هەڵبەستن بۆ ڕێبەریی حیزب و هاوکاری لەگەڵ سەنار مامەدی، خائین بە حیزب و گەلی کورد ناسرا. لە بەر ئەوەی لە حیزب دەردەکرێ و بۆ سزادان بە دادگای شۆڕش دەسپێردرێ."

دووهەم ، بە قسەی غەنی بلووریان، سەنار مامەدی و ڕەحمان کەریمی لە ڕاژان لەگەڵ ئایەتووڵلا ئیشراقی دانیشتینان هەبووە. هەروەها لە وتەکانی بلووریانەوە دەردەکەوێ کە سەنار مامەدی لەگەڵ تاقمی حەوت کەسیدا نەبووە. لە بەر ئەوەی کە بە وتەی بلووریان، یەکێک لە هاوڕێیانیان کە سەر بە پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم بووە و لەو سات و کاتەدا لە ڕاژان بووە، لە لایەن ئیشراقییەوە ڕێگەی پێ نەدراوە کە لە دانیشتنەکەدا بەشدار بێ و ئیشراقی پێێ ڕاگەیاندبوو کە حازر نیە لەگەڵ پێرەوانی کۆنگرەی چوارەمدا دابنیشێ[1]. گادانی لە خاڵی ب. لە لاپەڕەی ٢٩١-٢٩٢، لە کتێبی پەنجا ساڵ خەبات بەرگی یەکەمدا دەنووسێ کە "سەنار مامەدی بە تاوانی پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ "اویسی" [تیمسار غولامعەلی ئوویێیسی] و دارودەستەی سەڵتەنەتخوازان، وەرگرتنی پووڵ و چەک لەوان، چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی

١ بلووریان، ١٩٩٧ ستۆکهۆلم (تەرجمەی فارسی، رضا خیری مطلق، تهران، خدمات فرهنگی راسا، ١٣٧٩) ل. ٤٢٤-٤٢٥

و دەرکردنیان لە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان، بە کارهێنانی ڕەفتاری دەڕەبەگانە لە ڕەفتاری حیزبیدا، هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەحمان کەریمی بۆ خیانەت بە حیزب و گەل، بە خائین ناسرا. هەر بەو دەلیلانە ئەویش لە حیزب وەدەر دەنرێ و بۆ سزادان دەدرێ بە دادگای شۆڕش." زانیار لە سەر ئەم مەسەلەیە، ڕۆڵی ڕەحمان کەریمی و "قیادەی مۆوەقەت" کە ئەو کات لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون و هەروەها دانی هێندێک بەڵێن لە لایەن ڕێژیمەوە بە هێندێک سەرۆک عەشیرەت، بە گرینگ و کاریگەر دەزانێ کە بووە هۆی ئەوەی کە حیزب زیانی زۆر بەربکەوێ.

گادانی لە درێژەی نووسینەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا، دوای دەرکردنی سەنار لە حیزب، لە پلینۆمدا تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات ڕادەسپێردرێن کە تەشکیلات شۆڕایەکی ٣ کەسی بۆ ڕاپەراندنی کارەکان هەڵبژێرن تا حیزب بەرپرسێکی نوێ دیاری دەکا. لە پێوەندی لەگەڵ دەرکردنی خەڵک لە لایەن سەنارەوە لە گوندەکانی ژێر دەسەڵات خۆی، سەنار مامەدی بنەماڵەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە گەڵی نەکەوتبوون و بنەماڵەکانیان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوون، وەدەرنابوو. بەڵام سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەگەر چی جەهانگیر ئیسماعیلزادەش هەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو و هەم لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا کەم و زۆر شان بە شانی مامەدی بەشدار بوو و ڕۆڵی هەبوو، بەڵام حیزب ڕاگەیاندنی لە سەر جەهانگیر بڵاو نەکردبووە. بە وتەی زانیار، جەهانگیر ئیسماعیلزادە بە تەواوی لەگەڵ سەنار مامەدی و ڕەحمان کریمی نەکەوتبوو. ئەو وتەیەی زانیار لەگەڵ ئەو نووسینەی کە دەرحەق بە کوژرانی کەریمی لە ڕۆژنامەی "اتحاد مردم"دا لە سەر بنەمای ڕاگەیاندنێکی پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم بڵاو کراوەتەوە بە تەواوی یەک دەگرنەوە کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە زوو لە هەڵوێستی خۆی پاشەگەز بووە و هەوڵی دابوو کە دیسان لەگەڵ حیزب پێوەندی بگرێ و ئەو موشکەلەیە باکووری ڕۆژهەڵات بە جۆرێک چارەسەر بکا[1].

١ لاپەڕەی ٧ی ڕۆژنامەی "اتحاد مردم"، ژمارە ١٠٢ دورەی سێهەم کە لە ڕیکەوتی ١٨ی خەزەلوەری ١٣٦٠دا دەرچووە.
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/ettehade-mardom٠١٠٢-.pdf

بە جیابوونەوەی سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە لە حیزبی دێموکرات لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ هەتاویدا بارودۆخی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچەی تێکۆشانی کۆمیتەی ئارارات و هێزی سەرگورد عەباسی تووشی کارەساتێکی گەورە بوو و ناکۆکیەکان گەیشتبوونە ئاستێک کە دەوڵەتی ئێران توانی بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکان لە ڕێگەی ڕەحمان کەریمییەوە دەست بخاتە نێو مەسەلەکە و بارودۆخەکە بە تەواوی بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ و، لایەنی مامەدی و پێشمەرگەکانی حیزب زۆرتر بە دژی یەکتر هان بدا. لەو هەڵوومەرجە ناسکەدا کە کورد خەریکی بەرخودان و دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خۆی بوو لە هەمبەر دوژمنێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی، لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتدا تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە سەر ٤ بەشدا دابەش کرابوو کە بریتی بوون لە: دەستەیەک لەگەڵ سەنار و جەهانگیر کەوتبوون و ئەگەر چی سەنار مامەدی هیچ کاتێک بڕوای تەواوی بە کەسانی وەک ڕەحمان کەریمی و ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران نەبوو و هیچ کاتێک نەیتوانیبوو لێیان دڵنیا بێ، بەڵام کەم و زۆر بوون بە کەرەستەی دەستی ڕەحمان کەریمیی تووەیی کە مۆرەیەکی ڕێژیمی خومەینی بوو و بەو شکڵە لە بەرامبەر پێشمـەرگەکانی حیزبدا ڕاوەستان. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە ماڵی خۆیاندا دانیشتن و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە جارێکی دیکە بارودۆخ لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەی گەلی کورددا بگۆڕێ و ئەوانیش دیسان چالاکانە بێنەوە مەیدان. دەستەیەک چالاکانە درێژەیان بە کار و باری حیزبیدا و دواتر بە هۆی زۆربوونی زەخت و گڤاش و تەوژم لە هەموو لایەکەوە، ناچار مانەوە کە ڕوو لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان (وەک پیرانشار) بکەن و دەستەیەکیش هەر وەک پێشمەرگە لە ناوچەدا مانەوە و درێژەیان بە چالاکیەکانیاندا و لە لایەکی دیکەشەوە، هەوڵی گەڕاندنەوەی سەنار و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان سەنار مامەدی و حیزبیاندا و لە دواییدا بە ئاکامیش گەیشتن. ئیسماعیلزادە زوو ڕاستیەکان بۆی دەرکەوتن و توانی ڕۆڵێکی باشیش لە پرۆسەی چارەسەریی ئەو پرسگرێکەدا ببینێ. حاجی جوندی لە سەر کەش و هەوای ئەو کاتی ناوچە دەڵێ کە ئەو کات کەرەم

کەلەشی لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە ناوچەی ئەنزەلدا دەمایەوە، عەلی کاشفپوور لەگەڵ شاپوور شوجاعیفەرد و هێندێک لە پێشمەرگەکانی دیکەی وەک مام ئیدریس، مەجید مەجیدی و کەماڵ بارزانی لەگەڵ ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوادا کە لەگەڵ حاجی ئەحمەدی و کەریم خاڵداردا بۆ مەئموورییەت هاتبوون بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆیشتن بۆ ناوەندی حیزب و دەستەیکیش چوون لە ماڵی خۆیاندا دانیشتن. هەڵبەت بە وتەی سلێمان کەلەشی، ئەنوەر کۆهەنساڵ و هاشم ئیبراهیمزادە، ئەو کات ئیرەج ئیبراهیمزادە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبیش (دەستەی شەهید مووسا) لە ناوچەی سۆمادا مابوونەوە. عسمەت عەبدی و تێموور مورادی و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانیش پێش ئەوەی کە لەگەڵ کاشفپوور ناوچەکە بە جێ بێڵن، لە ناوچەی برادۆست دیسان گەڕابوونەوە و نەچووبوون. لە درێژەی ئەم باسەدا بە وردی دەچینە سەر ئەم مەسەلەیە. پێویستە بوترێ کە لە ئاکامی ئەو وەزعەدا پاسدارەکانی ڕێژیمی تیرۆریستی بە پشتیوانیی ""قیادەی مۆوەقەت"" لە دەرفەت کەڵکیان وەرگرت و دەستیان بە سەر زۆربەی شوێنە هەستیارەکان و خاڵە سنوورییەکاندا گرت و ڕێگاوبانە سەرەکییەکانیان خستبوو ژێر کونترۆڵی خۆیاندا.

بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە ئەو کەشە و ئەملا و ئەولا کردنی سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە، ببووە هۆی لاوازکردنی متمانەی خەڵک بە ڕێبەریی بزاڤەکە و دوورکەوتنیان لە بەشداریی چالاکانە لە بزاڤەکەدا. هەروەها زۆر گەنج و لاوی کورد لەوەی کە ببن بە پێشمەرگە، دوو دڵ و پەشیمان بوونەوە. لە بەر ئەوەی کە خەڵک پێیوابوو کە هەر کاتێک مەیدانی مامەدی و ئیسماعیلزادە تەنگ بێ، دیسان لەوانەیە بادەنەوە و بەو شکڵە خوێن و کار و زەحمەتەکانی ئەو خەڵکە بە فیرۆ بچێ. سلێمان کەلەشی لەو بارەوە دەڵێ: "ئەگەر چی سەنار مامەدی و جەهانگیر ئسیماعیلزادە دوو کەسی ناسراوی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات بوون و زۆر زەحمەتیشیان کێشابوو، بەڵام مخابن ئەگەر هەڵوێستیان بۆ ماوەیەکی کاتیش بووبێ، لە گەل پێرەوانی کۆنگرەی چوار کەوتن. کە وای لێ هات، هێزی پێشمەرگە لە ناوچە پاشەکشەیان کرد. دەستەی شەهید فیرۆز کە لە ناوچەی ئەنزەلدا چالاکیان دەکرد، ئەوانیش بە تەما بوون کە دەرباز بن. ئەوە لە سەر فەرمانی حیزب بوو کە بڕیار درابوو کە ناوچەکە بەجێ بهێڵن. ئەو کات گورگین شەریفی، کوڕی عەمەرخانی شکاکیش

له گەڵمان بوو. بەڵام له نێوان کناربەڕۆژ و برادۆستدا ڕێگاکان گیرابوون و له بەر ئەوە نەمانتوانی دەرباز بین و له ناوچه ماینەوە. عەلی[کاشفپوور] و هاوڕێیانی دیکەی هێزی شەهید سەرگورد عەباسی تێپەر ببوون و ناوچەکەیان بە جێ هێشتبوو. ئەو پێشمەرگانەی که لەوێ مانەوە، کەرەم کەلەشی سەرگێریی دەکردن. هاشم [ئیبراهیمزادە] و ئەوانیش له لایەکی دیکه مابوونەوە. بەڵام ئاگاداری وردەکاریی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو دەستەیە له پێشمەرگەکان نیم، که له ناوچەدا مابوونەوە، هەر چەند دەزانم که پێوەندیان پێکەوە هەبوو."

## هاتنی بەشێک له پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا
## بۆ باکووری ڕۆژهەڵات و شلەژاندنی زۆرتری ڕەوشی ئەو ناوچەیە

کاتێک که سەنار مامەدی له حیزب جیا بوویەوە، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ کونترۆڵ کردنی ناوچه و بارودۆخی هەستیاری ئەو دەڤەرە، دەستەیەک له پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوایان له ژێر بەرپرسایەتیی ڕەحمان حاجی ئەحمەدی و کەریم خالداردا دەنێرن بۆ باکووری ڕۆژهەڵات که ئەوانیش له بەر ناشارەزایی له پێوەندییه کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە، تووشی چەند هەڵەیەک ببوون و بۆیه ئەو هاتنەیان نەک یارمەتیدەر نەبوو بۆ چارەسەریی کێشەکان و له ڕاستای قازانجی جۆلانەوەی کورد له ڕۆژهەڵاتدا هەنگاویان هەڵنەگرتبوو، بەڵکوو کێشەکانیان ئالۆزتر و ناکۆکیەکان قووڵتر کردبوو. تێموور موڕادی که بۆ خۆی له نزیکەوە شاهدی ئەو ڕووداوانە بووە، دەڵێ: "دوای ئەوەی که سەنار بەیاننامەی دەرکرد و له حیزب جیا بوویەوە، چوو و له گوندێک بە نێوی سێڤەدەر- جەنگەسەر دانیشت و نزیکەی ١٠٠-٢٠٠ پێشـمەرگەیەکی لەگەڵ بوون که مەقەڕێکیان هەبوو له گوندی گەوراوا. دوای ئەوە جەهانگیر [ئیسماعیلزادە]، ئەرشەد [موڕادی]، نحۆ حەمۆزادە و ئەوانیش چوون دانیشتن. له ئەو هەستەی هۆڤەسین، من [تێموور] لەگەڵ شاپوور[شوجاعیفەرد] و عەلی کاشفپوور و مەحکۆ [مەحکووم] له نێو حیزبدا ماینەوە. ئێمه بنکەی تەشکیلاتیمان له هۆڤەسینەوە گواستەوە بۆ گوندی هەشتیان و کار و خەباتی خۆمان ئەوێوە بەڕێوەمان دەبرد. لەو کاتەدا حیزب هێزێکی گەورەی له مەهابادەوە ناردەوە بۆ باکوور که کەریم خالدار، حاجی

ئەحمەدی و ڕەحیم محەمەدزادە لە گەڵیدا بوون. بە هۆی ئەوەی کە پێوەندیی بنەماڵەیی و خزمایەتیم لەگەڵ سەنار [مامەدی] و جەهانگیر [ئیسماعیلزادە]دا هەبوو، حیزب متمانەیان بە من نەبوو و لەو بەینەدا تەنیا شاپوور و عەلییان بە هی خۆیان دەزانی[١].

بۆیە لە سەر ئامانجی هاتنی ئەو پێشمەرگانەی هێزی پێشەوا شتێکیان بە من نەدەگۆت؛ ئەگەر چی من ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی تەشکیلاتەکە بووم لە هەشتیان. ئەوان زۆر شتیان لە من دەشاردەوە. تەنیا عەلی، شاپوور و شەهید کەماڵ بارزانی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوون. ئەو هێزە هات و دەربازی لای شپیران بوون و پێوەندییان لەگەڵ حاجی عارف پاکی گرت لە گوندی دێلەزی. ئەو کات ئەگەر چی حاجی عارف پێوەندیی لە گەل ڕێژیمدا هەبوو، بەڵام هێشتا نەببوو جاش. ئەوانە [ڕەحمان حاجی ئەحمەدی و ئەوان] لە گوندی دێلەزی بنکەی تەشکیلاتیان دانابوو. ئەو کارانە هەموویان کران، بە بێ ئاگادریی من کە ئەندامی ئیجرایی کۆمیتە بووم. ئەوانە پیلانیان هەبوو کە هێرش بکەنە سەر سەنار مامەدی. سەناریش بەرنامەی هەبوو کە دەربازی ئورووپا بێ. لە بەر ئەوەی کە هێندێک پرسگرێکی نەخۆشی و بە تایبەت کێشەی ددانی هەبوون. ئەوانە هێرش دەبەنە سەر گوندی گەوراوا.

کاتێک کە بەیانی لە هەشتیان لە خەو هەستاین، وتیان کە ئەمانە مرۆڤەکانی سەناریان گرتووە. نەڵێی ئەمانە دەچن و دەوری گەوراوا دەگرن. ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ سەنار کەوتبوون و بنکەیان لەوێ بوو، شەڕ ناکەن. ئەوانیش مەلا ڕزا و لەگەڵ ٧-٨ کەسی دیکەیان گرتبوویان و هێنابوویان و لە پاسگای هەشتیان کە ئەو کات لە دەستی ئێمەدا بوو، لەوێ لە زیندانیان کردبوو. دوای گەوراوا، ئەوانە بەرەو ئەو جێگایە کە سەنار تێیدا بوو (پێموایە گوندی بەرازی بێ) دەچن. سەناریش چەند پێشمەرگەیەکی زیرەک وەک محۆ ئێ طاڵۆ (محیەدین مامەدی)، کەریمێ ئەسکۆ و نوورۆ لە گەڵیدا بوون. خەبەری گرتنی پێشمەرگەکانی مەقەڕی گەوراواش بە سەنار گەیشتبوو و سەنار زۆر تووڕە ببوو. سەناریش تەدبیری خۆی وەرگرتبوو و هەر پێشمەرگەیەکی

---

١ دیارە کە بە پێی نووسینەکانی جەلیل گادانی کە پێشتر ئاماژەمان پێداون کە بڕیار وا بووە هەیئەتێکی سێ کەسی کاتی تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات ئیدارە بکەن، ئەو سێ کەسە بریتین لە عەلی کاشفپوور، شاپوور شوجاعیفەرد و تێموور موورادی. بۆیە تێموور لێرەدا ڕخنە دەگرێ کە گۆیا حیزب بڕوای بە تێموور نەبووە بە هۆی پێوەندییەکانی بنەماڵەیی ئەو لە گەڵ سەنار و جەهانگیر دا.

ناردبوویەوە بۆ شاخێک، بۆ جێگایەکی ئاسێ. ئەوان هەمووشیان تفەنگچیی باش بوون. کاتێک کە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا هێرش دەکەن، بەرەورووی محۆ و کەریمێ ئەسکۆ و نوورۆ دێن. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی حیزب گیانیان لە دەست دابوو.

کاتێک کە ئەوانە گەڕانەوە بۆ هەشتیان، وتیان کە دوو پێشمەرگە گیانیان لە دەست داوە. پرسیمان لە کوێ؟ وتیان لە دەوروبەری سەنار. پێشمەرگەیەکی هێزی پێشەوا کە نێوی خدر بوو و تەرمی کوژراوەکانی هێنابوو، هاتەوە بۆ




هەشتیان. لە ناکاو گوێمان لە دەنگی تەقە بوو. پرسیمان چی بووە!؟ چووین دیتمان کە خدر چووە دەرگای زیندانی کردووتەوە و مەلا ڕزای[1] لەگەڵ خۆی بردووە دەرێ و گوللەبارانی کردووە. کاتێک کە خەڵک خەبەری کوژرانی مەلا ڕزایان گوێ لێ بوو، زۆر ناراحەت و تووڕە بوون.

تاهیرخانی سمکۆش لە سەر ئەم مەسەلەیە زۆر تووڕە ببوو و "ڕەحمان حاجی ئەحمەدی" و "ڕەحیم محەمەدزادە" و "تاهیر عەلیار"ی کە ئەو کات لە

---

١ مەلا رزا خەڵکی گوندی ئاخ ڤێرانی سەلماس بوو کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەست بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببوو. ناوبراو لە کاتی جیابوونەوەی سەنار مامەدی لە حیزب لە بەهاری ١٣٦٠دا، لە گەڵ سەنار مامەدی کەوت. دواتر کە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە ژێر فەرماندەریی کەریم خاڵدار و بەرپرسایەتیی رەحمان حاجی ئەحمەدی هاتبوون بۆ باکووری ڕۆژهەلات، ئەویان بە دیل گرتبوو و لە گوندی هەشتیاندا لە ساڵی ١٣٦٠ شەهیدیان کردبوو.

گوندی جۆهنی بوون، دەستبەسەر کردبوو. بەڵام محەمەد جوانرۆیی فریایان کەوتبوو. محەمەد جوانڕۆیی لە تاهیرخانی پرسیبوو کە بۆ چی ئەم چەند کەسەی دەستبەسەر کردووە و تاهیرخانیش مەسەلەکەی بۆ گێڕابوویەوە. دواتر محەمەد جوانڕۆیی توانیبووی کە تاهیرخان بە قەناعەت بگەیەنێ کە گیراوەکان ئازاد بکات.هاوکات لەگەڵ ئەم شەڕە، ڕەحمان کەریمی لە دەرفەت کەڵکی وەرگرتبوو و، لەگەڵ هێندێک پاسدار و هێندێک لە پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم کە لەگەڵی کەوتبوون، دەربازی ناوچەی سەڵماس بۆ لای سەنار ببوون و هاتبوون لە بەرەی شەڕدا، بە دژی پێشمەرگەکانی حیزب شەڕیان کردبوو. ئەو پێشمەرگانەی کە شەهیدیش ببوون، تەرمەکانیان لە لایەن ڕەحمان کەریمیەوە بە بێ ئاگاداریی سەنار، گواسترابوونەوە بۆ سەڵماس و ئەمە ببووە هۆی قووڵترکردنی ناکۆکیەکان.

لە بنکەی دێلەزیش، حاجی عارف پاکی کە خزمایەتیی لەگەڵ بنەماڵەی سەنار مامەدی هەبوو، بە دژی حیزب هەستابوو و هەوڵی چەککردنی پێشمەرگەکانی بنکەی دێلەزی دابوو کە هێندێکیان هەڵاتبوون و خۆیان دەرباز کردبوو و هێندێکیشیان چەک کرابوون. سەنار هێزی خۆی کۆ کردەوە و خەڵک پشتیوانیان لێ کرد. ڕەحمان کەریمی و "حکۆ" [حکمەت مامەدی] ی کوڕی سەناریش بۆ پشتیوانیکردن لە سەنار هاتبوون بۆ شەڕ و، ناوچەی شپیرانیان لە حیزب چۆڵ کرد و، شەڕ کەوتە هۆڤەسین و کۆران و ناوچەی سۆما و، ئێمەش خۆمان ئامادە کردبوو بۆ هەڵاتن."ئەو زانیارییانەی مورادی، لە لایەن هاشم ئیبراهیمزادەوە پشتڕاست کران. ناوبراو دەڵێ کە بە کوژرانی مەلا ڕزا، شەڕ گەورە بوو و سەنار مامەدی بە هاوکاریی پاسدارەکان هێرشیان هێنا بۆ ناوچە و خەبەری ناردبوو بۆ ئیرەج ئیبراهیمزادەش کە تەسلیم بێ. بەڵام ئەو داوایەی سەنار مامەدی بە هۆی دژکردەوەی هێندێک لە پێشمەرگەکان لە لایەن ئیرەج ئیبراهیمزادەوە ڕەت کرابوویەوە. بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە، ئیرەج ئیبراهیمزادە و ئەوانیش بە تەما بوون کە لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ناوچە پاشەکشە بکەن و لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوادا بڕۆن. بۆیە هێندێک لە ژن و منداڵانیان تا چوارڕێیانی چەرە (سێرۆ) ناردبوو. بەڵام دیسان پاشگەز ببوون و بڕیاریان دابوو کە هەر لە جێگای خۆیان بمێننەوە.

هاشم ئیبراهیمزادە هەروەها لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ کە ئەو دژی خۆ بەدەستەوەدان بووە و، ئەو بیروبۆچوونەی خۆی بە گوێی ئیرەج ئیبراهیمزادە

گەیاندبوو و، لە سەر پێشنیاری ئیرەج ئیبراهیمزادە، ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵیدا بوون، دەچنە گوندەکانی هەلەقۆشک و گێچە وخۆیان دەشارنەوە و چاوەڕوان دەبن تا ڕەوشەکە بە جۆرێک لە لایەکدا بکەوێتەوە.

عەلی سمکۆ دەڵێ کە تاهیر خان کە هەواڵی کوژرانی مەلا ڕزای بیستبوو و دواتریش لەگەڵ هێندێک پێشمەرگەی هێزی بەرگریی میللیی سمکۆ لە سەر پردی جۆهنی، تاهیر عەلیار، حاجی ئەحمەدی و ڕەحیم محمەدزادەی بینیبوو، ڕاست دەستبەسەریانی کردبوو، بەڵام لە ماڵی ئێمەدا ڕایگرتبوون. دواتر تاهیرخان سمکۆ، لەگەڵ دوکتور قاسملوو قسەی کردبوو و داوای لێ کردبوو کە بۆ پاراستنی ئارامیی ناوچە، ئەوانە لەو ناوچەیە پاشەکشە بکەن. بە وتەی عەلی سمکۆ، پێش هاتنی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بۆ باکووری ڕۆژهەڵات، دوکتور قاسملوو داوای لە بەرپرسانی ئەو هێزە کردبوو کە بۆ هەر چالاکییەک لەگەڵ تاهیر خان سمکۆدا لە پێشدا هەماهەنگییان هەبێ. بەڵام ئەوانە وایان نەکردبوو.

دوای ماوەیەک سەنار مامەدی پەشیمان دەبێ و جارێکی دیکە لەگەڵ حیزب ڕێک کەوتبوو و گەڕابووە نێو حیزب. سلێمان کەلەشی هۆی پەشیمانبوونی سەنار دەگەڕێنێتەوە بۆ جێبەجێ نەبوونی ئەو قەوڵ و بەڵێنانەی کە هەر دوو لایەنی ڕێژیم و سەنار مامەدی بە یەکتریان دابوو. هاشم ئیبراهیمزادە بێجگە لە بەڵێنشکێنی، دەڵێ کە سەنار مامەدی زوو تێ گەیشت کە هەڵەی کردووە و پێشتر نێوێکی هەبوو بە هۆی کوردایەتی و حیزبایەتیەوە، بەڵام دواتر نێوی جاشایەتی کەوتبووە سەری و، بۆیە وتی کە پەشیمانە و دەیەوێ بگەڕێتەوە. بەڵام تێموور موڕادی دەڵێ کە ئەو کات کە ڕەحمان کەریمی هاتوچووی سەنار مامەدیی دەکرد و بەرەبەرە ڕوون بوویەوە کە کۆماری ئیسلامی درۆ دەکات و هیچ باسێک لە مافی کورد نیە و هەموو هەوڵی ڕەحمان کەریمی ئەوەیە کە بە جۆرێک دوکتور قاسملوو بشکێنێ، سەنار مامەدیش تێ گەیشت کە ئەمە شتێکی درۆیە و، دەبێ بە جۆرێک خۆی لێ ڕزگار بکا.

## هۆكاری دژایەتیی تاهیرخان لەگەڵ حیزب

بە وتەی هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان هۆکاریی سەرەکیی دژایەتیی تاهیرخان سمکۆ لەگەڵ کۆمیتەی حیزب لە هەشتیان لە سەر مەسەلەی پارە بوو. هەر لە سەروبەندی دەستپێکردنی جەڕەیانی جیابوونەوەی مامەدی لە حیزب، پارەیەکی زۆر کە گۆیا هی سەڵتەنەتتەلەبەکان بووە، لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی برادۆست دەستی بەسەردا دەگیرێ کە بە وتەی تێموور مورادی بڕی ئەو پارەیە دەورووبەری ۷۰۰ تا ۸۵۰ هەزار مارکی ئاڵمانی، هێندێک فرانکی سویسی، هێندێک ینی ژاپۆنی و هێندێکش دۆلار بووە کە لە لایەن حیزبەوە دەستی بە سەردا گیرابوو و ئەو پارەیەیان هێنابوو بۆ هەشتیان. ئەو کەسانەی کە پارەیان پێ گیرابوو، لە گوندی بێردووک زیندانی کرابوون. مورادی دەڵێ: "ئەو پارەیە پێوەندیی بە کوودتای نووژەوە هەبوو. ئەو کەسانەی کە پارەیان پێوە گیرابوو، سەڵتەنەتتەلەب بوون. ئەوان لە بێردووکدا بە جۆرێک پێوەندی بە تاهیرخانەوە دەگرن و لەگەڵ تاهیرخان ڕێک دەکەون کە ئەسقەر سمکۆ[1] کوڕی تاهیرخان داوا بکا کە ئەم پارەیە هی ئەوە و دەبێ حیزب پارەکەی بیداتەوە. بەڵام کۆمیتە (تەشکیلاتی هەشتیان) قبووڵیان نەکرد. پارەکە لە لای شاپوور شوجاعیفەرد بوو. ڕۆژێک ئەم پارەیەمان لە کولاپشتیەک کرد و بردمانەوە بۆ هۆڤەسین و، بە ئەمانەت لای باوکی شاپوور شوجاعیفەردمان دانا و گەڕاینەوە. تاهیرخان شەڕی ئەو پارەیەی لە گەڵ دەکردین و لە بەر ئەم پارەیە، بووە ئاگر و بەربووە گیانی ئێمە. ئێمە ناچار بووین کە هەشتیانمان بە جێ هێشت و چووین بۆ لای ئەنزەل و لە ئەنزەلیش خەڵک بە پشتیوانیی سەنار وەدوامان کەوتن. دواتر عەشیرەتی هنارە هاوکاریی کردین، کە لە ئەنزەلەوە تێپەڕین بۆ دیوی برادۆست. وای لێ هاتبوو کە هەموو ناوچە ببووە دژی حیزب."

نهێنیی ئەم پارەیە ئێستاش بۆ هیچ کەسێک ڕوون نەبووە کە گەلۆ شاپوور شوجاعیفەرد ئەو پارەیەی چی لێ کردووە. هەر چەند کە زۆربەی ئینفۆرمانتەکان

---

۱ ئەسقەر سمکۆ لە گەڵ هاوڕێیەکی خۆی بە نێوی لازم ئیسماعیلی ۲۸ی ژانویەی ۱۹۹۵ لە تورکیە، لە شاری ئیستانبۆل کوژران کە بکوژەکان هێشـتا نەناسراون و پەروەندەی کوشرانەکەی لە ڕەدیفی کێیسەکانی مەجهوولدا دەستەبەندی کراوە. لە ویکیپێدیا ئاماژە بەوە کراوە کە ناوبراو بۆ ڕێکخراوی هەواڵگریی ئێران (واواک) و بۆ دەزگای هەواڵگریی تورکیە (میت) کاری کردووە.

لە سەر ئەمە کۆکن کە شوجاعیفەرد ئەو پارەیەی نەخواردووە. تێموور موڕادی، ئەنوەر کۆهەنسالّ و نایب موشایخی ئەوە پشتڕاست دەکەن کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە و سەنار مامەدیش هەوڵی ئەوەیان دابوو کە ڕوونی بکەنەوە کە ئەو پارەیە چی لێ هاتووە. بەڵام ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوون. گۆیا جەلیل گادانی بە دەم و، نەک بە نووسراو، پشتڕاستی کردووە کە دەفتەری سیاسی دووسەد هەزار مارک لە شاپوور شوجاعیفەردی وەرگرتووە؛ بەڵام بە بەڵگە هیچ دیار نیە. حاجی جوندی و زانیار لە سەر ئەمە دەڵێن کە شاپوور شوجاعیفەرد ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ دوکتور قاسملوو و دەفتەری سیاسی یەکلای کردووە. بەڵام ڕاستیەکە هەر چی بێ، بێجگە لە شاپوور شوجاعیفەرد هیچ کەسێک تا ئێستاش لە نهێنیەکانی ئەو پارەیە بە تەواوی ئاگادار نیە و ئەگەریش ئاگادار بێ، نەیدرکاندووە.

تاهیرخانی سمکۆ ئەو سەردەمە بە هۆی خزمایەتی لەگەڵ لایەنێکی کوردستانی کە نزیکایەتیان هەبوو لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی، هێندێک لە هێزی ئەوانی هێنابووە لای خۆی و، ئەوەش ببووە هۆی دروستبوونی نەوعێک پێوەندی لە نێوان هێزی بەرگریی سمکۆ و پاسدارەکانی ڕێژیمدا. بەڕێز عەلی سمکۆ دەڵێ کە ئەو پێوەندییە بە هۆی هەلومەرجی ئەو کات و پاشەکشەی پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچە، بە سەر هێزی بەرگریی سمکۆدا سەپا. لە بەر ئەوەی کە نەکەونە بەر هێرشی ڕێژیم، ناچار بوون کە پێوەندی بەو لایەنە کوردییەوە بکەن و وا نیشان بدەن کە پاڵپشتی ئەوانن و، بەو چەشنە خۆیان لە هێرشی ڕێژیم بپارێزن. هەروەها ئەوان لەو پێوەندیانەیان بە قازانجی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دەربازکردنیان لە گەمارۆی پاسدارەکان و، ئەو لایەنە کوردستانیە کە لەگەڵ ڕێژیم کەوتبوو، کەڵکیان وەرگرتبوو. هەر دوای ئاشکرابوونی ڕاستیەکانیش بوو کە ڕێژیم هێرشی کردبووە سەر گوندی جۆهنی و ئەو شوێنانەی کە هێزەکانی بەرگریی سمکۆ لەوێ دەمانەوە. بە وتەی فەهیم سەعیدیان کە ئێستا لە وڵاتی دانمارک دەژی، ئەو کاتە کە پێشمەرگەکانی حیزب ڕێگای دەربازبوونیان لێ گیرابوو، مستەفا هیجری کە بۆ چارەسەریی کێشەکان لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ هەیئەتێک نێردرابوو بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماڵی فەهیم سەعیدیان لە گوندی هەفتساران دەمایەوە، نامەیەکی بۆ تاهیرخان سمکۆ نووسیبوو و داوای هاوکاریی لە ناوبراو کردبوو بۆ دەربازکردنی پێشمەرگەکانی حیزب لەو گەمارۆیانە.

لەو کاتەداکە هەموو ناوچەکە پڕ ببوو لە پاسدار و هاوکارانیان، سەنار مامەدی هەست پێ دەکا کە هەڵەی کردووە و ناتوانێ بڕوا بە ڕەحمان کەریمی و پاسدارەکان بکا. بۆیە هەوڵی پێوەندیگرتن لەگەڵ حیزب و گەڕانەوەی دووبارە بۆ نێو حیزب دەدا. بە وتەی تێموور مورادی، ئەو پێشمەرگەکانەی کە لەگەڵ ئەواندا چووبوون بۆ ناوچەی ئەنزەل، لەوێوە دەربازی گوندی گۆلەشێخان لە ناوچەی برادۆست دەبن. بەڵام هەلومەرج ئەوەندە سەخت دەبێ و هێندە فشاریان بۆ دێ کە بڕیار دەدەن ناوچەکە بە جێ بێڵن. مامەدی کە دەبینێ ڕەوشەکە ئاڵۆز بووە، نامەیەک بۆ پێشمەرگەکان دەنێرێ و داوایان لێ دەکا کە ناوچەکە بە جێ مەهێڵن و ڕێگاچارەیەکی دیکە بدۆزنەوە کە دیسان هەموویان پێکەوە کار بکەن. تێموور مورادی دەڵێ: "بینیم کە عەلی کاشفپوور، شاپوور شوجاعیفەرد و ڕەحمان حاجی ئەحمەدی لە دەرەوەی گوند ڕاوەستاون و پێکەوە قسە دەکەن. منیش چووم بۆ لایان کە ببینم چ باسە. لەوێ زانیم کە سەنار مامەدی نامەیەکی لە ڕێگەی ئەرشەد مورادییەوە بۆ ئێمە ناردووە. ئەرشەد مورادی بۆ خۆی لە گوندی ماستەکان بوو کە جوابی بۆ ئێمە ناردبوو. ئەوان کە لە دەرەوەی گوند ڕاوەستابوون، باسەکەیان لە سەر ئەو نامەیە بوو. سەنار مامەدی لە نامەکەدا داوای کردبوو کە ناوچەکە بە جێ نەهێڵین و لە گەڵ یەک قسە بکەین و پێکەوە دیسان کار بکەین؛ دەنا هەموومان پێکەوە تێدا دەچین. شاپوور شوجاعیفەرد ئەو نامەیەی بە پیلان دەزانێ و پێداگری دەکا کە ئەوە سەنار پیلانی داناوە هەمووومان بگرێ و بیکوژێ و بۆیە نابێ بڕوا بە قسەی سەنار بکرێ. عەلی کاشفپوور لە شک و گوماندا بوو. شاپوور فشاری خستبووە سەر حاجی ئەحمەدی کە دەبێ مەنتەقە خالی کەین." بەڵام عسمەت عەبدی دەڵێ کە ئەوان لە پشت گوندی هەفتساران بڕیاریان دابوو کە بگەڕێنەو بۆ ناوچە و لەگەڵ هێزی پێشەوادا نەچنەوە و ناوچە بە جێ نەهێڵن.تێموور مورادی دەڵێ کە لە بەرامبەر ئەو جۆرە هەڵسووکەوتەی کاشفپوور و شوجاعیفەرددا هەڵوێستی گرتووە. هەڵوێستی ناوبراو لە بەر ئەوە بووە کە سەرەڕای ئەوەی کە ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی ئارارات بووە، بەڵام کاشفپوور، شوجاعیفەرد و حاجی ئەحمەدی شتەکانیان لێ شاردووتەوە و نەیانهێشتووە ناوبراو پێی بزانێ کە چ

باسە و بە دزیەوە لە سەر مەسەلەکان قسەیان کردووە و بڕیاریان لە سەر داوە. موڕادی دەڵێ کە پێیان ڕاگەیاندووە کە لە گەڵیاندا ناروات و ناوچەکە بە جێ ناهێڵێ. لەوێ حاجی ئەحمەدی داوای لە موڕادی کردبوو کە ئەگەر لە گەڵیان ناچێ، دەبێ چەک و ڕەختی حیزب تەحویل بداتەوە. بەڵام بە بیستنی ئەو قسەیە، عەلی کاشفپوور لە ڕەحمان حاجی ئەحمەدی تووڕە دەبێ و قسەکانی پێ دەبڕێ. موڕادیش لە وڵامی "حاجی ئەحمەدی" دا وتبووی کە ئەو چەک و ڕەختی خۆی ڕادەست ناکات، بەڵام لە جیاتی چەک و ڕەخت، پارەیان پێ دەدا(دەکرێ).

لە درێژەی ئەوە مەسەلەیەدا تێمور موڕادی دەڵێ: "لەو نێوەدا کە پێشمەرگەکانیش هەموو هاتبوون، عەلی منی بانگ کرد و بە تەنیا لەگەڵ من قسەی کرد و داوای لێکردم کە نەگەڕێمەوە و لە گەڵیاندا بڕۆم بۆ دەوروبەری دەفتەری سیاسی. قرار بوو هەر ئەو ساڵ لە لایەن حیزبەوە وەک خوێندکار بەڕێ بکرێم بۆ دەرەوەی وڵات و عەلی[کاشفپوور] ئەویشی وەبیر هێنامەوە دیسان. بەڵام قبووڵم نەکرد و پێیانم وت کە لەو هەلومەرجەدا لە گەڵیان ناڕۆم." . عسمەت عەبدی لە سەر ئەو مەسەلەیە بەشێک لە قسەکانی تێموور پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ کە ئیسماعیلزادە و مامەدی دەیانەویست بگەڕێنەوە، بەڵام حیزب بڕوای پێ نەدەکردن.هێندێک ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ تێموور موڕادی هاوڕا بوون و ناوچەیان بە جێ نەهێشتبوو، بریتین لە: عسمەت عەبدی، عزەدین خەڵکی پیرانجوق، قادر خەڵکی پیرانجوق، چەنگیز خەڵکی ئەنزەل و محەمەدی بەدۆ (محمەد بەدەوی). ئەوان و پێشمەرگەکانی دیکە کە لەگەڵ عەلی کاشفپوور بوون لە گۆلەشێخان (یان هەفتساران؟) لە یەکتر جیا دەبنەوە و عەلی کاشفپوور و ئەوان دەچنە بۆ دەوروبەری دەفتەری سیاسی و ئەوانیش ڕوو دەکەنە ناوچە و دەگەڕێنەوە دواوە. هەر لەو وەختەدا کە ڕێژیمی ئێران لە سەر مەسیری جوڵەی پێشمەرگەکان زانیاریی دەست دەکەوێ، ڕەحمان کەریمی بە هێزێکی زەبەلاحەوە دەچێ بۆ لای مەرگەوەڕ بۆ ئەوەی کە ڕێگای دەربازبوونی عەلی کاشفپوور و ئەوان بگرێ و نەهێڵێ پێشـمەرگەکان بە سلامەتی دەرباز بن. بەڵام لە پیلانەکەیدا سەرکەوتوو نابێ و بە هەر شێوەیەک بێ، عەلی کاشفپوور و ئەوان بە سلامەت دەرباز دەبن. ئەوانەی کە وەک موڕادی و عەبدی و ئەوان کە لە ناوچە مابوونەوە، هەر کەسێک لە شوێنێک دانیشتبوو و چاوەڕوانیان کردبوو تا کو بزانن بارودۆخ بە

چ ئاقارێکدا دەیانبا.

## کوژرانی ڕەحمان کەریمی

سەنار مامەدی هاوکات لەگەڵ ناردنی نامە بۆ ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکان کە لەگەڵ عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد و تێموور موڕادی و ئەواندا بوون، پێوەندیی بە ئیرەج ئیبراهیمزادە و کەرەم کەلەشییەوە گرتبوو و زۆر بە جیددی بە دوای چارەسەریی کێشەکاندا گەڕابوو تا بتوانێ لەگەڵ حیزب ڕێک کەوێ. هاشم ئیبراهیمزادە و سلێمان کەلەشی لە ئاخافتنەکانی خۆیاندا هەر کامەیان بەشێک لە ڕووداوی چوونیەتی ناردنی نامە بۆ دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ویستی گەڕانەوەی مامەدی باس کردووە کە ئەو ئاخافتنانە تەواوکەری یەکترن. دانەری ئەم پەرتووکە هەوڵیدا کە لە بە جۆرێک لەگەڵ ئەو کەسەدا قسە بکا کە نامەکەی گەیاندبوو دەفتەری سیاسی و وڵامەکەی هێنابوو بۆ پێشمەرگەکان لە ناوچە. بەڵام ناوبراو لە بەر ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ئێستا، بە هۆکاری ئەمنیەتی حازر نەبوو لە سەر ئەو مەسەلە قسە بکا.

سلێمان کەلەشی دەڵێ کە سەنار مامەدی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ئەنزەل کە کەرەم کەلەشی سەرپەرەستیان بوو، مەلا خالید باقی[1] وەک هەڵگری پەیام دەنێرێتەوە لایان. دیارە کە پێشتریش پێوەندیان بە ئیرەج ئیبراهیمزادەوە هەبووە. هاشم ئیبراهیمزادە کە ئەو کات وەک پێشمەرگە لەگەڵ ڕووداوەکان سەرووکاری هەبووە، دەڵێ کە ئیرەج نامەیەکی نووسی بۆ دەفتەری سیاسی (شەخسی دوکتور قاسملوو) و لە سەر ئەم مەسەلەیە داوای بیروڕادەربڕینی لێ کرد.

نامەکە بە کەسێکەوە بە نێوی (ف. ی) نێردرا کە لە پاژنەی پێلاوەکەیدا جێیان کردبوو بۆ ئەوەی کە لە خاڵە پشکینەکاندا نەکەوێتە دەستی پاسدارەکان. سلێمان کەلەشی دەڵێ کە (ف. ی) نامەکە دەباتە ئەنزەل بۆ لای کەرەم کەلەشی و لەگەڵ کەرەم نامەکە دێنن لە پشتی ڕادیۆیەکدا دەشارنەوە و بە

---

١ مەلا خالید باقی لە گوندی گەلەخر لە دەڤەری سۆما لە دایک ببوو و دواتر لە گوندی ئاخچەقەل نیشتەجێ ببوو. ناوبراو تا پلەی فەرماندەری هێز لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا چووە پێش. مەڵا خالید باقی لە ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٤دا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

ماشێنی کەسێک بە نێوی شێرعەلی (کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە لەگەڵ خۆیان دەبەنە بۆ ورمێ و لەوێرا بۆ لای مهاباد و ئەوان دەچن و نامەکە دەگەیەننە دەفتەری سیاسی و دوای چەند ڕۆژێک وڵامەکەش دەهێننەوە. کەلەشی دەڵێ کە کاتێک کە ئەوان گەڕانەوە، لێیان پرسی بوو کە وڵامی دەفتەری سیاسی چی بووە و ئەوانیش وتوویانە کە وڵامەکە زۆر موسبەت بووە. کە نامە دەگاتە دەستی ئیرەج ئیبراهیمزادە، ئەو پێوەندی بە مامەدییەوە دەگرێ و وڵامی حیزبی پێی ڕادەگەیەنێ. بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە، مەرجی دەفتەری سیاسی ئەوە بوو کە سەنار مامەدی دەبێ ڕەحمان کەریمی لە نێو بەرێ. بەڕێز ئیبراهیمزادە هۆکاری ئەو داوایە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە دەفتەری سیاسی و حیزب بە گشتی نەیاندەتوانی لە سەنار مامەدی دڵنیا بن و بڕوای پێ بکەن. بۆیە دەبوایە سەنار کارێکی وای بکا کە هەموو پردەکانی پشت سەری خۆی بڕۆخێنێ و نەتوانێ جارێکی دیکە بچێتەوە بۆ لای ڕێژیم/ پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم. تەنیا کوشتنی ڕەحمان کەریمی دەیتوانی ئەم ئامانجە مسۆگەر بکا. سەنار مامەدی لە سەر ئەو بناغەیە و قبووڵکردنی مەرجەکانی حیزب، نامەیەک بۆ ڕەحمان کەریمی دەنێرێ و داوای لێ دەکا کە لە گەڵیدا دابنیشێ. ڕەحمان کەریمی لەگەڵ دوو پاسداری پایەبەرزی ڕێژیم بە ناوەکانی حەسەن شەفیعزادە و حوسەین تەحویداران، نەوید نوید موعینی کە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-پێرەوانی کۆنگرەی چوارەم بوو وکەسێک بە نێوی محەمەددەمین کرێت کە پێشتر پێشمەرگە بوو و لەگەڵ ڕەحمان کەریمی کەوتبوو، دەچن بۆ ئەوەی کە سەنار ببینن. ئەرشەد موورادی و هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێن کە ڕەحمان کەریمی بۆ دیتنی سەنار مامەدی هاتبووە گوندی کانیمیران. بە وتەی تێموور موورادی، ئەنوەر کوهەنساڵ و هاشم ئیبراهیمزادە کاتێک کە ئەوانە لە ژوورێکدا دانیشتبوون، حکمەت مامەدی هەڵدەستێ[1] و چەکی ڕەحمان کەریمی و چەکەکانی ئەو کەسانەی کە لە گەڵیدا بوون و لە پێش خۆیان دایبابوون، هەڵدەگرێ و وا نیشان دەدا کە کاتی خواردنە و دەیەوێ سفرە ڕابخا. دوای هەڵگیرانی چەکەکان، سەنار مامەدی بە ڕەحمان کەریمی و ئەو گرووپەی کە لە گەڵیدا هاتبوون، ڕادەگەیەنێ کە ئەوان دەستبەسەرن. حەسەن شەفیعزادە فەرماندەری سوپای پاسداران بوو لە پاسگای هەشتیان. ناوبراو دەستێکی

[1] حکمەت مامەدی یەکێک لە کوڕەکانی سەنار مامەدییە کە دوای داگیرکرانی ناوچە لە لایەن ڕێژیمەوە خۆی ڕادەستی ڕێژیم کرد و چەکی ڕێژیمی هەڵگرت، بەڵام بەڵگەمان لە بەردەست نیە کە ئاخۆ ناوبراو لە خیانەت بەگەلەکەی تێوەگڵاوە یان نە.

باڵای هەبوو لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. شەفیعزادە دواتر لە شەڕی ئێران و عێراقدا کوژرا. حوسێن تەحویلداریش یەکێک لەو پاسدارانە بووە کە لە سوپای "ورمێ"دا کاری دەکرد و لە شەڕی دژی کورددا بەشداریی هەبووە. هەردووی ئەو پاسدارانە لە دۆستانی نزیکی پاسدار مێهدی باکری بوون کە ئەویش لە ساڵەکانی ١٣٦٠دا لە شەڕ بە دژی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورددا بەشداریی چالاکانەی هەبوو و دواتر لە شەڕی ئێران و عێراقدا کوژرا[١]. لەو زانیارییانەی کە ئەرشەد مورادی لە نامەیەکدا بۆ من ناردووە، دەردەکەوێ کە یەکێک لە پاسدارەکان، بە ناوی "دکتر ڕضائی" خۆی بە سەنار مامەدی و ئەوانەی دیکە ناساندووە.

بە پێی ڕاگەیاندراوی گرووپی حەوت کەسی و نووسینەکانی ناوەندە دەوڵەتیەکانی ئێران، ڕەحمان کەریمی و ئەوانەی کە لەگەڵیدا هاتبوون بۆ دانیشتن لەگەڵ سەنار مامەدی، لە ٢١ی ڕەزبەری ١٣٦٠ هەتاویدا لە گوندی سیاوان دەستبەسەر کرابوون و دواتر بۆ ناوچەی سۆما ڕاگوێزرابوون، کە ئەوە هەڵەیە. هیچ یەک لەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕەحمان کەریمی دەستبەسەر کرابوون، بێجگە لە خودی ڕەحمان کەریمی، ئێعدام نەکرابوون. ئەرشەد موارادی دەڵێ کە ڕەحمان کەریمی لە سیاوان دادگایی کرا و لە گوندی گەردیان ئێعدامیان کرا و جەنازەکەشیان تەحویلی مزگەوتی گوندی چاری (چهریق) درا. ئەو زانیارییانەی ئەرشەد موارادی لەگەڵ قسەکانی هاشم ئیبراهیمزادە بە تەواوی وەک یەکن[٢]. بەو واتایە کە ناوبراو لە کانی میران گیرابوو، لە سیاوان دادگایی کرابوو، لە گەردیان ئێعدام کرابوو و تەرمەکەشیان تەحویلی مزگەوتی گوندی چاری درابوو. ئەو دوو پاسدارەش کە گیرابوون، بە چەکەوە کە پێشتر خەشابەکانیان لە لایەن حکمەت مامەدییەوە خاڵی کرابوون و گولـلـەیان لە سەر نەهێشتبوو، لە خوار پایگای گوندی هەشتیان ئازادیان کردبوو، کە هاشم ئیبراهیمزادە یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە لەگەڵیاندا ڕۆیشتبوو. نەوید موعینیشیان بە حورمەتی بنەماڵەی موعینیەکان ئازاد کردبوو و محەمەدەمین

١ http://www.magiran.com/ppdf/nppdf/٢٨٢٢/p٠٢٨٢٢٢٣٨٩۴٠٠٧١.pdf

روز شمار جنگ، جلد شانزدهم، ص ١٧٢-١٧٤، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی

http://defamoghaddas.ir/sites/default/files/Roozshomar/documents/r۶٠٠٧٢١_١۶.pdf

٢ ئەرشەد موارادی ئەو قسانەی لەو نامەیەیداکە بۆ دانەری ئەم پەرتووکە لە ڕیکەوتی ٢٠ی دسامبری ٢٠١٨داناردووە، و داستانەکەی لە کتێبی بیرەوەریەکانی سەنار مامەدی، لاپەرەکانی ١٧٦-١٧٧ وەرگرتووە، نووسیوە.

کرێتیش جارێکی دیکە مابوویەوە نێو حیزبدا و ببووە پێشمەرگە[1]. لە سەر ماوەی گیران تا کوشتنی ڕەحمان کەریمی بیروڕای جیاواز هەیە. هێندێک دەڵێن کە چەند ڕۆژێک ڕەحمان کەریمی لە زینداندا دەستبەسەر کراوە و دواتر بە هۆی ئەوەی کە سەنار، جەهانگیر، ئیرەج و تێموور مورادی نیگەران بوون لەوەی کە ڕەحمان کەریمی بەو زمانەی کە هەیبوو و قسە خۆشەکانی، کڵاو لە سەری نیگەهبانەکان دابنێ و لە زیندان هەڵێ، بڕیار دەدەن کە دەبێ زوو خۆیان لەو مەسەلەیە ڕزگار کەن و دەیبەن و ئێعدامی دەکەن. بەڵام هێندێک کەسی دیکە دەڵێن کە لە سەر ئەم مەسەلەیە ڕێککەوتنی پێشوەخت هەبوو و هەر لەو شەوەدا کە دەستبەسەر کرابوو، بردوویانە و ئیعدامیان کردووە.

بەڵام هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە بڕیار وابوو ئیرەج ئیبراهیمزادە حوکمی ئێعدامی ڕەحمان کەریمی جێبەجێ بکا کە ئەویش بڕێک پارە (٢٠٠٠ تومەن) دەیدات بە پێشمەرگەیەک بە نێوی نوورۆ[2] و ئەویش حوکمی ئێعدامی جێبەجێی دەکات. غەنی بلووریان لە کتێبی ئالەکۆکدا[3] لە لاپەڕەکانی ٤٢٤ تا ٤٢٧ باسی پێوەندیی نێوان ڕەحمان کەریمی و سەنار مامەدی دەکا و دەڵێ کە سەنار مامەدی لەگەڵ جەهانگیر ئیسماعیلزادە و چەنگیز مامەدی و ئەربابێکی دیکە (کە دەبێ مەبەست ئیرەج ئیبراهیمزادە بێ) دادگایەک بۆ ڕەحمان کەریمی پێک دێنن و حوکمی کوشتنی بۆ دەردەکەن و دوای کوشتنی، جەنازەکەی فڕێ دەدەنەوە دۆڵی چاری.

١ https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/ettehade-mardom۰۱۰۲-.pdf

(ڕۆژنامەی اتحاد مردم، ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ی هەتاوی، ژمارە ١٠٢، دەوری سێهەم، لاپەڕەی ٧).

٢ نوورۆ یەکێک لەو کەسانە بوو کە پێشتر لە گەڵ ئەرشەد مامەدیدا بوو و دواتر کە کە ئەرشەد مامەدی لە لایەن ڕێژیمی شاه و بە دەستی چەنگیز مامەدی دەکوژرێ، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەویش لە گەڵ سەنار مامەدیدا دەکەوێ و دەبێتە پێشمەرگە و لە دواییدا بە دەستی ڕێژیمی ئاخوندی شەهید دەکرێ.

٣ بلووریان، ١٩٩٧ ستکهۆلم (تەرجمەی فارسی، رضا خیری مطلق، تهران، خدمات فرهنگی راسا، ١٣٧٩)

## گەڕانەوەی دووبارەی ئەو پێشمەرگانەی که باکووری ڕۆژهەڵاتیان به جێ هێشتبوو بۆ شوێنی تێکۆشانی خۆیان دوای تەواوبوونی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب

سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە بە هۆی جیابوونەوە لە حیزب و ئەو بوویەرانە کە لە باکووری ڕۆژهەڵات ڕوویان دا، نەیانتوانی لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتدا بەشدار بن. ئەوە دەرفەتێکی باش بوو بۆ حیزب کە بتوانێ ئالترناتیڤێکی دیکە لە جێگای ئەواندا بۆ ڕێبەری لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا بدۆزێتەوە. عەلی کاشفپوور کە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو. بە وتەی ئەنوەر کوهەنسال، هەڵبژاردنی عەلی کاشفپوور وەک کەسێکی ئاکادێمیک کە لە باری بنەماڵەییشەوە سەر بە بنەماڵەیەکی وەرزێر بوو، ئەو دەرفەتەی بۆ حیزب ڕەخساند کە کە لە بەرامبەر کەسانێکی وەک سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیمساعیلزادەدالە سەر عەلی کاشفپوور سەرمایەگوزاری بکا و هەوڵ بدات بەرەبەرە لە ڕێگای ئەوەوە سیستمێکی بەهێزی تەشکیلاتی و حیزبی لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا دامەزرێنێ کە کەمتر لە ژێر کارتێکەریی عەشیرەگەری و ئاغاکاندا بێ. بەڵام ئەو پلانە لە کردەوەدا بە گوێرەی دڵی حیزب نەچووبووە پێش و کاتێک کە مامەدی و ئەوان دیسان گەڕابوونەوە بۆ نێو حیزب، عەلی کاشفپوور ئەگەر چی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو و لە کۆنگرەی پێنجەمدا دەنگی متمانەی پێ درابوو، بەڵام لە بەرامبەر جەهانگیر ئیسماعیلزادە و سەنار مامەدیدا لاواز دەرکەوتبوو و دیسان ئەوان عەمەلەن ببوونە ئەکتەری سەرەکیی بەڕێوەبردنی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا.کاتێک کە سەنار مامەدی و ئەوان دیسان گەڕابوونەوە بۆ نێو حیزب، عەلی کاشفپوور و ئەو پێشمەرگانەی کە ناوچەکەیان بە جێ هێشتبوو و ڕۆیشتبوون بۆ دەوروبەری دەفتەری سیاسی بە هۆی ئەو مەسەلانەی کە سەنار مامەدی خوڵقاندبوونی، ئەوانیش جارێکی دیکە گەڕابوونەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە وتەی بەریز حاجی جوندی، ئەو تیمەی کە پێکەوە لەگەڵ عەلی کاشفپوور بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات گەراونەتەوە،

تیمێکی ٢٣ کەسی بوو و نێوی هێندێک لەوان بریتین لە مام ئیدریس، مەجید مەجیدی، کەماڵ بارزانی، عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد و .... هتد، ئەگەر چی عەلی کاشفپوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە، بەڵام بە کردەوە ئەوە سەنار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیلزادە بوون کە خاوەنی ئوتۆریتە بوون لە نێو پێشمەرگەکان و خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. حاجی جوندی هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئەو کاتی باکووری ڕۆژهەڵات و جێ نەکەوتنی ئوسوول و پرەنسیپەکانی حیزبایەتی لە نێو پێشمەرگەکاندا. حاجی جوندی دەڵێ: "مەسەلەی عەشیرەتی و ئەربابوون و ئەو شتانە ئەو کات لە باکووردا هەبوون و زۆر بەهێز بوون. ئەگەر چی هەموویان حیزبی بوون، بەڵام هەروەها هەر یەک بۆ خۆی حیزبێک بوو. ئەگەر چی هەموویان حیزبی بوون، بەڵام ئوسوولی حیزبیان بەڕێوە نەدەبرد.ئەوان بە شێواز و ویستی خۆیان حیزبی بوون. بۆ نموونە کەسانێکی وەک حاجی سامی هنارە و حەقی هنارە سەردەمێک هیچ کەسێکیان لە خۆیان بە حیزبیتر نەدەزانی. بۆ ئەوەی کە پێشمەرگەیان هەبێ، چەکداریان هەبێ و یاسا، یاسای ئەوان بێ. تاهیرخانی سمکۆش هەر بەو شکڵە. سەنار مامەدی ئەگەر چی پێشتر لە نێو شۆڕشدا بوو و بەرپرسایەتیشی هەبوو، بەڵام ئوسوولی عەشیرەتی و ئەربابوونی هەر بەر نەئەدا و قازانجی خۆی لەوەدا دەدیت. ئیرەج ئیبراهیمزادەش ئەگەر چی جێگری فەرماندەری هێز بوو، بەڵام ئەویش هەر بەو هەوایە دەچوو. جەهانگیر ئیسماعیلزادەش کە فەرماندەری هێز و مرۆڤێکی خوێندەواریش بوو و لە ئوسوول و پرەنسیپی حیزبی حاڵی بوو، بەڵام ئەویش ناچار دەبوو لە نێو ئەو هەموو سەرۆک عەشیرەتانەدا، تا ڕادەیەک عەشیرەگەرایی خۆی ڕابگرێ. بەڵام عەلی کاشفپوور ئەو شتانەی نەبوو. مرۆڤێکی شۆڕشگێر و پاک بوو و عەشیرەت و شتی وای نەبوو. هەروەها عەلی کاشفپوور لەو ڕاستییە باش تێگەیشتبوو و سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی کە ئەو ئەندامی ڕێبەریی حیزبە و لە کۆنگرەی پێنجەمدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە (نەک سەنار مامەدی یان جەهانگیر ئیسماعیلزادە) و دەبێ ئەو بەرپرسی یەکەمی کۆمیتەی ئازارات بێ و فەرماندەری هێز دیاری بکا و بە دەفتەری سیاسی بناسێنێ، بەڵام کە دەهاتەوە، هەموو بەرپرسایەتیی خۆی دەدا بە جەهانگیر ئیسماعیلزادە بۆ ئەوەی کە سیستمی پێشمەرگایەتی لەو ناوچەیەدا تێک نەچێ. کاتێک کە لە عەلی کاشفپوور پرسیارمان دەکرد کە بۆ وا دەکا، بەڕێزیان دەگوت کە ئەگەر

لەگەڵ ئەوان نەسازین، ناتوانین لەو هەلومەرجەدا خۆمان ڕاگرین."

بەڵام بە وتەی حاجی جوندی و ئەو وتانەی دوکتور شەرەفکەندی کە تێموور مورادی لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوبراو لە سەردەشت گوێی لێ بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوەڕوانیی ئەوەیان لە عەلی کاشفپوور هەبووە کە بە گوێرەی ئوسوول و پرەنسیپەکانی ئەو حیزبە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵسوکەوت بکا و نەک بە پێچەوانەوە. حاجی جوندی دەڵێ کە " داوای حیزب ئەوە بوو کە دەبێ سیستمی حیزبایەتی، سیستمی پێشمەرگایەتی - یانی شۆڕشگێری - دابمەزرێنرێ. ئەوەی کە چەندە قازانج یان زەرەر دەکەین لەو کارەدا، ئەوە بابەتێکی ترە. لە وانەیە لە کورتخایەندا زیان هەبێ، بەڵام لە درێژخایەندا دەبێ ئەو خەڵکە بێتەوە ژێر چەتری تشکیلات و سیستمی حیزبدا و ئەوە بیروبۆچوونی دوکتور قاسملوو بوو." بە وتەی حاجی جوندی ئەو لە دوو مەئموورییەتدا لەگەڵ عەلی کاشفپوور چووە دەفتەری سیاسی و لە کۆبوونەوەکانی عەلی کاشفپوور و دوکتور قاسملوودا بەشدار بووە و بۆیە ئاگاداری بیروبووچوونی دوکتور قاسملوو بوو لە سەر ئەو مەسەلەیانە. تێموور مورادیش لە سەر ئەم بابەتە دەڵێ کە کاتێک کە [ لە بەهاری ١٣٦١] لەگەڵ عەلی کاشفپوور ڕۆیشتبوون بۆ دەفتەری سیاسی لە نزیک سەردەشت، بە هۆی ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لە سەفەری ئورووپادا بوو، لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی کۆ ببوونەوە. تێموور مورادی، دوکتور شەرەفکەندی بە مرۆڤێکی ڕوک و قسە لە ڕوو پێناسە دەکا کە بە بێ پێچ و پەنا قسەکانی خۆی هێناوەتەوە زمان. مورادی دەڵێ: "ئێمە دانیشتبووین کە دوکتور شەرەفکەندی هات و سڵاوی کرد. دواتر ڕووی کردە لای عەلی کاشفپوور و پێی وت: عەلی! بڕیار وابوو کە دەچیە شوماڵ، کۆمیتەی بلندۆک دامەزرێنی. کەچی چوویە کۆمیتەی شوماڵت [ئارارات] دروست کردووە و سەناریشت کردووە بەرپرسی ئەم کۆمیتەیە. ئەمن ئەو تەشکیلاتەم ناوێ، ئەو حیزبەم ناوێ و با ئەمن بیست ساڵی دیکە بچمەوە شوماڵی کوردستان."

حاجی جوندی دەڵێ کە ئەو و هێندێک لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ عەلی لە دەفتەری سیاسی دەگەڕانەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات، بە پێکەنین و گاڵتە بە عەلی کاشفپووریان وتووە کە کاتێک کە دەگەنە باکوور، ئیدی بەرپرسایەتیی عەلی کاشفپووریش کۆتایی پێ دێ. بەڵام ئەو قسەیە ئەگەر بۆ شۆخیش بووبێ، لە پشت ئەو قسەیە ڕاستییەکی تاڵ هەبووە و دەبێ ئێمە قبووڵی بکەین کە

له سەر بنەمای ناسینی کۆمەڵگەی ئەو کاتی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هێنانە بەر باسی ئەو مەسەلەیە، پرسێکی گرینگە کە دەبێ هەم باسی لێوە بکرێت و هەم کاری لە سەر بکرێت. کاتێک کە باسی ئەو کەموکۆڕیانە نەکرێت، ناتوانرێ لە پێشەڕۆژداپێش بەو جۆرە مەسەلەیانە بگیردرێت و دەبینە هۆکاری گەشەکردنی نادادپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

له سەر عەشیرەگەرایی لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا کە تێکەڵ بە سیستمی حیزبی ببوو، ئەنوەر کۆهەنساڵ ئەوە پشتڕاست دەکا و دەڵێ کە "لە سیستمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو شتە هەبوو و ئەگەر ئێستاش بڵێ کە ئەوە بوونی هەیە، ڕاستی وتووە." ئەنوەر کۆهەنساڵ چەند نموونەیەک وەک حاجی جوندی دەخاتە ڕوو و دەڵێ کە سەنار مامەدی کەسێک بوو کە زەحمەتێکی یەکجار زۆری کێشابوو، کەدێکی زۆری دابوو و لە دواییشدا نەچووە ژێر فشاری ڕێژیم وپشت لە گەلەکەی نەکرد، ژیانی خۆی لە سەر شاخ تێپەڕ کرد و دواتر دەربەدەر بوو و لە غەریبیدا، لە بێ ئیمکاناتیدا و دوای بینینی زۆر ناخۆشی و زەجرێکی زۆر کوچی دوایی کرد. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا بوون، لە بواری عەشیرەتیدا سەر بە عەشیرەتی خۆی [مامەدی] بوون. هەروەها، جەهانگیر ئیسماعیلزادەش کە لە بنەماڵەیەکی دڵسۆز، حیزبی و نەتەوەپەروەر بوو و بنەماڵەکەیان بە هۆی کورتیەوە تووشی زۆر زەحمەت بوون و ماڵیان تالان کرا، دەربەدەر بوون و زۆر لە لایەن ڕێژیمەوە ئازار دران، بەڵام ئەوانەی کە لە دەوروبەری جەهانگیر ئیسماعیلزادە بوون، هەموویان لە بەر خاتری پێشمـەرگە بوون، خزمی و کەسوکاری جەهانگیر بوون و دەیانەویست ئاگایان لێ بێ. بەڵام ئەوانەی کە بەو شکڵە لە دوری جەهانگیر ئیسماعیلزادە و یان هاشم ئیبراهیمزادە بوون، کەڵکی سیاسی‌یان لێ وەردەگیرا. بۆ نموونە هاشم ئیبراهیمزادە هەر لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو؛ ئەو جێگایەی کە لێ دەخەوتن، ئەو ڕێگایەی کە پێکەوە دەچوون، ئەو نانەی کە لەگەڵ یەکیان دەخوارد، ئەو ژیانە سەختەی کە هەیانبوو، هەموویان هەر پێکەوەبوون و ئەوە نەبوو کە ئەو ئیمتیازێکی لە پێشمەرگەکانی دیکە زیاتری هەبێ. بۆ نموونە، وا نەبوو کە ئەو بە ترۆمپێل بگەڕێ و ئەوانی دیکە بە پێیان، ئەو لە دەفتەر دابینشێ و پێشمەرگەکانی دیکە لە دەرەوە بن و فلان؛ شتی وا نەبوو. هەلومەرجی ژیانی ئەو کاتیش ئەوە نەبووە کە کەسێک بتوانێ "سوو ئیستفادە"ی لێ بکا.

## هێرشی ئێران بۆ سەر پێشمەرگەکان لە پاییزی ١٣٦٠دا

هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران لە پاییزی ساڵی ١٣٦٠دا و دوای پێوەستبوونی سەنار مامەدی بە ڕیزەکانی حیزبەوە دیسان هێرشی بەربڵاوی خۆیان بۆ سەر پێشمەرگەکان لە هەموو شوێنێک دەست پێ کردبوو. سەرەڕای شەڕ بە دژی پێشـمەرگەکان، ڕێژیم خۆی لە تۆپ و خۆمپارەبارانی گوندەکان و خەڵکی سڤیلیش نەپاراستبوو و پێش ئەوەی کە هێزەکانی داگیرکەری ئێران ڕوو لە گوندێک بکا، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزانن لەو گوندانەدا پێشمەرگەی لێیە یان نە، لە بەر تۆپ، کاتیووشا و خۆمپارەیان دابوو و خەڵکی سڤیلیان کردبووە ئامانج. لەو سەردەمەدا پاسدارەکان بێجگە لەو کارانە، بە نێوی "پاکسازی" هەموو ماڵ و شوێنێکیان لە گوندەکان دەپشکنی و هەر کەسێکیان پێیان خۆش بوایە، بە نێوی "ضد انقلاب" دەستبەسەر دەکرد و بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەنارد کە زۆر کەس لە وان قەت نەگەڕانەوە و ئەوانەی کە دواتر گەڕابوونەوە، بە هۆی ئەشکەنجە و لێدان تووشی زۆر پرسگرێکی وەک نەخۆشیی جەستەیی و سایکۆلۆژیک ببوون. نێوی هێندێک لەو گوندانەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تووشی ئەو چارەنووسە ببوون و لە خودی نووسراوەکانی نزیک لە دەوڵەتی ئێران و هێزەکانی سوپای پاسداراندا هاتوون (نموونە: جلدی شانزدەهەمی "روزشمار جنگ ایران و عراق) بریتین لە: کەهریز، حەماملار، گونبەد، عومەرئاباد، گۆلەگەنی، هەشتیان، گەوراوا، گولزان، قۆجخ، تێزخراب، قزل ئەرخ، ئابەزەر، قزل کەند، خورخورە، هۆدەر، سیاوان، کۆزەرەش، بەلقەزەن، گێچە، پیرانجوق و هتد....

هەروەها پاسدارەکان لە چەندین شوێن هێرشیان کردبووە سەر پێشمەرگەکان. بۆ نموونە لە مەودای دوومانگ و نیوی پاییزی ١٣٦٠دا پاسدارەکانی ئێران لە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٠دا هێرشیان کردبووە سەر پێشمەرگەکان لە گوندی سۆفیان، لە ڕیکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ هێرش بۆ گوندی جۆهنی و هێرش بۆ سەر گوندی هۆدەر لە ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٦٠ و زۆر شوێنی دیکە.

تێموور مورادی دەڵێ کە کاتێک کە ڕێژیم هێرشی کرد بۆ سەر هۆڤەسین، ئەوان پاشەکشەیان کرد بۆ گوندی حەسەنی. هاوکات لەگەڵ هێرشی ڕێژیم،

تاهیرخانی سمکۆش کە بەرەی خۆی گۆڕی بوو و گەڕابووە لای ڕێژیم و هێندێک هێزی ""قیادەی مۆوەقەت""یشی هێنابووە بۆ پشتیوانیی خۆی، شان بە شانی پاسدارەکان هێرشیان کرد بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بووە هۆی ئەوەی کە شەڕێکی گەورە کەوتە گوندەکانی جۆهنی، ئاخچەقەڵ و بێردووک و ئەوانەدا. ڕێژیم لەو شەڕەدا نەیتوانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ. پێشمەرگەکان نزیکەی یەک مانگ لەو بەرەیەدا مابوونەوە و بە هاوکاریی هێزی بەرگریی ملی، دیفاعیان کردبوو. پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا بە هاتنی وەرزی زستان توانیبوویان پشوویەک بدەن. بە گوێرەی بەڵگەکانی سوپای پاسداران، فەرماندەی پاسدارەکانی ئێران لە سەڵماس لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ داوای لە سوپای پاسداران کردبوو کە پێویستیان بە دوو گوردان هێزی چەکدار هەیە تا یەکێک لەو گوردانانە لە شەڕ لە جادەی پیرانشار- سەردەشتدا بە کار بێنن و ئەوی دیکە لە ورمێ و ئەگەر زوو نەجووڵێنەوە، زستان نزیکە و بە بارینی بەفر، ئەوان ناتوانن تاساڵی داهاتوو هیچ بکەن لەو دوو مێحوەرەدا. ئەو زانیارییە، قسەکانی تێموور پشتڕاست دەکاتەوە کە بە هاتنی زستان، ئەوان لەو شەڕەدا نجاتیان بووە. چوونکە ئیمکانات و چەک و تەقەمەنیان یەکجار زۆر کەم بووبوویەوە.

ئەگەر چی دەوڵەتی ئێران بە هێرش و ئافراندنی ترس و خۆف لە نێو خەڵکی سڤیلدا، دەیەویست زوو دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرێ، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبیش لە زۆر شوێن توانیویان هێرش بکەنە سەر هێزە چەکدارەکانی ئێران و زەبری گەورەیان لێ بوەشێنن[١].

١ روز شمار جنگ، جلد شانزدهم، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی
http://defamoghaddas.ir/sites/default/files/Roozshomar/documents/r۶۰۰۷۲۱_۱۶.pdf

## چوونی شاندێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ دەفتەری سیاسی دوای گەڕانەوەی سەنار مامەدی و هاتنی هەیئەتێک لە دەفتەری سیاسیەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات

دوای گەڕانەوەی سەنار مامەدی بۆ نێو حیزب لە پاییزی ١٣٦٠دا و ئەو شەڕ و داگیرکاریەی دەوڵەتی ئێران، لە بەهاری ١٣٦١دا هەیئەتێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە لایەن کۆمیتەی ئاراراتەوە نێردرابوون بۆ دەفتەری سیاسی تا کو ئالووگۆڕی بیرورا بکەن و بڕیار بدەن کە لە مەوبەدواوە ڕێکخستنەکانی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا بە چ شێوەیەک بەڕێوە ببردرێن. هەر وەک کە پێشتر لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ دابوو، تێموور مورادی یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بووە کە لەگەڵ عەلی کاشفپوور ڕۆیشتبوون و یەکەمین دانیشتنیان لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی بوو کە لەوێدا دوکتور شەرەفکەندی ڕەخنەی لە عەلی کاشفپوور گرتبوو و پێی وتبوو کە بۆ چی تەشکیلاتی "بلندۆک"یان دروست نەکردووە و لە جێگایدا کۆمیتەی ئاراراتیان دروست کردوە و سەنار مامەدیش کراوە ڕەئیسی [بەرپرسی] ئەم تەشکیلاتە. شیاوی ئاماژە پێکردنە کە تێموور مورادی یەکێک لەو کەسانە بووە کە زۆر جێگای باوەڕیی سەنار مامەدی بووە و بۆیە وەک ئەندامی شاند نێردرابوو بۆ دەفتەری سیاسی.

بە وتەی تێموور مورادی، کاتێک کە دوکتور شەرەفکەندی ئەو قسانەی ڕاست و ڕەوان لەگەڵ عەلی کاشفپوور هێناوە بەر باس، تێموور بڕێک حەپەسابوو و تازە لە مەسەلەکە تێ گەیشتبوو کە حیزب پێشتر چوونییەتی ئورگانیزەکردنی تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا موشەخەس کردبوو و ئەوە عەلی کاشفپوور بووە کە بە هۆی هەلومەرج و بەرژەوەندیی شۆڕش خۆی لە جێبەجێکردنی بواردبوو. تێموور مورادی دەڵێ کە کاتێک کە قسەکانی دوکتور شەرەفکەندیی گوێ لێ ببوو، هەستاوە و وەک دژکردەوە کۆبوونەوەکەی بە جێ هێشتووە. مورادی لەو بارەوە وەها دەدوێ: "دوای ئەوەی کە لە کۆبوونەوەکە چوومە دەرێ، من کە لە دەفتەری سیاسی چەکی خۆمم تەحویلی نیگەهبان دابوو، چووم و چەکەکەم وەرگرتەوە و لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەی خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات بە نێوی حیسام، ڕۆییشتین بۆ میراوێ کە دەفتەری سیاسی

ئەو کات لە میراوێ بوو. نازانم بەعسیەکان چوون گوێیان لێ ببوو کە ئێمە لەوێین. ئەوان هاتن و ئێمەیان دۆزییەوە و لە ئێمەیان پرسی کە گەلۆ ئێمە مرۆڤی سەنارین!؟ ئێمەش وڵاممان دایەوە کە بەڵێ ئێمە مرۆڤی سەنارین. ئەوان باسیان لەوە کرد کە حازرن هاوکاریمان بکەن و چەک و پارەمان بدەنێ و ... بەڵام ئێمە بیرمان لە گەڕانەوەی خۆمان دەکرد کە چوون بگەرێینەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات. عەلی کاشپوور لەگەڵ حەسەن زادە هاتن و بە ئێمەیان وت کە نەچین و پێویست نیە گوێ بە قسەکانی دوکتور شەرەفکەندی بدەین. ئەو ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نیە و دوکتور [قاسملوو] دەزانێ. خولاسە ئیقناعیان کردین کە لەوێ بمێنینەوە تا دوکتور لە سەفەر دەگەڕێتەوە. نزیکەی شەش مانگ ئێمە لە دەفتەری سیاسی ماینەوە. کە دوکتور قاسملوو هات، بە ڕاستی ڕامانی دوکتور قاسملوو زۆر جیاواز بوون. دوکتور قاسملوو هەیئەتێکی [1] گەورەی لەگەڵ ئێمە ناردەوە بۆ باکوور کە ئەندامێکی دەفتەری سیاسیش [فەتاح کاویان] لەگەڵ بوو." کەریم حیسامی لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی چوونەوەی تێموور مورادی، شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور بۆ دەفتەری سیاسی کردووە و قسەکانی کاک تێموور لە سەر هەبوونی ناکۆکی بۆ چارەسەریی پرسگرێکەکانی شوماڵی کوردستان پشتڕاست دەکا و هەروەها دەڵێ کە دوکتور قاسملوو لە ڕێکەوتی ١٩٨٢.٠٥.١٥دا لە سەفەر گەڕاوەتەوە و بەس چاوپێکەوتنی تێموور مورادی دەبێ دوای ئەو ڕێکەوتە بێ[2]. تێموور مورادی لە نێو قسەکانی خۆیداو لە سەر بناغەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی هەبووە دەڵێ، دوکتۆر شەرەفکەندی کەسێک بوو کە بیر و بۆچوونی خۆی ڕک و ڕاست لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەکانی حیزبیدا دەهێنایە بەر باس. بەڵام دوکتور قاسملوو مامۆستا بوو و، دەیەویست هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە گەڵ شۆڕشدا بن. بۆیە ئەگەر هەموو شتێکیش بە دڵی ئەو نەبوایەن، هەوڵی دەدا لەگەڵ هەمووان بە جۆرێکی نەرم تەعامول بکا و ئیدارەیان بکا و بەڕێوەیان بەرێ و لە هێز و توانای ئەوان لە بەرژەوەندیی شۆڕشدا کەڵک وەربگرێ. بەو واتەیە کە دوکتور قاسملوو کۆمەڵگای کوردستانی چاک دەناسی و دەیەویست بە لەبەرچاوگرتنی چاوەڕوانیەکانی ئەوان، بە جۆرێک لە

١ بە وتەی فەتاح کاویان، فەتاح کاویان لە گەڵ نەبی قادری و سەرهەنگ قادری ئەندامی ئەو شاندە بوون. (نەبی قادری، ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگدار لە ئاسمانی خەباتی کورتی دا، کۆکردنەوەی رەحمان نەقشی، ل. ٥١).

٢ حیسامی کەریم، (١٩٩٣ ستۆکهۆڵم)، لە بیرەوەریەکانم ، بەرگی حەوتەم، ل ٢٢٢ و ٣٣٣

pdf.http://www.kerimhisami.info/books/birewery7

گەلیاندا هەڵسووکەوت بکا کە ئەوان خۆیان بە بەشێک لەو خەباتە بزانن. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەیئەتەدا سەرهەنگ قادری دەڵێ: "ئێمە نزیکەی ٨٠ پێشمەرگە هاوڕێی هەیئەت بووین. نەبی [قادری] ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو. دیارە هەیئەتی دەفتەری سیاسی بریتی بوون لە فەتاحی کاویان وەک بەرپرسی هەیئەت، نەبی قادری وەک بەرپرسی تەشکیلات و منیش [سەرهەنگ قادری] بەرپرسی نیزامی[1]."

دوای هاتنی هەیئەتی دەفتەری سیاسی جارێکی دیکە ڕێکخستنێکی بەهێزی حیزبی لە باکووری ڕۆژهەڵات ساز کرابوو و ئەم جارە لە جیاتی یەک هێزی چەکدار، دوو هێزی چەکدار سازمان درابوون. لە هێزی سەرگورد عەباسیدا جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە وەک فەرماندەری هێز، مەلاخالید باقی وەک جێگری فەرماندەری هێز و هاشم ئیبراهیم‌زادە وەک فەرماندەری عەمەلیاتیی هێز دەستنیشان کرابوون. هەروەها هێزی سەروان حاتەم دوعاخان کە حکمەت مامەدی (کوڕی سەنار مامەدی) وەک فەرماندەری هێز و ئەسعەد مامەدی وەک جێگری فەرماندەری هێز دەستنیشان کرابوون. ئەسعەد مامەدی لە ڕێکەوتی ٩ی سپتامبری ١٩٨٣ لە گوندی شنەتاڵ بە دەستی برازایەکی سەنار مامەدی کە پێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران هەبوو، تیرۆر کرا[2].

بە وتەی تێموور موڕادی، کاتێک کە شاندی دەفتەری سیاسی لە گەڵیان دەچنە باکووری ڕۆژهەڵات، ئەوان لە گوندی بالەکا کۆنفرانسێک دەگرن کە تێیدا تێموور موڕادی و سەنار مامەدیش دەنگیان هێنابوو بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ئارارات و عەلی کاشفپووریش کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو ئۆتووماتیک ئەندامی کۆمیتەی ئارارات بوو، بەڵام شاپوور شوجاعیفەرد دەنگی متمانەی نەهێنابوویەوە. بە وتەی تێموور موڕادی، دوای تەواو بوونی هەڵبژاردن، پێشمەرگەکان لە سەر ماڵەکاندا دابەش ببوون و هەر چەند کەسێک چووبوون بۆ ماڵێک. هومایوون ئەردەلان، عەلی کاشفپوور و تێموور موڕادی و شاپوور شوجاعیفەرد پێکەوە دەکەونە ماڵێک. لەوێ هومایوون ئەردەلان بە شاپوور شوجاعیفەرد دەڵێ: " شاپوور خۆت ناڕاحەت مەکە. ڕەئیی موتلەق بۆ ئێمە هیچ گرینگ نیە. حیزبی دێموکرات پیاوی خۆی دەناسێ." موڕادی ئەوەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێبەرایەتیی ئەو کاتی

١ سەرچاوەی پێشوو، ل. ٥٣-٥٤

٢ نەقشی، ڕەحمان ١٦.٠٨.٢٠١٣

https://yekbunblog.files.wordpress.com/٠١/٢٠١٣/daa٩d٩٨٨d٨b١d٨aad٩٨٧e٢٨٠٨c-d٩٨٥db٨cda٩٨d٩٨٨d٩٨٨١.pdf

حیزب لە نیو کادر و پێشمەرگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا بێجگە لە عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد، بڕوایان بە کەسی دیکە نەبوو و ئەوە بە خاڵی لاوازی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانێ. تێموور مورادی هۆکاری ئەو بێباوەرییەی نێوان ڕێبەرایەتیی حیزب و تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ناکۆکی و ڕقابەتی کۆنی نێوان دوکتور قاسملوو و سەنار مامەدی و تێروانینی جیاوازی ئەوان لەمەڕ دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و بەرخودانی چەکدارانە. بەو واتەیە کە سەنار مامەدی لایەنگری بەرخودانی چەکدارانە بوو لەگەڵ ئەم ڕێژیمە و موخالیفی ئەوە بوو کە حیزب لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت دانیشتن و موزاکرە بکا. بە بۆچوونی مورادی ئەو ناکۆکیانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە نێوان هەردوو لایاندا بڕواکردن بە یەکتر دروست نەبێ و متمانەیان بە یەکتر نەبێ. لە پێوەندی لەگەڵ جەهانگیر ئیسماعیلزادە، تێموور مورادی دەڵێ کە ئیسماعیلزادە مرۆڤێکی پاک و سادق بوو بەڵام لە کاردا مرۆڤێکی وەک سەنار مامەدی جیددی و پێداگر نەبوو کە بڵێ من ئەوە دەکەم و لە سەری سوور بێ. بە وتەی تێموور مورادی، جەهانگیر ئیسماعیلزادە ئەو کەسە نەبوو کە دەفتەری سیاسی بتوانێ لە بەرامبەر سەنار مامەدیدا کەڵکی لێ وەربگرێ و لە بەرامبەریدا دابنێ. ئەگەر چی هەوڵیشیاندا لە سەرەتاوە، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و بۆیە هەموو سەرمایەگوزاریەکەیان لە سەر کاشفپوور بوو کە بتوانن ناوبراو لە بەرامبەریاندا بەرز بکەنەوە. تێموور مورادی هۆیەکی دیکەی ئەو ناکۆکیانە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشکەوتووبوونی ڕێکخستنەکانی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات بە نیسبەت تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەکانی دیکەدا. بە بۆچوونی مورادی، "خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات سەرەڕای کەموکوڕییەکان، سیاسیتر بوون، تەشکیلاتی ئێمە ڕێکوپێکتر بوو و هەتا بڵاوکراوەمان هەبوو و ڕێز و ئیحترامەمان هەبوو لە نێو خەڵکدا. کادرەکانی تەشکیلاتیی ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەکان بوون و لە شەڕەکانیشدا بەشدار دەبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە کاتی سەردانم بۆ سەردەشت و پیرانشار، دەمدیت کە کادرەکانی تەشکیلاتیی ئەوان هیچ ڕێز و حورمەرتێکیان نەبوو و گاڵتەیان پێ دەکرا. کاتێک کە شاندەکانی دەفتەری سیاسی دەهاتن و تەشکیلاتی ئێمەیان دەدیت، ئێمەیان بە حیزبی قبووڵ نەدەکرد و بەرچەسپی کۆمۆنیستبوونیان لێ دەداین و یان شتێکی دیکە کە هۆکاری سەرەکیی ئەو بەرچەسپانەش وەشاندنی گوڤاری ئارارات بوو. بە کورتی حیزب

نەیدەتوانی لەو پوتانسیێلەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا لە بەر دەستیاندا بوو، بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرێ. لە ڕاستیدا ئەوان عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەردیان بۆ چاوەدێریکردنی ئێمە، وەک سیخۆڕی نێوخۆیی بە کار دەهێنا و ئەوە ببووە هۆی دروستبوونی مەودای زیاتر." کار و خەباتی میدیایی لە لایەن خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە زۆر جار تووشی دژایەتیکردن لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە هاتووە. ئەم مەسەلەیە بە وتەی ئەنوەر کوهەنساڵ، بە تایبەتی لە سەردەمی سکرتێریی عەبدوڵڵای حەسەن زادەوە زۆرتر لە هەر کاتێک زەق و بەرچاو بووە. بەڵام کادرەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بە هەموو توانایانەوە هەر درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیانیان لە بواری میدیاییەوە داوە و بە چەشنێک کە ئێستا کەمتر دژایەتیی دەکرێ.

کۆمیتەی ئاراراتدا

کۆمیتەی ئارارات هێندێک جار لە سەر مەسەلەکانی تەشکیلاتی و حیزبی بەیاننامەی نێوخۆیی و هێندێک جاریش ڕوو بە خەڵک بەیاننامەیان بڵاو کردبوویەوە. لە دەستپێکی ساڵی ١٣٦١دا کۆمیتەی ئارارات بڕیارێک دەدا کە دەبێ کۆمیتەی ئارارات خاوەنی وەشانی تایبەت بە خۆی بێ و لە سەر ئەو بنەمایە دەست دەکەن بە دەرکردنی گۆڤارێک بە نێوی گۆڤاری ئارارات. دانەری ئەم پەرتووکە بە هاوکاریی هاوڕێیان توانی کە پێوەندی بە بەرپرسی ئەو کاتی گۆڤارەکە واتە ئەرشەد مورادییەوە بگرێ و بە هاوکاریی ئەرشەد مورادی و تێموور مورادی هێندێک زانیاری لە سەر ئەم گۆڤارە وەدەست بێنێ، کە بە نووسراوە و لە ڕێگای پۆستی ئێلێکترۆنیەوە، زانیارییەکان لە ڕیکەوتی ٢١ی دسامبری ٢٠١٨دا نێردراون. بە گوێرەی ئەو زانیارییانە، دوای ئەوەی کە کۆمیتەی ئارارات سەر لە نوێ خۆی ڕێک دەخات، بڕیار دەدات کە بەشی وەشاندن وەک یەکێک لە بەشەکانی کۆمیتە، دامەزرێنێ و بە گوێرەی هەلومەرجی دژواری ئەو کات و ئەو کەرەستانەی کە لەبەردەستدا هەبوون، گۆڤارێکی مانگانە لە ژێر نێوی "ئارارات"دا بڵاو بکەنەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی نیوی ئارارات، دەگەڕێتەوە بۆ گرینگیدان بە سەرهڵدانی ئارارات و چیای ئارارات وەک سەمبۆلی ئەو جووڵانەوەیە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گرینگیەکی تایبەتیی پێ دەدرێ.

ئەو کەسانەی ئەرکدارکرابوون بۆ ئەو بەشە، هەر زوو دەست دەکەن بۆ دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستیەکانی پیویست بۆ کارەکەیان و ئەرکەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. ئەندامانی کۆمیتەی ئارارات کە ئەرکی ئەو بەشەیان وەئەستۆ گرتبوو، بریتی بوون لە :

١. بەرپرسی بەشی ئینتیشارات: ئەرشەد مورادی

٢. بەرپرسی بەشی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هەواڵەکان: موزەفەر بەگزادە

٣. دەستەی نووسەران: ئەرشەد مورادی، عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد

٤. مونتاژ و فۆرم: تێموور مورادی

٥. تەکنیک، تایپ و چاپ: حوسەین کەریمی و موزەفەر بەگزادە

٦. وێنە و وێنەکێشان: ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان (باکووری کوردستان) کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەمانەوە. بە وتەی ئەرشەد مورادی، یانزدە ژمارە لە گۆڤاری ئارارات لە لایەن کۆمیتەی ئاراراتەوە چاپ و بڵاو کرانەوە.

دوای ئامادەکردنی گۆڤارەکە و چاپکردنی، گۆڤار بۆ ئەو شوێن و جێگایانە دەنێردران:

١ . دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢ . بۆ هەموو بەشەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک ناوچەکانی سۆما، برادۆست، ئەنزەل، سەڵماس، گەلیێ بەردەڕەش

٣ . بۆ فەرماندەریی هێزی پێشمەرگە

٤ . بۆ ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی کە لە دەڤەرەکەدا چالاک بوون و حزووریان هەبوو؛ وەک: ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک، فەدائیەکانی خەڵک و کۆمەڵە.

زمانی وەشانی گۆڤارەکە بە فارسی بووە کە ئەوەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کات گۆڤارەکە بە ماشێنی تایپی چاپ دەکرا و ماشینی تایپی بە پیتی کوردیی لاتینی لە ڕۆژهەڵات نەبوون. گۆڤارەکە لە قەبارەی A٤دا بڵاو دەکرا کە لە دەستپێکی لاپەڕی یەکەمدا وێنەی چیای ئاگری و هەڵبەستی نەتەوەیی (شێعری نەتەوەیی) کە ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان وێنەکەیان بە دەست دەیانکێشا، هەبوو. وەشانی ئەو گوڤارە دواتر کە شێوازی ڕێکخستنیی

حیزب لە کۆنگرەی ٦دا گۆڕدرا، لە لایەن ناوەندی ئاگریەوە ڕاوەستێندرا[١] و هۆکاریی سەرەکیی ئەوەش دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب و ئەوەی کە زۆربەی کادرەکانی بەشی وەشانی گوڤارەکە ڕوویان لە هەندەران کرد و لە نێو ڕەفی حیزبدا لە کوردستاندا نەمان و حیزب کەوتە حاڵەتی پارتیزانی و بە کردەوە دەرەتانی وەشاندنی گۆڤارەکە نەما. هەروەها مەجید حەقی دەڵێ کە دوکتور شەرەفکەندی ئەو کات لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا دەبێ یەک وەشانی ڕەسمیی هەبێت و هەموو وەشانەکانی دیکە ڕابگرێن. بە داخەوە ئەگەر چی هەوڵ درا کە نموونەیەک لەو گۆڤارە دەست بخەین، بەڵام نەکرا. ئەوانەی کە لە گۆڤارەکەدا کاریان دەکرد، بە هۆی شەڕ و گواستنەوەوەی بەردەوامەوە نەیانتوانیبوو ئارشیوی ئەو گۆڤارە بپارێزن. لە نێو حیزبیشدا ماڵیان ئاوەدان، قەت بۆ ئەو مەسەلانە کەسێک پەیدا نابێ کە هیممەتی ئەوەی هەبێ کە هاوکاری بکا.

چەند نموونەیەک لە کۆمەڵکوژییەکان و کاولکردنی گوندەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە

کاتێک کە تێموور موورادی باسی کەموکوڕییەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نیسبەت ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، بەڵگەی ئەو کێماسییە لە نێو لاپەڕەی پەرتووکەکانی ئەواندا دەبیندرێن. لە هێندێک ناوچەی تایبەت شتێکی پچووک ڕووی دابێ، ئەوان کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵ و هەموو وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانەیان لە سەدان جێگادا نووسیوە و پاراستوویانە. بە هۆی ئەوەی کە کادرەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا نێوەڕاستی ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی کەمتر لە بنکەکانی سابتدا حزووریان هەبووە و بە دەگمەنیش لەو دام ودەزگایە حیزبیانەدا کاریان کردووە کە کاریان نووسین و پاراستنی زانیارییەکان لە سەر ڕووداوەکان و

١ ناوەندی ئاگری لە هێزەکانی سەرگود عەباسی، حاتەم و نحۆ پێکهاتبوو کە کۆمیتەی ورمێ و کۆمیتەی ئارارات لە خۆی دەگرتەوە.

یان بە گشتی کاری ئیداری بووە، لە سەر زۆربەی ئەو کارەساتانەی کە بە سەری خەڵکی کورد لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان هاتووە، دەستخستنی زانیارییەکان لە سەرچاوەکانی حیزبییەوە زۆر ئەستەم و هێندێک جار مەحاڵە.

بۆ نموونە، جەلیل گادانی لە بەشی کۆتایی پەرتووکی پەنجا ساڵ خەباتدا لیستی کوژراوانی کۆمەڵکوژییەکانی کوردستان بە دەستی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران هێناوە. لەو لیستەیەدا لە سەر باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە ناوچەی سۆما و برادۆست، مرگەوەڕ، ترگەوەڕ، ئەنزەل، کناربەرۆژ و شپیرانەوە بگرە تا دەگاتە ماکۆ، تەنیا نێوی دوو گوندی هێناوە کە ئەویش هەڵەی تێیدایە. ئەو کۆمەڵکوژییە تەنیا هی یەک گوندە بە نێوی گێچە. لە هەلەقوشک کۆمەڵکوژی ڕووی نەداوە کە گادانی بە کۆمەڵکوژیی گوندەکانی گێچە و هەلەقۆشک نێوی هێناوە (نێوی ئەو دوو گوندەش وەک چوون خەلک نێوی هێمن و هەژاریان لە یەک نەدەکردەوە و هەر پێیان یەک کەس بوو، بۆ هێندێک کەس و بە تایبەتی ئەگەر خەڵکی ناوچەکە نەبن، هەر وایە و نازانن کە ئەوە دوو گوندن، نەک یەک گوند). ئەوە لە کاتێکدایە کە لە زۆر گوندی وەک کوورە، سۆفیان و پیرانجوق و یارم قیە کۆمەڵکوژی ڕووی داوە، بەڵام تەنانەت بە یەک وشەش ئاماژەشی پێ نەکردووە. ئەوە دەرحەق بە گوندە چۆلکراوەکانیش هەر ڕاستە. لە خوارەوەدا چەند نموونەیەک لەو کارەساتانە دەخەینە ڕوو:

لە ڕیکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ١٣٦٢دا کە بەرامبەرە لەگەڵ ٢٣ی مارسی ١٩٨٣، هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی جاشەکان هێرشیان بردبوو بۆ سەر گوندی گێچە و ١٣ کەسیان لەو گوندە کۆمەڵکوژ کرد کە لە نێویاندا لە مێرمنداڵەوە بگرە تا پیرە پیاوی سەرووی ٨٠ساڵیش هەبوون[١].
لە ڕیکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٣دا کە بەرامبەرە لەگەڵ ١٣ی ئاوریلی ١٩٨٤، هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی جاشەکان هێرشیان کردە سەر گوندی پیرانجوق (پیرانجخ) لە دەڤەری سۆما و زیاتر

١ ڕۆژنامەی ئاگری ژمارە ٨٥، لاپەڕی ٥

له بیست کەس لە خەڵکی سڤیلیان کوشت کە لە نێو کوژراوەکاندا منداڵیش هەبوون[١].

لە "چلەی پێشین"ی ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٥\١٩٨٤) هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی جاشەکان، خەڵکی دوو گوندی بۆتک و دێمان لە ناوچەی برادۆستی ورمێ لەماڵەکانیان دەر کرد و هەر دوو گوندیان وێران کرد. ئەو دوو گوندە تا ئێستاش جارێکی دیکە ئاوەدان نەکراونەتەوە و ڕێژیم لە سەرەتای ساڵەکانی ٧٠ی هەتاویدا دەستی داوەتەوە بە دروستکردنی توونێل لە چیاکانی ئەو دوو گوندە کە ئامانجی دەوڵەتی ئێران لەو تونێل سازکردنانە تا ئێستاش بۆ خەڵکی ناوچەکە ناروونە.

## پیلانی کوشتنی سەنار مامەدی لە لایەن ڕێژیمەوە

بە وتەی مورادی، بەر لەوەی کە سەنار مامەدی لە حیزب جیا بێتەوە، دوو کەس لە فەرماندەرانی پێشمەرگەکان کە لە نێو خەڵکدا زۆریش ناسراو بوون، بە نێوەکانی کەریمێ ئەسکۆ و محۆیێ تالۆ (محەمەد بادیکان/محەمەد مامەدی)، ڕۆیشتبوون و خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی ڕێژیم کردبووە. پاسدارەکانیش ئەو دوو کەسە ڕادەسپێرن و دەنێرن بۆ کوشتنی سەنار مامەدی. ئەوان دێن و لە گوندی سپیدەرە بە ئارپیجی چەند گوللـەیەک بەو ماڵەوە دەنێن کە سەنار مامەدی لێی بوو. بەڵام مامەدی لە بەر ناکەوێ و ڕزگاری دەبێ. دوای ئەوەی کە مەئمووریەتەکەیان ئەنجام دەدەن و پاشەکشە دەکەن، لەو لاوە پاسدارەکان لە کەریمێ ئەسکۆ و محۆ مامەدی دەدەن کە بیانکوژن و محۆ بە توندی بریندار دەبێ. ئەوان دەتوانن ڕاکەن و خۆیان لە دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئێران ڕزگار کەن، بەڵام مەجالی ئەوەشیان نیە کە جارێکی دیکە بێنەوەی لای سەنار مامەدی و لەو نێوەدا نە ڕێگای پاشەوەیان هەیە و نە پێشەوە. بە دوای چەند ڕۆژێک جواب دەنێرن بۆ تێموور موڕادی و ئەرشەد مورادی و جەرەیانەکەیان بۆ دەگێرنەوە و داوایان لێ دەکەن کە ئەوان بچنەوە لای سەنار

١ ڕۆژنامەی ئاگری ژمارە ٦١، لاپەڕەی ٦

مامەدی و لە گەڵی قسە بکەن تا سەنار مامەدی لێیان خۆش بێ. تێموور مورادی لەو بارەوە دەچێ لەگەڵ سەنار مامەدی قسە دەکا و ناوبراو ڕازی دەبێ کە ئەوانە بگەڕێنەوە و هیچیان پێ ناڵێ.

## جیابوونەوەی دووبارەی سەنار مامەدی
## لە حیزبی دێموکرات و داگیرکرانی ناوچەکانی
## ئازاد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە

مورادی هۆکاری کێشەکانی نێوان مامەدی و حیزب لە دوای کۆنگرەی شەشەمدا دەگەڕێنێتەوە بۆ دەنگنەهێنانی مامەدی بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی. ناوبراو لە کۆنگرەی شەشەمدا نەک وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵکوو وەک موشاویر هەڵبژێردرابوو و ئەوەی بۆ خۆی "کەسری شەئن" دەزانی کە بە گوێرەی ستاتووسی ڕێکخراوەیی، ئیسماعیلزادە و کاشفپوور لە ناوبراو لەسەرتر بن. مورادی لەو بوارەوە دەڵێ کە کێشەکە لە لای بەڕێز مامەدی بۆ خۆی بوو؛ لە بەر ئەوەی کە لە کۆنگرەکاندا حزووری بەشدار نەدەبوو و ئەوەش وەک کێماسیەک بۆ مامەدی دەژمێردرێ. مورادی بۆ خۆی هۆکاری بەشدارنەبوونی سەنار مامەدی لە کۆنگرەکاندا بە شێوەی حزووری، ڕوون ناکاتەوە، بەڵام لە وانەیە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان ئەوە بێ کە لەو سەردەمەدا کوردستان بە گشتی و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە ژێر هێرشی داگیرکەرانی ئێرانیدا بوو و مامەدی ڕۆیشتنی هەموو ئەندامانی ڕێبەری بۆ بەشداری لە کونگرەدا بە پێویست نەزانیبێ و بۆی گرینگ بووبێ کە لانی کەم کەسێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی لە ناوچەدا حزووری هەبێ تا کو بتوانێ لە کاتی پێویستدا بڕیار بدات. بە هەر جۆرێک بێ، حیزب لە ڕیکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢، بەرامبەر ٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤داکۆنگرەی شەشەمی خۆی دەبەستێ و لەو کۆنگرەیەدا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەهانگیر ئیسماعیلزادە و عەلی کاشفپوور وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و عەبدوللا عیزەتپوور و سەنار مامەدیش وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێن. کە عەبدوڵلا عیزەتپوور دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەی ورمێ و جەهانگیر ئیسماعیلزادەش دەبێتە فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسی و

بەرپرسی ناوەندی ئاگری. بە وتەی ئەنوەر کوهەنساڵ، عەلی کاشفپوور لە کۆمیتەی ئاراراتدا ئەرکی بەرپرسی ئاموزشی ناوەند وەئەستۆ گرتبوو.سەنار مامەدی بە هۆی ئەوەی کە دەنگی پێ نەدرابوو کە ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حازر نەببوو کە وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی کار بکا و دیسان لە حیزب جیا ببوویەوە. لە سەر ئەم جیابوونەوەیە مورادی دەڵی:

"ئێمە لە گوندی سپیدەرە بووین کە ناکۆکیەکان زۆر پەرەیان سەندبوو. بێسیمی حیزب لە لای کەسێک بوو بە نێوی مەحکۆ. ناوبراو کە دەزانێ لە نێوان مامەدی و حیزبدا دیسان کێشە هاتووتە ئاراوە، بێسیمەکەی بە جێ هێشتبوو و ڕۆیشتبوو. ئەو تێ گەیشتبوو کە مامەدی بە تەمایە شتێک بکا. سەنار مامەدی لە دەوروبەری گوندی سپیدەرە پێشـمەرگەکانی دامەزراندبوو. پێشمەرگەکان بێسیمیان دا بە من و منیش وەک ئیحتیات پێشتر هێندێک خۆم فێری بە کارهێنانی بێسیم کردبوو کە ئەگەر شتێک ڕووی دا، بتوانم لەگەڵ دەفتەر پێوەندی بگرم. ئاخیرەکەی سەنار مامەدی پەیامی خۆیدا و جیابوونەوەی لە حیزب ڕاگەیاند و دەستووری دابوو کە دەست بە سەر بێسیمیشدا بگرن. بۆ ئەم مەبەستە پێشمەرگەیەک بە ناوی نوورەدین (ناسراو بە نوورۆ)[1]ی ناردبوو. منیش وتم کە بێسیمی حیزب لە تەحویلی مندایە و نایدەم. نوورۆ پێشتر لەگەڵ ئەرشەد (ئەشۆ) مامەدیدا بوو و بۆ هەر کارێک برۆیشتبایە و ئەگەر کەسێک ببوایە لەمپەڕ، دەیکوشت. کە هات و بێسیمم پێ نەدا، هیچی نەکرد. ئەگەر مەحکۆ بوایە، دەیتوانی گوللـەیەکی پێوەنێ و بێسیمەکە ببات. کاتێک کە بە سەنار دەڵێ کە بێسیمەکە لای تێموور [مورادی]ە و نایداتەوە، سەنار دەڵێ کە لێی گەڕێ[2]. بێسیمەکەم هەڵگرت و چوومەوە بۆ گوندی حەسەنی کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە لەگەڵ پێشمەرگەکان لەوێ بوون. لە ڕێگاشدا پێوەندیم بە دەفتەری سیاسیەوە گرت و جەرەیانی جیابوونەوەی سەنار مامەدیم پێ ڕاگەیاندن." سەنار مامەدی لە دواى جیابوونەوەی ئەم جارەی، دەستی کردبوو بە زۆر چەکدارکردنی لاوانی عەشیرەتی مامەدی و ئەگەر هەر

١ دوای ئەوەی کە سـەنار مامەدی لە گەڵ دەستەیەک لە چەکدارەکانی دەربازی تورکیا بوو، نوورەدین لە گەڵ حکمەت مامەدی لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا مابوویەوە. کاتێک کە حکمەت مامەدی و ئەوانی لە گەڵی بوون خۆیان بەرادەستی دەوڵەتی ئێران کرد و تەسلیم بوون، نوورەدین لە گەڵ ٢-٣ کەسێک لە شاخەکاندا دەمێنێ و دواتر لە لایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئێرانەوە گەمارۆ دەدرێن و دەکوژرێن.

٢ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مورادی خاڵی ژنەکەی سەنار مامەدی بوو و بۆیە نەیدەتوانی هیچی لێ بکا.

بنەماڵەیەک حازر نەبوایە منداڵەکەی چەک هەڵبگرێ و لەگەڵ چەکدارەکانی سەنار مامەدی بکەوێ، بە پارە جەریمەی دەکرد. دوای جیابوونەوە، سەنار مامەدی نێوی "پارتیزانهای رهایی بخش خلقهای ایران" لە سەر خۆیانی دانابوو. هاشم ئیبراهیمزادە و ئەنوەر کوهەنساڵ، بە زۆر چەکدارکردنی خەڵک بە کارێکی خراپ و بە دوور لە ئوسووڵ و پرەنسیپی پێشمەرگانە دەزانن و پێیان وایە کە پێشمەرگە سەرباز نیە کە بە زۆر چەکدار بکرێ. بەڵکوو پێشمەرگە دەبێ بە ئارەزووی خۆی ئەو ئەرکە قبووڵ بکا و بە دڵەوە بۆ نەتەوەکەی تێبکۆشێ. هەڵبەت لەو بوارەوە، هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە جەهانگیر ئیسماعیلزادەش وەک سەنار مامەدی "پێشمەرگەگیری"ی کردووە.

مورادی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا دەڵێ کە کاتێک کە چووە بۆ گوندی حەسەنی و بێسیمەکەی داوەتەوە جەهانگیر ئیسماعیلزادە، چاو لێ دەکا کە ئەوانیش بە تەمان خۆیان ساز کەن بۆ هێرش بردن بۆ سەر سەنار مامەدی و ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ سەنار مامەدیدا بوون. مورادی لێیان توورە دەبێ و ئاکامی ناکۆکیەکانی ڕابردوویان بە بیر دێنێتەوە و دەڵێ کە بۆ خۆی ماندوو بووە لەو هەڵا بەزمە و دادەنیشێ و ئەم جارە لایەنی هیچ لایەک ناگرێ و دواتر بۆ خۆی دەچێتەوە گوندی سپیدەرە. بە هەر حاڵ جەهانگیر و ئەوانیش پەشیمان دەبن و هێرش ناکەن. مورادی دەڵێ کە دوای ئەو ناکۆکیانە، هەموو دوو ڕۆژی پێ نەچوو کە هێرشێکی گەورەی جاش و پاسدارەکان هات و ئەو ناوچە ئازادە بچووکەی کە مابوو، ئەویشی داگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکانی سایتە ئینترنێتیەکانی سەر بە ئێران[1]، پاسدارەکان نێوی ئەو شەڕەیان بە عەمەلیاتی "لیله القدر" ناودێر کردووە کە لە بەرواری ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٣دا ڕووی داوە، هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە چوار مێحوەرەوە هێرشیان کردبووە سەر پێشمەرگەکان:

دەستەیەک لە پاسدارەکان بە فەرماندەریی ئیمساعیل ئەحمەدی موقەدەم[2] لە سەڵماسەوە بەرەو گوندی دۆستان هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی بەرگریی سمکۆ کە لەگەڵ تاهیرخانی سمکۆ لەوێ بوون. لە هەشتیانەوە دەستەیەک لە

١ گزارش محمد آقایی پر، سایت تسنیم، ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٧

٢ ئەم مۆرەیەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دواتر لە ساڵی ١٣٨٤دا بووە بە فەرماندەری هێزەکانی ئینتیزامیی ڕێژیم و تا ساڵی ١٣٩٣ لەو پۆستەدا مایەوە.

هێزەکانی ڕێژیمی خومەینی لە ژێر فەرمانی پاسدار ناسر سەفەرزادە [1] هێرشیان بردبوو بۆ سەر سپیدەرە کە سەنار مامەدی لێی بوو لەگەڵ نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە کە لە کاتی جیابوونەوەدا لە گەڵی کەوتبوون. هەروەها دەستەیەکی دیکە لەو هێزانە، لە گوندی هۆڤەسینیەوە هێرشیان کردبوو بۆ سەر گوندەکانی حەسەنی و سوڵتانی کە پێشمەرگەکانی حیزب و هێندێک لە ئەندامانی موجاهیدینیش لەوێ حزووریان هەبوو. بەرپرسی ئەو هێزانەی دەوڵەتی ئێران کەسێک بووە بە نێوی مەحموود کاوە کە دواتر لە ساڵی ١٣٦٥دا لە شەڕی ئێران و عێراقدا کوژرا. دەستەی چوارەمی پاسدارە داگیرکەرەکان لە چواررێیانی چەرە (کە هێندێک جاریش پێی دەڵێن چواررێیانی سێرۆ) هێرش دەکەن بۆ لای گوندی گۆلەشێخان کە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی برادۆست لەوێ حزووریان هەبوو.

بە وتەی تێموور مورادی کە ئەو کات لە گوندی سپیدەرە بووە، ئەوان ناچار مابوون گوندەکان بە جێ بهێڵن و ڕوو لە چیاکان بکەن و نزیکەی مانگێک هەر لە شاخەکان مابوونەوە و دواتر بەرەو سنووری تورکیە [سنووری نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە ڕەسمی بە سنووری ئێران-تورکیە ناسراوە] چووبوون و لەگەڵ دەوڵەتی تورک هەماهەنگیان کردبوو تا وەک پەنابەر پەریوەی تورکیە ببنەوە. بە وتەی تێموور مورادی، لەوێ سەنار فێڵیان لێ دەکا و پێیان دەڵێ کە تورکەکان بێجگە لە خۆی (سەنار مامەدی) و دوو کەسی دیکە زیاتر هیچ کەسێک وەرناگرن. بۆیە دوای قسە و باسێکی زۆر بڕیار دەدەن کە ئەو دوو کەسە یەکێکیان ئەرشەد مورادی و دووهەمیان حوسەین کەریمی بێ. پێشمەرگەکانی دیکە هەر لە چیاکاندا لەگەڵ حکمەت مامەدی (کوڕی سەنار مامەدی) دەمێننەوە و هەر بەرەبەرە خۆیان تەحویل دەدەن و لە دواییدا حکمەت مامەدیش خۆی ڕادەست دەکا و تێمووریش پەریوەی تورکیە دەبێ. هەر لەو کاتەدا، جەهانگیر ئیسماعیلزادە و عەلی کاشفپوور و پێشمەرگەکانی دیکەی حیزبیش دەچن و لە سنووری نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێننەوە و دواتر دەچن لە گوندی دێرێ بنکەیەک دادەنێن. تێموور دەڵێ کە پێش ئەوەی کە بچێتە تورکیە و داوای پەنابەری لە کۆمیسارییای بەرزی

[1] ناسر سەرفەرزادە یەکێک لەو بەرپرسانەی ڕێژیم بووە کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لە پارێزگای ورمێ دا لە شەڕەکانی دژی جوڵانەوەی مافخوازەنەی گەلی کورد بەشدار بووە و ساڵی ١٣٧٥ بە تسادفی ماشێن لە بەین چووە

پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکا، ویستبووی پێوەندی بە حیزبەوە بگرێ و دیسان بگەڕێتەوە نێو حیزب؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە لەوێ نەبوو و عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد لە ناوچەدا بەرپرس بوون، ناوبراو پاشگەز دەبێ لەوەی کە پێوەندییان لەگەڵ بکرێ بە هۆی ئەوەی کە بە وتەی خۆی، نێوانیان خۆش نەبووە. ناوبراو دواتر دەربازی تورکیە دەبێ و دوای وەرگرتنی مافی پەنابەرایەتی، لە وڵاتی سوید دەگیرسێتەوە.

هاوکات لەگەڵ دەربازبوونی سەنار مامەدی بۆ تورکیە، تاهیرخانی سمکۆش دەرباز دەبێ و پێشمەرگەکانی حیزبیش دەچنە سەر سنووری نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر بنکەکانییان بۆ گوندی دێرێ دەگوازنەوە. هاشم ئیبراهیمزادە لە سەر مەسەلەی شەڕی حەسەنی دەڵێ کە لە لایەن خزمێکی نزیکیەوە کە لە نێو ئەرتێشدا بوو، خەبەریان بۆ هێنابوو کە پاسدارەکان خۆیان حازر کردووە بۆ هێرشێکی گەورە بۆ سەر پێشمەرگەکان و هێزەکانی ڕێژیم بڕیارە هێرش بکەن، هەژماریان لە نێوان ١٠ بۆ ٢٠ هەزار کەس دەبن. ئیبراهیمزادە کە ئەو کات فەرماندەری عەمەلیاتیی هێزی سەگورد عەباسی بووە، ئەو زانیارییە لە ڕێگای بێسیمەوە بە جەهانگیر ئیسماعیلزادە دەدات و هەروەها تاژدین بێهنام لەو بارەوە ئاگادار دەکاتەوە کە وریا بن. ئیسماعیلزادە داوا لە هاشم ئیبراهیمزادە دەکا کە لە سەر ئەم مەسەلەیە کۆبوونەوەیەک بگرن و پلانی خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرگری. بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە، لەو کۆبوونەوەیەدا مەلا خالیدی باقی و جمشیدی کامرانیش بەشدار بوون. لە کاتی لێکدانەوە لە سەر پیلانەکانی ڕێژیم و ئەوەی کە لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانن هێرش بکەن، هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ: "بە جەهانگیر ئیسماعیلزادەم وت کە پاسدارەکان دوو ڕێگایان هەیە بۆ هێرش: لە دیوی سەڵماس و شپیرانەوە و لە دەشتی خەرەگۆشەوە و لە جادەی سەرەکیەوە. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی تورکیە ڕێگایان بداتێ، دەتوانن لە لای گوندی "کۆران"ەوەش بێن بەرەو سوڵتانی. ئێمە پێشوەخت چووبووین بۆ لای کۆران و دۆشکەیەک و چادرێکمان لەوێ دانابوو. لە سپیدەرەش سەنار لێ بوو. دوای باس لە سەر چوونیەتیی بەرگری، جەهانگیر ئیسماعیلزادە وتی کە پێویستیی بە ئیستراحەت هەیە بۆ ماوەیەک و بە تەما بوو بچێت بۆ مورەخەسیەک. لە سەر ئەو مەسەلەیەش قسە کرا و بەڕێزیان پێشنیاری کرد کە من ئەرکەکانی وەک فەرماندەری هێز وەئەستۆ بگرم تا ئەو دەگەڕێتەوە. کەچی مەترەحکردنی ئەو پێشنیارە بووە

جێگای پێکەنین و مەسخەرەکردنی من لە لایەن مەلا خالید باقی و جمشید کامرانەوە. بە هۆی ئەوەی کە بەڕێز ئیسماعیل‌زادە لە سەر ئەو گاڵتەپێکردنە بێدەنگ بوو و وڵامی مەلاخالید و جمشیدی نەدایەوە، منیش وتم کە وایە، لێرە نامێنم و هەستام ڕۆیشتم بۆ نێو چادرەکانی کوێستانی (زۆزان) خۆمان. دواتر جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە بە بێ‌سیم ئەسەد تەمەرزادە[1] و ئەوان کە ئەو کات لە ئەنزەل بوون، ئاگادار دەکاتەوە کە بچنەوە بۆ حەسەنی. کاتێک کە پاسدارەکان هێرش دەکەن، تا دەگەنە نێو گوندی حەسەنی هیچ کەسێک لە بەرامبەریان ڕانەوەستابوو و بەرەنگاریان نەببوو. شکانی پێشمەرگەکان لە شەڕی حەسەنیدا بە هۆی بێبەرنامەیی و ناکۆکیەکانی نێوخۆیی و ئەو جۆرە مەسەلانە بوو. هەروەها باوەڕیان نەدەکرد کە هێرشێکی ئەوەندە گەورە بکرێتە سەر ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە پاسدارەکان پێشتر هێرشێکی سێ-چوار هەزار کەسییان کردبووە سەر ناوچەی ئەنزەڵ."

بەڕێز موڕادی لە سەر شەڕی گوندی حەسەنی دەڵێ کە ئەگەر چی ژماری پێشمەرگەکان لە شەڕی حەسەنیدا کەم بوو و هێندێک لە پێشمەرگەکان بە هۆی ناکۆکیە نێوخۆییەکان لەگەڵ ئیبراهیم‌زادە ڕۆیشتبوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێشمەرگان لە دوو لاوە هێرشیان بردەوە سەر پاسدارەکان و بەرخودانێکی قارەمانانەیان لەو شەڕەدا لە خۆیان نیشان دا. "لە بەرەیەکەوە کە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی گوندی حەسەنی، هەژمارێک لە پێشمەرگەکان بە

---

[1] ئەسەد تەمەرزادە لە دایکبووی ٩ی پووشپەڕی ١٣٣٧ لە گوندی گونبەدی سەر بە ناوچەی سۆمای ورمێ بوو. دوای کۆتایی هێنان بە قۆناغی خوێندی ناوەندی، درێژەی بە خوێندن نەدابوو و دواتر لە ساڵی ١٣٥٣یەوە لە نێو ئەرتێشی ئێران دامەزرابووو. ناوبراو لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران، ببوو پێشمەرگە و تا پلەی سەرلکی چووبووە پێش. نزیکترین کەس بە هاشم ئیبراهیم‌زادە بووە بە وتەی هندێک لە ئینفۆرمانتەکان و خودی هاشم ئیبراهیم‌زادە. لە ساڵی ١٣٦٤دا کە پێشمەرگەکان دەیانەوێ بەرەو باشووری کوردستان و بۆ لای دەفتەری سیاسی بچن و ناوچە بە جێ بێڵن، ئەسەد تەمەرزادە لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لە گەڵیان ناڕۆن و هەوڵ دەدەن کە لە ناوچەدابمێننەوە. ئەوان دوای مانەوە لە ناوچەدا لە گوندی گونبەددا تووشی شەڕ لە گەڵ جاش و پاسدارەکان دەبن و جاشێکی خەڵکی گەنگەچین بە نێوی خالۆ لەو شەڕەداکوژرا و ئەسەد تەمەرزادە و ئەوان توانیان خۆیان قۆتار کەن. دواتر کە هەلومەرج سەخت دەبێ و بە وتەی هاشم ئیبراهیم‌زادە، پێشمەرگەکان زوو ناگەڕێنەوە بۆ ناوچە، ئەوانیش ناتوانن خۆیان ڕاگرن و هەموویان خۆیان تەسلیمی ڕێژیم دەکەن. بە وتەی زانیار ئەوان زۆر چەک و تەقەمەنیی حیزبیش کە لە ناوچە شاردرابوو و ئەوان پێی دەزانی، ڕادەستی ڕێژیمیان کرد ئەسەد تەمەرزادە دوای تەسلیم بوون لە گەڵ دەزگای ئیتلاعاتیی ڕێژیم هاوکاریی هەبووە کە پانتایی ئەو هاوکاریە نادیارە و هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا لە سەری نیە کە خیانەتی کردبێ. ئەو چەند ساڵێک دوای تەسلیم بوون، پێوەندیی بە پێشمەرگەکانەوە گرتبوو و ویستبوو وەک ئەندامی نهێنیی حیزب کار بکا کە بە هۆی هۆکارەکانی ئەمنیەتی، پێشمەرگەکان بە ئیحتیاتەوە لە گەڵیدا هەڵسوکەوتیان کردبوو و بۆیە نەیانتوانیبوو بە شێوازی پێویست کەڵکی لێوەربگرن. ئەسەد تەمەرزادە لە بەرواری 1389,02,11دا کۆچی دوایی کرد.

فەرماندەهیی زاهیر بەدری هێرشێکیان بۆ سەر هێزە داگیرکەرەکان دەست پێ کرد و زەربەیەکی گەورەیان لە هێزەکانی ڕێژیم دا و پێشمەرگەیەک بە نێوی یەحیا خەڵکی گوندی حەوتوان شەهید ببوو و زاهیر بەدریش بریندار ببوو. لەو شەڕەدا زۆر کەلاکی پاسدارەکان لە مەیدانی شەر بە جێ ما و زۆر چەک و تەقەمەنی و بێسیم کەوتنە دەستی پێشمەرگەکان.لە بەرەی دوهەمدا کە عەزیز خەڵکی گوندی بێردووک و سەرباز خەڵکی گوندی جووجەهی فەرماندەییان دەکرد و کاشفپووریش تێیدا بەشدار بوو، کەوتبووە پشتی گوندی حەسەنی لە لای ڕۆژئاواوە. کە لەو بەرەیەدا عەزیز و سەرباز هاوڕێ لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە شەهید بوون. ئەوان تا ئاخرین فیشەک شەڕیان کردبوو و بە وتەی شاهیدەکان، عەزیز بە ئاخرین گوللــە بۆ خۆی، خۆی شەهید کرد کە بە دیل نەکەوێتە دەستی پاسدارەکان."

عەلی سمکۆ لەو بوارەوە دەڵێ کە کاتێک کە ئەوان لە گوندی دۆستان کەوتنە بەر هێرش، شەڕێکی باشیان کرد و بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هێز و چەک و تەقەمەنیان کەم بوو، نەفەرێک دەنێرن کە بە پێشمەرگەکان بڵێن کە بچنەوە یارمەتییان. بەڵام کاتێک کە ئەوان دێن، دەبینن کە هەموو جێگا پڕن لە پاسدار و پێشمەرگەکان پاشەکشەیان کردووە بۆ سنوور. عەلی سمکۆ دەڵێ کە لەوێ پێشمەرگەکان بە ڕاستی بەرگرییەکی وایان نەکرد و هەڵاتن. بۆیە ئەوانیش ناچار مانەوە و پاشەکشەیان کرد.

دوای تێپەرینی سەنار مامەدی و تاهیرخان سمکۆ و هێندێک لە پێشمەرگەکان بۆ تورکیە، هەر وەک لە سەرەوەدا پێشتر باس کرا، کوڕی سەنار مامەدی و زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ ئەو بوون، خۆیان ڕادەستی ئێران کرد و تەسلیم بوون. بەڵام گارگاری سمکۆ (گاگارین سمیتکۆ) کوڕی تاهیرخان گەڕابووە بۆ لای حیزب و بۆ چەند مانگێک ببوو بە فەرماندەری هێزی حاتەم.

بە گوێرەی قسەکانی سلێمان کەلەشی، هاشم ئیبراهیمزادە، ئەنوەر کوهەنساڵ و زۆر لەو پێشمەرگانەی حیزب کە کاتی خۆی لەگەڵ ئەواندا بوون، دەڵێن کە گاگارین سمکۆ دوای چەند مانگێک مانەوە لە نێو حیزبدا، لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئوکتۆبری ١٩٨٤دا کۆبوونەوەیەک بۆ پێشمەرگەکان لە مزگەوتی گوندی جەتەر دەگرێ و باسی ئەوە دەکا کە ماوەیەکە کە ناوبراو پێوەندیی لەگەڵ

ڕێژیم هەیە و دەیانەوێ خۆیان تەسلیم بکەن. سلێمان کەلەشی هەروەها دەڵێ کە ناوبراو ڕایگەیاندبوو کە ئەوان هیچ کەسێک بە زۆر لەگەڵ خۆیان نابەن و ئەگەر هەر کەسێک پێی خۆش بێ، دەتوانێ لە گەڵیان بچێ و خۆی تەسلیم بکا. لەو کاتەدا هێندێک پێشمەرگەی بە بیر و باوەڕ وەک محمەد سالح قادری و فەرماندەران فەرامەرز عوسمانی و حەسەن ئیبراهیمی (حەسەن بازووکە) و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە زوو خۆیان دەرباز دەکەن و دەچنەوە لای پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی. ئەو خۆ بەدەستەوەدانەی گاگارین سمکۆ بوو هۆکار کە بە هاوکاریی ئەو، دوژمن زەبرێکی گەورە و هەژێنەر لە پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی بدات لە سەر چیای شێخ بازید لە ناوچەی سۆما. دوای ئەوەی کە گاگارین خۆی بە دەستەوە دا، حەسەن بازووکە (حەسەن ئیبراهیمی) بوو فەرماندەری هێزی حاتەم کە بە وتەی ئەنوەر کوهەنساڵ، دوای خۆبەدەستەوەدانی گاگارین بە ئەندازەی لکێک پێشمەرگەی مابوون.

گاگارین سمکۆ تا کاتی نووسینی ئەم بەرهەمە هەروا لە خزمەتی ڕێژیمی ئێراندایە و بە وتەی عەلی سمکۆ، تاهیرخان سمکۆ لە بەر ئەوەی کە گاگارین سمکۆ کەسێکی خۆشناو نەبوو، حازر نەبوو چاوی پێ بکەوێ و بۆیە لەو کاتەوە کە گاگارین سمکۆ بووە خزمەتکاری ڕێژیمی ئێران تا ئەو کاتەی کە تاهیرخان کۆچی دوایی کرد، لە سەر یەک ٢-٣ جار چاوی بە گاگارینی کوڕی نەکەوت.

ژێدەرەکان:

١. قاسملوو، عەبدولرەحمان & حەسەن زادە عەبدوڵلا: (٢٠٠٢)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆیە

٢. حیسامی کەریم ، (١٩٩٣ ستۆکهۆڵم)، لە بیرەوەریەکانم ، بەرگی حەوتەم

٣. گادانی، جەلیل: ٥٠ ساڵ خەبات - بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم (٢٠٠٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک

٤. گادانی، جەلیل: ٥٠ ساڵ خەبات - بەرگی دووهەم، چاپی سێهەم (٢٠٠٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک

٥. مستەفا، نۆشیروان: (١٩٩٧)، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، برلین، ئالمانیا

٦. دستمالچی، پرویز: (٢٠١٣)، ترور بە نام خدا، شرکت کتاب، لس آنجلس،

آمریکا
dq=٪D&٩KHBAgAAQBAJ&pg=PT۴۶٩=https://books.google.no/books?id.٧
٨٪D٩٪٨۶٪٨C+٪D٩٪D٨٪٨۶٪D٩٪AV٪٨C٪D٨٪AD٪DB٪D٨٪AV٪D٨٪٨۴٪D٩٪٨١٪٩
٨٪AF٪D٩٪D٨٪+A٨٪D٨٪B٢٪AD٪D٨٪D٨٪+B١٪AF٪D٨٪D٨٪+B٠٪D٨٪٨٨٪D٩٪١
٠ahUKEwiH۵sbK٠۵H=AA&hl=no&sa=X&ved٪D٨٪AV٪D٨٪B١٪D٨٪DA٪A٩٪۵
٪AV٪D٨٪٨۴٪D٩٪٨١٪fAhXFWywKHXvzDr٨Q۶AEIKTAA#v=onepage&q=٪D٩
٢٠٪B٠٪D٨٪٨٨٪D٩٪٨١٪D٩٪٨۶٪D٩٪٢٠٪٨C٪D٨٪٨۶٪D٩٪AV٪٨C٪D٨٪AD٪DB٪D٨
٪D٨٪DA٪A٩٪٨۵٪AF٪D٩٪D٨٪٢٠٪A٨٪D٨٪B٢٪AD٪D٨٪D٨٪٢٠٪B١٪AF٪D٨٪D٨٪
AA&f=fals٪D٨٪AV٪D٨٪B١

٨. بلوریان، غنی: بلووریان، (١٩٩٧ ) برگ سبز، ترجمەی فارسی، ڕضا خیری مطلق، تهران، خدمات فرهنگی ڕاسا، ١٣٧٩، استکهلم

٩. نەقشی، ڕەحمان: نەبی قادری، ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگدار لە ئاسمانی خەباتی کورتیدا(کۆ کراوەی چەند بابەتێکە کە بەڕێز نەقشی لە سەر مەرحووم نەبی قادری بە شێوازی پی دی ئێفدائامادەی کردووە)

١٠. ....................ڕۆژنامەی ئاگری ژمارەکانی ٦١ و ٨٥

١١.ڕۆژنامەی اتحاد مردم، ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ی هەتاوی، ژمارە ١٠٢
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/
pdf.٠١٠٢-sanad/ettehade-mardom

١٢.مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، ڕوز شمار جنگ، جلد شانزدهم
http://defamoghaddas.ir/sites/default/files/
pdf.۶٠٠٧٢١_Roozshomar/documents/r١۶

١٣. ڕوزشمار جنگ ایران و عراق، صفحه ١٠٤٨ -١٠٤٩، آماده شده توسط علیرضا لطف اللەزادگان

١۴. .............ڕۆژنامەی کەیهان، ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٦٠

١۵.سازمان پیکار در ڕاه آزادت طبقه کارگر، اردیبهشت ١٣۵٨
/https://www.iran-archive.com/sites/default/files

sanad/Urumiye.pdf

۱۶. ......... بی‌سابقه‌ترین اقدام در طول تاریخ جنگ‌ها!

۸٪۸C٪E۲٪DB٪A۸٪D۸٪/۱۳۹۳۱۲۱۱۰۰۱۷۷۲/https://www.farsnews.com/news

٪B۱٪AA٪D۸٪۸C٪D۸٪۸۰٪E۲٪۸۷٪D۹٪۸۲٪D۹٪A۸٪D۸٪A۷٪D۸٪B۳٪۸C٪D۸٪۰

-B۱٪AF٪D۸٪D۸٪-۸۵٪D۹٪A۷٪AF٪D۸٪D۸٪۸۲٪D۹٪A۷٪D۸٪-۸۶٪۸C٪D۹٪DB

AC٪D٪AE-٪D۸٪۸C٪D۸٪DB٪B۱٪D۸٪A۷٪AA٪D۸٪D۸٪-۸۴٪D۹٪۸۸٪D۹٪B۷٪D۸٪

A۷٪D۸٪۸۷٪۸C٪D۹٪۸۰٪DA٪AF٪E۲٪۸۶٪۹

۱۷.مه‌ڵاحه‌سه‌ن شیوه‌سه‌لی: زنجیره وتارێکداکه له‌و دواییانه به ده‌نگ له ژێر ناوی "کورته یادێک له هاوزنجیران و هاوسه‌نگه‌ران" بڵاو کراونه‌ته‌وه

۱۸.ئه‌و هه‌ڤیه‌ڤینانه‌ی که له‌گه‌ڵ ئینفۆرمانته‌کانداکراون

۱۹.عامل اصلی ناآرامی‌های آذربایجان غربی کشته شد

=https://www.habilian.ir/fa/index.php?option=com_icagenda&view=event&id

۷۶۸=Itemid&۱۵۲۳

۲۰.حمله مسلحانه عناصر حزب دموکرات به ڕوستای هدر سلماس

=https://www.habilian.ir/fa/index.php?option=com_icagenda&view=event&id

۷۶۸=Itemid&۱۶۵۴

۲۱.چشم انداز ایران - دومین ویژه نامه کردستان - پاییز ۱۳۸۴

http://www.meisami.net/cheshm/special/

htm.۰۶/kordestan۰۲

۲۲.اطلاعات، حماسه پایداری، ٢٦ آوریل ۲۰۰۷، شماره ٢٣٨٩٤

/۲۸۲۲ /http://www.magiran.com/ppdf/nppdf

pdf.p۰۲۸۲۲۲۳۸۹۴۰۰۷۱

۲۳.عملیات لیلة القدر ارومیه از زیر غبار فراموشی بیرون کشیده شد

D٪B۹٪D۸٪/۱۷۷۲۸۱۲/۲۰/۰۴/۱۳۹۷/https://www.tasnimnews.com/fa/news

-A۹٪D۸٪۸۴٪۸C٪D۹٪DB٪۸۴٪AA-٪D۹٪D۸٪A۷٪۸C٪D۸٪DB٪۸۴٪D۹٪۸۵٪۹

-٪DB٪۸۵٪D۹٪۸۸٪D۹٪B۱٪D۸٪A۷٪D۸٪-B۱٪AF٪D۸٪D۸٪۸۲٪D۹٪۸۴٪D۹٪A۷٪D۸٪

-B۱ ٪۸C٪D۸ ٪DB ٪B۲ ٪D۸ ٪-B۲ ٪D۸ ٪A۷ ٪D۸ ٪-۸۷ ٪۸C٪D۹

۸۸٪D۹٪۸۵٪D۹٪A۷٪D۸٪B۱٪D۸٪۸۱٪D۹٪-B۱٪D۸٪A۷٪D۸٪A۸٪BA٪D۸٪D۸٪

-٪D۸٪DA٪A۹٪-۸۶٪D۹٪۸۸٪D۹٪B۱٪۸C٪D۸٪DB٪A۸٪۸C-٪D۸٪DB٪B۴٪D۸٪

٪٨٨٪D٩٪A٧٪D٨٪B٥٪AA٪D٨٪AF-٪D٨٪D٨٪B۴٪D٨٪-٨٧٪AF٪D٩٪٨C٪D٨٪DB٪B۴
B١٪٨C٪D٨٪DB

.٢۴ کورتەمێژووی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات، ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی
/٠١ /٢٠١٣ /https://yekbunblog.files.wordpress.com
pdf.daa٩d٩٨٨d٨b١d٨aad٩٨٧e٢٨٠٨c-d٩٨٥db٨cda٩٨d٩٨٨d٩٨٨١
.٢٥تیشک تیڤی، بەرنامەی ڕێگایەک بەرەو خۆر، ٠٩.١١.٢٠١٣

# دەستپێبوونی خەباتی پارتیزانی

دوای تێکشکانی هێزی پێشـمەرگەی کوردستان سەر بە کۆمیتەی ئارارات و پاشەکشەیان بۆ سنووری دەستکردی نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشـمەرگەکان چەند ڕۆژێک لە سەر سنوور دەمێننەوە و بە وتەی هاشم ئیبراهیم زادە، خەڵکی باکووری کوردستان بە هانای پێشمەرگەکانەوە هاتبوون و بە هێنانی خواردەمەنی یارمەتیی پێشمـەرگەکانیان دابوو. دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە سەر سنوور، پێشمەرگەکان دیسان بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ناوچە دابوو. زۆر کەس لەو ساتە زەحمەتەدا نەیانتوانیبوو بەرگەی سەختییەکانی ڕێگای خەبات بگرن و ڕوویان لە تورکیە کردبوو و کۆچبەر ببوون. هاشم ئیبراهیم‌زادە دەڵێ کە بە هۆی ئەو دڵێشیەی کە بە هۆی قسەکانی مەلاخالید باقی و جمشید کامران لە نێوان ئەو و بەرپرساندا پێک هاتبوو، ناوبراو چووبوو بۆ گوندێکی باکووری کوردستان لە سەر سنوور و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ۲-۳ ڕۆژێک لەوێ مابوونەوە. بەڵام پێش گەڕانەوەی دووبارەی پێشمەرگەکان بۆ ناوچە، ئەوانیش دیسان هاتبوونەوە و گەیشتبوونە پێشـمەرگەکان. لە کاتێکدا کە ئەوان دەگەڕێنەوە لای حیزب و دەیانەوێ خەباتەکەیان درێژە پێ بدەن، هێندێک لە بەرپرسان هەوڵی دەرکردنی ئەوان لە حیزب دەدەن کە بە وتەی هاشم ئیبراهیم‌زادە، شاپوور شوجاعیفەرد یەکێک لەو کەسانە بوو کە زۆر لە سەر دەرکردنیان لە حیزب پێداگری کردووە. بەڵام دواتر ئەو مەسەلەیە لە بەر گوێی خەڵک دەکەوێ و فشاری خەڵک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسان لەو هەڵوێستەی خۆیان پاشگەز ببنەوە. یەکێک لەو کەسانە کە بە دژی شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوان هەڵوێستی گرتبوو لە سەر هاشم ئیبراهیم‌زادە، کەسێک بە نێوی ڕزا فەریدی خەڵکی گوندی گونبەد بوو کە دواتر لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا و زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەوکاتی باکووری ڕۆژهەڵات، کوشتی ڕزا فەریدی خەڵکی گونبەد کە بە "رزایێ فاتمایێ" ناسراوە، دەخەنە

ئەستۆی بە شاپوور شوجاعیفەردەوە کە ئەو کات کادری ڕێکخستنیی حیزب بوو لە ناوچەی سۆما. گۆیا هۆکاری ئەم کوشتنە، خستنی ناکۆکی لە نێوان دوو عەشیرەتی "عەودۆیی و نیسانی"دا بوو کە لە گوندی گونبەد پێکەوە دەژیان. ئامانج لە کوشتنی ناوبراو ئەوە بووە کە بە جۆرێک ئەو کارە قیزەونە بکەوێتە ئەستووی هاشم ئیبراهیمزادە تا ناوبراو نەتوانێ سەردانی گوندەکەی بکا و بەشێک لە پشتیوانانی خۆی لە نێو خەڵکدا لە دەست بدات. بە وتەی پێشمەرگەیەک(س.م.ت) کە لە ساڵی ۱۳۷٦دا لە نێو حیزبدا بۆ دانەری ئەم پەرتووکە باسی کردووە، ئەو کەسەی کە لە کاتی قەومانی ئەو کردەوەیەدا لەگەڵ شاپوور شوجاعیفەرد کادری تەشکیلاتیی ناوچەی سۆمای ورمێ بوو، جارێک کە لە شاپوور شوجاعیفەرد تووڕە ببوو، تۆمەتی ئەو کارەی خستبووە ئەستۆی ناوبراو و لە نێو پێشمەرگەکاندا ئەو تۆمەتەی دابووە پاڵ شاپوور شوجاعیفەرد. بەڵام دواتر دیسان بێدەنگیی لێ کردبوو و نەیویستبوو کە ئەو نهێنیە زۆرتر بڵاو بێ و دیسان ئینکاری کردبوو. نایب موشایخی و مەحموود دەشتی ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکەن کە شاپوور شوجاعیفەرد و کەسێکی دیکە لە کوشتنی "ڕزا فەریدی" دا دەستیان هەبووە و ئامانجیشیان دروست کردنی ناکۆکی بوو لە نێوان دوو عەشیرەتدا کە لە گوندی گەنبەد نیشتەجێن. نایب موشایخی لەو بوارەدا دەڵێ "ئەو کارەشیان بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان دوو عەشیرەتی نیسانی و عەودۆییدا کرد. بەو هۆیەوە عەودۆییەکان تا بۆیان ئاشکرا بوو کە کێ دەستی تێدا هەبووە، ۳-٤ کەسیان لە عەشیرەتی نیسانی کوشت.هۆکاری کوشتنی ڕزا بۆ ئەوە بوو کە کێشە بۆ هاشم ئیبراهیمزادە دروست بکەن کە نەتوانێ بچێ و لە گوندی گونبەددا بمێنێتەوە. ئەوان پێیان وابوو کە بە کوژرانی ڕزا ئەگەر بێت و هاشم سەرەدانی گوندەکەی خۆی بکا، ئەوان بە دوای هاشم دەکەون و دوڵەت دێنن و هاشم دەکوژن و بەو شکڵە هەموو شت تەواو دەبێ و ئەوانیش لە دەستی هاشم ئاسوودە دەبن. دەنا ئێمە هەموو ڕۆژێ لە گوندی گونبەددا بووین و هیچ کەسێک بۆ تاقە یەکجاریش نەهات کە بە ئێمە بڵێ ڕزا سیخوڕە." ئەنوەر کوهەنساڵ کوژرانی ڕزا فەریدی خەلکی گوندی گونبەد لە ناوچەی سۆمای ورمێ بە پیلانی شاپوور شوجاعیفەرد دادەنێ و دەڵێ کە ئەو شتانە ڕۆژانە لە نێو پێشمەرگەکاندا باسی لێوە دەکرا کە ئەوە لە لایەن شوجاعیفەردەوە بە ئەنقەست کراوە بۆ ئەوەی کە دووبەرەکی بکەوێتە نێوان خەڵکی گوندی ناوبراو.

هاشم ئیبراهیم‌زاده دەڵێ کە ڕزا فەریدی یەکێک لە لایەنگرانی حیزب بوو کە زۆر جار یارمەتیی پێشمەرگەکانی دەکرد بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان.

دوای کوژرانی ڕزا فەریدی، زۆر کەس پێشنیاریان بە هاشم ئیبراهیم‌زادە کردبوو کە هەواڵی کوژرانی ناوبراو بدرێ بە ڕادیۆ دەنگی کوردستان و بە جۆرێک بڵێن کە حیزب کوشتوویەتی تا کو بنەماڵەی و خزمەکانی لە گوندی گونبەد نەبن بە دوژمنی خزم و کەسوکاری خۆی؛ بەڵام ئیبراهیم‌زادە حازر نەببوو تۆمەتێکی وەها بداتە پاڵ کەسێکی بێتاوان و کەسایەتییەکەی لەکەدار بکا. بە وتەی هاشم ئیبراهیم‌زادە خزمێکی ڕزا بۆ خۆی ڕۆژی دوای ئەو شەوەی کە ناوبراو کوژرابوو، دەچێتە سەرەخۆشی و کاتێک کە کەسانێک دەیانەوێ ئەو تاوانە بدەنە پاڵ هاشم ئیبراهیم‌زادە، ئەو بۆ خۆی لە گەڵیان قسە دەکا کە لە شەوی کوژرانی ڕزا فەریدی دا، ئیبراهیم‌زادە لەگەڵ پێشـمەرگەکان لە گوندی ئەوان (قەرەلەرا) بووە و بۆ هێنانی دەوا و دەرمان لە دەرمانگای نازلوو، لە گوندی ئەوانەوە تراکتۆرێکی لە خەڵک وەرگرتووە تا کو بتوانێ دەوا و دەرمان پێی بگوازنەوە و قەت لە ناوچەی سۆما حزووری نەبووە. دواتریش هاشم ئیبراهیم‌زادە بۆ خۆی لەگەڵ برایەکی ڕزا فەریدی بە ناوی ئووسب عەلی فەریدی قسە دەکا و دڵنیای دەکاتەوە کە نە ئەو و نە بنەماڵەکەیان دەستیان لە وەها جینایەتێکدا نەبووە و نیە و ئەگەر ڕۆژێکیش ئاشکرا بێ کە کەسێک لە بنەماڵەی ئەوان لە وەها جینایەتێکدا دەستی هەبووە، بۆ خۆی سزای دەدات و ئەگەر بۆ خۆشی وەها کارێکی کردبێ، خوێنی خۆی لە گەردەنی ئەوان ئازاد بێ. بۆ کوژرانی ڕزا فەریدی زۆربەی ئینفۆرمانتەکان پەنجەی دەستیان بەرەو شاپوور شوجاعیفەرد درێژ دەکەن؛ ڕووداوێک کە بووە هۆکاری کوژرانی چەندین کەسی بێتاوانی دیکە وەک ئادەم ڕەئووف و دروستبوونی دوژمنایەتی لە نێوان خەڵکی گوندی گونبەد بۆ ماوەی چەندین ساڵ.

مەحموود دەشتی کوشتنی شێخ باران خەڵکی گوندی باوان لە ناوچەی سۆماش هەر وەک کوشتنی ڕزا فەریدی بۆ دروست کردنی ناکۆکی دەزانێ کە لە لایەن شاپوور شوجاعیفەردەوە کراوە کە بەو کارە ناکۆکی بکەوێتە نێوان عەشیرەتەکانی نیشتەجێی گوندی باوان وەک عەودۆییەکان و مامەدییەکان. بنەماڵەی شێخ باران، بە تایبەتی یەکێک لە براکانی بە نێوی موحەمەد خەڵکی گوندی باوان، بۆ ئەوەی کە تۆڵەی شێخ باران بکاتەوە، لە هێرشی پاسدارەکان بۆ سەر گوندی گێچە و کۆمەڵکوژکردنی ١٣ کەس لەو گوندەدا لە سەرەتای

خاکەلێوەی ١٣٦٢دا بەشدار بوو. هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە هاوکات لەگەڵ شێخ باران، کەسێکی دیکەش لە گوندی باوان ئێعدام کراوە.

هەروەها باس لە ئێعدامی چەند کەسێکی دیکەش دەکرێ کە لە لایەن شاپوور شوجاعیفەرد، عەلی کاشفپوور و هێندێک لە ئەندامانی دیکەی ناوەندی ئاگریەوە حوکمیان بۆ دەرکراوە لە کاتێکدا کە یان تاوانیان نەبووە و یان ئەگەر تاوانیشیان هەبووبێ، بۆ ئەوە نەدەبوون کە ئێعدام بکرێن. بە وتەی هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان، ئامانج لەو کارانە، چاوترساندنی خەڵک بووە. بۆ نموونە تێموور مورادی باس لە کوشتنی ڕزا سەلیمی خەڵکی گوندی بێردووک دەکا و دەڵێ کە هەموو کاتێک دەرگای ماڵی ناوبراو بە رووی پێشمەرگەکاندا کراوە بوو. بەڵام کەسێکی حازر جواب بوو و زۆر جار جوابی شاپوور شوجاعیفەردی دایەوە و ئەو و شوجاعیفەرد قەت یەکتریان خۆش نەدەویست. تێموور مورادی کوژرانی ڕزا سەلیمیش دەداتە پاڵ شاپوور شوجاعیفەرد کە بە تاوانی سیخۆری و خیانەت ئێعدام کراوە؛ لە کاتێکدا کە بێتاوان بووە. هاشم ئیبراهیمزادە بێجگە لە پشتڕاستکردنی بێتاوانیی ڕزا سەلیمی، دەڵێ کە ژنێک خەڵکی گوندی فرێزیان لە ناوچەی سۆماش ئێعدام کراوە بە فەرمانی شاپوور شوجاعیفەرد. ئینفۆرمانتێک کە لێرەدا خۆم لە نێوهێنانی دەبوێرم ،ئەمەی پشتڕاست دەکا کە ئەو ژنە کە لە لایەن شاپوور شوجاعیفەردەوە حوکمی کوشتنی درا، بە هۆی هێندێک کێشەی کۆمەڵایەتیەوە بوو و هیچ شتێکی بە دژی پێشمەرگە، خەڵک و شۆرش نەکردبوو. هاشم ئیبراهیمزادە خۆی لە بەلێڤکردنی کێشەی ئەو ژنە دەبوێرێ و دەڵێ کە پێی عەیبە باسی بکا.


دوای تێکشکانی پێشمـەرگەکان لە شەڕی حەسەنی-سپیدەرە و دۆستان، دوژمن تەبلیغاتێکی یەکجار زۆری لە ناوچە بە دژی حیزب و لە سەر نەمانی پێشمەرگە دەست پێکردبوو و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە پێشمەرگەکان و حیزبی دێموکرات بە یەکجاری لە نێو چوون و تەواو بوون. بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە، پێشمەرگەکان بە مەبەستی بە درۆخستنی پرووپاگەندەکانی دوژمن جەولەیێکیان دەست پێ کرد بۆ سەردانی گوندەکان. دواتر بۆ سەلماندنی ناڕاستیی ئیدیعای دوژمن، لە سەر ڕێگای نێوان گوندەکانی گونبەد و گەنگەچین کەمین دادەنێن کە لەو کەمینەدا پێشمەرگەکان توانیبوویان زەبرێکی باش لە پاسدارەکان بدەن و بە دەستکەوتەوە جێگای کەمینەکەیان بە جێ بێڵن.

هەر وەک کە لە بەشی پێشتردا باس کرا، لە پاییزی ١٣٦٣دا گاگارین سمکۆ چوو و لەگەڵ گرووپێک لە پێشمەرگەکان کە زۆربەیان پێشمەرگەی هێزی بەرگریی میللی سمکۆ بوون کە دواتر لە هێزی "حاتەم"دا سازمان درابوون، خۆیان بە دەستەوە دا. دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی کە لە سەر چیای شێخ بازید دەبن، لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێران و بە هاوکاریی ئەوانەی کە لەگەڵ گاگارین سمکۆ خۆیان بە دەستەوە دابوو و جێگای مانەوەی پێشمەرگەکانیان دەزانی، کەوتنە بەر هێرش.

هاشم ئیبراهیمزادە لە سەر ئەم شەڕە دەڵێ کە ئەو لەگەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکان لە پشتی گوندی گولەگەنی بوو و دەنگی تۆپ و خۆمپارە و چەکەکانیان گوێ لێ ببوو بەڵام لە مەیدانی شەڕ زۆر دوور بوون و نەیانتوانیبوو لە شەڕدا بەشدار بن. بەڵام سلێمان کەلەشی بۆ خۆی لەو شەڕەدا بەشداربوو. لەو شەڕەدا کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٩٨٤ ڕووی دا، سێ فەرماندە و کادری حیزب کوژران کە بریتیبوون لە کەرەم کەلەشی فەرماندەری لکی "شەهید کەمال بارزانی"، باپیر مەولوودی ئەندامی کۆمیتەی ئارارات و تاژدین بێهنام سەرپەلی یەکێک لە پەلەکانی هێزی "شەهید سەرگورد عەباسی". سلێمان کەلەشی لە سەر ئەو ڕووداوە دەڵێ: "ئەو دەم ئێمە تەنیا پێشمەرگەکانی لکی ٢ (لکی شەهید کەماڵ بارزانی) لەوێ بووین. بنکەکانی ئێمە لە دیوی دیکەی سۆما، لە لای بەردێزی و ئەوانە بوون. کاتێک کە کەرەم [کەلەشی] و ئەوان شەهید بوون، هاوکات بوو لەگەڵ تەسلیم بوونی بەشێک لە هێزی حاتەم لە ژێر ئەمری گارگاری [سمکۆ] دا. ئێمە لەوێ لە سەر ئەوان ڕاوەستابووین. مەلا خالید [باقی] و ئەوانیش لە لای ئێمە بوون. هاشم [ئیبراهیمزادە] لەگەڵ بەشێک لە پێشمەرگەکان لە لایەکی دیکەی ناوچەکە بوو. کاتێک کە پێشـمەرگەکان گوێیان لە دەنگەدەنگ بوو، پێیان وابوو کە هاوڕێیانی خۆمانن و بۆیە بە ئاسایی وەریانگرت. جاش و پاسدارەکان کە دەزانن پێشمەرگەکان ئاگایان لێ نیە کە ئەوانە بەکرێگیراوی ڕێژیمن، لە سەرەخۆ و بە ئارپیجی لە سەنگەری شەهید کەرەم [کەلەشی] دەدەن و بریندارى دەکەن و تاژدین بێهنام شەهید دەبێ." دوای بریندابوونی کەرەم کەلەشی، سلێمان کەلەشی بۆ خۆی کەرەم لە مەیدانی شەڕ دوور دەخاتەوە؛ بەڵام دواتر کەرەم کەلەشی بە هۆی قورسبوونی

برینەکانییەوە گیانی لەدەستدابوو. تەرمی هەرسێیان دواتر بە هاوکاریی خەڵک و پێشمەرگەکان لە گوندی هەڵەقۆشک بە خاک سپێردرابوو.

بەسەرهاتی چوونییەتی گیان لەدەستدانی کەرەم کەلەشی و هاوڕێیانی لە لایەن سلێمان کەلەشیەوە نووسراوە.


کەرەم کەلەشی    باپیر مەولوودی    تاجەددین بێهنام

دوای کوژرانی کەرەم کەلەشی، ئەسەد تەمەرزادە لە لکی "شەهید کەمال بارزانی" دا وەک سەرلک دەستنیشان کرابوو و سلێمان کەلەشی کە پێشتر کادری سیاسیی لک بوو و هاوکات ئەرکی بێسیمچیش لە سەر شانی بوو، وەک جێگری لک ئەرکی پێ دەسپێردرێ.

بە دوای شەهیدبوونی کەرەم کەلەشی، باپیر مەولوودی و تاجەدین [تاژدین] بێهنام، پێشمەرگەکان بۆ تۆڵەی ئەوان لە گوندی "مسکنی"دا لە ڕیکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٦٣دا توانیویان لە عەمەلیاتێکی گەورەدا زەبرێکی قورس لە سوپای داگیرکەری ئێران بدەن. لەو عەمەلیاتەدا بە وتەی سلێمان کەلەشی و هاشم ئیبراهیمزادە، کە هەردووکیان تێیدا بەشدار بوون، جاش و پاسدارێکی یەکجار زۆر کوژرابوون و یانزدە کەسیشیان لێ بە دیل گیرا بوون. هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ:

" ئێمە بۆ تۆڵەی کەرەم کەلەشی، باپیر مەولوودی و تاژدین بێهنام چووبووین. ئێمە لە ژوورێ دانیشتبووین کە ئاگادارکراین ئەوە هێرش هاتووە و ئێمە دۆرپێچ کراوین. لە پێشدا من، عەلی کاشفپوور و مەلاخالد باقیم ناردەوە بۆ جێگایەکی

باش کە خەتەری کەمتری لە سەر بوو[1]. دواتر بە ئەسەد تەمەرزادەم وت کە پێشمەرگەکانی دەستەی شەهید مووسا با لەگەڵ من بێن. هەموو کاتێک حاز بووم بۆ هەر جێگایەک کە زۆرترین خەتەر هەیە، بۆ خۆم پێش قەدەم بم[2]. ئەسەد تەمەرزادە چاوێکی لە من کرد و وتی بۆ هەموو جارێ و بۆ هەر نوقتەیەکی کە خەتەر هەبێ، ئێمە!؟ وتم کە هەموومان پێشمەرگەین و هیچ فەرقێکمان نیە." هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە لەو شەڕەدا نەیهێشتووە هیچ زەرەرێک بە دیلەکانی شەڕ بگات و پێی وابووە کە ئەگەر زەرەرێک لە دیلەکان بکەوێ، ئەوە خوێنی شەهیدەکانی ئێمە بە فێڕۆ چووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکوشتنی دیلەکانی شەڕ وەک پرەنسیپێک لە ئەخلاقی شۆڕشگێری دەستنیشان کردبوو و ئەرکێک بە پێشمەرگەکانی ئەسپاردبوو کە پێشمەرگەکانی حیزب دەبوایە وەک دیسیپلینی حیزبی پێی پابەند بن. لەو شەڕەدا بوو کە پاسدار موحەمەد کووهنەوەرد کوژرا.

## شەڕی جەتەر

کاتێک کە ناوچە بە یەکجاری لە لایەن ڕێژیمی داگیرکەرەوە میلیتاریزە کرا، پێشمەرگەکان بۆ زەبر وەشاندن لە دوژمن و داخستنی ڕێگای سەرەکیی پێوەندییە بارزگانییەکانی ڕێژیم بەرنامە دادەڕێژین کە بچن بۆ گەلیی کۆتوڵ و پردی ستراتێژیکی کۆتوڵ کە هێڵی شەمەنەدەرفەر بە سەریدا دەڕوات بۆ باکووری کوردستان و لەوێوە بۆ تورکیە، بتەقێننەوە کە لە نیوەی ڕێگادا پلانەکەیان لێ تێک دەچێ. هۆکاری تێکچوونی پلانەکە ئەوە بووە کە یەکێک لە پێشمەرگەکان ئەو دەزگایەی کە قرار بووە پردەکە پێی بتەقێننەوەو کەڵکی لێ وەربگرن و لە لای ئەو بووە، لە کاتی هەڵاتندا لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێ خۆی تەحویل دەداتەوە. بۆ ئەوەی کە پێشمەرگەکان لەو جەولەیەدا دەستکەوتێکیان هەبووبێ، بەرپرسان بەرنامەیەکی نوێ دادەڕێژن کە لە

[1] هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە ئەو کات موحەمەد ساڵح [قادری] لەوێ بووە و ئاگاداری مەسەلەکە یە.

[2] هەموو ئینفۆرمانتەکان شاهدی بۆ ئەم مەسەلەیە دەدەن کە کاتی عەمەلیاتەکان هاشم ئیبراهیمزادە زۆر ڕۆڵێکی گرینگ و کلیدیی گێراوە و کەسێکی جەسوور و چەکدارێکی بە توانا بووە.

ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانباری ١٣٦٣دا لە نێو شاری سەڵماس چەندین عەمەلیاتی هاوکات بکەن و ڕێگای سەرەکی و ترانزیتیی تاران-ورمێ دابخەن و بۆ خەڵک قسە بکەن.

بە گوێرەی نووسینەکانی سلێمان کەلەشی، ئاخافتنی هاشم ئیبراهیمزادە و ڕاپۆرتی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لە گەل ئەو چالاکییە لە ژێر ناوی "شەڕی سێ ڕۆژەی جەتەر"، دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لەگەڵ ئیبراهیمزادە چووبوون بۆ گوندی زێوەجووک و ئەرکیان فەرماندەهیی عەمەلیات و پێکهێنانی هەماهەنگی لە نێو تیمەکاندا بووە و دەبوایە لە کاتی پێویستدا ئەرکی هێزی پشتیوانیشان بگێڕابایەوە. دەستەیەکیش نێردرابوون بۆ گوندی بەردیان بە فەرماندەریی مەلا خالید باقی کە وەک شوێنی پاشکەشەی پێشمەرگەکان دەستنیشان کرابوو و بڕیاریان دابوو کە دوای عەمەلیات بۆ پشوودان بچنەوە ئەوێ. کاتێک کە پێشمـەرگەکان سەرکەوتووانە ئەو ئەرکانەی خۆیان بە جێ دێنن، بۆ پشوودان دەچنەوە بۆ گوندی بەردیان. هەر وەک چوون سلێمان کەلەشی لە نووسراوەکانیدا ئاماژەی پێ داوە، هاشم ئیبراهیمزادە لە هەڤپەیڤینەکەیدا و سەید محەمەد تاهیریش لە گرتەیەکی ویدیۆییدا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەو تیمەی کە چۆبووە گوندی بەردیان بۆ ئەوەی کە ئەمنیەتی لەوێ بپارێزێ تا کو پێشمەرگەکان بتوانن بۆ پشوودان بچنەوە ئەوێ، ئەرکی خۆیانیان بە دروستی بە جێ نەهێنابوو و کاتێک کە پێشمەرگەکانی بەشدار لە عەمەلیاتەکاندا پاشەکشە دەکەن و دەگەنە لەوێ، پێش ئەوەی کە بتوانن پشوویەک بدەن، هێرشی پاسدارەکان بۆ سەر ئەو گوندە و پێشمەرگەکان دەست پێ دەکا. لەو شەڕانەدا بێجگە لە هەر دوو هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەم، هێندێک لە پێشمەرگەکانی هێزی نحۆ و دەستەیەک لە پێشـمەرگەکانی هێزی مەلا ئاوارەش بەشدار ببوون. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان بە دەگمەن دەهێڵن کە چەند پاسدارێک بە سلامەتی دەرباز بن. سلێمان دەڵێ: "ئەو نەهاتە کوشتن، یێن کو ژ مالا خوە نەهاتی." یانی ئەو نەکوژرا، کە لە ماڵی خۆی مابوویەوە و نەهاتبوو. هاشم دەڵێ کە لەو شەڕەدا فیرۆز کە بریندار ببوو، چەند پێشمـەرگەیەکیان نارد بۆ هێنانی کە لەو کاتەدا کە پێشمەرگەیەک فیرۆزی لە کۆڵ کردبوو بۆ ئەوەی کە نجاتی بدات، هەر لە سەر پشتی ئەو پێشمەرگەیە گوللـەیێکی دیکەش وەبەر فیرۆز کەوتبوو و ناوبراو شەهید ببوو. لە بەردیان پێشـمەرگەکان کە تا ئێوارە شەڕیان کردبوو، پێنج برینداریان دابوو

بەڵام نزیکەی ٦٠ پاسدار کوژرابوون. دواتر پێشمەرگەکان بۆ شەو بەردیان بەجێ دەهێڵن و دەچن بۆ گوندی جەتەر. هەڵبەت بڕیار وابووە کە لە جەتەر، ساکان و میراوا بمێننەوە. مەلا خالید باقی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک و بریندارەکان لە گوندێکی سەر ڕێگایان بۆ پشوودان و چا خواردنەوە لادەدەن. بەڵام ئەو پێشمەرگانەی دیکە کە دەگەنە جەتەر، لە بەر ئەوەی کە چەند شەو لە بەر شەڕ و عەمەلیات نەخەوتبوون، زۆربەیان هەر لە سەر نانی بەیانی، خەویان لێ دەکەوێ و کاتێک کە خەڵکی گوند پاسدارەکان دەبینن و بە هاشم ئیبراهیمزادە و پێشمەرگەکانی دیکە دەڵێن کە ئەوە چەکدار بەرەو گوندی جەتەر دێن، ئەوان پێیان وابووە کە ئەوان هاوڕێیانی خۆیانن کە لەگەڵ بریندارەکاندا بەرەو گوندی جەتەر دێن. نزیکی سەعات ١١ی بەیانیی ڕیکەوتی ١٥ی ١٠ی ١٣٦٣ شەڕ دەست پێ دەکا و پاسدارەکان بە هەموو ئیمکاناتیانەوە لە گوند و پێشمەرگەکان دەدەن. سلێمان کەلەشی و هاشم ئیبراهیمزادە ئەمە پشتڕاست دەکەن کە پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا توانیان تاکتیکی باش بە کار بێنن و دەست ڕاگرن تا پاسدارەکان دینەوە نێو گوند. کاتێک کە شەڕی ماڵ بە ماڵ دەست پێ دەکا، ئیدی پاسدارەکان ناتوانن لە تۆپ و خومپارەباران کەڵك وەربگرن و بەو شکلە پێشمەرگەکان دەتوانن زەبرێکی باش لە پاسدارەکان بدەن. باس لەوە دەکرێ کە لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٠٠٠ پاسدار کوژراو و بریندار هەبووە. لە ڕاپۆرتی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا باس لە کوژران و برینداربوونی ٤٥٠ پاسدار کراوە.

پێشمەرگەکان بۆ دەرباز بوون لە گەمارۆی دوژمن، تەنیا یەک ڕێگایان لە بەر دەستدا دەبێ کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕدا سێ پێشمەرگە دەچنەوە بۆ سەر گردێک لە پشتی گوند و ڕێگای دەربازبوونی پێشمەرگەکان دەپارێزن و ڕێگا نادەن کە لەو لاوە پاسدارەکان بە تەواوی گوندەکە دۆرپێچ بکەن. پێش ئەوەی کە ئەو پێشمەرگانە بگەنە جێگای دیاریکراوی خۆیان، کە یەکێک لە وان بە نێوی مەولوود خەڵکی گوندی کەینێسی شەهید دەبێ، بەهرام ئازادفەر بریندار دەبێ و تەنیا لاڤۆ حشمەتخیزی بە سلامەتی دەگاتە شوێنی خۆی و ئەو و بەهرام ئازادفەرد تا دوایی بەرخودان دەکەن و ناهێڵن کە دوژمن ئەو شوێنە بگرێتەوە. ئەو سەنگەرەی کە حشمەتخیزی و ئازادفەر تێیدا بەرگرییان کردبوو، لە لایەن خەڵکی گوندی جەتەرەوە بە "سەنگەرا لاڤۆ" ناودێر کراوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان ١٣ کوژراو و ٢٨ برینداریيان دابوو

که یەکێک لە بریندارەکان پێشـمەرگەیەک بە نێوی سلحەدین مەحیزادە بوو کە بە تەنیا و لە نێو بەفردا بە گاگۆڵکێ ڕوویشتنەوە خۆی قۆتار کردبوو. لەو شەڕەدا یەکێک لە برینداەکان هاشم ئیبراهیمزادە بووە. شایانی ئاماژەیە کە دواتر کە پێشـمەرگەکان گوندی جەتەر بەجێ دەهێڵن، برینداەکانیان لە لایەن دوکتوری کۆمەڵەوە لە گوندی میرداوود دەرمان کرابوون. یەکێک لەو دۆکتۆرانەی کۆمەڵە بە نێوی دوکتور مەنسوور شۆکەتی، دواتر لە شەڕی براکوژیی نێوان کۆمەڵە و حیزبدا لە نزیک سوولەدووکەل لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤دا گیانی لەدەست دا. سوڵتان خوسرەوی، یەکێک لە بەرپرسە پایەبەرزەکانی کۆمەڵە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا نێشتەجێی وڵاتی سویدە، لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە بەرواری ٨ی مای ٢٠١٧ لە ڕێگای مسنجێری فەیسبووکەوە لەگەڵی کراوە، باسی ئەو کات دەکا و دەڵێ کە ئەو کاتەی کە هاشم ئیبراهیمزادەیان هێنابوو بۆ لایە دوکتوری کۆمەڵە بۆ دەرمانی برینەکەی، یەکەمجار لەوێ چاوی بە ناوبراو کەوتووە. بەڵام پێشتر بە بنەماڵەوە دەیناسی و نێویشی زۆر گوێ لێ ببوو. سوڵتان خوسرەوی هەروەها دەڵێ کە لە کاتی ڕوودانی شەڕی جەتەردا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شارەدێی بالۆ بوون.

## ناوەندی ئاگری
## دوای بە جێ هێشتنی حیزب لە لایەن ئیسماعیلزادەوە

کاتێک کە وەرزی زستانی ١٣٦٣ نزیک ببوویەوە و هەوا بەرەو سادربوونەوەیەکی زۆرتر چووبوو، پێشمەرگەکان ڕوو لە بنکەکانییان لە گوندی دێرێ دەکەن و تا کاتێک کە دەبێتە بەهار و هەوا گەرم دادێ، لەوێ دەمیننەوە. جەهانگیر ئیسماعیلزادە تا نێوەڕاستەکانی بەهاری ١٣٦٤ هەر لە نێو حیزبدا مابوویەوە و دواتر بۆ سەردانی بنەماڵەکەی کە ئەو کات لە تورکیە پەنابەر بوون، ڕۆیشتبووە تورکیە. ناوبراویش لەگەڵ بنەماڵەکەی ببووە پەنابەر و دواتر لە لایەن کۆمیسارﻳای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نێردرابوو بۆ هۆلەند و ئێستاش هەر لەوێ دەژی. دوای چوونەوەی جەهانگیر ئیسماعیلزادە، علی کاشفپوور ببووە بەرپرسی گشتیی ناوەندی ئاگری.

ئەنوەر کوهەنساڵ کە ئەو کات تازە ببووە پێشمەرگە، دەڵێ کە دوای توانەوەی بەفر و بەستەڵەک لە بەهاریساڵی ١٣٦٤دا پێشمەرگەکان لە باکووری ڕۆژهەڵات بنکەکانیان لە گوندی دێرێ چۆڵ کرد. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان کە پێک هاتبوون لە پێشمەرگەکانی نەخۆش، بریندار، پیر و بەتەمەنەکان، ئەوانەی کە تازە هاتبوون بۆ پێشمەرگایەتی و دەبوایە بەشدارییان لە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەدا کردبا، و ئەو پێشـمەرگانەی کە دەبوایە بچوونایە بۆ بەشداری لە دەورەی سیاسیی کادری، هەموویان پێکەوە بەرێ کران کە بچن بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی لە باشووری کوردستان. جەهانگیر ئیسماعیلزادەش ڕۆیشتبووە تورکیە بۆ دیتنی ژن و منداڵەکانی و لەوێرا ڕۆیشتبووە هەندەران و ئیتر نەگەڕایەوە. عەلی کاشفپوور کە جێگری جەهانگیر ئیسماعیلزادە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، بوو بە بەرپرسی ناوەندی ئاگری.

عەبدوڵلا عیزەتپوور کە ئەو کات بەرپرسی کۆمیتە شارستانی ورمێ بوو، بە هۆی هێندێک گیروگرفت کە بۆ خێزانی لە تاران پێک هاتبوو و لە لایەن ڕێژیمەوە گیرابوو، ئەویش چوو بۆ دەفتەری سیاسی و لە جێگای ئەو جەعفەر حامیدی کە موشاویری کۆمیتە بوو، بوو بەرپرسی کۆمیتە شارستانی ورمێ. عسمەت عەبدی بوو بەرپرسی کۆمیتەی ئارارات. بەو شێوەیە عەلی کاشفپوور بوو بەرپرسی یەکەمی ناوەندی ئاگری. بە وتەی سلێمان کەلەشی و زانیار، دوای چوونەوەی جەهانگیر ئیسماعیلزادە، مەلاخالید باقی کە جێگری فەرماندەری هێز بوو، بووە بە فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسی و هاشم ئیبراهیمزادە کە تا ئەو کات فەرماندەری عەمەلیات بوو، بوو جێگری فەرماندەری هێز و جمشید کامران بوو بە فەرماندەری عەمەلیات.

ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵێ کە کاتێک کە بەرپرسایەتیی سەرەکی کەوتە دەستی عەلی کاشفپوور، ئەوە ئیدی شاپوور شوجاعیفەرد بوو کە ڕۆڵی سەرەکیی لە هەموو بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکاندا دەگێڕا. تێموور مورادی لە سەر ئەم مەسەلەیە دەڵێ کە دوای شەڕی حەسەنی، سپیدەرە و دۆستان (هێرشی گەورە) کە حیزب ناوچەی بە جێ هێشت، ئەویش بڕیاری دابوو کە دوای جیابوونەوەی سەنار مامەدی لە حیزب، بێلایەن بمێنێتەوە. بەڵام دواتر کە هەلومەرج سەخت بوو و ئەویش بە تەنیا لە چیا مابوویەوە، بڕیار دەدا کە دیسان بگەڕێتەوە لای حیزب. بەڵام کاتێک کە دەبینێ جەهانگیر ئیسماعیلزادە ڕوویشتووە، پەشیمان دەبێتەوە. تێموور هۆکاری پەشیمانبوونەوەی دەگەڕێنێتەوە

بۆ ئەوی کە کاتێک دەبینێ ئیسماعیلزادە لەوێ نەماوە و عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد بوونەتە ئەکتەری سەرەکی لە نێو حیزبی دێموکراتدا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بۆیە بڕیار دەدا کە چاوەڕوان بێ تا دیسان جەهانگیر ئیسماعیلزادە بگەڕێتەوە. بەڵام کاتێک کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە ناگەڕێتەوە و دەچێت بۆ هەندەران، ئەویش بڕیار دەدات کە بچێتەوە تورکیە و ببێتە پەنابەر.

## دواکەوتنی یارمەتیی مانگانەی پێشمەرگەکان و قووڵتربوونی ناکۆکیە نێوخۆییەکان

دوای هێرشی هاوینی ١٣٦٣ و داگیرکرانی ناوچە لە لایەن پاسدارەکانەوە و دەربازبوونی سەنار مامەدی و تاهیرخانی سمکۆ بۆ تورکیە، پێشمەرگەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە هۆی هەل ومەرجی نالەبار نەیانتوانیبوو بۆ ماوەی چەندین مانگ هیچ یارمەتیەکی ماددی لە دەفتەری سیاسیی حیزب وەربگرن و بۆیە یارمەتیەکەیان دوا کەوتبوو. پێشمەرگەکان ئاگاداری ئەوە هەبوون کە هەر وەک پێشتر باس کراوە، ئەو پارەیەی سەڵتەنەتتەلەبەکان کە لە ناوچەی برادۆستدا لە لایەن حیزبەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، کەوتبووە بەر دەستی شاپوور شوجاعیفەرد. بۆیە لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤دا کە پێشمـەرگەکان لە گوندی میرداوود کۆ ببوون، بە دژی شاپوور شوجاعیفەرد و بە هۆی هاوڕێیەتیی شاپوور لەگەڵ عەلی کاشفپوور، بە دژی عەلی کاشفپووریش نارەزایەتیان دەربڕیبوو و شوعاری توندیان دابوو. سلێمان کەلەشی لەو بوارەوە دەڵێ: "ئەوە یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکان بوو کە پێشمەرگەکان خولقاندیان... ئەو کات پارەیەک لە لایەن سەڵتەنەتخوازەکانەوە هاتبوو بۆ ئەو ناوچەیە و لە لایەن حیزبەوە گیرابوو. گۆیا ئەو پارەیە لە لای شاپوور [شوجاعیفەرد] داندرابوو. ناوبراو ئەو پارەیەی بردبووە بۆ ورمێ یان هەر جێگایەک، لە ژێر کونترۆڵی ئەودابوو. پێشمەرگەکان چەند مانگێک بوو کە یارمەتیەکەیان وەرنەگرتبوو. هەموویان دەیانوت کە پارە لە لای شاپوور [شوجاعیفەرد]ە و ئەو پارە نادات. ئەوە دەستپێکێک بوو کە بووە هۆی دەربڕینی نارەزایەتیی پێشمەرگەکان بە دژی عەلی[کاشفپوور] و شاپوور [شوجاعیفەرد]. بەڵام دیار بوو کە ئەو شتە لە دەستی عەلی کاشفپووردا نەبوو و بەڵام لەوانەیە زۆر جار بەرگریی لە شاپوور

شوجاعیفەرد کردبێ. ئەگەر خەڵک دەیانوت کە ئەو پارەیە لە لای شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوورە، لە ئەسڵدا پارەکە لە لای شاپوور بوو...بەڵام نازانم ئەو ناکۆکیە دوایە چوون چارەسەر کرا."

نایب موشایخیش قسەکانی سلێمان پشتڕاست دەکا و دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە دەیەویست هەموو کاتێک هاوسەنگی لە نێوان پێشمەرگەکان و بەرپرساندا ڕابگرێ و بۆیە هەر کاتێک کە کێشەیەکی لەو چەشنەیە دەهاتە پێش، ئەو دەیوت کە پێشمەرگە دەبێ خۆڕاگر بێ و بە تێپەڕبوونی هێندێک کات، کێشەکانمان چارەسەر دەبن. بەڵام هێندێک لە بەرپرسان بۆ خۆیان کێشەیان دەخولقاند. پێشمەرگەکان نزیکەی هەشت مانگ یەک قران یارمەتیان وەرنەگرتبوو کە لانی کەم بتوانن سیگاری پێ بکڕن. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پارەیەکی زۆر هاتبووە ناوچە و لە ناوچەی برادۆست دەستی بە سەردا گیرابوو و، هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو پارەیەدا دەستیان هەبوو، لە شەڕێکی پێشمەرگەکان بە دژی پاسدارەکانی ئێراندا بە شێوەیەکی گوماناوی کوژران؛ کە بریتی بوون لە حاجی نیجاتی، ئەسعەد نیجاتی (کە بەرپرسی ناوچەی برادۆست بوو) و کامیل گەلەبان. حاجی و ئەسعەد نیجاتی کە برای یەک بوون و یەکێکیان سەرلک و ئەوی دیکەیان سەردەستە بوو، پێکەوە و بە تەنێ لە یەک شەڕدا کوژران. دەوترێ ب.ب و ب.ب کە هەردووکیان برای یەکن و لە لایەن عەلی کاشفپوور و هاورێیانیەوە، لەوێ داندرابوون وبەرپرسایەتیان هەبوو، لەو کارەدا دەستیان هەبووە. بە وتەی نایب موشایخی، حاجی و ئەسعەد دوو پێشمەرگەی ناسراو بوون لە ناوچەی برادۆستدا کە هەموو ڕۆژێ لە شەڕدا بوون و بە ڕۆژی ڕۆناک هێرشیان دەبردە سەر پاسدارەکان. لە درێژەدا موشایخی دەڵێ کە ئەو پارەیە گەیشتە دەستی عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوانیش پارەکەیان‌دا بە (ئ.ش) و ئەویش پارەکەی بردەوە بۆ

[بۆ کاری بازرگان و کاسبی]. نایب موشایخی لە میانەی قسەکانیدا پرسیارێک بەرەورووی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور دەکا و دەڵێ کە ئەگەر ئەو پارەیە پارەی حیزب بوو، ئەوە هەشت مانگ بوو پێشمەرگە یارمەتیی وەرنەگرتبوو، لە بێ ئیمکاناتیی تەواودا بوو و هێندێکیان هەتا پێڵاویان لە پێدا نەمابوو و هەموو ڕۆژێ لە شەڕدا بوون و شەهید دەبوون و...هتد، باشە ئێوە بۆ ئەو پارەیەتان لەوێ داناوە و وەزعی پێشمەرگەکانیش وایە؟ نایب موشایخی

پێی وایە کە هەر کەسێک بچووکترین زانیاریی لە سەر ئەو پارەیە هەبوایە، شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوان پێیان خۆش بوو بە جۆرێک لە بەینی بەرن. ئەو پارەیە تا ئەمڕۆش بە دەستی حیزب نەگەیشت. ئەو کەسەی کە پارەکەیان لە لای دانابوو، هەر ماوە بە ماوە دەهات و هێندێک پارەی دەدا بە دەستی شاپوور شوجاعیفەرد و دەڕۆیشت. ئەوانیش ئەو پارەیەیان بۆ پێشمەرگە سەرف نەدەکرد. هەموو جارێ قسە و بەهانەیان ئەوە بوو کە پارەکە لە جێگایەکە کە پێیان ناکرێ بیگوازنەوە (پارەکە دەرناکەوێتە شوێنی پێویست). موشایخی دەڵێ کە ئەو مەسیرەی کە پێشمەرگەکان لێی دەمان، هەموو ڕۆژێ لە گوندەکان لە ماڵی خەڵکدا بوون و لە ماڵەکانی خەڵک خواردنیان دەخوارد. بۆیە ئیدی ڕوویان نەدەهات کە لە سەر ئەو هەموو خزمەتەوە داوای یارمەتیی ماددی (پارە) لە خەڵک بکەن. پێشمەرگەکان هیچ سەرچاوەیەکی دیکەیان نەبوو بۆ داهات و هەر لە سەر کیسی خۆیان بوون. نایب موشایخی ئەو ڕەوشە وەها پێناسە دەکا کە "ئەو نەهامەتانەی کە ئەو کات بە دەستی شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوان بە سەری پێشـمەرگەکاندا هات، ئەگەر بکرێتە کتێب، بەشی سەدان کتێب دەکا."

لە سەر ئەم مەسەلەیە زانیار دەڵێ کە هێندێک لە بەرپرسانی نیزامی هانی پێشـمەرگەکانیان دەدا کە شاپوور شوجاعیفەرد پێی لاواز کەن. ئەو پارەیە وەک سرێک لە لای ناوبراو بوو و بە پێویستی نەدەزانی کە باس بکا و بڵێ پارەکە لە کوێیە. بۆیە کاتێک کە پێشمەرگەکان بێ پارە و ئیمکانات دەمانەوە، هێرشی توندی خۆیان دەبردەوە سەر شاپوور شوجاعیفەرد. زانیار بە پێچەوانەی ئەو ئینفۆرمانتانەی دیکە، دەڵێ کە ئەوان بە کۆکردنەوەی هاوکاری لە گوندەکان، یارمەتیی مانگانەی پێشمەرگەکانیان دابین کردووە. ناوبراو هەروەها لە نێو ئاخافتنەکانیدا ئەو پرسگرێک و ناراحەتیانەی نێوخۆیی کە پێشـمەرگەکان لە گوندی میرداوودا تووشی بوون، دەگەڕێنێتەوە بۆ زەعفی مودیرییەتی و پێی وایە کە هێندێک کەس لە کاناڵەکانی تەشکیلاتی، لە کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا بیروڕای خۆیانیان دەرنەدەبڕی لە سەر مەسەلەکان و ئەوەی کە پێویست بوو کە لە کۆبوونەوەکاندا بڵێنەوە، نەدەگوت و دەیانبردەوە دەرێ و لە نێو پێشمـەرگەکاندا باسیان کردووە. مەبەستیشیان لەو کارانە ئەوە بوو کە نیشان بدەن کە گۆیا "من باشم و فلان کەسیش خراپە." ئەوەش بە زەرەری حیزب تەواو بوو.

کەلەشی پێی وایە کە ناکۆکیی هاشم ئیبراهیمزادە لەگەڵ ناوەند ئەوە بوو کە

یارمەتی بە پێشمەرگەکان بدرێ و پێیان ڕابگەن. بەڵام ئەو هاوڕێیانەی دیکە ئەوەیان نەدەکرد. بە وتەی کەلەشی، "هاشم [ئیبراهیمزادە] کەسێکی ڕوک و ڕاست بوو، قسەی دڵی دەکرد. وەک زۆر کەس نەبوو کە قسە لە دڵی خۆیدا ڕابگرێ. تا ئەو جێگایەش کە بزانم، هاشم [ئیبراهیمزادە] کەسێکیش نەبوو کە ئەو شتانەی لە ڕێدانەبن، قبووڵ بکا."

حاجی جوندی بە دیدێکی بەرپرسانەوە تەماشای ئەو مەسەلەیە دەکا و پێی وایە کە ئەگەر کەسێک لەو سەردەمەدا بەرپرس بوایە لە حیزبێکدا و بە تایبەتی لە حاڵەتی پارتیزانیدا، هەر غەزەبێک دەباری، لە سەر کەسی بەرپرسدا دەباری. ئەوە لە کاتێکدایە کە کەسانی دیکە تەنیا بەرپرسی چەکی خۆیان بوون و ئەگەر شەڕ هەبوایە، شەڕیان دەکرد. بەڵام ئەوی دیکە هەموو بەرپرسایەتییێکیان لە سەر شان بوو. حاجی جوندی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گرفتانەدا هێندێک نموونە باس دەکا و دەڵێ کە ئەگەر پێشمەرگەکان برسیان بوایە و نانیان نەبا (بە هۆی ئەوەی کە هێندێک جار ٢٤ کاتژمێر نەیاندەتوانی ڕوو لە هیچ گوند یان ئاوەدانیەک بکەن) یان کەوشیان نەبا و ئەگەر بیانناردبایە بۆ تورکیە و یان ورمێ کە پێلاو بۆ پێشـمەرگەکان بێ، کاتی پێ دەچوو و یان ئەگەر پێشـمەرگەکان یارمەتیان وەدەرەنگ بکەوتبایە، هەموویان جنێویان بە شاپوور [شوجاعیفەرد] و عەلی [کاشفپوور] دەدا و ئەوانیان بە هۆکار دەزانی. ئەو ناکۆکیانە زۆرتر لە سەر ئەو مەسەلە بچووکانە بوون. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە پێشمەرگەکان زۆرتر لەگەڵ بەرپرسەکانی بەشی نیزامی بەرەوروو دەبوون و کەموکوڕیەکانیان لەگەڵ ئەوان دەهێنایە بەر باس، ئەوانیش هەوڵیان نەدەدا کە پێشمەرگەکان ئیقناع بکەن و بڵێن کە شتەکە چوونە و یان چوون نیە. ئەوانیش بە پێشـمەرگەکانیان دەوت: "بۆ بە من دەڵێی!؟ ئەوە ئەرکی بەرپرسی کۆمیتەیە کە جێبەجێی بکات." ئەو ناکۆکیانە شەخسی نەبوون. هاشم [ئیبراهیمزادە] لە بەرامبەر هیچ خواست و ویستێکی پێشمەرگەکاندا نەیدەگوت نا. پێشی خۆش نەبوو خۆی خراپ بکا. بۆیە لایەنێکی دیکەی بەرەورووی پێشمەرگەکان دەکرد. بە بڕوای حاجی جوندی، عەلی کاشفپوور مرۆڤێکی دروستکار و ڕاستگۆ بوو و، لە کاتی دەرکەوتنی کێشەکاندا دەهات و بە پێشمەرگەکان دەیوت کە: "کاکە! وڵلا نیە، بڵلا نیە." بەڵام بە بڕوای حاجی جوندی، شاپوور شوجاعیفەرد کە بەرپرسی ماڵی بوو، مرۆڤێکی هێندێک تەماکار بوو و هێندێکیش دەستی ڕادەگرت، ئەگەر چی پارەش کۆ بکرایەوە و داهاتیش هەبوایە. بۆیە هەر

هەمووی بە سەر "شاپوور شوجاعیفەرد"دا دەشکایەوە. بە هۆی ئەوەش کە هاشم ئیبراهیمزادە لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو، ویست و داخوازی پێشمەرگەکان بە بڕوای ئەو، شتێکی ڕەوا بوون و ئەو پێی وابوو کە ئەگەر چی ناوچەیە و شەڕ هەیە و هەلومەرج ناڵەبارە، بەڵام دەبێ گیروگرفتی پێشـمەرگەکان چارەسەر بکرێ. حاجی جوندی لەو بڕوایەدایە کە دەبوایە تەشکیلات لە بەرامبەر ئەم کێشانە بەرپرس بوایە، بەڵام چونکە ملی نەدەدا بەر ئەو کارە، بە ناحەق و خەتابار دەردەچوو.

ئەنوەر کوهەنساڵ کە بۆ یەکەمین جار لە گوندی میرداوود و لە گەرمەی ئەو ناکۆکیانەی نێوان پێشمەرگە و بەرپرسەکاندا چاوی بە هاشم ئیبراهیمزادە کەوتبوو، لە سەر جەرەیانی ئەو ڕۆژە دەڵێ کە، چەند مانگێک دوای ئەوەی کە ببووە پێشمەرگە، لە دەستپێکی ساڵی نوێی ١٣٦٤دا لە گوندی میرداوود بۆ یەکەمجار هاشم ئیبراهیمزادەی بینیبوو. ناوبراو باسی پێداویستی و کەموکوڕییەکانی پێشمەرگەکان دەکا و دەڵێ، کە لە نێو پێشمەرگەکاندا ناڕاحەتی هەبوو، ماوەیەکی درێژ بوو کە یارمەتییان وەرنەگرتبوو و داوای یارمەتیەکەیان دەکرد. "ئیمکاناتیان یەکجار زۆر کەم بوو. هاشم ئیبراهیمزادە هات و قسەی کرد و داوای لە پێشمەرگەکان کرد کە دروشم نەدەن و توندوتیژی لە خۆیان نیشان مەدەن و ئێمە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین." ئەنوەر کوهەنساڵ لە نێوئاخنی وتەکانیدا هاشم ئیبراهیمزادە وەک گەنجێکی خۆشتیپ، خوێن شیرین، لێو بەبزە و بە جلوبەرگی ڕێکوپێکەوە پێناسە دەکا و دەڵێ کە هەر وەک چوون قەولی دا بە پێشمەرگەکان کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، چارەسەریشی کرد.

لە سەر چوونیەتیی چارەسەر کردنی ئەو پرسگرێکە قسەکانی هاشم ئیبرهیمزادە و ئەنوەر کوهەنساڵ یەکتر تەواو و پشتڕاست دەکەنەوە. کوهەنساڵ دەڵێ: "لە ناوچەی کناربەڕۆژ، لە پشتی گوندەکانی بۆتک و دێمان[1] و ئیشکەوتێک و ئەوانە، هاشم [ئیبراهیمزادە] ئەو مەسەلەیەی چارەسەر کرد. لە دەستپێکەوە من لە وردەکارییەکانی ئاگادار نەبووم. ئێمە ئەو شەوە تیمێکی چەند کەسی لەگەڵ هاشم ئیبراهیمزادە بۆ مەئموورییەتێک ڕۆیشتین بۆ گوندی هەلەقۆشک و لەوانەیە گوندی گۆلەگەنی کە چاکم لە بیر نیە. ئێمە لەو مەسیرە ماینەوە

١ هەر دووی ئەو گوندانەش لە لایەن ڕێژیمەوە کاول کران کە چوونیەتیی ئەو ڕووداوە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە لایەن ئازاد کوردی و دانەری ئەم پەرتووکە لە ڕۆژنامەکانی ئاگری و کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە.

و هاشم کێی دیتبێ و چوون بێ، ڕۆژی پاشتر یارمەتیان دا بە پێشـمەرگەکان. بەڵام نازانم کە هەموو یارمەتیەکە درا یان بەشێک." ئەنوەر کوهەنساڵ پێی وایە کە پەیداکردنی پارەیەکی ئەوەندە گەورە، کارێکی هاسان نەبوو و پێشی وا نیە کە لەو سەردەمەدا کەسێکی دیکە بێجگە لە هاشم ئیبراهیمزادە (دوکتور قاسملوو نەبێ) بیتوانیبایە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ماوەیەکی ئەوەندە کورتدا ئەو پارەیە دابین بکا. هەروەها ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ کە ئەگەر چی چارەسەریی ئەو مەسەلەیە بە قازانجی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور بوو، بەڵام بە دڵ پێیان ناخۆش بوو کە هاشم ئیبراهیمزادە ئەو کارە بکا و پێیان وابوو کە دەبێتە هۆی خۆشەویستیی ناوبراو لە نێو پێشمەرگەکاندا. بەڵام ناچار بوون کە چارەسەریی ئەو مەسەلەیە بە هاشم ئیبراهیمزادە بسپێرن.

هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کاتێک کە پێشمەرگەکان لە گوندی میرداوود بە دژی شاپوور شوجاعیفەرد درووشمیان دا و هێندێک قسەیان کرد، ناوبراو بە پێشمەرگەکان وتوویەتی کە لە ماوەی کەمتر لە یەک حەوتوودا یارمەتیەکەیان دابین دەکا. هاشم ئیبراهیمزادە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ کە ناوبراو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ڕۆیشتووە بۆ گوندی گۆلەگەنی کە چەند هاوڕێ و لایەنگرێکی حیزب لەوێ بوون. ناوبراو لەو کەسانە پارەی بە قەرز وەرگرتبوو و یارمەتیی پێشمەرگەکان بەو پارەیە دەدرێ و دواتر پێشمەرگەکان لە گوندەکانی ناوچە یارمەتی کۆ دەکەنەوە و پارەی ئەو کەسانەیان بۆ دەگەڕێننەوە[1]. لێرەدا دەبێ بوترێ کە وتەکانی زانیار ڕاستن کە دەڵێ لە نێو خەڵکدا پارە کۆ کراوەتەوە و یارمەتیی پێشمەرگەکان پێی دراوە. بەڵام هەموو ڕاستیەکە نیە. لە بەر ئەوەی کە پێشتر هاشم ئیبراهیمزادە یارمەتیی پێشمەرگەکانی بە پارەی قەرز دابین کردبوو تا کو ناکۆکیەکان چارەسەر بکا و دواتر ئەوان لە نێو خەڵکدا یارمەتییان کۆ کردبوویەوە بۆ ئەوەی کە قەرزەکەیان پێ بدەنەوە.

هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە هێندێک لەو پێشمەرگانەی کە ئەو کات لە گوندی "میرداوود"دا بە دژی شاپوور شوجاعیفەرد قسەیان کردبوو و لێی توورە بوون، دواتر بە تاوانبارکردنێکی نادروست و زۆر بە نهێنی لە لایەن شاپوور شوجاعیفەرد و کۆمیتەی ئاراراتەوە حوکمی ئێعدامیان بۆ دەرکرا و بە بێتاوان ئێعدام کران.

لە سەرەوەدا ئاماژە بە وتەکانی حاجی جوندی کرا لە پێوەندی لەگەڵ پێداگریی

[1] بە هۆی ئەمنیەتییەوە لە نێوهێنانی ئەو کەسانە خۆمان دەبوێرین لێرەدا.

هاشم ئیبراهیمزاده بۆ جێبەجێکردنی ویست و داخوازەکانی پێشـمەرگەکان و دابین کردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ ئەوان. بەڵام ئەگەر ئێمە چاوێک بە پلەی کادرەکانی بەشی نیزامی هێزی "سەرگورد عەباسی" دا بخشێنین، هاشم ئیبراهیمزاده بە گوێرەی پلە، بەرپرسی دووهەم بووە نەک یەکەم. بەڵام بۆ چی پێشمەرگەکان هەر ڕوویان لە هاشم ئیبراهیمزاده کردووە و ویست و داخوازەکانیان لەگەڵ ئەو هێناوەتە زمان، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار کە لە لایەک پێوەندییان بە شێوازی مودیرییەتی نابراو و لە لایەکی دیکەشەوە بە پێگەی بنەماڵەیی ناوبراوەوە هەیە، کە ئەنوەر کوهەنساڵ هەردووی ئەو هۆکارانە بە چارەنووسساز ناو دەبات کە ئەو دەرفەت و ئیمکانەیان دابوو بە هاشم ئیبراهیمزاده کە بتوانێ لە کاتی قەیرانی وەهادا چارەسەرییەک بۆ گرفتەکان پەیدا بکا. بەڕێز کۆهەنساڵ دەڵێ: " ... کەسێکیان وەک فەرماندەری هێز دانابوو(خوا عەفووی کا) ئەگەر چی دڵسۆز بوو، بەڵام کەسێکی بێدەسەڵات بوو [ئوتووریتەی نەبوو]. بۆیە ئەگەر چی هاشم کەسی دووهەم بوو لە نێو هێزی "سەرگوردعەباسی" دا بە پلەی سەربازی، پێشمەرگەکان بە گشتی هەر ڕوویان لە ناوبراو بوو و ئەویان خۆش دەویست و بڕوایان بە قسەی دەکرد. بۆیە ئەگەر موشکەلەیەکیش هەبوایە، هەر لەگەڵ هاشم ئیبراهیمزاده دەهێنایە بەر باس. هاشم ئیبراهیمزاده بە هۆی بنەماڵەییشەوە لە نێو خەڵکدا ناسراو بوو و خەڵک زۆر خۆشیان دەویست و حازر بوون هاوکاری لەگەڵ بکەن. پێشمەرگەکانیش لە نێو خەڵکدا زۆر باسی چاکەی ناوبراویان کردبوو و بۆیە ئەوەش ببووە هۆکار کە خەڵک هەم بە مادی و هەم مەعنەوی پشتیوانیان لە هاشم دەکرد. ئەویش لەو شانسەی کەڵکی وەردەگرت کە بتوانێ خزمەتێک بە پێشمـەرگەکان بکا و ئەگەر پرسگرێکیکی وەها بێتە پێش، چارەسەری بکا."

کێشەی نێوان کۆمەڵە و حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات دا

ئەگەرچی هێزەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان (بێجگە لە باکووری ڕۆژهەڵات) زەربەیان لە پێشمەرگەکانی حیزی دێموکرات وەشاندبوو و لە چەند شوێنی جیاوازدا هێندێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان کوشتبوو، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا و سەرەڕای ئەوەی کە هەم خاوەنی پێگە و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو لەو ناوچەیانەدا و هەم لە بواری هێزی نیزامییەوە زۆر لە کۆمەڵە بەهێزتر بون، بەڵام هەموو کاتێک دۆستانە لەگەڵ ئەو هێزە، وەک هێزێکی کوردستانی، هەڵسووکەوتیان کردبوو. کاتێک کە لە ژانوییەی ١٩٨٥دا شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات بوو بە شەڕێکی سەرانسەری و پێشمەرگەکانی حیزب کەوتنە بەر هێرشی چەکدارانە و پرووپاگەندەی نادروست، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشمەرگەکانی هەر دوو هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی نحۆ بۆ دوورخستنەوەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەو ناوچەیەدا گرووپێکی زەربەتیان پێک هێنابوو کە لە ژێر بەرپرسایەتیی جەهانگیر ئیسماعیلزادە و فەرماندەریی هاشم ئیبراهیمزادەدا کەوتنە ڕاووەدوونانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. مەحموود دەشتی کە ئەو کات یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە لەو مەئموورییەتەدا بەشدار بووە، دەڵێ: "ئێمە وەک ناوەندی شوماڵ وەدوای کۆمەڵە کەوتین بەڵام لەگەڵیان دەرگیر نەبووین. بۆ هەر شوێنێک ڕۆیشتباین کە کۆمەڵە لەوێ بوایە، ئەوان زوو ئەو شوێنەیان بە جێ دەهێشت. ئێمە تا ناوچەی مرگەوەڕ بە دوای کۆمەڵەوە بووین، بەڵام هاتن و تێپەڕ بوون بۆ باشووری کوردستان." ئەنوەر کۆهەنساڵ لە سەر ئەو مەسەلەیە دەڵێ کە بۆ خۆی تێیدا بەشدار نەبووە، بەڵام دوای گیرانی ناوەندی ئاژوان لە لایەن کۆمەڵەوە کە ئەو کات باباعەلی مێهرپەروەر بەرپرسی ئەو ناوەندە بوو، حیزب شەڕی سەرانسەریی لەگەڵ کۆمەڵە ڕاگەیاند، کە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە خۆ دەگرتەوە. ئەو کات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو کۆمەڵەدا دوو بەرپرس هەبوون بە ناوەکانی سوڵتان خوسرەوی خەڵکی نەغەدە و سەلیم سابیرنیا خەڵکی گاڕانەی مرگەوەڕ کە بە وتەی ئەنوەر کوهەنساڵ، ئەو دوو بەرپرسەی کۆمەڵە لە نێو خەڵکدا وەک کەسانێکی خۆشەویست، بە ناوبانگ، تێگەیشتوو، دڵسۆز و دلۆڤان ناوبانگیان دەرکردبوو.

سوڵتان خوسرەوی بەرپرسی نیزامی و سەلیم سابیرنیا بەرپرسی سیاسیی گوردانی ٦٣ی ورمێ بوو کە نێوانیان لەگەڵ کەرەم کەڵەشی و هاشم ئیبراهیمزادە زۆر خۆش بوو. ئەوان یەکتریان دەناسی و وەک بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی دوو حیزبی جیاواز، ڕێزێکی زۆریان بۆ یەکتر هەبوو. لەو مەئموورییەتەدا کە پێشمەرگەکانی حیزب بە دوای کۆمەڵە کەوتن و چوونەوە بۆ لای شپیران و گەڕانەوە، بەرپرسی ئەو عەمەلیاتە هاشم ئیبراهیمزادە بوو. دواتر [لە لایەن بەرپرسانی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات] ڕەخنەیان لە هاشم ئیبراهیمزادە دەگرت کە گۆیا ئەو نەیویستووە شەڕ ساز بێ و "ئەگەر هاشم بویستایە، بە ڕاستیش ڕێگای دەربازبوونیان نەدەبوو. لە چاو هێزی حیزب ئەگەر ئەوان ٥٠ کەس بان، هێزی حیزب ٢٥٠ کەس بوو. بە ڕاستی نەیاندەتوانی خۆیان دەرباز کەن. دوو-سێ جار لە هاشم ئیبراهیمزادە گوێم لێ بووە کە باسی کردووە. ئەگەر هاشم ئیبراهیمزادە بویستایە، دەیتوانی زەربە لە کۆمەڵە بدات ئەو کات. دواتر کە هاشم چوو بۆ نێو کۆمەڵە، لە نێو پێشمەرگەکاندا ئەو باسە هەبوو و دەکرا کە بەڵێ ئەو کات هاشم ئیبراهیمزادە نەیهێشتووە کە ئەوان لەگەڵ کۆمەڵە تووشی شەڕ بێن. دەنا دەیانتوانی کۆمەڵە لە بەین بەرن و ئەوە هاشم بووە کە نەیهێشتووە ئەوان ئەو کارە بکەن و ئەوەیان بە حیسابی کۆمەڵەییبوونی هاشم دادەنا." ئەنوەر کۆهەنساڵ و ئینفۆرمانتەکانی دیکە و هەروەها سوڵتان خوسرەوی کە بۆ خۆی بەرپرسی پایەبەرزی کۆمەڵە بوو، ئەو کات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کۆمەڵەیی بوونی هاشم ئیبراهیمزادە ڕەت دەکەنەوە. هاشم ئیبراهیمزادە لە سەر شەڕی کۆمەڵە و حیزب کە بە شەڕی براکوژی نێوی دەبا، بە تەواوی پێناخۆشبوونی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ کە بە هەموو وجوودییەوە شەڕی براکوژیی پێی ناخۆش بووە. بەڵام لە سەر ئەو مەئموورییەتەی کە لە سەرەوەدا خراوەتەوە بەر باس، ناوبراو دەڵێ کە ئەو کات ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووە کە کۆمەڵە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا پێشمەرگەکانی حیزبی دەکوشت و بۆیە ئەگەر حیزب پێی گوتبایە کە دەبێ شەڕی کۆمەڵە بکا، ئەو پێرەوەی لە بڕیاری حیزبەکەی دەکرد. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەو مەسەلەیەشی لە بەر چاو گرتووە کە لە کاتی زەربەوەشاندن لە کۆمەڵە، دەبێ حیزب و پێشمەرگەکانی حیزب کەمترین زەرەریان پێ بگات. ناوبراو دەڵێ: "ئەگەر بەو شێوەیە بوایە کە بتوانین وا شەڕ بکەین کە لە کاتی زەربەوەشاندندا لە بەرامبەر کوژرانی٦٠ پێشـمەرگەی کۆمەڵەدا ، ٢٠ پێشمەرگەی حیزبیش

بکوژرێ، من ناتوانم شەڕی وا بکەم. بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر کوژرانی ٦٠ پێشـمەرگەی ئەواندا ئێمەش ٣-٤ شەهیدمان بدایە، شتێکی نۆرماڵ بوو. ئێمە بە بێ بەرنامە حەرەکەتمان کرد و ئەوە دەیتوانی دەرفەت بدا بە کۆمەڵە بۆ زەربەوەشاندن لە ئێمە. بۆیە باشتر وابوو کە نەیکەین و نەشمانکرد. ئەو کات جەهانگیر ئیسماعیلزادە و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی نحوّش لەگەڵ ئێمە بوون و ئێمە دەستەیەکی زەربەتیی ٦٠ کەسی بووین." هاشم ئیبراهیمزادە هۆکاری بێبەرنامەیی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان جێگای پێشمەرگەکانی کۆمەڵەیان بە دروستی نەدەزانی. هێندێک کەس وتبوویان کە کۆمەڵە لە زیندەشتە، هێندێکی دیکە وتبوویان کە ئەوەتە کۆمەڵە لە گوندی سیدا و هێندێکیانیش گوتووبیان کە کۆمەڵە لە گوندی بەردیانە. لە لایەکی دیکە، پێشمەرگەکان کە دەچنە نزیکی گوندی قەهرەمان لە ناوچەی سۆما (نزیکی گوندی جەتەر)، ئیبراهیمزادە چەند پێشمەرگەیەک لە پێشدا دەنێرێ بۆ نێو گوند تا کو بزانن کۆمەڵە لە نێو گوند یان نا. کە ئەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی قسە و قسەلۆک لە نێو پێشمەرگەکاندا. بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە هێندێک لە پێشـمەرگەکانی هێزی نحوّ وتیانە کە "ئێوە پێشمەرگەکانی ناوچەی خۆتان لە پێشدا بەڕێ دەکەن کە هەر چی ماڵی پاکوخاوێن و چاکە، بۆ پشوودان بۆ ئێوە بگرن و ماڵەکانی دیکەش بۆ ئێمە بمێنن." ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەموو گوندەکە ١٠ ماڵ نەدەبوو. هاشم ئیبراهیمزادە ئەو قسەیە بە نەبوونی دیسیپلین و بەرنامە لێک دەداتەوە و دەڵێ، هەر لە سەر ئەو بنەمایە وتوویەتی کە ئەگەر بەو شکڵە لەگەڵ کۆمەڵە بەرەوروو بن، وەک "شەڕی بەرد لەگەڵ کەستەک (تۆپە قوڕ) وایە." بۆیە کاتێک کە دەچنەوە نێو گوندی قەهرەمان کە جەهانگیر ئیسماعیلزادەش لەوێ دەبێ، هاشم ئیبراهیمزادە پێی دەڵێ کە ئەو لەو شەڕەدا بەشدار نابێ و هۆیەکانی بۆ باس دەکا کە لە بەر نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگەکاندا ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە کاتی بەرەورووبوون لەگەڵ کۆمەڵەدا حیزب نرخێکی زۆر بدات و ئەو حازر نیە وەها بەرپرسایەتیەک بگرێتە ئەستۆ و ئەگەر دەتوانن کەسێکی دیکە لە جێگای دابنێن. بەو قسانە جەهانگیر ئیسماعیلزادە بەرنامەکە ڕادەوەستێنێ و کۆتایی پێ دێنێ.

هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە تا پێگەیاندنی پێشمەرگەیەک، کاتێکی زۆر پێویست بوو و، ئەو نەیدەویست بە ئاسانی گیانی ئەو پێشمەرگانە بکەوێتە مەترسیەوە و، لە هەر عەمەلیاتێکدا لە پێش هەموو شتێک، بیری لەوە کردووە

که پێشــمەرگەکان کەمترین زەرەریان بەر بکەوێ و تا ئەو جێگایەی که ئیمکانی هەیە، پێشمەرگەکان شەهیدیان نەبێ.

سوڵتان خوسرەوی دەڵێ که ئەوان چاودێریی بارودۆخی ناوچەکەیان دەکرد و دەیانزانی که حیزبی دێموکرات دیسان لەگەڵ سەنار مامەدی تووشی کێشه هاتوون و بۆیه بەرەو شپیران و ئەو ناوچانه ڕۆیشتن که نفووزی سەنار مامەدی زۆرتر بوو و دەستی پێشمەرگەکانی حیزب به هاسانی پێی نەدەگەیشت. سوڵتان خوسرەوی له درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: " وەختێک که حیزب هێزی کو کردەوە، ئێمه ئاگادار بووین و بۆیه ئێمه بەرەو چەهریق وەڕێ کەوتین. حیزب ئیمکانی هاتنی بۆ ئەوێ زۆر کەم بوو؛ هەم لەگەڵ مامەدییەکان کێشەیان هەبوو و هەم لەگەڵ کرمانجەکان له شپیران. بۆیه هێزەکەیان له سۆماوە گەڕایەوە و نەهاتن بۆ چەهریق. هەروەها شوماڵ فەرقی زۆر بوو لەگەڵ جنووب و خەڵک زۆرتر نەتەوەییان بیر دەکرد و هاشمیش لەو فەرهەنگەدا گەورە ببوو و نەیدەتوانی جیاواز بێ. بەڵام وەک بەرپرسی هێزی حیزب هیچ کات کۆمەڵەی تەهدید نەکرد."

## کوژرانی پێشمەرگەیەکی حیزب
## به دەستی کۆمەڵه له باکووری ڕۆژهەڵاتدا

له خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤دا پێشـمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بۆ جەولە دەچنه ناوچەی کناربەڕۆژی ورمێ که هەر لەو کاتەدا کۆمەڵەش لەو ناوچانە حزووری هەبووە. له گوندی ئیشکەسۆ هێندێک له پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵه تووشی یەکتر دەبن و له نێوانیاندا تەقە ڕوو دەدات که لەو شەڕە خۆکوژییەدا کەسێک به نێوی فەتاح کەریمی که پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو، به دەستی دوو پێشمەرگەی کۆمەڵه که نێوی یەکێکیان خەلیله سوور [خەلیل فەتاحی] بووە، دەکوژرێ. سوڵتان خوسرەوی یەکێک له بەرپرسانی پایەبەرزی ئەو کاتی کۆمەڵه له ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات له سەر ئەو پێکدادانه که له ڕێکەوتی ٢٩.٠١.١٣٦٤ (٢٠.٠٤.١٩٨٥) ڕووی دا، دەڵێ: "ئێمه خەریک بووین بگەڕێنه بۆ جنووب. شەو دەستەیەک له پێشمەرگەکانی کۆمەڵه بۆ سەردانی هێندێک دۆست و ناسیاو دەچنه نێو گوندی ئیشکەسۆ بۆ خواحافیزی. لەوێ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب تووشی یەک دەبن، بەڵام هیچ

کامیان یەکتر ناناسن و یەکتر دەنگ دەدەن، دواتریش تەقە دەست پێ دەکا. هاوڕێیانی ئێمە پێیان وابوو کە جاش و پاسدار بۆیان هاتوون. ڕۆژی دواتر ئێمە لە پشت [گوندی] تەپک بووین کە خەبەرەکەیان بۆ هێناین و زانیمان کە بە داخەوە فەتێ شەهید بووە. هەر چەند شەڕی حیزب و کۆمەڵە لە گۆڕێدا بوو، بەڵام بە ڕاستی پێمان ناخۆش بوو."

بە وتەی سلێمان کەلەشی، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە باکووری ڕۆژهەڵات لەو ڕۆژەدا لە گوندی زەنگەکان بوون کە عەلی کاشفپوور لەگەڵ تیمێک لە کادر و پێشمەرگەکان بڕیار دەدەن بچن بۆ گوندی ئیشکەسوو. هاشم ئیبراهیمزادە لە سەر ئەو بوویەرە دەڵێ کە خەبەر گەیشتبووە دەستی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور کە دوو پێشـمەرگەی کۆمەڵە لە گوندی ئیشکەسۆ لەماڵێکدا دەمێنن و ئەوانیش هەڵدەستن بە بێ ئاگادارکردنەوەی بەشی نیزامی، چەند کادرێکی تەشکیلاتی هەڵدەگرن و دەچنە ئیشکەسۆ کە ئەو کۆمەڵەییانە بگرن کە تێکەڵچوون دێتە ئاراوە و فەتاح کەریمی دەکوژرێ. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هیچ پێویست نەدەکرا کە فەتاح کەریمی لەگەڵ خۆیان بەرن. پێشـمەرگەکان بێسیمەکانیان شەوی پێشووتر شارژ کردبوو و هەر پێویست نەبوو کە ئەوان بچن بۆ گوندی ئیشکەسۆ. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر هەر بۆ گرتنی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ڕۆیشتبوون، ئەوە ئەرکی بەشی نیزامی بوو کە ئەو کارە بکا، نەک بەشی تەشکیلات. ئیبراهیمزادە هۆکاری چوونی ئەوان بۆ گوندی ئیشکەسۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆ مەترەحکردنی کادرەکانی تەشکیلات، کە ئەگەر هات و ئەو دوو پێشمەرگەیەی کۆمەڵە دەستبەسەر کرابان، بە نێوی ئەوانەوە تەواو دەبوو نەک بەشی نیزامی.

نایب موشایخی لە سەر مەسەلەی کوژرانی فەتاح کەریمی دەڵێ کە ئەوان موخالیفی چوونی ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکان بوون بۆ گوندی ئیشکەسۆ. بەڵام عەلی کاشفپوور و ئەوان هەر پێداگری و ئیسراریان کرد لە سەر ڕۆیشتن. بڕیار وابوو کە پێشمەرگەکان دەربازی مرگەوەڕ و ترگەوەر ببنەوە و بەرەو باشوور و بەرەو دەفتەری سیاسی بچن. بۆیە عەلی کاشفپوور لەو بڕوایەدا بوو، کە بە هۆی ئەوەی کە پێشمەرگەکان هەر ئەو شەو لەو ناوچەیە حزووریان هەیە، ئەگەر هات و ئاشکراش بوون، هیچ گرینگ نیە و بۆ بەیانی لەوێ بەجێ دەهێڵن. بە وتەی نایب موشایخی، ئەوان بۆ مێوانداری و سەردانی پووری (خالەتی) عسمەت عەبدی کە خێزانی جاسم (جاسێ خالۆی حاجی سامیی

هنارەیە) ڕۆیشتبوون. قسەکانی نایب موشایخی لۆژیکین. ئەو لە درێژەدا دەڵێ: "عسمەت [عەبدی] وتی کە خالەتی لەوێیە و، ئەوان دەچن بۆ مێوانداریێکی باش لە ماڵی جاسم (جاسێ). ئێمە ئەوانەی کە لەوێ بووین، هەموومان موخالیف بووین لەگەڵ ڕۆیشتنیان و پێمان وتن کە ئەگەریش هەر دەچن، کەمێک ڕێکوپێکتر بچن و هێندێک لە پێشمەرگەکان لەگەڵ خۆیان بەرن. بەڵام وتیان کە هیچ نیە. هەموو ئاکامی خەمساریی ئەوان بوو. فەتێ [فەتاح کەریمی] هەر کە دەچێتەوە بەر دەگا، ئەوان [پێشمەرگەکانی کۆمەڵە] لێی دەدەن. پێشمەرگەکانی ئێمە بۆ سەردان چووبوون نەک بۆ کاری حیزبی."

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەرەڕای بەهێزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی زۆربەی خەڵک لەو حیزبە، لە ڕەوتی ناکۆکیەکانی نێوان حیزب و کۆمەڵەدا دیسان ئەوە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون کە بە کوشتنی فەتاح کەریمی، لە پێشدا زەربەیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دا.

بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە، لە تۆڵەی کوژرانی "فەتاح کەریمی"دا، شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور و هێندێک لە ئەندامانی کۆمیتە بڕیاری ئێعدامکردنی چەند کەسێک لە لایەنگرانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیاندا و پێیان وابوو کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە کاتی کوشتنی فەتاح کەریمی لە ماڵی ئەوان مابوونەوە و بۆیە ئەوانیش بەرپرسیارن لە کوژرانی فەتاح کەریمیدا. ئەگەر چی زۆر کەس موخالیفی ئەو بڕیارە ببوون، بەڵام ئەوان حوکمی دوو کەس بە نێوەکانی نەعمان و تاژدین خەڵکی گوندی ئیشکەسۆ بە هۆی گیان لەدەستدانی فەتاح کەریمیەوە دەردەکەن و جێ بەجێی دەکەن.

ئێعدام کردنی جەبری عەمەرزادە و فەرزندە

تێموور مورادی لە سەر ئێعدامکردنی خەڵکی سڤیل بە تۆمەتی هاوکاری و سیخوڕی لەگەڵ ڕێژیم لە لایەن هێندێک بەرپرسی ناوەندی ئاگرییەوە دەڵێ کە بۆ خۆی هێشتا لە نێو حیزبدا بوو کە شاپوور شوجاعیفەرد ڕیزبەندێک لە نێوی نزیک بە سی کەسی ئامادەکردبوو و پێداگریی کردبوو کە دەبێ ئەو کەسانە بە هۆی ئەوەی کە پێوەندییان لەگەڵ ڕێژیم هەیە، ئێعدام بکرێن. بەڵام ناوبراو بۆ ئەو داواکاری و پێداگرییەی نەیتوانیبوو هۆکار و بەڵگەی جێگای پەسەند بخاتە ڕوو و ئەندامانی کۆمیتەی ئارارات ئیقناع بکا. بۆیە ئەو داواکارییە کاتی خۆی لە لایەن کۆمیتەی ئاراراتەوە ڕەت کرابوو. بەڵام دواتر کە شوجاعیفەرد ببووە یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکیەکانی دەسەڵات لە نێو تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات دا، زۆربەی ئەو کەسانە کە نێویان لەو لیستەیەدا هەبووە، ئێعدامیان کردووە. بە وتەی زۆربەی ئینفۆرمانتەکان، ئەوانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٣٦٤ و ١٣٦٧دا لە باکووری ڕۆژهەڵات لە لایەن شاپوور شوجاعیفەرد و ناوەندی ئاگرییەوە بە تومەتی سیخوڕی ئێعدام کران، زۆربەیان کەسانێک بوون کە یان هیچ تاوانێکیان نەبوو و یان تاوانییان ئەوەندە گەورە نەبوو کە ئێعدام بکرێن. بەڵام زانیار یەکێک لە ئینفۆرمانتەکانە کە بۆچوونێکی جیاوازی هەیە لە سەر ئەم مەسەلەیە و پێی وایە کە بڕیارەکان لە سەر ئەو ئێعدامانە بە شکلێکی دەستەجەمعی و لە لایەن ئەندامانی ناوەند یان کۆمیتەی ئاراراتەوە دراوە و دوای جێبەجێبوونی ئەو بڕیارانەش، هەواڵەکەی لە ڕاگەیاندنی حیزبیدا بڵاو کراوەتەوە و بۆیە بەو مانایە دێت کە هەموو ئەو بڕیارانە ڕاست و دروست بوون. لە سەر ئەوەی کە لە نێو کەسانی ئێعدامکراودا کەسانێکی بێگۆناح هەبوون یان نا، زانیار دەڵێ کە لەوانەیە چەند کەسێکیش بێتاوان بن، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو کات ئێعدام کران، پێشتر چەندین جار هۆشداریان پێدرابوو کە دەست لە هاوکاری لەگەڵ ڕێژیم هەڵبگرن. حاجی جوندیش بۆچوونێکی لەو چەشنەیەی هەیەو دەڵێ کە پێشمەرگەکان بە هۆی ئەو سیخوڕ و خائینانەوە هیچ جێگایەکیان نەمابوو کە تێیدا بحەوێنەوە و خەڵک داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد کە ئەو سیخوڕانە تەنبێ بکرێن و بۆیە بەرپرسانی حیزبی ئەو بڕیارانەیان داوە. بە وتەی بەڕێز جوندی، بڕیارەکان بە شێوازێکی ئوسوولی و بە پێی ئوسولی ڕێکخراوەیی دراون و هەموو ئەوانەی کە دەبوایە لە دروستکردنی ئەو

بڕیارانەدا بەشدار بوونایە – سەربەخۆ لەوەی کە موافق بوون یان موخالف – تێیدا بەشدار بوون و ئەوانەی کە دەنێردران بۆ وەها مەئموورییەتێک، تەنیا جێبەجێکاری بڕیارەکانی ناوەند بوون. ئەوە جێگای پرسیارە کە گەلۆ بڕیاری ئێعدام دەبێ بە گوێرەی ئوسوولی ڕێکخراوەیی (تەشکیلاتی) بێ و یان پرسێکی گرێدراو بە دادپەروەرییە و پێویستیی بە مەحکەمە هەیە!؟ عسمەت عەبدی کە بۆ خۆی یەکێک لە بەرپرسانی ئەو کات و هاورێیەکی نزیکی زانیار و شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوورە، کاتێک کە لە سەر ئەو ئێعدامانە پرسیاری لێ کراوە، بە تایبەتی لە سەر ڕزا فەریدی خەڵکی گونبەد، ناوبراو دەڵێ کە بۆ خۆی موخالیفی ئەو ئێعدامانە بووە. لە ٢٩ی جووزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی، بەرامبەر لەگەڵ ١٩ی ژووئەنی ١٩٨٥ی زایینیدا دوو کەس بە نێوەکانی فەرزندە خەڵکی گوندی کورمک و جەبری عەمەرزادە خەڵکی گوندی هەلەقۆشک، لە گوندی هەڵەقۆشک لە لایەن پێشمەرگەکانەوە و بە بڕیاری کاشفپوور و شوجاعیفەرد دەستبەسەر دەکرێن. تاوانی ئەوان ئەوە بووە کە فەرزندە پێشمەرگە بوو و بە هەر هۆیەک پێشـمەرگایەتی پێی نەکراوە و هەڵاتووە کە بچێت خۆی تەحویل بداتەوە و بۆیە دەچێتە گوندی هەلەقۆشک و لەماڵی جەبری عەمەرزادە خۆی دەشارێتەوە. بەرپرسانی ناوەندی ئاگری پێی دەزانن و دەستەیەک لە پێشـمەرگەکان دەنێرن و دەیانگرن و دەیانهێنن. هەردووکیان لە لایەن شاپوور شوجاعیفەرد و کەسێکی دیکەوە لە نزیک گوندی بۆتک و هەلەقۆشک ئێعدام دەکرێن. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە چەندین هاوگوندیی جەبری عەمەرزادە کە پێشمەرگە بوون، لەگەڵ عەلی کاشفپوور و ئەوانەی دیکە قسەیان کردبوو و بێتاوانیی نێوبراویان پشتڕاست کردبوو. هاشم ئیبراهیمزادە لە سەر کوشتنی جەبری عەمەرزادە و فەرزندە دەڵێ: "ئێمە لە پشتی بوتک و هەلەقۆشک بووین کە دیتم جەبری عەمەرزادەی کوڕی سلێمانیان هێناوە. کاتێک کە لە شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوانم پرسی کە بۆ چی ئەویان هێناوە، لە وڵامدا گوتیان کە ناوبراو خزمی "مستۆیی عەمێ"یە. منیش پێم وت کە ڕاستە ناوبراو خزمی "مستۆیی عەمێ"یە [مستەفا سوڵتانی]، بەڵام تا ئێستا تاوانێکی هەبووە؟ گەلۆ تا ئێستا هیچ پێشمەرگەیەکی بە شەهیدکردن داوە؟ ئێوە ناتوانن بیکوژن. بەیانی جەژنە (جەژنی ڕەمەزان). بەری دەن با بڕوات." هاشم ئیبراهیمزادە لە درێژەی باسەکەیدا لە سەر ئەم مەسەلەیە دەڵێ کە لە بەر ئەوەی کە کارێکی بۆ هاتبووە پێش و دەبوایە بچووبایە بۆ گوندی چەمان کە کەسێک ببینێ،

بۆیە بە ئەسەد تەمەرزادە و ئەوان ڕاسپاردبوو کە مەهێڵن هیچ بەڵایەک بە سەر جەبری عەمەرزادە [کوڕی سلێمان عەمەرزادە] بێنن و هەوڵ بدەن کە بینێرن با بڕوات. بەڵام دواتر شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوان هەردووکیانیان ئێعدام کردبوو و هەر ئەم ڕۆژەش فەرمانی ئێعدام بۆ چەند پێشمەرگەش کە دووانیان پلەی فەرماندەریی نیزامییان هەبوو (سەردەستە بوون)، دەرکردبوو لە کاتێکدا کە هاشم ئیبراهیمزادە کە جێگری فەرماندەری هێز بوو، هەر لەو بڕیارە ئاگاداریش نەکرابوو.

ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵێ کە ئەوان لە "گەلیێ گووزا"، لە پشتی گوندی هەلەقۆشک بوون کە جەبری عەمەرزادەیان هێنا و دواتریش ئێعدامیان کرد. بە وتەی کوهەنساڵ، هاشم ئیبراهیمزادە بە ئاشکرا ڕەخنەی گرتبوو و وتبوو کە ئەوانە تاوانیان وا نیە کە ئێعدام بکرێن و بە تایبەتی ناوبراو جەبری عەمەرزادە کە خەڵکی گوندی هەڵەقۆشک بوو، لە نزیکەوە دەیناسی. کوهەنساڵ لە درێژەدا دەڵێ کە ناوبراو یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە لەگەڵ ئەو تیمەی کە بۆ گرتنی جەبری عەمەرزادە چووبوون، نێردرابوو. کوهەنساڵ ناوبراو بە پیرەپیاوێکی گوناحی ڕەبەن نێو دەبا کە دەم بە ڕۆژوو گیرا و ئێعدام کرا. هەروەها پێشمەرگەیەکیش [فەرزندە] کە پێشتر خۆی تەحویل دابوو و لەگەڵ جەبری عەمەرزادە گیرابوو، ئەویشیان ئێعدام کرد.

ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵێ کە دوای ئەوەی کە چەند پێشمەرگەیەک کە هاوگوندیی جەبری عەمەرزادە بوون، دژی ئێعدامی ناوبراو دەرکەوتن و پشتڕاستیان کردەوە کە ناوبراو کەسایەتیەکی بێتاوان و خالیخەڕەزە و دەبێ بەریدەن، بۆیە هیچ باسێک لە ئێعدامی ناوبراو نەبوو و پێشمەرگەکان نەیاندەزانی کە ئەوانە پیلانی کوشتنی ناوبراویان هەیە. بڕیار وابوو کە پێشـمەرگەکان ناوچە بە جێ بهێڵن و بۆیە هەر کەسێک چۆبووە بۆ مەئمووریەتێک. هەر ڕۆژی دواتر پێشمەرگەکان دەربازی ناوچەی ترگەوەڕ ببوون. بە وتەی ئەنوەر کوهەنساڵ، ئەوان دواتر زانیبوویان کە جەبری عەمەرزادە و فەرزندە ئێعدام کراون. بەڵام ئەوەی کە کێ حوکمی ئێعدامی ئەوانیان جێبەجێ کردبێ، کوهەنساڵ بێئاگایی خۆی لەو بوارەوە دەردەبڕێ. کاتێک کە پێشمەرگەکان بەرەو ترگەوەڕ حەرەکەت دەکەن، چەند پێشمەرگەیەک هاوڕێ لەگەڵ عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد لە لای جەبری عەمەرزادە و فەرزندە مابوون.

بە وتەی کەسێک خەڵکی هەڵەقۆشک، پێشمەرگەکان یەکەمجار جەبری

عەمەرزادەیان گرتبوو. دواتر کە فەرزندە دەگرن و ئەو دان بەوە دادەنێ کە لە ماڵی جەبری عەمەرزادە خۆی حەشار دابوو و بە جۆرێک جەبری عەمەرزادە هاوکاریی کردبوو بۆ ئەوەی کە بتوانێ دەرباز بێ و خۆی تەسلیم بکا، بەرپرسانی ناوەندی ئاگری بڕیاری ئێعدامی هەردووکیان دەدەن. شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئێعدامی جەبری عەمەرزادە و فەرزندە بووە هۆکار کە تاوانەکە بکەوێتە ئەستووی سامی حاتەمیپوور و دواتریش ئامووزایەکیان بە نێوی هاشم حاتەمیپوور کوڕی حاجی کامل خەڵکی هەڵەقۆشک لە لایەن جاشەکانەوە کە خزمەکانی فەرزندە بوون و بۆ ماوەیەک لە پادگانی گوندی هەڵەقۆشکدا دەمانەوە، بکوژرێ و زۆر کەس شکیان بۆ ئەوەش دەچوو کە بنەماڵەی جەبری عەمەرزادەش بە جۆرێک لەو کارەدا تێوەگلابن. بەڵام ئەوان بە هەموو شێوەیەک ئەو تاوانەیان ڕەت کردەوە و هیچ بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو بنەماڵەیە تێدا دەستی هەبووبێ، نیە.

هێندێک لەو کەسانەی کە ئێعدام کراون بە تاوانی هەبوونی خزمایەتی بووە لەگەڵ جاشێک بە نێوی مستەفا سوڵتانی کە دەستی هەبوو لە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لەو پێشمەرگانەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە شەڕی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا گیانیان لە دەستداوە. ڕزا فەریدی، جەبری عەمەرزادە خەڵکی هەلەقۆشک و کەسێک لە گوندی باوان کە ئامووزا یان خزمی ئەو جاشە بوون، لەو کەسانەن کە بە هۆی خزمایەتی لەگەڵ ناوبراو بە هۆی هەبوونی هاتوچوو لەگەڵ ئەو جاشە، ئێعدام کراون. ئەوە یەکێک لەو خاڵانەیە کە هاشم ئیبراهیمزادە قامکی لە سەر دادەنێ و پێی وایە کە ئەو کارانە زەرەری هەبوو بۆ شۆڕش. هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە زۆربەی ئەو ئێعدامانە بە دەستی تیمی زەربەت و بە فەرمانی شاپوور شوجاعیفەرد جێبەجێ کران. کە ئێمە لێرەدا باس لە شاپوور شوجاعیفەرد دەکەین، عەلی کاشفپوور و ئەندامانی دیکەی ناوەندی ئاگرییش لە خۆ دەگرێتەوە. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئینفۆرمانتەکان ئەمە پشتڕاست دەکەن کە عەلی کاشفپوور هەموو کاتێک لە ژێر کاریگەریی شاپوور شوجاعیفەرددا بووە و ئەندامانی دیکەی ناوەندیش یان هاوڕابوون لەگەڵ ناوبراو و یان بێدەنگ بوون لە بەرامبەریدا. عسمەت عەبدی ئەوە پشتڕاست دەکا کە عەلی کاشفپوور هەموو بڕیارەکانی شاپوور شوجاعیفەردی بە بڕیارەکانی خۆی دەزانی بەڵام لە دواییدا بۆی دەرکەوتووە کە وا نیە. بەڵام لە سەر ئەوەی کە چۆن "دوای

دەرکەوتووە کە وا نیە" هیچ شتێکی ڕوون نەکردووتەوە.

نایب موشایخی دەڵێ کە شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور بە هۆی ئەو کارانەوە وەک دووانەیەکی تۆقێنەر لە نێو خەڵکدا نێویان دەرکردبوو کە نێویان دەبووە هۆی ترسانی خەڵک. بەڵام هەروەها دەڵێ کە عەلی کاشفپوور کەسێکی ڕاستگۆ و سادق بووە و بە هۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ شاپوور شوجاعیفەرد و لە بەر ئەوەی کە کاشفپوور لە ژێر کاریگەریی شوجاعیفەرددا بووە، بۆیە ناوبراو لە ژیانی سیاسیی خۆیدا تووشی چەندین هەڵەی گەورە بوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەنوەر کوهەنساڵ پێی وایە کە ئەگەر چی بڕیادەری سەرەکی بۆ هەموو پرسەکانی سیاسی، ئابووری و ...هتد شاپوور شوجاعیفەرد بوو، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکار کە ئەندامانی دیکەی کۆمیتەکان یان ناوەندی ئاگری لەو کارانەدا کە کراون، لە بەرپرسایەتی بێبەری بکرێن. هەر یەک لە بەرپرسان کە دەنگی نارەزایەتیان دەرنەدەبڕی، هەر وەک شاپوور شوجاعیفەرد بەرپرسن لە بەرامبەر هەموو ئەو کارانەدا. ئەگەر قسەکانی ئەنوەر کوهەنساڵ بۆ ئەو مەسەلانە بە بنەما بگرین، ئەو بەرپرسایەتیە دەکەوێتە سەر شانی کەسانێک وەک عسمەت عەبدی، جەعفەر حامدی، بەهادور بەهادوری و هەموو ئەندامانی دیکەی ناوەندی ئاگری. مرۆڤەکان لە بەرامبەر کردەوەکانیاندا بەرپرسیارن و ئەوەی کە بەرپرسایەتیی گەورەتری هەبووبێ، بێگومان لە دانی بڕیاری هەڵەشدا، تاوانەکەی گەورەترە.

کاتێک کە پێشـمەرگەکان لە پشتی گوندی چەمان بوون، لە ڕێکەوتی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٦٤دا بڕیاری ئێعدامی چوار پێشمەرگە درابوو کە سێ لە وان پێشتر بە ئیجازەی هێز بۆ سەردانی بنەماڵەکانیان ڕۆیشتبوون و چوارەمین کەسیشیان تازە هاتبووە بۆ پێشـمەرگایەتی و یەکێک لە غەدرلێکراوترینی ئەو کەسانە بووە کە تا ئێستا باسمان کردوون کە بە دەستووری ناوەندی ئاگری و بە تایبەتی شەخسی شاپوور شوجاعیفەرد و بێدەنگی و یان هاودەنگیی عەلی کاشفپوور و ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ئارارات لەگەڵ بڕیارەکانی شوجاعیفەرد، ئێعدام کراون. هەموو ئەندامانی ئەوکاتی ناوەندی ئاگری کە لە پشتی گوندی چەمان حزووریان هەبووە، هەر کامەیان بە ڕادەی خۆی لەو کارەدا تاوانبارن. ئەو چوار پێشمەرگەیە بریتین لە عادڵ شەریفی، ئیبراهیم کوڕی ئەحمەدی خەزایی خەڵکی گوندی زێندەشت، نایب کۆسە خەڵکی سیدا و سدیق. بۆ ئەوەی کە مەسەلەی چوونیەتی بڕیاردان و ئێعدامی ئەو پێشمەرگانە بە تەواوی ڕوون ببێتەوە، چوونیەتیی ئەو ڕووداوە بە کەڵکوەرگرتن لەو زانیارییانەی کە لە ئینفۆرمانتەکان وەرگیروان، لە خوارەوە باس دەکرێت: نایب موشایخی لە سەر چوونیەتیی بڕیاردان بۆ ئێعدامی ئەو پێشمەرگانە دەڵێ کە بڕیارەکە زۆر بە نهێنی لە لایەن کۆمیتەوە درابوو و بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش، وەک ئەرک بە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان سپێردرابوو. نایب موشایخی بێئاگایی خۆی لەو مەسەلەیە دەردەبڕێ کە هاشم ئیبراهیمزادە لەو بڕیارە ئاگادار بووە یان نە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ خۆیدا دەڵێ کە بۆ خۆی ئاگاداری نەبووە تا جێبەجێش کراوە. نایب موشایخی و زانیار لە سەر تاوانی ئەو کەسانە بە یەک جۆر باس دەکەن. بەڵام جیاوازییان لێرەدایە کە نایب موشایخی لە زمانی بەرپرسانی ناوەندەوە ئەو تۆمەتانەی کە گوێ لێ بووە باس دەکا، بەڵام زانیار گۆیا بۆ خۆی ئەو زانیارییانەی لە خەڵک وەرگرتووە و دەڵێ کە زانیارییان پێ گەیشتووە کە گۆیا ئەو کەسانە لە ناوچە خەریکی دزی، دەستدرێژی و ڕێگری بوونە و پێوەندییان بە بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیمەوە هەبووە. بەڵام نایب موشایخی دەڵێ کە ئەگەرچی باسی ئەو تۆمەتانە دەکرا، نە ئەو کات و نە دواییش هیچ کەسێک کە گلەیی هەبووبێ لە سەر ئەو پێشمەرگانە نەهاتوون کە لای حیزب سکاڵا بکەن. بەڵام زانیار تەنیا ئینفۆرمانتێک بوو کە ئەو تاوانە بە ئاشکرا دەداتە

پاڵی ئەو پێشـمەرگانە. تەنیا شتێک کە نایب موشایخی وەک شک و گومان باس دەکا، ئەوەیە کە ئەو پێشمەرگانە کە ڕۆیشتبوون، کەسێک بە دڵنیایی نەیدەزانی کە گەلۆ ئەوانە جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ لای حیزب و یان دەچن و تەسلیم دەبن. بە وتەی نایب موشایخی "ئەوان لە کونترۆل دەرچووبوون." زانیار دەڵێ کە ناوەندی ئاگری ٢-٣ جار (حیزب) بە ڕادیۆ پەیامیشی دابوو و ئاگاداریانی کردبوو کە بگەڕێنەوە، بەڵام نەگەڕانەوە. "لە دواییدا حیزب تەماشای کرد ئەوانە کەوتوونەتە خەتی ڕێژیم، و هەتا مومکین بوو چەکیشیان لە دەوڵەت وەرگرتبێ کە شەڕی حیزبی پێ بکەن، حیزبیش نارد و کوشتنی." شتێک کە زۆر سەرنجراکێشە، ئەوەیە کە زانیار لە دوای ئەو وتانە، کاتێک کە بەرەورووی پرسیار دەکرێ کە گەلۆ ئەوانە کە پێشمەرگەبوون و پێشمەرگەش بۆ خۆی کەسێکی چەکدارە و مەگەر ئەوانە چەکی حیزبیان پێ نەبوو و ئەگەر چەکی حیزبیان پێ بووبێ، چ پێویست بەوە دەکا کە بچن و چەک لە ڕێژیم وەربگرن و ئەگەر دڵی خیانەتیان هەبوایە، هەر لەو چەکە کە لە دەستیاندا بوو، کەڵکیان وەرنەدەگرت!؟ کە زانیار لە وڵامدا دەڵێ "زاتەن هەر کەسێک کە بڕۆیشتبایە، چەکی حیزبیشی وەک دیاری بۆ دەوڵەتی دەبرد. خەڵاتێکیان بۆ دەوڵەت دەبرد." کەسێک کە لە نزیکەوە لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکان مابوویەوە و بەڵام توانی بە هۆی هاوڕێیەکی خۆیەوە کە لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی کە ئەرکی ئێعدامی ئەو پێشمەرگانەیان پێ ئەسپێردرابوو، لەو خەتەرە ڕزگار ببووە، هەموو ئەو تۆمەتانەی کە وەپاڵ ئەو چوار پێشمەرگەیە دراون کە ئێعدام کراون، ڕەت دەکاتەوە. لە سەر پەیامەکانی ڕادیۆیی ناوەندی ئاگریش دەڵێ "ناوەندی ئاگری جاری یەکەم پەیامیان بە ڕادیۆ نارد کە ئێمە بگەڕێنەوە و بچینە لای هێز، بەڵام دواتر پەیامێکی دیکەیان بە ڕادیۆ نارد کە پێویست نیە کە ئێمە بگەڕێنەوە بۆ لای هێز بەڵکوو پێوستە هەر لەو ناوچەیەی کە لێی دەماینەوە، بمێننەوە و خۆمان بپارێزین ئەوە هێزیش هەر بەرەو ئەو شوێنە دێت کە ئێمە لێی بووین." ئەوە تەنیا ئینفۆرمانتێکە کە زانیاریی تەواوی هەیە لە سەر ئەو تیمەی عادڵ شەریفی و هاورێیانی و تەنیا کەسێکیشە لەو تیمە کە تا ئێستا لە ژیاندایە. حاجی جوندی و زانیار لە سەر چوونیەتی پرۆسەی بڕیاردان بۆ ئێعدامی کەسێک بیروبۆچوونیان زۆر لە یەک نزیکە. زانیار دەڵێ کە تەشکیلاتی هەر ناوچەیەک ناچار بوو کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە مانگێ جارێک، سێ مانگ جارێک یان شەش مانگ جارێک بوایە، ڕاپۆرتی

ناوچەی تێکۆشانی خۆی بدابایە بە کۆمیتەی شارستان. ئەو ڕاپۆرتانە هەموویان لە کۆبوونەوەکانی ناوەند یان کۆمیتە شارستاندا دەکەوتنە بەر باس و بڕیاریان لە سەر دەدرا. بە وتەی ناوبراو، هیچ کەسێک بە بێتاوان ئێعدام نەکراوە و لانی کەم دوو جار و سێ جار ئاگادار کراون کە دەست لە کارە خراپەکانیان هەڵبگرن. ئەوانەی کە قسەیان لە سەر بوو، لە لایەن ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیەوە دەکەوتنە بن چاودێری و ڕاپۆرتەکان دەگەیشتنە دەستی حیزب، کە بۆ نموونە فلان کەس کام ڕۆژ و لە کوێ چاوی بە کام کاربەدەستی ڕێژیم یان فەرماندەی هێزەکانی ڕێژیم کەوتووە. بە وتەی ناوبراو، حیزب بە چەند مانگ کاری لە سەر دەکردن تا کو لە کۆتاییدا بڕیارێکی دەدا. زانیار ئینکاری ئەوە ناکا کە لەوانەیە بە دەگمەن کەسانێکی بێتاوان و لە سەر پرسی شەخسیش تێیدا هەبووبن کە ئێعدام کرابن، بەڵام زۆربەیان (ئەوەی کە بۆ خۆی دەڵێ، لە سەدا ٩٠) شایانی ئەوە بوون کە ئێعدام بکرێن. حاجی جوندی دەڵێ کاتێک کە ڕێژیم حاکمیەتی پەیدا کرد، خەڵکیان چاوترسێن کرد. هێندێک کەسی هەڵپەرەستیش هەبوون کە چوون و بوون بە سیخوڕ. ناوبراو کە باسی هەلومەرجی ئەو کات دەکا، دەڵێ کە پێشمەرگەکان مەجالیان نەمابوو لە دۆڵێکیشدا بمێننەوە و هەر ڕۆژ چەندین جار هێرش دەکرایە سەر پێشمەرگە و ئەو شتەش کاریگەریی هەبوو لە سەر وڕەی پێشمەرگە و بۆیە دەیانپرسی کە "حیزب بۆ سیخوڕەکان ناکوژێ؟ ئەو لە کاتێکدایە کە ئەوان ناهێڵن پێشمەرگەکان لە دۆڵێکیشدا بحەسێنەوە." حاجی جوندی نایشارێتەوە کە بۆ خۆشی لە ژێر کاریگەریی جەوی ئەو کاتدا بووە و بۆ نموونە وتوویەتی "کابرایەکی هیچ و پووچی خۆفرۆش بۆ وا لە ئێمە دەکا!؟" ناوبراو هەروەها دەڵێ کە سەرەڕای پێشمەرگەکان، خەڵکیش فشاری دەهێنا بۆ پێشمەرگەکان کە بۆ نموونە "فلان کەس بووە سیخوڕ و لە پایەگا نایەتە دەر و بە ئاشکرا لەگەڵ سوپای پاسداران پێوەندیی هەیە و لێرە دەستی خۆی دەهەژێنێ و دێ و دەڕوا و هیچ کەسیش هیچی پێ ناڵێ. بۆ نایکوژن!؟" بە وتەی حاجی جوندی، دوای ئەوەی کە خەڵک گوشارێکی یەکجار زۆریان بۆ حیزب هێنابوو لە سەر مەسەلەی سیخوڕەکان، کۆمیتە کۆ بووتەوە و چەند کەسێک کە بە موشەخەس و دیاریکراو کاری سیخوڕییان دەکرد، بڕیاریان لە سەر درا و ئێعدام کران. کە جوندی دەڵێ کە ئەو کەسانە لە لایەن حیزبەوە ئێعدام کران و لە سەر ڕادیۆی حیزبیش هەواڵەکەیان بڵاو کراوەتەوە. ناوبراو هەروەها لە سەر چوونیەتیی بڕیاردانیش دەڵێ کە کادرەکانی

ئەو کات هەمویان لە بڕیارداندا بەشدار بوون و هیچ بڕیارێک شەخسی نەبوو. بەڵام باسی هەر جاسووسێک کرابا، دەبوایە کادرەکانی ئەو دەڤەرە هۆکارەکانیان هێنابا بەر باس و دواتر بڕیاری گشتی لە سەر بدرابایە. زانیاریش دەڵێ کە تەنیا خەڵک لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا ئێعدام نەکراون. لە کرماشانەوە بگرە، لە سنەوە بگرە تا دەچێتە کوێ (بێجگە لە پارێزگای ئیلام کە ئەو کات حیزب لێ نەبووە) لە هەموو ناوچەکانی دیکە سیخوڕ ئێعدام کراون و لە سەر ڕادیۆش بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر سیخوڕ نەبوون، با ڕادیۆ بڵاوی نەکردبان. خۆ ڕادیۆ لە بەر دەستی دەبیرخانە/سکرتاریادا بووە. بەڵام ئەوەی کە ڕادیۆ چوون هەواڵێکی بڵاو دەکردەوە، هەم سلێمان کەلەشی و هەم ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵێن کە ئەوەش ڕووتینی کاری خۆی هەبووە. هەر چی هەواڵێک کە لە کۆمیتە شارستانەکان، ناوەندەکان یان مەڵبەندەکان بنێردرابایە بۆ ڕادیۆ، بڵاو دەکرا و ڕێبەرایەتیی حیزب متمانەی بە کادرە ناوچەییەکانی خۆی هەبوو و لە لایەکی دیکەشەوە، تەنیا یەک ڕێگای پێوەندی لەگەڵ مەرکەزیەتی حیزب هەبوو کە لە ڕێگای بێسیمەوە بوو و ئەویش هەر لە بەر دەستی بەرپرسانی سەرەکیی ئۆرگانەکاندا بوو. بەو واتەیە کە خوێندنی هەواڵێک لە ڕادیۆ ناتوانێ بێتە ئەو مانایە کە ئەو کەسەی نێوی وەک سیخوڕ خوێندراوە، حەتمەن سیخوڕ بووە و یان ئەوەی کە حیزب بڕیارەکە بە بێ کەموکوڕیی زانیوە و بۆیە جێبەجێ کراوە. بە کورتی خوێندنی هەواڵەکە بە مانای دادپەروەرانەبوونی بڕیار و جێبەجێکردنی نیە. کە دواتر بیروڕای دوکتور قاسملووش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئێعدامانەدا باس دەکرێت کە ئەویش موخالیفی ئەو جۆرە ئێعدامانانە بووە و ڕەخنەی لە کار و کردەوەکانی بەرپرسانی ناوەندی ئاگری گرتووە لە سەر ئەو کردەوانەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان داوە.

سلێمان کەلەشی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە چ ئەو ئێعدامانانەی کە دوای گیانلەدەستدانی فەتاح کەریمی لە گوندی ئیشکەسۆ جێبەجێ کران، چ ئێعدامی ئەو چەند پێشـمەرگەیە و چ ئێعدامی جەبری عەمەرزادە و ئەوان، هۆکاربوون بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە نێو هێزی سەرگورد عەباسیدا. ناوبراو دەڵێ کە بە تەواوی ناتوانێ تەنیا قامک بخاتە سەر یەک مەسەلە کە بڵێ ناکۆکیەکانی ئەو کات بە دروستی لە سەر چی بوون. لە بەر ئەوەی کە پێشتر زۆرتر مەسەلەی یارمەتیی مانگانە و چوونیەتی بەڕێوەبەری و ڕەخنە لە ڕێبەری و کۆمیتەیان هەبوو و هاشم ئیبراهیمزادەش یەکێک بوو لە ڕەخنەگران.

کەلەشی لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ کە بڕیاردان لە سەر مەسەلەکان لە دەستی ئەندامانی کۆمیتەی ئارارات و یان کۆمیتە شارستاندا بوو و بەرپرسانی پایەبەرز و فەرماندەری هێز تێیدا بەشدار بوون و بۆیە زانیاریی نیە لە سەر پرۆسەی چوونیەتیی بڕیاردان و ئەوەی کە کێ و بە چ شێوەیەک لە پرۆسەی بڕیارداندا ڕۆڵی هەبووبێ و یان "سووئیستفادە"یان لە کەسێک کردبێ یان نە. بەڵام حاجی جوندی دەڵێ کە هەر بڕیارێک کە دەدرا، بڕیاری کۆمیتە بوو. دواتر مەئموورییەتیان دەدا بە پێشمەرگە و یان دەستەیەک دەچوون بۆ جێبەجێکردنی. بە بڕوای حاجی جوندی، بڕیاری تاکەکەسی وەک شەخس ئیمکانی نەبوو.

بەڵام ئەنوەر کوهەنساڵ بە پێچەوانەی ئەوانە بیر دەکاتەوە و پێی وایە کە "ڕەخنەگر"یش لە لایەن عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەردەوە ئێعدام دەکران و ئەوان تەحەمولی بچووکترین ڕەخنەیان نەبوو. بۆیە ئەنوەر کوهەنساڵ و هاشم ئیبراهیمزادە یەک بۆچوونیان هەیە لە سەر هۆکاری ئێعدامکردنی ئەو چوار پێشمەرگەیە کە دوانیان بەرپرسایەتیی باڵایان هەبوو لە نێو پێشمەرگەکاندا. ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵێ کە لەو چوار پێشمەرگەیە کە ئێعدام کران، دوانیان سەردەستە بوون. ئەوان بۆ ئیجازە چووبوون کە بچن ژن و منداڵیان ببینن و بە دەستووری فەرماندەری هێز چووبوون و ئیزنیان لە فەرماندەری هێز وەرگرتبوو. بەڵام ئەوانە ئەگەر دەرەنگ کەوتبن و لە کاتی خۆیاندا نەگەڕابنەوە، ئەوە دەبێتە بەحسێکی دیکە. ناکرێ درەنگ هاتن بکرێتە بەهانە بۆ ئەوەی کە بڕیاری کوشتنی کەسێک بدرێ. ئەنوەر کوهەنساڵ هەموو ئەو تۆمەتانەی کە کاتی خۆی درابوونە پاڵ ئەو پێشمەرگانە و زانیاریش بەشێک لەو تۆمەتانەی دووپات کردەوە و لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ دا، ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ کە ئەوانە نە هیچ جینایەتێکیان کردبوو، نە کەسێکیان کوشتبوو، نە کەسیان تالان کردبوو و نە خەدریان کردبوو و نە کارێکیان بە دژی حیزب کردبوو. کوهەنساڵ نەک خۆی، بەڵکوو دەیان کەسی دیکەش بە شاهد دەگرێ لە سەر ئەو مەسەلەیە و دەڵێ کە هیچ یەک لەوان، نە عادڵ شەریفی و ئیبراهیم خەڵکی زێندەشت کە سەردەستە بوون و نە نایب کۆسە کە پێشمەرگە بوو و نە سدیق کە تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، هیچ تاوانێکیان نەکردبوو کە بەو تاوانە ئێعدام بکرێن. ئەمە لە لایەن تەنیا کەسێک کە لەو تیمەدا بە زیندوویی ماوەتەوە و لێرەدا بە نیوی کاوە کناربەرۆژی نێوی هاتووە، پشتڕاست کرا. کاوە کناربەرۆژی دەڵێ کە

ئەگەر ئەو پێشمەرگانە هەر تاوانێکیان هەبووبێ، ئەویش کە لەگەڵیان بوو، دەبێ هەمان تاوانی کردبێ و لەو تاوانەدا شەریک بووبێ. بەڵام ئەو نەکوژرا. ناوبراو نەکوژرانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەئموورییەتە ئەرکدار کرابوون. ئەو پێشمەرگەیە لەگەڵ ئەندامانی تیمەکە باسی کردبوو کە نابێ کاوە کناربەرۆژی بکوژرێ و دەبێ بە جۆرێک لە ئەوانەی دیکە جیا بکرێتەوە. کە هەر ئەوەش کرابوو. ناوبراو دەڵێ کە بۆ سدیقیش دەیانتوانی هەر ئەو کارە بکەن. سدیق تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی و هەر ئاگای لەوە نەبوو کە خیانەت چیە. بەڵام نەیانکردبوو و ئەویشیان ئێعدام کردبوو. ئەنوەر کوهەنساڵیش دەڵێ کە ئەگەر ئەوان هیچ تاوانێکیان نەبوو و ئەگەر بە هۆی دەرەنگکەوتنیشیان تەنبێ کرابان، بە پێی ئوسوول و پرەنسیپی حیزبی، دەبێ بە دەم و یان نووسراوە سەرکۆنە کرابان و یان لە بەر دەرەنگکەوتنیان ڕەخنەیان لێ بگرتایە. ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵی کە بە هۆی ئێعدامی جەبری عەمەرزادە و فەرزندە و ئێعدامی ئەو چوار پێشمەرگەیە و ئەوانی دیکە، پێشمەرگەکان تەنانەت نەیاندەوێرا ڕەخنەش بگرن. تەنیا کەسێک کە دەیتوانی ڕەخنە بگرێ و ئەو کاراکتێر و ئیمتیازەی هەبوو، هاشم ئیبراهیمزادە بوو. بۆیە ئەگەر پێشمەرگەیەکیش قسەیەکی بکردبایە، هەر لە سەر حیسابی هاشم ئیبراهیمزادە ئەژمار دەکرا، بۆیە عەلی کاشفپوور و ئەوانیش تەنیا ڕەخنەکانیان بەرەورووی هاشم ئیبراهیمزادە دەکرد.

ئەنوەر کوهەنساڵ لە سەر ئەوەی کە بۆ تەنیا هاشم ئیبراهیمزادە دەیتوانی ڕەخنە لە ناوەند بگرێ، دەڵێ "هاشم کەسێک بوو کە بوێریی ئەوەی هەبوو کە ڕەخنە بگرێ، توانای هەبوو کە ڕەخنە بگرێ و دەیزانی کە چوون ڕەخنە بگرێ. کاتێکیش کە ڕەخنەی دەگرت، لێیان نەدەدا بیکوژن و تەوهینیان پێ نەدەکرد. نە ئەوەی کە تەنیا هاشم ئیبراهیمزادە دەیزانی و ئاگاداری مەسەلەکان بوو، بەڵکوو زۆر کەسی دیکەش هەبوون و دەیانزانی؛ بەڵام لە ترسی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور لە خۆیانڕا نەدەدیت کە ڕەخنە بگرن. دەنا زۆر کادر و فەرماندەری لێهاتوو هەبوون و کەسانی زۆریش قارەمان بوون.

ئەنوەر کوهەنساڵ کە دواتر خۆی ببوو بە بەرپرسی کۆمیتەی سەڵماس و لە ڕووتینی ناردنی هەواڵ لە ناوچەوە بۆ مەرکەزییەتی حیزب و ڕادیۆ دەنگی

کوردستان ئاگادارە و بە کردەوە ئەزموونی هەیە. ناوبراو دەڵێ: "بێجگە لە هەواڵی ئێعدامی ئەو چوار پێشمەرگەیە کە کاتی زۆری پێ چوو و بە ناچاری حیزب لە ڕادیۆ بڵاوی کردەوە، ئەو گوزارشەکانی دیکە کە ئێعدامی کەسنێکی سڤیل بوو، دەیاننارد‌ەوە بۆ ڕادیۆ و دوای چوار ڕۆژ لە ڕادیۆ بڵاو دەکرا.

"کۆهەنساڵ هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا لە سەر ئەم مەسەلە دەڵێ کە عەلی کاشفپوور بەرپرسی ناوەند و ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی بوو. دوایی ئەو ناوەندە، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەیە، موشاویری هەیە، فەرماندەری هێزی هەیە و کادری هەیە. کاتێک کە ڕاپۆرتێکی وا بگاتە دەفتەر، ئیدی کێ دەمێنێ کە ئەو ڕاپۆرتە لە ڕادیۆ بڵاو نەکا!؟ دوکتور سەعید شەرەفکەندی ئەو کات بەرپرسی ڕادیۆ بوو و عەبدوللا حیجاب، تاها عەتیقی و ئەحمەد شێربەگی و ئەوانیش لە ڕادیۆدا کاریان دەکرد. مەگەر کێ دەیزانی کە ئەو کارە بە کام هۆکار کراوە!؟ ئەگەر دەفتەری سیاسی لە سەر مەسەلەیەکی وەهاش پرسیارێکی هەبووبێ، ئەو پرسیارە لە پێوەندییەکانی نێوان دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزیدا مەترەح کراوە. بەڕێز کوهەنساڵ زیاتر لە سەر بۆچوونی خۆی پێداگری دەکاو دەڵێ "من کە بەرپرسی کۆمیتەی سەڵماس بووم، سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیش نەبووم، هەر چی ڕاپۆرت کە من ناردوومن بۆ ڕادیۆ، بە بێ شک و گومان بڵاو کراونەتەوە. شێوازی کاری حیزبی بەم شێوازە بوو". ئەو وتانەی کوهەنساڵ گرینگن بۆ ئەوەی کە بزانین کە خەتای ئەو ئێعدامانانە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور. بەڵکوو هەموو ئەوانەی دیکەش کە بەرپرسایەتیەکانیان لە سەرەوەدا باس کرا، چ لە بڕیارداندا بەشدار بووبن و یان لە بەرامبەر ئەو بڕیارانەدا بێهەڵوێست بووبن، لە خوڵقانی ئەو تاوانانەدا بەرپرسیارن. بەڵام لە سەر ئەو مەسەلەیە عەبدوللا حیجاب کە لە ڕادیۆدا کاری کردووە، بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە دوکتور شەرەفکەندی ئەو مژارەی کردبێتە پرسیار و یان شتێکی لە کاشفپوور پرسیبێ.

ئەنوەر کوهەنساڵ لە سەر ئەوەی کە کێ لە بڕیاری کوشتنی ئەو پێشمەرگانە ئاگادار بوو، دەڵێ کە ئەوانەی کە کادر و پێشمەرگە بوون، لەو بڕیارە ئاگادار نەبوون. ئەوانەی کە ئاگادار بوون، ئەندامانی ناوەند بوون کە دەیانزانی وەها

بڕیارێک دراوە. ئەو کەسانە بریتیبوون لە مەلاخالد باقی، بەهادور بەهادوری، عسمەت عەبدی، شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور. ئەو پێشمەرگانەی دیکە تا نەچووبوون بۆ دەفتەری سیاسی، ئاگادار نەبوون کە چ باسە. بە وتەی ئەنوەر کوهەنسالْ دەبێ زیاتر لە چوار مانگ لە سەر ئەو جەرەیانەدا تێپەڕیبێ کە هەواڵەکەیان زانیوە.

لە سەر چوونیەتیی ئەو ڕووداوە هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ: "هەر ئەو کاتەی کە جەبری عەمەرزادە و فەرزندەیان گرتبوو، من دەبوایە بۆ دیتنی کەسێک بچوومایە بۆ گوندی چەمان. پێش ڕۆیشتنم بە ئەسەد تەمەرزادەم وت کە نابێ بهێڵن جەبری عەمەرزادە و فەرزندە ئێعدام بکرێن و بەریاندەن با بڕۆن. هەر لەو نێوانە کە چووم و گەڕامەوە، ئەوان بڕیاری کوشتنی ٣-٤ پێشمەرگەشیان دەرکردبوو. بڕیاری کوشتنی ئەو چوار پێشمەرگەیە دەگەڕیتەوە بۆ هێندێک ڕووداوی پێشوو کە لە گوندی میرداوود ڕوویان دا. هەر ئەو کات کە پێشمەرگەکان هەڵوێستیان گرت و ئیعترازیان کرد لە بەرامبەر ڕەفتاری ئەندامانی ناوەند و ئەوەی کە پێشمەرگەکان چەندین مانگ بوو یارمەتیان وەرنەگرتبوو. بۆیە هەر وەک کە پێشتریش باس کرا، من بە ناچاری چووم و بۆ یارمەتیی پێشمەرگەکان پارەم لە خەڵک قەرز کرد کە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ. دواتریش ئێمە کەوتینە نێو گوندەکان و یارمەتیمان کۆ کردەوە کە بتوانین ئەو قەرزە پێی بدەینەوە.

کاتێک کە ئێمە لە کارێز گەڕاینەوە، عادڵ شەریفی خەڵکی بەلەهی، ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد خەزایی [ناوبانگەکەیم نەدۆزیەوە]، نایب کۆسە و پێشمەرگەیەک یان دوو پێشمەرگەی دیکەش، پێیانم ڕاگەیاند کە بەیانی ئێمە دێین بۆ گوندەکانی بەلەهی و بلەخۆ و لەو گوندانەش یارمەتی کۆ دەکەینەوە. ئێوە دەتوانن بچن و ژن و منداڵەکانتان ببینن. ئێمە هەر لە گوندی گولانک دەمێنینەوە. کاتێک کە چووین بۆ گوندی گولانک، لە ناکاو بەرپرسان (شاپوور شوجاعیفەرد و ئەوان) بەرنامەیان گۆڕی. وتیان نە والا ئێمە ناچین بۆ بەلەهی و بلەخۆیان و دەچینەوە بەرەو گوندی گێچە. ئەمانە بە عەمد بەرنامەکەیان گۆڕی و لە نەبوونی ئیمکاناتی پێوەندیگرتن وەک بێسیم، ئەو پێشمەرگانە لە ئێمە دابڕین. هەر چەند کە دواتر ڕۆیشتبوون بۆ چەندین گوند و بە دوای ئێمە

گەڕابوون، بەڵام ئێمەیان نەدیتبوویەوە[1]. ئێمە نەچووین بۆ بەلەهی و بلەخۆ، بۆیە ئەوان لە ئێمە دابڕان. دوای چەندین ڕۆژ کە ئەوان بە دوای ئێمەدا گەڕابوون و ئێمەیان نەدۆزیبوویەوە، لە ئێمە ون بوون. ئەو پێشمەرگانە کەسانێکی زۆر ئازا و لە قارەمانانی شەڕی جەتەر بوون (مەبەستم عادڵ شەریفی و ئیبراهیمە). منیش قەت ئاگام لە بڕیاری بەرپرسان نەبوو کە بڕیاری ئێعدامی ئەوانەیان داوە. کاتێک کە لە چەمان گەڕامەوە، دیتم کە چەند پێشمەرگەیەک بەرەو خوار دەچن. ئەسەد تەمەرزادەش لەوێ بوو. لێم پرسی کە ئەو پێشمەرگانە بۆ کوێ دەچن!؟ ئەسەد [تەمەرزادە] وتی: هیچ. ئەوانە مەئموورییەتن. نایب موشایخیش لەوێ بوو. وتم کە ئێمە بڕیار بوو بەرەو خانک و ئالووسا وەرێکەوین و لەوێ کۆبوونەوەمان دەبێ و بڕیار بوو کە هیچ پێشـمەرگەیەک بۆ هیچ کوێ نەچێ. بەڵام ئەو تیمەی کە لەوێ لە ئێمە جیا بوونەوە و چووبوون، بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئێعدامی ئەو پێشمەرگانە چووبوون. کاتێک کە ئێمە چووین بۆ خانک-ئالووسا، لێیانم پرسی کە بۆ چی جەبری عەمەرزادەیان کوشتووە و ئەو تیمەی کە لە پشتی گوندی چەمان لە ئێمە جیابوونەوە و گەڕانەوە بۆ ناوچە، بەرەو کوێ چوون؟ بەڵام وڵامێکی دروستم لێیان گوێ لێ نەبوو."

کاوە کناربەرۆژی یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە لەگەڵ عادڵ شەریفی، نایب کۆسە و ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد خەڵکی زێندەشت و سەلیم خەڵکی بەلەهی چووبوو بۆ ئیجازە و دواتر سدیقیش دێت بۆ پێشمەرگایەتی و لە گەڵیان دەکەوێ و هەموویان پێکەوە لە ناوچە دەبن و کاوە کناربەرۆژی بە وتەی خۆی نزیکەی دوو مانگ لە گەڵیان بووە. ناوبراو دەڵێ کە هێندێک جار بە هۆی هەلومەرج ناچار بوون کە وەک یەک تیم و هەندێک جاریش دابەش بن لە سەر دوو تیم و لە ماڵەکاندا خۆیان بشارنەوە. بەڵام هیچ شتێکی خراپ و بە تایبەتی ئەو تۆمەتانەی کە دراوە پاڵ ئەو پێشمەرگانەوە کە بەو هۆکارانەوە ئێعدام کراون، لێیان نەدیوە و هەمووی بە ناڕاست دەزانێ. هەروەها دەڵێ کە ئەگەر ئەوانە مەسەلەیەک بن کە پێش چوونیان بۆ ئیجازە ڕوویان دابن، ئەو ئاگادار نەبووە و نیە بەڵام لەو کاتەدا کە ناوبراو لە گەڵیان بووە، هیچ ڕووداو یان ڕەفتارێکی نائوسوولی و بە دوور لە ڕەوشتی شۆڕشگێڕی لەوان نەدیتووە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ کە ئەگەر کەموکۆڕیەکی وەهاش هەبووبێ،

١ ئەو وتەیەی هاشم ئیبراهیمزادە لە لایەن کاوە کناربەرۆژییەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

ئەویش هەر لەگەڵ ئەو تیمە بووە و دەبوایە ئەویشیان ئێعدام کردبا. ئەوە لە کاتێکدایە کە زانیار کە باسی ئەو مەسەلەیەی دەکرد، پێداگر بوو کە ئەوان لەو کاتەدا کە ڕۆیشتبوون بۆ مورەخەسی، تووشی ئەو تاوانە ببوون کە بووە هۆکاری ئێعدامکردنیان. کاوە کناربەرۆژی ئەو بەسەرهاتە وەها باس دەکا کە دەڵێ کە ئەوان بە دوای ئەوەی کە لە ڕادیۆی حیزبەوە پەیامیان پێ گەییوە کە بگەڕێنەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، بە دوای پێشمەرگەکاندا گەڕاون و هەوڵیان داوە کە پێشـمەرگەکان بدۆزنەوە و بچنە لای هێز. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە شارەزای ناوچەکە نەبوون و ئیمکاناتی پێوەندیگرتنیش نەبووە و ناوچەکەش میلیتاریزە بووە، مەسیری جوڵەی پێشمەرگەکانیان پەیدا نەکردووە. ئەوان جارێک کە هاتبوون بۆ لای گوندی ئیشکەسۆ و بە دوای کەسانێکەوە گەڕابوون کە وەک بەلەد لە گەڵیان بچن و ڕێگایان پێشان بدەن، خەڵک پێیان دەڵێن کە ڕێگاکان هەموویان گیراون و دەربازبوونیان زەحمەتە. کاوە کناربەرۆژی پشتڕاست دەکا کە دواتر لە ڕادیۆی حیزبەوە پەیامێکی دیکە بۆ ئەو تیمە نێردرا و داوایان لێ کرابوو کە ئەوان هەر لە شوێنی خۆیان بمێنن تا پێشمەرگەکان کە بەرەو مەسیری ئەوان دەچوون، دەگەنە لایان. ڕۆژێک کە ئەوان لە گوندی سنجی لە ناوچەی کناربەرۆژ دەبن و لە دوو-سێ ماڵێکدا خۆیان حەشار دابوو، ئاگادار دەکرێن کە ئەوە دەستەیەکی پێشمەرگە هاتوون بۆ ئەو گوندە. ئەوانیش لە پێشدا ئیحتیاتی خۆیان دەکەن کە نەکا ئەوان چەکداری ڕێژیم بن. بەڵام کە دەیانبینن، یەکتر دەناسنەوە و هەموو شتێک بە سروشتی وەردەگرن. ئەو تیمەی کە تازە هاتبوو بۆ نێو گوندی سنجی، تیمەکەی عادڵ شەریفی لەگەڵ خۆیان دەبەن و، دەچن بۆ گوندی کۆسەئەحمەد. بەڕێز کاوە کناربەرۆژی دەڵێ: "ئێوارەیەک لە پشتی گوندی کۆسەئەحمەد بە ئێمەیان وت کە دەبێ دابەش بین بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەئمووریيەتانە کە لە لایەن حیزبەوە پێیان دراوە. بە وتەی ئەوان ئەو مەئمووریيەتانە بریتی بوون لە: ١. دەستەیەک دەبوایە ڕۆیشتبایە گوندی خانەگێ. لە گوندی خانەگێ کەسێک هەبوو بە نێوی مەحموود کە پێشتر خەڵکی گوندی مسکنی بوو و دواتر ماڵەکەی گواستبوو بۆ گوندی خانەگێ و لەوێ دەژیا. ناوبراو چەکی ڕێژیمی هەڵگرتبوو و ببووە جاش و بڕیار بوو پێشمەرگەکان ناوبراو ئێعدام بکەن. ٢. دەستەی دووهەم دەبوایە ڕۆیشتبایە گوندی خرابە و ئەو ئەربابانەی لەوێ واتە مشوور و کیوومەرس، کە ئەگەرچی جاشیش نەبوون، بەلام کاری سیخوڕییان دەکرد، تەنبێ بکا. ٣.

دەستەیەکیش دەبوایە ڕۆیشتبایە بۆ چیا و، بۆ بەیانی دەبوایە هەموو دەستەکان دیسان بگەنە لای یەک. هەر دەستەیەک چەند کەسێکیان لەگەڵ خست. چەند کەسێکیان لەگەڵ ئیبراهیم خەڵکی زیندەشت خست. سدیقیش کە تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی و هیچ شتێکی نەدەزانی و، ئاگای لە هیچ نەبوو، ئەویشیان هەر لەگەڵ ئەو تیمەیان خست کە ئیبراهیم تێیدا بوو و بڕیار بوو بەرەو گوندی خانەگێ بڕۆنەوە. نایب کۆسەشیان لەگەڵ تیمێک خست کە دەچوون بەرەو گوندی تەزەکەند و، عادڵ شەریفییش لەگەڵ ئەوانەی کە داندرابوون بچن بۆ چیا و. من و سەلیمیشیان لەگەڵ تیمی مستەفا نووری خست."

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە کاوە کناربەرۆژی دواتر لە پێشمەرگەیەک بە نێوی مەجید نووریی وەرگرتووە، دەڵێ کە کاتێک کە ئەوان پلان دادەڕێژن کە بە چ شێوەیەک ئەو مەئموورییەتە جێبەجێ بکەن، لە سەرەتادا بڕیار دەدەن کە عادڵ شەریفی، ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد و نایب کۆسە هەر لای ئێمە بکوژن و ئەگەر ئێمەش کە حوکمی کوژرانمان نەدراوە، بمانەوێ دەست بکەینەوە، ئێمەشی لەگەڵیان بکوژن. بەڵام بە هۆی ڕەفیقایەتیی کاوە کناربەرۆژی و مەجید نووری، مەجید نووری دەڵێ کە بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکا کە کاوە کناربەرۆژی بکوژرێ. مەجید نووری وتبووی: "ئەگەر ئێمە لە حزووری کاوە کناربەرۆژی و سەلیمدا ئەو کارە بکەین، ئەوان حەتمەن دژکردەوەیان دەبێ. ئەوان چوون بزانن کە ئەوە ناوەندی ئاگری ئێمەی ئەرکدار کردووە و یان ئێمە لەگەڵ ڕێژیم پێوەندیمان هەیە." بۆیە ئەوان پلانی دیکە دادەڕێژن و بە جۆرێک سەلیم و کاوە کناربەرۆژی لە ئەوانەی دیکە جیا دەکەنەوە. کاوە کناربەرۆژی دەڵێ کە هەر بەو شکڵەی کە ئەوانیان جیا کردبوو، دەیانتوانی سدیقیش کە نە تەنیا هیچ تاوانێکی نەبوو، بەڵکوو هەر ئاگای لە دونیا و خیانەت و ئەو شتانە نەبوو، جیا بکەنەوە. ناوبراو سدیق بە بێتاوانترین مرۆڤ دەزانێ کە بەو شکڵە کوژراوە.

کاوە کناربەرۆژی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "ئێمە لە نیوەی شەودا، نزیکەی کاتژمێر دووی بەیانی گوێمان لە دەنگی تەقەی چەکەکان بوو. نەماندەزانی کە جەرەیان چیە. ئەوان بڕیاڕبوو کە بچن و مەئموریەتەکانیان جێبەجێ بکەن و بگەڕێنەوە لامان. ئێمە بڕیار بوو لە چیایەکی پشت گوندی مسکنی یەکتر بگرینەوە. کە گەیشتینە لەوێ، بەرەبەری بەیانی بوو. دیتمان کە هێندێک لە هاوڕێیانمان هاتوون و گەیشتوونەتە ئەوێ. هاوڕێیەک گێڕایەوە و وتی کە

ئەوان لە کەمین کەوتوون و ئەوە دوو گوللــەش لە پانتۆڵەکەی ئەویان داوە. لێم پرسین کە ئەی عادڵ شەریفی چیی بە سەر هات. وتی کە عادڵ شەریفی شەهید بوو. کە وای گۆت، من ئیدی تێک چووم و ئاگام لە خۆم نەما. من و عادڵ زۆر ڕەفیق بووین پێکەوە. عادڵ شەریفی پێشـمەرگەیەکی نموونە بوو. شەهید سەعید چراغی هات و لە لای من دانیشت و نامەیەکی دەرهێنا و بۆی خوێندمەوە و، وتی کە وڵلا عادڵ شەریفی ئێعدام کرا و حیزب بڕیاری دابوو. بۆیە لێیانم پرسین کە باشە ئێوە چین!؟ گەلۆ ئێوە پاسدارن کە عادڵتان ئێعدام کردووە؟ خۆ منیش هەر لەگەڵ عادڵ شەریفیدا بووم و ئەگەر ئەو تاوانێکیشی هەبووبێ، منیش هەر لەو تاوانەدا بەشدارم. کە واتە دەبێ منیش ئێعدام کەن. وتی نا، حیزب دەستووری نەداوە. وتیان کە ئێستا نایب کۆسە و ئیبراهیم کوڕی ئەحمد خەزاییش هەر بەو شێوەیە ئێعدام کراون.

ئەو دەستەیەی کە ئیبراهیمیشیان ئێعدام کردبوو، ئەوانیش هاتن و گەیشتنە لای ئێمە. بەڵام ئەوانەی کە نایب کۆسەیان ئێعدام کردبوو، نەهاتن. لەوێ لە بەرپرسی تیمەکە تووڕە بووم و قسەم پێ وتن و، وتم کە تو هەر کورد نی و لە خەمی ئەوەدا نیت کە کێ دەکوژی و کێ دەمێنێ. بۆیە بەرپرسەکە لە منیش تووڕە بوو و وتی کە دەبوایە توش بکوژرابای. بەڵام دوو هاوڕێی دیکە لێی تووڕە بوون و، ئەوانیش بە بەرپرسی تیمەکەیان وت کە ئەوە قسە نیە ئەو دەیکات."

بە وتەی کاوە کناربەرۆژی، کاتێک کە ئەوان هەڵوێستی ناوبراو دەبینن، ئیدی بە هیچ شێوەیەک ناتوانن متمانەی پێ بکەن. کاوە کناربەرۆژیش بە دوای ڕێگایەک دەگەڕێ بۆ هەڵاتن و خۆ دەرباز کردن. بەڵام دەرفەتی نابێ. لە جێگایەک تووشی شەڕ دەبن لەگەڵ ڕێژیم و سەعید چراغی گیانی لە دەست دەدات و کاوە کناربەرۆژیش بریندار دەبێ. دواتر ئەو تیمە ناتوانن کاوە کناربەرۆژی لەگەڵ خۆیان دەرباز بکەن و یان نایانەوێ، لە ناوچە بەجێ دەهێڵن تا ئەو کاتەی کە پێشمەرگەکان دەگەڕێنەوە. بەڵام کە زۆری پێ دەچێ و برینی کاوە کناربەرۆژی بێ دەرمان و دوکتور دەمێنێتەوە، ئەویش بە ناچاری خۆی تەسلیم دەکا. ناوبراو لە لایەن بنەماڵەی عادڵ شەریفی کە ئەویان زۆر لەگەڵ عادڵ شەریفی دیتبوو و دەیانناسی، تۆمەتبار دەکرێ کە ئەو لە کوشتنی عادڵ شەریفییدا دەستی هەبووە. ئەگەر نا، بۆ ئەو بە زیندوویی ماوەتەوە و عادڵ شەریفی کوژراوە. دواتر ناوبراو ناچار دەبێ کە بۆ دوور خستنەوەی ئەو تۆمەتە لە لایەک و دوور خستنی دوژمنایەتیی شەخسی لە خۆی لە لایەکی

دیکەوە، چاوپێکەوتنی هەبێ لەگەڵ بنەماڵەی عادڵ شەریفی و لەوێدا بە ناچاری دیفاع لە بڕیاری بەرپرسانی ناوەندی ئاگری بکا و بڵێ کە عادڵ شەریفی بە بڕیاری حیزب و لە سەر ڕەفتاری نادروست ئێعدام کراوە. ناوبراو هەروەها پێوەندی بە کۆمیتەی شنۆوە دەگرێ و لە سەر ئەو جەڕەیانە نامە بۆ دەفتەری سیاسی دەنێرێ و لەو بێدادییەی کە بەرپرسانی ناوەندی ئاگری دەرحەق بەو پێشمەرگانە کردبوو، ئاگادار دەکاتەوە.

کاوە کناربەرۆژی دەڵێ کە هەر ئەوکاتیش بە بەرپرسی ئەو تیمەی کە ئەرکدار کرابوو بۆ ئێعدامی ئەو پێشمەرگانە، ڕاگەیاندبوو کە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ حیزب باس دەکا. ناوبراو هەر وەها دەڵێ: "ئەو بێدادی و زوڵمەی کە لەگەڵ عادڵ[شەریفی]، ئیبراهیم [کوڕی ئەحمەد خەزایی]، نایب [کۆسە] و سدیق [؟] کراوە، لە مێژوودا لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکە نەکراوە. دوای کوشتنیشیان بەرنامەیان لە سەر دروست کرد و لە ڕادیۆدا بە خیانەتکار و ...هتد ناسێندران."

لە سەر ئەوەی کە کێ بڕیاردەری ئەو تاوانە بووە، کاوە کناربەرۆژی دەڵێ کە بەرپرسانی ناوەندی ئاگری و ئاماژە بە نێوی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور دەکا. بەڵام ئەو نامەیەی کە گۆیا حوکمی ئێعدامی ئەو پێشمەرگانە بوو و سەعید چراغی بۆی خوێندبوویەوە، لە بەر ئەوەی کە پێشانیان نەداوە، ناوبراو نازانێ کە ئەو نامەیە بە واژۆی کێ بووە. ناوبراو هەروەها دەڵێ کە ئەگەر مەجید نووری نەبوایە، ئەویش ئێعدام دەکرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە ناوبراو ئێستا هەم ئەندامی حیزبە و هەم کەمئەندامی حیزب. ئەنوەر کوهەنساڵیش لە سەر بڕیاردەرانی ئەو ئێعدامانە دەڵێ کە ئەوانەی کە ئاگایان لەو بڕیارە هەبوو، کەسانێک بوون کە لە ناوەندا بوون.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە کاوە کناربەرۆژی دواتر لە عسمەت عەبدی وەریگرتبوون، دەڵێ کە عسمەت عەبدی بە ناوبراوی وتووە کە کاوە کناربەرۆژی لە سەر کوشتنی ئەو پێشمەرگانە، ناوبراویشی تاوانبار کردووە و نێوی ئەویشی لە نامەکەدا هێناوە. بەڵام ناوبراو بە عسمەت عەبدی وتوویەتی کە نا، وەک ناو، ناوی ئەوی نەهێناوە، بەڵام ئەویش لە کۆمیتەدا بەرپرس بووە.

کاوە کناربەرۆژی هۆی کوژرانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ هێندێک هۆکار و ناکۆکیی شەخسی کە دواتر گەورە کراوە و لە کۆتاییشدا

بووە ئەنگیزە بۆ هەڵبەستنی تۆمەتی ناڕەوا. لە سەر ئاخرین شەوی ژیانی عادڵ شەریفی دەڵێ کە عادڵ شەریفی پێشتر لە شەڕێکدا بریندار ببوو و گوللــەیەک کە لە بەر سینگی کەوتبوو و لە سینگیدا مابوو. عادڵ شەریفی داوای دەکرد کە بە جۆرێک بینێرن بۆ تورکیە، کە لەوێ بەڵکوو نەشتەرگەریی بۆ بکرێ و ئەو گوللــەیە دەربێنن. عادڵ شەریفی ئەو داخوازییەی لەگەڵ بەرپرسی ئەو تیمە باس کردبوو کە بۆ کوشتنی هاتبوون.

کاوە کناربەرۆژی دەڵێ کە ڕاپۆرت-هەواڵی کوشتنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لە کاتێکدا لە ڕادیۆی حیزبەوە گوێ لێ بووە، کە بە نهێنی لە ماڵێکدا لە ناوچەی کناربەڕۆژ دەمایەوە. هەموو ئەو تۆمەتانە کە لە لایەن بەرپرسانی ناوەندی ئارارتەوە درابوونە پاڵ ئەو پێشمەرگانە، وەک ڕێگری [چەتەچێتی] و دەستدرێژی و ...هتد ڕەت دەکاتەوە.

چ تاڵە ئەو بەسەرهاتە. ئەو بەسەرهاتە تاڵترە بۆ ئەوانەی ناچار کران کە ئەو مەئموورییەتە جێبەجێ بکەن. لەوە ناچێ کە لە ئەگەری سەرپێچی لە فەرمانی شاپوور شوجاعیفەرد، چارەنووسێکی باشتر لە چارەنووسی عادڵ شەریفی و ئیبراهیم خەڵکی زیندەشت و نایب کۆسە و سدیق چاوەڕوانی ئەوانە بوایە کە حوکمی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە پێیان ڕاسپێردرابوو. بڕیاردەران ئێستاش یان ئینکاری بڕیارەکانیان دەکەن و شەهامەتیان نیە بڵێن کە بەشدار بوون لەو بڕیارەدا و، یان لە ڕوویان هەڵنایە کە بڵێن لە بەرامبەر شاپوور شوجاعیفەردا شەهامەتیان نەبوو کە بڵێن ئەو بڕیارە هەڵە بوو و بۆیە نەیانتوانی هیچ بڵێن. ئەوان باسی ئەوەش ناکەن کە بەرپرسی کارتۆنی بوون و شاپوور شوجاعیفەرد بۆیە ئەوانی دانابوو، کە نەتوانن دژایەتیی ناوبراو و بڕیارەکانی بکەن. ئەوان هەموویان لە ڕوودانی ئەو تاوانانەدا بەشیان هەیە و بەرپرسن. ئەوانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا ڕۆڵیان هەبوو، کەمترین تاوانیان هەبوو و ساڵانێکە بە دەست کابووسی ئەو کارە کە پێیان کراوە، دەناڵێنن و نە بەریان دەدا و نە دەتوانن لای کەسێک باس بکەن و عوقدەی دڵیان بەتاڵ کەن. بە بێ هیچ چەشنە گومانێک بڕیاردەرانی ئەو ڕووداوە تراژیکە تاوانباری سەرەتا و کوتایی ئەو داستانە سامناکە بوون کە بە هۆی پۆست و پلەی ڕێکخستنییەوە، کەسانی دیکەشییان لە جێبەجێکردنی ئەو تاوانەدا بە کردەوە بەشدار کرد؛ بەڵام ئەو کەسانەی کە لە بەر ناچاری لەو کارەدا تێوەگلان، ئەمرۆ بە هۆی نەبوونی

مەترسی و هەڕەشە لە سەریان، بە ویژدانەوە لە سەر ئەم ڕووداوە دەدوێن و بە نارەوای دەزانن.

لە سەر چوونیەتی بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە ڕادیۆی حیزبەوە، ئەنوەر کوهەنساڵ کە ئەو کات لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوەندی ئاگری لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی بووە، دەڵێ کە دوکتور سەعید شەرەفکەندی کە ئەو کات بەرپرسی ڕادیۆ بوو، قبووڵی نەدەکرد کە وەها هەواڵێک کە بە ناحەقی چەند پێشمەرگەیێکیان کوشتبوو، لە ڕادیۆی حیزب بڵاو بکرێتەوە. بۆیە دەیەویست کە ڕاستیەکە بزانێ کە گەلۆ بە کام هۆکار چوار پێشـمەرگە کە دوانیان بەرپرسایەتیی نیزامییان هەبووە، ئێعدام کراون!؟ بەڵام لە دواییدا حیزب ناچار بوو کە بڵاویان بکا و نەیاندەتوانی ئەو ڕووداوە هەر بەو شکڵە بهێڵنەوە. "بە دوای تێپەڕبوونی چەندین مانگ و دروستبوونی هەڵا و جەنجالێکی زۆر، بڵاو کرایەوە." بە وتەی ئەنوەر کوهەنساڵ و نایب موشایخی، دوای ئەو ڕووداوە دوکتور سەعید شەرەفکەندی گۆتبوو کە: "هیچ کەسێک مافی نیە کە حوکمی ئێعدامی پێشمەرگە دەر بکا، بێجگە لە دەفتەری سیاسی" و هەر ئەوەش بوو بە بڕیار لە نێو حیزبدا. لە سەر ئەو ئێعدامانە دوکتور قاسملوو بانگهێشتی عەلی کاشفپووری کردبوو و لێپرسینەوەی لەگەڵ ناوبراو کردبوو و زەخت و گوشارێکی یەکجار زۆری بۆ ناوبراوهێنابوو، کە دواتر و هەر لەو بەشەدا ئەو زانیارییانە و وتەیەکی مێژوویی دوکتور قاسملووش باس دەکەین.

لە سەر چوونیەتی هەڵبژاردنی پێشـمەرگەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئێعدام کە لە لایەن ناوەندەوە [کە زۆر کەس هەر شاپوور شوجاعیفەرد بە ناوەند دەزانن] هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان ئاماژە بە خاڵێکی جێگای سەرنج دەکەن و دەڵێن کە بڕیاردەران بۆ ئەو جۆرە مەئموورییەتانە، زۆرتر هەوڵیان دەدا کە لەو پێشمەرگانە کەڵک وەربگرن کە هەم لە نێو خەڵکدا و هەم لە نێو پێشمەرگەکاندا خۆشەویست بوون. دەیانەویست بە جۆرێک ئەوان لە ئاستی مرۆڤی ئازاد و ئازادیخوازەوە دابەزێنن و بیانکەن بە مۆرەی خۆیان و بەو شکلە قودرەت و هێزی خۆیان نیشان بدەن. بۆ پشتڕاستکردنی وتەکانی خۆیان، یەکێک لە ئینفۆرمانتەکان دەڵێ کە شاپوور شوجاعیفەرد کە زۆرتر پەرتووکی ستالینیستیی دەخوێند، دەیەویست بە جۆرێک لاسای ئەو بکاتەوە.

لە کاتی چوونەوەی پێشمەرگەکان بەرەو دەفتەری سیاسی، ئەسەد تەمەرزادە لەگەڵ سامی حاتەمی پوور و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لە نیوەی ڕێگادا لە پێشمەرگەکان جیا ببوونەوە و دیسان گەڕابوونەوە بۆ ناوچە و دواتر محەمەد هەرکیش چووبوو و گەیشتبووە ئەوان. ئەوان دوای ماوەیەک مانەوە لە ناوچە و دەرگیربوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم لە گوندی گونبەد و کوشتنی جاشێک بە نێوی خاڵۆ (خالید) خەڵکی گوندی گەنگەچین، لە دواییدا هەموویان خۆیانیان تەسلیمی ڕێژیم کرد.

سلێمان کەلەشی دەڵێ کە هەر دوای ئەو ڕووداوانە، هێزی سەرگورد عەباسیش ناوچەکەی بە جێ هێشت و بێجگە لە چەند پێشمەرگەیەک، ئەوانی دیکە تێکڕا چوون بەرەو دەفتەری سیاسی و بنکەکانی سابتی حیزب. هاشم ئیبراهیمزادە دەڵێ کە بۆ چوونەوە بەرەو دەفتەری سیاسی، بەرپرسانی ناوەندی ئاگری ئەو بڕیارەیان بە نهێنی هێشتبوو و بە هەر هۆکارێک کە بۆ خۆیان دەزانن، پێیان خۆش نەبوو کە پێشمەرگەکان ئاگاداری وەها بەرنامەیەک بن. بۆیە هەر جارە و دەیانوت کە دەچینە فلانە شوێن و کۆبوونەوەمان دەبێ و لە دەفتەری سیاسیەوە کەسانێک دێن کە کۆبوونەوەمان بۆ دگرن. ئەوانە جارێک دەڵێن کە لە خانک-ئالووسا کۆبوونەوەیان دەبێ؛ بەڵام کە دەگەنە ئەو شوێنە، بڕیارەکەیان دەگۆڕن. هەر جارە و وتوویانە کە لێرە نە و جێگایەکی دیکە تا هەموو پێشـمەرگەکان لە ناوچەی سۆما و برادۆستەوە دەربازی ناوچەی مەرگەوەڕ دەکەنەوە. هاشم دەڵێ: "لە خانک-ئالووسا وتیان کە ئێمە لە ئێلە و دێرا کۆ دەبینەوە، لە ئێلە و دێرا وتیان نە لێرەش نابێ و ئێمە لە جرمە و بێتکارا کۆ دەبینەوە. تا ئێمە دەربازی ناوچەی مەرگەوەڕ بووین و لەوێ جەعفەر حامیدی کۆبوونەوەیەکی گرت. لەو کۆبوونەوەیەشدا سەر و بنی وتەکانی جەعفەر حامیدی ڕەخنە و هێرش بوو بۆ سەر جەهانگیر ئیسماعیلزادە. لەوێ منیش بەرسیڤم دایەوە و بە جەعفەر حامیدیم وت کە لەو کەسانەی کە لە هەموو کەس زیاتر ئیسراری دەکرد کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە بڕوات و دەیوت کە ئەوە ژن و مناڵی لە باچکالا دەمێننەوە، ناوبراو بۆ ناچێ و سەرێکیان لێ نادات، جنابیان بوون و بۆ ئێستا کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە لێرە نیە، لە سەری قسە دەکا!؟ ئەو مەسەلەیە پێویست نیە کە لە نێو پێشمەرگەکاندا مەترەح بکرێ و دەبێ

لە کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبدا مەترەحی کەن. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لەو کۆبوونەوانەی کە بە حزووری جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە دەمانگرتن و جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە بۆ خۆی شاهیدە، لە هەمووکەس زیاتر ڕەخنەم لە ناوبراو دەگرت. هەم لەو کۆبوونەوەیەدا و هەم دواتر لە دەفتەری سیاسیدا بە هۆی ئەوەی کە جوابی جەعفەر حامیدیم دابوو، منیان تۆمەتبار دەکرد بە ڕەفتاری عەشیرەتی. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە وەها پرسێک، پرسێکی مودیرییەتی بوو و ڕەخنەم لە شێوەی مودیریەتیی ئەوان گرتبوو. نەک لە ئەوان، هەتا لە ڕابردوودا لە جەرەیانی کاری حیزبی و لە کۆبوونەوەکاندا ڕەخنەم لە ئیرەج ئیبراهیم‌زادە کە برای خۆم بوو و لە سەنار مامەدیشم گرتووە و هەتا جارێک کە ڕەخنەم لە سەنار مامەدی گرت، توورە بوو زللـەیەکیشی لە من دا. ئێستا بە هۆی ڕەخنە لە جەعفەر حامیدی، تاوانبار دەکرام بە هەڵسووکەوتی عەشیرەتی."

کوهەنساڵ کە ئەو کات لەو کۆبوونەوەیەی کە لە بناری چیای دالانپەڕ گیرابوو و لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ دا، دەڵێ کە ئەم کۆبوونەوەیە لە کۆتاییەکانی مانگی خەرماناندا گیرا کە جەعفەر حامیدی وەک بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە تێیدا دانیشتبوو. بەڵام ناوبراو کە موشاویری ناوەند بوو و پێشمەرگەکانی بە باشی نەدەناسی، نەقشێکی ئەوتۆی نەبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر ڕەخنە لە ناوەند گیران و پێشمەرگەکان پێیان خۆش نەبوو کە ناوچەکە چۆڵ کەن. بە تایبەتی ئەوانەی کە ژن و منداڵیان هەبوو. هەروەها چەند پێشمەرگەیەک کە لە لایەک بە پشتیوانی لە وتەکانی هاشم ئیبراهیم‌زادە و لە لایەکی دیکە لە سەر دانانی کەسێکی وەک مەلا خالید باقی وەک فەرماندەری هێز کە بە هیچ شێوەیەک توانای ئەم کارەی نەبوو، قسەیان کردبوو، لە لایە عەلی کاشفپوورەوە بە شێوازێکی ناشیرین وڵامیان درابوویەوە. ئەنوەر کوهەنساڵ لەو بوارەوە ئاماژە بە بەرخوردی عەلی کاشفپوور لەگەڵ جمشید بەدەلی دەکا و دەڵێ کە جمشید بەدەلی کە دوای گیانبەختکردنی تاژدین بێهنام ببوو سەرپەل، لە سەر کار و ئەرکی بەرپرسانی نیزامی وتوویەتی کە پێویست بوو ناوەند بە هۆی چوونیەتی هەڵسووراندنی کاروباری چەکداری، لێهاتوویی، شارەزایی و جەسووری و خۆشەویستی لە نێو پێشمەرگەکاندا، ئەرکێکی وەها قورسی بە کەسێکی وەک هاشم ئیبراهیم‌زادە بسپێردرایە، نەک بە مەلاخالید باقی کە لە بواری لەشساخیەوە کێشەی هەیە و ناتوانێ لە ژێر باری ئەو بەرپرسایەتیەوە بێتە دەرێ. بە وتەی کوهەنساڵ، لە بەرامبەر ئەو قسانەدا کاشفپوور هەڵوێستی

گرتبوو و بە جمشید بەدەلی گۆتبوو: "ئەرێ جمشۆ! دەزانم کە لە سەر هاشم ناراحەتی. بیرم لێ کردبوو کە بتکەمە فەرماندەری دەستە. بەڵام لە مەو بە دوا، فەرماندەریی دەستە لە پشت سەری خۆتەوە نایبینی."

هەم کوهەنساڵ و هەم مەحموود دەشتی پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەو کات حامیدی کە موشاویری ناوەندی ئاگری بوو، لە دوای گەڕانەوەی عزەتپوور بۆ بنکەکانی دەفتەری سیاسی، بە شێوەی کاتی کرابوو بەرپرسی کۆمیتەی ورمێ. کوهەنساڵ دەڵێ کە حامیدیش لەگەڵ پێشمەرگە و کادرەکانی کۆمیتەی ورمێ ناکوویەکی قووڵی هەبوو و هاوکارییان لەو پەڕی خراپیی خۆیدا بوو و بە تایبەتی نێوانی ناوبراو لەگەڵ هێندێک کادری وەک ق.ش. و مەلا ڕەسووڵ لەشکەری لەو پەڕی خراپیی خۆیدا بووە. ئەنوەر کوهەنساڵ لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ کە ئەگەر بەرپرسایەتیی حامیدی ئەو دەم بە شکلی کاتی نەبوایە، نەیدەتوانی لە کۆمیتەی ورمێ دەوام بێنێ و لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ورمێ هاوکاری بکا. بۆیە هەر دوای گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان و بنکەکانی دەفتەری سیاسی، حامیدی ماڵئاوایی خواست و ڕۆیشت.

هاشم ئیبراهیمزادە هەموو ئەو ڕووداوانە بە هۆکار دەزانێ کە لە سەر ڕووحیەی زۆربەی پێشمەرگەکان کاریگەریی نەرێنیی هەبوو و ئەوە لە لایەن زۆربەی ئینفۆرمانتەکان و بە تایبەتی زانیارەوە پشتڕاست دەکرێ کە هەبوونی ناکۆکی و یەکدەنگ نەبوونی بەرپرسان، کاریگەریی خراپی دانابوو لە سەر ڕووحیەی پێشمەرگەکان.

هاشم ئیبراهیمزادە هەر بە نیسبەت ئەو کاریگەرییە نێگاتیڤانەوە دەڵێ: "هەر دوای ئەو کۆبوونەوەیە کە ئێمە لە ناوچەی مەرگەوەڕ گرتمان، ئەسەد تەمەرزادە کە ئەو هەموو ڕووداوانەی بە چاوی خۆی دەدیت و دەیبینی کە ئەوانە ناحەقی دەرحەق بە زۆر پێشمەرگە و لە وانە لە حەقی مندا دەکەن، لەگەڵ من باسی کرد کە گومانی لە هەڵسووکەوتی بەرپرسان هەیە و ترسی ئەوەی هەیە کە بەڵایەک بە سەرم بێنن و بۆیە پێشنیاری کرد کە ئێمە لەوە زیاتر لە ناوچەکە دوور نەکەوینەوە. بەڵام بە ئەسەدم وت کە دەبێ بە پێی ئوسوولی حیزب ئەگەر بڕیار وایە بچینە دەفتەری سیاسی، منیش دەبێ بڕۆم بۆ دەفتەری سیاسی. دواتر عسمەت عەبدی و بەهادور بەهادوری بە منیان وت کە بەرەو دەفتەری سیاسی دەچین و منیش لە گەڵیان کەوتم و ڕۆیشتم.

به ئەسەد تەمەرزادەشم وت کە ئەگەر لێرەوە بگەڕێمەوە بۆ ناوچە، ئەوانە دەچنە دەفتەر و هەموو کەموکۆڕییەکان لە سەری مندا دەشکێنن و پێویستە کە بچینەوە بۆ دەفتەری سیاسی و هەموو مەسەلەکان لەوێ مەترەح بکەین و نابێ بگەڕێینەوە." نایب موشایخیش دەڵێ کە لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیەکاندا بە هاشم ئیبراهیمزادە پێشنیاری کردووە کە جیا ببنەوە و هیچی دیکە لە ژێر بەرپرسایەتیی ئەوانەی کە ناوەندی ئاگری بەڕیوە دەبەن، کار نەکەن و هەموو پێشمەرگەکان بە دژی هەڵسووکەوتی بەرپرسانی ناوەند بوون. ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە بە هاشم ئیبراهیمزادە وتوویەتی "ئەگەر ئێمە لێیان جیا بووینەوە، با بە هەر دوو لامان ڕوو لە خەڵک بکەین، خەڵک کام لای پێ حیزبی دێموکرات بوو، با ئەوان تێکۆشانییان هەبێ." بەڵام هاشم ئەو پێشنیارەی قبووڵ نەکردووە.

ئیبراهیمزادە لە سەر چوونیەتیی گەڕانەوەی ئەسەد تەمەرزادە دەڵێ کە ئەسەد تەمەرزادە و ئەوانی دیکە کە زانیبوویان هاشم ئیبراهیمزادە بە گوێیان ناکا و ناگەڕێتەوە، بۆ خۆیان و بە بێ ئاگاداریی ناوبراو لە نیوەی ڕێگادا گەڕابوونەوە و ڕوویان لە ناوچەکانی سۆما و برادۆست کردبوو. ئەوان لە گوندی گونبەد تووشی دەرگیرییەک بوون و جاشێکی گەورە بە نێوی "خالۆ" خەڵکی گوندی گەنگەچین لەو شەڕەدا کوژرا. دواتر کە پێشمەرگە زوو نەگەڕابوونەوە بۆ ناوچە، ئەوانیش بە تەنیا مابوونەوە، خۆیان ڕادەست کرد. کوشتنی ئەو جاشەش بووە هۆکار کە دوای تەسلیم بوونی ئەسەد تەمەرزادە بنەماڵەی ئەو جاشە، ناوبراو بە خوێنداری خۆیان بزانن و چەندین جار هەوڵی کوشتنی ناوبراویان دا، کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

عسمەت عەبدی و زانیار ئەو مەسەلەیە پشتڕاست دەکەنەوە کە لە ناوچەی مەرگەوەڕ لەگەڵ هاشم ئیبراهیمزادە لە سەر چوونەوەی بۆ دەفتەری سیاسی قسەیان کردووە. بەڵام زانیار دەڵێ کە دوای ڕۆیشتنی جەهانگیر ئیسماعیلزادە کە مەلاخالد باقی ببووە فەرماندەری هێز، تەندروستیی لە جێگای خۆیدا نەبوو؛ بەڵام هاشم ئیبراهیمزادە بە هۆکاری عەشیرەتی قبووڵی نەدەکرد کە لە ژێر فەرماندەریی ناوبراودا کار بکا و ئەوەش ببووە هۆی دەرکەوتنی زۆر ناکۆکی لە نێوان مەلاخالد باقی و هاشم ئیبراهیمزادەدا. دواتریش کە مەلاخالید باقی لە فەرماندەریی هێز لادەبرێ، بەهادور بەهادوری دەکرێتە فەرماندەری هێز. بە وتەی زانیار، هاشم ئیبراهیمزادەش کە پێشتر جێگری فەرماندەری هێز بوو،

نەیدەتوانی قبووڵ بکا و، ئیدیعای ئەوەی کردبوو کە دەبێ فەرماندەریی هێز بۆ ئەو بێ. هەر بە پێی قسەکانی زانیار، ئەوە کە دەبێ فەرماندەریی هێز بۆ من بێ، لە نێو حیزبدا شتێکی وەها نەبوو. لە درێژەدا زانیار دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادەش ئەو نییەتەی هەبوو کە لە مەسیری ڕۆیشتنی پێشمەرگەکان بەرەو دەفتەری سیاسی، لەگەڵ ئەسعەد تەمەرزادە و ئەوان کە لە پشت مەرگەوەڕ گەڕانەوە، بگەڕێتەوە. بەڵام دواتر کە ناوبراو لەگەڵی قسە دەکات و پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەوە بەرەو دەفتەری سیاسی دەچن و هەر چیی هەیە، دەتوانێ لەوێ لەگەڵ دەفتەری سیاسی مەترەح بکا، ئیبراهیمزادە بە قەناعەت دەگەیەنێ کە لەگەڵ ئەوان بڕوات بۆ دەفتەری سیاسی. ئەو قسەیە لە لایەن هاشم ئیبراهیمزادەوە ڕەت کرا کە ناوبراو بە هۆی بەرپرسایەتیەوە گرفتی هەبووبێ بۆ چوونەوەی بەرەو دەفتەری سیاسی. ناوبراو هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بەرنامەکان کە بەرپرسان ئەو بڕیارەی دەفتەری سیاسییان لە پێشمەرگەکان شاردبوویەوە و زۆربەی پێشـمەرگەکان خاوەنی ژن و مناڵ بوون و هەر بەو شێوەیە و لە ناکاودا نەیاندەتوانی ناوچەکە بە جێ بێڵن و پێیان خۆش نەبوو کە ناوچەکە بە تەواوی لە پێشمەرگە چۆڵ بکرێ. بۆیە کاتێک کە ڕاستیەکان باس کران و وتیان کە بەرەو دەفتەر دەچن، هاشم ئیبراهیمزادە ئەمەی وەک بڕیارێکی حیزبی قبووڵ کردبوو و بە گوێرەی پرەنسیپەکانی حیزبی گوێڕایەلی بڕیارەکە ببوو و لەگەڵیان چووبوو. هاشم ئیبراهیمزادە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "بەهادور بەهادوری نەک لیاقەتی فەرماندەریی هێز، بەڵکوو لیاقەتی ئەوەی نەبوو کە وەک سەرپەلێکیش کار بکا. ئەوە نەک لە بەر ناکۆکیی شەخسی، بەڵکوو لە بەر ئەوە دەڵێم کە ناوبراو هیچ ئەزموونێکی لەو بوارەدا نەبوو و نەیدەتوانی ئەو بەرپرسایەتیە لە سەر شانی هەڵبگرێ. بۆیە هیچ کاتێک ئەوەم بۆ خۆم نەدەکردەوە بارگرانی و خەم کە ئەو فەرماندەری هێز بێ یان نە. لە لایەکی دیکەوە، ئوسوولی دانانی فەرماندەری هێز لە نێو حیزبی دێموکراتدا وابوو کە دەبوایە هەر کەسێک کە دەبووە فەرماندەری هێز، لە لایەن دەفتەری سیاسی یان شەخسی سکرتێرەوە تەئیید کرابا بۆیە بە گوێرەی ئوسوولی حیزبی، کاتێک کە ناوبراو وەک فەرماندەری هێز دیاری کرا، ئەوەم وەک بڕیاری حیزبی قبووڵ کرد و پێڕەویم لە بڕیاری حیزب کرد. قەت حازر نەبووم لە سەر بەرپرسایەتی، پرەنسیپەکانی حیزبی بخەمە ژێر پێ." وتەکانی هاشم ئیبراهیمزادە لە لایەن ئەنوەر کوهەنساڵەوە پشتڕاست کران و

ناوبراو دەڵێ کە هەر لە دەستپێکەوە بۆیە مەڵاخالید باقییان وەک فەرماندەری هێز دانا، کە تەنیا بۆیان بەڵێ و نەخێر بڵێتەوە. دەنا بۆ خۆشیان دەیانزانی کە ناوبراو نەک تەنیا نەخۆشە، بەڵکوو هەتا بە دروستی پێشمەرگەکانیشی نەدەناسی. دانانی بەهادوور بەهادوریش وەک فەرماندەری هێز تەنیا بۆ ئەوە بوو کە هاشم ئیبراهیمزادە نەبێتە فەرماندەری هێز کە کەسێکی مەحبووب و خۆشەویست بوو هەم لە نێو خەڵکدا و هەم لە نێو پێشمەرگەکاندا. بە کورتی ئەوانە کەسانێکیان دەویست کە تەنیا گوێڕایەڵ بن و لە کاتی پێویستدا بەڵێ و نەخێریان بۆ بڵێن. بەڵام هاشم ئیبراهیمزادە لەو کەسانە نەبوو. سلێمان کەلەشیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئیبراهیمزادە لەو کەسانە نەبوو کە وەک هێندێک کەس هەموو شتێک قبووڵ بکا. بەڵام زانیار ئەوەی دەگەڕێنێتەوە بۆ لەخۆباییبوونی ئیبراهیمزادە و دەڵێ کە ناوبراو لە بەر ئەوەی کە کەسێکی جەسوور و زیرەک بوو، پێی وابوو کە هەموو شتێک دەبێ بە قسەی ئەو بێ. ئیبراهیمزادە پێڕەوی لە بڕیاری حیزبی وەک پرەنسیپێکی گرینگ لە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی ناو دەبا و دەڵێ کە سەرەڕای هەموو ئەو پرسگرێکانە کە بوونیان هەبوو، هەموو کاتێک حازر بوو کە لە پێناوی هاورێیانیدا گیانفیدا بێ. بۆ نموونە باسی شەڕی گوندی قەرەقاچ دەکا کە لە دوای شەڕی مسکنی ڕووی داوە. ناوبراو دەڵێ کە دوای شەڕی مسکنی کە پێشمەرگەکان ڕۆیشتبوون بۆ گوندی قەرەقاچ، پاسدارەکان چیاکانی دەوروبەری گوندیان گرتبوو و گوندەکە دۆرپێچ کرابوو. بە وتەی ئیبراهیمزادە، هاورێ لەگەڵ مەلا خالد باقی و ١٠-١٥ پێشمەرگەیەک لە نێو گونددا کەوتبوونە گەمارۆی پاسدارەکانی ڕێژیم. لەو کاتەدا ناوبراو هەموو هەوڵی خۆی دابوو کە مەلا خالد باقی کە فەرماندەری هێز بوو، لە جێگایەکی پارێزراودا بمێنێ کە بە دەستی پاسدارەکان شەهید نەکرێ و نەبێتە هۆی شاگەشکەبوونی ڕێژیمی ئێران. ئیبراهیمزادە دەڵێ: "لە نزیک ئێمە کەندالێک هەبوو و لە بنی ئەو کەندالەدا کونێکی وەک ئەشکەوت هەبوو. بە مەلا خالیدم وت کە جنابیان بچێت و لەو جێگایەدا پەنا بگرێ. بەڵام ئەو وتی کە نە هەر لە لای ئێمە دەمێنێتەوە. پێم وت کە نەخۆشە و پێویست نیە کە لە لای ئێمە بێ. ئەگەر ئێمە هەموومان کوژراین، ئەو کات با ئەویش لەو کەندالەدا بکوژرێ. دەنا تا یەک کەس لە ئێمە زیندوو بمێنین، ناهێڵین دەستی پاسدارەکان پێی بگات. ئەگەر زۆر عاشقی مەقام بوامایە، حازر نەدەبووم کە ئەو کارە بکەم و گیانی خۆم بخەمە مەترسیەوە، لە کاتێکدا گیانی مەلا خالید باقی

بپارێزم. بەڵام ئەو شتە لای من نەبوو. پێم وابوو کە هەر چی بێ، مەلا خالید باقی ناوێکی هەیە. ئەگەر بە دەستی ڕیژیم بکوژرێ، ئەوان پروپاگەندە دەکەن کە فەرماندەری هێزێکیان کوشتووە. بۆ ئەوان گرینگ نیە کە فەرماندەری هێز چ بووە و چەندە لێهاتوو بووە یان نە".

زانیار بڕیاری چوونەوەی پێشمەرگەکان بەرەو دەفتەری سیاسی، دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆکار: ١. نەبوونی بنکەی سابت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کە ببووە هۆکاری ئەوەی کە پێشمەرگەکان فشارێکی زۆریان بۆ بێ ٢. لە ئاکامی ناکۆکیەکانی هاشم ئیبراهیمزادە لەگەڵ مەلا خالید باقی، پێشمەرگەکان ڕووحیەیان لاواز ببوو و کاتێک کە ئەو مەسەلانەیان لەگەڵ دەفتەری سیاسی باس کردوون، شەخسی دوکتور قاسملوو بۆخۆشی داوای کردبوو کە پێشمەرگەکانی باکووری ڕۆژهەڵات (هەر دوو هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەم) بۆ ماوەیەک بچنەوە بنکەکانی دەفتەری سیاسی و لەوێ بمێننەوە. ئەوە لە کاتێک کە کەلەشی لە سەر پێوەندیی نێوان دەفتەری سیاسی لەگەڵ ناوەندەکان بە پێوەندییەکی ئورگانیک نێو دەبا کە تا ئەو دواییانەش بۆ هەر کۆمیتە یان ناوەندێک لە ڕێگای یەک بێسیمەوە ئیمکانی هەبووە. کەلەشی دەڵێ: " ئەگەر چی ئەو کات لەو پلە تەشکیلاتیەدا نەبووم کە ئاگام لەو مەسەلەیە بێ کە لە ناوەندی ئاگریدا کێ دەیتوانی لەگەڵ دەفتەری سیاسی پێوەندی بگرێ و مەسەلەکانی ناوەند لە گەڵیان مەترەح بکا. بەڵام ئەمە دەزانم کە تەنیا بەرپرسانی سەرەوە ئەم ئیمکانەیان هەبوو. هەموو ئەندامانی ناوەندیش نەیاندەتوانی. دیارە کە ئەوانەی کە وەها ئیمکانێکیشیان هەبا، لە کاتی مەترەح کردنی باس و مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ناکۆکیەکانەوە، هیچ کاتێک دەنگی کادر و پێشمەرگەکانی دیکەیان نەگەیاندووتەوە دەفتەری سیاسی. هەر ئەوەیان مەترەح کردووە کە بۆ خۆیان پێیان خۆش بووە. ئەو پێوەندییانە پێوەندیەکی ئۆرگانیک بوون کە لە ڕێگای یەک بێسیمەوە ئەنجام دەدران و هەر پەیامێک کە بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کرابا، دەبوایە ئیمزای بەرپرسی گشتیی ناوچەکە لە سەرێ بوایە. تا ئەو دواییانەش پێوەندییەکان هەر بەو شکڵە بوون. ئەگەر کادرێک توورە بوایە، ئیعترازێک هەبوایە، یان کەسێک نەخۆش بوایە، هەر دەبوو لە ڕێگای بەرپرسی یەکەمەوە ئەو مەسەلەیە بە دەفتەری سیاسی گەیشتبا."

دوای ئەوەی کە پێشمەرگەکان لە بناری چیای دالانپەڕ کۆبوونەوەیان گرتبوو، بەرەو بنکەکانی دەفتەری سیاسی بەڕێ کەوتبوون. ئەوان دوای گەیشتنیان بە باشووری کوردستان، لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی لە گوندی گەورەدێ جێگیر ببوون. بەڕێز کەلەشی دەڵێ کە دوای چوونەوەی هاوڕێیان بۆ دەوروبەری دەفتەری سیاسی، ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسابوو کە لە نزیکەوە چاویان بە ڕێبەرایەتیی حیزب بکەوێ و ناسیارییێکیان لەسەر هەبێ. لە بنکەی دەفتەری سیاسیدا ڕێبەرایەتیی حیزب چەندین جار بۆ سەردان و گرتنی کۆبوونەوە چووبوونەوە بۆ لای پێشـمەرگەکانی ناوەندی ئاگری. بە وتەی هاشم ئیبراهیمزادە و ئەنوەر کوهەنساڵ، یەکەم کۆبوونەوە بۆ ئەوان لە لایەن دوکتور قاسملوویەوە گیرابوو کە بە بۆنەی بەخێرهاتنکردنی پێشمەرگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکی هێنابوو. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە پێشتر گوێی لێ ببوو کە دوکتور قاسملوو پێی خۆش بووە کە پێشمەرگەکانی حیزب هەموو کاتێک ڕێکوپێک بن و بۆیە پێش هاتنی دوکتور، هاشم ئیبراهیمزادە خۆی بۆ پێشوازیی دوکتور حازر کردبوو و داوای لە پێشمەرگەیەک کردبوو کە قژی بۆ کورت بکاتەوە. لە بەر ئەوەی کە پێیانیان وتبوو کە دوکتور پێی خۆش نیە پێشمەرگەکان قژیان درێژ و ناڕێکوپێک بێ.

بۆ جاری دووهەم، حەسەن ڕەستگار، جەلیل گادانی و حەسەن شەڕەفی و هێندێک لە ئەندامانی دیکەی ڕێبەری سەردانی هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەم دەکەن بە مەبەستی گوێگرتن لە ڕەخنە و پێشنیارەکان و باس لە سەر وەزعی ئەو هێزانە و بارودۆخی حیزب لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی کە ئەو کۆبوونەوەیە بگیردرێ، ناوبراو هەموو ئەو پرسانەی کە پێویست بوون مەترەح بکرێن لەو کۆبوونەوەیەدا، لە پێشدا بۆ خۆی نووسیبوون و ئامادەی کردبوون. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دەستنووسی ناوبراو جوان نەبووە، ئەو نووسینانەی خۆی داوە بە جمشید کامران کە بۆی پاکنووس بکا و بە خەتێکی خۆشتر بنووسێ. بەڵام ناوبراو ئەو نووسینانەی بۆ هاشم ئیبراهیمزادە ناگەڕێنێتەوە و دەڵێ کە لە ژێر چادردا با بردوونی و نەماون. بەڵام کاتێک کە کۆبوونەوەکە دەست پێ

دەکا، هاشم ئیبراهیمزادە دەبینێ کە هەموو ئەو مەسەلانەی کە ویستوویەتی مەترەحیان بکا، ئەندامانی ناوەند کە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بوون، لە کاتی ڕاپۆرتدا هەموو ئەو مەسەلانە دەخەنە بەر باس و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەموو کەموکۆڕیەکان بە سەر ناوبراودا دەشکێنن و خۆیان لە گیروگرفتەکان بێبەری دەکەن. هاشم ئیبراهیمزادە مەترەحکردنی ئەو مەسەلانە لە لایەن ئەندامانی ناوەندەوە بۆ ئەوە دەگێڕێنێتەوە کە بە هۆی ئەوەی کە بەرپرسانی ناوەند زانیبوویان کە پێشمەرگەکان و بە تایبەتی ئیبراهیمزادە ئەو مەسەلانەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵات ڕوویان داوە، لە کۆبوونەوەدا دەخەنە بەر باس و بۆیە ئەوان بە ئامادەییەکی تەواوەوە هاتبوون بۆ کۆبوونەوەکە و جوابی هەموو ڕەخنەکانیان لە پێشدا ئامادە کردبوو. لە لایەکی دیکەشەوە، دیار بوو کە پێشوەختیش لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، بە تایبەتی بەڕێزان گادانی و ڕەستگار، باسیان کردبوو و بە شێوەیەک ئەوانیان لەگەڵ خۆی خستبوو. بەڕێز موشایخیش دەڵێ کە ئەو ئەندامانەی دەفتەری سیاسی پێشتر لە لایەن شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوورەوە قسەیان لەگەڵ کرابوو و ئەوانە بە قەناعەت گەیێندرابوون و بۆیە بە قازانجی ئیبراهیمزادە هیچ بیرکردنەوەیەکی پۆزیتیڤیان نەبوو. ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵێ کە کاتێک ئەو هەیئەتە هات بۆ گرتنی کۆبوونەوەی هێز، بێجگە لە هاشم ئیبراهیمزادە تەنیا چەند کەسێکی دیکە قسەیان کرد و ئەو گیروگرفتانەی کە هەر دوو هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەم هەیانبوو لەگەڵ ناوەند، هێنایانە بەر باس. هاشم ئیبراهیمزادە ئەوەندە باسی ئەو پرسگرێکانەی کرد، کە هەر سێ لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ماندوو بوون. کوهەنساڵ لە درێژەی قسەکانیدا لە سەر ئەم کۆبووونەوەیە دەڵێ: "ئەوان بەو قەناعەتە گەیشتن کە باس کردن لەو هەموو مەسەلەیە، لە وەها کۆبوونەوەیەکدا تەواو نابێ و بۆیە هەر لەوێ داوایان کرد کە ئەو کەسانەی وەک هاشم [ئیبراهیمزادە] کە قسەیان بۆ گۆتن هەیە، بچن بۆ کۆمیسیۆن و لەوێدا باسەکانیان مەترەح بکەن. کاتێک کە هاشم [ئیبراهیمزادە] قسەی کرد، زۆر چاک قسەی کرد. ئەو وتەیەی [ئیبراهیمزادە] ئێستاش لە بیرمە کە وتی "ناکۆکیەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەم زۆرن و هەمیش زۆر قووڵن. لێکتێنەگەیشتن زۆرە و دژایەتیەکی لە ڕادە بەدەر لە نێوان کادر و پێشمەرگەکان و بەڕێوەبەرانی ناوەنددا هەیە کە دەسەڵاتیان بە دەستە. ئەو پرسگرێکانە پیویستیان بە

نەشتەرگەریەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی کە هۆکاری ئەو ناخۆشیە بدۆزرێتەوە. وەها ئێش و ژانێک بە حەبی ژانبڕ چارەسەر نابێ. ئەگەر ئێوەش بە دوای چارەسەریدا دەگەڕێن، بزانن کە بە حەبێک چارەسەر نابێ. هاشم ئیبراهیمزادە توانی قسە بکات و جەسارەتی ئەوەی هەبوو کە قسە بکا. ئەوە بەو مانایە نیە کە تەنیا ئەو هونەری قسەکردنی هەبێ".

لە سەر ئەوەی کە هاشم ئیبراهیمزادە کام یەک لە گیروگرفتەکانی بە ڕوونی هێنایەوە بەر باس، کوهەنسالٚ دەلٚێ کە ئیبراهیمزادە زۆر بە دروستی ئەو قسانەی کە پێویست بوون بگوترێن، بە وردی و بە جوزئیاتەوە هێنایەوە بەر باس. لە سەر ئێعدامی ئەو کەسانەی کە بێتاوان بوون، لە سەر ڕەفتاری ئەندامانی ناوەند - بە تایبەتی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور- لەگەلٚ پێشمەرگەکان، لە سەر نەبوونی یارمەتیی پێشـمەرگەکان، نەبوونی پێداویستی و ئیمکاناتی زەرووری بۆ پێشمەرگەکان و ئەو زانیارییە سیاسیانەی کە پێویستن پێشمەرگەکان بزانن بەلاٚم لێی دوورن، هاشم ئیبراهیمزادە قسەی کرد. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دیار بوو کە گادانی و ڕەستگار لە هاشم ئیبراهیمزادە توورەن کە ناوبراو بەو شێوەیە ڕەخنەی لە کاشفپوور گرتووە. دیار بوو کە هەر دووی ئەو کەسانە کە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون، بە ئاشکرا پشتگرییان لە کاشفپوور دەکرد. وەها کردەوەیەک نیشانەی زالٚبوونی کولتوورێکی ناسالمی ڕێکخراوەییە کە تێیدا پێوەندییەکان لە سەرووی پرەنسیپەکانی ڕێکخراوەیی بایەخیان پێ دەدرێ و دۆستایەتی و ڕەفاقەتبازی جێی پرەنسیپەکان و دادپەروەری پێ لێژ دەکەن. ئاکامی ئەو کولتوورەیە کە جیابوونەوە و دابڕان بەرهەم دێنێ.

کوهەنسالٚ بێجگە لەو کۆبوونەوەیە، ئاماژە بە کۆبوونەوەی ڕۆژی دواتر دەکا کە بۆ نوێنەرانی پێشمەرگەکان لە سالۆنی حیزب لە گەورەدێ گیراوە کە هەم ناوبراو و هەمیش محەمەدسالٚح قادری بە هۆی ڕەخنەگرتنیان لە بەڕێوەبەرانی ناوەند، تووشی سزادان ببوون و نەک تەنیا سەرکۆنە کرابوون و یارمەتیی مانگانەیان لێ بڕیبوو و بۆ ماوەی شەش مانگ لە مافی ئەندامەتی لە حیزب هەلٚپەسێردرابوون و زۆر توند لە گەلٚیان ڕەفتار کرابوو، بەلٚکوو لە مافی بەشداری لە کۆنفرانسی کۆنگرەدا سەرەڕای ئەوەی کە وەک نوێنەری پێشمەرگەکان دەنگیشیان هێنابوو، لە لایەن کاشفپوور و ئەندامانی دەفتەری سیاسیەوە بێبەش کرابوون. کوهەنسالٚ ڕەفتاری ڕەستگار لەو کۆبوونەوەیەدا بە ڕەفتارێکی نادروست پێناسە دەکا. حەسەن ڕەستگار و جەلیل گادانی لە بەرامبەر

ئەو هەموو ڕەخنەیەدا، دەڵێن کە "ئەوەی عەلی کاشفپوور کردوویەتی، حیزب کردوویەتی." کوهەنساڵ ئەو وتەیەی گادانی و ڕەستگار بەرەورووی پرسیارێک دەکا و لییان دەپرسێ: "ئەگەر ئەوەی کە کاشفپوور کردوویەتی، حیزب کردبێ، ئەی ئێمەمانان کە حیزبی بووین و موخالیفی ئەم جۆرە کردەوانە بووین، چکارە بووین!؟ ئێمە ڕۆڵمان چ بووا!؟" کوهەنساڵ دەڵێ: " کاتێک بە هۆی وتەکانی ئێمەوە، من و محەمەدساڵح قادری تووشی وەها سزایەک بووین، دیارە کە دەبێ ڕەفتاریان بەرامبەر کەسانێکی وەک ئیبراهیمزادە چوون بووبێ." بۆ باشتر دەربڕینی مەبەستەکەی، کوهەنساڵ دەڵێ: " دیارە کە ئەو ڕەفتارەی کە لەگەڵ من کرا، نەیاندەتوانی هەر بەو شکڵەش ڕەفتار لەگەڵ هاشم ئیبراهیمزادە بکەن. بەڵام بە شێوازی خۆی، حەمەن ڕەفتاریان لەگەڵ ئەویش کردووە." کوهەنساڵ بناغەی دۆستایەتیی قووڵ لە نێوان ڕەستگار و کاشفپووردا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە کە بووە هۆکار کە دواتر لە کۆنگرەی هەشتدا کاشفپوور بە دوای حەسەن ڕەستگار و کاک جەلیل گادانی بکەوێ و لە حیزب جیا بێتەوە.

ئیبراهیمزادە هەموو ئەو زانیارییانەی ئەنوەر کوهەنساڵ پشتڕاست دەکات و دەڵێ کە بێجگە لەوەی کە کوهەنساڵ هێناویەتی زمان، گادانی بە کنایە و گاڵتەپێکردن بە ناوبراو وتوویەتی کە ئەگەر بە قسەی هاشم ئیبراهیمزادە بێ، دەبێ بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب بگۆڕن و لە مەوبەدوا قسەکانی ئەو بیکەنە بەرنامە و ئەساسنامە. ئیبراهیمزادەش وتوویەتی کە ئەگەر بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب وا بێ کە پاساو بێ بۆ ئەو هەموو ڕەفتار و کردارە نەشیاوە، دەبێ دوعا بکەن و شوکور بخوازن کە تا ئێستا و دوای ٧ ساڵ شەو و ڕۆژ بەشداری لە شەڕ و بەربەرەکانیدا، بە زیندوویی ماون و بە فێرۆ و لە سەر هیچ و بە خۆرایی نەکوژراون. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە لە لایەن جەلیل گادانیەوە تۆمەتی عەشیرەگەری، تێکدانی پلانی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە و دانی دەرفەت بە کۆمەڵە کە بتوانێ لە باکووری ڕۆژهەڵات بە سلامەتی دەرباز بێ، شکاندنی ڕووحیەی پێشمەرگە بۆ بەرەنگارنەبوون لەگەڵ کۆمەڵە و ..هتد دراوەتەوە پاڵ ئیبراهیمزادە. هەتا ئەوەی کە هاشم ئیبراهیمزادە لە ڕێگای دۆست و ئاشناکانیەوە توانیبوو یارمەتی بۆ پێشـمەرگەکان دابین بکا کە نەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان پێشمەرگەکان و بەرپرسانی ناوەندا، وەک ڕەفتارێکی عەشیرەتی و بە تاوان بۆی لە قەڵەم درابوو لە لایەن گادانییەوە.

ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیە کە قرار بوو کێشەکان چارەسەر بکا، نەک تەنیا

چارەسەری نەکردن بەڵکوو بە زەرەری ئەو کەسانەش تەواو بوو کە ڕەخنەیان گرتبوو. هەر ئەو مەسەلە ببووە هۆی ئەوەی کە ئیبراهیمزادە لە پێشمەرگەکانی دیکە جیا بکرێتەوە و بدرێتە بنکەیەک کە دوور بێ لە پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ناوبراو جێگری فەرماندەری هێز بوو. موشایخی، ئیبراهیمزادە و کوهەنساڵ ئەو ڕەفتارە بەرامبەر بە ناوبراو بە نەوعێک تەبعید یان دوورخستنەوە دەزانن کە بە وتەی ئیبراهیمزادە بە بڕیاری گادانی بوو. کوهەنساڵ لە سەر دوورخستنەوەی ئیبراهیمزادە لە پێشمەرگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ کە ناوبراویان لە پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی و کۆمیتەی ئارارات جیا کردەوە و لە خوارەوەی موحیتی دەفتەر بنکەیەک هەبوو، ناردیانەوە بۆ ئەو بنکەیە و ئەو کارەیان بە ئەنقەست ئەنجامداو هاشم ئیبراهیمزادەیان لە هێز دەرکرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ناوبراو بەرپرسێکی هێزی سەرگورد عەباسی بوو. کوهەنساڵ ئەو دوورخستنەوەی ئیبراهیم زادە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو خۆشەویستی پێشمەرگەکان بوو و هەموو پێشمەرگەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و ئەگەر قسەیێکیان هەبوایە، لەگەڵ ئەو باسیان دەکرد و ئەوە ئیبراهیمزادە بوو کە بەرگری لە مافی ئەوانی دەکرد. بۆیە ئیبراهیمزادەیان لە هێز دوور خستەوە کە پێوەندیی نێوان ناوبراو لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی ببڕنەوە. هاشم ئیبراهیمزادە ئەو بڕیارە نارەوایەی بەرپرسان، بە تایبەتی بەرپرسانی ناوەند بە پاڵپشتیی جەلیل گادانی، بە هۆکاری سەرەکیی بەجێهێشتنی حیزب دەزانێ. هێندێک کەس ئەو هەڵوێستەی ناوبراو و بەجێهێشتنی حیزب لە لایەن ناوبراوەوە دەگەڕێننەوە بۆ لەخۆباییبوونی ناوبراو. بەڵام هێندێکی دیکە بە غروور و نەچوونەوە ژێر باری هەر نەوعە بڕیارێک و بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی کە بە بۆچوونی ناوبراو ناڕەوا بوون، دەزانن. هەر کام لەو دووانە ڕاست بن، لەو ڕاستیە شتێک ناگۆڕن کە هاشم ئیبراهیمزادە بەجێهێشتنەوەی حیزب وەک یەکێک لە هەڵە هەرە گەورەکانی ژیانی خۆی ناو دەبا.

دوای دابڕاندنی ئیبراهیمزادە لە پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی و نەقل کردنی ناوبراو بۆ بنکەیەک لە نزیک سکرتاری حیزب، ئیبراهیمزادە سەردانی سکرتاریای حیزب دەکا و چاوی بە دوکتور قاسملوو دەکەوێ و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دابوو لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەدوێ. لەو دانیشتنەدا بە وتەی ئیبراهیمزادە،

عەبدوڵڵای حەسەن زادەش حزووری هەبووە کە دوکتور قاسملوو ناوبراو بە نێوی عەبدوڵڵای حەیاکی بە ئیبراهیمزادە ناساندبوو. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە دوای ئەوەی کە دوکتور قاسملوو گوێ لە قسەکانی گرتبوو، زۆر بە ڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵ ناوبراو دواوە و پێی وتووە کە سەفەرێکی ئورووپای لە پێشە، بەڵام دوای سەفەرەکە ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر دەکا. هەر وەها پێی وتووە کە هەر کاتێک ئیبراهیمزادە کارێکی هەبوو لەو ماوەیەی کە دوکتور بۆ خۆی لە سەفەرە، ناوبراو دەتوانێ پێوەندی بە حەسەن زادەوە بگرێ. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە ڕۆژێک کە ناوبراو دەیهەویست بچێت بۆ دەبیرخانە و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسگرێکانەی کە بۆیان ساز کردبوو و ئەو زەخت و گوشارەی کە بەرپرسان بە ناڕەوا خستبوویانە سەری، لەگەڵ حەسەنزادە بدوێ، لە لایەن نیگەهبانەکانەوە پێشی پێ گیرابوو و پێیان ڕاگەیاندبوو کە لەمەوبەدواوە مافی نیە بچیت بۆ دەبیرخانە. ئەمە دەبێتە مایەی دڵگرانیی ناوبراو و بە جۆرێک وا هەست دەکا کە هەموو دەرگاکان بە سەریدا داخراون و هیچ ڕێگایەک لە نێو حیزبدا شک نابا بۆ چارەسەریی ئەو پرسگرێکانە. بۆیە بیر لە بەجێهێشتنی حیزب دەکا.

لە سەر ئەو دانیشتنەی ئیبراهیمزادە لەگەڵ دوکتور قاسملوو و هێندێک پرسی دیکەی پێوەندیدار بە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە ڕێکەوتی ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٨دا لە ڕێگای ئاسۆ حەسەن زادەوە هێندێک پرسیارم ئاراستەی حەسەنزادە کرد و هەر لەو ڕێگەیەشەوە، لە ڕێکەوتی ١٤ی نوڤەمبری ٢٠١٨دا وڵامم وەرگرتەوە کە بەو شێوەیەیە: "سڵاو برای بەڕێز. جارێ داوای لێبوردن دەکەم بۆ درەنگ وڵامدانەوە. هۆکاری ئەو بێ وڵامییە من بووم کە بەڕاستی بەهۆی گرفتاری و مەشغەڵەتی زۆری ئەو ماوەیە لەبیرم نەبوو پەیامەکەتی بدەمێ. دوێنێ بۆم نارد و ئەمڕۆ وڵامی دامەوە کە لەگەڵ سپاس و ڕێز، بەداخەوە سەبارەت بەو پرسیارانەی کردۆتە شتێکی ئەوتۆی لەبیر نیە یا شتێکی ئەوتۆ شک نابێ کە بیڵێ و بە کەڵکی لێکۆڵینەوەکەت بێ. ئارەزووومان سەرکەوتنتە."

کوهەنساڵ کە ئەو کات لە بنکەی دەفتەری سیاسی و لەگەڵ هێزی سەرگورد عەباسی لەوێ حزووری هەبووە، لە سەر ئەو ڕووداوانە دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە ڕۆیشت و چاوی بە دوکتور قاسملوو کەوت و سەردانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەش کرد. کوهەنساڵ دەڵێ کە لە پێوەندی لەگەڵ سەردانی

ناوبرا بۆ کۆمیسیۆنی پێشمەرگە زانیارییەکی ئەوتۆی نیە و نازانێ کە چاوی بە کێ کەوتووە. بەڵام کاتێک کە لە سەردانی لای دوکتور قاسملوو گەڕاوەتەوە و کوهەنساڵ چاوی بە هاشم ئیبراهیمزادە کەوتبوو، ناوبراو باسی سەردانەکەی خۆی بۆ کوهەنساڵ کردبوو. ئیبراهیمزادە ئەوە پشتڕاست دەکا و لە پێوەندی بە هۆکاری سەردانی ناوبراو بۆ کۆمیسیۆنی پێشمەرگەش دەڵێ کە ناوبراو هێندێک گوزارشی لە ناوچە بە دەستی گەیشتبوون لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاریی سەنار مامەدی و سەڵتەنەتتەلەبەکان لە تورکیە و، بۆیە چووەتە کۆمیسیۆنی پێشمەرگە و چاوی بە سەرهەنگ قادری و سەروان سابیر کەوتووە و ئەو زانیارییانەی داوە بە ئەوان و، باسی مەترسیی چالاکیەکانی سەڵتەنەتتەلەبەکانی کردووە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاریی مامەدی.

هەر وەک کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئیبراهیمزادە بەجێهشتنی حیزب بە یەکێک لە هەڵە هەرە گەورەکانی ژیانی خۆی دەزانێ. ناوبراو دەڵێ: " لە لایەن بەرپرسانی ناوەندەوە گوشار هەبوو و لە سەر زۆربەی پێشمەرگەکان زەخت و گوشار هەبوو. زۆر جار پێشمەرگەکان دەهاتنەوە لای من و لە سەر چارەسەرنەکردنی ئەو پرسگرێکە گلەییان هەبوو و زۆر جاریش باسی ئەوەیان دەکرد کە ئێمە هەمووومان بچینە لای کۆمەڵە و بە پشتیوانیی ئەوان بگەڕێینەوە ناوچە. بەڵام هەمووو جارێ بە دژی ئەمە ڕادەوەستام و پێیانم دەوت کە ئەگەر شتێکی وا بکەین، ئەو هەڵوێستەی ئێمە دەخەنە چوارچێوەی کردەوەیەکی عەشیرەتی و دەرەبەگانە. ئێوە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن و بۆ نەتەوەیەک خەبات دەکەن و خۆتان بە کوشت دەدەن". نایب موشایخی پێی وایە کە ئەگەر هاشم ئیبراهیمزادە نیەتی بردنەوەی خەڵکی هەبوایە لەگەڵ خۆی، دەیتوانی زۆربەی ئەوانەی کە لە عەشیرەتی نیسانی بوون، لەگەڵ خۆیدا ببات. بەڵام ناوبراو هیچ کاتێک حازر نەبوو زەرەرێک لە حیزب بکەوێ. حاجی جوندی دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە هیچ کەسێکی لەگەڵ خۆی نەبرد و هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی تێگەیشتنی پێشمەرگەکان و کەمڕەنگبوونەوەی بیری عەشیرەتی لای ئەو پێشمەرگانەی کە دوای داگیرکرانی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕێژیمەوە، لەگەڵ حیزب مابوونەوە. ناوبراو دەڵێ کە دەنا زۆر کەس و هەتا ئەندامانی دەفتەری سیاسیش کاتێک کە لە حیزب جیا دەبنەوە، پێیان خۆشە کە بۆ نیشاندانی ڕادەی نفووزی خۆیان، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ خۆیان بخەن و لەگەڵ خۆیان ببەنەوە. بەڵام هەر چوونێک بێ و هەر

هۆکارێک هەبووبێ، ئەوە لە لایەن ئیبراهیمزادەوە نەکراوە.

ئیبراهیمزادە دەڵێ: "کاتێک کە دوکتور چوو بۆ سەفەر و زوو نەگەڕایەوە، ئەوان هەموو ڕێگاییێکیان لە سەرم داخست. ئەگەر وا نەبوایە، قەت حازر نەبووم حیزب بە جێ بێڵم و تا ئێستا یان هەر پێشمەرگە بووم و یان لە نێو حیزبدا شەهید ببووم." لە کاتی گێرانەوەی ئەو بە سەرهاتەدا دەنگی ئیبراهیمزادە خەمگینیەکی گرانی پێوە دیاربوو و مرۆڤ وا هەست دەکرد کە هەموو ئەو بەسەرهاتە جارێکی دیکە لە مێشکی ناوبراودا دەرباز دەبێ و جارێکی دیکە ڕۆح و گیانی لە داو دەخا.

بەڕێز حاجی جوندی لەو بوارەوە وەک ئیبراهیمزادە بیر دەکاتەوە. حاجی جوندی دەڵێ کە زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی کە دوای داگیرکرانی ناوچە لە لایەن ڕێژیمەوە و دەستپێکردنی خەباتی پارتیزانی لە نێو حیزبدا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مابوونەوە، بڕیاریان دابوو کە بمێننەوە و ئەوان مرۆڤی شۆڕشگێڕ بوون. جوندی لە پێوەندی لەگەڵ ئیبراهیمزادەشدا هەر ئەو بۆچوونەی هەیە و پێی وایە کە "ئیبراهیمزادەش بڕیاری مانەوەی دابوو و ئەگەر کەسانێکی وەک شاپوور شوجاعیفەرد زۆر فشارییان بۆ نەهێنابایەوە، ئەویش لە نێو حیزبدا دەمایەوە."

## چوونەوەی ئیبراهیمزادە بۆ نێو کۆمەڵە

سلێمان کەلەشی، نایب موشایخی و مەحموود دەشتی دەڵێن کە لە کاتی چوونەوەی هاشم ئیبراهیمزادە بۆ نێو کۆمەڵە، ئەوان لە بنکەی دەفتەری سیاسی نەبوون. بەو جۆرەی کە کەلەشی لە هاوڕێیانی گوێ لێ بووە و بۆیان گێڕاوەتەوە، ناکۆکیەکانی نێوان ئیبراهیمزادە و بەرپرسانی ناوەندی ئاگری لە دوایین ڕۆژەکانی پێش گەیشتنیان بە بنکەکانی دەفتەری سیاسی، گەیشتبوونەتەوە لووتکەی خۆی و لە بەر ئەوەی کە ئیدی پێی تەحەمول نەکرابوو، ناچار مابوویەوە کە حیزب بە جێ بهێڵێ و بچێتەوە نێو کۆمەڵە. زانیار پێی وایە کە هاشم ئیبراهیمزادە پێش چوونەوەی بۆ نێو کۆمەڵە، پێشوەخت پێوەندیی بە کۆمەڵەوە گرتبوو و بەرپرسانی کۆمەڵە لە پلانی چوونەوەی ناوبراو بۆ نێو کۆمەڵە ئاگادار بوون. زانیار دەڵێ: "ڕۆژێک هاشم [ئیبراهیمزادە] هات و وتی کە دەڕواتە بۆ شار (دەچمەوە کارێزە). منیش

وتم کە برۆ. نەڵێی کە ڕۆیشتووتەوە ئەوێ و پێوەندی بە کۆمەڵەوە گرتووە. دوای دوو ڕۆژ جارێکی دیکە هات و داوای ئیجازەی کرد. منیش پێم وت کە نەچێ و هەر دوێنێ ڕۆیشتووی و کۆبوونەوەشمان دەبێ. ئەگەر ناراحەتییەکیشت هەیە، بڵێ. بەڵام هاشم [ئیبراهیمزادە] کە پیاوێکی زیرەکیش بوو، دەیگوت کە هەر چی من بڵێم، دەبێ هەر ئەو بێ. هێندێک کەسیش لە هێزی سەروان حاتەم لەگەڵ ئێمە مابوونەوە کە لە ناوچەی سەڵماس بوون، ئەوانیش بۆ ئێمە ببوون بە سەرئێشە. بەو مانایە کە فەرماندەری هێزی ئەوان نەدەکەوتە ژێر باری [بڕیارەکانی] هێزی سەرگورد عەباسی. ئەگەریش پێت بگوتایە کە بۆ وا دەکەن، دەگوت کە منیش فەرماندەری هێزم.... هاشم [ئیبراهیمزادە] هەستا بە بێ ئیجازە ڕۆیشت ئەم جارە. چاکم لە بیرە کە ئێمە لە دەفتەر لە سەر نانی نیوەڕۆ دانیشتبووین کە ڕادیۆی کۆمەڵە ڕایگەیاند کە هاشم ئیبراهیمزادە چووە و تەسلیمی ئەوان بووە. هەموویان تەماشای منیان کرد. خودی دوکتور قاسملوو لەوێ دانیشتبوو و زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسیش لەوێ بوون. منیش پێیانم وت کە برا بۆ تەماشای من دەکەن!؟ جێگری هێز بووە، چووە. خوا لەگەڵ کارەکانی بێ." بە بۆچوونی نایب موشایخی، هاشم ئیبراهیمزادە بڕیارێکی دروستی دابوو کە ڕۆیشتبووە نێو کۆمەڵە. لە بەر ئەوەی کە بەرپرسانی ناوەندی ئاگری هەموو هەوڵی خۆیان دابوو کە هەر چی جەرەیان و یان کاری خراپ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دابوو، بە دەلیل و مەدرەکەوە بیخەنە ئەستووی هاشم ئیبراهیمزادە و بە جۆرێک حیزب ناوبراو بخاتە زیندان. موشایخی دەڵێ کە یەکێک لە هاوڕێیانیان هان دابوو کە لە سەر هێندێک مەسەلەی پووچ کە بە دوور بوون لە کەسایەتیی هاشم ئیبراهیمزادە، شەهادەت بدات کە ئەو کارانە لە لایەن ئیبراهیمزادەوە کراون. بە هۆکاری ئەوەی کە ئەویش بەرپرسێک بوو، قسەکەی لە لایەن حیزبەوە بە هێند وەردەگیرا. ئەوان فێڵیان دەکرد و هەموو شتێکیان بە دەستی کەسانی دیکە ئەنجام دەدا. بۆیە هەموو شتێک لە سەر نێوی (ج.ک) تەواو کرا تا کو بڵێن کە ناکۆکیەکان لە نێوان خودی نەفەراتی سەر بە عەشیرەتی نیسانیدا هەیە و بۆ خۆیان پێکەوە ناسازێن و ئەوان ڕۆڵیان تێدا نیە. دەشتی لەو بوارەوە دەڵێ کە ئەوان زۆربەی کادرەکانی کۆمیتەی سەڵماسیان بە دژی هاشم ئیبراهیمزادە هان دابوو و هەموو ئەو ناکۆکیانە دەگەڕانەوە بۆ ئەوەی کە هاشم ئیبراهیمزادە لە بواری حیزبایەتی، کاری نیزامی و هەبوونی باندۆر لە سەر خەڵک و پێشمەرگەکان لە ئەوان باشتر

بوو و بۆیە کەوتنە دژایەتیکردن لەگەڵی و هێندێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیش وەک ڕەستگار پشتیوانیان لە کاشفپوور و شوجاعیفەردیان کرد و بۆیە هاشم ئیبراهیمزادەش نەیتوانی زیاتر دوام بێنێ و بەجێی هێشت. دەشتی نایشارێتەوە کە هەر ئەو جەماعەتەی کە وا هاشم ئیبراهیمزادەیان ناچار کرد کە حیزب بە جێ بێڵێ، هەر ئەوانە بوون کە دواتر ئەو چارەنووسەیان خراپتر بە سەری کەسانی وەک حەسەن بازووکە و فەرامەرز عوسمانیدا هێنا و ئەوانیان بە ڕەسمی لە حیزب دەر کرد.

کوهەنساڵ ئەو ڕۆژەی کە ئیبراهیمزادە ڕۆیشتبوو بۆ لای کۆمەڵە، چاکی لە بیر ماوەتەوە. کوهەنساڵ دەیگێڕێتەوە کە ئەم ڕۆژە نۆرەی ئەو بووە کە وەک تەداروکاتچیی ئەو بنکەیەی کە لێی بووە، بچێتەوە بۆ ئاوهێنانەوە و شت کڕین لەو دوکانەی کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی بوو. لەو دوکانە چاوی بە ئیبراهیمزادە دەکەوێ کە چەک و ڕەختی بەستبوو. کوهەنساڵ دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە کەلاشنیکۆفێکی سیخۆی جووتلاقی پێ بوو و دەمانچەکەشی لە سەر ڕەختەکەی بەستبوو. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ کە کاتێک کە لە ئیبراهیمزادە پرسیویەتی کە بۆ وا خۆی پەیت کردووە، ئەویش وڵامی داوەتەوە کە هەر هێندێک هەوەسی کردووە و بۆیە. کوهەنساڵ دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە پێش ئەوە کە بچێ، لەو فرۆشگایە بۆ ١٠-١٥ پێشمەرگەیەکی "دەستەی شەهید مووسا" کە لەوێ بوون شتۆمەکی وەک سیگار، بیسکوویت و ئاومیوە و ...هتد کڕیوە و زۆر بە دلۆڤانی و موحەبەتەوە ڕەفتاری کردووە. بەڵام قەت باسی ئەوەی نەکردووە کە دەیەوێ بچێ. ڕۆژی دواتر گوێیان لێ ببوو کە هاشم ئیبراهیمزادە چووە نێو کۆمەڵە. سوڵتان خوسرەوی کە ئەو کات بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ئەو وتەیەی زانیار پشتڕاست دەکاتەوە کە پێشتر هاشم ئیبراهیمزادە لە گەورەدێ کۆمەڵەی ئاگادار کردبوویەوە کە بە تەمایە بچێتەوە لای کۆمەڵە. خوسرەوی دەڵێ: "نایزانم کە هاشم [ئیبراهیمزادە] لە کوێرا گوێی لێ ببوو کە کۆمەڵە بە تەمایە بچێتەوە بۆ ناوچە." ئەو قسەیەی خوسرەوی بەڵگەیەکە بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی ئیبراهیمزادە کە ئەنگیزەی خۆی بۆ چوونەوەی نێو کۆمەڵە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنیا ڕێگای مومکن بۆ ناوبراو بۆ ئەوەی کە بتوانێ لەو هەلومەرجەی ئەو کاتدا بگەڕێتەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە بوو کە لە ڕێگای کۆمەڵەوە ئەو کارە بکات. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە ئەو کات سەعید مەحموودنژاد

که خەریکی دەورە بوو لە نزیکی دەفتەری سیاسی، لە پلانی چوونەوەی خۆی بۆ نێو کۆمەڵە ئاگادار دەکات و لەگەڵ سەعید مەحموودنژاد باسی ئەوەی کردووە کە کەسانێکی وەک بەهادور بەهادوری و شاپوور شوجاعیفەرد بە دەیان گوزارشی ناڕاست لە سەر ئەویان داوەتەوە حیزب و خەریکن بە دەستی حیزب بەڵایەکیش بە سەری بهێنن یان کێشەی بۆ ساز کەن و بۆیە هیچ ڕێگایەکی دیکەی نیە بێجگە لە بەجێهێشتنی حیزب.

ئیبراهیمزادە دەڵێ کە کاتێک کە سواری ماشێن بووە بۆ ئەوەی کە بچێتەوە بنکەی کۆمەڵە، پێشمـەرگەیەکی کۆمەڵەش لە نێو ماشێنەکەدا بووە و پێی وابووە کە بەڕێز ئیبراهیمزادە بە هەڵە چووتەوە بۆ بنکەی ئەوان و بۆیە پێی دەڵێ کە بنکەی حیزبی دێموکرات لەو لایە و نەک ئەوێ. بەڵام ئیبراهیمزادە پێی دەڵێ کە بۆ سەردان هاتووە بۆ مەقەڕی کۆمەڵە.

زۆر کەس باسی ئەوەیان دەکرد کە هاشم ئیبراهیمزادە کە چووەتەوە نێو کۆمەڵە، بووە بە پێشمەرگەی کۆمەڵە. بەڵام هەم ئیبراهیمزادە و هەم خوسرەوی ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەگەرچی ئیبراهیمزادە چۆبووە بۆ لای کۆمەڵە، بەڵام ناوبراو هیچ کاتێک نە ببوو بە ئەندامی کۆمەڵە و نە ببوو بە پێشمەرگەی ئەو ڕێکخراوەیە. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە ئەو کاتەی کە گەیشتووە مەقەڕی کۆمەڵە، لە نزیک بنکەی کۆمیتەی مەرکەزیی کۆمەڵە، چاوی بە سوڵتان خوسرەوی کەوتبوو و پێی گوتبوو کە هاتووە تا کو کۆمەڵە بە شێوەیێک هاوکاریی بکا کە دەربازی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات بێ. خوسرەویش پێی دەڵێ کە ئەوە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئەوەی کە بچنەوە باکووری ڕۆژهەڵات. ئیبراهیمزادە دەڵێ: " سوڵتان [خوسرەوی] وتی کە ئەوە دەچێتەوە بۆ لای سیدەکان و بۆ دوو ڕۆژی دیکە دەگەڕێتەوە و منیشی دایەوە لە گەڵ پێشمەرگەیەک و پێی وت کە هان ئەوە هاشم لەگەڵ خۆت بەرە تا دەگەڕێمەوە. کاتێک چووم و چاوم بە پێشـمەرگەکانیان کەوت، هەموویان خەریکی خۆ حازرکردن بوون و زۆر کەیفیان ساز بوو و گۆرانییان دەگوت و شاییان دەگێڕا. بە منیشیان گوت کە ئەگەر بە تەما بم کە ببم بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، ئەوە کارتم بۆ دروست دەکەن. منیش وتم کە نابم بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، بەڵام لەگەڵیان دەچمەوە ناوچە. کاتێک کە چووین بۆ ناوچە، ئەو کات بیرێکی لێ دەکەمەوە کە دەبمە کۆمەڵەیی یان نە. من نابم بە کۆمەڵەیی و من حیزبیم."

ئیبراهیمزاده دەڵێ کە تا ئەو کاتەی کە لە مەقەڕی کۆمەڵەشدا بووە، لە سەر بەندی تفەنگەکەی هەر ئەو نووسینەی "بژی حیزبی دێموکرات"ی پاراستبوو کە پێشتر بە خەتی خۆی لە سەری نووسیبووی. خوسرەوی دەڵێ کە هاشم [ئیبراهیمزاده] نەبووە پێشمەرگەی کۆمەڵە، بەڵام ئەو کاتەی کە چووە بۆ لای کۆمەڵە، وتوویەتی کە بیر و بۆچوونەکانی لە کۆمەڵە نزیکترە تا لە حیزبی دێموکرات.

ئیبراهیمزاده تەنیا چەند ڕۆژێک لە بنکەی کۆمەڵە دەمێنێتەوە کە پێشمەرگەکان لە پاییزی ١٣٦٤دا بەڕێ دەکەون بەرەو ناوچە. لەو چەند ڕۆژەدا کە بەڕێز ئیبراهیمزاده لە مەقەڕی کۆمەڵە بووە، لەگەڵ عەتیق شیری هاودیو بووە. ئیبراهیمزاده دەڵێ کە عەتیق زۆر کاسێتی دەنگی بۆ هێناوەتەوە کە ئیبراهیمزاده گوێیان لێ بگرێ و ئیبراهیمزاده وەریان ناگرێ و پێی وایە کە عەتیق شیری بۆیە ئەو کاسێتانەی بۆ دەهێنایەوە کە گوێیان لێ بگرێ تا کاریگەری لە سەر بیروبۆچوونی دروست بکا و ڕابکێشێ بۆ لای سیاسەتەکانی کۆمەڵە. بەڵام ئەو ڕەتی کردووتەوە. ئیبراهیمزاده هەروەها ئەو تەبلیغاتەی کە ڕادیۆی کۆمەڵە بڵاوی کردووتەوە کە گۆیا ئەو شەڕی حیزب و کۆمەڵەی مەحکووم کردووە و بە دژی حیزب هەڵوێستی گرتووە، بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ کە لە سەر ئەو مەسەلەیە هیچ کەسێک لە نێو کۆمەڵەدا نە بەحسی لەگەڵ کردووە و نە پرسیاریان لێ کردووە.

بەریز حاجی جوندی لە سەر چوونەوەی هاشم ئیبراهیمزاده بۆ لای کۆمەڵە دەڵێ کە ئەو کاتەی کە گوێی لێ بووە کە هاشم ڕوویشتووە بۆ نێو کۆمەڵە، پێێ سەیر بووە. جوندی دەڵی: "هاشم [ئیبراهیمزاده] قەت کۆمەڵەیی نەبوو و ئەوە مومکین نەبوو و قەت یەکی نەدەگرتەوە. هەتا کە چووە نێو کۆمەڵەش، هەر بیر و باوەڕی حیزبیی هەبوو و قەت نەیدەتوانی بیر و هزی کۆمەڵە لە مێشکیدا هەبێ. یانی بیر و باوەڕی ناوبراو، بیر و باوەڕی حیزبی بوو. پێموایە کە ئێستاش هەر بیر و هزی حزبی دێموکراتی هەبێ و ئێستاش هەر لایەنگری حیزب بێ." "سلێمان کەلەشی" هەر وەک "جوندی" بیر دەکاتەوە و قەت پێی وا نیە کە ئیبراهیمزاده بیر و ئەندیشەی کۆمەڵەیی هەبووبێ. کوهەنساڵیش لە سەر ئەو مەسەلەیە هەر وەک ئەوان بیر دەکاتەوە و دەڵێ کە بڕوا ناکات هاشم ئیبراهیمزاده بووبێتە کۆمەڵەیی. کۆهەنساڵ هۆکارەکانی ئەوەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو نفووز، خۆشەویستی، ئیمتیاز و بیروباوەڕەی کە ئیبراهیمزاده

هەبیبوو، هەمووی هی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بۆیە پێی وانیە کە کەسێکی وەک ئیبراهیمزادە کە خاوەنی تێگەیشتن و ئەزموون بوو، توانیبێ کایە بە بیر و بڕوای خۆی بکا. نایب موشایخیش دەڵێ کە کۆمەڵە هیچ کاتێک نەیدەتوانی بڕاوا بە هاشم ئیبراهیمزادە بێنێ. لە بەر ئەوەی کە ئەوان هەر لەو کاتەدا کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا حزووریان هەبوو، ئیبراهیمزادەیان دەناسی و دەیانزانی کە چەندە بە کاریان هاتووە. بەڵام هەر ئەوەی کە کۆمەڵە پەنایان دابوو بە هاشم ئیبراهیمزادە و ئیزنیان دابوو کە تا ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات لە گەڵیاندا بڕوات، بۆ خۆی کارێکی گەورەیان کردبوو و ماڵیان ئاوەدان بێ.

هێندێک کەس پێیان وایە کە ئیبراهیمزادە کاریگەریی هەبووە لە سەر ئەوەی کە کۆمەڵە بڕیار بدا جارێکی دیکە هێزەکانی بنێرێتەوە بۆ باکووریٚ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام سوڵتان خوسرەوی ئەمەی بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: "هاشم ئتبراهیمزادە هیچ نەقشێکی نەبووە لە سەر ئەو بڕیارە بەڵام لە کاتی چوونەوە بۆ شوماڵ ڕاوێژی زۆرمان لەگەڵ هاشم [ئیبراهیمزادە] دەکرد."

هەموو ئینفۆرمانتەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئەنگیزەی ئیبراهیمزادە لە پێوەندی لەگەڵ چوونەوەی ناوبراو بۆ نێو کۆمەڵە، دەربازبوون بۆ ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. زانیاریش هەمان بۆچوونی هەیە. بەڵام دەڵێ کە لە نێو کۆمەڵەوە خەبەریان بۆ هاتووە کە هاشم ئیبراهیمزادە بە تەمایە کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بگەڕێتەوە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و بە هاوکاریی ئەوان پێش بە چوونەوەی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ باکووری ڕۆژهەڵات بگرێ. بەڵام ئەوان بڕوایان نەکردووە. ئەو وتەیە نیشان دەدات کە هەتا دوای ڕۆیشتنەوەی ئیبراهیمزادە، پیلانەکان بۆ خراپ کردنی کەسایەتیی ناوبراو لە نێو حیزبدا هەر درێژەی هەبووە و یان ئەوەی کە کۆمەڵە توانیویەتی لەو دەرفەتە بۆ شەڕی سایکۆلۆژیک بە دژی پێشمەرگەکانی حیزب کەڵک وەربگرێ.

## شەڕی کۆمەڵە و حیزب لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە بۆ ماوەی چەند مانگێک باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە جێ هێشتبوو و گەڕابوونەوە بۆ باشووری کوردستان، جارێکی دیکە بڕیاریان دابوو کە بگەڕێنەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیبراهیمزادە کە ڕەفی حیزبی دێموکراتی بە جێ هێشتبوو، چۆبووە بۆ لای کۆمەڵە تا کو بتوانێ لە ڕێگای ئەوانەوە دەربازی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، لەگەڵ پێشمەرگەکانی گوردانی ۲۲ی ئورمیەی کۆمەڵە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات بە ڕێ کەوتبوو. ئیبراهیمزادە لە سەر شێوەی دەربازبوونیان بۆ ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات دەڵێ:

"ئێمە لە ڕێگای سیدەکانەوە هاتین کە دەرباز بین. لە نیوەی ڕێگا، بەلەدی ئێمە، ئێمەی بە جێ هێشت و هەڵات. ئێمە ناچار ماینەوە بۆ خۆمان هەوڵ بدەین کە ڕێگا بدۆزینەوە بۆ دەربازبوون. ئێمە لە گەلیی خواکورک لە مەقەڕی حیزبی شیوعی توانیمان بڕێک پشوو بدەین و نانێک بخۆین. ئەگەر چی مەقەڕێکی حیزبیش [حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران] لەوێ بوو کە بنکەیەکی نەخۆشخانەشیان هەر لەوێ بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو شوێنە خاکی عێراق حیساب دەکرا، هیچ شتێک ڕووی نەدا و ئێمە توانیمان بە بێ کێشە تێپەڕین. کاتێک کە ئێمە هاتینەوە بۆ سنوور و دەربازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین، لەوێ ئیدی من ناوچەکەم دەناسی. بە سوڵتان خوسرەوی و سەلیم سابیرنیام وت کە ئەگەر ئێوە لە ڕێگای "گەوریا زینێ" وە بەرەو ناوچە بچن، من ئەو ڕێگایە دەناسم و دەتوانم لە ڕێگای گوندەکانی جرمە و بێتکارا تا خانک و ئالووسان ئێوە ببەم. بەڵام گۆیا ئەوان پێشتر خەبەریان بۆ هاتبوو کە لە خانک و ئالووسان پێشمەرگەکانی حیزبی لێیە و بۆیە بڕوایان بە قسەی من نەدەکرد و ئەوان بڕیاریان دا کە ئێمە بچین بۆ سوولە دووکەل."

خوسرەوی لە سەر ناکۆکیەکانی حیزب و کۆمەڵە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەڵێ کە خەڵک لە باکووری ڕۆژهەڵات بە گشتی کێشەی حیزب و کۆمەڵەیان پێ ناخۆش بوو. و لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵەدا پێوەندیەکی باش هەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ کەرەم کەلەشی، فرامەرز هەسناوی، حەسەن ئارپیجی [بازووکە] و بنەماڵە نیسانیەکان دا. خوسرەوی هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە زۆر جار ئیبراهیمزادە ئەو کاتەی کە پێشمەرگەی

حیزب بوو، خۆی لە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە پاراستبوو. ناوبراو هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵوێستی خەڵک لە باکووری ڕۆژهەڵات کە خەڵکێک بوون بە بیروباوەری نەتەوەییەوە و، "کەسێکی وەک هاشم ئیبراهیمزادەش کە لەو فەرهەنگەدا گەورە ببوو، نەیدەتوانی جیاواز بێ." خوسرەوی هاشم ئیبراهیمزادە بە یەکێک لەو کەسانە دادەنێ کە لە کاتی شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتدا بە دژی ئەو شەڕە براکوژییە بووە و هەڵوێستی ئەو کاتی ناوبراو بە هەڵوێستێکی جێگای ڕێز دادەنێ و بە کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە قەڵەم دەدا کە ئەویان لە بەرپرسانی دیکەی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات، وەک عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد، جیا دەکردەوە.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوەڕاستی مانگی خەزەلوەری ١٣٦٤دا لە دالانپەڕەوە چووبوونەوە ژووریّ بۆ ناوچەی مەرگەوەڕ. لەو سەردەمەدا بە هۆی هەبوونی شەڕ لە نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتدا کە کۆمەڵە لە چەندین ناوچە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەربەی لە پێشمەرگەکانی حیزب دابوو، شەڕی کۆمەڵە و حیزب ببووە شەڕێکی براکوژیی سەرانسەری.

حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە جموجۆڵی هێزەکانی یەکتریان خستبووە ژێر چاوەدێری. لە کاتی چوونەوەی پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٢ بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات، هەر دوو هێزی نحۆ و کێلەشین لە ڕێگای بێسیمەوە لە لایەن بنکەی دەفتەری سیاسیەوە ئاگادار کرابوون. مەحموود دەشتی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەواڵی چوونەوەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات لە لایەن بنکەکانی دەفتەری سیاسیەوە بە ئەوان دراوە. مەحموود دەشتی دەڵێ کە، شەوێک پێش ئەوەی کە شەڕی کۆمەڵە لەگەڵ هەر دوو هێزی کێلەشین و نحۆ دەست پێ بکاتەوە، لە گوندێک هێندێک پێشمەرگەی کۆمەڵە و حیزب تووشی یەکتر ببوون و یەکترییان دەنگ دابوو و تەقەشیان لە یەکتر کردبوو. بەڵام ئەو پێکدادانە هیچ زیانێکی گیانیی نەگەیاندبوویە هیچ لایەک. ئەو گوندەی کە بەڕێز دەشتی باسی لێ دەکا، دەبێ سوولە دووکەڵ بێ.

ئیبراهیمزادە دەڵێ کە کاتێک کە بەرپرسانی گوردانی ٢٢ی کۆمەڵە بڕیاریاندا کە بچنەوە بۆ "سوولەدووکەڵ"، ئەوان نزیکەی دوو کاتژمێر یان دوو کاتژمێر و نیو ڕێگایان بڕی و گەیشتنە "سوولەدووکەڵ". هەر ئەو شەوە پێشمەرگەکانی حیزبیش بە بێ ئەوەی کە ئاگادار بن کە کۆمەڵە لەو گوندەدا حزووری هەیە، ویستبوویان کە بچنەوە نێو گوند و لەو گوندەدا تێکهەڵچوونێکی بچووک

دروست بوو. ئیبراهیم‌زاده دەڵێ کە تا بەرەبەیانی لەو گوندە مانەوە و دواتر لە گوند چوونە دەرێ. لە پشتی سووله دووکەڵ چاویان بە شوانێک کەوتبوو کە بەرەو دوڵێک هەڵدێ. هاشم دەڵێ: " شوانەکەم ڕاگرت و پێم وت کە ئێمە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتین کە هاوڕێیانی خۆمان لێ ون بوونە و ئێمە لێرە چاک شارەزا نین. ئێمە پێشمەرگەی لای شکاکەکانین. ناوی "سەراجەدین و سەعید گوڵێ"م هێنا کە دەمناسین و کارتی حیزبیم پێ بوو و ئەوم دەرهێنا و پێشانم دا. شوانەکە بە ئێمەی وت، کە ئەوە لەو دۆڵەدا پێشمەرگەکانی حیزب هەن و ئێمە چووین و تەماشامان کرد، کە نزیکەی ٢٠ کەسێک دەبوون. بە سوڵتانم [سوڵتان خوسرەوی] وت کە پێویست ناکات شەڕ ساز بکرێ و ئێمە دەتوانین بەرەو بەرزاییەکان بچین و ئەگەر شتێک قەوما، ئەو کات پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش دەتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن و ئەگەریش هیچ شتێک ڕووی نەدا، ئێمە دەچین و دەرباز دەبین. لەوێ هیچ شتێک ڕووی نەدا. ئێمە بەرەو گوندی کەچەڵە بەڕێ کەوتین و کاتێک کە سوڵتان خوسرەوی بە بێسیم لەگەڵ تیمێکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پێوەندیی گرت، بە سوڵتانیان ڕاگەیاند کە ئەوە پێشمەرگەکانی حیزب هەڕەشەمان لێ دەکەن و، دەڵێن کە دەبێ لە گوند بچنە دەرەوە. کاتێک کە ئێمە لە گوند چووینە دەرێ، ئێمە لە یەکتر دابڕاین و لە یەکتر ون بووین. ئێمە هەر گەڕاین و گەڕاین تا یەکترمان دووزییەوە، کات درەنگ کەوت و، ئێمەش ماندوو ببووین، بۆیە بڕیارماندا هەر لەوێ بخەوین. خۆمان لە کیسەخەوەکان کرد و خەوتین. وەختێک حیزب دەوری ئێمەی گرت. لەو پەڕەی کە من لێی بووم، ئێمە ١٧ کەس بووین کە سێ کەسمان توانیمان خۆمان دەرباز کەین. کاتێک کە ئەو دیمەنانەم بە بیر دێ، خەم دامدەگرێ. لەوێم شەڕی براکوژی بە چاوی خۆم دیت. پێشمەرگەکانی حیزب لەوێ پرەنسیپەکانی حیزبیشیان لە ژێر پێ نا و برینداره‌کانیشیان کوشت. نزیکەی ٥-٦ پێشمەرگەی حیزب بەرەو نوقتەیەک دەهاتن کە ڕووبەڕووی من کەوتبوو، بەڵام دڵم نەهات کە تەقەیان لێ بکەم. لەو شەڕەدا تاقە یەک گوللـەم بە قەسدی کوشتن نەتەقاند. کاتێک کە بەرەو خوارتر چووین و سەلیم سابرنیا ویستی بۆچوونی ئێمە بزانێ، وتم کە ئەگەر پاشەکشە نەکرێ، هەر پێشمەرگە دەکوژرێن و باشترە کە پاشەکشە بکرێ. تەنیا ڕێگا بۆ پاشەکشەش لە پشت پایگای "کەچەلە"ڕا دەرباز دەبوو. ئەوانیش تەقەیان لە ئێمە دەکرد. بەڵام پێـم خۆش نەبوو کە نە من بە دەستی پێشمەرگە

بکوژرێم و نەش پێشمەرگە بە گوللــەی من. بۆیە من لەگەڵ ئەو تیمە چووم کە قرار بوو لە پشتی پایگای ڕێژیمەوە پاشەکشە بکەن. کاتێک کە توانیمان لەوێوە دەرباز بین، جاشەکانی ناوچە، پێشمەرگەکانی "قیادەی مۆوەقەت" و پاسدارەکانیش بەرەو لای ئێمە هاتن. کاتێک کە ئیدی شەڕ تەواو بوو و توانیمان پاشەکشە بکەین، بە سەلیم سابیرنیام وت کە ئەگەر ئەوان بە قسەی منیان کردبا، ئەوەمان بە سەر نەدەهات و تووشی ئەو شەڕە نەدەبووین. بەڵام سەلیم [سابیرنیا] لە وڵامدا وتی کە ئەگەر بە قسەی تۆمان کردبا و تووشی وەها شەڕێک ببواین، بۆ ئێمە بەرپرسایەتیەکەی چەند قات دەبوو. ئەو کات ئێمەیان سەرکۆنە دەکرد کە بۆ چی بە قسەی هاشم ئیبراهیمزادەتان کرد لە کاتێکدا تا دوێنێ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووە!؟ لەو شەڕەدا تا ئەو جێگایەی کە لە بیرم بێ، ٨ پێشمەرگەی کۆمەڵە کوژران و ١٤ کەسیشیان بریندار ببوون کە پێشمەرگەکانی حیزب هێندێک لە بریندارەکانیشان دواتر بە دوور لە ئوسوولی حیزبی کوشتبوو."

کاتێک کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پاشەکشەیان کردبوو و لە مەیدانی شەڕ دوور کەوتبوونەوە، بڕیاری گەڕانەوە بۆ بنکەکانیان لە باشووری کوردستان دەدەن کە ئیبراهیمزادە لەوێ لەگەڵ سەلیم سابیرنیا قسە دەکا و پێی ڕادەگەیەنێ کە نایەوێ لە گەڵیان بگەڕێتەوە و دەیەوێ بچێتە تورکیە. ئیبراهیمزادە دەڵێ کە هەتا پێشنیارم کرد کە ئەوانیش دەربازی نێو سنووری تورکیە [باکووری کوردستان] بن و بۆ چەند ڕۆژێک لەوێ بمێننەوە تا بریندارەکانیان باشتر دەبن، بەڵام ئەوان بە قسەیان نەکردبوو. ئەوان کە بەرەو باشوور دەگەڕێنەوە، دیسان تووشی شەڕ دەبن و چەند کەسێکی دیکەشیان لێ گیانیان لە دەست دەدەن.

سوڵتان خوسرەوی لە سەر ئەو شەڕە دەڵێ کە خودی شەڕەکە زۆر نابەرابەر بوو و زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی گوردانی ٢٢ی ورمێ نەک ناوچەی مرگەوەڕیان بە باشی نەدەناسی، بەڵکوو زۆربەیان لە کاتی خەودا و یان تازە لە خەو هەستابوون کە تەقەیان لێ کرابوو.

ئیبراهیمزادە دەڵێ "کاتێک کە بڕیارم دا بڕۆمە تورکیە، ئەوان [پێشمەرگەکانی کۆمەڵە] ئەو کارەی منیان پێ سەیر بوو و پێیان وا نەبوو کە بتوانم خۆم دەرباز کەم. بۆیە سەلیم سابیرنیا پێشنیاری کرد کە چەکەکەم لەگەڵ خۆم نەبەم و بیدەم بە ئەوان و برنۆیەک وەربگرم. لە وانەیە پێیان وابووبێ کە ئەگەر من

دەکوژرێم، لانی کەم تفەنگەکەم بە فیڕۆ نەچێ. بەڵام پێیانم وت نا؛ چەکەکەشم لەگەڵ خۆم دەبەم. کە ئەوان ڕۆیشتن، دیتم کە کەسێک بە سواری ئەسبەکەی بەرەو لای من دێ. کە هات، ڕامگرت و سڵاوم لێ کرد. ئەویش لێی پرسیم کە تۆ کێی، منیش پێم وت کە من فلان کەسم. هێندێک خزم و کەسوکاری ئێمە لە ناوچەی مرگەوەڕ و ترگەوەر هەبوون. پرسیاری ئەوانم کرد کە بزانم دەیانناسێ یان نا، بەڵام ئەوانی دەناسی. پێم وت کە دەتوانێ منیش لەگەڵ خۆی ببات یان نە، کە وتی دەتوانێ، باش بوو منیشی لەگەڵ خۆی برد تا گەیشتمە لای خزم و کەس وکاری خۆمان. ئەگەر ئەو سوارە نەبوایە، مەعلووم نەبوو کە من چیم بە سەر بهاتایە و یان چوون خۆمم دەرباز بکردبایە. ئەوە تەنیا شانس بوو و نە شتێکی دیکە."

ئیبراهیمزادە چووبوو بۆ گوندێک کە لەو گوندە هەم بنکەکانی پێشمەرگەکانی "قیادەی مۆوەقەت"ی لێ بووە و هەم لە گوندەکەدا جاشی زۆر هەبووە. دەڵێ کە تفەنگەکەی خۆی لە ژێر باڵتۆکەیدا دەشارێتەوە تا دەربازی نێو گوندەکە دەبێ و دەچێتە ماڵی خزمەکەی. دواتر ئەوان بە ماشێن هاشم ئیبراهیمزادە دەبەنە بۆ ورمێ و لەوێوە ناوبراو دەربازی شارەدێی باڵۆ، گوندی کۆسە ئەحمەد، ئەسکەر ئاباد، کارخانە قەند و لە دواییدا دەربازی سۆما و برادۆست دەبێ. دوای چەند شەوێک کە لە گوندی گێچە دەمێنێتەوە، دەربازی باکووری کوردستان دەبێ و لە گوندی زرێڵ نیشتەجێ دەبێ[1].

١ لەو بەسـەرهاتەی ئیبراهیمزادەدا دوو قسەی خۆش هەن کە دەمەوێ ئاماژەیان پێ بکەم. یەکم ئەوەی کە لەو کاتەدا کە ئیبراهیمزادە و خزمەکەی بە ماشێن بەرەو ورمێ دەچن، لە سەر ڕێگا جاش و پاسدارەکان ماشێنێکی دیکە دەگرن کە باری رۆنی پێ بووە کە لە بە قاچاخ لە باکووری کوردستانەوە دەیانهێنا بۆ فرۆشتن. ئەوەی کە باری گیرابوو، چاوی بە شۆفێری ئەو ماشێنە دەکەوێ کە ئیبراهیمزادە تێدا بووە و دەناسێ و دەزانێ کە یەکێک لە جاشەکان خزمی ئەوە. دەچێتە لای و پێی دەڵێ کە وەرە بەو جاشە [عیسا] بڵێ کە بارەکەی بەردەن. ئەویش ناچێ و پێی خۆش نەبووە کە لەو کاتەدا زۆر لەوێ دەرەنگ بکەوێ کە تووشی کێشە بن. شۆفێرەکە بەو کابرایە دەڵێ"سەگباب! ئەگەر بارەکەی تۆ رۆن بێ، هی من گوشت و جانە."
دووهەم ئەوەی کە لەو کاتەدا کە ئیبراهیم زادە لە گوندی کۆسە ئەحمەد دەبێ و لە کەسێک پرسیار دەکا کە چی هەیە و چی نیە، کابراش پێ دەڵێ:
" - وڵلا هیچ نیە. بەس هندێک جار پاسدار دێنەوە گوند بۆ سەربازگیری.

## کۆنگرەی حەوتەمی حیزب و
## سەرلەنوێ داڕشتنەوەی قەوارەی هێزەکانی حیزب

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەی حەوتەم وهەشتەمدا[1] زۆر کار و چالاکیان هەبووە کە شایانی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە. ئەوەی کە من لێرەدا باسم کردووە، زۆر بە کورتی باسی هێندێک مەسەلە دەکەم تا کو بتوانم وێنایەکی هەر چەند کەمڕەنگیش بێ، بخەمە بەر چاوی خوێنەران و چارەنووسی ئەو کەسانەی کە تا ئێرە وەک ئەکتەری سەرەکی باسم لێ کردوون، بە نوقسانی نەمێنێ. ئەگەر دەرفەت هەبوو، دەبێ لە بەرهەمێکی دیکەدا و بە وردی باس لەو دوو ساڵە بکرێ و کەد و زەحمەتی هەر یەک لەو کەسانە کە دەوریان هەبووە لە خوڵقاندنی ڕووداوەکان و ئاکامەکانیدا، بە نێوی خۆیانەوە باس بکرێ.

کۆنگرەی حەوتەمی حیزب لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤دا گیرا بوو و نوێنەرانی کۆمیتەی ئاراراتیش تێیدا بەشدار بوون و لەو کۆنگرەیەدا چەندین کەسیان وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردران کە عسمەت عەبدی و شاپوور شوجاعیفەردیش لەو کەسانە بوون. ئەوان لە هاوڕێیە نزیکەکانی کاشفپوور بوون کە کاشفپوور بۆ خۆی لەو کۆنگرەیەشدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو.

دوای کۆنگرەی حەوتەم قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبیش گۆڕانی بە سەردا هاتبوو و لە جیاتی ناوەندەکان، مەڵبەند پێک هاتبوون. لەو قەوارە نوێیەدا ڕێکخستنی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵات بە مەڵبەندی شوماڵ ناودێر کرابوو و پێشمەرگەکانی هەرسێ هێزی نحۆ، سەرگورد عەباسی و حاتەم لە یەک هێز بە ناوی "هێزی ئاگری"دا سازمان درابوون، کە یەکێک لە بە نێوبانگترین هێزەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە توانی هەم لە کاتی عەمەلیاتە هاوبەشەکان لەگەڵ هێزی کێلەشین و هەم ئەو عەمەلیاتانەی کە بە تەنێ بەڕێوەی بردبوون، زەبری قورس لە هێزەکانی دوژمن بدات.

لە سەر بارودۆخی نێوخۆیی لە هێزی ئاگریدا بە کورتی دەتوانین بڵێین کە بەرپرسانی حیزبی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەگەر پێشتر هێندێک

---

[1] کۆنگرەی هەشتەم لە بەرواری ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦دا گیراوە.

ناکۆکیان لەگەڵ کەسانی وەک هاشم ئیبراهیم‌زادە و فەرامەرز عوسمانی و حەسەن ئیبراهیمی هەبوو، ئەم جارە لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ورمێش (پێشمەرگەکانی هێزی نحۆ) تووشی کێشە هاتبوون؛ بە تایبەتی لە سەر دابەشکردنی پۆستەکان. لەو بارەوە زۆر یەک لە کادرەکانی کۆمیتەی ورمێ (وەک عوسمان عەدۆ و ق.ش. و ...) کە بە ساڵان ئەزموونیان هەبوو، بۆ پۆستی وا دانرابوون کە دەیان کەسی دیکەش بۆ بەڕێوەبردنی دەبوون و لە حاڵێکدا کەسانێکی ناشارەزایان لە پۆستەکانی کلیدی دانابوون کە نەک توانای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەیان نەبووە، بەڵکوو وەک بووکەشووشە وابوون و بۆ ئەوە داندرابوون کە تەنیا بەڵێ و نەخێر بۆ بەرپرسانی مەڵبەند بڵێن. یانی بە کورتی ئەو پرەنسیپەی زانستەکانی مودیرییەتی ڕێکخراوەیی کە دوکتور قاسملوو لە "باسێک لە سەر مودیرییەت"دا شیی کردبوو و دانەری ئەم کتێبە هەم لە پەرتووکی "ڕوانگەی دکتور قاسملوو سەبارەت بە دێموکراسی بۆ ئێرانی فرەنەتەوە"دا (٢٠١٣) هەم لە پەرتووکی " قاسملوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنە نوروێژییەکانەوە"دا (٢٢ی پووشپەڕی ٢٠١٨) ئاماژەی پێ داوە، لە بەر چاو نەگیرابوو کە دەڵێ لە حدکادا دەبێ هاوسەنگی لە نێوان سەلاحیەت و بەرپرسایەتیدا هەبێ بۆ ئەوەی کە کارەکان بە باشی و بە دروستی بەڕێوە بچن. لە سەر نەبوونی ئەو هاوسەنگییە زۆر کادر و فەرماندەری لێهاتوو نەیانتوانی تەحەمولی ئەو هەموو ناحەقی و بێ لوتفییەی بەرپرسان بکەن و ناچار مانەوە واز لە پێشمەرگایەتی بێنن و هێندێکیشیان بە هۆی ئەوەی کە بەرەورووی ڕق و نەفرەتی بەرپرسان ببوون، لە لایەن ئەوانەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە بەرنامە و ئەزموونی پێشتر، بە شێوازێکی زۆر نادادپەروەرانە لە حیزب دەرکرابوون. دوو کەس لەو فەرماندەرانە - فەرامەرز عوسمانی و حەسەن ئیبراهیمی (بازووکە) - لە ساڵی ١٣٦٦دا هەر بەو تاکتیک و بەو فرت و فێڵانەی کە بەرپرسانی مەڵبەندی شوماڵ تێیدا ڕا هاتبوون و ببوونە وەستا، بە شێوازێکی زۆر دوور لە پرەنسیپی ڕێکخراوەیی و شۆڕشگێری لە سەر ڕادیۆ پەیامی دەرکردنیان لە حیزب بڵاو کردبوویەوە.

دوای دەرکرانیان، فرامەرز عوسمانی و حەسەن بازووکە کە لە گوندێکی باکووری کورستان گیرسابوونەوە، کە چی بەرپرسانی یەکەمی مەڵبەندی شوماڵ هەر بە دەرکردنی ئەو دوو فەرماندەرەش دڵیان ئاسوودە نەببوو و فشاریان هێنابوو بۆ ئەوە خاوەنماڵەی کە شوینی مانەوەی دابوو بەو دوو فەرماندەرە

غەدرلێکراوە کە بەخێویان نەکا و دەریان بکا. کاتێک کە مرۆڤ گوێی لە وەها هەڵوێستێکی دوور لە شعووری شۆڕشگێری دەبێ، ئەو کات تێدەگات کە هۆی سەرنەکەوتنی خەباتی گەلەکەمان تەنیا نەیارانمان نین. بەڵکوو بۆ خۆشمان تاوانباری سەرەکین بە هۆی هەزاران کرداری نادروست بەرامبەر بە یەک. حەسەن بازووکە (ئیبراهیمی) و فەرامەرز عوسمانی لە ساڵی ١٣٦٧دا بە پیلانێکی دوژمن و هاوبەشیی خائینان بەرەو ڕۆژهەڵات ڕاکێشران و لە کەمینێکدا حەسەن بازووکە شەهیدکرا و فەرامەرز عوسمانیش بە دیل گیرا و دواتر لە زیندانی "ورمێ"دا لە سێدارەیان دا.

زانیار کە بۆ خۆی لە قەوارەی نوێی هێزی ئاگریدا لە دوای کۆنگرەی حەوت کە وەک جێگری فەرماندەری هێز دیاری کرابوو، پێی وایە کە ئەو قەوارەیە بووە هۆی ناکۆکی لە نێو بەشی چەکداریدا لە مەڵبەندی شوماڵ و هەر ئەو ناکۆکیانە بوونە هۆی ئەوەی کە بەرپرسانی مەڵبەندی ئاگری وەک عەلی کاشفپوور، شاپوور شوجاعیفەرد، عسمەت عەبدی، ڕەحیم ساڵحزادە و زانیار و دواتریش محەمەدەمین کرێت لە کاتی جیابوونەوەی کۆنگرەی هەشتدا لەگەڵ لایەنی جیابووە بکەون. شایانی باسە کە هەر دوای بەجێهێشتنی حیزب لە لایەن ئیبراهیمزادەوە و گۆڕانی قەوارەی ڕێکخراوەیی هێزەکان و کۆمیتەکان، ڕەحیم ساڵحزادە ببوو بە فەرماندەری هێزی ئاگری. مەڵبەندی ئاگری لە دوو کۆمیتەی شارستانی ورمێ و سەڵماس پێکهاتبوو کە مەحموود دەشتی بەرپرسی کۆمیتەی ورمێ و عسمەت عەبدی وەک بەرپرسی کۆمیتەی سەڵماس دیاری کرابوو. شاپوور شوجاعیفەرد لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە گیرابوون و تا دوای تەواوبوونی کۆنگرە هەر لە زینداندا بوون و شاپوور دوای ئازادبوونی و گەڕانەوەی بۆ نێو حیزب، وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ئامووزش لە مەڵبەندی ئاگریدا دیاری کرابوو. مەلا خالید باقی کە پێشتر فەرماندەری هێزی سەرگود عەباسی بوو و بە هۆی نەخۆشکەوتن لەو بەرپرسایەتیە لابرابوو، وەک بەرپرسی بەشی قەزایی لە مەڵبەندا ئەرکی وەئەستۆ گرتبوو کە لە سەرماوەزی ١٣٦٥دا کۆچی دوایی کرد. هەمزە ڕەشیدیان کە وەک بەرپرسی بەشی ماڵیی مەڵبەند لە نێوان کۆنگرەی ٧ و ٨ دا ئەرکەکانی بەڕێوە بردبوو، لە دوای جیابوونەوەی کۆنگرەی٨ لەگەڵ لایەنی جیابووە نەچووبوو. بەڵام دوای جیابوونەوەی کۆنگرەی هەشتەم،

ئەویش وازی لە پێشمەرگایەتی هێنابوو و وەک پەنابەر ڕووی لە وڵاتی تورکیە کردبوو و دواتر لە وڵاتی نورویژ گیرسایەوە.

سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان، پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شوماڵ لە مەودای نێوان کۆنگرەی ٧ و ٨دا توانیان زۆر زەربەی گەورە لە دوژمن بدەن و لە چەندین ناوچە دەست بە سەر پادگانەکانی ئەواندا بگرن. هەروەها پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شوماڵ توانیان جاشەکان و خەڵکی بە زۆر چەکدارکراوی چەندین گوند چەک بکەن و خەڵک هان بدەن کە نەکەونە داوی پیلانەکانی دوژمنی داگیرکەر و بە دژی ئازادیخوازانی نەتەوەکەیان نەجوڵێنەوە. ئەو کار و خەباتەی هێزی ئاگری لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و نەتەوەپەروەیی خەڵکی ئەو دەڤەرە وای کرد کە بێجگە لە چەند خۆفرۆشێک نەبن، کەسێک چەکی جاشایەتی و خۆفرۆشی نەکاتە شان.

## هەڵەیەکی گەورە و ئاکامێکی خراپ

ئەنوەر کوهەنساڵ دەڵی کە لە ساڵی ١٣٦٦دا بە گوێرەی بەخشنامەیەکی حیزبی کە ئینفۆرمانتەکان ئاماژەیان پێ دەدا، حیزب بڕیارێکی دابوو لە سەر ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتنەوە بۆ پێشمەرگایەتی. ئەو بڕیارە بریتی بووە لە وەی کە "هەر کەس کە هاتە پێشـمەرگایەتی، دەبێ بۆ ماوەی ٦ مانگ ڕایان بگرن تا کو ئەو کەسە حیزب و سیاسەتەکانی بە باشی دەناسێ و دواتر بڕیاری خۆی بدات کە دەبێتە پێشمەرگە یان نا." لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دوو کەس دێن بۆ پێشمەرگایەتی و دوای ماوەیەکی کورت بڕیار دەدەن کە پێشـمەرگایەتیان پێ ناکرێ و دەبێ بڕۆن. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هێشتا ماوەی ئەو ٦ مانگە کە لە ئاییننامەکەدا ئاماژە پێ درابوو، تەواو نەببوو، لە لایەن بەرپرسانەوە داوایان لێ دەکرێ کە ماوەیەکی دیکەش ڕاوەستن تا ئەو ٦ مانگە تەواو دەبێ و دواتر بڕیاری خۆیان بدەن. بەڵام ئەو دووانە تەحەمول ناکەن و هەڵدێن. لەو کاتەدا کە عەلی کاشفپوور لە بنکەکە بووە، بە چەند پێشمەرگەیەک دەڵێ کە بچن و گوێی ئەوانە بگرن و بیانهێننەوە. بەڵام ئەو پێشمەرگانە قسەکانی ناوبراویان بە هەڵە وەرگرتبوو و پێیان وابوو کە عەلی

کاشفپوور وتوویەتی کە "بچن گوێیان ببڕن و بیانهێننەوە." کە ئەو مەسەلەیە ببووە هۆی ئەوە کە بەشێک لە گوێی هەر یەک لەو دوو کەسانە ببڕدرێ.

لە سەر ئەم مەسەلەیە پرسیار لە کەسێک کراوە کە بە وتەی زۆربەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کەسە یەکێک لە شاهیدەکانی ئەو ڕووداوەیە کە لە نزیکەوە زۆر شتی بە چاوی خۆی بینیوە و بە گوێ بیستووە. ئێمە لێرەدا بە نێوی (ع.م.) نێوی دەبەین. ناوبراو دەڵێ کە ئەو کات چەند کەسێک تازە هاتبوون بۆ پێشمـەرگایەتی کە بۆ خۆی یەکێک بوو لەو کەسانە کە تازە هاتبوون. لە شوێنێک بە نێوی کیڤارستان ٣ چادریان هەڵدابوو و لە خوارتریش ژوورێکی ژێرزەوییان دروست کردبوو کە دوو پێشمەرگەی بریندار (دێهقان عەبدوڵلازادە و کازم عەزیزی) تێیدا دەمانەوە. لە یەکێک لەو چادرانەدا عەلی کاشفپوور دەمایەوە، لە چادری نێوەڕاست وەک ئاشپەزخانە کەڵکی لێ وەردەگیرا و لە چادری سێهەمدا ئەو پێشمەرگانەی تازەهاتوو دەمانەوە.

دوو پێشمەرگەی قەدیمی کە لەوێ دەمانەوە، یەکێکیان بە نێوی فەرزندە[1]و ئەوی دیکەش م.ش بوو. بە وتەی ع.م فەرزۆ مرۆڤێکی دەڤپیس و زۆر هەڵسوکەوتی ناپەسەندی هەبوو و لە بەر ئەوەی کە ئەو چەند پێشمەرگە تازەیە خەڵکی دەوروبەری ورمێ بوون (لە عەشیرەتی هەرکی بوون)، ناوبراو بەهانەی پێ دەگرتن و ئازار و ئەزیەتی دەدان. ئەگەر چی پێشتر لە سەر ئەو ڕەفتارانە لەگەڵ شاپوور شوجاعیفەرد و چەند کادرێکی دیکە قسە کرابوو، بەڵام وەزعیەتەکە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا نەهاتبوو.

شەوێک نزیک سەعات ٢١:٣٠ فەرزۆ دەچێت و بە پێشمەرگە تازەکان دەڵێ کە دەبێ بخەون و کاتی بێدەنگییە. ئەوانیش خۆیان حازر دەکەن بۆ خەوتن. لەو کاتەدا یەکێک لەو پێشمەرگانە بە نێوی ئیسماعیل بۆ ئاوخواردنەوە دەچێتە سەر کانیاوێک کە لە نزیکی چادرەکان بووە. ناوبراو لە کاتی گەڕانەوەدا بەرەورووی فەرزۆ و م.ش. دەبێ، کە هێرشی بۆ دەبەن و لێی دەدەن. ناوبراو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دەستیان، بەرەو چادری عەلی کاشفپوور هەڵدێ و دەرکەی چادرەکە دەکاتەوە و سەری خۆی دەباتە نێو چادر و بە عەلی کاشفپوور دەڵێ کە "ئەوە بۆ لێم دەدەن و بۆ دەمکوژن!؟" هەر لەو کاتەدا عەلی کاشفپووریش

[1] ناوبراو بە فەرزۆ بە نێو بانگ بوو کە دواتر خۆی تەحویل وە و بوو بە جاش. ناوبراو لە هاوینی ساڵی ١٣٧٥دالە شەڕێک لە گەڵ پێشـمەرگەکانی کۆمیتەی ورمێ لە گەلیی بەراندێز کوژرا.

بە قونتاخی تفنگەکە، قونتاخێک لە سەری ناوبراو دەدات و دەشکێنێ. دواتر دەستوور دەدات کە بچن و هەموو پێشمەرگە تازەکان بهێنن. پێشمەرگە تازەکان هەر کامەیان بۆ شوێنێک هەڵدێ. (ع.م.) کە ئەوکات تەمەنی کەم بووە و توانای هەڵاتنی نەبووە، خۆی لە نێو چادری ئاشپەزخانەدا دەشارێتەوە و لە نزیکەوە گوێی لە هەموو ئاخافتنەکانی عەلی کاشفپوور و فەرزۆ و م.ش. دەبێ. یەکێک لە پێشمەرگە تازەکان بە نێوی بەهائەدین کە خەوی بڕێک قورس دەبێ و هەر ئاگای لە هیچ نەبووە، ئەوان دەچن لە نێو کیسەخەودا هەڵیدەستێنن و دەیهێننەوە. عەلی کاشفپوور دەستوور دەدا کە ئیسماعیل و بەهائەدین ببەنەوە بۆ سەرتر کە مێرگێک لەوێ بوو و ئەوەندەیان لێ بدەن و لە بیانخەنە نێو ئاو، تا دەمرن. فەرزۆ و م.ش ئەو دووانە دەبەن و دوای ماوەیەک م.ش دەگەڕێتەوە و بە عەلی کاشفپوور دەڵێ کە ئەوە ئەوەندەیان لێ داوە کە هەردووکیان بێ گیان کەوتوون و نازانن کە ساغ و سڵامەتن یان مردوون. لەو کاتەدا عەلی کاشفپوور بە م.ش. دەڵێ کە برۆن گوێچکەکانیشیان ببڕن. ع.م دەڵێ کە بەو قسەیە، م.ش. وەک ئەوەی کە چاوەڕوانی وەها قسەیەکی نەبووبێ، وتەکەی وەک پرسیار دووبارەی کردەوە و ڕوو بە کاشفپوور وتی: " تە چ گۆت؟ گوهێ وان ببڕن!؟" کە کاشفپوور لێی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەرێ گوهێ وان ببڕن. ما دەنگ نەهاتە تە!؟"

م.ش. بە دوای چەقۆدا دەگەڕێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و دواتر پێشمەرگەیەک دەڵێ کە چەقۆ لای دێهقان عەبدوڵلازادە هەیە. ئەویش دەچێ و چەقۆکە لە دێهقان عەبدوڵلازادە وەردەگرێ و دەچن و بەشێک لە گوێی هەر یەک لە بەهائەدین و ئیسماعیل دەبڕن.

بە وتەی ع.م، فەرزۆ و م.ش پێیان وابوو کە بەهائەدین و ئیسماعیل مردوون. بەڵام نەمردبوون و بە دوای ئەوەی کە هاتبوونە سەر هۆشی خۆیان، چووبوون بۆ گوندێک و لەوێ عوسمان عەدۆ لێیان بە خاوەن دەرکەوتبوو و دوای دەرمانکردنیان ناردبوونی کە بچن بۆ ماڵی خۆیان.

ع.م دەڵێ کە ڕۆژی دواتر ئەو پێشمەرگەتازەیانە لە ژێر بەرد و لە هەر جێگایەک کە خۆیان شاردبوویەوە، هاتنەوە و تەنیا یەکێکیان هەڵاتبوو. ناوبراو بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە کە هیچ یەک لەوان پێشتر نییەتی گەڕانەوە و یان هەڵاتنی هەبووبێ. بەیانیی ڕۆژی دواتر کە ڕەحیم ساڵحزادە، بە مەسەلەکە دەزانێ، دەچێت لەگەڵ کاشفپوور قسە دەکا و دواتر ئەو پێشمەرگە نوێیانە

بەڕێ دەکرێن بۆ لای کۆمیتەی ورمێ.

مەحموود دەشتی دەڵێ کە کاتێک کە بە مەسەلەکەیان زانی، بە عەلی کاشفپووریان وتبوو کە نەچێتە ژێر باری بەرپرسایەتیی ئەو کردەوەیە. بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو وەها بڕیارێکی نەداوە و لە لایەکی دیکەشەوە وەها کارێک زۆر بە زەرەری حیزب و ناوبراو بۆ خۆی تەواو دەبێ. بەڵام عەلی کاشفپوور بە هەر هۆکارێک بێ، بەرپرسایەتیی ئەو کارەی گرتبووە ئەستۆی خۆی. دوای چوونەوەی ئەو دوو کەسە بۆ ئێران، ئیتلاعات وێنەی ئەوان لە نامیلکەیەکدا بڵاو دەکاتەوە و نموونەی ئەوانەش لە لایەن کادرێک (بە نێوی داوود جەلیلی کە ئێستاش جاشە) کە نفووزی بوو، دەنێرنەوە بۆ نێو حیزب. زانیار دەڵێ کە هەوڵی زۆر درا کە ئەو مەسەلەیە هەر لە مەڵبەندا کۆ بکرێتەوە سەر یەک و نەچێتەوە بۆ کۆنگرە. بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانیان بە دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور قاسملوو و ناردنی چەندین نامە بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب، ئەوان نەیانتوانیبوو پێش بەو وێنە و بەڵاڤۆکانە بگرن و لە دواییدا گەیشتبوونە کۆنگرەی هەشت. زانیار قامک لە سەر مەحموود دەشتی دادەنێ و دەڵێ کە لەو مەسەلەیەدا دەشتی پشتیوانیی لە داوود جەلیلی کردووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەدەستهێنانی پۆست و بەرپرسایەتی. بەڵام دەشتی ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ کە هەرچی داوای لە عەلی کاشفپپور کردووە کە نەچێتە ژێر باری بەرپرسایەتیی کارێک کە بۆ خۆی نەکردووە، بەڵام کاشفپوور حازر نەبووە و بەرپرسایەتیی ئەو کارەی وەئەستۆ گرتبوو و بۆیە ئەوانیش نەیانتوانیوە لە سەر کردەوەیەکی وەها خراپ، لە کۆنگرەدا بەرگری لە عەلی کاشفپوور بکەن. بەڕێز مەحموود دەشتی ئاماژە بەوە دەکا کە لە کۆنگرەدا کاتێک کە باس گەیشتە سەر ڕاپۆرتی تێکۆشانی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو وێنانە لە لایەن داوود [جەلیلی] کە کەسێکی نفووزی و سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم بوو، خرانە بەر چاوی کۆنگرە. تەیموور مستەفایی دەڵێ کە سەبارەت بەو وێنانە کە لە کۆنگرەدا بڵاو کرانەوە، کەس بە ئاشکرا نەیدەزانی کە داوود جەلیلی لە پشت ئەو کارەوەیە. بەڵام کاتێک کە عەلی کاشفپوور چووە پشت تریبوون، وتی کە ئەو وێنانە لە لایەن داوود جەلیلیەوە هێنراون و بڵاو کراون و ئەوە پیلانی دەزگای سیخوڕیی ڕێژیم (ئیتلاعات)ە و داوود مۆرەی ڕێژیمە. بەڵام کەس باوەڕی نەکردبوو کە داوود جەلیلی نفووزی بێ. دوایی دەرکەوت کە قسەکانی کاشفپوور ڕاستن.

دەشتی دەڵێ کە لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانەدا کاشفپوور سەرکۆنە کرا و ڕێگەی پێ نەدرا کە خۆی کاندید بکا بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی. ئەوە لە کاتێکدایە کە تەیموور مستەفایی هەڵنەبژێرانی کاشفپوور بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کاشفپوور، هاوڕێیە نزیکەکانی - وەک عسمەت عەبدی، شاپوور شوجاعیفەرد و بەهادور بەهادوری- لەگەڵ ئەو لایەنە کەوتبوون کە دوای کۆنگرەی هەشت لە حیزب جیابوونەوە و بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ چالاکییان دەست پێ کردبوو.

ئەو گرووپەی کە لە کۆنگرەی هەشتەمدا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا ببوو، لە ئەدەبیاتی حدکادا بە "لادەر" ناودێر کرابوو. بەڵام ئەوان نێوی "حیزی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"یان لە سەر خۆیان دانابوو و بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشیان دەگۆت "فراکسیۆنی قاسملوو-شەڕەفکەندی."

## مەڵبەندی شوماڵ دوای کۆنگرەی هەشت

لە دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزب، ڕێبەرایەتیی حیزب، "تەیموور مستەفایی"ی وەک بەرپرسی مەڵبەندی شوماڵ دەستنیشان کردبوو. مستەفایی دەڵێ، پێش ئەوەی کە بچێت و مەڵبەندی شوماڵ تەحویل وەربگرێ، چەند جارێک پێوەندیی لەگەڵ بەرپرسانی پێشووی مەڵبەند -کاشفپوور و هاوڕێیانی- بۆ ئەم مەبەستە گرتبوو. بە وتەی موستەفایی، ئەو کات ناوبراو بەرپرسی کۆمیتەی شنۆ بووە کە بنکەکانیان لە گوندی مامەخەتیب بوون و بنکەکانی مەڵبەندی شوماڵیش لە گوندی بێشێ. ئەو دوو گوندە لە نزیکی یەکتر هەڵکەوتبوون. ڕۆژێک لە لایەن دوکتور قاسملوویەوە پەیامێک دەنێردرێ بۆ تەیموور مستەفایی و ئەویش لە پێشدا بەرپرسانی مەڵبەند ئاگادار دەکاتەوە کە بەیانی هەیئەتی دەفتەری سیاسی دەچن بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی مەڵبەند و ئەویش دەبێ لەگەڵ دوکتور قاسملوو بچێ و مەڵبەند تەحویل وەربگرێ. مستەفایی لەو بڕوایەدایە کە بەرپرسانی مەڵبەند زانیبوویان و هەستیان پێ کردبوو کە دوکتور قاسملوو دەچێ بۆ ئەم کۆنفرانسە و بۆیە شەوی پێش کۆنفرانس بەرپرسە سەرەکیەکانی مەڵبەند هەڵاتبوون و بە بێ ئەوە کە

کەسێک هەست پێ بکا، مەقەریان بە جێ هێشتبوو و چووبوونەوە لای ئەو گرووپەی کە لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە کە دواتر خۆیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ناساند. مستەفایی و زۆربەی ئینفۆرمانتەکان دەڵێن کە عەلی کاشفپوور و ئەوان کە لە مەڵبەندی شوماڵەوە ڕۆیشتبوون بۆ لای گرووپی جیابووە، تەنیا دەستەیەکی چەند کەسی بوون کە ژمارەیان لە قامکی دوو دەست کەمتر بوو. مستەفایی ڕۆیشتنی ئەو دەستەیە لە مەڵبەندی شوماڵ لەو قۆناغەدا بە شتێکی ئەرێنی دەزانێ بۆ مەڵبەندی شوماڵ و هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرپرسانی مەڵبەند بە هۆی پێرەوکردنی شێوازێک لە مودیرییەتی هەڵە، وایان کردبوو کە هەموو کادر و پێشمەرگەکان لە بەرامبەریاندا ڕابوەستن و ناکۆکیەکی لە سەر تەقینەوە لە نێوانیاندا ساز بێ. ڕۆیشتنیان لەو کاتەدا لە بەرژەوەندیی خۆیان و مەڵبەندا بوو، بەڵام نەک بەو شکلە. مستەفایی پێی وایە کە ئەگەر ئەوان نەقلی ئۆرگانێکی دیکەی حیزبی کرابانەوە و بۆ ماوەی دوو-سێ دەورە کەمێک لە مەڵبەندی شوماڵ دوور بکەوتبانایەوە، لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەدا بوو و لە وانەیە دوای گەڕانەوەی دووبارەیان بۆ مەڵبەند، ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕابا لە خەباتدا. مستەفایی ڕۆیشتنی ئەوان بە یەکجاری لە حیزب، بە زەرەری جووڵانەوەکە دەزانێ و پێی وایە کە ئەو چەند کادرە، کەسانێکی شارەزا و لێهاتوو و پێگەیشتوو بوون و سەرمایەیەکی گەورە بوون بۆ حیزب و بەو ڕۆیشتنەوەیان، ئەو سەرمایەیە لە دەست چوو. بەڵام مستەفایی پێی وایە کە عەلی کاشفپوور و ئەوان بۆ خۆیان عاملی ئەوە بوون کە ڕۆیشتن و حیزب قەت پێی خۆش نەبوو کە ئەوان ڕیزی حیزب بە جێ بێڵن و ئەوە لەگەڵ قسەکانی دەشتی بە تەواوی یەک دەگرێتەوە. ئەوەش بەرەڤاژی ئەو ئیدیعایەی زانیارە کە پێی وایە پاڵیان پێوەنراوە کە حیزب بە جێ بێڵن و دەڵێ کە بەرخوردی خراپ لەگەڵ کاشفپوور کراوە و خورد کراوە و شکێندراوە و بۆیە ئەوانیش ناچار مابوون کە حیزب بە جێ بێڵن. بەڵام زانیاریش هەر وەک تەیموور مستەفایی، جیابوونەوەیان لە حیزب بە زەرەری جووڵانەوەکە دەزانێ و پێی وایە کە ئەگەر خاوەنی ئەزموونی ئێستا بان، لە وانەیە هەڵوێستێکی دیکەیان هەبا و نەچووبانەوە.

ئەگەر چی بەرپرسانی یەکەمی مەڵبەندی شوماڵ حیزبیان بە جێ هێشتبوو، بەڵام هەر وەک کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هەموو ئەوانەی کە لەو مەڵبەندە ڕۆیشتن، ٦-٧ کەسێک بوون. مستەفایی هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو

شت: "خۆشەویستیی پێشمەرگەکان لە مەڵبەندی شوماڵ بۆ دوکتور قاسملوو و مودیرییەتی هەڵەی بەرپرسانی مەڵبەند کە ببووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکان لە بەرامبەریاندا ڕابوەستن." مستەفایی هەروەها نایشارێتەوە کە هێندێک لەو کەسانەی کە ڕۆیشتن، بە هۆکاری عاتیفی -هاوڕێیەتی و ڕفاقەت- لەگەڵ عەلی کاشفپوور و ئەوانەی دیکە چوون. بۆ نموونە ئاماژە بە نێوی عسمەت عەبدی و خۆشەویستیی ناوبراو بۆ دوکتور قاسملوو دەکا و پێی وایە کە ئەگەر بە هۆی هاوڕێیەتی نەبوایە، عسمەت عەبدی لەگەڵ حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ نەدەکەوت.

ئینفۆرمانتەکان لە سەر ڕۆژی تەحویلگرتنەوەی ناوەند و هاتنی دوکتور قاسملوو دەڵێن کە پێشمەرگەکان لە مەڵبەندی شوماڵ بە هاتنی دوکتور قاسملوو زۆر کەیفخۆش بوون و پێشوازیەکی گەرم لێی کرا. لە کۆنفرانسی هەڵبژاردنی بەرپرسانی مەڵبەندی شوماڵدا کە دوکتور قاسملوو قسەی کردبوو و پێناخۆشبوونی خۆی لە ڕۆیشتنی عەلی کاشفپوور و ئەوان دەربڕیبوو، مستەفایی دەڵێ کە دوکتور قاسملوو وتوویەتی کە "ئێمە پێمان خۆش بوو کە ئەوان مابانەوە و قسەی خۆیانیان کردبا و ئەگەر ڕەخنەیێکیان هەبوایە لە حیزب، گوێمان بۆ دەگرتن و ئەگەر قسەکەیان مەنتقی بوایە، بە قسەمان دەکردن. بەڵام کە ئەوان ڕۆیشتوون، وا دیارە کە قسەیێکیان بۆ وتنەوە پێ نەبووە." ئەنوەر کوهەنساڵ کە لەو کۆنفرانسەدا حزووری نەبووە، بەڵام لە هاوڕێیان گوێ لێبووە و دەڵێ کە دوکتور وتوویەتی کە "گوێبڕین ئاسانە، بەڵام ڕاپۆرتدان زەحمەتە. بۆیە ئەوان ڕۆیشتوون." لەو کۆنفرانسەدا بەرپرسانی مەڵبەند هەڵبژێردرابوون و ئەبووبەکری قەدی کورد وەک فەرماندەری هێز دیاری کرابوو کە بە دڵی زۆر کەس و لە وانە تەیموور مستەفایی نەبووە.

## پاسیڤبوون و سەرنەکەوتنی حدکا-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا

هیچ یەک لەو گرووپانەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا بوونەتەوە، لە مێژوودا ڕووی نەداوە کە بتوانن لە ناو خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات ڕیشە داکوتن و ئەندامانیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا پاسیڤ بوونەتەوە. دوای ئەوەی کە چەند کەسێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ لایەنی جیابووە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای کۆنگرەی هەشتەمدا کەوتن، هەوڵیان دا کە چالاکییەکانی خۆیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێ بکەنەوە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە سێ کەس لەو چەند کەسەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ حدکا-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کەوتبوون، لە تەرکیبی ڕێبەرییەکەیاندا جێیان گرتبوون کە لەو کەسانە، عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەهادور بەهادوری وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوون[1]. هەروەها ڕەحیم سالحزادە کە پێشتر فەرماندەری هێزی ئاگری بوو و لەگەڵ ئەوان کەوتبوو، بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو. ئەو دەستەیەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ حدکا-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر کەوتن، زۆربەیان وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزبەکەیان هەڵبژێردرابوون. بەڵام لە بەر ئەوەی کە پێشمەرگەیان لەگەڵ نەکەوتبوون، وەک ژێنێراڵی بێ سەرباز وابوون و بێجگە لە ٢-٣ پێشمەرگەیەک، هیچ پێشمەرگەیەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە گەڵدا نەبوو. بۆیە سدیق بابایی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خەڵکی مەهاباد و ئەو چەند کەسەی خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات، هێزێکیان وەک "هێزی ئاگری"یان ڕێکخستبوو و ناردبوویانەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مستەفایی هۆکاری دانانی سدیق بابایی لە لایەن حدکا-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕەوە وەک بەرپرسی هێزی ئاگری، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سیاسەت و پیلانەی کە حیزبەکەیان گرتبووە بەر. ئەوان بیانزانیبا لە هەر ناوچەیەک کێ وەک بەرپرس لە لایەن حدکاوە دەستنیشان کراوە، ئەوانیش هەوڵیان دەدا کە ڕەفیقێکی ئەو بەرپرسەی حدکا کە لەگەڵ جەڕەیانی ئینشعابی کەوتبوو، پەیدا بکەن و وەک بەرپرسی هێزەکانی خۆیان

[1] گادانی، ٢٠٠٨، لاپەری ٥١ و ٥٢

لەو ناوچەیە دەستنیشان بکەن تا کە بە هۆی ڕفاقەتەوە پێش بە چالاکیەکانیان نەگیردرێ. بۆیە کاتێک کە دەزانن تەیموور مستەفایی بووە بەرپرسی شوماڵ، سەرەڕای هەبوونی کەسانێکی وەک عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد و چەند کادری دیکە، بابایی کە هاوشاری و ڕەفیقی مستەفایی بوو، دەکەنە بەرپرسی هێزی ئاگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر. بەڵام کاتێک کە ئەوان دەیانەوێ بچنەوە بۆ باکووری کوردستان و بە نێوی حیزبەوە چالاکی بکەن، حیزب بە جیدی هوشداریان پێ دەدا و پێیان ڕادەگەیەنێ کە نابێ بە هیچ جۆرێک بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە بچنەوە نێو مەیدانی تێکۆشانی مەڵبەندی شوماڵ. لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەدا ئەوان نەیانتوانیبوو هیچ فەعالیەتێک بکەن و ناچار ببوون لە باکووری ڕۆژهەڵات پاشەکشە بکەن. ئەو چەند هاوڕێیەی کە خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات بوون، لەگەڵ هێزەکەیان کە خەڵکی ناوچە نەبوون، نەگەڕابوونەوە بۆ دۆڵە ڕەقە. ئەوان لە گوندی هرمێ لە باکووری کوردستان دانیشتبوون. زانیار هۆکاری پاسیڤبوونی خۆیان و دانیشتینیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بڕوایان بە شەڕی براکوژی نەبووە و لە بەر ئەوەی کە لەگەڵ هاوڕێیانی دوێنێی خۆیان تووشی یەکتر کوشتن نەبن، ڕێگای دانیشتینیان هەڵبژاردووە. بەڵام مستەفایی بە پێچەوانەی ئەو بیر دەکاتەوە و ئەو هەڵوێستەیان نەک بە هۆی نەبوونی بڕوایان بە شەڕی براکوژی، بەڵکوو نەبوونی هێز و ئیمکانات لە قەڵەم دەدات و پێی وایە کە پێشمەرگەکانی "حدکا"ش شەڕی براکوژیان پێ ناخۆش بوو و نەیاندەویست وەها شتێک ڕوو بدات، بەڵام ئەگەر ئەوان بە نێوی حیزبەوە کە مەشرووعیەتی خۆی لە کۆنگرە وەرگرتبوو بیانویستبایە چالاکی بکەن، ئەو کات ئەوان ناچار دەبوون کە هەڵوێست بگرن. کاتێک کە ئەوان ئەو مەرجانەیان ڕەچاو کرد، هیچ شتێکی ناخۆشیش نەهاتە ئاراوە. دەنا ئەگەر ئامانج ئازار و ئەزییەتی ئەو کەسانە بوایە، ئەوان بە ڕاحەتی نەیاندەتوانی لە گوندی هرمێ دابنیشن و حیزب دەستی بەو کەسانە ڕادەگەیشت و گوندی هرمێ گوندێکی سەرسنووری باکووری کوردستانە کە زۆر لە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە نزیکە. شایانی ئاماژەیە کە جمشید کامران و حوسەین حەسەن پوور کە هاوینی ١٣٦٧ گیران و لە زیندانی ورمێ لە سێدارە دران، لە ئاکامی جیابوونەوەی حدکا-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا بوو. ئەوان کە بە دوای جیابوونەوە، بە مەبەستی گۆڕینی جێگای چەک و تەقەمەنیی حیزب لە ناوچەدا چوون بۆ مەئموورییەت

تا کو ئەو چەک و تەقەمەنیانە نەکەونە دەستی ئەوانەی کە جیا ببوونەوە، لە لایەن جاش و پاسدارەکانی ئێرانەوە بە دیل گیران و دواتر لە زیندانی "ورمێ"دا ئێعدام کران.

دوای دانیشتنی شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور و ئەوان لە گوندەکانی سەرسنوور لە باکووری کوردستان، عسمەت عەبدی چۆبووە بۆ ئانکارا و داوای پەنابەرێتی کردبوو. کاشفپووریش منداڵەکان و خێزانی لەگەڵ عەبدی ناردبوو تا کو ئەوانیش داوای پەنابەری بکەن. بەڵام داوای پەنابەریی بنەماڵەی کاشفپوور لە لایەن کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانەوە ڕەت کرابوو. بە گوێرەی قسەکانی ئەندامانی بنەماڵەی کاشفپوور کە لە پەرتووکی[١] ”Bîranîna Elî Ka□ifpûr“دا کە بە شێوازی "پی دی ئێف" بڵاو کراوەتەوە، هاتووە کە کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆکاری ڕەتکردنەوەی داوای پەنابەریی ئەوانیان گەڕاندبوویەوە بۆ ئەوەی کە سەرپەرەستی بنەماڵەکەیان -واتە عەلی کاشفپوور- لەگەڵیاندا نیە و ئەگەر ئەو بێت و داوای پەنابەری بکا، ئەو کات داواکەیان قبووڵ دەکرێ. بەو هۆکارەوە کاشفپوور دوای مەشوەرەت و ڕەزامەندیی هاوڕێیانی چۆبووە بۆ ئانکارا و داوای پەنابەری کردبوو تا کو بتوانێ بنەماڵەکەی بەرێ بکاتەوە بۆ دەرەوە و دیسان بگەڕێتەوە بۆ نێو حیزبەکەیان- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ. بەڵام لە لایەن دەزگای سیخوڕی و تیرۆری دەوڵەتی ئێرانەوە شوێنپێی هەڵگیرابوو و لە شەوی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٨دا لە شاری قۆنیا تیرۆریان کردبوو.

ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک کاشفپوور پلانی گەڕانەوەی دووبارەی هەبووە بۆ نێو حیزبەکەی، بۆ دانەری ئەم کتێبە جێگای گومانە. لە بەر ئەوەی کە لەو پەرتووکەی کە لە سەرەوەدا ئاماژە پێ کرا کە لە لایەن بنەماڵەی بەڕێزی کاشفپوورەوە بڵاو کراوەتەوە، بەشێک لە نامەیەکی کاشفپوور کە بۆ هاوڕێیەکی ناردووە، کە وەرگێرانی بۆ سەر زاراوەی سۆرانی بەو شکڵەیە و دەنووسێ: "تۆ لەو زروفەی کە من تێیدا بووم و ناچار بووم، کەم و زۆر هێندێک شت دەزانی. بڕوات هەبێ کە قەت لە خەونیشمدا بیرم لەوە نەدەکردەوە، بەڵام کێشە

١ http://www.elikasifpur.com/eli_book.pdf

و پرسگرێکی بنەماڵەیی و هەلومەرجی پێکهاتوو، وایان لێ کردم کە بێجگە لەو ڕێگەیە هیچ چارەیەکی دیکەم بۆ نەمابوو. هەر چەند کە هاوڕێیان ئەو بڕیارەیان قبووڵ کرد، بەڵام بە کردەوە خۆیانیان لە من دوور ڕاگرت، نەک هەر هیچ کێشەیێکیانم بۆ چارەسەر نەکرد، بەڵکوو زۆر تۆمەتی ناڕەوا و ناشیرینیان بۆ هەڵبەستم. هەر هیچ نەبێ تو تا ڕادەیەک دەمناسی و دەزانی کە من لەو کەسانە نەبووم کە لە هێندێک هەلومەرجدا هاوڕێیانم بە تەنیا بە جێ بێڵم و تا دوایی لەگەڵیان نەبم. بەڵام بە داخەوە، هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. لە لایەکی دیکەوە، ڕێگای تێکۆشان دوور و درێژە و تەنیا شەو و ڕۆژێک، یان یەک شێواز نیە. بەڵام هێندێک کەس نازانن و پێیان وایە کە دانیشتن لە پشت سنوورەکان باشترە تا ڕۆیشتن بۆ ئورووپا و ناسینی دونیای دەرەوە.

لەو نامەیەدا زیاتر نانووسم و ئەگەر نامەکەم گەیشتە دەستت و جوابم وەرگرت، لە سەر ئێش و ئازارەکان لە نامەی داهاتوودا زیاتر دەنووسم.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو، عەلی."[1]

لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە ئەو هاوڕێیانەی کاشفپوور کە موافقی چوونەوەی ناوبراو بۆ لای خێزانەکەی و چارەسەریی پرسگرێکەکانی بنەماڵەکەی بوونە، نەک بە کردەوە هیچ یارمەتییێکیان لەگەڵ نەکردوە بەڵکوو دوای چوونەوەی کاشفپوور، بوختان و قسەی ناڕەواشیان وەدوای خستووە. کە لێرەدا دەبێ مەبەستی کاشفپوور لە هاوڕێیانی، شاپوور شوجاعیفەرد، بەهادور بەهادوری و سەعید مەحموودنژاد بێ. کاشفپوور لە نامەکەیدا، لای هاوڕێکەی گلەییان لێ دەکا و دیارە دڵی پڕ بووە لەوان. بەڵام بە هۆی ئەمنیەتی و یان ئەوەی کە نامەکە دەگات یان نا، هەموو ئەو ئێش و ژان و شتانەی کە بە نیسبەت ئەو هاوڕێیانەی لە دڵدا بووە، نادرکێنێ و هەڵیدەگرێتەوە بۆ نامەیەکی دیکە. هەروەها لێرەدا کاشفپوور گومان دەخاتە سەر لێکدانەوە و تێگەیشتنی هاوڕێیانی کە پێیان خۆش بووە لە پشت سنوور دابنیشن تا ئەوەی کە بچنەوە بۆ ئورووپا و دونیای دەرەوە بناسن. بەو شێوەیەی کە کاشفپوور بیر و بۆچوونەکانی لە نامەکەدا خستووە ڕوو، ئامانجی ناوبراو نیشان دەدات کە ئەگەر پێشتر نییەتێکی دیکەی هەبووبێ ئامانجی ئەوە بووبێ کە دوای چارەسەریی پرسگرێکی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە لای هاوڕێیانی، بەڵام لە کاتی نووسینی ئەو نامەیەدا دەردەکەوێ

١ سەرچاوەی پێشوو، لاپەری ٨ و ٩

کە ئەو بۆچوونە گۆردڕاوە و کاشفپوور چوونەوە بۆ دەرەوە و ناسینی دونیای دەرەوە لە دانیشتن لە پشت سنوورەکانی پێی باشتر بووە.

عەبدی لە بەشێک لە قسەکانیدا کە بە نووسین و لە ڕێگای مسنجێری فەیسبووکەوە لە جوابی پرسیارەکانی مندا ئاماژەی پێ داوە، خاڵێکی گرینگ لە سەر گۆڕانی بیروبۆچوونی کاشفپوور بە نیسبەت شاپوور شوجاعفەرد دەخاتە ڕوو و دەڵێ کە "عەلی کاشفپوور هەموو بڕیارەکانی شاپوور شوجاعیفەردی بە هی خۆی دەزانی، بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە وا نیە." ئەو وتەیەی عیسمەت عەبدی و ئەو زانیارییانەی کە کاشفپوور لەو نامەیەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ داوە باسی کردوون، دەرخەری ئەم ڕاستیەیەیە کە بۆچوونی کاشفپوور لە بەرامبەر شوجاعیفەرد بە تەواوی گۆڕانی بە سەردا هاتووە و کردەوەکانی شاپوور شوجاعیفەردی پێ نەرێنی بوونە.

لە سەر تیرۆری عەلی کاشفپوور کە بە دەستی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئەنجام درا، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە و زۆر کەس و لایەن بەرەورووی شک و گومان دەکرێن کە دەستیان هەبووبێ لەو کارەساتەدا. بەڵام هەموو بەس شک و گومانن و بە بێ بەڵگەن. تەنیا کوهەنساڵ باس لە ڕاپۆرتێک دەکا کە لە لایەن ئەندام یان ئەندامانی نهێنیی حیزبەوە بۆ حیزب و کۆمیتە شارستانی سەڵماس نێردراوە کە کۆمیتە شارستانی سەڵماس لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە ڕاسپێردرابوو کە ئەو ڕاپۆرتە تەحویل وەربگرن و دوای هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکە، بیروبۆچوونی خۆیان لە سەری بدەن و بۆ حیزب بنێرن. کۆهەنساڵ دەڵێ کە دوای تیرۆری عەلی کاشفپوور، لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە بە کۆمیتە شارستانی سەڵماس ڕاگەیاندراوە کە بچن و ئەو ڕاپۆرتە تەحویل وەربگرن و ڕای خۆیان لە سەر بدەن و بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ بکەنەوە. بە وتەی کوهەنساڵ، ئەو ڕاپۆرتە هاوشێوەی ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی بکەرانی کارەساتی تەقاندنەوەی کتێب لە دەستی "حەسەن شێوەسەڵی" دا بووە و وەک ئەو ڕووداوە قابلی لەبەریەکدانانە. نووسەری ڕاپۆرتەکە دیار نیە، بەڵام زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە زۆر گرینگ و سەرنجڕاکێش وەسف دەکرێن. لێرەدا خۆم لە ناوهێنانی نێوی ئەو کەسانەی کە لەو ڕاپۆرتەدا وەک بکەری تیرۆری کاشفپوور ناسێندرابوون کە هاوکارییان کردبوو لەگەڵ دەزگای تیرۆری ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، دەبوێرم کە کوهەنساڵ بۆ منی گێراوەتەوە. ئەوە بۆ داهاتوو و دەرکەوتنی بەڵگەکان لە ئارشیوەکانی دەزگای سیخوڕیی ڕێژیم دوای ڕووخانی

ڕێژیم و یان دەستکەوتنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بە جێ دەهێڵم. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە چوونیەتیی تیرۆری عەلی کاشفپوور، بەهرام ئازادفەر و محەمەد قادری زۆر وەک یەک دەچن و بکەرانی ئەو تیرۆرانە، لە جلوبەرگی پۆلیسی تورکیە کەڵکیان وەرگرتووە. لە تورکیەش ئەو تیرۆرانە لە ڕیزی فایلەکانی چارەسەرنەکراو (Faili meçhul)دادەستەبەندی کراون.

## ژێدەرەکان:


١. قاسملوو، عەبدولرەحمان & حەسەن زادە عەبدوڵلا: (٢٠٠٢)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆیە

٢. مستەفایی، تەیموور: لە چیاکانی زاگرۆسەوە، (٢٠٠٦)،

٣. کاشفپوور، کەریم: KAŞIFPÛR ELÎ BÎRANÎNA ، چاپی دووهەم (٢٠١٤)

http://www.elikasifpur.com/eli_book.pdf

۴. گادانی، جەلیل: ۵٠ ساڵ خەبات - بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم (٢٠٠٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک

۵. گادانی، جەلیل: ۵٠ ساڵ خەبات - بەرگی دووهەم، چاپی سێهەم (٢٠٠٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک

۶. بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی ئاگری، ژمارە ٨٠، Agirî, hejmar ٨٠, ٣١ a‘ Çileya Paşîn ê ٢٠٠٨

٧. کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: اسرای آزادشدە جنگ تحمیلی کردستان ١٣۵٨-١٣٦٩، (آذر ١٣٦٩)

٨. وتەکانی سەید محمەد تاهری،

fbclid&v=YT٧٧۶m٢gJB٨&٨=https://www.youtube.com/watch?time_continue
j-CJwBbRWrq_Fxx١١bWg٠grztq۶hXYrBGgO٩BYwRlgLErti۶iYAz٩LE-=IwAR٣

٩.  یادی از رِفقای ناحیه ارومیه و رِفقای جانباخته گردان ٢٢،
https://www.youtube.com/watch?feature=player_!#۶٢٠pLCa٠AmY=embedded&v

١٠. عجم، اسماعیل: جنگ داخلی و فاجعه مه رِگه وەر
http://www.azadi-b.com/F-Album/Mergever_tragedy.pdf

١١. ......................وتوویژەکانی لەگەڵ ئینفۆرمانتەکان

## شیکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوخۆیی
### لە ناوەندی ئاگریدا

لەو بەشەدا تێدەکۆشین کە لە تێروانینی تێئوریەکانی ڕێکخراو، بەڕێوەبەری و ڕێبەریکردنەوە شرۆڤەی ناکۆکیەکانی نێوخۆی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەین. بۆ ئەم مەبەستە یەکێک لە ناکۆکیە هەرە سەرەکییەکان کە ناکۆکیی نێوان هاشم ئیبراهیمزادە لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی ناوەندی ئاگری - بە تایبەتی شوجاعیفەرد و ڕۆڵی کاشفپوور وەک بەرپرسی یەکەمی ئەو ناوەندە و هێندێک لە هاوڕێی دیکە – بوو، لە ڕوانگەیەکی زانستیەوە دەخەینە بەر چاوی ئێوە خوێنەرانی بەڕێز.

ئێمە لە لایەک بە لەبەرچاوگرتنی ئەو داتا و زانیارییە دیرۆکیانەی کە لە بەشەکانی ڕابردوودا نووسراوان و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو تێئۆریانەی کە لە سەر ناکۆکیەکان لە بەشی سێهەمی ئەو پەرتووکەدا شی کراونەتەوە، دەتوانین هەست بکەین کە ناکۆکیەکان لە پێوەندیی نێوان چەند ئەکتەرێکی شێوندانەر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا بووە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەو ئەکتەرانە بە هۆی هاوحیزبی بوون، کار لە یەک ئۆرگانی واحید، بە هۆی ئەرک و کاری ڕێکخراوەییەوە ناچار بوونە ڕۆژانە لە پێوەندییەکی چڕوپڕی کاری ڕێکخراوەییدا بن لەگەڵ یەکتردا. بەڵام هەر یەک لەو دوو لایەنە تێروانینی جیاوازیان هەبووە لە پێوەندی لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە خەبات و کاری ڕێکخراوەیی لەو سەردەمەی کە پێکەوە خەباتیان کردوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە، ئێمە لەو بەشەدا شرۆڤەیەک دەکەین لە سەر ئەو خاڵانەی خوارەوە:

-چوونیەتی دەستپێکردنی کێشە و ناکۆکیەکان
-کاراکتێرەکانی کەسایەتیی ئەکتەرەکانی بەشدار لە ناکۆکیەکاندا
-جۆری ئەو ناکۆکیانە
-قۆناغەکان و چوونیەتی پەرەگرتنی ئەو ناکۆکیانە

-ڕۆڵی پله و ستاتووسی ڕێکخراوەیی له ناکۆکیەکاندا (ڕۆڵی هێز و دەسەڵات)
-بە بێگانەکردن - تێروانینێکی مارکسیستی له سەر ناکۆکیەکان
-ئاکام و گۆڤاننامەی ئەو ناکۆکیانە

تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر له دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تا دوای کۆنگرەی حەوتەمی حیزب کە له ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ کۆچی هەتاویدا گیرابوو، زۆرتر بە ناوەندی ئاگری ناسراوە. لەو قۆناغەدا هەر یەک له سەنار مامەدی، جەهانگیر ئیسماعیلزادە و عەلی کاشفپوور لەو کەسانە بوونە کە دەسەڵاتی یەکەمیان هەبووە له کۆمیتە- و ناوەندی ئاگری. مامەدی له دوای کۆنگرەی شەشەم کە دەنگی متمانەی کۆنگرە بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەدەست نەهێنابوو، بۆ دووهەمین جار له حیزب جیا ببوو. ناوبراو دوای ئەوی کە ناوچە ڕزگارکراوەکان له لایەن ڕێژیمەوە داگیر کران، بووە پەنابەر و له سەحنەی سیاسیی ڕۆژهەڵات چووە دەرەوە. دوا بە دوای ئەو و له بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی هەتاویدا جەهانگیر ئیسماعیلزادەش کە بۆ سەردانی بنەماڵەکەی ڕۆیشتبووە تورکیە، نەگەڕایەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب و ئەویش هەر وەک مامەدی ڕۆڵی تەواو بوو. دوای ئەوەی کە ئەوان هەردووکیان له حیزبدا نەمان، عەلی کاشفپوور بوو بەرپرسی گشتی له ناوەندی ئاگریدا و ئەوە بووە خاڵی وەچەرخان له نێو ڕیزەکانی ڕێکخراوەیی حدکادا له باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. له بەر ئەوەی کە ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو له دیرۆکی حدکا له باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کە کەسێک بە دوور له ڕابردووی سەرۆک عەشیرەتی و ئاغاتی و دەرەبەگایەتی ببێتە کەسی یەکەمی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات له هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتدا. ئەوە بەو واتایە کە بەرپرسەکانی ڕابردوو خاوەنی جۆرێك ڕۆڵی کاریزماتیک بوون کە سەرەڕای ڕابردووی تێکۆشان و کاراکتێرە تاکەکەسیەکەیان، بە هۆی ڕابردووی بنەماڵەییەوە بۆیان بەجێ مابوو. بەڵام کە عەلی کاشفپوور بوو بە بەرپرسی یەکەم، ئەو یاسا نەنووسراوەیەش کۆتایی پێ هات. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو زانیاری و داتایانەی کە له ڕێگای ئینفۆرمانتەکانەوە دەستمان کەوتوون، ئێمە دەتوانین دەستپێکی ناکۆکیی نێوان هاشم ئیبراهیمزادە، حەسەن بازووکە و ...هتد لەگەڵ شاپوور شوجاعیفەرد و عەلی کاشفپوور و هاوڕێیانیان

لەو کاتەیەوە دەستنیشان بکەین کە دوای دەستپێکردنی شەڕی "حەسەنی" و گیرانی ناوچەکانی ئازاد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشمەرگەکان دەربازی سنووری نێوان باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوون، لەوێدا ئیبراهیمزادە چەند ڕۆژێک ڕۆیشتبوو بۆ باکووری کوردستان و لە ماڵی خووشکیدا مابوویەوە و بە هۆی دڵئێشانی لە جەهانگیر ئیسماعیلزادە، جمشید کامران و مەلاخالید باقی، لە شەڕی "حەسەنی"دا بەشدار نەببوو. دوای ئەوەی کە ناوبراو دیسان دەگەڕێتەوە لای حیزب، لەگەڵ بەرپرسان بۆ ماوەیەک تووشی کێشە دەبێ. بە بڕوای ئیبراهیمزادە، کاشفپوور و شوجاعیفەرد ئەویان جارێکی دیکە وەک پێشـمەرگە قبووڵ نەبوو و هەوڵی وەدەرنانیان دابوو لە حیزبدا. بەڵام کە دواتر مەسەلەکە چارەسەر دەبێ و ئەو کاتە کە ئیسماعیلزادە بەرپرسی یەکەم بووە، ئەو ناکۆکیەش بە ڕواڵەت تەواو دەبێ بەڵام لە ئەسڵدا وەک ناکۆکیی "لاتێنت" (شاراوە) هەر دەمێنێتەوە.

دوای چوونەوەی ئیسماعیلزادە و دابەشکردن و جێگۆڕکێ بە بەرپرسایەتییەکان، ناکۆکیەکی زۆر دەکەوێتە نێوان پێشمەرگەکان و بەرپرسانی ناوەند. زۆربەی ئینفۆرمانتەکان هۆکاری ئەم ناراحەتی و ناکۆکیانە دەگەڕێننەوە بۆ شێوازی هەڵسووکەوت و کردەوەکانی شاپوور شوجاعیفەرد لەگەڵ پێشـمەرگەکان و پاراستن و بەرگریی عەلی کاشفپوور لە ناوبراو بە هۆکار گەلێکی وەک هاوڕێیەتی و هاوگوندیبوون (ڕەفاقەتی کۆن). ئەو ناکۆکیانە کە لەوێرا دەست پێ ببوون، تا کۆنگرەی هەشتەم زۆر قووڵ ببوونەوە. بە چەشنێک کە تەیموور مستەفایی دەڵێ، کە وای لێ هاتبوو کە هەموو کادر و پێشمەرگەکان لە بەرامبەر بەرپرسانی مەڵبەند (کە لە کۆنگرەی حەوتەمدا لە هەیکەڵی نوێی ڕێکخراوەکانی حیزبیدا لە جیاتی ناوەند، مەڵبەند پێک هێنرابوون) دا ڕاوەستابوون و ناکۆکیەکان گەیشتبوونە لووتکەی خۆی و لە سەر تەقینەوە بوون.

بە وتەی سلێمان کەلەشی، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر وەک چوون لە نێو هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا ناکۆکی بە هۆی جیاوازیی بیر و بۆچوون هەبوو، لە نێو ڕەفی حیزبی دێموکرات و تەشکیلاتی حیزب لە باکووری ڕۆژهەڵاتیشدا ئەو جیاوازیانە هەبوون. بەڵام ئەو ناکۆکیانەی کە مەبەستە لێرەدا شرۆڤەیان بکەین، دوای ئەوە سەریان هەڵدا کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە ڕۆیشت و حیزبی بە جێ هێشت. سلێمان کەلەشی هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو ناکۆکیانە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو شت: یەکەم ئەوەی کە

پێشتر پێشمەرگەکان ڕۆڵی جەهانگیر ئیسماعیلزادەیان زۆرتر قبووڵ بوو. کە ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ چەند شت: یەکەم مودیرییەت و هەوڵ و زەحمەتەکانی ناوبراو؛ کە ئیسماعیلزادە کەسێکی تێکۆشەر و خاوەنی ئەخلاقی بەرزی شۆڕشگێری بوو. لە بواری پێگەی بنەماڵەییەوە، کە ناوبراو لە بنەماڵەیەکی ناسراو و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بوو. بۆیە ئەگەر ناوبراو کەموکوڕیەکیشی هەبوایە، پێشمەرگەکان (خەڵک) دەیانتوانی تەحەمولی بکەن. بەڵام دواتر، هەر وەک چوون دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو زۆر کەس لە نێو حیزبدا سەریان هەڵدا و پۆست و بەرپرسایەتییان بە مافی خۆیان دەزانی، دروست بەو شکڵەش لە دوای ڕۆیشتنی جەهانگیر ئیسماعیلزادەوە، لە وانەیە هێندێک کەس وەرگرتنی پۆستێک یان بەرپرسایەتیەکیان بە مافی خۆیانیان زانیبێ و پێیان وابووبێ کە دەبێ بۆ ئەوان بێ. سلێمان کەلەشی ئەو هۆکارە بە "باری مودیریەتی، لێزانین و کاریزماتیکبوونی" جەهانگیر پێناسە دەکا. بە بڕوای کەلەشی، هۆکارێکی دیکەش ئەوە بوو کە تا ئەو کاتەی کە جەهانگیر ئیسماعیلزادە لەوێ مابوو، پێشمەرگەکان مەقەر و بنکەیان هەبوو و بەشێک لە خاکی کوردستان وەک ناوچەی ئازادکراو لە بەر دەستیاندا بوو. بەڵام دواتر لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٦٣دا کە دوایین مەقەرەکانی پێشمەرگەکان لە شەڕی حەسەنی و سوڵتانیدا گیران و پێشمەرگەکان بنکەکانیان گواستەوە بۆ گوندی دێرێ و گەلیی بەردەڕەش، ئیدی بنکە و مەقەڕەکانیان نەمان و بوون بە هێزێکی گەریدە (سەیار) و هەلومەرجێکی دیکە لە خەباتدا هاتە پێش و ئەوەش کاریگەریی خۆی هەبوو.

ئەنوەر کوهەنساڵ لەو بوارەوە بڕێک زۆرتر دەچێتە نێو مەسەلەکەوە و دەڵێ کە "ناکۆکیەکان لە نێوان هێزی نیزامی و ناوەنددا بوو؛ بە تایبەت لەگەڵ عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد. شاپوور[شوجاعیفەرد] ئەندامی کۆمیتە بوو، بەڵام ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو لە هەموو ژیانی سیاسیی عەلی کاشفپووردا کە بەرپرسی یەکەم بوو. هەموو ئیمکاناتی ماڵیی حیزب [لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان]، هەر چی بهاتبایە، لە بەر دەستی شاپوور[شوجاعیفەرد]دابوو و، هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ هەر پرسێکدا کە بڕیار دەدرا، ناوبراو بڕیاردەر بوو و بڕیاری دەدا." لەو بوارەوە قسەکانی ئەنوەر کوهەنساڵ لەگەڵ قسەکانی عسمەت عەبدی کە هاوڕێی نزیکی عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەردە، یەکتر پشتڕاست دەکەن. عسمەت عەبدی دەڵێ: "عەلی[کاشفپوور] ڕاستگۆ، دروست

و سادق بوو بۆ حیزب. بەڵام فەقەت شاپوور [شوجاعیفەرد] کاریگەریی لە سەر دادەنا و ئەوەیش بە شێوەیەکی نەرێنی؛ یانی هێندێک جار [عەلی کاشفپوور] بڕیارەکانی شاپوور [شوجاعیفەردی] بە بڕیاری خۆی دەزانین. بەڵام لە ئاخیردا هەموو شتێک دەرکەوتە مەیدان کە وا نیە." لە سەر ئەم مەسەلەیە سلێمان کەلەشیش هەر هەمان بۆچوونی هەیە و بە دڵنیاییەوە ئەمەی پشتڕاست دەکا و، لەو بوارەوە دەڵێ، کە عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد دوو هاوڕێی زۆر لە یەک نزیک بوون و هەموو کاتێک بەرگرییان لە یەکتر دەکرد. هەر دووکیان کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەبوو. عەلی کاشفپوور کەسێکی سادق و ساکار و حیزبی و هەموو کاتێک ئامادە بوو بۆ کاروباری حیزبی. بەڵام شاپوور شوجاعیفەرد وەک ئەو سادق و ساکار نەبوو. ئەو زیاتر کتێبەکانی ئیستالینیی دەخوێند و دەیەویست وەک ئیستالین هەڵسوکەوت بکا و خۆی پێ کەسێکی کۆمۆنیست بوو. بە وتەی کەلەشی هەردووکیان کاریگەرییان لە سەر یەک هەبوو، بەڵام کاریگەریی شاپوور شوجاعیفەرد بۆ عەلی کاشفپوور زۆر نگاتیڤ بوو. ناوبراو پێی وایە کە لە سەرەتادا خەڵک زۆر عەلی کاشفپووریان خۆش دەویست. بەڵام لە دواییدا شاپوور وای لە عەلی کاشفپوور کرد کە تووشی یەک-دوو هەڵەی گەورە بێ لە ژیانی سیاسیی خۆیدا. هاشم ئیبراهیمزادەش هەر وەک سلێمان کەلەشی بیر دەکاتەوە و نێرینێکی وەکو نێرینی سلێمان هەیە لە سەر عەلی کاشفپوور. هاشم ئیبراهیمزادە، عەلی کاشفپوور وەک مرۆڤێکی کوردپەروەر، کۆمەڵایەتی و خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزی مرۆڤی پێناسە دەکا کە ڕەفتاری لەگەڵ هەموو کەس باش بوو و بە گوێرەی هەر کەسێک کە چوون بوو، ئاوها هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردووە. تەنیا کێماسیەک کە هاشم ئیبراهیمزادەش لە سەر عەلی کاشفپوور هێنایە زمان، ئەوە بوو کە عەلی کاشفپوور زۆر جار بە هۆی هاوڕێیەتییەوە بەرگریی لە شاپوور شوجاعیفەرد دەکرد و پێی خۆش نەبوو کە لە زۆر جێگادا فشارێک بکەوێتە سەر شاپوور شوجاعیفەرد. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە شوجاعیفەرد زۆر جار لە ناو و بەرپرسایەتی و خوشەویستبوونی عەلی کاشفپوور، بۆ مەبەستەکانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت.

حاجی جوندیش تا ڕادەیەکی زۆر هەر وەک ئینفۆرمانتەکانی دیکە بیر دەکاتەوە و دەڵێ: "لە شۆڕشدا، لە هەلومەرجێکی دژواردا -وەک سەردەمی پێشمەرگایەتی- هێندێک لە مرۆڤەکان هەن کە لە ژێر کاریگەریی یەکتردا دەمێننەوە. یانی سەمیمیەتێکی زۆر لە نێوانیاندا پێک دێ و ئەوە شتێکی

به تەواوی سرووشتیە. بەڵام شاپوور [شوجاعیفەرد] لەگەڵ عەلی[کاشفپوور] قابیلی موقایسە نەبوو. ئەگەر چی ئەویش مرۆڤێکی خوێندەوار بوو(دیپلۆمی هەبوو) خۆی بە سۆسیالیست دەزانی و ڕەوشەنبیر و ئەهلی موتالعە بوو، بەڵام وەک کاراکتێر و خسلەتی شۆڕشگێری، وەک شەخس کەسێکی بەرچاوتەنگ بوو. لە ڕادەبەدەر بەرچاوتەنگ بوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەگەر هاوڕێیەک لە هەر بوارێکدا لە عەلی[کاشفپوور] لە پێشتر بوایە، عەلی پێی کەیفخۆش دەبوو و بۆ خۆی بە کۆسپ نەدەزانی... بەڵام شاپوور [شوجاعیفەرد] کەسێکی خۆپەرەست [ئۆپۆرتۆنیست] بوو. لە لایەکی دیکەوە زۆر لەگەڵ عەلی[کاشپوور] ڕەفیق بوو. خەڵکی یەک دێ بوون. کاریگەریی لە سەر عەلی[کاشفپوور] دادەنا. بۆ نموونە زۆر جار بە شۆخی، بەهادور (هنارەیە و کادری حیزب بوو) دەیگوت کە هەر کاتێک کە ئێمە بڕیارێک، شتێک دەدەین، مەهێڵن عەلی[کاشفپوور] لە نزیک شاپوور [شوجاعیفەرد] دابنیشێ تا بڕیار دەدەین. لە بەر ئەوەی کە نەزەرەکەی دەکرێ بگۆڕدرێ."

به کورتی پێناسەی حاجی جوندی بۆ شاپوور شوجاعیفەرد ئەوەیە کە ئەگەر چی شاپوور شوجاعیفەرد کادری حیزب بوو و بۆ حیزب کاری دەکرد و کەسێکی سەختگیر و مودیر بوو، بەڵام لە بواری ئەخلاقی شۆڕشگێرانەدا، بە مرۆڤێکی نەباش لە قەڵەم دەدا کە لە لای پێشمەرگەکان خۆشەویست و خۆشناو نەبووە. بەڵام عەلی کاشفپوور بەرەڤاژیی ئەو، کەسێکی خۆشەویست بووە.

نایب موشایخی کە هەر لە دەستپێکی ئاشکرابوونی خەباتی حیزب ببوو پێشمەرگە و لە نزیکەوە وەک کادر لەگەڵ ئەوانە کاری کردووە، دەڵێ کە عەلی کاشفپوور لە ڕەفتار و کرداری خۆیدا مرۆڤێکی سادق و ڕاستگۆ بوو. بەڵام لە ژێر کاریگەریی خەڵکی دەوروبەریدا بوو کە لێی نزیک بوون. ئەوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کە عەلی کاشفپوور لە هەر کار و یان وتەیەک و یان بزاڤێکدا بەرەورووی موشکیلەیەک ببێتەوە. هیچ کاتێک مرۆڤ نەیدەتوانی وا هەست بکا کە خودای نەخواستە کە عەلی کاشفپوور وەک خۆی تێکەلاوییەکی هەیە لەگەڵ کردەوەیەکی نگاتیڤ و یان نەزەرێکی خراپ بۆ هیچ کەسێک. بە بڕوای نایب موشایخی ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لە سەر عەلی کاشفپوور هەبوو و ئەویان دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، دەتوانین ئاماژە بە مەڵاخالید باقی، عسمەت عەبدی و شاپوور شوجاعیفەرد بکەین کە لە نێویاندا لە هەموویان

زیاتر لە ژێر کاریگەریی شوجاعیفەرددا بووە. نایب موشایخی لە سەر ئەوەی کە چوون شوجاعیفەرد دەیتوانی وەها کاریگەرییەکی لە سەر عەلی کاشفپوور هەبێ کە هەر چی پێی خۆش بێ بە کەڵکوەرگرتن لە ناوبراو وەک کەرەستە، بکات، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە شاپوور شوجاعیفەرد لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەویدا بە فەرمی لەگەڵ جەرەیانەکانی چەپیدا ببوو و کاری کردبوو و بۆیە ناوبراو بە زار و زمانتر بوو و دەیتوانی لە هەر بوارێکدا کە پێی خۆش بێ، عەلی کاشفپوور هەڵسووڕێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان پێکەوە هاوگوندی و هاوڕێی دەورانی قوتابخانە بوون.

نایب موشایخی لە جێگایەکی دیکەدا شتێکی سەرنجڕاکێش بە نیسبەت عەلی کاشفپوور و شاپوور شوجاعیفەرد باس دەکا کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو کارانەوە هەیە کە دواتر لە لایەن شاپوور شوجاعیفەردەوە ئەنجام دراون و شاپوور شوجاعیفەردیش بۆ ئەو کارانەی نەک لە لایەن عەلی کاشفپوورەوە سەرکۆنە نەکرابوو، بەڵکوو پشتیوانیشی لێ کرابوو. نایب موشایخی دەڵێ: "ناوی شاپوور [شوجاعیفەرد] و عەلی[کاشفپوور] وەکو دووانەیەکی خەتەرناک بوو لە دیدی خەڵکەوە کە هەموو شتێکیان بۆ خۆیان دەویست. لە نێو خەڵکدا بەو شکلەی کە پێویست بوو، زۆر خۆشناو نەبوون. لە نێو هێزی پێشمەرگەشدا هەر [خۆشناو] نەبوون. ئەوە کاریگەریی هەبوو لە سەر پێشمەرگەکان و لە نێو خۆیاندا باسیان دەکرد."

سوڵتان خوسرەوی کە خۆی یەکێک لە کادرە باڵاکانی کۆمەڵە بوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ کە دوای ئەوەی کە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕێژیمەوە داگیر کرا، لە گوندی بێچەجووک یەکەمجار چاوی بە عەلی کاشفپوور کەوتووە کە هەر ئەو کاتانە بوو کە سەنار مامەدی و ئەوان ڕۆیشتبوون و گاگارین [سمکۆ] خۆی بەدەستەوە دابوو؛ و داوایان ئەوە بوو کە تا هێزەکانیان کۆ دەکەنەوە، لە نزیک هێزەکانی کۆمەڵە بمێننەوە. خوسرەوی عەلی کاشفپوور وەک حیزبیەکی ئیدئۆلۆژیک دەناسێنێت کە حیزب و بیر و باوەڕی دەناسی و زۆرتر حیزبی بۆ گرینگ بوو تا بەرژەوەندیی دیکە.

ئینفۆرمانتەکان لە سەر یەک بە گشتی نێرین و نەزەریان بە نیسبەت ئیبراهیمزادەوە شتێکی ئەرێنی بوو و ناوبراو بە خاوەنی زۆر کاراکتێری کەسایەتیی بەرز دەنرخێنن. کەلەشی لە یەک جێگادا کە ئیبراهیمزادە بەرەو ڕووی ڕەخنە

دەکا، ئەوەیە کە ناوبراو پێی وابوو کە سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان، نەدەبوو کە بەو شکڵە هاوڕێیانی بەجێ هێشتبایە و بڕۆیشتایە. کە لەو بوارەوە ئیبراهیمزادەش بە تەواوی هاوڕایە لەگەڵ کەلەشی و بەجێهێشتنی حیزب بە یەکێک لە هەڵە هەرەگەورەکانی ژیانی دەزانێ. ئینفۆرمانتێکی دیکە، زانیارە، کە ئیبراهیمزادە بە شەڕڤانێکی باش و وەک کورد دەڵێن "مێرەکی باش و زیرەک" پێناسە دەکا، لە هەمان کاتدا پێی وایە کە ئیبراهیمزادە مرۆڤێکی مەغروور (لەخۆبایی) بوو و لە بەر ئەوەی کە پیاوێکی زیرەک بوو، پێی وابوو کە هەر چی ئەو دەڵێ، دەبێ هەر بە قسەی ئەو بێ. بەڵام ئیبراهیمزادە بە پێچەوانەی ئەمە بیر دەکاتەوە و لە نێوان لەخۆباییبوون و هەبوونی غورووردا جیاوازی دادەنێ و پێی وایە کە هەوڵی ئەوە دراوە کە کەسایەتیەکەی بشکێندرێ و ئەویش غورووڕ (عزت نفس)ی هەبووە و، نەیدەتوانی هەموو شتێک قبووڵ بکا. ئەو قسەیەی ئیبراهیمزادە لە لایەن کەلەشیەوە پێشتراست کراوە کە دەڵێ "هاشم [ئیبراهیمزادە] کەسێکی ڕوک و ڕاست بوو، قسەی دڵی دەکرد. وەک زۆر کەس نەبوو کە قسە لە دڵی خۆیدا ڕابگرێ. تا ئەو جێگایەش کە بزانم، هاشم [ئیبراهیمزادە] کەسێکیش نەبوو کە ئەو شتانەی بەجێ نەبن، قبووڵ بکا."

خاڵێکی دیکە کە هەم حاجی جوندی ئاماژەی پێ داوە و هەم ئیبراهیمزادە پشتڕاستی دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئیبراهیمزادە کادر یان بەرپرسێکی نیزامی بووە نەک سیاسی. شایانی ئاماژەیە کە لەو سەردەمەدا بە هۆی هەبوونی خەباتی چەکداری، کادرەکانی بەشی نیزامی لە نێو خەڵک و پێشمەرگەدا زۆر خۆشەویست بوون.

ئەگەر چی لە سەردەمی کێشە و ناکۆکیەکاندا ئیبراهیمزادە تاوانبار کرابێ بە ئاغاتی و عەشیرەت گەرایی، بەڵام زۆربەی نزیک بە تەواوی ئینفۆرمانتەکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە حاجی جوندی دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە مرۆڤێکی سەمیمی و خاکی بوو لە نێو پێشمەرگەکاندا. لە سەر عەشیرەگەراییش کوهەنساڵ دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە نەک هەر عەشیرەگەرا نەبوو، بەڵکوو ئەگەر کەڵکیش لە پێوەندییەکانی عەشیرەتی وەرگرتبێ ئەوە بۆ بەرژەوەندیی شۆڕش و دابینکردنی پێداویستەکانی پێشمەرگەکان بوو و نەک بە پێچەوانەوە. بەڵام زانیار پێی وایە کە ئەو کات عەشیرەگەرایی لە نێو حیزبی دێموکراتدا زۆر باو بوو و ئەوە کاشفپوور، شاپوور شوجاعیفەرد و کەسانی وەک زانیار بۆ خۆی لەو کەسانە بوون کە بە دژی عەشیرەگەرایی کاریان کردووە و

هەوڵیان داوە کە لە نێو ڕەفی پێشمەرگەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پرەنسیپەکانی حیزبی جێی پرەنسیپەکانی عەشیرەتی بگرن. ناوبراو بە نیسبەت هاشم ئیبراهیمزادەوە دەڵێ کە ناوبراو لە ژێر کاریگەریی ئەسعەد تەمەرزادەدا بووە و ئەو کاریگەرییە بە کاریگەریەکی عەشیرەیی لە قەڵەم دەدات. ئیبراهیمزادە ئەو تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ کە ئەگەر چی تەمەرزادە یەکێک لەو کەسانە بووە کە زۆر لێی نزیک بووە، بەڵام ئەو پێوەندییە دەگەڕایەوە بۆ شارەزایی تەمەرزادە لە کاری چەکداریدا کە پێشتر لە نێو ڕێژیمی پاشایەتیدا دەورەی نیزامیی دیبوو و دەرەجەداری ئەرتەش بوو و ئیبراهیمزادەش لە کاتی عەمەلیاتی چەکداریدا، پلانەکانی عەمەلیاتەکانی لەگەڵ تاوتوێ کردووە تا کو تووشی هەڵە نەبێ.

لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لە وتەکانی ئینفۆرمانتەکان بە کورتی ئەو کاراکتێرانەی کە بۆ هەر یەک لە شاپوور شوجاعیفەرد، عەلی کاشفپوور و هاشم ئیبراهیمزادە بە کار هێنراون، بە کورتی دەخەینە بەر چاوی خوێنەران.

لە بەشی چوارەمی ئەو پەرتووکەدا کە بە کورتی ئاورێکمان لە پاشخانی مێژووی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و ئاماژە بە نێو و ڕۆڵی عەلی کاشفپوور کراوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٧ی زایینیدا لە گوندی پیرانجوق لە ناوچەی سۆمای ورمێ لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایک بووە و بنەماڵەکەی بە هۆی زڵم و زۆرداریی ئاغاکان چەندین جار ماڵەکەیان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە ڕاگواستووە و لە دواییدا لە گوندی هۆڤەسین نیشتەجێ دەبن. بە گوێرەی زانیارییەکانی مورادی کە هاوگوندیی کاشفپوورە، بنەماڵەی کاشفپوور و خودی کاشفپوور زۆر جار لەگەڵ بنەماڵەی ئاغاکان تووشی شەڕ و کێشە دەبوون و هەتا لەوانەیە کە کاشفپوور بە دەستی ئەوان لێدانیشی خواردبێ. مورادی ئەو ڕووداوانە بە هۆکار دەزانێ کە کاریگەرییان هەبووە لە سەر کاشفپوور کە لە سەردەمی لاوەتیدا ببێتە کەسێکی گۆشەگیر و زۆر تێکەڵاوی لاوانی هاوتەمەنی خۆی نەبێ لە گوندی هۆڤەسیندا.

کاشفپوور دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی خوێندن لە گوندی هۆڤەسین و ناوەندی و دواناوەندی لە ورمێ و ساڵێک خوێندن لە زانکۆی تەورێز لە بواری سۆسیۆلۆژیدا، جارێکی دیکە لە کۆنکووری سەرانسەریدا بەشداریی کردبوو و ئەم جارە لە زانکۆی تاران، لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکاندا وەرگیرابوو.

ناوبراو خوێندکاری ساڵی چوارەمی ئەو زانکۆیە بوو کە بە هۆی شۆڕشەوە زانکۆکان لە لایەن ئاخوندەکانەوە داخرابوون. کاشفپوور هەر ماوەیەکی کورت دوای داخرانی زانکۆکان، پێوەست بە خەباتی مافخوازانەی گەلەکەی ببوو و لە نێوان خوێندن لە زانکۆ و خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەی، خەبات لە پێناوی مافەکانی گەلەکەیدا هەڵبژاردبوو.

وتەکانی مورادی و ئەو زانیارییانەی کە لە سەر کاشفپوور لە لایەن بنەماڵەکەیەوە نووسروان، دەردەکەوێ کە کاشفپوور لە دەستپێکدا بیر و ئەندیشەی نزیک بووە لە ئیسلامی مارکسیستی. لە ئێراندا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک ئەو ئیدئۆلۆژییەی هەیە و مورادیش هەر بۆیە دەڵێ کە پێیان وابوو کە کاشفپوور سەر بە موجاهیدینە. بەڵام کاشفپوور زۆر زوو دەست لەو بیر و ئەندیشەیە هەڵگرتبوو. دیارە کە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە بواری سیاسیەوە کاشفپوور بڕوای بە فەلسەفەی سیاسیی ئەو حیزبە هەبووە کە جەوهەری سەرەکیی ئەو فەلسەفەیە لە دابین کردنی مافی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێک دێ. سوڵتان خوسرەوی لە سەر کاشفپوور دەڵێ کە کاشفپوور حیزبیەکی ئیدئۆلۆژیک بووە. ئەوە بەڵگەیەکی بەهێزە لە سەر بڕوای کاشفپوور بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات. ئەگەر لە کانتێکستی زەمانیی خۆیدا ئاوری لێ بدەینەوە، لە وانەیە زۆر کەسی دیکەش هەر بەو شکڵە هەڵسووکەوتیان کردبێ. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر باسی خاڵە لاوازەکانی کەسێک دەکرێ، دەبێ خاڵە بەهێزەکانیش لە بەر چاو بگیردرێ. کاشفپوور لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری ئێراندا بریندار ببوو، ناوبراو لە کاتی جیابوونەوەی پێرەوانی کۆنگرەی چوارەمدا لەگەڵ ئەو ڕەوتە نەکەوتبوو، لە دوای داگیرکرانی باکووری ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە، حیزب و شۆڕشی بە جێ نەهێشتبوو. مورادی خاڵێکی بەهێزی کەسایەتیی عەلی کاشفپوور لە شارەزایی ناوبراو لە کاری ڕێکخراوەیی و بە تایبەتی ئۆرگانیزەکردندا دەبینێ و دەڵێ کە کاشفپوور کەسێکی ئۆرگانیزاتۆر بوو و هەروەها لە کاری تکنیکی و بە تایبەتی چوونیەتی کارکردن بە بێسیم شارەزایەکی باشی هەبوو.

زۆربەی نزیک بە تەواوی ئینفۆرمانتەکان کاشفپوور بە کەسێکی سادق، ڕاستگۆ، خەباتکار، حیزبی، خاکی و خەڵکی، تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و شۆڕشگێڕ پێناسە دەکەن کە لە هەستان و دانیشتن لەگەڵ خەڵکدا بە ڕێز و حورمەتەوە هەڵسووکەوتی کردووە و لە بەرامبەر مناڵانی شەهیداندا کەسێکی لە ڕادە بەدەر

دلۆڤان بووە. هەروەها لە بەرامبەر هاوڕێیانیدا مرۆڤێکی دڵپاک و بێ غەڵ و غەش بووە و ئەگەر هاوڕێیەکیش لە بوارێکدا لە خۆی باشتر بوایە، ئیرەیی پێ نەبردووە و پێی خۆش بووە. بەڵام خاڵی لاوازی کاشفپوور ئەوە بووە کە لە ژێر کاریگەریی شوجاعیفەردا بووە کە لە نێو پێشمەرگەکاندا نەک خۆشەویست نەبووە، بەڵکوو یەکێک لەو کەسانە بووە کە زۆرترین ڕەخنەی لە سەر بووە لە بواری شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک، پێشمەرگەکان و بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە ڕەخنەگربوون. ئینفۆرمانتەکان پێیان وایە کە شوجاعیفەرد لە ڕێگەی هاوڕێیەتی لەگەڵ عەلی کاشفپوور، لە پێگە و بەرپرسایەتیی ناوبراو کەڵکی خراپی وەرگرتووە و کاشفپووریش لە بەرامبەر ئەمەدا نەک هەر بێدەنگ بەڵکوو زۆر جار دیفاعیشی لە شاپوور شوجاعیفەرد کردووە و ئەوە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان پێشمەرگەکان لەگەڵ شوجاعیفەرد لە سەر حسابی کاشفپوور.

بەرەڤاژیی ئەو هەموو سفەت و ڕەنگدێرە جوان و بەهێزانەی کە بۆ کەسایەتیی کاشفپوور بە کار براون لە لایەن ئینفۆرمانتەکانەوە، شوجاعیفەرد کەسایەتیەکی بە تەواوی پێچەوانەی هەبووە. ناوبراو لە لایەن زۆربەی ئینفۆرمانتەکانەوە بە کەسێکی دیکتاتۆر، خۆ بە بەزلزان، تەماکار و چاوبرسی ناوی دەبەن. وەک مورادی دەڵێ، ناوبراو کەسێک بوو کە خۆی نەبێ، کەسی خۆش نەدەویست. دیارە بە پێی قسەکانی عیسمەت عەبدی، لە کۆتاییدا کەسایەتیی شوجاعیفەرد بۆ کاشفپوور دەرکەوتووە و، کاشفپوور پەشیمان بووە لە وەی کە لە ڕابردوودا بڕیارەکانی ناوبراوی بە بڕیاری خۆی زانیوە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە شوجاعیفەرد هاوگوندیی کاشفپوور و خەڵکی گوندی هۆڤەسین لە دەڤەری سۆمای ورمێیە. ناوبراو کەسێکی چەپی، خوێندەوار و زیرەک بووە. زۆر لە ئینفۆرمانتەکان باس لەوە دەکەن کە ناوبراو لە هونەری ئاخافتن (ڕێتۆریک) دا لە سەردەمی خۆیدا کەسێکی زۆر شارەزا بوو و ئەوەندە بە زار و زمان بووە کە توانیویەتی هەر جۆرێک کە پێی خۆش بێ، کاشفپوور و ئەندامانی دیکەی ناوەند بە هەر بوارێکدا هەڵسووڕێنێ. شوجاعیفەرد یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە ڕوودا کەسێکی خاوەن تەحەمول بووە و هیچ کاتێک بە ڕەخنە و قسەی زوێر تووڕە نەبووە. بەڵام باس لەوە دەکرێ کە هەر کەسێک ڕەخنەی لێ بگرتبایە، بەهانەیەکی بۆ دەدووزیەوە و تۆڵەی لێ دەکردەوە (بە کوشتن یان دەرکردن لە حیزب). کوهەنساڵ و مورادی خاڵی هاوبەشی شوجاعیفەرد و کاشفپوور

له گۆشەگیریی ئەوان لە دەورانی لاوەتیدا دەزانن. پێشتر باس لە هۆکاری گۆشەگیریی کاشفپوور کراوە. ئینفۆرمانتەکان هۆکاری گۆشەگیریی شوجاعیفەرد لە سەردەمی لاوەتیدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە کاتێک کە ناوبراو لاو بووە، گوللــە لە دەستی دەرچووبوو و بەو شکڵە پووری خۆی کە دایکی جەهانگیر ئیسماعیلزادە بوو، کوشتبوو. ئیدی ئەو ڕووداوە ببووە هۆکاری گۆشەگیربوونی ناوبراو. بە وتەی موشایخی، هاوڕێیەتی و لە یەک نزیکبوونی کاشفپوور و شوجاعیفەرد و ئەو کارانەی کە ئەوان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوویان، ببوونە هۆی ئەوەی کە خەڵک ئەوان وەک دووانەیەکی تۆقێنەر چاو لێ بکەن. شایانی ئاماژەپێکردنە کە شوجاعیفەرد پێش ئەوەی کە ببێتە ئەندامی حیزب، زانیاریی لە سەر حیزبی دێموکرات هەبوو و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو خوارزای نحۆ شکاکە.

ئیبراهیمزادە لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچی هەتاوی لە گوندی گونبەد لە ناوچەی سۆمای ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملک لە دایک بووە. بنەماڵەکەیان ڕۆڵی سەرۆک عەشیرەتیان گێڕاوە لە نێو عەشیرەتی نیسانیدا و بۆیە بنەماڵەیەکی ناسراون لە ناوچەکانی دەوروبەری ورمێ. ناوبراو تا سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێندووە و کاتێک کە لە ساڵی یەکەمی دواناوەندی لە ورمێ دەرس دەخوێنێ، شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران دەستی پێ دەکا و ناوبراو ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات و دواتر دەبێتە پێشـمەرگە. ئەو وەک پێشمەرگەیەکی سادە دەست بە خەبات دەکا و بە هۆی لێهاتوویی خۆی لە کاری چەکداریدا زوو پێش دەکەوێ و تا پلەی جێگری فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسی شان دەداتە ژێر باری بەرپرسایەتی. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو سەردەمە لە نێو هێزە سیاسیەکاندا باو بوو کە سەرۆک عەشیرەتەکان و بنەماڵەکانیان پۆست و پلە و پایەی بەرزیان پێ دەدرا، بەڵام ئینفۆرمانتەکان ئەو ڕاستیە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئیبراهیمزادە بە کەد و زەحمەتی خۆی پلە و پایەی خۆی لە نێو حیزبدا بە دەست هێنابوو و کەسێکی خەڵکی و خاکی بوو. حاجی جوندی دەڵێ کە هاشم ئیبراهیمزادە کەسێکی سەمیمی و خاکی بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان. ئینفۆرمانتەکان ئەو ڕەنگدێر و سفەتانە بۆ پێناسەی ناوبراو بە کاریان هێناوە: خۆش قیافە، لێهاتوو، لێو بە خەندە، چارەسەرکەری گرفتەکان، خۆشناو و بە ناوبانگ لە نێو پێشمەرگەکان و خەڵکدا، جێگای بڕوا، دادپەروەر، دەستودڵکراوە،

یارمەتیدەر، پارێزەری ماف و بەرژەوەندییەکانی پێشمەرگەکان، جەسوور و بەجەرگ، شەڕڤان، ڕەخنەگر، خاوەنی هونەری ئاخافتن، سادق و ڕاستگۆ. تەنیا دوو ڕەنگدێری (سیفەتی) نەرێنی کە بۆی بە کار هاتووە ئەوەیە کە ناوبراو کەسێکی لە خۆبایی بووە و یان ئەوەی کە لە ژێر کاریگەریی خەڵکانێکی دیکەدا بووە لە بواری عەشیرەتیدا. هەردووی ئەو (ڕەنگدێرانە) سفەتانە پێشتر باسیان لێ کراوە و لە لایەن زۆربەی ئینفۆرمانتەکان و ناوبراو بۆ خۆیەوە ڕەت کراونەتەوە.

لە سەرەوەدا بە کورتی باسی هێندێک کاراکتێری کەسێتیی کاشفپوور، شوجاعیفەرد و ئیبراهیمزادە کرا. هەروەها لە سەر چوونیەتیی دەستپێکردنی ناکۆکیەکانیان بە شێوەی لاتێنت (شاراوە و لە دەروونی خۆیاندا بە شاراوە هێشتنەوە) و دواتر گەشەکردنی ئەو ناکۆکیانە هێندێک بە کورتی ئاماژەیان پێ کرا. بەڵام هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان خاڵی بەهێزی دەستپێکردنی ناکۆکیەکان دەگەڕێنەوە بۆ مەسەلەی کوژرانی جەبری عەمەرزادە و فەرزندە. لە بەشی حەوتەم باس لەو مەسەلەیە کراوە کە سەرەڕای دژایەتیکردنی زۆربەی ئەو کەسانەی کە جەبری عەمەرزادەیان لە نزیکەوە دەناسی، ناوبراو بە بڕیاری بەرپرسانی ناوەندی ئاگریەوە بڕیاری کوشتنی لە سەر درا و جێبەجێ کرا و هێندێک کەس ئەو ڕووداوە بە خاڵی دەستپێکی قووڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی ئاماژەپێکراو دەزانن.

بە کورتی سێ دەستپێک بۆ ئەم ناکۆکیانە لە لایەن ئینفۆرمانتەکانەوە باسیان لێ کراوە و هەمووی ئەو ڕووداوانە ڕۆڵیان هەبووە لە سەر گەشەکردنی ناکۆکیەکان کە بریتین لە: ١. دوای داگیرکرانی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە و چوونەوەی ئیبراهیمزادە بۆ گوندێکی باکووری کوردستان و بەشداری نەکردنی ناوبراو لە شەڕی "حەسەنی"دا و هەوڵی کاشفپوور و شوجاعیفەرد بۆ دەرکردنی ناوبراو لە حیزب (هاوینی ١٣٦٣). ٢. بەجێهێشتنی حیزب لە لایەن ئیسماعیلزادەوە و گۆڕانکاری لە پۆست و پلەی بەرپرسانی حیزبیدا (بەهاری ١٣٦٤) و ٣. ڕووداوەکانی هاوینی ١٣٦٤ و ئێعدامکردنی چەند کەسی سڤیل و چەند پێشمەرگەیەک بە بڕیاری ئەندامانی ناوەندی ئاگری و دابین نەکردنی پێداویستیەکانی پێشمەرگەکان لە لایەن بەرپرسانی ناوەندی ئاگریەوە و ڕەخنەگرتن لە ناوەند لە سەر بنەمای ئەو کەموکۆڕییانە.

کاتێک کە تەماشای داتا و زانیارییەکانی ئەو دۆسیەیەی کە لێرەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە دەکەین، دەردەکەوێ کە لایەنەکانی ناکۆک لە شێوازی تێکەڵاوی و پێوەندییەکانیاندا پرسگرێک و گرفتیان هەبووە. ئەو ناکۆکیانە لە بەر ئەوی کە لە پێش هاوینی ساڵی ١٣٦٣دا لە پێوەندییەکی نزیک و ڕۆژانەی کاری ڕێکخراوی لەگەڵ یەکتردا نەبوونە، بۆیە هیچ ناکۆکیەکیش لە نێوانیاندا نەهاتووە ئاراوە.

کاشفپوور وەک بەرپرسی یەکەمی ناوەندی ئاگری کە لە بواری هزرییەوە لە ژێر کاریگەریی شوجاعیفەرددا بووە. کاتێک کە تەماشای ڕابردوو و بەکگراوند و پێوەندییەکانیان بکەین لەگەڵ دەوروبەریان، دەردەکەوێ کە هەردووکیان لە ژێر کاریگەریی فکری چەپی و مارکسیستیدا بوونە و بۆیە ئەو وێنایەی لە خۆیان هەبووە، وێنای کەسێکی مارکسیستی بووە و هەوڵیان داوە کە وا هەڵسووکەوت بکەن کە ئەو بیروباوەڕەیان لە ئەنجامی کار و کردەوەکانیاندا بە ڕوونی دەربکەوێ. ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ هاشم ئیبراهیمزادەشدا ڕاستە. بەو مانایە کە هەر بەو شکڵە کە شوجاعیفەرد بە خوێندن و موتالعەی پەرتووکەکانی مارکسیستی (یان بە وتەی کەلەشی، کتێبی ستالینیستی) و هەڵسووکەوتی توند و لاساییکردنەوەی ستالین، خۆی وەک کەسێکی بێرەحم، قاتع و لە هەمان کاتدا ڕەوشەنبیر نیشان داوە، ئیبراهیمزادە زۆرتر مەسەلەی نەتەوەیی بۆ گرینگ بووە و تێکۆشانی لە پێناو کوردایەتیدا بووە و خەبات بە دژی دوژمنی داگیرکەری بە ئەرک و کاری ڕۆژانەی خۆی زانیوە و لەگەڵ هاوڕێیانی و خەڵکی سڤیلدا بە دلۆڤانی و ڕێز و حورمەتەوە هەستان و دانیشتنی کردووە و دژی بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەر خەڵک و پێشمەرگەکان بووە (ناسیۆنالیستی ئازادیخواز). بۆیە زۆر سرووشتی بووە کە وەها بیر و هەڵسووکەوتێک بکەوێتە بەر ڕق و توورەیی کەسێکی وەک شوجاعیفەرد کە هزر و بیری لە ژێر کاریگەریی تێئۆرییەکانی مارکسیستی بە مودێلی ستالینیدا بووە. هەر دروست بە هۆکاری جیاوازیی تێروانینیان، کار و کردەوە و هزر و بیری شوجاعیفەردیش لە لایەن زۆربەی پێشمەرگەکان و بە تایبەتی ئیبراهیمزادەوە جێگای پەسەند نەبووە و دژایەتیی لەگەڵ کراوە. ئەوان بە ڕەخنەگرتن و ئاخافتن لە سەر کردەوەکانی کاشفپوور و شوجاعیفەرد، بوونەتە هۆی خەوشدارکردنی ئەو وێنایەی کە

ئەوان لە خۆیان هەیانبووە و یان ویستوویانە بە خەڵکی دیکە نیشان بدەن (مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ). بۆیە کاتێک کە جمشید بەدەلی لەو کۆبوونەوەی کە لە بناری شاخی دالانپەڕ، لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی خەرمانانی ١٣٦٤ گیرابوو و تێیدا بە شێوازێکی ئەرێنی لە سەر ئیبراهیمزادە ئاخافتبوو، کەوتبووە بەر هەڕەشە و لۆمەی کاشفپوور. کە ئەو هەڕەشەیەی ناوبراو جۆرێک تەنبێ و تەشویقی تێدا بووە کە دەڵێ "ئەرێ جمشۆ! دەزانم کە لە سەر هاشم ناراحەتی. بیرم لێ کردبوو کە بتکەمە فەرماندەری دەستە. بەڵام لە مەو بە دواوە، فەرماندەریی دەستە لە پشت سەری خۆتەوە نایبینی." یانی هەر لەو کاتەدا کە هەڕەشە لە جمشید بەدەلی دەکا، هەروەها سیگناڵیکیش دەنێرێ بۆ ئەوانەی کە بیانەوێ پشتگریی ئیبراهیمزادە بکەن. کە ئەگەر وەها کارێک بکەن، نابێ چاوەڕوانی هیچ پۆست و پلەیەکی حیزبی بن. یان بە پێچەوانەشەوە، ئەوانەی کە دیفاع و پشتگری لە ئیبراهیمزادە نەکەن، دەتوانن ببن خاوەنی پلە و پایە. ئەوە لە ڕاستای ئەو خاڵە تێئۆریکییە کە یوسووند و هووسەبی وتوویانە و لە بەشی تێئوریدا ئاماژەمان پێ داوە کە ئاخافتن و قسەکردن یەکێک لە ڕێگاکانی پێوەندیگرتن بۆ گەیاندنی زانیاری و دابەشکردنی ئەزموونە. ئەو خاڵە بە کردەوە لە شوێن و کاتی ئاماژەپێکراو لە سەرەوەدا (کۆبوونەوەی بناری چیای دالانپەڕ) کاری پێ کراوە. کاتێک کە بەو ڕوون و ئاشکراییە کاشفپوور وڵامی جمشید بەدەلی داوە، دوور نیە کە بڕیاری ئێعدامی عادڵ شەریفی و ئەوانیش بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ شاپوور شوجاعیفەرد لە سەر مەسەلەی یارمەتی نەبووبێ و زۆرتر بە هۆی ڕەخنەگرتن و یان پشتگری لە لایەنێکی ئەو کێشانە هۆکاری سەرەکی بێ. ئەوەی کە هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان دەڵێن کە ئەوان [کاشفپوور و شوجاعیفەرد] دووانەیەکی خەتەرناک بوون و یان دیکتاتۆرانە بەرخوردیان کردووە و ...هتد، لە سەر بنەمای ئەزموونی خۆیان وەها ئاخافتنێک دەکەن و ئەوە نابێ بە شێوەیێکی ساکار بە سەریدا تێپەر بین. ئەو ئاخافتنە لە چوونیەتی پێوەندیی نێوان بەرپرسانی ناوەندی ئاگری و پێشمەرگەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەو ناکۆکیەدا، لایەنی شوجاعیفەرد توانیویەتی لە کورتخایەندا سەرکەوتن بە دەست بێنێ و ئەو وێنایەی کە ئیبراهیمزادە لە خۆی و حیزب و خەباتی حیزبەکەی هەبووە، بشکێنێ. ئەویش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە کەسانێکی خاوەن

پلەی بەرزی ڕێکخراوەیی (بۆ نموونە گادانی و ڕەستگار) لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوەییدا کە لە سەر کار و کردەوەکانی بەرپرسانی حیزبی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ گیرابوو، لایەنی کاشفپوور و شوجاعیفەردیان گرتبوو و وتبوویان کە "ئەو کارانەی کە کاشفپوور کردوونی، حیزب کردوویەتی." ئەو وتەیەی بەرپرسانی حیزبی، ئەو وێنایەی کە کەسانێک لە حیزبایەتی و خەبات و شۆڕشیان هەبوو، خەوشدار کردبوو. بەو وتەیە، پێوەندییەکانی بەرپرسانی ناوەندی ئاگری لەگەڵ بەرپرسانی ڕادەی سەرەوە لە هرەمی ڕێکخراوەیی لە نێو حیزبی دێموکراتدا، وەک خەتەرێک خۆی نیشان دابوو. نەک ئەوەی کە ببێتە هۆی چارەسەریی ناکۆکیەکان لە پێوەندییەکانی بەرپرسانی ناوەندی ئاگری و فەرماندە نیزامیەکاندا. هێندێک لە ئینفۆرمانتەکان (بۆ نموونە موشایخی) پێوەندییەکانی نێوان کاشفپوور و شوجاعیفەرد لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی تا ڕادەیەک بۆ ئیبراهیمزادە بە جێگای مەترسی دەزانێ کە "دەیتوانی ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموو کەموکوڕییەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بخەنە ئەستۆی ئیبراهیمزادە و ئەوەش دەیتوانی زیندانیکردنی ئیبراهیمزادە لە لایەن حیزبەوە لێ بکەوتایە."بەڵام هەر ئەو غوروورەی ئیبراهیمزادە هاندەر بووە کە ناوبراو بۆ پێشگرتن لە شکانی غروور و عیزەتی نەفسی خۆی، ڕێگایەکی دیکە بگرێتەبەر و حیزب بە جێ بێڵێ.

## ناکۆکیەکان بە هۆی پێکدادانی نرخەکان:

لێرەدا زۆرتر باس لەو نرخانە مەبەستە کە گرێدراون بە ئەخلاقی شۆڕشگێرانەوەو لە ئاکامی کردەوەیەکی ناشۆشگێرانە لە لایەن کەسێک یان لایەنێکەوە، دژکردەوەی لایەنی دیکەی بە دوای خۆیدا هێنابێ. هەر وەک کە پێشتر باسمان کردبوو، کردەوەکان دەبێ بە پێی هەلومەرجی شوێن و زەمەنیی (زەمانی و مەکانی) خۆیان خوێندنەوەیان بۆ بکرێ. هەر وەک کە حاجی جوندی دەڵێ کە لەو سەردەمەدا جەوی عەشیرەتی بەهێز بووە، ڕادەی نەخوێندەواری لە نێو هێزی پێشمەرگە و خەڵکدا زۆر لە سەرێ بووە، حاڵەتی شەڕی چەکداری

و بەرخودان بووە هۆکاری پێکهاتنی هەلومەرجێکی یەکجار زۆر زەحمەت، بەڵام لە حاڵەتی ئیدێئاڵدا هەمووی ئەوانە ناکرێ وەک هۆکار بۆ دادپەروەرانەکردنی کاری هەڵە لە بواری ئەخلاقیدا بە کار ببەین و بناغەی شرۆڤەکەمان لە سەر ئەو جۆرە هۆکارانە دابنێین. بۆ نموونە لە ڕووداوەکانی ئێعدامی چەند پێشمەرگە و یان چەند کەسێکی سڤیلدا، بەرپرسان و بڕیاردەرانی ئەو ڕووداوانە نەک هەر ئەو کارانەیان پێ هەڵە نەبووە، بەڵکوو دیفاعیشیان لێ کردووە و توانیویانە ئەو کارانە وەک بڕیاری حیزبی بە ئەندامانی دەفتەری سیاسیش بسەلمێنن و پشتیوانیی ئەوانیش بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بەڵام زۆربەی پێشمەرگەکان و کەسانێکی وەک ئیبراهیمزادە بە دژی ئەو جۆرە هەڵسووکەوتانە هەڵوێستیان هەبووە و بۆیان جێگای قبووڵ نەبووە. هۆکاری ناکۆکی لە سەر ئەو جۆرە کارانە دەتوانرێ بە هۆی پێکدادانی نرخەکان حیسابیان بۆ بکرێ. ئەوە هەر ڕاست ئەو نرخانەن کە دەبنە هۆی هەڵوێستی دوکتور قاسملوو کە حاجی جوندی ئاماژە بە وتەکانی کردووە کە بە ئەنجامدەران و بڕیاردەرانی ئەو جۆرە کردەوانەی وتوویەتی کە "ئەگەر قرار بێ ئەو خەڵکەی کە ئێوە هەوڵی ڕزگار کردنی دەدەن، بیکوژن، خەڵکەکە پێویستیان بەوە نیە کە ئێوە ڕزگاریان کەن." بەو واتەیە کە پێکدادانی نرخەکان ئەوەندە توند بووە، کە بۆ کەسانی دیکەش کە لە دەرەوەی مەسەلەکە بوونە، بەڵام نرخە ئەخلاقیەکان بۆیان گرینگ بووە، تەداخول بکەن و هەڵوێست وەربگرن. لێرەدا کە باس لە نرخە ئەخلاقیەکانی شۆڕشگێرانە کرا، مەبەست پێڕەوی کردن یان نەکردن لە نرخەکانی ئەخلاقی شۆرشگێرانە لە لایەن تاکەکانەوەیە کە بووە هۆی پێکدادانی نرخەکان و قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکان.

پرسی دابین نەکردنی یارمەتی و ئیمکانات بۆ پێشمەرگەکانیش هەر وەک بڕیارەکانی ئێعدامی خەڵکی سڤیل و یان چەند پێشمەرگەیەک، گرێدراوە بە نرخە ئەخلاقیەکان و مەسەلەیەکی ئەخلاقییە. وەها مەسەلەیەک دەتوانێ لە ساکارترین شێوەدا وەک جێبەجێنەکردنی ئەرک بژمێردرێ. جێبەجێنەکردنی ئەرکێکی ئەخلاقی، کارێکی نائەخلاقییە و دەبێتە هۆی پێکهاتنی نرخێکی نگاتیڤ کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئینفۆرمانتێک ئەوەی وەک تەماکاربوونی کەسێک ناودێر کردووە. دیارە تەماکاری و دەست و دڵکراوەیی دوو نرخی دژ بە یەکن و دەتوانن ببنە هۆی پێکدادان و دروستبوونی کێشە و ناکۆکی.

## ناکۆکیەکان بە هۆی بەرژەوەندیی جیاواز
## و یان مەسەلەیەکی تایبەتەوە

لەبەریەککەوتن و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان و یان تێروانینی جیاواز بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، دەتوانن ببنە سەرچاوەی کێشەکان. کاتێک کە لێرەدا باس لە پێکدادانی بەرژەوەندیەکان دەکرێ، لە سەر بناغەی ئەو زانیارییانەی کە کۆ کراونەتەوە و لە بەشەکانی ڕابردوودا باسیان لێوە کراوە، دەتوانین بە کورتی هۆکارەکان لە سەر دوو کاتاگۆریی "بەرژەوەندییە تایبەتیەکان" و "بەرژەوەندییە گشتیەکان"دا دابەش بکەین؛ ئەگەر چی هێلی جیاکەرەوەی ئەو دوو کاتاگۆرییە دەتوانێ زۆر پڕەنگ نەبێ.

لەو چوارچێوەیەدا ئێمە دەتوانین وەرگرتنی پۆست و پلە و پایەی ڕێکخراوەیی لە لایەن کەسێکەوە وەک نموونە بخەینە بەر باس. دیارە کە لە چارت و قەوارەی هەر ڕێکخراو یان ئۆرگانێکدا ژمارەی پلەی بەرپرسایەتییەکان سنووردارن و بە بێ شک، ژمارەیان زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە. هەروەها هەژماری پۆستەکان لە هەژماری ئەو ئەندامانەی کە پۆستێکی دیاریکراو بە مافی خۆیان دەزانن، کەمترە. کە واتە، لە وەها حالەتێکدا مەسەلەی پۆست و پلە و پایەی ڕێکخراوەیی دەتوانێ و زۆر سرووشتیشە کە ببێتە هۆی لەبەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لە ڕێکخراو یان ئۆرگانێکدا. بەڵام کاتێک کە کەسێک بە هەر هۆکارێک بۆ پۆستێکی ڕێکخراوەیی دابنرێ و توانا و شیانی بەڕێوەبردنی وەها ئەرکێکی نەبێ و نەتوانێ جوابگۆی بەرپرسایەتیەکەی بێ، ئەوە نەک بەرژەوەندیی تاکەکانی نێو ڕێکخراوەکە، بەڵکوو بەرژەوەندیی ئەو خەڵکەی کە گرێدراون بە ڕێکخراوەکەشەوە دەخاتە مەترسییەوە. لێرەدا چەند ئینفۆرمانتێک ئاماژەیان بەوەدا کە ناکۆکیەکانی ئیبراهیمزادە لەگەڵ کاشفپوور و شوجاعیفەرد و یان ئەندامانی ناوەندی ئاگری لە سەر ئەوە بووە کە ناوبراو نەکرابوو بە فەرماندەری هێز و مەلا خالید باقی وەک فەرماندەری هێز دەستنیشان کرابوو. هەروەها باس دەکرێ کە ناوبراو بە هۆی نەخۆشکەوتن

که نەیتوانی پۆستەکەی بەڕێوە بەرێ، ناوەندی ئاگری بەهادور بەهادوری لە جێگەی دانابوو و ئەوە بوو هۆی پێناخۆشبوون و ناڕاحەتبوونی ئیبراهیمزادە و قووڵبوونەوەی ناکۆکیەکان. ئەگەر چی ئەوە لە لایەن ئیبراهیمزادەوە ڕەت کراوەتەوە، بەڵام زۆربەی ئینفۆرمانتەکان شاهیدی بۆ ئەوەش دەدەن کە ئەگەر ئیبراهیمزادە وەک فەرماندەری هێز دەستنیشان کرابا، هەم لێهاتووتر بوو و باشتر دەیتوانی ئەو ئەرکە بەڕێوە ببات و، هەمیش پێش بەو کەسانە دەگیرا کە نەک تەنیا کەسانێکی سەربەخۆ نەبوون لە بڕیارداندا و شایانی ئەو پۆستانە نەبوون، بەڵکوو وەک مۆهرە بە کار دەهاتن و بەس بۆ بەڵێ و نەخێر وتن لە کاتی پێویستدا لەو جێگایە داندرابوون. کە واتە، ناکۆکیەکان لە هەمان کاتدا کە لە سەر بەرژەوەندیی شەخسی و تاکەکەسیش بووبێ، بەڵام کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی حیزب و خەباتی خەڵکی کورد و ژیانی پێشمەرگەکان هەبووە. کاتێک کە بە هۆی ئەو گوشارەوە ئیبراهیمزادە حیزبی بە جێ هێشتبوو، ئەو لە باری تاکەکەسیەوە زەرەرمەند نەبوو و چوو بە دوای ژیانی خۆی کەوت. بەڵام ڕۆیشتنی ئیبراهیمزادە، یان هەر پێشمـەرگەیەکی دیکە (بۆ نموونە حەسەن بازووکە و فەرامرز عوسمانی) بۆ حیزب و شۆڕش زەرەری هەبوو و حیزب فەرماندەرێکی بە توانا و خاوەن ئەزموونی لە کیس چوو. حاجی جوندی دەڵێ کە ئەگەر کەسانی وەک شاپوور شوجاعیفەرد زۆر زەخت و گوشاریان بۆ هاشم ئیبراهیمزادە نەهێنابا، ناوبراو بڕیاری دابوو و لە نێو حیزبدا دەمایەوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە پێوەندی بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەیە، ئەوەیە کە کاتێک کەسێک ئەرکێک لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەیەکی گشتیدا قبووڵ دەکا، دەبێ هەوڵ بدا کە بە باشترین شێوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکا. دیارە کە شوجاعیفەرد کە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٣دا کە ئیمکاناتی مادیی ناوەندی ئاگری لە بەر دەستیدا بووە، بەڵام بە هەر هۆکارێک خۆی لە دابەشکردنی یارمەتیی مانگانەی پێشمەرگەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بواردووە. ئەوە پێوەندیی بە بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیەوە هەبووبێ یان نە، لە ئەسلی مەسەلەکە ناگۆڕێ، کە ئەو کردەوەیە لە دژایەتیدا بووە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پێشمەرگەکان و شۆڕش. بەو واتەیە کە پێشمەرگەکان بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتەوە، مێشکیان ئاسوودە نەبووە کە فۆکووس بکەنە سەر خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن و ئەوەش خۆی لە خۆیدا، دژایەتیی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا. کاتێک

که ئیبراهیم‌زاده له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی پێشمه‌رگه‌کاندا هه‌ڵوێستی گرتووه‌ و داوای یارمه‌تی و ئیمکاناتی بۆ پێشمه‌رگه‌کان کردووه‌، که‌ به‌ وته‌ی موشایخی "ئه‌و پێشمه‌رگانه‌ی که‌ هه‌موو کاتێک له‌ شه‌ڕ و به‌ربه‌ره‌کانیدا بوون و هه‌ر ساتێک ئیمکانی شه‌هیدبوونیان هه‌بوو و ئیبراهیم‌زاده‌ش به‌ هۆی کار و پێوه‌ندیی به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ ئه‌وان به‌ هۆی به‌رپرسایه‌تیه‌که‌یه‌وه‌"، ده‌بێته‌ هه‌ڕه‌شه‌ بۆ سه‌ر هژموونی و ده‌سه‌ڵاتی که‌سانێکی وه‌ک شوجاعیفه‌رد و دروستکردنی تێڕوانینێکی نگاتیڤ به‌ نیسبه‌ت ناوبراوه‌وه‌ له‌ نێو پێشمه‌رگه‌کاندا، زه‌ربه‌ی له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی تاکه‌که‌سیی شوجاعیفه‌ردی دابوو و، له‌ لایه‌ن ناوبراوه‌وه‌ش بێ وڵام نه‌مابوو. ئه‌و جۆره‌ پرسانه‌، ده‌کرێ هه‌م وه‌ک پێکدادانی به‌رژه‌وه‌ندییه‌ تاکه‌که‌سیه‌کان و، هه‌میش وه‌ک تێڕوانینی جیاواز له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ چوون هه‌ست به‌ به‌رپرسایه‌تی‌کردن له‌ به‌رامبه‌ر به‌رژه‌وه‌ندیی گشتیدا شرۆڤه‌ی بۆ بکرێ.

به‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ ئیبراهیم‌زاده‌ خاوه‌نی پله‌ و پایه‌ی ڕێکخراوه‌یی بووه‌ که‌ هه‌م ئه‌وانه‌ی خواره‌وه‌ و هه‌م ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه‌، هه‌ر کامه‌یان به‌ گوێره‌ی دیتن و بۆچوونی خۆیان چاوه‌ڕوانیان له‌ ئیبراهیم‌زاده‌ هه‌بووه‌. ئه‌وه‌ش بووه‌ هۆکار که‌ ناوبراو له‌ یه‌ک کاتدا نه‌توانێ دوو ڕۆڵی جیاواز ببینێ. بۆ نموونه‌، هێندێک له‌ ئینفۆرمانته‌کان پێیان وایه‌ که‌ ئیبراهیم‌زاده‌ بۆ ئه‌وه‌ی که‌ خۆی پیاوچاک نیشان بدات له‌ لای پێشمه‌رگه‌کان، له‌ مافی ڕه‌وای ئه‌وان داکۆکی کردووه‌ له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی که‌ پشتی هه‌ڵوێستی شاپوور شوجاعیفه‌رد و ئه‌ندامانی دیکه‌ی ناوه‌ند بگرێ و بۆ پێشمه‌رگه‌کان شی بکاته‌وه‌ که‌ "ئێستا ئیمکانات نیه‌ و زرووفێکی زه‌حمه‌ته‌ و هه‌موو لایه‌ک ده‌بێ ته‌حه‌مولی زیاتریان هه‌بێ تا له‌و قۆناغه‌ تێده‌په‌ڕین." له‌ لایه‌کی دیکه‌شه‌وه‌ هێندێک له‌ ئینفۆرمانته‌کان ده‌ڵێن که‌ ئه‌گه‌ر ئیبراهیم‌زاده‌ داکۆکیی له‌ مافی ڕه‌وای پێشمه‌رگه‌کان کردووه‌، بۆ ئه‌وه‌ بووه‌ که‌ ئیمکاناتیان بۆ دابین بکا تا خه‌یاڵی پێشمه‌رگه‌کان ئاسووده‌ بێ؛ ئه‌و پێشمه‌رگانه‌ی که‌ ئیبراهیم‌زاده‌ شه‌و و ڕۆژ له‌ گه‌ڵیاندا ده‌چوو بۆ شه‌ڕ و ده‌زانی که‌ هه‌ر ساتێک ئیمکانی گیانبه‌ختکردنیان هه‌یه‌ و ئه‌گه‌ر ئه‌و داوایانه‌ی ئه‌وان بۆ جێبه‌جێ نه‌کا و بێت و گیانیان به‌خت بکه‌ن، تا مردن هه‌ناسه‌ساردی و خه‌می ئه‌وه‌ له‌ سه‌ر دڵی ده‌مێنێته‌وه‌. به‌ڵام کێشه‌ لێره‌دا بووه‌ که‌ پێشمه‌رگه‌کان به‌ گشتی به‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ زانیارییان هه‌بوو که‌ پاره‌یه‌کی زۆر له‌ به‌ر ده‌ستی شاپوور شوجاعیفه‌رده‌ و بۆیان خه‌رج ناکا، ئه‌گه‌ر ئیبراهیم‌زاده‌ دیفاعی له‌ بڕیار و کرده‌وه‌ی ناوبراو بکردایه‌، له‌ به‌ر چاوی پێشمه‌رگه‌کان سووک و ڕسوا ده‌بوو

و پێشـمەرگەکان تەنیا کەسێکیان لە نێو بەرپرسانیاندا کە پشتیان پێی بەستبوو، لە دەست دەدا و ئەوەش بە زیانی شۆڕش و حیزب تەواو دەبوو. لە لایەکی دیکە، ئینفۆرمانتەکان باسی کاراکتێرەکانی کەسێتیی شوجاعیفەرد دەکەن کە کەسێکی چاوبرسی بووە. لە کاتێکدا کە ئیبراهیمزادە دەست و دڵباز بووە. ئەو کاراکتێرانەش دەتوانن هۆکار بن لە دروستبوونی ناکۆکیەکان و لەبەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکاندا.

هەروەها مەسەلەیەکی دیکە کە لێرەدا پێوەندیی بە هەردوو کاتاگۆریی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گشتییەوە هەیە، کوشتنی چەند کەسێکە بە بڕیاری ئەندامانی ناوەندی ئاگری. هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ داوە، کوشتنی کەسانێکی وەک جەبری عەمەرزادە، فەرزندە، ڕزا فەریدی، نەعمان و تاژدین و چەند پێشمەرگەیەک نە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بووە و نە لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا. ئەگەر کەسێکیش لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی تاکەکەسی ئەو کارەی کردبێ، زۆر ڕوون نیە. کوشتنی کەسانێک بە بێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی و یان لێکۆڵینەوە لە سەر ڕادەی تاوان و گوناحەکانیان، نەک هەر کارێکی ئەخلاقی نەبووە، بەڵکوو بۆ خەباتی گەلی کورد و ئەولەهیی پێشمەرگەکان و ناو و ناوبانگی حیزبی دێموکرات زەرەری هەبووە. ئەوەش شتێکی سرووشتی بووە کە لە بەرامبەر ئەو کردارانەدا، کەسانێک کە توانای نیشاندانی دژکردەوەیان هەبووە، دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن. و ئێمەش دەتوانین ئەو کارە وەک لەبەریەککەوتنەوەی بەرژەوەندییەکان لێک بدەینەوە. هەڵبەت لە بەر ئەوەی کە ئەو مژارە، مژارێکی دیاریکراوە، دەتوانین وەک ناکۆکی لە سەر دۆسیەیێکی دیاریکراویش بە ئەژمار بێت. لە بەر ئەوەی کە ئەو مێتۆدەی کە لێرەدا بە کار براوە، مێتۆدێکی قابلی قبووڵ نەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

## قۆناغەکانی پەرەگرتن و گەشەکردنی ناکۆکی

هەر وەک لە بەشی سێ (بەشی تێئۆری)دا ئاماژەمان پێ داوە، ناکۆکیەکان لە قۆناغی جۆراوجۆردا تێدەپەڕن و پلە بە پلە گەشە دەکەن و ئاستیان بەرز دەبێتەوە. ناکۆکیەکان بۆ لەدایکبوون پێویستیان بە مەرجێکی زاتی هەیە کە بە هۆی پێکدادان و جیاوازیی پلە و پایە، هەست، نرخەکان، بەرژەوەندییەکان

و هەڵوێستەکانی دوو تاک یان دەستەدا دێتە کایەوە. ئەو قۆناغە لە لای هێندێک لە زانایان بە ناکۆکیی لاتێنت یان شاراوە ناسراوە. بۆ نموونە ئەوەی کە کەسێک شتێکی کە لە دڵی گران دێ، لە سەر دڵی ڕادەگرێ و لە بیری ناکا. کاتێک کە چاوێک لەو ناکۆکیانە بکەین کە لێرەدا مەبەستە، دەردەکەوێ کە هەر دوو لایەنی ناکۆک لە سەر زۆر ڕووداو و بڕیار و کار و کردەوەی یەکتر دژایەتییان هەبووە، لە بەرامبەر هەر بۆچوون و کردەوەیەکی یەکتردا بە جۆرێک لە جۆرەکان دژکردەوەیان هەبووە و ڕەخنەیان لە کار و کردەوەی یەکتر گرتووە و هەستی یەکتریان بریندار کردووە. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین کێ ڕەوا هەڵسوکەوتی کردووە و کێ ناڕەوا. بەڵکوو جیاواز هەڵسوکەوت کردن بە مەبەستی جووڵاندن و کایە بە هەستی یەکتر، کێشەخولقێن بووە. هەر لە هەوڵی دەرکردنی ئیبراهیمزادە دوای چەندین ساڵ خەبات و بەرخودانەوە بگرە تا دەگاتە هەڵوێستی ناوبراو بەرامبەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی ناوەندی ئاگری و یان ڕۆیشتنی ناوبراو بۆ سەردانی بنەماڵەکەی بە بێ ئیزنی بەرپرسانی ناوەند، هۆکارن بۆ ئەوەی کە بە یەکتر نیشان بدەن کە بۆ ویستی یەکتر هیچ حورمەتێک ناگرن، یەکتریان خۆش ناوێ یان جیاوازن. خاڵێک کە گرینگە لێرەدا ئاماژە پێ بکرێ ئەوەیە کە ئەو پرۆسەیە لە نێوان دوو لایەندا پێک هاتووە کە بە یەکەوە گرێدراوبوون و سەروکاریان لەگەڵ یەک هەبوو، بەڵام بە هۆی ڕەفتار و کرداری جیاواز، ڕێگایەکیان بۆ هاوکاری نەدۆزیبوویەوە. بۆیە کاتێک ناکۆکیەکان دەربازی قۆناغێکی دیکە دەبن و پلەیەک دەچنە سەرێ و هەست و بیرکردنی جیاواز تێکەڵ دەکرێن و ناکۆکی بە ئاشکرا سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە کە دەبینین بەرپرسانی ناوەندی ئاگری لە ژێر هژموونیی شوجاعیفەرددا حازر دەبن کەسێک بە ڕەوشێکی خراپی جەستەییەوە بکەنە فەرماندەری هێز بۆ ئەوەی کە تەنیا و تەنیا نەکا کەسێکی دیکە ببێتە فەرماندەری هێز کە جیاواز لە سەر مەسەلەکان بیر بکاتەوە و لە بەرامبەر نادادپەروەری و کاری نەباشدا هەڵوێست بگرێ. بەو واتەیە کە هەر دوو لایەن چووبوونەوە نێو قۆناغێك کە بوونی ناکۆکیەکان قبووڵ بکەن و دان بەوەدا بنێن کە جیاواز بیر دەکەنەوە.

کاتێک کە ناکۆکیەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە بە ئاشکرا خۆی نیشان دابوو و ئەوان لە دووڕییانی نێوان هاوکاریکردن و یان بەردەوامبوون لە سەر ناکۆکیەکان خۆیانیان دیتبوو، بە داخەوە ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردبوو و ڕکابەری و

سەرکەوتن لە سەر لایەنی بەرامبەردا ببووە ئامانجیان. بە پشتبەستن بەو داتا و زانیارییانەی کە لە سەر ئەو ناکۆکیە کۆ کراونەتەوە، ئەو ڕەفتارە لە لای لایەنی دەسەڵاتدار و خاوەنی پلەی بەرز لە ناوەندی ئاگری‌دا زیاتر خۆی نواندووە. بۆیە ئەوان لە هێز و دەسەڵاتی خۆیان زۆر جار بە شێوازێکی نادێموکراتیک کەڵکیان وەرگرتبوو تا کو بتوانن بۆچوونی خۆیان بەرەو پێش بەرن و کەسێک نەتوانێ لە بەرامبەریاندا ڕابوەستێ.

شتێکی دیکە کە جێگای سەرنجە لەو ناکۆکیەدا، ئەوەیە کە بە هۆی هەلومەرجی خەبات، ئەو لایەنانە لەگەڵ یەک لە پێوەندیی ڕۆژانەدا بوونە و بۆیە لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا ئەو ناکۆکیانە زۆر بە خێرایی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دیکە بەرز دەبنەوە و دەگەنە دژایەتیی ئاشکرا. بۆیە ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە پێکەوە دابینشن و لە سەر مەسەلەکان قسە بکەن، لە سەر یەک قسە دەکەن و هەوڵی خۆدەرخستنەوە و سەرکەوتن لە سەر لایەنی بەرامبەردا دەکەنە ئامانجی خۆیان. ئەوان هەوڵ دەدەن کە کەسانێکی دیکە کە لە دەرەوەی ناکۆکیەکان جێیان گرتووە، بۆ بەهێزتر کردنی خۆیان ڕابکێشن بۆ نێو ناکۆکیەکان. شانسی ئیبراهیم‌زادە کە وەک پارێزەری مافی پێشمەرگەکان دەرکەوتبوو و بە دژی ڕەفتارەکانی ناپەسەند و نادێموکراتیکی بەرپرسانی ناوەندی ئاگری هەڵوێستی گرتبوو، توانیبوو پشتیوانی و سەرنجی هەموو پێشـمەرگەکان لە نێو هێزی نیزامیی هەر دوو هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەمدا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ببێتە خاوەنی پێگە و پشتیوانیەکی بەهێز. بۆیە بەرپرسانی ناوەندی ئاگری‌یش لە ژێر ڕێبەریی شوجاعیفەرد کە هژموونیی تەواوی هەبوو بە سەر ئەندامانی دیکەی ناوەنددا، توانیبوویان بە کەڵکوەرگرتن لە چەند کادر لە ڕێگای دانی قەوڵ و بەڵێنەوە و ڕاکێشانی پشتیوانیی چەند ئەندامێکی دەفتەری سیاسی، باڵانسی کێشە و ناکۆکیەکان بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕەفتارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر دوو لایەنی ناکۆک هەموو شتێکیان دانابوو لە پێناو سەرکەوتن بە سەر لایەنی بەرامبەریاندا. بەرپرسانی ناوەند توانیبوویان بە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانیی گادانی و ڕەستگار بە سەر ئیبراهیم‌زادەدا سەرکەون و ناوبراو لە پێشمەرگەکانی باکووری ڕۆژهەڵات (پێشـمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەم) دوور بخەنەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پێشمەرگەکانی بەشی نیزامی لە نێو ئەو دوو هێزەدا چاوەڕوانیەکی زۆریان لە ئیبراهیم‌زادە هەبوو. نابێ

له بیر بکرێ که لەو سەردەمەدا که شەڕی چەکداری بە دژی ڕێژیم زۆر بە گەرمی لە ئارادا بوو، پێشمەرگەکانی بەشی نیزامی زۆر دەور و ڕۆڵیان هەبوو و خاوەنی نرخێکی تایبەتی بوون لە نێو حیزبی دێموکراتدا و ئەوە ببووە هۆی پێکهاتنی کولتوورێکی تایبەتی ڕێکخراوەیی کە کەمتر نرخی کاری تەشکیلاتی و سیاسی لەو سەردەمەدا دەزانرا و بایەخی پێ دەدرا. بەڵام بە هۆی قەوارەی حیزبی، ئەوە کادرەکانی ڕێبەری یان بڵێین بەشی سیاسی بوون کە خاوەنی بڕیاری سەرەکی بوون. بۆیە کە بالانسی هێز گۆڕدرا، ئیبراهیمزادە لە بەرامبەر ئەوەدا ناچار مابوو کە دەست لە ناکۆکی هەڵبگرێ. ئەو کە لە دەستپێکەوە هەر وەک لایەنی بەرامبەرەکەی ڕەفتارێکی ڕکابەرانەی هەڵبژاردبوو، خۆی بە دوور گرتبوو لەوەی کە ڕەفتارێکی سازشکارانە و یان ڕەفتارێکی دوورەپەرێزانە بگرێتە بەر و یان لەگەڵ لایەنی بەرامبەری بکەوێتە هاوکارییەوە. بۆیە دەستی لە ناکۆکی بەردابوو. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە نەیتوانیبوو بچێت و پێرەوی لە ئەندامانی ناوندی ئارارات بکا کە بڕیاردەری سەدان بڕیاری نادێموکراتیک و بە دوور لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات بوون، ناوبراو ڕێگای بەجێهێشتنی حیزبی دێموکراتی گرتبووە بەر. کارێک کە ناوبراو بە گەورەترین هەڵەی ژیانی خۆی دەزانێ.

خاڵێک کە گرینگە ئاماژە پێ بدرێ و ئینفۆرمانتەکان زۆر بە جوانی لە ئاخافتنەکانیاندا ئاماژەیان پێ داوە، ئەوەیە کە لە تێئۆریی ناکۆکیەکانی ڕێکخراوەییدا بە نێوی "ناکۆکیی ڕۆڵ" بە ناوبانگە. بەو واتایە کە کەسێک لە ڕێکخراوێکدا بە هۆی ئەو بەرپرسایەتیەی کە هەیەتی، چاوەڕوانیی جیاواز و دژ بە یەکی لێ دەکرێ. بۆ ڕوونبوونی ئەو مەسەلەیە لە عەلی کاشفپوورەوە دەست پێ دەکەین. کاشفپوور وەک بەرپرسی یەکەمی ناوەندی ئاگری، لە لایەن کادر، پێشمەرگە و بەرپرسە نیزامییەکانەوە، چاوەڕوانی ئەوەیان لێ هەبووە، کە لە سەر کارەکانی ڕێکخراوەیی ناوەندی ئاگری، خاوەنی هەڵوێستێکی حیزبیانە بێ و، لە ڕاستای بەرژەوەندیی خەڵک، شۆڕش و حیزبدا و، بە کردەوەش ئەمە پێرەو بکات. بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا چاوەڕوانی هەبووە کە بە شێوازێکی دادپەروەرانە هەڵوێست بگرێ و چاکی و خراپی لە یەکتر جیا بکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە هەلومەرجێکی دژوار و زەحمەتی خەباتی پارتیزانیدا، بەشدارانی ئەو خەباتە لە زۆر بوار و بە تایبەتی لە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سنووردار بوونەتەوە و، هەمیش کاشفپوور چاوەڕوانیی

ئەوەی هەبووە لە هێندێک کەس و هەمیش هێندێک کەس چاوەڕوانیان هەبووە لە کاشفپوور. وەک شوجاعیفەرد کە هاوگوندی و هاوڕێی ناوبراو بووە، چاوەڕوانیی ئەوەی لێ هەبووە کە پێوەندییەکی بەهێز و دۆستانەی هەبێ لە گەڵیدا، ئەمە تا ئێرە هیچ کێشەیەکی نیە. بەڵام کاتێک کە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ کردبێ کە ناوبراو بە هۆی هاوڕێیەتی، لایەنی ناوبراو بگرێ و، بڕیارەکانی بە بڕیاری خۆی بزانێ و، بە جۆرێک کاری ڕێکخراوەیی تێکەڵ پێکەڵ بکرێ لەگەڵ کار و پێوەندییە شەخسیەکاندا، ئەمە دەبێتە کێشە و، بۆیەش ناکۆکی بە هۆی ڕۆڵی جیاوازەوە هاتووتە ئاراوە، کە جێگای پەسەند و قبووڵکردن نەبووە لە لای زۆربەی پێشمەرگەکانی ناوەندی ئاگریەوە.

هەروەها، کاتێک کە شوجاعیفەرد ئەندامی ناوەند بووە و چاوەڕوانیی ئەوە لێ کراوە کە وەک ئەندامێکی ناوەند ڕۆڵ و دەوری هەبێ، بەڵام ناوبراو هەوڵی داوە کە لە هاوڕێیەتیی کاشفپوور کەڵکی نادروست وەربگرێ و دەست بگرێ بە سەر سەرچاوە ماددی و بڕیارە سیاسیەکانی ناوەندی ئاگریدا و ڕۆڵێکی گەورەتر لەوەی بینیوە کە لە هەیکەلی ڕێکخراوەییدا بۆ دیاری کراوە و کێشەخولقێن بووە.

ئەوە بە شێوازێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ ئیبراهیمزادەش ڕاستە. پێشتر باسمان کرد کە کاتێک کە ئیبراهیمزادە لە لایەک بەرپرسێکی نیزامی بووە و دەبوایە پێرەویی لە بڕیاراتی ناوەندی ئاگری کردبا و، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی سرووشتی کارەکەی لەگەڵ پێشمەرگەکان لە پێوەندیەکی بەهێزی ڕۆژانەدا بووە و دەبوایە پارێزەری مافی ئەوان بوایە و، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیانی بدابایە، بەڵام بە قەوڵی خۆمان -کورد- "لە نێوان نال و بزماردا بووە." ناوبراو ئەگەر لەگەڵ بڕیارە هەڵەکانی ئەندامانی ناوەند بکەوتایە، لە لایەن پێشمەرگەکانەوە دەکەتەوە بەر لۆمە و گازندە. بەڵام چوونکە ناوبراو بەرەڤانی لە ماف و ویستی پێشمەرگەکانی کردبوو، ئەندامانی ناوەند (وەک شوجاعیفەرد) ڕقیان لێ هەڵگرتبوو. ئەگەر ناوبراو ئەو پۆستەی نەبوایە، لە وانەیە تووشی ئەو سەرئێشەیەش نەبوایە. بۆیە کە تەماشا دەکەین، هەبوونی ڕۆڵی جیاواز لە یەک کات و ساتدا لە سەر ئەو ناکۆکیانە کاریگەریی هەبووە.

بەڵام گەلۆ ئەو ناکۆکیانە بە هۆی کێشە شەخسیەکانەوە بوون، یان کێشەی گرووپی و گشتی؟ ئینفۆرمانتەکان لە سەر کێشەی جێگای مەبەست لەو لێکۆڵینەوەیەدا سێ جۆرە

بۆچوونیان هەیە: ئەوانەی کە بۆچوونیان نزیکە لە شوجاعیفەرد و کاشفپوور، کێشەکە بە کێشەیەکی ساکاری شەخسی دەزانن کە ئیبراهیمزادە بە هۆی ئەوەی کە چاوی لە پۆستی فەرماندەریی هێز بووە و بەو پۆستە نەگەیشتووە،کەوتووە ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ بەرپرسانی ناوەند. بە گوێرەی تیئۆریەکانی پێوەندیدار بە ناکۆکیەکانی ڕێکخراوەیی، لەو ڕێکخراوانەدا کە خاوەنی قەوارەیەکی هرەمین، بە هۆی ئەوەی کە هەر چی لە هرەمی ڕێکخراوەکەدا بەرەو ژوور هەڵکشی، ئەوەندە پۆست و پۆزیسیۆنی کەمتر لە بەر دەست دان و ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆکار بۆ ڕقابەت و ململانێ لە نێوان ئەوانەی کە پۆستیان هەیە و ئەوانەی کە خاوەنی پوتانسیێلی بەهێزن بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەو پۆستانە. ئینفۆرمانتەکان لە سەر ئەوەی کە ئیبراهیمزادە خاوەنی پوتانسیێلێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی کە ببێتە فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسی، هاوڕان. بەڵام کاتێک کە باسی ئەوە دەکرێ کە بۆ ئەو وەک فەرماندەری هێز دەستنیشان نەکراوە، دوو لێکدانەوەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە زانیار باس لەوە دەکا کە ئیبراهیمزادە نەیدەتوانی وەک فلانە کەس بکەوێتە ژێر باری کاروباری حیزبی و یان کوهەنساڵ پێی وایە کە بۆیە ئیبراهیمزادە نەکرا بە فەرماندەری هێز کە بەرپرسانی ناوەند "مووی دەماغ"یان نەبێ. بۆیان گرینگ بوو کە ئەوانەی کە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا بەشدار دەبوون، نەتوانن قسە لە سەر قسەی شاپوور شوجاعیفەرد و یان عەلی کاشفپوور بکەن، نەتوانن ڕەخنەیان لێ بگرن، یان نەتوانن سەرپێچی لە بڕیارەکانیان بکەن. بەو گریمانەیانە، ئیبراهیمزادە بۆ پۆستی فەرماندەری هێز لە لایەن ئەندامانی ناوەندەوە تەحەمول نەدەکرا. لێرەدا بە هەڤبەرکردنی ئەو دوو بۆچوونە دەردەکەوێ کە مەبەست لەوەی کە ئیبراهیمزادە "وەک ... نەیدەتوانی بکەوێتە بن باری حیزب"، مەبەست نەک "باری حیزب" بەڵکوو مەبەست کەوتنە ژێر باری ئەندامانی ناوەند و بە تایبەتی شوجاعیفەردە. هەرچەند کە ئیبراهیمزادە بۆخۆشی ئەمە ڕەت دەکاتەوە کە چاوی لە پۆستی فەرماندەریی هێز بووبێ و، پێی وایە کە نەفەر بۆ ئەم پۆستە لە لایەن سکرتێری حیزبەوە دەستنیشان دەکرا.

داخوا کێشەکە کێشەی گرووپی و گشتی بوو؟ (مەبەست لە گشتی لێرەدا پێشمەرگەکانی هێزی سەرگورد عەباسی و هێزی حاتەمە). کاتێک کە باس لە کێشەی گرووپی لە نێو ڕێکخراوێکدا دەکرێ، مەبەست ئەوەیە کە کەسێک یان گرووپێک ئەو ئەرک و کارانەی ئەو بەشەی کە تێیدا کار دەکا، لە کار

و ئەرکی بەشەکانی دیکەی ڕێکخراوەکە بە گرینگتر بزانێ و ئەوە ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی. لە سەرەوەشدا ئاماژەمان بەوە داوە کە ئەو کات سووب-کوولتوور لە نێو حیزبی دێموکراتدا بە گشتی باو بوو و بەشی نیزامی خۆی بە گرینگترین بەشی خەبات دەزانی و خەڵک هەموو شتێکی لە لوولەی تفەنگدا دەبینی. بەڵام لێرەدا زۆرتر کێشەکە لە شێوازی ڕەفتاری ئەکتەرەکاندا بووە تا ئەوەی کە کێشە بە شێوازێکی ئاشکرا لە سەر پۆست و مەقام بێ و یان بەشی چەکداری خۆی لە بەشی سیاسی پێ گرینگتر بێ و بۆیە ئەو ناکۆکیانە خوڵقابن. ئەگەر چی ئیبراهیمزادە لە سەر دابینکردنی پێداویستەکانی پێشمەرگەکان و ویستە ڕەواکانیان پێداگریی کردووە، بەڵام ئەو پێداگرییە بەو واتایە نیە کە بەشی نیزامیی پێ گرینگتر بێ لە بەشەکانی دیکە. نەبوونی ئیمکانات و پێداویستی بۆ هەموو لایەک وەک یەک بووە و زیاتر جێبەجێنەکردنی ئەرکەکان لە لایەن ئەوانەی کە ئەرکیان لە سەر شان بووە، هۆکاری ناکۆکیەکان بووە و بە جۆرێک دەتوانین بڵێین کە کێشەکە مودیرییەتی بووە تا ناکۆکیی شەخسی و یان گرووپی.

## ڕۆڵی دەسەڵات و پلەی ڕێکخراوەیی لە ناکۆکیەکەدا

کاتێک کە ئەکتەرێک هەوڵی زاڵبوون و هەبوونی دەسەڵات لە نێو ڕیکخراوێکدا دەدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکانی دیکەدا لە دەسەڵات یان هێز کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی کە بە ئامانجێک کە مەبەستییەتی، بگات. ئەوە کاتێک ڕوو دەدات کە ئەکتەرەکە توانیبێ سەرەڕای دژایەتیی کەسانی دیکە، مەبەست و نەزەراتی خۆی سەر بخا. هێز لە پێوەندیی نێوان ئەکتەرە جیاوازەکان و لە هەلومەرجێکی جۆاکیدا بە کار دەچێ کە لەو هەلومەرجەدا ئەکتەرەکان پێکەوە گرێدراو بن. لە وەها بەستێنێکدا، لە فاکتەری هێز بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکان کەڵک وەردەگیرێ. هەر وەک لە بەشی سێهەمدا ئاماژەمان پێ داوە، لە بارودۆخێکدا کە ناکۆکی هەبێ، بەکارهێنانی هێز دوو جۆری هەیە: ئاشکرا و شاراوە.

بەکارهێنانی ئاشکرای هێز دەتوانێ بە شێوەی سەپاندن و گۆڕینەوە و یان ئیقناع جێبەجێ بکرێ. ئەوەی کە پێوەندیدارە بەو مەسەلەی کە ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین، ئەکتەرەکان لە هەر سێ نەوعی هێز بە شکلی ئاشکرا کەڵکیان وەرگرتووە. بەڵام دوو شێوەی پێکەوە گۆڕینەوە و ئیقناع زیاتر

بە کار هاتوون.

کاتێک کە ئینفۆرمانتەکان باس لەوە دەکەن کە هیچ کەسێک نەیدەتوانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شوجاعیفەرد و یان کاشفپووردا دژکردەوە لە خۆی نیشان بدات و یان ڕەخنەی لێ بگرێ و ئەگەر وەها کارێکیش لە لایەن هەر کەسێکەوە کرابا، تووشی تۆڵە لێکردنەوە، دەرکران لە حیزب و ...هتد دەبوو، ئاشکرایە کە هێزی داپلۆسێنەر و سەپاندن بە کار هاتووە تا کو بەڕێوەبەرانی ناوەندی ئاگری بە ئاسوودەیی کار بۆ جێبەجێکردنی نیەت و پلانەکانی خۆیان بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە لێرەدا زیاتر نیشاندانی هەژموونیی خۆیان بووە بە سەر هێزی پێشمەرگەدا. شتێکی سەرنجراکێش کە زانیار لە ئاخافتنەکانی خۆی لە سەر کێشەکاندا دەخاتە ڕوو و دەڵێ "هێندێک کەسیش لە هێزی سەروان حاتەم لەگەڵ ئێمە مابوونەوە کە خەڵکی ناوچەی سەڵماس بوون، ئەوانیش بۆ ئێمە ببوون بە سەر ئێشە. بەو مانایە کە فەرماندەری هێزی ئەوان نەدەکەوتە ژێر باری [بڕیارەکانی] هێزی سەرگورد عەباسی. ئەگەریش پێت بگوتبایە کە بۆ وا دەکەن، دەیگوت کە منیش فەرماندەری هێزم." ئەو ئاخافتنەی سەرەوە بەڵگەیێکی بەهێزە بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستیە کە لەو سەردەمەدا بڕیارسەپاندن هەبووە و ئەوانەی کە هەڵوێستیان لە بەرامبەر ئەو بڕیارسەپاندنەدا لە خۆیان نیشان داوە، وەک سەرئێشە ئەژمار کراون. بە پێی ئەو ئاخافتنەی زانیار دەردەکەوێ کە بە هەر هۆیەک (کە لێرەدا ناوبراو ئاماژە بە چەندایەتیی هێز دەکا) فەرق و جیاوازی هەبووە لە نێوان ناوەندی ئاگری و بەرپرسان لە دروستکردنی بڕیاردا هەموو ئەو کەسانەی کە دەبوایە بەشدار بن، بەشدارییان پێ نەکراوە و یان لە ڕەوتی دروستکردنی بڕیاردا هەموو بەشداران ئیقناع نەکراون. ئەوە لە ئاخافتنەکانی زانیاردا دەردەکەوێ کە فەرماندەری هێزی حاتەم کە حەسەن بازووکە بووە ئەو کات، لە لایەن فەرماندەری هێزی "سەرگورد عەباسی"یەوە "ئەوە بکە و ئەوەی نەکە"ی لەگەڵ کراوە و هەوڵ دراوە کە فەرماندەری هێزی حاتەم لە ژێر فەرمانی فەرماندەری هێزی سەرگورد عەباسیدا بێ؛ نەک ئەوەی کە وەک دوو فەرماندەری هێز و بە ئەرک و سەلاحییەتی بەرامبەرەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کرابێ. کاتێک کە سەرەتاییترین ئوسوولی مودیرییەتی و پرەنسیپی ڕێکخراوەیی لە بەر چاو نەگیراون، چوون چاوەڕوانیان هەبووە کە خەڵک بڕیارەکانیان جێبەجێ بکا؟ دیارە کە لە وەها هەلومەرجێکدا، بڕیارەکان سەپێندراون.

هەروەها ئەندامانی ناوەند بۆ بەهێزترکردنی خۆیان لە ئیمکاناتی دیکەش کە لە بەر دەستیاندا بووە، کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی کە کەسانێکی دیکەش ڕاکێشن بۆ نێو ناکۆکیەکان و بەرەی خۆیان بەهێزتر بکەن و لایەنی بەرامبەریان تێک بشکێنن. لێرە کە بێجگە لە تەنبێ، کارتێکی دیکەشیان هەبووە کە تەشویقە. لە داتا و زانیارییەکانی بەردەستدا کە لە ئینفۆرمانتەکان وەرگیراون، دەردەکەوێ کە بەرپرسانی ناوەندی ئاگری کە سەلاحیەت و دەسەڵاتی دابەشکردنی پۆستەکانیان هەبووە، بە دانی بەڵێنی پۆست و مەقام کەسانێکیان هاندابوو تا کو لە کێشەکەدا ڕۆڵ بگێڕن و بە گوێرەی پلانەکانی ئەوان هەڵسووکەوت بکەن. ئەو کارەش لە لایەک وەک هێزی پێکەوە گۆڕینەوە [ بۆ نموونە تو پشتیوانیم لێ بکە و ئەوە و ئەوە بکە، منیش فلانە پۆستت دەدەمێ] کاریگەریی هەبووە لە سەر کێشەکان و لە لایەکی دیکەشەوە فشار و زەخت و گڤاشی سایکۆلۆژیک بە دژی لایەنی بەرامبەریان ئافراندووە. لە بەرامبەر ئەو دوو مودێلەدا، خوویایە کە ئیبراهیمزادە لە هێزی ئیقناع و بە کەڵکوەرگرتن لە زانین و تواناکانی خۆی و باسکردن لەو ڕاستیانە کە پێشمەرگەکان هەموویان بە چاوی خۆیان دیبوویان و بە شێوەیەک لە ڕاستی و دروستیاندا گومانیان نەبووە، توانیویەتی سەرنج و پشتیوانیی پێشمەرگەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

بەڵام کە باس دێتە سەر بەکارهێنانی هێز بە شێوازێکی شاراوە (ئەگەر چی لەو لێکۆڵینەوەیەدا زۆریش شاراوە نیە بەڵام بێدەسەڵاتی و بێ دەرەتانیی پێشمـەرگەکان هەڵی گونجاو بۆ ئەکتەرەکان دەرەخسێنێ کە لەو هێزەش لە ناکۆکیەکاندا کەڵک وەربگرن) لە هێز بە شێوازی ڕاستەوخۆ (سەپاندن) کە لەو شێوازەدا بەو شەرتە کە ئەکتەرەکانی خاوەن بڕیار یان هێز ناسراو نەبن، و ناڕاستەوخۆ (سیستماتیک) کە پێوەندیدارە بە هەیکەلی ڕێکخراوەییەوە، کەڵک وەرگیراوە.

ئینفۆرمانتەکان باسی زۆر بڕیار و فەرمانی بەڕێوەبەرانی ناوەندی ئاگری دەکەن کە سەرەڕای ئەوەی کە بە باشی لەوە تێدەگەیشتن کە ئەو بڕیار و فەرمانانە هەڵەن و پێچەوانەی ویست و هزری ئەوانە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە تووشی کێشە نەبن، بە ناچاری جێبەجێیان کردووە. ئەوە لە ڕێکخراوێکی دێموکراتیک و شۆڕشگێری وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شتێکی بە پێچەوانەی نرخە ئەخلاقیەکان و پرەنسیپەکانی ئەو حیزبە بووە و بە کارێکی نادروست دەژمێردرێ. بەڵام هەروەها کەسانێکیش لە وانەیە هەبووبن کە

لە بەر ئەوەی کە بڕیارەکان لە سەرووی خۆیانەوە دەدران، خۆیان پابەند و دەروەست زانیبێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە. لە بەر ئەوەی کە هەیکەلی ڕێکخراوەیی ببووە هۆکاری پێکهاتنی نۆرم و دیسپلینی ڕێکخراوەیی و هێندێک کەس بە بێ ئەوەی کە بە وردی بیر لە بڕیارێک بکەن، تەنیا و تەنیا بە هۆی ئەوەی کە لە سەرووی خۆیانەوە دراوە، جێبەجێیان بکەن. بڕیاربەدەستانی ناوەندی ئاگری بناغەیەکی زۆر پتەویان هەبووە بۆ هێزی خۆیان. ئەوان بە گوێرەی پلە وپایەی ڕێکخراوەیی، لە ئەوانەی دیکە لە سەرتر و هێز و دەسەڵاتی دابەشکردنی پۆستەکانی دیکەش زۆرتر لە بەر دەستی خۆیاندا بووە. ئەوان هەروەها کۆنترۆڵیان هەبووە لە سەر زانیارییەکانی ڕێکخراوەیی و کانالی پێوەندی لەگەڵ دەفتەری سیاسیی حیزب و هەر زانیارییێکیان پێیان خۆش بووبێ، بۆ دەفتەری سیاسییان گواستووتەوە و هەر شتێکیشیان کە بە قازانجیان نەبووە، سانسۆریان کردووە. ئەوان بە نیسبەت پێشمەرگەکانی دیکەوە خاوەنی توانایی و مەهارەتی زۆرتر بوونە (مەبەست لەو بەستێنە زەمانییەدا کە باسی لێوە دەکەین، تا ڕادەیەک دروستە نەک دواتر) و خاوەنی تۆڕێکی بەهێزو پتەوی پێوەندی بوونە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبدا. بەڵام هەر بەو ئەندازەیە کە ئەوان لە باری پێگە و دەسەڵاتی سیستماتیکدا بەهێز بوونە، لە بواری نێوخۆییدا دەسەڵاتیان ئەو مەشرووعییەتەی نەبووە و بە ڕەوا نەزانراوە. بۆیە ئوتووریتەیان هەموو کاتێک لە ژێر نیشانەی پرسیاردا بووە لە لایەن پێشمەرگەکانەوە. بۆ نموونە، جەهانگیر ئیسماعیلزادە بە جۆرێک لە جۆرەکان خاوەنی ئوتووریتە لە سەر بناغەی داب و نەریت (بە هۆی پاشخانی بنەماڵەیی) و ئوتووریتەی سیستماتیک بووە. کاشفپوور خاوەنی ئوتووریتەی سیستماتیکی ڕێکخراوەیی بووە بە هۆی ئەندامەتی لە ڕێبەریی حیزبدا. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە ژێر کاریگەریی شوجاعیفەرددا بووە و بە گوێرەی حەزی ئەو هەڵسووکەوتی کردووە، خساری گەیاندووە بە ئوتووریتەی خۆی و بۆیە بڕیار و هەڵوێستەکانی ناوبراو وەک پێویست لە لایەن پێشمەرگەکانەوە مەشرووع بە ئەژمار نەهاتووە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر، ڕۆڵی ئیبراهیمزادە بووە لە تێکشکاندنی ئوتووریتەی ئەوانەدا. کۆهەنساڵ باس لەوە دەکا کە ئیبراهیمزادە تەنیا کەسێک بوو کە بە هۆی ئەوەی کە سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراو بوو، کاشفپوور و شوجاعیفەرد و یان ئەندامانی دیکەی ناوەندی ئاگری نەیاندەتوانی وەک پێشمەرگەکانی دیکە لە گەڵیدا هەڵسووکەوت بکەن، بێحورمەتی پێ بکەن و یان زەربەی لێ بدەن.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەمە، دەردەکەوێ کە ئیبراهیمزادە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئیمتیازە توانیویەتی ئوتووریتەی لایەنی بەرامبەر بخاتە ژێر پرسیار و لە هەر جێگایەکدا کە بڕیارێکی پێ هەڵە بووبێ، لە جێبەجێکردنیدا گوێرایەڵ نەبێ، ڕەخنەیان لێ بگرێ و بەو کارانە لە سەر ئوتووریتەی ئەوان ببێتە هەڕەشە. ئەو لە زەعف و هەڵەکانی لایەنی بەرامبەر بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرتووە تا کو خۆی وەک خاوەنی ئوتووریتەی پرۆفێسیۆناڵ لە نێو پێشمەرگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەربخا و پێشمەرگەکان پشتیوانی لە ناوبراو و ویستەکانی بکەن.

بەڵام ناوبراو سەرەڕای هەبوونی ئوتووریتەی پرۆفێسیۆنال، لە ناکۆکیەکان پاشەکشەی کرد و بە جێی هێشتن. کوهەنساڵ بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشی هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە و دەڵێ کە پێی سەیر بوو کە ئیبراهیمزادە سەرەڕای ئەوەی کە هەموو پێشمەرگەکان پشتیوانیان لێ دەکرد، حیزبی بە جێ هێشت. لە درێژەدا دەڵێ کە لە وانەیە ئیبراهیمزادە لە بەر نوقمبوونی لە نێو کێشەکاندا لەو هێزە گەورەیە کە پشتیوانیان لێ دەکرد، بێ ئاگا مابێ.

## بەبێگانەکردن

لە بەشی تێئۆریدا باسمان لەوە کردووە کە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی "بەبێگانەکردن" لە تێروانینی تێئۆریی مارکسیستیەوە، لە بە بێگانەکردنی ئابووری کەڵک وەردەگیرێ. هەر وەک لەوێدا ئاماژە پێ دراوە، مارکس ڕای وایە کە ئەگەر کەسێک شتێک بەرهەم نەهێنێ و کەدی بۆ نەدابێ، بەڵام بە هۆی پێگە و جێگای لە قەوارەی جڤاکیدا ببێتە خاوەنی ئەو بەرهەمە، ئەوە ئەو کەد و بەرهەمە لە خاوەنە ڕاستەقینەکەی دەبێتە شتێکی بێگانە و نامۆ. لە خەبات و بەرخودانیشدا ئەوە هەر ڕاستە. بۆ ئەوەی کە کەسێک خۆی بە خاوەنی حیزبەکەی و خەباتەکەی بزانێ، نابێ کەد و زەحمەتەکانی لە بەر چاو نەگیردرێ. بەو واتایە کە زەحمەتەکە ئەوان بکێشن و بەرهەمەکەی بچێتە گیرفانی کەسانێکی دیکە و ئەوان خاوەن بڕیار و پۆست و مەقام بن. ناکۆکیەکانی نێوان ئەکتەرەکانی ناوەندی ئاگری لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر لێک بدرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ناکۆکیەکان وەک ناکۆکیی نێوان کرێکار و خاوەنکار دەچن. بۆ نموونە، کەسانێکی وەک ئیبراهیمزادە و یان حەسەن

بازووکە و زۆر کەسی دیکە کە کەد و زەحمەتیان دیار بووە، لە بواری خۆیاندا -واتە لە کاری نیزامیدا- ئەزموونیان هەبووە، توانای بەڕێوەبردنی کارەکانیان هەبووە، بە هۆکاری ئەوەی کە خاوەنی هەڵوێستی خۆیان بوونە و نەکەوتوونەتە ژێر باری هەر بڕیارێک کە بەرپرسان پێیان خۆش بووبێ، بۆیە کەوتوونەتە بەر ڕق و کینی بەرپرسان و جێگای شایانی خۆیان لە هەیکەلی ڕێکخراوەییدا پێ نەدراوە، بێ حورمەتییان پی کراوە و کەوتوونەتە بەر زەخت و گڤاشی بەرپرسان. ئەوەش لە هەر ڕوانگەیەکەوە چاو لێ بکرێ، ڕەفتارێکی نادادپەروەرانە بووە لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا. ئینفۆرمانتەکان بە تایبەتی حاجی جوندی شتێکی سەرنجراکێش باس دەکا و دەڵێ کە گۆیا زۆر لە پێشمەرگەکان کە بڕیاریان دەدا حیزب بە جێ بێڵن، وتوویانە کە مەسەلەن بۆ شاپوور شوجاعیفەرد و یان عەلی کاشفپوور خۆیان بە کوشت نادەن، بۆیە واز لە حیزب دێنن. ئەو هزرە بەرهەمی تێنەگەیشتوویی ئەو پێشمەرگانە نەبووە. ئەوە بەرهەمی جەوێک بووە کە بەرپرسان لە خوڵقاندنیدا دەور و ڕۆڵیان هەبووە. ئەوە بە مانای بێگانەبوونی ئەو پێشمەرگانە بووە لەگەڵ کەد و بەرهەمی خەباتی خۆیان. لە وانەیە لەو نێوەدا بە دەگمەن کەسانێکیش بەس بۆ شاردنەوەی ماندووبوونی خۆی و یان هەر هۆکارێکی دیکە کە ویستووە لە حیزب دابنیشێ، وەها بەهانەیەکی هێنابێ، بەڵام وەها هزرێک، هزرێکی زۆر جیددی و خەتەرناک بووە کە بەرپرسان کەمتر بە گرینگیان داناوە و سەرنجیان داوەتێ. ئەگەر چی حاجی جوندی دەڵێ کە بۆ ئەوانەی کە وایان دەگوت، ناوبراو هەوڵی داوە ڕوونی بکاتەوە کە ئەوان خۆیان بۆ نەتەوەیەک بە کوشتن دەدەن و نەک بۆ تاکەکان. بەڵام ئەو هزرە کە لای هێندێک پێشمەرگە دروست بووە، نیشان دەدات کە متمانەیان بە بەرپرسەکانیان نەبووە. ئەرکی لە سەر شانی بەرپرسان بووە کە بە شێوەیێک ڕەفتار بکەن کە متمانەی نێوان ئەوان و ئەو کەسانەی کە لە ژێر بەرپرسایەتیی ئەواندا خەباتیان کردووە، خەوشدار نەبێ. بەڵام ئەگەر بە دەگمەن کەسێکی وەک حاجی جوندی ئەو کارەی کردبێ، هیچ بەڵگەیەکی دیکە لە بەردەستدا نیە کە نیشان بدات بەرپرسانی دیکەش بەو ئەرکەی خۆیان هەستابن. ئەوەش بۆ شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد و بۆ چارەنووسی زۆر پێشمەرگە ئاکامێکی زۆر خراپی بە دواوە بوو و، دەردەکەوێ کە ئەو ناکۆکیانە زۆرتر باری نگاتیڤیان هەبووە تا پۆزیتیڤ.

## پاشکۆ

### چەند بەڵگەیەکی مێژوویی

لە ڕۆژنامەی سۆسیال دێموکراتی نورویژیدا کە لە ١٧ی نوڤەمبری ١٩١٤دا دەرچووە، لە لاپەڕەی یەکەمدا وەها هاتووە:

"شەڕی تورکیە-ڕووسیا


بۆ دەفتەری هەواڵنێریی پێترۆگراد لە "ورمێ"یەوە: دوژمنایەتییەکان لە ناوچەکانی نێزیک سنووری ئێران لە ٨ی نوڤەمبەرەوە بە پێکدادانێک لە دەروازەی خانەسوور دەستیان پێ کرد. لە دەیەمیندا ئێمە تورکەکانمان بە لەدەستدانی دوو ئەفسەر و ٩٢ عەسکەر [سەربازی تورک] لە شارووچکەی خانەسوور وەدەرنا بە بێ ئەوەی کە هیچ زیانێکمان پێ بگات. لە دوانزدەهەمدا دوژمن هەوڵی بزاڤێکی لە ناکاودا بۆ ئەوەی کە پاشەکشە بە ئێمە بکا. بەڵام سپاس بۆ هێزی تەقوییەتی کە هاتن و ئێمە توانیمان تورکەکان بۆ جێگای خۆیان پاشەکشەیان پێ بکەینەوە. لە دوانزدەهەمدا دوژمن بەشێک لە هێزی شەڕکەری خۆی ناردەوە بۆ سەر کوردی لایەنگری ئێمە سمکۆ و، هەوڵی دەستدرێژییاندا بۆ سەر قەڵای چاری و لەوێ تەقە چەند ڕۆژ بەردەوام بوو تا ئەوەی کە سمکۆ لە هێزەکانی ئێمە یارمەتیی وەرگرت کە دوژمنیان بۆ پاشەوە گەڕاندەوە. لەوێ دو کوردی ئێمە بریندار بوون کە یەکێکیان برای سمکۆ [شوکور ئاغا] بوو.

ڕۆژی سێزدەیەم هێزە پێشڕەوەکانی ئێمە لە ڕێگای کۆتۆل (قوتوور)ەوە چوونە نێو خاکی تورکیە بۆ شەڕ لەگەڵ هێزەکانی دوژمنی غەدار، کە زۆربەیان سوارەنیزامی کورد بە تۆپخانەوە بوون کە هەوڵی پێشڕەوی بەرەو خۆی و دەروازەی قوتووریان دەدا. لە سەنجاقی بایزید کوردەکان تەقریبەن بە بێ بەرگریکردن خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئێمەیان کرد. دۆستی ئێمە خان

ئاڤاجیک بە هێزێکی بەقوەت چووە نێو خاکی تورکیە، لەو جێگایە کە لەگەڵ عەبدولرەزاق بووە هاوپەیمان، کە زۆر کاریگەرە.
مستەفا بەگ خەڵکی چالدران کە سنوورەکەی بەزاندبوو، بەڵێنیی داوە.

ستەمبۆل ١٧ی نوڤەمبر

لە لایەن ناوەندەی گەورە و سەرەکیی فەرماندەییەوە دوێنێ ئەو بەیاننامەیە دراوەتەوە دەرێ:
دوێنێ لە فاو پەلاماری ئینگلیزیەکانمان دا. ئێمە بەراورد دەکەین کە نزیکەی ١٠٠٠ کەس لێیان کوژرابێ. عەبدولڕەزاق بەدرخان کە لە لایەن هەموو ئوممەتی موحەمەدەوە بێزاری لێ دەکرێ بە هۆی فتنەی شۆڕشەکەی، کە زۆر لە مێژە خەریک بوو، لەگەڵ ٣٠٠ کەس لە نزیک ماکوو لە سنوور تێپەڕ بوو بۆ ئەوەی کە یارمەتیی ڕووسەکان بدا. ئەو بە بێ مۆلەدان (لە زووترین کاتدا) لە لایەن هێزەکانی ئێمەوە پاشەکشەی پێ کرا و زۆر لە لایەنگرانی خۆی لە دەست دا. ئەو نەوارە باریکەیەی کە ڕووسەکان لە ناوچەیەکی نێوخۆی وڵاتدا لە گوندێکدا بەدەستیانەوە بوو، لە لایەن هێزەکانی ئێمەوە دەستی بە سەردا گیرا. عەبدولڕەزاق بەدرخانی کوردە."[١]



# Den tyrkisk—russiske krig.

Konstantinopel, 17. novbr.

لە ڕۆژنامەیەکی نورویژی بە ناوی "ئاربەیدێر بلادە"دا هاتووە:



# Tyrkerne går til aksjon.

**Krigsutbruddet kan ventes når som helst. Tyrkerne har besatt viktige strategiske punkter på persisk side av grensen.**



STOCKHOLM, 14. aug.

Fra London telegraferes til «Stockholms-Tidningen»: Efter den nye skarpe noteveksling som har funnet sted mellem Tyrkiet og Persia kan man nu vente krigsutbrudd hvilken time som helst. Tyrkiske tropper har allerede overskredet grensen for å besette strategiske punkter i grensetrakten. I disse tropper inngår kavalleri, artilleri, infanteri og ingeniørtropper, samt en eskadre bombeæroplaner og kampflyvemaskiner.

Det er annen gang siden verdenskrigen at tyrkerne går til operasjoner mot de krigerske kurder, som vil danne en selvstendig republikk, som også skulde strekke sig inn på tyrkisk område.

"تورکیە دەست بە هێرش دەکا

لە هەر ئانوساتێکدا چاوەڕوانیی ڕوودانی شەڕ دەکرێ. تورکەکان گرینگترین خاڵەکانی ستراتێژیک لە سەر سنوور لە دیوی پەرشیا [ئێران] داگیر کردووە.

ستۆکهۆڵم، ١٤ی ئاگۆست. لە لەندەنەوە تێلگراف دەکرێ بۆ "ستۆکهۆلمس-تیدنینگێن": دوای ئەو یادداشت گۆڕینەوە توندانەی نێوان تورکیە و پەرشیا مرۆڤ دەتوانێ هەر کات و ساتێک چاوەڕوانی دەرکەوتنی شەڕ بکا. هێزەکانی تورکیە سنووریان بەزاندووە بۆ داگیرکردنی خاڵە ستراتێژیکەکان لە گۆشەی

سنووریدا.

ئەو هێزانە لە سوارەنزام، تۆپخانە، پیادەنزام و یەکینەکانی موهەندسی، و هەروەها باڵافرێکی بۆمبهاوێژی گەشتی و فرۆکەی شەڕکەر پێک هاتوون.

ئەوە بۆ جاری دووهەمە کە لە دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیەوە تورکەکان دەچن بۆ شەڕ بە دژی کوردەکانی شەڕکەر کە دەیانەوێ کۆمارێکی سەربەخۆ دامەزرێنن، کە هەروەها درێژ دەبێ بۆ نێو ناوچەکانی تورکی." [مەبەست کۆماری ئاراراتە لێرە دا[1]].

١ https://www.nb.no/items/٥ba١٧ea٣abe٩af٨٥e١٩١۶٥١af١٥١e٨b۴?page=٠&searchText=kurder٢٠٪republikk

## ژیاننامەی چەند کەسایەتیی
## باکووری ڕۆژهەڵات بە کورتی

نحۆ شکاک (باپیر پاشایی) خەڵکی گوندی ساکان لە ناوچەی سۆمای ورمێ، کەسایەتییەکی شۆڕشگێر و خەباتکارێکی نەسرەوتووی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە هۆی کار و چالاکیەکانییەوە لە لایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە ڕێکەوتی ٣١.٠٧.١٩٥٩ بۆ شاری یەزد دوور خرابوویەوە[١]. ناوبراو دواتر ڕوو لە کوردستانی گەرمێن کردبوو و لە کونگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان-ئێراندا کە لە ساڵی ١٩٦٤ گیرابوو، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە هەڵبژێردرابوو[٢] . نحۆ شکاک یەکێک لەو ڕێبەرە خەباتگێرانە بوو کە ئەندامی "کۆمیتەی ئینقلابی"ی حیزبی دێموکرات بوو بۆ وەرێخستنی خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی کە جووڵانەوەکەیان بە جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ (١٩٦٧-١٩٦٨) ناسراوە. ئەو لە هاوینی ساڵی ١٩٦٧دا لە ناوچەی سۆما، هاوڕێ لە گەڵ چوار کەسی دیکە بە ناوەکانی مەلا ئیسماعیل، ناجی، فیروز پاشایی (برای نحۆ) و ڕزا پاشایی (مامی نحۆ) دەکەوێتە بەر پەلاماری داگیرکەران و دوای شەڕێکی قارەمانانە، هەموویان شەهید دەبن. داستانی قارەمانەتیی نحۆ شکاک لە لایەن چەندین هونەرمەندەوە وەک "لاژە" هوونراوەتەوە و بۆ نەوەکانی دوایی گوێزڕاوەتەوە، کە بە نێوی "لاژا نحۆ" بەناوبانگە.

١ چپ در ایران به روایت اسناد ساواک : حزب دموکرات کردستان - جلد اول، لاپەڕی ٢٧٤
٢ گادانی، ٢٠٠٨، لاپەرەی ١٤٥

دوکتورعەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕێبەر و بیرمەندی گەورە و شەهیدی ڕێگای ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە ڕێبەرێکی تاقانە و بێوێنەی گەلی کورد بوو و تا ئێستا لە مێژووی کورددا کەسایەتیەکی وەک ئەو دووبارە نەبووەتەوە، لە ساڵی ۱۹۳۰دا لە گوندی قاسملوو لە دایک بووە. ناوبراو تەنیا چەند مانگێک دوای شەهیدبوونی سمکۆ لە دایک بووە. ناوبراو کوڕی بچووکی محەمەد ئاغای وسووقە. محەمەد ئاغای وسووق بۆ خۆی کەسێکی نەتەوەیی و دەسترۆیشتوو بووە کە لە سەردەمی خۆیدا یەکێک لە یارمەتیدەرانی سەرهەڵدانەکانی گەلی کورد بووە. دوکتور قاسملوو لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا دەبێتە نوێنەری کۆماری کوردستان لە ورمێ و یەکیەتی لاوانی دێموکرات لە ورمێ دادەمەزرێنێ. قاسملوو دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان درێژە بە خوێندن دەدات و لە تاران، پاریس و پراگ دەرس دەخوێنێ و لە زانکۆی پراگ دوکتورا لە بواری ئابووریدا وەردەگرێ. ناوبراو یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە کتێبخانەی پێشەوا قازی بۆ خوێندنی پەرتووک کەڵکی وەرگرتووە. ئەو ڕێبەرێکی هزرڤان و کاریزماتیک، دیپلۆماتێکی بە توانا و زمانزان، شۆڕشگێرێکی بە تەواوی مانای وشە، خەباتکارێکی بە پرەنسیپ و سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەخلاق و ڕەوشتی بەرزی مرۆڤی بووە. دانەر لەو پەرتووکەیدا کە لە ساڵی ۲۰۱۱ لە سەر بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە سەر دێموکراسی لە ئێرانێکی فرەنەتەوەدا نووسیویەتی، زۆر لایەنی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە گەورەیەی تێیدا هێناوەتە بەرباس. دوکتور قاسملوو لە ساڵی ۱۹۷۱ تا کاتی شەهیدبوونی بە دەستی دیپلۆمات-تیرۆریستەکانی ڕێژیمی خومەینی لە ۱۳ی مانگی جولایی ۱۹۸۹ دا، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ئەوەی کە جێگای سەرنجە، هاوچارەنووسبوونی سمکۆی گەورە و قاسملووی شەهیدە کە هەردووکیان لە ڕێگای وتووێژ و ئاشتیدا شەهید کران.

سەروان حاتەم دوعاخان لە ساڵی ١٩٥٢ لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندی دزەی مرگەوڕی ورمێ لە دایک ببوو. لە کاتێکدا کە هێشتا داگیرکەرانی ئێران کوردستانیان لەو پەڕی دواکەوتووییدا هێشتبوو و مناڵانی کورد لە ئیمکاناتی خوێندن بێبەش بوون و لە ئاکامدا بە دەگمەن کوردی خوێندەوار دەست دەکەوتن، شەهید حاتەم دوعاخان توانیبوو کە نەک تەنیا خوێندن لە زانکۆی فڕۆکەوانی لە ئاریزۆنای ئامریکا تەواو بکا، بەڵکوو بۆ خۆی ببووە مامۆستای فڕۆکەوانیی فڕۆکەکانی ئێف ٥ و ئێف ١٦. ئەو لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران بە دژی ڕێژیمی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خۆمەینی، ئامادە نەبووبوو کە بە دژی بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلی کورد هاوکاریی ڕێژیم بکا و بە فرۆکە هێرش بکاتە سەر خەڵک و پێشمەرگەی کورستان. بۆیە لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرابوو. بەڵام بە پشتیوانیی هاوکارانی، توانیبوو لەو زیندانە ڕزگار بێ و هەر دوای ئازادبوونی لە زیندان، پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە گرتبوو و ببووە پێشمەرگە و فەرماندەیەکی چاونەترس و بەجەرگی کوردستان. لە سەر فیداکاری و دڵسۆزیی شەهید حاتم دوعاخان بۆ گەل و نیشتمانەکەی هەر چەند بنووسرێ و بوترێ کەم وتراوە. یەکێک لە ئینفۆرمانتەکان بۆ من گێڕایەوە کە سەروان حاتەم دوعاخان نەک تەنیا گیانی، بەڵکوو لە ماڵی دونیاش هەر چی هەبوو، هەر هەمووی لە ڕێگای خەباتی گەلی کورددا سەرف کرد. ئەو هەتا خانوو و زەویوزاری خۆی فرۆشتبوو و پارەکەی بۆ پێشمەرگەکان خەرج کردبوو. بەڵام تاڵترین شت کە لە سەر ژیانی ئەو شۆڕشگێرە بەتەواوی مانای وشەیە، ئەوەیە کە بە داخەوە ئەو بە دەستی گرووپێکی کوردی لە ئاکامی شەڕی براکوژیی نێوان حیزبەکانی کوردیدا لە ڕێکەوتی ١٣ی ئۆکتۆبری ١٩٨١دا لە کێلەشین شەهید کرا.

بێجگە لەو کەسانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن، لە خەباتی نوێی گەلەکەماندا لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا زۆرخەباتکار و شۆڕشگێڕی دیکەی بەناوبانگ هەن کە لێرەدا باس کردن لە هەموو ئەو فیداکار و شۆڕشگێرە بەناوبانگە ئیمکانی نیە. بەڵام لە بەشی دووهەمی ئەو پاشخانە مێژووییەدا لە بەر ئەوەی کە نێوی چەند کەسێک پێوەندیی بە باسەکانەوە هەیە، بە کورتی دەبێ باس بکرێن و بە خوێنەران بناسێندرێن. ئەوانە بریتین لە: سەنار مامەدی، شەهید عەلی کاشفپوور و جەهانگیر ئیسماعیلزادە کە هەرسێکیان لە ئەندامانی ڕێبەریی حدکا بوون لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بە

خۆشییەوە ئیسماعیل‌زادە هێشتا لە ژیاندا ماوە.

سەنار مامەدی خاوەنی ڕابردوویەکی دوور و درێژی کار و خەباتی سیاسی بوو کە مێژووی خەباتەکەی هاوکاتە لەگەڵ خەباتی نحۆ پاشایی. لە کتێبی "چپ در ایران به ڕوایت اسناد ساواک حزب دموکرات کردستان/ جلد اول"دا کە لە لایەن دەزگای سیخوڕیی دەوڵەتی ئێران لە سەر بنەمای بەڵگەکانی دەزگای سیخوڕیی ساواکی ڕیژیمی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٩٩دا بڵاو کراوەتەوە، لە هێندێک جێگادا کە باس لە چالاکییەکانی سەنار مامدی دەکا، بە هەڵە پاشناوی "پاشائی" کە پاشناوی نحۆ شکاکە، بە کار هێنراوە. سەنار مامەدی لە کونگرەی دووهەمی حیزبدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو[١]. ئەویش ئەندامی "کۆمیتەی ئینقلابی" حیزبی دێموکرات بوو و بۆ وەرێخستنی خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی حەمەرەزاشای پەهلەوی تێکۆشابوو. لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا بوو کە ناوبراو لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانەوە بە بریندار گیرابوو و ڕادەستی دەوڵەتی ئێران کرابوو. ئەو تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران بە دژی ڕێژیمی پەهلەوی هەر لە زینداندا مابوویەوە. بەڵام ئەندامەتیی سەنار مامەدی لە "کۆمیتەی ئینقلابی"ی حیزبی دێموکراتدا لە لایەن "گادانی"یەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە و بە بێ ئاماژەدان بە هۆکارەکان، زۆرتر ئەمەی بە دەنگۆ داناوە[٢]. بەڵام ئەوە لە کاتێکدایە کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە "نیو سەدە تێکۆشان"دا (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لاپەڕەی ١٢٢) دەڵێ کە سەنار مامەدی ئەندامی "کۆمیتەی ئینقلابی" بووە.

دوای ئازادبوونی سەنار مامەدی لە زیندان، ئەو زوو سەر لە نوێ دەست بە کار و چالاکییەکانی خۆی دەکات و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی تێکۆشەرانی وەک مەلاحەسەن شێوەسەلی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندوو دەکاتەوە، کە ئاکامی دەبێتە دامەزراندنی "هێزی قەهرەمان" لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا. بە ئازادبوونی سەنار مامەدی لە زیندان و پێوەندیگرتنی ناوبراو لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە و هاندانیان بۆ خەبات و کۆکردنەوەی خەڵک بە دەوری خۆی، هەروەها کار و چالاکیەکانی خەباتکار مەلاحەسەن شێوەسەلی، هاتنی شەهید دوکتور قاسملوو،

١ گادانی، ٢٠٠٨، لاپەڕەی ١٤٥
٢ گادانی ٢٠٠٨، لاپەڕەی ١٥٢ و ١٥٣

سەرگورد عەباسی و زۆر سەرکردەی دیکەی حیزبی دێموکرات بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (شوماڵ) و، هاندانی خەڵک بۆ خەبات و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب و هاتوچووی خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵات بۆ مەهاباد و پێوەندیگرتنیان بە حیزبی دێموکراتەوە، خەڵک لەو دەڤەرەش هەر دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا، بە خێرایی و بە شکلێکی ڕێکخراو دەکەونە نێو مەیدانی خەبات و کوردایەتی.

عەلی کاشفپوور و جەهانگیر ئیسماعیلزادە کە خەڵکی یەک گوند بوون بە نێوی هۆڤەسین (هۆڤەسنە) لە ناوچەی سۆمای ورمێ، دوای شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی پێوەست بە خەباتی نەتەوەیی بە شێوەی ڕێکخراوەیی ببوون. جەهانگیر ئیسماعیلزادە کەسێکی خوێندەوار و ئەندازیاری کشتوکاڵ (مهندس کشاورزی) بوو و عەلی کاشفپووریش خوێندکاری ساڵی چوارمی یاسا بوو لە فاکوولتەی یاسا و زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی تاران و، هەردووکیان لە کەسانی خوێندەوار و "تحصیلکردە"ی سەردەمی خۆیان بوون، کە ئەو کات کەسانی خوێندەوار لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی و ناوچەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی زۆر کەم بوون[1].

١ تێبینیی دانەری کتێبەکە و ڕاستکردنەوەیەک: زۆر جار مرۆڤ لە هێندێک ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گوێ لێ دەبێ کە گۆیا عەلی کاشفپوور خوێندکاری زانستی یاسای سیاسی بووە لە زانکۆی تاران. بە داخەوە ئەو کەسانە ئەوەندە زەحمەت نادەنە بەر خۆیان کە بە دواداچوون بۆ زانیارییەکانیان بکەن و هەوڵ بدەن کە زانیاریی خۆیان پێش ئەوەی کە بە زاریاندا بێ، پشتڕاست بکەنەوە. لێرەدا بۆ ئاگاداریی ئەوان و هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو ئیدیعایە دەکەن ڕادەگەیەنم کە زانکۆی تاران هیچ ڕشتەیەکی خوێندن بە نێوی یاسای سیاسیی نەبووە و نیە. بەڵکوو نێوی "فاکولتەک" (دانشکدە)یە، - دانشکدە حقوق و علوم سیاسی - دانشگاە تهران- کە عەلی کاشفپوور لەوێ خوێندکاری بەشی یاسا بووە. بۆ ئەو کەس یان کەسانێک کە خۆیان بە سیاسی و ڕێبەر و فلان دەزانن و، هەڵەی ئەوەندە گەورە مرۆڤ لە زاریان دەبیسێ یان دەخوێنێ، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە هیوادارم هەموو سیاسەتکردنیان بەو شێوەیە نەبووبێ.

# وێنەکان



نەمر ئیحسان نووری پاشا و یاشار خانمی خێزانی




کەسی دووهەم لە دەستی ڕاستەوە، "سەنار مامەدی"یە و ئەو کەسەی کە بە پێوە وەستاوە "دوکتور قاسملوو"یە.




سەروان حاتەم دوعاخان



عەلی کاشفپوور و مەحموود دەشتی



خەباتکار و فەرماندەری ئازا و تێکۆشەڕ
زاهیر بەدری لەگەڵ خێزانی



له دەستی ڕاستەوە

دووهەم کەس تەیموور مورادی و سێهەم کەس، سەنار مامەدی



سلێمان کەلەشی



له چەپەوە: سولتان سەعیدی، جمشید کامران،

مەرحووم ئیرەج ئیبراهیمزادە و ئیدریس موجەرەدی



عەبدوڵلا عیزەتپوور




سەنار مامەدی




لە دەستی چەپەوە: سلێمان کەلەشی، جەهانگیر ئیسماعیلزادە، کەرەم کەلەشی، مزەفەر بەگزادە، ئەسەد تەمەرزادە، حەسەن ئیسماعیلزادە



سولتان خوسرەوی و مەنسوور شۆکەتی



سەلیم سابیرنیا



له چەپەوە: ؟، مەحموود دەشتی و عەلی کاشفپوور.

دانشتوو: عەبدوڵڵا حیجاب



دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ناوەندی ئاگری



له ڕاستەوە: نایب موشایخی و سلێمان کەلەشی و بەهرام ئازادفەر



له چەپەوە: محەمەدسالح شاهینی، تەیموور

مستەفایی، مزەفەر، ئدریس، ئەمیر عەجەم



له چەپەوە: عەبدوڵڵا

حیجاب، تاهیر نەقشینی،

عسمەت عەبدی و مەرحووم

مەلا خالید باقی



له چەپەوە:  هاشم ئیبراهیم‌زادە، حاجیە زەرێ سەعیدی (دایکی
هاشم) و حەقی سەعیدی




جمشید کامران


له چەپەوە: ئەسەد تەمەرزادە و تاژدین بێهنام



له چەپەوە: سادق، ئەنوەر کوهەنساڵ و سلێمان کەلەشی



له چەپەوە:  هاشم ئیبراهیم‌زاده و عەبدولرەحمان ئەنساری



له چەپەوە: بەهرام ئازادفەر، دوکتور شەرەفکەندی و نایب موشایخی



له دەستی ڕاستەوە: دوکتور قاسملوو، ؟، تەیمووە موستەفایی




شەهید بێجان عەلیزادە یەکەمین کەس لە لای چەپەوە



لە چەپەوە: قوباد سمکۆ، خوسرەو سمکۆ، تاهیرخان سمکۆ و باباخان سمکۆ





له لای ڕاستەوە سێهەم کەس هاشم ئیبراهیمزادەیە لەگەڵ
پێشمەرگەکانی کۆمەڵە



هاشم
ئیبراهیمزادە



له چەپەوە:
جەعفەر مەحموودپوور، حاجی جوندی، فەیسەل مەزیدی، ؟




له چەپەوە: بەهادور بەهادوری و عەلی کاشفپوور

...